# زمان، ئەدەب و ناسنامە

بۆ ڕامانی نەسیم

و

نەسیمی ڕامان

# زمان، ئەدەب و ناسنامە

هاشم ئەحمەدزادە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

هاشم ئەحمەدزادە
زمان، ئەدەب و ناسنامە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠٠
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٦٨ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: زیاد تاریق
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-72-0

## پێڕست


پێشەکی ........ 7
ژیاننامە، بیرەوەری و ڕۆمان ........ 10
ڕۆمان و ناسنامە ........ 15
ڕۆمان و دیکتاتۆر ........ 46
دۆن کیشۆت–ی کوردی ........ 51
قورسایی خەیاڵ بەسەر واقیعدا ........ 57
نەریت و دژە نەریت لە گێڕانەوەیەکی پیاوانەدا ........ 82
مێژوو، ڕاستی و بەڵگە ........ 109
ئەدەبیاتی تاراوگە ........ 128
ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی کوردی ........ 146
لە جوەیدەوە بۆ هیوستن ........ 211
بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: ڕەچەڵەک و گەشە ........ 215
دەستپێکی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرهەڵدانی شێخ سەعید ........ 218
کورد و دەوڵەت..گەشەی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق، ئێران و تورکیا ........ 224
بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: هەل، ڕێکخستن و ناسنامە ........ 228
کوردستان: بەهێزکردنی خودە نەتەوەییەکان ........ 234
هەڵوێستی ٥٣ نەفەر و چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک ........ 240
ناسنامە و زمان ........ 244
ئەزموونی زیندووکردنەوەی زمانێک ........ 256
پرسی زمانی ڕەسمی/ فەرمیی کوردی ........ 265
لە دۆنکیخۆتەوە بۆ هەناسەی زیندوو ........ 271
گۆڕانکارییە شێوازی و ناوەڕۆکییەکانی ڕۆمانی کوردی ........ 278

بەرەنجام ........ 298
مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی ........ 304
ئەدەبی کوردی لە تاراوگەدا ........ 238
بەشوێن نهێنییەکانی نووسەرێکی گەورەدا ........ 348
ڕۆمانی کوردی و ژنانی ڕۆماننووس ........ 365
بڵند و نەوی ........ 380
ئەڤین ئاوی ژیانە ........ 386
شەدەی سەرگەردان و کۆمەڵە چیرۆکی تەیر و ئەڤین و ئەژدەها ........ 392
لەسەر باڵی سیمرخ ........ 394
ژن ........ 397
ئەڵوەن ........ 404
بەرەنجام ........ 412
کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە؟ ........ 416
ئەدەب و سیاسەت ........ 437
ڕۆمان و باوەڕ ........ 459

# پێشەکی

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک لە دۆستان و ئاشنایانم بەشێوەی جۆرەوجۆر پێوەندییان پێوە گرتووم و داوایان لێ کردووم کۆی وتارە چاپکراوەکانم لە شێوەی کتێبدا چاپ و بڵاو بکەمەوە. بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی بڵاوکراوە کوردییەکان و دژوارییەکانی دۆزینەوەی کتێبخانە و ناوەندگەلێک کە مرۆڤ بتوانێت دەستی بە ئارشیوی کۆوار و ڕۆژنامە کوردییەکان ڕابگات، داواکاریی دۆستانم بە ڕەوا زانی و بۆ ئەم مەبەستە هەوڵم دا وتارەکانم کۆ بکەمەوە و ئەگەر شوێنێک ویستی چاپ و بڵاویان بکاتەوە بیانخەمە بەردەستیان. بەڵام لە ڕەوتی گەڕان بە شوێن وتارەکاندا زانیم کە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە کە یەکەم وتارم وەرگێڕاوە سەر زمان کوردی و لە کۆوارێکی دەرەوەی وڵاتدا بڵاوم کردەوە بیست و یەک ساڵ تێ دەپەڕێت. لەم ماوە دوور و درێژە، یان ڕەنگە کورتەدا، بەپێی ڕێژەییبوونی زەمەن و تەمەن، زیاتر لە پەنجا وتارم بە کوردی بڵاو کردووەتەوە و بیست وتارێکیشم لە ئینگلیزی و سوێدی-ڕا وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. دۆزینەوەی هەموو وتارەکان بەپێی جێگۆڕکێی شوێنی ژیان و لە دەستڕەسدانەبوونی هەموو ئەو کۆوار و ڕۆژنامانەی هەڵگری وتارەکان بوون، بەردەوام ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەی وەدوا دەخست. هێندێک جار ناهومێد دەبووم و گرفتارییەکانی ژیانی ڕۆژانە تەنانەت ئەرکێکی وای هەر لە بیر دەبردمەوە. هەڵبەت جارجار بیرکردنەوەکە لق و پۆپی بەرزەفڕانەی بەخۆیەوە دەگرت و ختووکەی ئەوەی دەدام کە وتارە ئینگلیزییەکانیشم بکەمە کوردی و هەمووان بەیەکەوە بڵاو بکەمەوە. ڕەنگە

ئەوە میکانیزمێکی بەربەرەکانیی ناخوداگایانە بوو بۆ خۆدەربازکردن لە بێ توانایی بەجێهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو. هێندێک جاریش بە وەبیرهێنانەوەی یەکەم کۆمپیوتەرێک کە لە ساڵی ١٩٩٢دا کڕیم و مێشکەکەی تەنیا سەد و بیست مێگا بایت بوو، تووشی سەرسوڕمانێک لە پێشکەوتنی خێرای دنیای تەکنیک دەبووم و تا ڕادەیەک ترس هەڵی دەگرتم. بە دوای ئەم کۆمپیوتەرەدا، جگە لە گۆڕینی ئەو پێنج کۆمپیوتەرەی لە زانکۆی ئوپسالا و ئێکزێتر لە ژووری کارەکەم هەمبووە، هەتا ئێستا حەوت کۆمپیوتەری ترم گۆڕیوە کە مێشکی نوێترین کۆمپیوتەری بەردەستم پێنجسەد گیگا بایتە. گۆڕانکارییەکی سەرسوڕمێنەر! ئیتر لە ئێستادا دیسکێتەکانی یەکەم کۆمپیوتەرەکانم کە تێیاندا وتارەکانم هەڵگرتبوو هێندە کۆن بوونە هەر ناکرێنەوە. جیلی نوێی کۆمپیوتەرەکان ئیتر بە تەواوی جیلەکانی پێش خۆیان فەرامۆش کردووە و نایانناسنەوە ئامادەش نین دنیای کۆنی ئەوان بخوێننەوە. هەمووی ئەم گرفتانە ویستی کۆکردنەوەی هەموو وتارەکانمی بەردەوام وەدوا خست و دواجار تەنیا توانیم چەند وتارێک کە لەسەر کۆمپیوتەرە نوێیەکانمدا بەردەست بوون و هێندێکیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ڕۆهەڵات، ئاشتی، پەیامی کوردستان، ئاسۆ، فەرهەنگ، هەولێر، ڕامان و سێودا بڵاو بووبوونەوە، بخەمە سەریەک و تەمای چاپ و بڵاوکردنەوەیان بدەم. ئەمجارەیان گرفتی ئێدیت و هەڵەچنیی دووبارە و گۆڕینی شێوازی سەرچاوە و ژێدەرنووسی بوون بەخەمێکی تر. هاوڕێی بەڕێزم کاک خالق یاقووبی زەحمەتی پێداچوونەوەی وتارەکانی کێشا و دوای چوار مانگێک وتارەکانی بە ئیمەیل بۆ ناردمەوە. جێی خۆیەتی پڕ بەدڵ سوپاسی بکەم. بەڵام کە سەیری وتارەکانم کرد بینیم ژێدەرەکان هیچیان نەماون. پێوەندیم بە کاک خالقەوە کرد کە چ ڕووی داوە، گوتی کە وتارەکان بەبێ ژێدەر و سەرچاوە بەدەستی ئەو گەیشتوون. ڕاستییەکەی ئێستاش نەمزانی ئەم شتە چۆن ڕووی دا.

ناچار بۆ خۆم لە رووی نوسخەکانی بەردەستم سەرچاوە و ژێدەرەکانم دووبارە یەک بەیەک بە وتارەکان لکاندەوە و هەستی تاقەتپڕووکێنی ئەم کارە وەختگرە تەواو بێزاری کردم. بەڵام شتێک بوو دەبوایە کرابا و کراش.

هەمـوو ئەوانە لەلایەک، دۆزینەوەی شـوێنێک بۆ چاپ و بڵاوکـردنەوە لەلایەکی تر! پرۆسەیەکی ناخۆش و دیسانەوە تاقەتپڕووکێن و هێندێک جار تەواو بێهیواییهێنەر. سەرەڕای دەستکەوتی زۆر بەرچاو لە بواری چاپ و بڵاوکـردنەوەی کوردی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هێشتا گرفتی زۆر چاوەڕوانی نووسەر دەکات کاتێک ویستی نووسین و بڵاوکردنەوە بەرۆکی پێ دەگرێت. بەواتایەکی تر ئاستی گۆڕانکاری و دەستکەوتەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە تەکنیکییەکان لە کوردستاندا زۆر نزمە و هێشتا ئاسۆی چاوەڕوانییەکان دەبێ بە ناچاری سەر بۆ واقیعە نەخوازراوەکان دابنوێنێت.

دواجار سوپاس بۆ دەزگای ئاراس کە ئەم خەمەشی لە کۆڵ کردمەوە. ئێستا ئیتر ماوەتەوە ئاواتەخواز بم کە ئەم کتێبەی بەردەستی ئێوەی هێژا جێگەی ڕەزامەندیتان بێت و چێژ لە خوێندنەوەی وەرگرن. ئەمە باشترین پاداشتە بۆ من!.

٢٠١١/٤/٢٧

## ژیاننامە، بیرەوەری و ڕۆمان

بەبۆنەی چاپی چوارەمی هەیئەوە

لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕۆمانی هەیئە لە نووسینی سەلام عەبدوڵڵا لەلایەن چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ جاری چوارەم چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەوەی کە ڕۆمانێکی کوردی لە ماوەیەکی کورتدا بگاتە چاپی چوارەم ڕووداوێکی دڵخۆشکەرە و ئایەکی پڕ مانایە بۆ ئەم جۆرە ئەدەبییە. لەم نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدەم تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی ئەم ڕۆمانە و ئەوەی کە سەر بەکام ژانر یان جۆرەی ئەدەبییە تاوتوێ بکەم و جێگەی بەرهەمێکی وا لە نێوان جۆرەکانی ئەدەبی ژیاننامە، بیرەوەری و ڕۆماندا دەستنیشان بکەم. هەڵبەت بەپێی ئەوەی کە کتێبەکە لەلایەن نووسەر یاخۆ بڵاوکەرەوەکەیەوە وەک ڕۆمان ناودێر کراوە، مەبەست ئەوە نییە کە ئەم ناسنامەیە لە بەرهەمەکە وەرگیردرێتەوە، بگرە ئامانج ئەوەیە تێکەڵاوی و پێوەندیی ئەدەبی ژیاننامە، بیرەوەری و ڕۆمان باس بکرێت و تایبەتمەندیی ژانریانەی ڕۆمانەکە دەستنیشان بکردرێت.

لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە بنجوبنەوانی ڕۆمان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ڕۆمان وەک جۆرێکی ئەدەبی نوێ پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەری هەیە. بەواتایەکی تر ڕۆمان ئەوەندەی برێتییە لە خەیاڵ، ئەوەندەش جێپێی بەسەرهات و سەربوردە و گەشتی ژیانی تێدا دەبیندرێت. ئەگەر ڕۆمان لە ساکارترین پێناسەدا برێتی بێت لە گێڕانەوەی داستانێک کە تێیدا ژیانی کەس یان کەسانێک لە سەردەم و کاتێکی دیاریکراودا دەخرێتە بەردەم خوێنەرەوە، بێگومان ئاسەوار و

شـوێنپـێـی ژیانی کـەس یان کـەسـانێک لە دنیـای واقـیـعـی دەرەوەی زەینی نووسـەری پێوە دیارە. هەڵبەت ئەمـە شـەرت نییە بەشـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخۆ لە ڕۆمـاندا خـۆی دەربـخـات و ڕووداوەکـان بـەرهـەمـی ئـەزمـوونـی بـێ ئـەمـلا و لای نووسـەر بن. دۆزینەوە و باوەڕی فۆرمـالیستەکان لەمـەڕ دیاردەی "نامۆکردن" یارمەتیدەری تێگەیشتنە لە پێکهاتەی ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی و شـێوەی ئافـراندنی ئەدەبی لەسـەر بنەمـای بەلارێبـردنی خـوێنەرەوە لەلایەن نووسـەرەوە بـەهـۆی تـێـکـەڵکـردنـی واقـیـعـی نـابـەرهـەسـت و بـەرهـەسـت و گـێـڕانەوەی ڕووداوگـەلی ڕابردوو یاخـۆ ڕووداوگـەلی شـیـاوی وەدیـهـاتن لە ئێستا و داهاتوودا.

ژیاننامـە بریتییە لە گێڕانەوەی ژیانی کەسێک بەقەڵەمی خۆی. هەرچەند لە ڕواڵەتدا وا دەزانرێ کـە ژیاننامـە هەڵگری ڕاسـتـیـیـەکـانی ژیانـی ئەو کـەسـەیە کـە ژیانی خـۆی دەنووسـێـتـەوە، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا گـێـڕانەوەی ڕاسـتگۆیانەی بەسـەرهـاتـەکـانی ژیان بـەو جـۆرەی ڕوویان داوە کـارێکی ئەسـتـەمـە. یەکـەم هۆکـاری ئەم ئەسـتـەمـبـوونە دیاردەی فـەرامـۆشـیـیـە. بەواتایەکی تر مـرۆڤ بەتێپـەڕبوونی زەمـەن حـەز بـە وەبیـرهـێنانەوەی ئەو شـتـانە دەکات کـە لەگەڵ تێگەیشـتنی کـاتی نووسـینی ژیاننامـەکـەیدا یەک دەگـرنەوە. هـەلومـەرجی سـەردەمی نووسـین و گـوتاری زاڵی بـاو نووسـەر تووشی جـۆرێک لە لەبیـرچوونەوەی بەسـەرهـاتەکانی ژیان دەکات. لە هـەمـان کاتدا هێندێک نووسـەر مـەبەسـتی تایبـەتییـان لە گێڕانـەوەی ژیانی خۆیان هەیە و بـەپێی مـەبەسـتێکی دیاریکراو بەشگەلی تایبـەتی لـە ژیانی خـۆیان بەرجەسـتە دەکەنەوە. کارتێکەری و تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسینیش ڕۆڵی خـۆیان لە کـەمـڕەنگ یـان پڕڕەنگکردنی لایەنگەلێکی ژیان دەبینن. وەک نموونە دەکـرێ مـرۆڤ ئامـاژە بە دانپـێداهـێنانەکـانی ئاگـۆسـتـینی پاک لە سەدەی چوارەم و ژان ژاک ڕۆسـۆ لە سەدەی هەژدەمدا بکات. ئەگەرچی ئەم دوو بەرهـەمە جێگەیەکی نموونەییـان لە ژانری ژیاننامەییدا هـەیە و خاوەنی

جـوانیناسـیی بەرچاوی ئـەدەبین، بەڵام هـەردووكـیـان، بەتایبـەتی ئەوەی دواتریان، بـە شـێوازی خـەیاڵاوی خـەمـڵـیـون و لـە ڕاسـتـیـدا بەدوورن لە سـەربوردەیەک کـە دێر بەدێر وەک ڕاسـتـیی ژیانی نـووسـەرەکـانیـان سـەیر بکرێن.

ئەو کاتەی ژیاننامـە لە سنووری ژانریانەی خۆی دەرباز دەبێت و فۆرمـی ڕۆمان بەخـۆیەوە دەگرێت، ئێمە لەگەڵ جۆرەیەکی ئەدەبی ڕووبەڕووین کە بە ڕۆمـانی ژیاننامـەیی ناسـراوە. بەشـێـوەیەک دەکـرێ بگوترێ کـە هەمـوو ڕۆمـانێک لایەنێکی بەهێزی ژیاننامـەییی تێدایە و ئاسـتی شـوێنپێی ژیانی نووسـەر لە ڕۆمـانێکەوە بۆ ڕۆمـانێکی تر جـیـاوازە. ئەگـەر هێندێک ڕۆمـان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسـەرانن، لە هێندێک ڕۆماندا ئەم ئاستە دادەبەزێتـە سـەر کـۆمـەڵێک برگـەی تایبـەتی لە ژیانی نووسـەردا و گـوازتنەوەیان بـۆ ناو دنیـای ڕۆمـان. بۆ نموونە سـاڵە هەورییـەکـانی عـەلی ئەشرەف دەرویشـیان و وێنەی هونەرمـەند لە تافی لاویدا بە قەڵەمی جەیمس جۆیس دەکرێ وەک دوو ڕۆمانی ژیاننامەیی سـەیر بکرێن و ئاوێنەیەک بن لە ژیانی نووسـەرەکانیان. بەڵام لە هێندێک ڕۆمـاندا شـوێنپێی ژیانی نووسـەر تەنیـا لە هـێندێک بەشـدا دەردەکـەوێت و لایەنی خـەیاڵ بەسـەر لایەنی ژیاننامەییدا زاڵە. ڕۆبینسـۆن کروسـۆی دانیـەل دیفۆ و سـەفـەری هـەستیاری لورێنس سـتێرن دوو نموونەن لە تێکهەڵکێشانی برگەگەلی ژیانی نـووسـەر و خەیاڵ. لە مێژووی ئەدەبیاتدا هێندێک ڕۆمان وەک ڕۆمـانی بیرەوەری ناودێر دەکرێن. هـەڵبەت لەو کاتەوە نووسـەر نـیەتی نووسـینی ڕۆمان دەکات و ناوی ڕۆمان لە بەرهـەمـەکـەی دەنێت دەستی خۆی لە تێکەڵاوکردنی خـەیاڵاتی خۆی لەگەڵ ئـەو شـتـەی بەڕاسـتی لە ژیانی ئەودا ڕووی داوە ئاوەڵـە دەکات و هەر بەو پێیـەش بەرهـەمـەکـەی دەبێت بە گێڕانەوەیەکی تێکەڵ لە نێوان خـەیاڵ و واقـیـعـدا. هـەڵبـەت هێندێک نووسـەر لـە هێندێک بـەرهـەمـدا بەشـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆ دەپرژێنە سـەر گـێـڕانەوەی ڕووداوەکـانی ژیانی خـۆیان و

سـەربوردەی ژیانیـان دەکـەن بە هەوێنی ئەو شـتـەی پتـر وەک دەفتـەری بیـرەوەری و بەسـەرهـاتی ڕۆژانە ناودێر دەکـرێن. دەفـتـەری سـووری پۆل ئاستێر و بە شوێن کارەکتەرێکدا لە نووسینی گراهام گرین دوو نموونەن لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەرهاتەکانی ژیانیان.

لەسەر بنەمای لێک جیاکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەبی، پرسیار ئەوەیە کە هەیئە دەکەوێتە کام خانەی ئەدەبییەوە. ئەوەی کە نووسەر لە لاپەڕەی شەشی کتێبەکەیدا وەک زانیارییەک دەیدات بە خوێنەرەوە، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی ڕووداوێکە لە ژیانی نووسەردا. نووسەر دەڵێت کە لە ٩-٨-١٩٧٧ ئەو و چوار هاوڕێی بەهۆی خەباتی پارتیزانی لەناو شاردا دەگیرێن و دەبردرێن بۆ "هەیئە خاسە" لە کەرکووک. دووان لە گیراوەکان لە زیندان ڕادەکەن، دوویان لەسێدارە دەدرێن و یەکیشیان حەپسی ئەبەدیی بۆ دەبڕدرێتەوە. نووسەر کە خۆی یەک لەو دوو گیراوە هەڵاتووانەیە، ئەو ڕووداوە دەکات بە هەوێنی ڕۆمانی هەیئە. ئەوەی کە ڕۆمانەکە لە ڕوانگەی یەکەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە، لایەنی ژیاننامەییی ڕۆمانەکە بەهێز دەکات. بەڵام ئەوەی کە کەسایەتیی یەکەمی ڕۆمانەکە هەڵگری ناوێکی جیاوازە (سۆران ئەحمەد) لە ناوی نووسەر (سەلام عەبدوڵڵا)، لایەنی ڕۆمانبوونی بەرهەمەکە بەهێز دەکات. لێرەوە هەیئە وەک دەقێکی ڕۆمانی خۆی دەردەخات و دەبێ وەک دەقێکی لەم چەشنەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت و خوێنەرەوە نابێ بەشوێن وێکچوویی دەقاودەقی ڕووداوەکەی ساڵی ١٩٧٧دا لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بگەڕێت. لە ڕاستیدا، نووسەر بە هەڵبژاردنی شێوازی ڕۆمان دەستی خۆی لە تێکەڵاویی فانتازیا و واقیعدا کراوە هێشتووەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە بە تێپەڕبوونی نزیکەی سی ساڵ لە ڕووداوەکە، ئەستەمە مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە لە نووسەر بکات هەموو ڕووداو و پلان و ئاخافتنەکانی ناو ژوورە پڕ خۆفەکانی زیندانی "هەیئە"ی بێتەوە بیر. بۆیە هەڵبژاردنی فۆرمی ڕۆمان

هەم لەباری تەکنیکییەوە و هەمیش لەباری هونەرییەوە هەڵبژاردنێکە تەواو لە جێی خۆیدا. ئەوەی کە بەرهەمەکە وەک ڕۆمان و بەپێوەرەکانی تەکنیکی ڕۆماننووسی چەندە سەرکەوتووە باسێکی ترە و دەبێ لە دەرفەت و کاتێکی تردا بکرێت.

هەیئە بەرهەمێکە کە دەتوانێت نوێنەرایەتیی ساڵانی دژواری خەبات و تێکۆشانی کوردان لە دژی دیکتاتۆری و ملهوڕی ڕێژیمێک بکات کە لە هیچ کردەوەیەکی فاشییانە لە دژی کوردان نەسڵەمییەوە. هەیئە وەبیرهێنەرەوەی بوێری و ئازایەتیی کەسانێکە کە بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە هەڵگری مەشخەڵی تێکۆشان بوون لە پێناو ئازادیدا. ئەگەر بیرەوەری و تۆماری ڕابردوو بەشێکە لە پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیەک، بێگومان هەیئە ئەو بەرهەمەیە کە دەخرێتە سەر لاپەڕەکانی مێژوویەک کە ئافراندنی ناسنامەیەکی لەم چەشنە دەستەبەر دەکات. خوێندنەوەی هەیئە بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە مێژووی خەباتی نوێی پێشەنگی کوردی تێ بگەن پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی هەیئە زامینی وشیارییە لەمەڕ گرینگی و ڕێگەپێنەدان بەدووبارەبوونەوەی هەلومەرجێک کە بە "هەیئە" خۆی دەپاراست. ئەگەر لە دنیای تێکهەڵکێشراوی ئەمڕۆدا خۆناساندن بە نەتەوەکانی تر مەرجێکە بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی خودی و جیاوازبوون لە ئەوانی تر، دەبێ هەیئە و بەرهەمی وەک هەیئە بگوێزرێنەوە سەر زمانگەلی تر و هەوڵی کوردان بۆ ڕزگاری بخرێتە بەرچاوی خەڵکانی غەیری کوردیش.

# ڕۆمان و ناسنامە

ئەوەی کە ئێمە کێین، چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە، ڕەنگە گرینگترین پرسێک بووبێت کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، لەو کاتەوە کە بەشوێن پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دامەزران، مرۆڤی کورد لە خۆی کردبێت. بەواتایەکی تر ڕەنگە مێژووی خەباتی جۆرەوجۆر و نەپساوەی کوردان لەم ماوە دوور و درێژەدا شتێک نەبووبێت جگە لە دۆزینەوە و دەستەبەرکردنی وەڵامی ئەم پرسیارە. مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە باسکردنی پێوەندیی نێوان ڕۆمان و ناسنامەیە. سەرەتا هەوڵ دەدەم گرفتی چەمکییانەی باسەکە ڕوون کەمەوە و دواتر لەسەر بنەمای پێناسەی چەمکەکەوە دوو ڕۆمانی کوردی، گرەوی بەختی هەڵاڵە لە نووسینی عەتا نەهایی و تفەنگەکەی باوکم لە نووسینی هونەر سەلیم، بەسەر دەکەمەوە و لە بەشێکی تری بابەتەکەشدا، بۆ نیشاندانی پێوەندیی ڕیشەییی ڕۆمان و ناسنامە، ئاوڕێک لەسەر گرینگی و کارتێکەریی ڕۆمان لە سازکردن/سازکردنەوەی زمانی عیبری و ناسنامەی یەهوودییەکاندا دەدەمەوە. لە گوتاری کوردی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک وشەی جیاواز بۆ گوزارەکردن لە چەمکی "identity" بەکار هاتوون. بەباوەڕی من هێشتا وشەیەک کە بتوانێت هەڵگری مانای چەمکییانەی "identity" بێت لە زمانی کوردیدا جێگیر نەبووە و ئاوڕێکی خێرا لە گوتاری پارچە پارچەکراوی کوردی نیشان دەدات کە ئەم وشانەی خوارەوە لەلایەن کەسانی جیاوازەوە لە بریی چەمکی ئاماژە پێکراوی ئینگلیزیدا بەکار هاتوون: پێناسە، هۆوییەت، هەوێتی، شوناس، شناس،

ناسنامــه، ناســه، پێناس، هـەویەت. گــەڕان بەدوای مــانای ئەم وشــانە لە فـەرهـەنگە کـوردییەکـاندا دەری دەخـات کە هیچ کـام لە فـەرهـەنگەکـان ئەم وشانەی سەرەوە بەو جۆرەی کە بۆ نموونە وشەی "identity" لە قامووسێکی ئینگلیـزیدا مـانا دەکرێتـەوە، مـانـا ناکـەنەوە. هـەڵبـەت هـەتا ئێـرە من باس لە وشە دەکـەم نەک لە چەمک. خـۆیایە کە وشـەیەک بەو جۆرەی لە فـەرهـەنگێکی زمانیی گشتیدا بەکار دێت جیاوازە لە مانایەکی چەمکی و چەمکێندراو کە هەڵگری کۆمەڵێک بواری هزری و ئابستراکتە. لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هـەژاردا "نـاسـنـامــــە" و "پـێـنـاس" وەک دوو وشــــەی هـاومــــانا لـە بـریـی "شناسنامە"ی فارسییەوە هاتوون کە ئاماژەیە بۆ بەڵگەیەکی نووسراو لەمەڕ کـێـبـوونی کـەسـێـک، ئەو شـتـەی لە ئـینگلیـزیدا دەبـێت بە "identity card". مـامۆسـتـا هەژار "شـوناس" و "شناس" وەک دوو وشـەی هاومـانا بۆ "آشنا"ی فـارسـی بەکـار دێنێت و لە کوردەواریی خـۆشـمـاندا دەگوترێ کـە بۆ نموونە فـلانە کـەس شـوناس یاخـۆ شناسی خـۆمانە، واتـا ناسیـار یا ناسیـاومـانە و ئێمە دەیناسین و ئاشنایەتیمـان لەگەڵیدا هـەیە. مامۆستا گیوی موکریانی لە فەرهـەنگی کوردسـتاندا ناسنامە بە پێناسـە مانا دەکاتەوە و بۆ "پێناس"یش وشـەی "پێـشـووێن" دادەنێت. لە فـەرهـەنگی خـاڵدا "پێـناسین" بە "نـاسـینی شـتێک بە یەکێک" لێک دەدرێتـەوە و "ناسنامـە"ش برێتـییە لە "کـاغـەزێک کـە وێنە و ناو و شۆرەت و پیشـەی یەکێکی تـیا بێ". هەموو ئەو مـاناکردنەوانەی سـەرەوە نـیـشـان دەدەن کـە وشـەگـەلی بەکـارهاتوو لەم فـەرهـەنگانەدا لە هـەنگاوی یەکـەمـدا بە مـانای "identity card" بەکار هاتوون. بەڵام کاتێک لە فەرهـەنگی ئینگلیزی-کوردیی ئازادیی دوکتۆر ڕەشـید قـەرەداغـیدا لە مانای "identity" دەگـەڕێین، دەبینین بۆ ئەم وشـەیە "نـاسـنامـە" و "پێناس" داندراوە. ئەمـە لە کـاتێکدایە کـە دوکـتـۆر شـەفـیق قـەزاز لە فـەرهـەنگی شـارەزووردا "نـاسـنـامــــە" بـە " identification, evidence of identity," و "پـێـنـاســــە"ش بـە "recognising, identifying" مانا دەکاتەوە. هـەروەک دەبینین مانای وشـەگەلی

پێناس، شناس، شوناس، ناسنامه و پێناسه له سێ فەرهەنگی باوەڕ پێکراوی کوردیدا دوورن لەوەی کە بەرامبەرێکی دەقاودەق بن بۆ "identity"، وە دوکتۆر شەفیق قەزاز لە ماناکردنەوەی ناسنامە و پێناسەدا بە ئینگلیزی ئەم خاڵەی بە دروستی پێکاوە. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر وشەگەلی هەویەت، هۆوییەت و تەنانەت کیملیکی تورکییش کە لێرە و لەوێ لە نووسین و ئاخافتندا دەبیسترێن و دەبیندرێن، مرۆڤ لە یەکەم نیگادا بۆی دەردەکەوێت کە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە سەر زمانی عەرەبی و تورکی و لە ڕاستیدا وشەی خوازراون. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە لەناو ئەم ڕیزە وشانەدا کامیان وەک بەرامبەرێکی شیاو بۆ "identity" هەڵبژێرین. بەباوەڕی من دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی وشەیەکی شیاو و لەبار هاوبیری و هاوڕاییەکی پێویست لەلایەن ئۆرگانێکی زمانی و زمانەوانییەوە هەبێت و ئەو کات وشەی هەڵبژێردراو بکرێتە ئەو نیشانەیەی کە هەڵگری باری مانایی و چەمکییانەی بۆ "identity" بێت. من لەم نووسینەدا و لە نەبوونی هاوڕاییەکی ئەوتۆدا "ناسنامە" بەکار دێنم و هەست دەکەم دەکرێ لانی کەم پتر لە "شوناس" و "شناس" پاساوی ڕێزمانیی بۆ بهێندرێتەوە، چونکە لە کاتێکدا "ناس" ڕەگی ئێستای کرداری "ناسین"ە و دەتوانێ هەڵگری پێشگری "پێ" بێت و لەگەڵ وشەی "نامە"دا لێک بدرێت و "ناسنامە"ی لێ ساز بێت، "شوناس" ڕەگی لە هیچ کردارێکی کوردیدا نییە. بەواتایەکی تر ئێمە کرداری "شوناسین"مان نییە تا ڕەگی ئێستای "شوناس"مان هەبێت. لە هەمان کاتدا پێم وایە دەرگەی ئەم باسە هێشتا والآیە و هەروەک چۆن ماڵپەڕی کۆڕی زانستیی زمانی کوردی لە ئێراندا بۆ وشەی "identity" پێنج بەرامبەری پێشنیاز کردووە (شوناس، پێناس، ناسنامە، هەویەت و ناسە) و لەپێش هەموانیشدا نیشانەی پرسیاری داناوە، دەکرێت تا کاتی ساغبوونەوەیەکی گشتی لەسەر شیاوترین وشە مرۆڤ ئیزنی بەکارهێنانی یەک لەم وشە بەرامبەرانە بەخۆی بدات. هەڵبەت لە بەکارهێنانی وشەیەکدا

دەبێ هەموو کاتێ لە بیرمان بێ ئەوە بەستێنی گوتارییانەی وشەیە کە ماناکەی دیاری دەکات و ئاساییە کە وشەیەک بە چەند مانا بەکار بێت و دالێک بێت بۆ چەندین مەدلوول. (هەرچەند دەبێتە لادان لە باسەکە، بەڵام ناتوانم لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەو هەڵلایە نەکەم کە لەسەر زمانی ستانداردی کوردی ساز بووە و داوا دەکرێت کە کرمانجیی ناوەڕاست بکرێت بە زمانی فەرمی. ئاخۆ باشتر ئەوە نییە لە جیاتیی پێهەڵگوتن بەزاراوەیەک و کوتانی ئەوی تر، هەوڵەکان لە دەوری دۆزینەوەی میکانیزمێک چڕ کرێنەوە بۆ چارەسەرکردنی کەموکووڕییە جۆرەجۆرەکانی زمانی کوردی و لەوانەش گرفتی وشەڕۆنان، لانی کەم بۆ کۆمەڵێک مەبەست کە ڕۆژانە لەگەڵیان دەژیین و بۆ وەدەستهێنانیشیان خەبات دەکەین؟)

کاتێک لە جیهانی ئەمڕۆدا قسە لەسەر ناسنامە دەکەین هەروەک زیگمۆند باومان ئاماژە دەکات، پێناسەکردنی هەموو شتێک تووشی گرفت دێت. جیهانیبوون کە کاری کردووەتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ، بۆچوونە ڕاستەوخۆیەکانی پێشووی لەسەر ناسنامە تووشی گرفت و پێچەڵپێچی کردووە. سەبارەت بە ناوەندبوون و پێداویستیی ناسنامە لە ڕۆژگاری ئێستادا، باومان دەڵێت "تەنیا چەند دەیە لەمەوبەر "ناسنامە" لە هیچ شوێنێکدا لە ناوەندی ئەندێشەکانی ئێمە نزیک نەبوو، بگرە تەنێ بابەتێک بوو بۆ تێڕامانی فەلسەفی. بەڵام ئەمڕۆ "ناسنامە" "بەرزترین گوتاری شارە"، داغترین باسە لەسەر زمانی هەر کەسێک و لە مێشکی هەر کەسێکدا."[1] بەرهەمەکانی باومان لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بەڕادەیەکی زۆر باس لە جیهانیبوون و ئەنجامەکانی جیهانیبوونە لەسەر پرسی ناسنامە. ڤێکی لە سەرەتایەک کە بۆ چاوپێکەوتنەکانی خۆی لەگەڵ باوماندا نووسیویەتی، دەڵێت لای باومان جیهانیبوون بریتییە لە "وەرچەرخانێکی

١. باومان، زیگمۆنت، ناسنامە: گفتوگۆ لەگەڵ بێنێدێتتۆ ڤێکی، (کەمبریج، ٢٠٠٤)،ل: ١٦-١٧.

گەورە کە کاری کردووەتە سەر پێکهاتەی دەوڵەتان، هەلومەرجی کار، پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان، زەینییەتی گشتی، بەرهەمە کولتوورییەکان، ژیانی ڕۆژانە و پێوەندیی نێوان خود و ئەوانی تر.[1] بەم تابلۆ گشتییەی کارتێکەریی جیهانیبوون، مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکات ئەدی کارتێکەریی ئەم دیاردەیە دەبێت لەسەر نەتەوەیەکی حاشا لێکراو، داپڵۆساو و پەراوێزکراوی بێ دەوڵەتی وەک کورد کە بە درێژاییی هەموو سەردەمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان دوو جەمسەری ڕزگاری و سەرکوتکردندا لە هاتوچۆدا بووە، چۆن و چی بێت؟ خود و ئەوانی تری کوردی لە سەردەمی جیهانیبووندا چ تایبەتمەندییەکیان بە پرسی ناسنامە لای کورد داوە؟

دەبێ بەر لە هەر شتێک پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە بکرێت کە ناسنامە بە هیچ شێوەیەک شتێکی ڕاوەستاو و نەگۆڕ نییە، بگرە "پرۆسە یان ڕەوتێکی بەردەوامە کە قەت تەواوبوونی نییە."[2]

لایەنێکی گرینگی تری ئەم ڕاستییە برێتییە لە سروشتی سازکراوی ناسنامە. "ناسنامە هەلومەرجی هەستیناسانەی پرۆژەییانە و ئافرێندراوی هەیە. کاتێک دەڵێین "ناسنامەی ئافرێندراو" لە ڕاستیدا وشەیەکمان زیادی گوتووە، چونکە هیچ ناسنامەیەک نییە و ناتوانێت هەبێت کە ئافرێندراو نەبێت."[3] "ناسنامە هەڵگری ڕەهەند و پێوەری جیاوازە. بۆ نموونە هەموو کەس خاوەنی ناسنامەیەکە وەک تاک و هەروەها وەک ئەندامێک لەناو گرووپێکدا. بەباوەڕی پارێخ ناسنامەی کۆمەڵگەیەک برێتییە لە "هێشوویەک لە جووڵە و ڕەوتگەلی لێک گرێدراو و لە هەمان کاتدا تا ڕادەیەک والاّ کە

---

١. ڤێکی، بێنێدێتتۆ، "پێشەکی"، سەرچاوەی پێشتر، ل. ٥

٢. ستوارت هال، "پێشەکی: کێ پێویستی بە "ناسنامە"یە؟" ، پرسەکانی ناسنامەی فەرهەنگی، ستوارت هال و پول دو گەی، ئێدیت، (لەندەن، ١٩٩٦)، ل. ٢

٣. زیگمۆنت باومان، "لە زیارەتەوە بۆ توریست–یاخۆ کورتە مێژوویەک"، پرسەکانی ناسنامەی فەرهەنگی، ستوارت هال و پول دو گەی، ئێدیت، (لەندەن، ١٩٩٦)، ل. ١٩.

بەرەو ئاراستەی جیاواز لە هاتوچۆدان و توانایی ئەوەیان هەیە کە بە ئاراستەی جیاوازدا گەشە بکەن و ببنە خاوەنی جۆرە هاوکێشییەک."[1] یەک لەو ناسنامانەی کە بەشێوەی سیاسی و کولتووری ساز دەکرێت ناسنامەی نەتەوەییە و لە ڕاستیشدا ئەم چەشنە ناسنامەیە پتر لە هەموو جۆرە ناسنامەیەک ئاماژەی پێ دەکرێت و قسەوباسی لەسەر دەکرێت. ئەگەرچی زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی ئاماژەیە بە ناسنامەیەک کە لە چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوەیەکدا دەئافرێندرێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت ئەم ناسنامەیە تەنیا لە سنوورەکانی پێکهاتەی دەوڵەت–نەتەوەدا بەرتەسک کاتەوە. لە ڕوانگەی پارێخەوە ناسنامەی نەتەوەیی بەر لە هەر شتێک بریتییە لە گرێدراوی بە "کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای هۆگریی هاوبەش".[2] نەتەوە بێ دەوڵەتەکان یاخۆ نەتەوەکان وەک خەڵکیش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە ئەوان لە نەتەوەکانی تر جیا دەکەنەوە. خاڵێکی تری گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناسنامەدا، چ وەک تاک و چ وەک کۆ، بریتییە لە پێداویستیی هەبوونی "ئەوی تر". بەواتایەکی تر هیچ ناسنامەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەبوونی نییە و ئەوە تەنیا لە هەبوونی جیاوازی لە نێوان "خود" و "ئەوی تر"دایە کە ناسنامە دێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا بۆ ئافراندنی ناسنامەیەک، پێشتر ئافراندنی ئەوی تر دەبێتە پێویستییەک. ئەم ڕاستییە لەلایەن، بۆ نموونە، ئیدوارد سەعیدەوە بووەتە هەوێنی لێکدانەوە بەنێوبانگەکەی لەسەر "ئۆریەنتالیزم"، کە لەناو ئێمەدا بەهەڵە وەک ڕۆژهەڵاتناسی ناوی دەرکردووە. (لە ڕاستیدا لێرەدا "ئۆریەنتالیزم" بە مانای

١. بیخۆ پارێخ، "گوتارگەلی ناسنامەی نەتەوەیی"، لێکۆڵینەوە سیاسییەکان ٣ (١٩٩٤): ٥٠٤.

٢. بیخۆ پارێخ، "داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگایەکی فرە کولتووردا"، خەڵک، نەتەوە و دەوڵەت: مانای ئێتنیسیتە و ناسیۆنالیزم، ئێدوارد مۆرتیمێر و رۆبێرت فاین، ئێدیت، (لەندەن، ١٩٩٩)، ل. ٦٩.

هۆگری و حەزکردن لە ڕۆهەڵاتە.) تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر گرینگیی "جیاوازی" لە ئافراندنی ناسنامەدا، دەکرێ مرۆڤ بە تێڕادیوی بڵێت کە "جیاوازی" لە بۆچوونێکی دێریداییانەدا تەنیا ئامرازی ئافراندنی مانایە و لە بواری ناسنامەشدا وەک هال بەدروستی دەڵێت ناسنامە لە هەناوی جیاوازیدا ساز دەکرێت نەک لە دەرەوەی جیاوازیدا.[1]

باومان باس لەوە دەکات کە لە سەردەمی ئێمەدا پێوەندیی دوولایەنەی دەوڵەت و نەتەوە بەیەکترەوە لە شێوەی کلاسیکدا کەمڕەنگ بووەتەوە و ئێستا وەک جاران دەستەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەبەستراوەتەوە بە دەوڵەت – نەتەوەوە و ئەم هاوکێشە "ئارام بەڵام بەردەوام" لە کزبووندایە و هەتا دێت پێوەندیی ئەم دووانە بەیەکەوە لاوازتر دەبێت.[2] هەڵبەت دەبێ بزانین کە ئەم بۆچوونەی باومان بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانی پرسی ناسنامەیە لە ئەورووپا و پرۆسەی سازکردنی یەکەتیی ئەورووپا و لە هەمان کاتیشدا هەڵگری ڕاستییەکە لەسەر ژیانی خودی باومان وەک یەهوودییەکی پۆڵۆنی کە دواتر مەجبوور دەبێت ژیانی خۆی لە "تاراوگە" واتا لە لەندەن درێژە پێ بدات. بەباوەڕی من پرسی ناسنامە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرسە لە ئەورووپادا. لێرە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەزموونی بەنێو دەوڵەت – نەتەوەکان دوورە لە بایخە دیموکراتیک و لیبراڵەکان و چارەنووسی کەمایەتییە ئێتنیکی و ئاینی و نەتەوەییەکان جیاوازە لە هی گرووپگەلی لەم چەشنە لە چوارچێوەی ئەورووپادا. هەر بۆیە پرسی پێچەڵپێچی ناسنامە لە بەستێنی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت و ئەوەی کە "تۆ کێی" دەبێتە پرسێکی ناوەندی نەک هەر لە ئاستی تاک بگرە لە ئاستی نەتەوەییشدا. ڕەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بگوترێ پرسگەلی "خەڵکی کوێی" و

١. هال و دو گەی، پرسەکانی ناسنامەی فەرهەنگی، ل. ٤.

٢. باومان، ناسنامە: گفتوگۆ لەگەڵ بێنێدێتتۆ ڤێکی، (کەمبریج، ٢٠٠٤)، ل. ٢٨.

"کێی" ئەو پرسە سەرەکییانەن کە مرۆڤی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەرسیڤی ئەم پرسیارانە گرفتخولقێنە کاتێک باوەڕمان بەوە هەبێت کە ناسنامە دیاردەیەکی سازکراوە و شتێک نییە کە لە ئەزەلەوە هەبوونێکی نەگۆڕی هەبووبێت. وردەکاریی شیکردنەوەکانی باومان لەمەڕ ناسنامە سەلمێنەری ئەوەن کە ئافراندنی ناسنامە ئاکامی هەوڵ و خەباتێکی ئامانجداری بەرهەستە. ناسنامە ئەو دەستکەوتەیە کە بەدوای هەوڵگەلی جۆرەوجۆردا وەدی دێت و بەهەوڵی تازە داکۆکیی لێ دەکرێت و بە هەوڵی زیاتریش دەپارێزرێت[١].

بەباوەڕی من تا ڕەخسانی هەلومەرجێک کە مرۆڤەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین بتوانن بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت خۆیان پێناسە بکەن، زەمەنێکی دوور و درێژمان لەبەرە. وێ دەچێت دیموکراتیزەکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕێگەی سەرەکیی دەربازبوون بێ لەو تەنگژەی کە بەرگری دەکات لە مافی مرۆڤەکان لە شێوەی تاک و کۆمەڵدا بۆ دەربڕینی کێبوونی خۆیان. ئەگەر لە یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نوێ ورد بینەوە و ئەو قسەیەی فەیلەسووفی ئەڵمانیمان قەبووڵ بێت کە دەڵێت "لە سەردەمی مۆدێرندا مرۆڤ دەبێت بە پێوەر و ناوەندی بوون"، ئەو کات دەتوانین جیاوازیی پرسی ناسنامە لە قۆناغی پێش مۆدێرن و مۆدێرندا هەست پێ بکەین.[٢] ئەگەر پێشتر ناسنامە ئەو تایبەتمەندییە گشتییانە بوون کە سنوورەکانی لەگەڵ هەڵکێشداکێشی تەمەن و دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکان وەک تارمایی خۆیان دەردەخست، لە سەردەمی مۆدێرندا ئیتر هەر مرۆڤێک وا دادەندرێت لەسەر چبوون و کێبوونی خۆی و پێوەندیی خۆی بە ئەوانی ترەوە قسەی کۆتایی بکات. ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە بێت کە

---

١. مارتین هایدگێر، نیچە، بەرگی سێ و چوار، وەرگێڕانی فرانک ئا. کاپووزی، ئێدیت، دەیڤید فارێل کرێل، (سانفرانسیسکۆ، ١٩٩١)، ل ٢٨.

٢. میلان کۆندێرا، هونەری ڕۆمان، وەرگێڕانی: لیندا ئاشێر، ( نیویۆرک، ١٩٨٨)، ل. ١٦٠

سەرهەڵدانی تا ڕادەیەک هاوکاتی سەردەمی مۆدێرن و ڕۆمان ڕاڤە بکرێت و ئەو ڕاستییە خۆی بە روونی دەرخات کە ڕیشەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە کانیاوی مۆدێرنیتە ئاو دەخۆنەوە. لەم گۆشەنیگایەوە دەبینین کە بەرهەمی ڕۆماننووسە دەستپێکەرەکان، بۆ نموونە سیرڤانتێس، فیلدینگ، ڕیچاردسۆن و دیفۆ لە کاتێکدا لەدایک دەبن کە بنەما فەلسەفییەکانی مۆدێرنیتە خەریکی شکڵگرتن بوون و کەسانێکی وەک دێکارت و لۆک بەردەکانی بناغەی ئەم ئیمارەتەیان دادەنا. کۆندێرا بە دروستی سەدەی هەژدەم نەک هەروەک سەدەی ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر و هۆلباخ، بگرە وەک سەدەی فیلدینگ و ستێرن و گۆتە و لاکلۆش دەبینێت.[١]

ئەگەر ناسنامە ئەو شتە بێت کە مرۆڤەکان لە ڕەوتێکی زەمەنیدا سازی دەکەن و لە بەرامبەر ئەوانی تردا خۆیانی پێ دەناسێنن، پرس ئەوەیە کە ئەدەبیات دەتوانێت خاوەنی چ ڕۆڵێکی تایبەتی بێت لەم ڕەوتەدا؟ بۆچوونی پسپۆڕانی بواری ئەدەب و ناسنامە ئەوەیە کە گوتاری ئەدەبی، بەتایبەت گوتاری گێڕانەوەیی یاخۆ ئەدەبی داستانی، ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە لە ئافراندنی ئەو بنەمایانەی کە ئەندامانی نەتەوەیەک دەکاتە خاوەنی ئەو هێزە کە بتوانن ئەندامانی تری نەتەوە لە زەینی خۆیاندا وێنا بکەن و "هاوڕێیەتییەکی ئاسۆیی قووڵ" وەدی بهێنن. ئەوە ئەو کارەیە کە بە باوەڕی بێنێدیکت ئاندێرسۆن ڕۆمان توانیویێتی بیکات. ئالدۆس هاکسلی جەخت لەسەر پێوەندیی نێوان نەتەوە و گوتاری ئەدەبی دەکاتەوە و پێی وایە ڕۆماننووسان ئافرێنەرانی نەتەوەی خۆیانن[٢]. گوتاری ڕۆمانی دەتوانێت وەک کەرەسەیەکی باوەڕ پێکراو بێت بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تاکییانە و کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە دەورەیەکی

---

١. میلان کۆندێرا، هونەری ڕۆمان، وەرگێڕانی لیندا ئاشێر، (نیویۆرک، ١٩٨٨)، ل. ١٦٠.

٢. ئالدۆس هاکسلی، دەقەکان و بەردەقەکان، (لەندەن، ١٩٥٩)، ل. ٥٠.

دیاریکراودا. تیۆری ئەدەبی لە ساڵانی ١٩٨٠ بەملاوە بەرهەمگەلی ئەدەبی وەک سەرچاوەیەک دەبینێت کە کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە.[١] گرینگیی گێڕانەوە یان ئەدەبی خەیاڵی بۆ سازکردنی ناسنامە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە "ناسنامە" شتێکی سروشتی یان هەرمان نییە. باومان سەبارەت بەپێوەندیی ئەدەبی گێڕانەوەیی و ناسنامە دەڵێت لەبەرئەوەی کە ناسنامە بە گشتی و ناسنامەی نەتەوەیی بەتایبەتی بەشێوەیەکی سروشتی لە هەناوی ئەزموونی مرۆڤەکاندا خۆی حەشار نەداوە، ناتوانێت وەک ڕاستییەکی ژیان و خۆڕسکانە خۆ دەربخات. ناسنامەی نەتەوەیی لە شێوەی خەیاڵدا وەک دەستکەوتێک لەلایەن ژنان و پیاوانی مۆدێرنەوە هاتە ئاراوە.[٢]

ڕۆڵی سەرەکی و بڕیاردەری گوتاری ئەدەبی لە شکڵپێدانی ناسنامەکاندا لەلایەن زۆر پسپۆڕی بواری ناسنامەوە خراوەتە بەرباس. بەڵام تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی ئەم کارتێکەرییە تا ڕادەیەکی زۆر تووشی گرفت دێت. چونکە بەستێنەکانی ناسنامەساز لە ئاکامی دەکارهاتن لەلایەن بزاڤێکی ناسیۆنالیستییەوە دەتوانن ئافراندن و هاتنە کایەی ناسنامەی نەتەوەیی دەستەبەر بکەن. ناسنامەی نەتەوەیی لە هەنگاوی یەکەمدا بە کۆمەڵێک تۆوی زەینی دەستنیشان دەکرێت کە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی کردەوەکانی دەوڵەت-نەتەوەیە. لە نەبوونی دەوڵەت-نەتەوەدا ناسنامەیەکی باوی بە کۆمەڵ برێتییە لە ناسنامەی ئێتنیکی. پێوەندیی ئێتنیکی بەر لەوەی کە پێوەندییەک بێت لەسەر بنەمای زەینییەتێکی هاوبەشی ئافرێندراو، پێوەندییەکە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی داڕشتراوە و ئەندامانی گرووپێکی

١. جۆناتان کالر، تیۆری ئەدەبی: ناساندنێکی زۆر کورت، (ئاکسفۆرد و نیویۆرک، ١٩٩٧)، ل. ٣٧ .

٢. باومان، ناسنامە: گفتوگۆ لەگەڵ بێنێدێتتۆ ڤێکی، (کەمبریج، ٢٠٠٤)، ل. ٢٠ .

ئێتنیکی پێیان وایە هەموویان بەرەچەڵەک دەچنەوە سەر بنجوبنەوانێک[1] . دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ نەک لەسەر بنەمای پێوەندییە ئێتنیکییەکان، بگرە لەسەر بنەمای پێوەندییەکی هاوبەشی زەینی و دیموکراتیک، لە هەلومەرجی لە ئارادانەبوونی داوودەزگا و سازییە تایبەتییەکانی دەوڵەت - نەتەوەدا، پێویستی بە پلاندارێژیی چەندرەهەندییانە هەیە. ڕەهەندە گرینگەکانی پلانێکی ئەوتۆ لایەنی سیاسی، ئایدیۆلۆجیک و فەرهەنگییان هەیە. گوتاری ئەدەبی، بەتایبەت گوتاری گێڕانەوەیی، یەک لە ئامرازە هەرە کاراکانی گەیشتن بەمەبەستێکی لەم چەشنەیە. لە ئەندێشەی نوێدا پرسی ناسنامە و شێوەی وەدەستهێنانی جێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەدەبیات بە گشتی و، ڕۆمان بە تایبەتی، ئەو گوتارگەلەن کە مرۆڤ دەتوانێ بە هۆی ئەوانەوە شوێنپێی سازبوونی ناسنامە هەڵگرێت. مارگارێتا پێتێرسۆن پێی وایە کە ڕۆمان دەتوانێت ئەو جۆرە ئەدەبە بێت کە تێیدا هەوڵدان بۆ ناسنامەی فەرهەنگی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی دەرخات[2]. جۆناتان کالر بەشێوەیەکی ڕوون باس لە گرینگیی ڕۆمان لە پێوەندی لەگەڵ ناسنامەدا دەکات و پێی وایە: "ئەدەبیات هەمیشە لەگەڵ پرسگەلی لەمەڕ ناسنامەدا تێکەڵاو بووە و بەرهەمە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەیان ئاراستە کردووە. ئەدەبی گێڕانەوەیی بەتایبەتی چارەنووسی کاراکتەرەکانی شۆپاندووە و سەرنجی داوەتە ئەوەی کە کاراکتەرەکان چۆن خۆیان پێناسە دەکەن، یاخۆ چۆن بەهۆی تێکەڵاوییەک لەلایەنگەلی جیاوازی وەک ڕابردوو، شێوەی بڕیاروەرگرتن و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە کارتێکەرییان لەسەر

١. دەیڤید کریستال، ئینسیکلۆپێدیای کەمبریجی زمان، چاپی دووەم، (کەمبریج، ١٩٩٧)، ل. ٣٤ .

٢. مارگارێتا پێتێرسۆن، "سەبارەت بە هونەری نووسین لەسەر ئەدەبیاتی جیهان"، کاروان، ١ (٢٠٠١)، ل. ٩ .

کاراکتەرەکان هەیە، پێناسە دەکرێن." [1]

سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆمان لە کۆدەقی ئەوروپاییدا نیشان دەدات کە ئەم جۆرە ئەدەبە پێوەندییەکی چڕی لەگەڵ فاکتۆرگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە. سەرهەڵدانی ڕۆمان گرێدراوی گۆڕانکارییە جۆرەجۆرەکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و تیۆریی زانستە لە سەدەکانی حەڤدەم و هەژدەمدا. لە هەمان کاتدا ڕۆمان بۆ خۆی وەک ئامرازێک سەیر دەکرێت کە ئەم گۆڕانکارییانە دەگێڕێتەوە و نوێنەرایەتیی ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. ڕۆمان لە پێناسەیەکی خێرادا برێتییە لە "وێنەیەک لە هەڵسوکەوت و ژیانی واقیعی و ئەو سەردەمەی کە تێیدا نووسراوە."[2] گرینگیی ڕۆمانە سەرکەوتووەکان لە ناساندن و نوێنەرایەتیکردنی سەردەم و شوێنی خۆیاندا ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوە. وەک نموونە مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بە بەرهەمەکانی هۆنۆرێ بالزاک، لیو تۆلستۆی، هاریەت بیچێر ستۆ، جەین ئاستین و گۆستاف فلەوبێر بکات و وەبیر خۆی بهێنێتەوە کە هەر کام لەم ڕۆماننووسانە چ ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە ناساندنی کۆمەڵگەی خۆیاندا و خاوەنی چ کارتێکەرییەک بوون لەسەر مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی خۆیان بۆ وێناکردنی خۆیان و ئەندامانی کۆمەڵگەکانیان. هەموو کەلێن و قوژبنەکانی کۆمەڵگەی فرەنسا، ڕووسیا، ئەمەریکا، بەریتانیا لە سەردەمێکدا کە ئەم ڕۆماننووسانە تێیدا چالاک بوونە، بەباشی لە بەرهەمەکانیاندا خۆ دەردەخات. بەرهەمی ئەم ڕۆماننووسانە نەتەنیا سەرچاوەی ناسنامەساز بوونە لە کۆمەڵگەی خۆیاندا، بگرە بەهۆی تایبەتمەندیی بەرزی ئەدەبییان بوونەتە سەرچاوەی

---

١. جۆناتان کالر، تیۆری ئەدەبی: ناساندنێکی زۆر کورت، (ئاکسفۆرد و نیویۆرک، ١٩٩٧)، ل. ١١٢ .

٢. ڕێنێ وێلێک و ئوستین وارێن، تیۆری ئەدەبییات: لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتاییانەی سروشت و کردەی ئەدەبیات لە هەموو کۆدەقەکانیدا (لەندەن، ١٩٥٦)، ل. ٢١٦ .

هزری و جـوانیناسـییش له ئاسـتی جیـهـانیـدا. له دەرەوەی ئەوروپاشـدا، هونەری ڕۆمـان سـەرەڕای سـەرهـەڵدانی درەنگوەخت، ڕۆڵێکی لـەم چەشنەی هـەبووە. بەرهـەمەکانی سادیق هیدایـەت لە ئێران، ئۆرهـان پاموک لە تورکیا، نەجیب مەحفووز لە میسر، چینوا ئاچێبێ لە نیجێریا، خوێنەرانی ناوەخۆ و دەرەوەیان دەبەنە تەماشـای وێنەیەکی هـونەری لە نەتەوەکـانی خـۆیان. بۆمی کوێری هیدایەت گێڕانەوەیەکە لە ئاکامە تراجیکەکانی سەردەمی مۆدێرن لە ئێران و ئازاری وجوودییانەی مرۆڤی ئێرانی. لە بەفری پاموکدا هـەلومەرجی سیاسیی تورکیا و کارتێکەریی ئەم هـەلومـەرجە لەسەر دانیشتوانی تورکیا بەوپەڕی وردەکـارییـەوە خـۆی دەردەخـات. ڕۆمـانەکـانی مـەحـفـووز بـەڵگەی هونەریی شـێوە ژیان و ئەندێشـەی بە وردەڕیشاڵی مرۆڤـەکانە لە مـیسـر. چ شتێک جوانتر لە شتەکان هەڵدەوەشێنەوەی ئاچێبێ دەتوانێت ئەنجامەکانی کـۆلۆنیـالیـزم لە ئەفـریـقـیـادا نیـشـان بدات؟ لە بەشـەکـانی داهـاتووی ئەم نووسـینەدا ئاوڕ لـە دوو ڕۆمـانی کـوردی دەدەمـەوە و هـەوڵ دەدەم پرسی ناسنامـە لەم دوو ڕۆمانەدا بەکورتی تاوتوێ بکەم. لێرەدا پرس ئەوەیە ئاخـۆ ڕۆمانێکی کوردیی ئەوتۆ هەیە کە نوێنەرایەتیی ناسنامەی کوردی بکات و بە کورد و غەیری کورد بڵێت کوردان کێن؟

بەباوەڕی من ڕۆمـانی کـوردی لە باری تێمـاوە بە شـێـوەیەکی گـشـتی لە چوارچێوەی پرسی بێ ناسنامـەیی نەتەوەیی کوردانـدایـە. باڵادەستبوونی تۆوەکـانی گـوتـاری نەتەوەیی لە ڕۆمـانی کـوردیدا بەدروسـتی ڕەنگدانەوەی هـەلومـەرجی تـایبـەتیی کوردانە لە ئـەدەبی گێڕانەوەییدا. دەرکـەوتنی پرسی ناسنامە یان باشتر وایە بڵێم لێڵیی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانی کوردیدا لە کـاتێکدایـە کـە کـارتێکەریی ڕەوتی جـیـهـانیـبـوون بووەتە هـۆی کـەمـڕەنگبـوونـەوەی گـرێدانی ڕۆمـانێک بـە چوارچێـوەیـەکی دیاریکراوی نەتەوەیی، بەتایبەتی لە بەستێن و کۆدەقی ڕۆئاواییدا. کاتێک ئێلین شـوالتێر پێشـەکیی بۆ چاپی تازەی کتێبـە ناودارەکەی خـۆی، دوای تێپەڕبـوونی تەنیا

بیـست و پێنج سـاڵ لـه چاپی یەکـەمی، دەنووسـێت، ئامـاژەیەکی سـەرنج ڕاکێش بـه گۆڕانێکی بەرچاو له مـاوەی ئەم بیـست و پێنج سـاڵەدا دەکات: "بەهۆی جـیـهانیـبوونی فـەرهەنگ، سنووره نەتەوەییـیـەکانی ڕۆمـان پـتر لە جاران کاڵ دەبنەوه و بەرەو نەمان دەچن. بۆچی سیلڤیا پلاس نووسەر یاخۆ شاعیرێکی بەریتـانیایی یان ئەمـەریکاییـیـه؟ ئاخۆ دەکرێت کـارتێکەریی تۆنی مـۆریسـۆن لەسـەر ڕۆمـانـی ئەوروپایی تووشـی نسکۆ بێت؟ ئەو جیـاوازییـه فەرهەنگی و نەتەوەییـیانەی که من مـەبەستم بوو بەهۆی ناوی کتێبەکەمەوه، ئەدەبێک لەمـەڕ خـۆیانەوه، دەریان بخـەم، ئیـتـر وەک بیـست و پێنج سـاڵ لەمەوبەر بەرچاو نین."[1]

ئەگەرچی کارێکی سـانا نییه مرۆڤ بڵێت که ڕۆمانی کوردی بەتەواوی له دەرەوەی دیاردەی جیهانیبوون دابێت، بەڵام دەکرێ وەک دەربڕینێکی گشتی بگوترێت که هێشتا سنوورەکانی نەتەوەیی له ڕۆمـانی کوردیدا ئامادەن و تێمای سەرەکیی ڕۆمانی کوردی مۆری دیاری تێکەڵاوی به پرسی ناسنامەی نەتەوەیی تێدایه. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بەگشتی قسه لەسەر ئاستی ڕۆمانی کـوردی لەسـەر ئەو بنەمـایانه بکات کـه لەلایەن ڕەخنەگران و تیـۆریزانانی ئەدەبییەوه دەسـتنیـشان دەکرێن، له بۆچوونێکی بەراوردیدا دەکرێ بگوترێ کـه ڕۆمـانی کوردی تا وەدەسـتـهێنانی توانایی بـۆ تێکهەڵکێشکردنی لایەنی ناوچەیی و جیـهانـی مـەودایەکی زۆری مـاوه. له کاتێکدا هێندێک له ڕۆمانه کـوردییـەکـان هێـشـتـا لـه شـێـوه نەریتـیـیـەکانی گـێـڕانەوه دەرباز نەبوونه، هێندێکیـان کـەوتوونه ژێر کـارتێکەریی شـێـوازه ناسـراوەکانی سـەردەم له بواری تەکنیکی گـێـڕانـەوەدا. هێندێک لـه ڕۆمـاننووسـانی کـورد تـا ئاسـتی ئاراسـتـەکردنی پرسگەلی وجوودی و هەسـتیناسـانەش ڕۆیشـتوون. بەڵام ئەم ڕۆمـانـانه، کـه به ژمـارەش زۆر کـەمن، له دۆزینەوەی زمـانێکی شـیـاو کـه

١. ئێلین شـوالتێر، ئەدەبێک لەمـەڕ خۆیانەوه: له شـارلۆت برۆنتـەوه هەتا دۆریس لێسـینگ، چاپی نوێ (لەندەن، ١٩٩٩)، xxxiii.

پێوەندییەکی زیندووی لەگەڵ ئاخێوەرانی ناو ڕۆمانەکە و ئاستی سەرمایەی فەرهەنگیی ئەواندا هەبێت و بتوانێت خۆی لە قەرەی پرسگەلی لەم چەشنە بدات، سەرکەوتوو نەبوونە. وشە و پێکهاتەی هێندێک لەو ڕۆمانانە دوورە لە بناخەیەکی تۆکمەی تێکسمڕاوی خۆشئاهەنگ. زۆرجار زمانی ئەو ڕۆمانانە زمانێکی حەماسییە کە بەپێچەوانەی زمانی ڕۆمان کە زمانێکی ڕیالیستییە، زمانێکی تیفتیفەدراو و خۆهەڵکێشانەیە و جیاوازە لە زمانی ئاخافتنی مرۆڤەکان لە ژیانی هزری و ڕۆژانەیاندا. ڕووداوەکانی هێندێک لەو ڕۆمانانە وەبیرهێنەرەوەی ئەو پێناسەیەی وێلێکن لە گوتاری حەماسی کاتێک دەڵێت گوتاری حەماسی باس لە ڕووداوگەلێک دەکات کە قەت ڕوویان نەداوە و وێ ناچێت ڕووش بدەن.[1] بەرتەسکیی دیالۆگ لەم ڕۆمانانەدا دوورن لە تایبەتمەندییە هزری و کۆمەڵایەتییەکانی ئاخێوەرەکانی. کاراکتەرەکان لەم ڕۆمانانەدا خاوەنی لایەنی تاکییانەی خۆیان نین و پتر نوێنەرایەتیی تیپە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن هەتا کەسایەتیی دیاریکراو و ناسراوی خاوەن پێناسەی تایبەتی.

سەرەڕای ئەم کەموکووڕییانە هێندێک ڕۆماننووسی کورد لە وێناکردنی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردیدا هەنگاوی مەزنیان هەڵێناوەتەوە. هونەر سەلیم لە تفەنگەکەی باوکمدا تەقەیەکی چاکی کردووە و زۆر ئامانجی بەرچاوی پێکاوە. بەر لە خوێندنەوەیەکی خێرای تفەنگەکەی باوکم پێویستە چەند ئاماژەیەک بە لایەنی ژانرییانە، واتە جۆرەی ئەدەبیی ئەم بەرهەمە بکەم[2]. نووسەر یان بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە ناسنامەی "بیرەوەری" بە کتێبەکە داوە و

١. وێلێک و ئۆستین، تیۆریی ئەدەبیات، ل. ٢١٦ .

٢. لە وتارێکدا لە کۆواری لێکۆڵینەوەکانی ئێرانی، کە لەلایەن وەشانخانەی راتلێجەوە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە بەوردی باسی ئەم بەرهەمەی هونەر سەلیمم کردووە. بڕوانە هاشم ئەحمەد زادە، "بەشوێن ڕۆمانێکی کوردیدا کە پێمان بڵێت کورد کێن"، لیکۆڵینەوەکانی ئێرانی، ٥ (٢٠٠٧). ل. ٥٩٢–٥٧٩ .

هەر بۆیە دەکرێ ڕەخنەی ئەوە لەم نووسینە بگیرێت کە بۆچی ئەم بەرهەمە بە ڕۆمان دەناسێنێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ناسنامەی بیرەوەریی خراوەتە پاڵ ئەم بەرهەمە، کتێبەکە هەڵگری زۆر تایبەتمەندی و تۆوی ڕۆمانییە. بە باوەڕی من ئەگەر بڵاوکەرەوەی ئەم بەرهەمە ناسنامەی بیرەوەریی بەسەر کتێبەکەدا نەسەپاندبا، شک لەوەدا نییە کە زۆر لێکۆڵەرەوە لە یەکەم خوێندنەوەدا کتێبەکەیان بە ڕۆمان ناوزەد دەکرد. لە ڕاستیدا ئەم کتێبە زۆر کەمتر لە شوانی کوردی عەرەب شەمۆ کە بە کۆدەنگی وەک یەکەم ڕۆمانی کوردی ناوبانگی دەرکردووە، لایەنی بیرەوەرینووسی تێدایە. هەڵبەت ژیاننامە و بیرەوەری وەک ئەژدادی ڕۆمان ناسراون و خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا گەلێک زۆرن. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە گێڕەرەوەی کتێبەکە، واتا ئازاد، هەڵگری ناوی نووسەر، واتا هونەر، نییە، وە ئەمەش لایەنێکی بەهێزی ڕۆمانی دەدات بە بەرهەمەکە. لێرەدا دەبێ لایەنی پڕ گرفتی جیاکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەبیی ژیاننامە، بیرەوەری، چیرۆکی کورت و ڕۆمان وەبیر خۆمان بهێنینەوە. گرفتی دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ئەم جۆرە ئەدەبییانە وای لە هێندێک لێکۆڵەرەوە کردووە کە پێوانەی زۆر پراگماتیکی بۆ پێناسەکردن و هەڵاواردنی جۆرەکانی ئەدەبی بەکار بهێنن. ئالان مەیسی لە بۆچوونێکی ڕەخنەییدا کاتێک تووشی گرفتی پێناسەی ڕۆمان دەبێت، دەڵێت کە "هیچ پێناسەیەکی تێروتەسەل بۆ ڕۆمان لە ئارادا نییە."[١]

تفەنگەکەی باوکم بەسەرهاتی کوڕێکە کە لەدایکبووی ئاکرێیە و لە سەرەتای شێستەکان چاوی بە ژیان دەپشکوێت و هەر لەم شارەش سەردەمی منداڵیتی تێپەڕ دەکات. لە کۆتاییی حەفتاکاندا کاتێک تەمەنی تەنیا حەڤدە ساڵە سنووری نێوان عێراق و سووریا دەبەزێنێت و کوردستان

١. ئالان مەیسی، ڕۆمانی ئەمڕۆ: ڕێنوێنییەکی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی بەریتانیایی ١٩٨٩–١٩٧٠ (لەندەن و نیویۆرک، ١٩٩٠)، ل. ١ .

بەجێ دەهێڵێت. ئەم کتێبە بە زمانی فرەنسی نووسراوە و هەتا ئێستا وەرگێڕدراوەتەوە سەر زیاتر لە بیست زمان. ئەوەندەی من ئاگەدار بم کاک موحسین عومەر بەشێک یان چەند بەشی ئەم کتێبەی کردووەتە کوردی و لە کۆوارێکدا بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام نازانم ئاخۆ سەرجەم کتێبەکە کراوەتە کوردی و چاپ بووە یان نا. هەتا ئێستا ئەم کتێبە لە چەندین ڕۆژنامە و کۆواری بەناوبانگی جیهانیدا پێداچوونەوەی لەسەر نووسراوە و لە فرەنسا بوو بەکتێبێکی پڕفرۆش. سەرچاوەی خوێندنەوەی من وەرگێڕانی ئینگلیزیی کتێبەکەیە لەلایەن کاترین تێمێرسۆنەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لەندەن چاپ کراوە. هەر لە دەستپێکی کتێبەکەدا پێناسەیەکی چڕ و یەکجار جوان داڕشتراوی نووسەر دەخوێنینەوە:

"من ناوم ئازاد شێرۆ سەلیمە. نەوەی سەلیم مەلام. باپیرم پیاوێکی خۆشزەوق بوو. دەیگوت کە وەک کورد لە وڵاتێکی ئازاددا لەدایک بوو. دواتر عوسمانییەکان هاتن و بە باپیرمیان گوت، "تۆ عوسمانییت"، هەر بۆیە بوو بە عوسمانی. لە کاتی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، ئەو بوو بە تورک. تورکەکان ڕۆیشتن و ئەو لە سەردەمی مەلیکایەتیی شای کوردەکان، شێخ مەحموودا دیسانەوە بۆوە بە کورد. دواتر ئینگلیزەکان هاتن و باپیرم بوو بە ڕعێتیی خاوەن شکۆ و تەنانەت چەند وشەی ئینگلیزیش فێر بوو."[1]

ئەم سەرەتایە بەجوانترین شێوە ڕەوتی سازبوون و گۆڕانی ناسنامەکان نیشان دەدات و بە دروستی کارتێکەریی سیستمی سیاسی لەسەر ناسنامە دەستنیشان دەکات. ئازاد ئاماژە بەلکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تازە سازکراوی عێراق و بە عێراقیکردنی کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان دەکات و ئەمەش ڕووداوێکە کە لەلایەن کوردانەوە قەت دڵنیا... خێری پێدا نەنرا.

١. هونەر سەلیم، تفەنگەکەی باوکم: سەردەمی مناڵی لە کوردستاندا، وەرگێڕان لە فرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی، کاترین تێمێرسۆن (لەندەن، ٢٠٠٥)، ل. ١ .

ئازاد لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە و هەوڵی سازکردنی ناسنامەیەکی عێراقی و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیە لە زەینی باپیر و بابیدا بە زمانێکی ساکار و ڕوانگەیەکی منداڵانە، بەڵام لەسەر دڵان، بەمجۆرە دەردەبڕێت: "بەریتانیاییەکان عێراقیان ساز کرد، بەمجۆرە باپیرم بوو بە عێراقی، بەڵام ئەم وشە تازەیە، عێراق، لای باپیرم هەمیشە وەک مەتەڵێک مایەوە، وە هەتا دواهەناسەی ژیانی قەت شانازیی بە عێراقیبوونیەوە نەکرد؛ کوڕەکەشی، واتا باوکی من، شێرۆ سەلیم، قەت ئەو کارەی نەکرد. بەڵام من، ئازاد، هێشتا منداڵ بووم."[١]

لە کتێبە بە قەوارە کورت، بەڵام بە ناوەڕۆک و شێواز دەوڵەمەندەکەی هونەر سەلیمدا خوێنەرەوە دەتوانێت لایەنە جۆرەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و نەریتیی ژیانی کوردان بدۆزێتەوە و باری مانایی دەیان چەمک و ویست لە زەینیدا میوان بکات و بەردەوام هەست بە تامی سەرکەوتن، شکست، هیوا، ناهومێدی، خیانەت، کوشتنی نامووسی، دەست لە دەستی دوژمن نان، گوند، پێشمەرگە، زەوق، ئەڤین، مەرگ، خێڵ، ڕێبەری کاریسمایی، هاوخەمی، وەفاداری، منداڵی، نوێخوازی، نوێبوونەوە، کوردایەتی، سەرەڕۆیی، داپڵۆسین، گومان، ساویلکەیی، خەون، سەربەخۆیی، خورافە، تاراوگە، تۆپباران، چیا، زمانکوژی، سەرهەڵدان، خزمخزمێن، وە ناسیۆنالیزمی کورد و تایبەتمەندییە سنووربەزێنەکەی، بکات. بەکورتی ئەم کتێبە دەکرێت وەک بەڵگەیەک لە ژیانی ڕۆژانەی کوردان سەیری بکرێت. بەڵام خاڵی هەرە گرینگ و سەرنج ڕاکێش شێوەی گوتن و دەربڕینی شتەکانە. ئەوە تایبەتمەندییە شێوازی و هونەری و ئەدەبییانەی دەقەکەیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا سەرنجی خوێنەرەوە بۆ لای خۆی

١. هونەر سەلیم، تفەنگەکەی باوکم: سەردەمی منالّی لە کوردستاندا، وەرگێران لە فەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی، کاترین تێمێرسۆن (لەندەن، ٢٠٠٥)، ل. ١ هەموو ئاماژەکانی تر لەم نووسینەدا بەم سەرچاوەیەن.

ڕادەکێشێت. زمانی زۆرجار شاعیرانە و ڕەوانی دەقەکە خوێنەرەوە تووشی چێـژێکی ئەوتۆ دەکـات کـە نـەک هـەر لە خـوێندنەوەی مـاندوو نابێت، بگرە ئاواتەخـوازە دەقـەکـە درێژەی هەبێت. هێندێک دیمـەنی سـینەمـایی و وردی گـێـڕانەوەکـە گـوزارە لـە پسـپـۆڕی نووسـەر لە بـواری سـینەمـادا دەکـەن. پەخـشـانێکی سـادە، زمـانێکی سـاکـار، پێکهـاتەیـەکی ڕوون و دەنگێکی مـێتـافـۆرییـانە، گێڕانەوەکە دەکەن بەو دەقە سـەرکەوتـوویە کە خـوێنەرەوە بەردەوام هەست بەجێگۆڕکێی بزە و پەژارە لەسەر لێوەکانی خۆی بکات.

دووپاتکردنەوەی هێندێک لە تێـمـا سـەرەکـیـیـەکـان تـایبـەتمـەندییـەکی مۆسیقایی و کێشێکی واتاداری داوە بەدەقەکە. لە کاتێکدا ئازاد دەرگیری بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵییەتی و باس لە ساویلکەییی منالآنەی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ ڕووداوە ناخـۆشـەکـان دەکـات، جـار ناجـارێک وەبیرمان دێنێتەوە، "بەڵام من هێشتا منداڵ بووم"، "ڕێگەی تاراوگەمان گرتە بەر" و "ئێـمـە پەنـابەر بووین". ئەمـەش کـێـشـێکی پڕ لـە هـارمـۆنی بە دەق و گێڕانەوەکە دەبەخشێت. ئەو کاتانەی باس لە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەکات هەست بە شـەوق و زەوقی لە ڕادەبەدەری دەکـەی. ئەڤـینی سـەردەمی منداڵیتیی ئازاد بۆ "ژیان" لە چیادا و دواتر ڕۆیشتنی "ژیان"، "ئەڤینی ژیانی من، ... ئەو کچەی چراکەی دابوومێ"، وە نەگەڕانەوەی ئەوەندە هونەرییانە باس دەکرێت کە تۆ هـەست دەکەی تا کۆتاییەکانی کـۆڵانی هەناوی ئازاد ڕۆیشتووی و بە هـەموو وجوودەوە هەست بە ڕاستگۆیی و شادی و پەژارەی دەکەی. ئازاد زۆرجاران ئاماژە بە کوردی پارچەکانی تر دەکات کە هاتوونە ناو شـۆڕشی کـوردی باشـوور و هـەمـدیسـان بەگـێـڕانەوەیەکی سـاکـاری منداڵانە ئامـانج دەپێکێت و لێکگرێدراویی کـوردان بەیەکـترەوە بەجـوانی دەردەخـات. کـاتێک سنووری نێوان عێراق و سووریا دەبـەزێنێت، کوردێکی سـووریـا دە ئازادەوە ڕادەمـێنێ و پـێی دەڵێت، "ئێـمـە کوردین، بـاشـە؟ ئێـمـە براین، باشە؟ ئێمە ڕزگار دەبین، باشە؟"

تفەنگەکەی باوکی ئازاد و ئاماژەی بەردەوامیی ئازاد بەو تفەنگە لایەنێکی زەوقییانە و هێندێک جاریش کینایەیی بەگێڕانەوەکە دەدات. باوکی ئازاد دەڵێت کە بڕنۆکەی "ئەوەندە دەقیقە کە ئەو دەیتوانی لە مەودایەکی هەزار و سەد یاردییەوە [هەر یاردێک نزیکەی نیو میترە] قونچکی جگارەیەک بپێکێت." ئاماژەی لەم چەشنە، شێوازێکی دۆنکیشۆتانە بەگێڕانەوەکە دەدات. باوەڕی باوکی ئازاد لەمەڕ ئازادبوونی کوردستان لە ماوەی ساڵێکدا و ئەوەی کە کوردان فڕۆکەکانیان لە چیادا شاردووەتەوە و ڕۆژێک وەڵامی هێرشەکانی دوژمن دەدەنەوە، لایەنە ساتیرییەکانی دەقەکە بەهێز دەکەن. کاتێک ئازاد لە بۆمبارانی بەردەوامی فڕۆکەکانی دوژمن ناهومێدی دایدەگرێت و لێرە و لەوێ باس لە فڕۆکە شاردراوەکانی باوکی دەکات، هەست بە تەمێکی تاڵ دەکەی کە باڵ بەسەر ئاواتە وەدینەهاتووەکانی کورددا دەکێشێت. ئەو بەردەوام لە باوکی دەپرسێت، "کەی فڕۆکەکانی ئێمە هەڵدەستن؟" شێوەی ئاماژەی ئازاد بەو ڕاستییە کە کوردان فڕۆکەیان نەبوو، ئاهەنگێکی زۆر مێلۆدراماتیک بەخۆوە دەگرێت: "دیسانیش فڕۆکەکانی ئێمە لە فڕۆکەخانە نهێنییەکانمانەوە هەڵنەستان." ئاماژەی ئازاد بە زمانی عەرەبی و ئەوەی کە هیچی لێ تێ نەدەگەیشت و خولیا و ئاواتی ئەو بۆ خوێندن بە زمانی کوردی، زۆرجاران ڕەنگێکی کۆمیدیایی و هاوکات تراجیک بەخۆیەوە دەگرێت.

شوێنپێی خەونەکانی ئازاد بۆ ئەوەی کە ڕۆژێک ببێت بە دەرهێنەری فیلم وەک داوێکی سوور لە هەموو گێڕانەوەکەدا دەبیندرێت. هەر کاتێک تووشی گرفتێک دەبێت ئارەزووی ئەوەی لەلا ساز دەبێت کە ڕۆژێک ئەم گرفتە دەکاتە فیلمێک. "ئاواتم بوو چاو لە تەلەڤزیۆن کەم." بەڵام بینینی فیلم بە هەموو زمانێک جگە لە کوردی، زەینی ئازاد دەشێوێنێت و دڵی ناسکی بریندار دەکات. کاتێک تەماشای فیلمی عەرەبی و هیندی دەکات هەردەم بڕیار دەدات "ڕۆژێک کارێک دەکەم ئەم دەزگایە [تەلەڤزیۆنە] بە کوردی

بدوێت." کارەساتەکانی کوردستان هانی دەدەن کە سوور بێت لەسەر ئەوەی "ڕۆژێک کوردان دێنمە سەر پەردەی سینەما."

لایەنی هونەری و جوانیناسانەی ئەم کتێبە دەکرێت ببێتە هەوێنی لێکدانەوەیەکی تێروتەسەلی چلۆنایەتیی کارکردی ئەدەب. بەراوردی ئاماژەی ئازاد بەخۆی لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا لەگەڵ دوایین قسەکانی ئەو لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا، تەنیا گۆشەیەکی ئەم جوانیناسییە دەردەخات. کاتێک باب و باپیری خۆی دەناسێنێت و باس لەوە دەکات چۆن ناسنامە دەستکردەکانیان بەسەردا دەسەپێندران زۆر بەسانایی لەمەڕ خۆیەوە دەڵێت، "من هێشتا منداڵ بووم"، واتا لە شتەکان تێ نەدەگەیشتم. کاتێک باس لە ڕووداوە تاڵەکانی سەردەمی منداڵی دەکات، هەمان ڕستە دووپات دەکاتەوە. بەڵام کاتێک لە سنوور دەپەڕێتەوە و مل وەبەر ڕێگەی تاراوگە دەنێت، دەڵێت "من چیی تر منداڵ نەبووم." ئەم ڕستە ساکار بەڵام لە هەمان کاتدا قووڵانە شێوازی ئێرنێست هێمینگوایمان وەبیر دێننەوە. تەنانەت لە بواری ناوەڕۆکیشەوە ئەم گێڕانەوەیە وەبیرهێنەرەوەی ئەزموونەکانی ئەو منداڵەن کە لە "کەمپی سوورپێست"ی هیمینگوایدا لەگەڵ باوکی سەردانی کەمپێکی سوورپێستان دەکات. تفەنگەکەی باوکم دەکرێت لەگەڵ ئەستەمبوڵ: بیرەوەرییەکانی شارێکی ئۆرهان پاموکدا بەراورد بکرێت. لە کاتێکدا ئۆرهان خولیای ئەوەی بوو ببێت بە شێوەکار، دواجار دەبێت بە نووسەر، هونەریش دەیویست ببێت بە شێوەکار، بەڵام دواجار دەبێت بەدەرهێنەری فیلم. ئەگەر کۆلارەبازی خالید حوسێنی و کتێبفرۆشی کابولی ئاسنێ سیەرستود خوێنەرەوەکانیان لەسەر ڕووداوە تراجیکەکانی ئەفغانستان ئاگەدار دەکەنەوە، تفەنگەکەی باوکم پێمان دەڵێت کە کوردان لە دەیەکانی شێست و حەفتای سەدەی ڕابردوودا چییان بینی و چییان چێشت.

تفەنگەکەی باوکم سەرکەوتووانە پێمان دەڵێت کورد کێن و ژیانی کوردان لە دەیەکانی شێست و حەفتای سەدەی ڕابردوودا لەوپەڕی جوانیناسیدا وێنا دەکات. کتێبێکی لەم چەشنە خوێنەرەوەی کورد دەباتە میوانی بیرەوەرییەکانی کوردێک کە بەچاویلکەیەکی هونەری مێژوویەک لە فەوتان ڕزگار دەکات و پێش بەزاڵبوونی دیاردەی فەرامۆشی بەسەر ڕەوتی دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەییدا دەگرێت. لە هەمان کاتدا ئەم کتێبە "خود" بە "ئەوی تر" دەناسێنێت و لە سەردەمانێکدا کە ورووژاندنی بیروڕای زۆرجار خەوتووی جیهانی پێداویستییەکە بۆ سەلماندنی هەبوونی "خود"، سەرمایەیەکی کولتووریی بەنرخە.

گرینگیی ڕۆمان بۆ پرسی ناسنامە هەر لەوەدا نییە کە لە ڕێگەی چارەنووسی کاراکتەرەکانیەوە ڕەوتی شکڵگرتن و گۆڕانی ناسنامەکان بە ئاشکرایی دەردەخات، بگرە خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە ئەم پرسە لە دەقی فیکرییەوە دەگوێزێتەوە بۆ دەقی گێڕانەوەیی و بەم کارەش دەبێتە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکی کۆنی مرۆڤ لە پەنابردن بۆ گێڕانەوە لە بەربەرەکانێکردن لەگەڵ فەرامۆشیدا. هەروەها چونکە ڕۆمان ئافراندنەوەی واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە لە داڵانی زەینی ئافرێنەرێکدا کە خەیاڵ و فانتێزیا دەکات بە کەرەسەی بەرفراوانکردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوە، دەتوانێت بەسەر هەموو ئەو دیاردە جۆرەجۆرانە کە مەیدانی کردەوەی مرۆڤەکان بۆ دەربڕینی ئازادانەی خۆیان بەرتەسک دەکەنەوە، زاڵ بێت و هەلومەرجێکی لەبار بۆ وەدیهاتنی ویست و ئاواتە سەرکوتکراوەکان برەخسێنێت. کێشمەکێشی کاراکتەرەکانی دنیای ڕۆمان لە ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ یەکتردا دواجار واداریان دەکات کێبوونی خۆیان وەک تاک و گرێدراوییان بە گرووپ و دەستەیەک وەک کۆ بخەنە ڕوو. ئەگەر ڕۆمانێک وەفادار بێت بە بەردی بناخەی تایبەتمەندیی ژانرییانەی خۆی، واتا شۆڕبوونەوە بە ناخی کاراکتەرەکانیدا، بێگومان ناتوانێت خۆی لە پرسی

ناسنامە و شێوەی پێناسە و ئاراستەی ئەم پرسە لەلایەن کاراکتەرەکانەوە دەرباز بکات. خوێنەرەوەی ڕۆمان شانسی ئەوەی هەیە کە پێوەندیی پێچەڵپێچی ئەندامانی جیهانی ڕۆمانێک بە دوور لە دژکردەوەی ئەوان لە بەرامبەر خۆیدا تەماشا بکات و دواجار لە پێوەندییەکی زەینیدا خۆی و کەس یان کەسانێک لە ڕۆمانەکەدا بکات بە ئاوێنەی خۆ تێدا دۆزینەوە.

گرەوی بەختی هەڵاڵە تازەترین ڕۆمانی عەتای نەهاییە کە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن چاپخانەی ڕەنجەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە لە زۆر ڕووەوە شیاوی لێکدانەوەیە و پێکهاتەیەکی تەکنیکیی ئەوتۆی هەیە کە دەیکات بە کەرەسەیەکی بەنرخ بۆ لێکۆڵەرەوەی بواری گێڕانەوەی ئەدەبی و کارلێکی گێڕانەوە و جیهانی واقیع. من لە وتارێکدا بە زمانی ئینگلیزی کە بەم زووانە چاپ دەکرێت لەسەر هێندێک لایەنی ئەم ڕۆمانە بە وردی دواوم. لێرەدا دەمەوێت تەنیا ئاوڕ لە پرسی ناسنامە، ئەویش لە هەنگاوی یەکەمدا پرسی ناسنامەی نەتەوەیی لەم ڕۆمانەدا بدەمەوە.

پرسی ناسنامە جێگەیەکی ناوەندیی هەیە لە دیالۆگی نێوان کاراکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەدا. تراویلکەی "وڵات" بە بەردەوامی ئاماژەی پێ دەکرێت و دواجاریش لە بوومەلێڵی ئەو سەرابەدا ئەوەی خۆی دەنوێنێت تەنیا بێ وڵاتییە. ئاخر ئەوە چ وڵاتێکە کە بکرێ وەک "وڵاتی بەرد" و "باران" ناوزەد کرێت؟ (٧) وڵاتی کوردان کوێیە؟ کاتێک شێرزاد دوای حەوت ساڵ مانەوە لە سوێد، دەستەوەستان و بێدەرەتان، ناهومێد و دڵشکاو، دەیەوێت بگەڕێتەوە "وڵاتی خۆمان" و لەگەڵ ئارەزووی کچی لەوێ بژیت، سەدان پرسیار ڕووی تێ دەکەن. مەجید لێی دەپرسێت، "کامەیە وڵاتی خۆمان؟" (٣٩) شێرزادی کڵۆڵ کەی دەتوانێت وەڵامی پرسیارێکی لەم چەشنە بداتەوە؟ هەر بۆیە بە تەوسەوە لە مەجید دەپرسێت کە ئەو پیاوێکی عاقڵە و دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بزانێت. "تۆ پێم بڵێ کاکە مەجید، تۆ کە پیاوێکی

عاقڵ و ژیری پێم بڵێ کامەیە وڵاتی خۆمان؟ ... کامەیە وڵات و نیشتمانی ئێمە؟ سوید؟ ئێران؟ کوردستان؟ کامەیان؟" (٣٩). کاتێک مەجید دەڵێت کە ئەو ناتوانێت بچێتەوە بۆ "وڵاتی خۆی" چونکە مەترسیی گیرانی لەسەرە، شێرزاد لێی دەپرسێت، "کام نیشتمان؟ ئێران؟" مەجید وەڵام دەداتەوە، "بەڵێ، کوردستانی ئێران." مەجید بەردەوام دەبێت و دەڵێت، "دەی باشە بۆ ناگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق؟ مەگەر ئەوێش هەر کوردستان نییە؟" (٤٠) مەجید لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی شێرزاددا بێدەنگ دەبێت. ڕەنگە ئەم دیالۆگە بە جوانترین شێوە پەردە لەسەر ڕاستییەکی شاراوە لادات. وڵاتی کوردان کوێیە؟

ئەوە هەر وڵات نییە کە سنوورەکان بێ سنووریان کردووە و کوردستانیان کردووەتە وڵاتی تراویلکەکان و خەونە جوانەکانی ئارەزوومەندانی هەبوونی کیانێکی خۆیی. کوردبوونیش هەر پرسیارە. ئاخر، کێ کوردە؟ مەهابادی و هەولێری و دیاربەکری و کرماشانی هەموو هەر کوردن؟ وێ ناچێت لە کردەوەدا پرسیارێکی وا وەڵامێکی ئەرێنیی هەبێت. کاتێک هەلالە داکۆکی لە دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتۆر سەعیدی ڕەحمانی دەکات و دەڵێت کە ئەو هاووڵاتییەتی، شێرزاد توورە دەبێت و بە نەفرەتەوە دەڵێت، "هاووڵاتی؟! ئێستا عەجەمێکی سەگباب هاووڵاتیمانە؟!" (٢٩) دوکتۆر سەعید لە ڕوانگەی شێرزاد و دایکی هەلالەوە "عەجەم" و "شیعەیە" و زمانەکەشی تەنانەت کوردی نییە. هەلالەش کە حەزی لە دوکتۆر سەعیدە لەبەرئەوەی کە دەترسێت لەیەک تێ نەگەن بە فارسی قسەی لەگەڵ دەکات. (١٢٣، ٢١١). دوکتۆر سەعیدیش ڕەنگە هەر نوێنەرێکی باشی ئەم تەنگژەی ناسنامەیە بێت کە نووسراوەکانی بە فارسی بڵاو دەکاتەوە. ڕەنگە گریان و هاواری هەلالە نموونەیەکی باشتر بێت لە تەنگژەی ناسنامەی مرۆڤی کورد، کاتێک هاوار دەکات، "خوایە من لە کوێم؟ من کێم؟ چۆن ژیاوم؟ چۆن دەژیم؟" (٣٠)

هەلالە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی شێرزاددا خۆی و کچەکەی بە هاووڵاتیی

سـويدی دەزانێت و تەنانـەت وڵاتەکـەی شـێـرزاد بـە "کـاولـبـوو" دەزانـێت و نایـەوێت بـۆ ڕۆژێک و تـەنانـەت سـەعـاتێکیش بگـەڕێتـەوە ئەو "وڵاتـەی تۆ [شێرزاد] پێی دەڵێی نیشتمـان." (٤٢، ٤١) لە هـەموو ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا یەک ئامـاژەش بە کـوێبوونی "وڵات" نـاکرێت و ئەوە تەنیا لە کۆدەقی ڕۆمـانەکـەدا دەردەکـەوێت کـە ئەم وڵاتە لەتوکـوتکراوە کـوردسـتـانە و هەر بەشێکی بووەتە سووژەی ناسنامـەیەک و بەم پێیـەش مرۆڤـەکانی لە گێژاوی بێ ناسـنامـەییـدا سـەرگـەردان و حـەیرانن. لەلایـەکەوە بـاوک ئامـۆژگـاریت دەکات "لە بیـرتان نەچێت کـە ئێوە خـەڵکی ئەم وڵاتە و منداڵی مـنن. منداڵی کەسێک کە هەموو ژیانی لە پێناوی ئەم وڵاتە و خـەڵکەکەیدا بەخت کردووە. لە پێناوی ئەم وڵاتە و خـەڵکەکەیدا زیندان و ئەشکەنجـە و ئاوارەییی دیوە. لە هەر کوێی دنیا بن و لە هـەر وڵاتێک بگیرسێنەوە، دەبێ خۆتان بە خەڵکی ئەم وڵاتە بـزانن و شـانازی بـە هـەمـوو شـتـێکیـیـەوە بکـەن. نابێ وڵاتـەکـەتان فـەرامـۆش بکـەن. نابێ خـۆتان لێ بگـۆڕێ و ..." (٧٠) لەلایەکیشـەوە کـاتێک تەنانەت لە سلێمانییشی هەست دەکەی دەبێ بچیتەوە وڵاتی خـۆت هەر بەو جـۆرەی سـەعـادەت بڕیار دەدات "دەگـەڕێمـەوە بۆ شـار و وڵاتەکـەی خـۆم." (١٠١) باشـە ئەم وڵاتە کـوێیـە؟ وڵاتێک کـە ئیـرەجی ئێـرانی کـتـێب لەسـەر مێژووەکەی دەنووسێت و بە بەشێک لە ئێرانی دادەنێت (٢١٢) کەی وڵاتی میرزا حەمە ڕەشیدە کە وەک میرخوناوکی سـەردەم پازدەساڵی ڕەبەق بۆی چووەتە زیندان و ئێسـتـاش بە خـۆی و ڕەخت و فـیـشـەکـیـیـەوە لەودیوی سنوورەوە شـەڕی بۆ دەکات؟ ئاخـۆ ئـەم وڵاتە بەشێوەی بیرکردنەوەوە گرێ دراوە؟ ئاخۆ ئەگەر لەگەڵ باوەڕی باوک نەبی ناتوانی خـەباتگێڕی ئەم وڵاتە بی؟ ئەمـە وڵاتی باوکـە یان وڵاتی کـوڕ کـاتێک باوک ڕوو لە کـوڕ دەکـات و دەڵێت، "تۆ کـە دەتەوێت چەک هـەڵبگری و خـۆت بـە کـوشـت بدەی، بۆ لە پێناوی وڵاتەکـەتدا، لە پێناوی گـەل و نەتـەوە و خـەڵکی شـارەکـەتدا خـۆت بەکوشت نادەی؟" (١٠٩)

هەڵاڵەیەک کە لە تەمەنی منداڵیدا، ئەو تەمەنەی کە ناسنامەکان گەرا دادەنێن و دەتکەن بە ئەو شتەی کە دواتر لەسەرت دەبێتە ماڵ، دەبێتە سووژەی ناسنامەیەک زۆر جیاواز لەوەی باوکی بانگەشەی بۆ دەکات، کەی دەتوانێت لە تەنگژە و ئاریشەی ناسنامە دەربازی بێت؟ "عەنجەزە ... لا شەریکە لە ..." "ئێمە رۆڵەی ئەم نیشتمانەین." (٤٥) خۆیایە بەم سروود و بەم ڕاهێنانە کە هەلاڵە وەک هەر منداڵێکی تری کورد پێی ڕادێت هەم کوردبوون دەبێتە گلۆلەیەکی ئاڵۆز و هەمیش وڵات دەبێت بەو مەتەڵەی کە کەس هەڵی نادات. تەنانەت لایەنی ژێندەریی تۆ لە نەبوونی باوکدا و بە گەڕانەوەی باوک لە زیندان دەبێتە سووژەی گۆڕان. باوک لە زیندان دەگەڕێتەوە و هەلاڵە وەک کوڕ سەیر دەکات و هەلاڵەی کوڕانی تەنیا بەهۆی ئەڤینی برایمۆکەوە واز لە هەڵسوکەوتی کوڕانە دێنێت و دەبێتە کچ. لەم گێژاوە پڕ مەینەتەی بووندا تۆ دەبی بە چی؟ کورد؟ کوردستانی؟ کوڕ؟ کچ؟ کوێیی؟ چارە چییە؟ مەودا گرتن لە کولتوورێک کە هۆی دواکەوتوویی کوردە؟ شتێک کە هەلاڵە بە چارەسەریی دەزانێت. (٨٢) ئاخۆ هەلاڵە و شێرزاد نوێنەرایەتیی ئەو دژکردەوەیە نین کە مرۆڤی تەنگژاوی کورد لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەزایەکی ئازاددا تووشی دێت؟ ئاخۆ توانەوەی هەلاڵە لەسەر تەختی نەخۆشخانە لە وڵاتێکی دوور و هەناسە ساردەکانی شێرزاد لە زیندانی وڵاتێکی دوور گوزارە لە دەردی کوشندەی بێ ناسنامەیی ناکەن؟

گرەوی بەختی هەلاڵە ئاوێنەی بالانوێنی گرفتی ئاڵۆزی ناسنامەی کوردە. ئەگەر نووسەر هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ کۆکردنەوەی کەرەسەکانی سازکردنی دنیای ڕۆمانێک، ڕەخنەگر ئەم دنیایە هەڵدەوەشێنێتەوە و لە هەناوی چیرۆکێکی خۆشئاهەنگ و ڕیتم جواندا، کۆمەڵێک پرسیار وەک ئاکامی خوێندنەوەیەک لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی ئاراستە دەکات و هەر ئەویش بەرپرسە لە ماقووڵی و ناماقووڵیی پرسیارەکان. ئەگەر هاتو کەسێکیش

لۆمەی ئەم خوێندنەوەیە بکات، "مەرگی ڕەخنەگر" دەبێت بە بەرسیڤێکی پڕ بەپێستی خۆی.

## ئەدەبی یەهوودی

لە دابەشکردنێکی گشتیدا ئەدەبی یەهوودی وەک هەموو ئەدەبێکی تر بە دوو دەورەی کلاسیک و نوێدا دابەش دەکرێت. هەڵبەت لە باری زەمەنییەوە سەردەمی ئەدەبی کلاسیک و نوێی یەهوودی لەگەڵ زۆر ئەدەبی تری نەتەوەکانی جیهان جیاوازە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی ئاوارەیی مێژوویی و تاراوگەنشینیی یەهوودییەکان بە درێژاییی پتر لە دوو هەزار ساڵ. درێژخایەنیی تاراوگە و شوێنی ژیانی پەرت و بڵاوی یەهوودییەکان بووە هۆی دابەشبوونی زمانی و کولتووریی ئەوان بەپێی شوێنی ژیان و زمان و کولتووری سەردەست. لە دابەشکردنێکی گشتیدا یەهوودییەکان بە دوو دەستەی ئەشکێنازی، ئەوانەی لە ئەوروپا دەژیان و سەفاردیک، ئەوانەی لە ڕۆهەڵات دەژیان، دابەش بوون. یەهوودییەکانی ئەشکێنازی کە لە ئەوروپا دەژیان لە ڕەوتێکی مێژووییدا بوون بەخاوەنی زمانێکی هاوبەش کە بە یەددیش بەناوبانگە و لە ڕاستیدا تێکەڵاوێک بوو لە زمانی عیبری و زمانگەلی ئەوروپایی. هەڵبەت یەهوودییەکان بە درێژاییی ڕۆژگارانی ئاوارەبوونیان زمانی عیبرییان لە کاروباری ئایینیدا بەکار دەهێنا، بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمەن و شوێنگۆڕینی بەردەوام یەهوودییەکان بوون بەخاوەنی چەندین زمان. ڕەنگە یەهوودییەکان لە سەردەمی ئێستاشدا چەندزمانەترین نەتەوەی دنیا بن. بەشێوەیەک لە شێوەکان هەموو ئەو ئەدەبەی بەدەستی نووسەرانی یەهوودی نووسرابێت، سەرەڕای جیاوازیی زمان، دەکرێت وەک ئەدەبی یەهوودی دابندرێت. ئەوەی من لەم بەشەدا ئاماژەی پێ دەکەم ڕەوتی نوێی ژیاندنەوەی زمانی عیبرییە کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە بەرەبەرە دەبێت بە زمانی ناسنامەی فەرهەنگی و سیاسیی یەهوودییەکان و

ئێستا لە وڵاتی ئیسرائیل زمانی فەرمییە. هەروەها ئاوڕ لە ڕۆمانێکیش کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە و وەک سیمبۆلی ناسیۆنالیزمی یەهوودی چاوی لێ دەکرێت، دەدەمەوە. هەڵبەت پرسی زمان لە کۆدەقی یەهوودیدا بەگشتی و دیاردەی زمانی عیبری و کارتێکەریی لەسەر ناسنامەی یەهوودی بەتایبەتی، پرسێکی گرینگە و بۆ کوردان زۆر دەرسی بۆ لێ فێربوون تێدایە و هیوادارم لە دەرفەتێکی تردا ئاوڕ لەم باسە و پێوەندیی زمان بە ناسیۆنالیزمەوە بدەمەوە.

لە سەردەمانێکدا کە هیچ نیشانەیەکی تەنانەت سەرەتاییش لە ڕۆمانی عەرەبی، فارسی و تورکی نەبوو، بە پشوودرێژیی مامۆستایەکی پڕ کاری یەهوودی، ئابراهام ماپو، یەکەم ڕۆمانی عیبری لە ساڵی ١٩٥٣دا بڵاو دەبێتەوە. نووسینی ڕۆمان بە زمانێک کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار نەدەهات و تەنیا لە سەرچاوە ئاینییەکاندا قەتیس مابوو، کارێکی سانا نەبوو و ماپو بۆ نووسینی ڕۆمانی ئەڤینی زایۆن بیست ساڵی ڕەبەق هەوڵ دەدات و نازناوی باوکی ڕۆمانی عیبری وەردەگرێت. ماپو لە ساڵی ١٨٠٨ لە سلۆبۆدکای لیتوانی لەدایک دەبێت و هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە دەبێتە ماسکیلم و دەچێتە ڕیزی چالاکانی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی هاسکالاوە (ڕۆشنگەریی یەهوودی). ئەم بزووتنەوەیە دژی زیادەڕۆییی ئاینی بوو و هەوڵی دەدا بە ژیاندنەوەی زمانی عیبری و بەکارهێنانی لە ژیانی هزری و ڕۆژانەی یەهوودییەکاندا داکۆکی لە ناسنامەکەیان بکات. بەباوەڕی ئەو گەڕانەوە بۆ ڕیشەکان ڕێگەخۆشکەری ئەم ئەرکە گرینگە بوو. هەوڵی بیست ساڵەی نووسینی ڕۆمانیش بەم زمانە کۆنە کە لە باری وشەی نوێوە قەت بۆ ڕۆمان دەستی نەدەدا، تەنیا لەم شێوە ڕوانینەوە سەرچاوەی دەگرت.

ئەگەرچی بە پێوەری ئەوڕۆیی ئەڤینی زایۆن ڕۆمانێکی لاوازە، بەڵام کارتێکەریی ئەم ڕۆمانە لەسەر چەند نەوەی یەهوودی و جێگەی بەرزی ئەم

هەنگاوە مەزنە، ئێستاش لە مێژووی ئەدەبی یەهوودییەکاندا دیارە. وێناکردنی فەلەستین و ژیاندنەوەی ئەم مەڵبەندە لەسەر بنەمای نووسراوەکانی تەورات و لەلایەن کەسێکەوە کە قەت ئەم شوێنەی نەبینیبوو، وەک دەیڤید پاتێرسۆن ئاماژەی پێ دەکات، بەهێزترین لایەنی ئەم ڕۆمانەیە. پاتێرسۆن لە کتێبی ئابراهام ماپو: ئافرێنەری ڕۆمانی عیبریی نوێدا دەڵێت: "یارمەتیی سەرەکیی ماپو بەئەدەبیاتی عیبری لە پێشوازیی بەربڵاوی جەماوەردایە لە بەرهەمەکانی. ماپو خاوەنی هێزێکی خەیاڵی و پێناسێنەری ئەوتۆ بوو کە ژیانی وەبەر مردوو دەنا. ماپو لە ڕۆمانە مێژووییەکانیدا تەوراتی زیندوو کردەوە و زەمەنێکی کۆنی لە مێژوودا وا نوێ کردەوە و ڕووناکیی پێ بەخشی کە هیچ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیەک نەیدەتوانی کارێکی لەم چەشنە بکات. لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەو هەستی دەربڕینی ئازادیی بەهێز کرد و برەوی دا بە ئاوێتەکردنی ئەدەبیاتێکی ڕووناکبیریی تا ڕادەیەک وشک لەگەڵ هەستی قارەمانێتی و خۆشەویستی. ڕۆمانەکانی ماپو هاندەرێکی پڕ هەست بوون بۆ نەوەیەک خوێنەرەوەی گەنج و بوونە هۆی شانازیکردن بە ڕابردووی نەتەوەیی و ڕاکێشانی سەرنج بۆ وڵاتی پاک. هەر بۆیە کارتێکەرییان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەییی یەهوودی کە دواتر بوو بەهەوێنی سەرهەڵدانی زایۆنیزم دانا و بوون بە فاکتۆری گرینگ لە مێژووی نوێی یەهوودییەکاندا."[1] ڕۆمانەکانی ئابراهام ماپو ڕۆحیان وەبەر حیکایەتە کۆنەکانی ئاینیی یەهوودییەوە دەنا و ئەڤینی مرۆڤی یەهوودییان بە وڵاتی ئەفسانەییی خۆیان بەهێز دەکرد. بەهەڵکەوت نییە کە بێنگۆریۆن لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە کارتێکەریی گەورەی ئەڤینی زایۆنی ماپو لەسەر خۆی دەکات کە لە کاتی لاویدا خوێندبوویەوە. لەم

١. دەیڤید پاتێرسۆن، ئابراهام ماپو: ئافرێنەری ڕۆمانی عیبریی نوێ، (لەندەن، ١٩٦٤)، ل. ١٠٥ .

ڕۆمـانـەدا بانگەشـەی ژیانی سـەردەمـیـانە و بەربەرەکـانی لەگـەڵ بیـری کۆنەپەرستانەی ڕێبەرانی ئاینی دەکرێت.

ڕۆڵی کـاریگەری ڕۆمـان وەک گـوتـارێکی ناسنامـەسـاز لە مـێـژووی یەهوودییـەکاندا دەکرێت لە ڕۆمـانی بەناوبانگی دامـەزرێنـەری بزووتنەوەی زایۆنیـزمی جیـهانی، تیـۆدۆر هێـرزلدا، ببیندرێت. هێـرزل لە سـاڵی ١٨٦٠ لە هەنگاریا لـەدایک بوو. لە ١٨٧٨دا دەچێـتـە ڤـیـەننا و لە ١٨٨٤ لـە بواری یاسادا دوکتـۆرا وەردەگرێت. وەک ڕۆژنامەنووسێکی سـەرکەوتوو بۆ ڕۆژنامە ناسـراوەکـانـی ئەوروپا وتار دەنـووسـێت. بـەڵام ڕووداوێک ڕەوتـی ژیانـی ئاسـاییی تێک دەدات و ئەو دەکـات بـە دامـەزرێنـەر و کـادیری تـەواووەخـتی بزووتنـەوەی زایۆنیـسـتی. ئـەم ڕووداوەش شـتـێک نەبوو جگە لەدادگـەدانە بەدناوەکەی دریفۆس لە فرەنسا بە تۆمـەتی جاسـووسی. ئەو کات هێـرزل بۆی دەردەکەوێت کـە ئاوارەیی و دەربەدەریی یەهوودییـەکان و توانەوەیان تەنیـا بە دامـەزراندنی دەوڵەتێکی یەهوودی کـۆتاییی پێ دێت و بۆ ئەم کـارەش دەبێت سـیاسـەتی دەسـتـەبەرکردنی دەوڵەتی یەهوودی لە هەمـوو دەمێک چالاکتـر بکرێت. هەنگاوی یەکـەمی هێـرزل لەم بوارەدا نـووسـینی کـتـێبی بەناوبـانگی دەوڵەتی یەهوودییـە کـە لە سـاڵی ١٨٨٦ چاپ دەکرێت. سـاڵێک دواتر یەکـەم کـۆنگرەی زایۆنیـزمی جیـهانی لە باسلی سـویسرا دەگیرێت و کتـێبەکـەی ئەو دەبێت بە بەردی بناغەی باسەکانی لەمەڕ سازکردنی دەوڵەتی یەهوودی.

هێرزل لە پلەی یەکـەمدا وەک باوکی زایۆنیزم و کـەسایەتییەکی سیـاسـی و نەخـشـەسـازی دەوڵەتی یەهـوودی ناسـراوە، بەڵام ئەو لـە بواری داهێنـانی ئەدەبیـشدا چالاک بووە و بۆ وەدیهێنانی ئاواتە سـیاسـییـەکەی شـەش سـاڵ دوای کتـێبی دەوڵەتی یەهوودی و دوو سـاڵ بەر لە مردنی، ڕۆمـانی تازەوڵاتی کـۆن بڵاو دەکـاتەوە کـە لە ئـامـادەکـردنی زەوینـەی سـازکـردنی دەوڵـەتی یەهـوودیدا کـارتێکەرییـەکی گـەورەی هـەبووە. لەم ڕۆمـانەدا ئـەندێشـەی ڕزگـاری، سیـاسـەتـی لیبرالی، پیشـەسـازی، پێکەوە ژیان، خـەیاڵ و ئەفسـانە

تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن و پێداویستیی دەوڵەتی یەهوودی دەبێتە تێمای سەرەکی. ئەگەر لە دەوڵەتی یەهوودیدا تەنیا یەهوودی دەژین، لە تازەوڵاتی کۆندا عەرەب و یەهوودی بەیەکەوە دەژین و مافی بەرابەرییان هەیە و بە شێوەیەکی دیموکراتیک و پلورال وڵات بەڕێوە دەبەن. خەونی دەوڵەت لە تازەوڵاتی کۆندا زۆر لە پرۆگرامی دەوڵەت لە دەوڵەتی یەهوودیدا ئینسانیترە و لە شێوەیەکی یوتۆپیاییدا وڵاتێکی سێکولار، چەند زمانە و دیموکرات وێنا دەکرێت و کاراکتەرێکی عەرەبی وەک ڕەشید بەگ پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هاووڵاتییە یەهوودییەکانیدا هەیە.

خاڵی گرینگ سەبارەت بە تازەوڵاتی کۆن ئەوەیە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە و زۆر دواتر وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی عیبری و تەنانەت ناوەکەشی کراوەتە تێل ئاڤیڤ. ئەوەی کە بەرهەمەکانی هێرزل وەک باوکی ناسیۆنالیزمی یەهوودی بە زمانی ئەڵمانی نووسراون، نیشان دەدات کە زمان ناتوانێت هەمیشە شەرتی پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت. ئەمەگناسیی یەهوودییەکان بۆ هێرزل ئەوەندە گەورە بوو کە تەنیا چەند مانگ دوای سازبوونی ئیسرائیل گۆڕەکەی لە ڤیەنناوە دەگوێزنەوە بۆ چیای هێرزل و لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەردەوام دوو پاسەوان بە شکۆیەکی زۆرەوە چاوەدێریی دەکەن[١].

١. لە نووسینی ئەم بەشەدا لەم سەرچاوانە کەڵک وەرگیراوە:
دەیڤید پاتێرسۆن، ئابراهام ماپو: ئافرێنەری ڕۆمانی عیبریی نوێ، (لەندەن، ١٩٦٤).
ژاکلین ڕۆز، پرسی زایۆن، (پرینستۆن، ٢٠٠٥).
مایکل کۆهێن، زایۆن و دەوڵەت: نەتەوە، چین و سازبوونی ئیسرائیلی نوێ، (نیویۆرک، ١٩٩٢).

## ڕۆمان و دیکتاتۆر

ئەگەر جیاوازیی سەرەکیی ڕۆمان لەگەڵ مێژوو ئەوە بێت کە مێژوو بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و تاوتوێکردنیان لە چوارچێوەی باوەڕەکانی مێژوونووسدا، ڕۆمان بریتییە لە شۆڕبوونەوە بەناخی کەسایەتییەکاندا و گرینگیدان بەدیوی ناوەوەیان. ئەگەر مێژوونووسێک بیەوێت ڕووداوەکانی دوای شەڕی کەنداو بنووسێتەوە، بێگومان هەوڵی سەرەکیی بریتی دەبێت لە کۆکردنەوەی دۆکۆمێنتی پێویست بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو ڕووداوە دەرەکی و ناوەکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و عەسکەرییانە کە بوونە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن. بەڵام ئەگەر ڕۆماننووسێک بیەوێت ئەم دەورەیە بکات بە تێمای ڕۆمانەکەی و کەسێکی سەدام حوسێن ئاسا بکات بە کاراکتەری ڕۆمانەکەی، ئەوە بەر لە هەموو شتێک هەوڵ دەدات بچێتە ناو ناخی ئەم کاراکتەرەوە و ئاستە جیاوازەکانی بیر و خەیاڵ و خولیا و ئاوات و پیلانەکانی بە وردەڕیشاڵ و بەهۆی تەکنیکی ڕۆماننووسییەوە بخاتە ڕوو. لە ڕاستیشدا ڕەنگە ئەوە ویستێکی حاشاهەڵنەگری مرۆڤەکان بێت کە بزانن بۆ نموونە کاتێک سەدام دەچووە بەر پەتی سێدارە چی بە زەیندا دەهات و ئێستا و ڕابردوو و داهاتووی خۆی چۆن دەبینی. ڕەنگە هەموو ئەو کەسانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەودا دەژیان ئاواتیان ئەوە بێت بزانن لە هەموو سالانی بەڕێوەبردنی ولاتدا ئەم مرۆڤە چۆنی بیر دەکردەوە و بیانەوێت پەردە لەسەر نهێنیگەلی نەگوتراو و نەبیستراوی دەروونی ئەو هەڵبدرێتەوە. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ڕۆمان دەتوانێت بەجوانترین شێوە بەجێی بهێنێت.

لەم نووسینەدا باسی تایبەتمەندییەکانی جۆرەیەکی ئەدەبی دەکەم کە بە

ڕۆمانی دیکتاتۆری، یاخۆ ڕۆمانێک کە باس لە دیکتاتۆران دەکات (Dictator novel)، ناوبانگی دەرکردووە. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری باسەکە ئاوڕێک لە هێندێک لایەنی ڕۆمانی جێژنی نێری (The feast of the Goat) لە نووسینی ماریۆ ڤارگاس یوسا دەدەمەوە.

ڕۆماننووسانی ئەمەریکای لاتین لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەستێکی بالایان هەبووە لە وێناکردنی ژیانی دیکتاتۆرەکان و بەشێوەی جیاواز هەوڵیان داوە میکانیزمی بەڕێوەبردنی وڵاتانی ئەم بەشە لە جیهان لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە شی بکەنەوە. هێندێک لەو ڕۆماننووسانە، بۆ نموونە گابریل گارسیا مارکێز و میگوئێل ئانجێلس ئاستۆریاس دەستەودامێنی ئافراندنی فەزایەکی تەواو خەیاڵی بوونە و سەرکەوتووانە توانیویانە وێنەی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت لە گێڕانەوەیەکی ڕۆمانییانەدا نیشان بدەن. هێندێکیشیان، بۆ نموونە ماریۆ ڤارگاس یوسا، شێوەیەکی واقیعییان هەڵبژاردووە و پەرەیان بەخەملاندنی ژانرێک داوە کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمەوە وەک ڕۆمانی مێژوویی ناسراوە. ڕۆمانی جێژنی نێری ڕۆمانێکە سەر بەدەستەی دووەمی ئەم پۆلێنکردنە.

ڕۆمانی جێژنی نێری لە ساڵی ٢٠٠٠دا بە سپانیایی نووسراوە و دواتر وەرگێڕدراوەتەوە سەر چەندین زمان. ئەم ڕۆمانە کە ٤٠٤ لاپەڕەیە لەلایەن ئێدیت گرۆسمانەوە کراوەتە ئینگلیزی و لە ساڵی ٢٠٠١دا بڵاو بووەتەوە. لەم ڕۆمانەدا شیکارییەکی دەروونناسانەی ورد لە ساڵانی کۆتایی ژیانی دیکتاتۆری دۆمینیکەنی، ڕافائێل ترۆخیللۆ، کراوە و تێیدا پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ئەم دیکتاتۆرە کە بۆ ماوەی ٣١ ساڵ، لە ١٩٣٠ەوە تا ١٩٦١، درێژەی هەبووە خراوەتە بەرباس و لە ڕوانگەی دیالۆگی کەسایەتییە جۆرەجۆرەکانی ڕۆمانەکەوە تیشکیان خراوەتە سەر. هەموو ئامرازەکانی زاڵبوون بەسەر خەڵکدا، وەک درۆ، ئەشکەنجە، سانسۆر،

فـریودان، هەڕەشـە، کـوشـتن، ... کـە لەلایەن دیکتـاتۆرێکەوە کـەڵکیـان لێ وەردەگیرێت خراونەتە بەر دیدی خوێنەرەوەوە. بەراوردێکی سـەرپێییانەی ناوەڕۆکی ڕۆمـانەکـە لەگـەڵ مـێـژووی دۆمـینیکەن بۆمـان دەردەخـات کـە ڕۆمـانـنووسی پیـرۆیی بەوردی شـارەزای مـێـژووی وڵاتی دۆمـینیکەنە و بێگومـان بۆ نووسینی ڕۆمـانەکەی پشـتی بەمێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە بەستووە و وەستایانە دۆکۆمێنت و کەرەسەی مێژوویی خستووەتە خزمەت نووســینی ڕۆمــانێک کــە هــەر زۆر زوو دوای بڵاوبوونـەوەی سنوورەکــانی جوگرافیـای ئەمـەریکای لاتینی بەزاند و بوو بەجیـهانی، بە جـۆرێک کە لە هەمـوو شـوێنێکدا مرۆڤـەکان سیمـای دیکتـاتۆرە خـۆماڵییـەکانیان تێیدا دەدۆزییەوە. لە ڕاستیدا ڕاستنوێنیی (verisimilitude) ئەم ڕۆمانە و توانای کەموێنەی ئەدەبی و خەیاڵیی نووسـەرەکەی هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی تەنانەت مـرۆڤـەکـانی دەرەوەی جـغـزی ڕۆمـانەکـە، واتا کـۆمـاری دۆمـینیکەن لە ئەمەریکای لاتیندا، خۆیانی تێدا ببیننەوە. سەرکەوتوویی ئەم لایەنە دەربڕی ئەو ڕاستییـەیە کە بـۆ ئەوەی ڕۆمانێکی جیهانی بنووسی دەبێ بەر لە هـەر شتێک ڕۆمانەکەت تەواو خۆماڵی و ناوچەیی بێت.

ئەگـەرچی تێـمـای سـەرەکـیی ئەم ڕۆمـانە پەردە دامـاڵینە لەسـەر دوا ساڵەکانی ژیانی دیکتاتۆر ترۆخیللۆ، بەڵام ئەوە تەکنیکی بەرزی ئەدەبییە کە ئەم کـۆمـیـدیا ڕەشـە دەکـات بەو بەرهـەمـەی کـە لە کـاتی خـوێندنـەوەیدا خـوێنەرەوە تووشی هـەناسـەبڕکێ دەبێت و لـەلایەکـەوە دەیەوێت زوو بگاتە ئاکـام و ئەنجـامی داسـتـان و لەلایەکـیـشـەوە دەیـەوێت ڕەوتی ڕووداوەکـان کـۆتـاییـیـان پـێ نەیەت. لەناو ئەو تەکنیکانەی لەم ڕۆمـانەدا بەکـار هاتوون مـرۆڤ دەکرێت بە کـورتی ئەم چەند لایەنەی خـوارەوە دەسـتنیشـان بکات: تاکبێژی، شـەپۆلی زەین و دیالۆگەکان زیندووییەکی تایبـەتییان بەم ڕۆمانە داوە. هێندێک جـار دیالۆگی هاوکـاتی چەند کـاراکـتـەر بەجـۆرێک لـەگـەڵ دیاردەیەکی لاوەکی تێکهەڵکێش کراوە کە دەقەکە دەکاتە خـاوەنی ڕیتمێکی

شاعیرانە. بۆ نموونە کاتێک ئورانیا لە ماڵی پووریەتی و لەگەڵ پووری و دوو کچەکەی قسان دەکات و کۆمەڵێک نهێنییان بۆ دەگێڕێتەوە، کردەوە و دژکردەوەی پوور و کچەکان هاوکاتە لەگەڵ قاووقیژی تووتییەکەی ماڵی پوور کە بە شێوەیەک دەبێتە پێوەری هەڵچوون و داکشانی ئاخێوەران. لایەنێکی تری تەکنیکی برێتییە لە گێڕانەوەی هاوتەریبی ڕووداوەکان. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ کە ڕۆمانەکە برێتییە لە سێ ڕووداوی سەرەکی: ١- سەربوردەی ئورانیا کابرال کە کچی یەک لە وەزیرانی ترۆخیللۆیە و دوای ٣٥ ساڵ ژیان لە ئەمەریکا بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی کە لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بەجێی هێشتبوو. بۆچی و چۆن ئورانیا وڵات بەجێ دێڵێت و دوای ئەو ماوە درێژە دەگەڕێتەوە و تەنیا حەوتوویەک (کاتی ڕواڵەتیی ڕۆمانەکە) دەمێنێتەوە، ئەو ڕازەیە کە سەرجەمی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەیەک دەبەستێتەوە. ٢- بەسەرهات و خۆئامادەکردنی گرووپێکی هەشت کەسی کە دیکتاتۆر دەکوژن. ئەو شەوەی ئەم گرووپە خۆیان بۆ کوشتنی دیکتاتۆر تەیار دەکەن و قسەوباسی ئەو کەسانە لەگەڵ یەکتری لەوپەڕی وردەکاریدا خوێنەرەوە دەباتە ناو دنیای شاراوەی دەروونی کاراکتەرەکان و لەگەڵ دەیان تایبەتمەندیی پێچەڵپێچ و پڕ ڕەمز و ڕازی ئینسان ئاشنای دەکات. ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم کردەوە بوێرانەیە و چارەنووسی بەشداربووەکان پەردە لەسەر سەدان پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگەیەک هەڵدەداتەوە کە ژیان لە سێبەری دیکتاتۆرێکدا پێکی هێناون. ئەو کاراکتەرانە بە ترۆخیللۆشەوە دوورن لە پێناسەکردنێکی گشتی و ڕەش و سپییانە و هەموویان وەک مرۆڤ وێنا کراون و هەر کامەیان خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەن کە دەبنە هۆی جیاوازیی مرۆڤەکان لە یەکتر. ٣- بەسەرهاتی ترۆخیللۆ و ڕۆژانی کۆتاییی ژیانی ئەو تەوەرێکی تری ڕۆمانەکەیە کە تێیدا بەوپەڕی وردەکارییەوە کردەوە و بیر و پلانەکانی دیکتاتۆرێک دەخرێنە ڕوو. ترۆخیللۆ تەنیا دوو

حەوتوو بەر لەوەی کە بکەوێتە داوی بکوژانی خۆی، لە شەوێکی ئاساییی ژیانیدا ئورانیای چواردە ساڵەی کچی وەزیرێکی خۆی دەباتە ژووری حەسانەوەی و دوای ئەوەی کە ناتوانێت لەگەڵی جووت بێت، بە پەنجەکانی خەریکی لەشی زاوزێی دەبێت و شەلاڵی خوێنی دەکات. ئاخر دیکتاتۆر پێی وابوو کە نووستن لەگەڵ کچانی گەنج دەبێتە هۆی گەنجبوونەوەی. هەموو ئەم ڕووداوانە نەک لە هێڵێکی ڕاستدا بگرە بە شێوەیەکی وەستایانە تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن و لە هەمان کاتدا نابنە ئەو گلۆڵە لێکهالاوەی کە هیچ کەس توانای نەبێت سەری لێ دەرکات. تێکهەڵکێشانی ڕووداوەکان هاوکاتە لەگەڵ یاری بە زەمەن و هاتوچۆ لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا. سەرەڕای ئەم کاتگۆڕینە بەردەوامە لە ڕۆمانەکەدا، دواجار خوێنەرەوە هەست بە کاتی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکات و بە هەر شێوەیەک بڕوانییە کاتی ڕۆمانەکە ڕۆژێک ئەملا و لا نابێت. زمانی بەکارهاتوو لەم ڕۆمانەدا سادەیە و کەمتر تووشی وەسفکردنی بێتامیی دەنگی شاراوەی گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەبێ. لە جیاتیی دەنگێکی نامۆی ئەوتۆ ئەوە ڕووداوەکان و کاراکتەرەکانن کە لە خۆیان دەدوێن و دەرفەتی خوڵقاندنی مانا بۆ خوێنەرەوە لە دەرەوەی خۆتێهەڵقوتاندنی بەردەوامی نووسەر دەخوڵقێنن. شێوەی ئاخافتنی کاراکتەرەکان لە ئاست پێناسەی زانستی و کۆمەڵایەتیی خۆیاندایە و هەر هەڵێنجانێکی فەلسەفی و ڕووناکبیری ئاکامی ڕەوتی خودی ئاخافتنەکانە نەک دەنگی یەک ڕیتم و ماندووکەری نووسەر و تووتییەکانی لەناو دەقدا.

## دۆن کیشۆت-ی کوردی

بەبۆنەی وەرگێڕانی کوردیی دۆن کیشۆت-ەوە

لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٧دا بەرگی یەکەمی وەرگێڕانی کوردیی (کرمانجیی سەروو) دۆن کیشۆت لە وەرگێڕانی سەردار ڕۆشن لەلایەن وەشانخانەی دۆز لە ئەستەمبۆڵ بڵاو بووەوە. سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ چاپخانەی ئاراسیش لە هەولێر هەردوو بەرگی وەرگێڕانی کوردیی (کرمانجیی خواروو) ئەم کتێبەی کە لەلایەن ئەحمەدی قازییەوە کراوە، بڵاو کردەوە. وەرگێڕانی شاکاری سێرڤانتێس دوای ٤٠٠ ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ڕووداوێکی پیرۆزە و بۆ هۆگرانی زمانی کوردی مایەی خۆشحاڵییە. لەم نووسینەدا بەکورتی ئاوڕێک لە گرینگیی ئەم بەرهەمە ئەدەبییە دەدەمەوە و هەوڵ دەدەم چەند لایەنی بەرچاوی ئەم کتێبە کە بە بەناوبانگترین کتێبی جیهان ناسراوە، دەستنیشان کەم.

دەڵێن ئەگەر لە دوورەوە کەسێک ببینی کە لەبن سێبەری دارێک دانیشتووە و قاقا پێ دەکەنێت، گومانت نەبێت کابرا یان شێتە یان خەریکی خوێندنەوەی دۆن کیشۆتە. ئەوە چ ڕازێکە کە دوای تێپەڕبوونی ٤٠٠ ساڵ، دۆن کیشۆتی کز و لاواز بەردەوام مرۆڤەکان دەخاتە پێکەنین؟ ئەوە چ ڕازێکە کە دۆن کیشۆت سنووری زمان و وڵات و چین و توێژە جۆرەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی دەرباز دەکات و لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەبێتە میوانی هەموو خوێنەرەوەیەک و پڕ ماناترین بزەیان دەخاتە سەر لێو؟ ئەوە چ ڕازێکە کە تیراژی چاپی دۆن کیشۆت خۆی لە قەرەی ئینجیل دەدات و بەردەوام لە شکڵ و قەوارەی نوێدا و بەوەرگێڕانی تازەوە چاپ دەکرێتەوە؟ ئەوە چ

ڕازێکە کە دەقێکی ئەدەبی دەبێتە هەوێنی سەدان شانۆ و فیلم و ئۆپێرا بۆ گەورە و بچووک؟ ئەوە چ ڕازێکە کە پسپۆڕانی بواری مێژووی ئەدەب، سەرەڕای هەبوونی بەرهەمی پێشووتر، نازناوی یەکەم ڕۆمانی پێ دەبەخشن؟ ئەوە چ ڕازێکە کە ئەم کتێبە نەک هەر وەک سەرەتای مێژووی ڕۆمان بگرە وەک سەرەتای قۆناغی نوێباوییش دەبیندرێت؟ ئەوە چ ڕازێکە میشێل فوکۆ سەرەتای ئێپیستیمی کلاسیکی خۆی بە دۆن کیشۆت دەستنیشان دەکات و سەرلێشێواوی و تێکەڵاوبوونی زەین و واقیع بەلای دۆن کیشۆتەوە وەک بەڵگەیەک دەبینێت بۆ لێک جیابوونەوەی نیشانەناسی و هێرمێنۆتیک؟ ئەوە چ ڕازێکە کە دالی و پیکاسۆ دۆن کیشۆت و ئەسپە ئێسک و پێستەکەی و سانکۆپانزای هاوڕێ و نۆکەری دەکەن بە سووژەی تابلۆ بەناوبانگەکانی خۆیان؟ ئەوە چ ڕازێکە کە ناوی دۆن کیشۆت بەردەوام لەسەر خەڵکانی تر دادەندرێت و کەسی سیاسی و ئەدیب، دەسەڵاتدار و ژێردەست لە وێچوواندنی هەمبەرەکانی خۆیان بەم ناوە ماندوو نابن؟ ئەوە چ ڕازێکە کۆندێرا و لوکاچ دۆن کیشۆت نەک هەر وەک یەکەم ڕۆمان بگرە وەک سەرەتای قۆناغی مۆدێرن دەستنیشان دەکەن و نابۆکۆڤ کتێبی وانەکانی تایبەت بە سێرڤانتێس دەنووسێت؟ ئەوە چ ڕازێکە کە ڕۆماننووسی گەورە، فۆنتێس، دۆن کیشۆت بە یەکەم ڕۆمانی جیهان دادەنێت و کوندێراش سەرەتای دەورەی مۆدێرن بەو ڕۆژەوە دەستنیشان دەکات کە دۆن کیشۆتماڵەکەی خۆی بەجێ دێڵێت و هەنگاو دەنێتە ناو جیهانێک کە تەواو بۆی تازەیە؟ ئەوە چ ڕازێکە کە کارتێکەریی ئەو بەرهەمە لە ماوەی ٤٠٠ ساڵی ڕابردوودا لەسەر سەدان نووسەری ناوداری وەک فیلدینگ، ستێرن، دیکێنز، شێکسپیر، فلۆبێر، بۆرخێس، داستایۆڤێسکی، ستاینبێک، گرین و ڕۆشدی، بێ بڕانەوە بەردەوام بووە؟ سەبارەت بە شوێن و پێگەی دۆن کیشۆت زنجیرەی ئەم پرسیارانە دەکرێت زۆر درێژ بکرێتەوە و ئاماژە بە خوێندنەوەی جۆرەجۆر و هەمەڕەنگ لەم بەرهەمە بکرێت.

تۆ بڵێی سەرکەوتووییی ئەم بەرهەمە بەهۆی ناوەڕۆکەوە بێت یان بەهۆی شێوازییەوە؟ خوێندنەوەیەکی فۆرمالیستییانە لەم بەرهەمە نیشان دەدات کە دۆن کیشۆت گەورەترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی داواکاریی فۆرمالیستان لەمەڕ یەکبوونی شێواز و ناوەڕۆک. لەم کتێبەدا دەقی نوێباو و ناوەڕۆکی نوێ وەها لێک هاڵاون کە مرۆڤ ئەستەمە لە یەکتریان هەڵاوێرێت. کتێبێک کە ئاوابوونی گوتارێک و شێوە ژیانێکی لەمێژینە دەخاتە بەرچاو و لە هەمان کاتدا هاتنە کایەی سەردەمانێکی نوێ و گوتارێکی نوێ دەستنیشان دەکات، هێندە ئەدەبییانە نووسراوە، تۆ لە خوێندنەوەی ماندوو نابی. کتێبێک کە بەر لە هەر شتێک چیرۆکێکە و مانا قووڵەکانی لە دڵی چیرۆکبوونیدا جێگیر بوونە. چیرۆکێک کە تەنیا بەهۆی توانایی وەستایانەی نووسەرەکەی درێژ کراوەتەوە و سەرەڕای قەبارەیەکی هەزار لاپەڕەیی، دەکرێ لە یەک پەرەگرافدا تەونی داستانیی بەرهەمەکە کورت بکرێتەوە:

پاڵەوانی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، ئالۆنسۆ کیشانۆ، کابرایەکی تەمەن پەنجا ساڵەی دانیشتووی گوندێکی ناوچەی مانشە لە وڵاتی سپانیا و لەگەڵ خوارزایەکەی و کەیبانوویەک دەژی. بەهۆی خوێندنەوەی زۆری کتێبگەلی پاڵەوانی کە گوتاری ئەدەبیی باوی سەدەکانی ناوەڕاست بوون، هاتووەتە سەر ئەم باوەڕە کە ئەم حیکایەتانە هەموویان ڕاستەقینەن و ئەو لە دەرەوەی ئەم جیهانە خەیاڵییە هیچ ڕاستییەکی تر نابینێت. خەڵکانی دەوروبەری کیشانۆ پێیان وایە کە ئەم پیاوە بەهۆی کەمخەوی و کەمخواردن و لە هەمان کاتدا زۆر خوێندنەوەی حیکایەتگەلی پاڵەوانی، عەقڵی لەدەست داوە و تەواو تێکچووە. کیشانۆ بڕیار دەدات وەک پاڵەوانێک لە ماڵ بچێتە دەر و بەشوێن ڕووداوەکاندا بڕوات. هەر بۆیەش جلوبەرگی پاڵەوانی لەبەر خۆی دەکات و خۆی وەک دۆن کیشۆتی مانشی دەناسێنێت و تەنانەت ناوی واتاداری ڕۆسێنانت بۆ بارگینە مردەلۆخەکەی هەڵدەبژێرێت. لە خەیاڵی خۆیدا نازناوی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ دەدات بە کچە گوندییەکی جیران و بێ ئەوەی

کچە ئاگەداری هیچ بێت وەک خاتوونی ئەوین و خۆشەویستیی خۆی دەستنیشانی دەکات. دوای سەرنەکەوتنی لە یەکەم گەشتی پاڵەوانانەیدا دەگەڕێتەوە ماڵ و هەوڵەکانی بۆ چوونە ناو جیهانی دەرەوە وەک پاڵەوانێکی سەرگەردان چڕتر دەکات. بە ڕێنوێنیی قەشە و دەلاکی گوند کتێبەکانی وەک سەرچاوەی تێکچوونی دۆن کیشۆت، دەسووتێندرێن. دۆن کیشۆت داوا لە جیرانێکی بە ناوی سانکۆپانزا دەکات کە ببێتە مەیتەری و بەڵێنی پێ دەدات بیکات بە حوکمداری دوورگەیەک. بەیانییەکی زوو دۆن کیشۆت و سانکۆپانزا بە سواری بارگین و گوێدرێژ گوند بەجێ دێڵن و بەمجۆرە سەفەری دوور و درێژی پاڵەوان و مەیتەرەکەی دەست پێ دەکات و هەتا چەند ڕۆژێک بەر لە مەرگی پاڵەوان، کاتێک کە دۆن کیشۆت بۆی دەردەکەوێت کە وەدوای چ سەرابێک کەوتبوو، درێژەی دەبێت.

بەباوەڕی من یەک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی دۆن کیشۆت بریتییە لە زانابوون و هەستکردن بە چەمکی گۆڕان، گۆڕانی زەمەن و شوێن و شێوەی تێگەیشتنمان لە جیهان و بوون و بیر. هەموو کردەوەکانی دۆن کیشۆت کینایەیەکی بەهێزن لە تێنەگەیشتنی ڕۆحی سەردەم. لە کۆتاییی سەردەمی پاڵەوانان لاساییکردنەوەی خووخدەی پاڵەوانی دەبێتە ئەو تەنزە بەهێزە کە خوێنەرەوە تووشی ڕامان و تێفکرین دەکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە سەدەی شازدەم وەک ڤیکۆ گوتەنی سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤە وەکو تاک و لە ڕوانگەی هایدگێریشەوە سەرەتای قۆناغێکە کە مرۆڤ تێیدا دەبێت بە ناوەند. ڕەنگە قسەکانی دۆن کیشۆت لە سەرەمەرگدا و پەشیمانبوونەوەی ڕەخنەگرانەی لە ڕابردووی پاڵەوانانەی خۆی جوانترین ڕەنگدانەوەی ئەدەبییانەی مۆدێرنیتە بن. لایەنێکی تری سەرکەوتووانەی ئەم ڕۆمانە شارەزاییی بێوێنەی نووسەرە لەگەڵ زانستی مێژوویی سەردەمی خۆی. تەنیا بەخوێندنەوەی کتێبەکەیە کە مرۆڤ هەست پێ دەکات کە نووسەر چەندە ئاگەداری هەموو کەلێن و قوژبنێکی مێژووە و چەندە توانایە لە

گواستنەوەی میراتی فەرهەنگیی پێش خۆی. وێکچوویی ژیانی پڕ مەینەتیی نووسەر لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبێتە لایەنێکی تری ڕەسەنایەتی و کارتێکەریی ئەزموونی نووسەر لەسەر ئەو بابەتەی دەینووسێت و شێوازێکی سەمیمانەی پێ دەبەخشێت. دۆن کیشۆت بەرهەمێکە کە مۆری ڕاستی لە پێوەندیی حاشاهەڵنەگری لایەنی لۆکال و جیهانیی ئافراندنی ئەدەبی دەدات. بەناسینی وردەڕیشاڵی ناوچەی خۆی، سێرڤانتێس توانیوێتی هەنگاو بەرەو جیهانیکردنی بەرهەمەکەی هەڵێنێتەوە و دیالێکتیکی ناوچەیی و جیهانی، توند بەیەکەوە گرێ بدات. بە هەڵکەوت نییە کە ئاشی با، بارگین و گوێدرێژی دۆن کیشۆت و سانکۆپانزا پڕ فرۆشترین دیاریی سپانیایین بۆ هەر کەسێک کە وەک گەشتیار ڕێی دەکەوێتە ئەم وڵاتە. لایەنی هومانیستی و مرۆڤدۆستانەی دۆن کیشۆت و ئەو ڕاستییە کە خوێنەرەوە بەردەوام هەستێکی هۆگرانەی بە پاڵەوان و مەیتەرەکەی هەیە، خاڵێکی تری سەرکەوتوویی ئەم ڕۆمانەیە.

کاک ئەحمەدی قازی ساڵانێک لەمەوبەر بە "باقەبێن" تواناییی خۆی لە بواری تەنزدا نیشان دابوو و ئێستاش بە وەرگێڕانی کوردیی دۆن کیشۆت سەلماندوویەتی کە خاوەنی بەهرەیەکی گەورەیە لە خەملاندنی زمانی کوردیدا. ڕەنگە لە جێگەی خۆیدا بێت کە ئاماژەیەک بە وەرگێڕانە شاکارەکەی کاک محەمەدی قازییش بکەم کە کاتی خۆی دۆن کیشۆتی لە فرەنسییەوە کردە فارسی و بەم کارەشی بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەدەب و زمانی فارسی. جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر وەرگێڕانێکی تری ئەم کتێبە بە فارسی لەلایەن زەبیحوڵڵای مەنسوورییەوە، کە ئەویش هەر کورد بوو، بڵاو بووبووەوە. من زۆرجار لە خۆم پرسیوە کە تۆ بڵێی ئەمە بە هەڵکەوت بێت کە دوو وەرگێڕانی دۆن کیشۆت بە فارسی، لەلایەن دوو وەرگێڕی کوردەوە کرابێت؟ ئەگەر سەردەم و شێوە ژیانی کاک محەمەدی قازی نەیدەهێشت دۆن کیشۆت لە بریی فارسی بکرێتە کوردی، ئێستا قازییەکی

تر لە سەردەم و هەلومەرجێکی تردا ئەم ئەرکە مەزنەی ڕاپەڕاندووە. وەرگێڕانە شاکارەکەی کاک محەمەدی قازی بە فارسی بووەتە هەوێنی شاکارێکی تری وەرگێڕان، ئەمجارەیان بە کوردی و بە قەڵەمی کاک ئەحمەدی قازی. ئەگەر وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە شەرتێکی سەرەکی بێت بۆ سەرکەوتوویی وەرگێڕانێک، وێ دەچێت بەهۆی تایبەتمەندیی دەقی دۆن کیشۆت و وەستایی وەرگێڕانی فرەنسی و فارسی و دواجاریش کوردیی ئەم کتێبە، وەرگێڕانەکە خەوشێکی ئەوتۆی تێ نەکەوتبێت. زمانی پاراو و بەبرشتی کاک ئەحمەد و بەتایبەت فەرهەنگۆکی ٤٢ لاپەڕەیی کۆتاییی کتێبەکە هەنگاوێکی مەزنە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی. ٤٠٣ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی دۆن کیشۆت بە زمانی سپانیایی، خوێنەرەوەی کورد بەبینینی دۆن کیشۆتی کوردی بەختەوەرە. ئەگەرچی دۆن کیشۆت زۆر درەنگ بووە کوردی، بەڵام هەر بەخێر بێت و مرۆڤ دەکرێ ئاواتەخواز بێت کە بە زوویی شاکارەکانی تری جیهانی ئەدەب کتێبخانەی کوردی برازێننەوە. دۆن کیشۆتی کوردی لە دوو بەرگ و ١٢١١ لاپەڕەدا دیارییەکی گەورەیە بۆ خوێنەرەوانی کورد و هیوادارم ببێتە میوانی کتێبخانەی هەموو ماڵە کوردێک. دەستخۆشی لە کاک ئەحمەدی قازی دەکەم و سوپاسیش بۆ چاپخانەی ئاراس بۆ چاپی ڕازاوەی ئەم بەرهەمە. وەک دوا تێبینی دەمەوێت وەبیر وەرگێڕانی کورد و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە بخەمەوە کە خۆزگە لە ناسنامەی کتێبە وەرگێڕدراوەکاندا بنووسن کە کتێبەکانیان لە چ زمانێکەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

## قورسایی خەیاڵ بەسەر واقیعدا

لە چەند ساڵی ڕابرووددا ڕۆمانی کوردی بەشێوەیەکی ڕێژەیی پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە باری چەندایەتییەوە بەخۆیەوە بینیوە. ئەمە بێگومان شتێکی دڵخۆشکەر و هیواگەیێنە کە مرۆڤ دەبینێ ڕۆمانی کوردی لە ماوەی بیست ساڵدا لە ژمارەی دەیەکان تێپەڕ دەکات و دەگاتە ژمارەی سەدەکان. بەڵام ئەگەر پرسی ژمارە و چەندایەتی دەکرێت بەسانایی دەستنیشان بکرێت، ئەستەمە مرۆڤ لەسەر چلۆنایەتیی ڕۆمانی کوردی و ئەوەی کە ئەم ژانرە ئەدەبییە بەکوێ گەیشتووە، هەر بەو ئاسانییە بڕیار بدات.

لەم وتارەدا من تەنیا باس لە پێوەندیی خەیاڵ و واقیع لە ڕۆمانی کوردیدا دەکەم و دەمەوێت ئەم پرسە ئاراستە بکەم کە هاوکێشیی ئەم دوو دیاردەیە لە ڕۆمانی کوردیدا چۆنە. هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارە لە باری شێوازی یاخۆ میتۆدییەوە زەمانێک دەستەبەر دەکرێت کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر سەرجەم ڕۆمانە کوردییەکان بەڕێوە بچێت و دواجار لە تێکهەڵکێشکردنی خوێندنەوەی هەموو ڕۆمانەکان، یان لانی کەم ئەو ڕۆمانانەی دەتوانن نوێنەرایەتیی ڕەوتە جیاوازەکانی سەردەمی خۆیان بکەن، بە ئەنجامی شیاو بگەین. کارێکی لەم چەشنە ناکرێت لە چوارچێوەی وتارێکدا بگونجێت و ئەوەی لە وتارێک چاوەڕوان دەکرێت دەتوانێت تەنیا ئاراستەکردنی پرسیارەکە بێت و بەپێی توانا هەوڵدان بێت بۆ وردکردنەوەی لایەنە جۆرەجۆرەکانی پرسیارەکە بەپشتبەستن بە خوێندنەوەی وردی بەرهەمێک. ئەگەرچی ڕەنگە تووشی جۆرێک لە لادان بم لە مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە، بەڵام پێویستە بەخێراییش بێت ئاماژەیەک بە

زیادبوونی ژمارەی ڕۆمان نەک هەر لە ئاستی کوردستان، بگرە لە ئاستی جیهانیشدا بکەم و باسی ئەوە بکەم لە سەردەمی هەڵکشانی بەدەر لە خەیاڵی ڕۆماندا، خوێنەرەوە تووشی چ گرفتگەلێک لە بواری هەڵبژاردن و دۆزینەوەی کات بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان دەبێت. ئەمە ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆمانی کوردیدا گرفتێکی زەق نییە، بێگومان بۆ خوێنەرەوەیەکی جیدی ڕۆمان لە ئاستێکی بەرفراوانتردا پرسیارێکی گرینگە کە چۆن ڕووبەڕووی ڕنووی ڕۆمانەکان ببێتەوە و تووشی نوقمبوون نەبێت.

پرۆفیسۆر جان ساترلاند، مامۆستای پێشووی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی لەندەن، لە کتێبێکدا بەناوی چۆن ڕۆمان بخوێنینەوە؟[1] باس لە گرفتێک دەکات کە لە سەردەمی ئێستادا خوێنەرەوەی ڕۆمان لەگەڵی ڕووبەڕوو بووەتەوە و ئەویش برێتییە لە زۆربوونی ژمارەی ڕۆمانەکان و کەمبوونی کات.

بەواتایەکی تر ساترلاند باس لەوە دەکات لە سەردەمێکدا کە لە ماوەی حەوتوویەکدا ژمارەی ڕۆمانە چاپکراوەکان پترن لەو ژمارە ڕۆمانەی کە لە ماوەی دەیەیەکدا لە سەردەمی سامۆئێل جانسۆندا[2] چاپ دەبوون و، لە سەردەمێکدا کە سالانە دە هەزار ڕۆمان چاپ و بڵاو دەبنەوە و تەنیا لە کتێبخانەی بەریتانیا (British Library) سێ میلیۆن ڕۆمان هەیە و سالانەش نزیکەی پەنجا هەزار ڕۆمانی تازە و دووبارە چاپکراوی لێ زیاد دەکرێت ئێمە چۆن دەتوانین قسە لە خوێندنەوەی ڕۆمان بکەین؟ ساترلاند بەشێوەیەکی ورد و بەنموونەیەکی بەرچاو ئەم گرفتە پتر ڕوون دەکاتەوە و

---

١. بڕوانە:

Sutherland, John (2007), How to Read a Novel: A Users Guide, London: Profile Books, p.1

٢. سامۆئێل جانسۆن (١٧٨٤ – ١٧٠٩) یەک لە ئەدیبە هەرە بەناوبانگەکانی ئینگلیزە و دانەری یەکەم فەرهەنگی ئینگلیزییە.

دەڵێت ئەگەر مرۆڤ سەروەتی بیل گەیت[1] یان کریاسۆسی[2] هەبێت دەتوانێت لە چەند سەعاتێکدا لە ڕێگەی ماڵپەڕی ئامازۆنەوە داوای نزیکەی نیو میلیۆن ڕۆمان بکات و لە ماوەی سی و شەش سەعاتدا کتێبەکانی بە دەست بگات. هەڵبەت بۆ ئەم کارە مرۆڤ پێویستی بە فرۆکەیەکی خێرا و جێدار و لەشکرێکی گەورە دەبێت کە ئەو ژمارە زۆرە کتێبەی پێ ڕابگوێزێت و جێبەجێیان بکات. ئەگەر واشی دابنێین کە تەمەنی ئاسایی خوێندنەوەی مرۆڤێک پەنجا ساڵ بێت و ئەم مرۆڤە لە ساڵدا چل و شەش حەوتوو و لە حەوتوویەکدا چل سەعات بخوێنێتەوە و بۆ خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێک سێ سەعاتی پێویست بێت، ئەوە دەبێت سەد و شێست و سێ هێندەی تەمەنی خۆی بژێت بۆ ئەوەی ئەو نیو میلیۆن ڕۆمانە بخوێنێتەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد هێشتا ژمارەی ڕۆمانی کوردی نەگەیشتووەتە ئاستێک کە مرۆڤ تووشی گرفتێکی لەم چەشنە بکات، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دە ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ هەست دەکات دەبێت بە تێبینییەکی زۆرترەوە دەست بۆ ڕۆمانە کوردییەکان بەرێت بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەیان هەست بە بەفیڕۆدانی کات نەکات.

ڕۆمان وەک دیاردەیەکی زیندوو "بیر دەکاتەوە" و "کار دەکات" و تێگەیشتن لەم دیاردەیە پێویستی بەزانینی "چۆن خوێندنەوە" هەیە."[3]خوێندنەوەی ڕۆمانێک بە باشی زەحمەتترە لە نووسینی ڕۆمانێکی باش."[4] ساترلاند

١. بیل گەیت، لەدایکبووی ١٩٥٥، دامەزرێنەری مایکرۆسۆفتە و یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کەسانی ئەم سەردەمە.

٢. کریاسۆس پادشای لیدیا بووە لە نێوان ساڵانی ٥٤٦- ٥٦٠ بەر لە لەدایکبوونی مەسیح. لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا دەگوترێ کە دەوڵەمەندیی کریاسۆس بەڕادەیەک بووە کە هەر میوانێکی هەبووایە دەبا چەندەی زێڕ بۆ هەڵگیرابا لەگەڵ خۆی بردبای.

٣. ئاماژەیە بە کتێبی نانسی ئارمسترانگ بە نێوی ڕۆمانەکان چۆن بیر دەکەنەوە؟ (How novles think)? The limits of individualism from 1719-1900 ) و کتێبی جان مولان، ڕۆمانەکان چۆن کار دەکەن؟ How novles work?.

٤. بۆ باسێکی گرینگ لەسەر چێژی خوێندنەوەی ڕۆمان بڕوانە: Sutherland, John (2007), op.cit.p.12

بەدروســتی ئامــاژە بەوە دەکــات کــە "ڕۆمــان بەرهەمی فــەرهەنگێکی کـۆمـەڵایەتیی تیـجـاریی پێـشکەوتـوو، گەشـەکـردوو و بە ڕێکخـراوەکـراوە. توانایی خوێندنەوەی ڕۆمـان بەشێوەیەکی وشیارانە نیشـانەی فەرهەنگێکی تاکەکـەسـیی پێگەیشـتـووە. هەر دووی ئەم دیاردانە زۆر درەنگ لە مـێـژووی جیـهاندا ڕوویان داوە."[1] ئەمە ئەگەر لە مێژووی ڕۆژاوادا پێشینەیەکی چەند سەدەییی هەبێت، لە کوردسـتـاندا شـتێکە هێشـتـا بەتەواوی وەدی نەهـاتووە. ئەگـەرچی خـوێندنەوە کـردەیەکی تـاکـەکـەسـیـیـە و هـەر کـەسـە بەگـوێرەی ئەزموونەکـانی خۆی ڕووبەڕووی دەقێک دەبێتەوە و هەر بـەگوێرەی زانیاری و ئەزموونەکانیشی ڕاڤەی دەقـەکان دەکات و دواجار بڕیاریان لەسـەر دەدات، بەڵام ئاگـەداری لە ئەزمـوونی خـەڵکانی تر دەکـرێت هونەری خـوێندنەوە لای خوێنەرەوە بەهێزتر کات. کاتێک ڤیرجینیا وۆڵف دەڵێت "تەنیا ئامۆژگارییەک کە مرۆڤ دەتوانێت لەمەڕ خوێندنەوە بیدات بە کەسێک ئەوەیە کە گوێ مەدە هیـچ ئامـۆژگـارییـەک، وە دوای غـەریزەکـانی خـۆت بکەوە، عـەقڵی خـۆت بەکـار بێنە، بە ئـاکـامی خـۆت بگە"[2]، هیـچ لەم ڕاسـتـیـیـە کـەم ناکـاتەوە کـە "عـەقڵ" پێویستی بە بارهێنان هەیە و دەبێت بەهۆی ئـەزموون و زانیارییەوە هەردەم تیفـتیفە بدرێت و بەهێـزتر بکرێت. خوێندنەوە سـەرەڕای ئەوەی چالاکیـیەکی تاکەکـەسـیـیـە لە ڕەوتـی خـۆیدا لایەنی کـۆمـەڵایەتیـیش بەخـۆیەوە دەگـرێت و دەبێتـە پێوەری سـەلامـەتیی کـۆمـەڵگەیەکی دیاریکراو. سـاترلاند ڕاشکاوانە دەڵێت: "ئەگـەر بتـەوێت لە سـەلامـەتـیی گشـتـیی کـۆمـەڵگەیەک ئاگـەدار بی، بڕوانە ئەو کتێبانـەی لەم کۆمـەڵگەیەدا لـە کاتی ئێسـتـادا دەخـوێندرێنەوە."[3] خـوێندنەوەیەکی پسـپـۆڕانە دواجـار بێ یارمـەتـیی تیـۆریـی ئەدەبی ئەسـتـەمـە. ئەگەر تیۆریی ئەدەبی بەتایبەتی لە بواری ڕۆماندا بنەماکانی کارکرد و ڕۆڵی

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل. ٤٨.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٥.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٣.

ڕۆمـان شی دەکـاتەوە، تیـۆریگەلی بوارەکـانی تری زانسـتـە ئینسـانی و کۆمـەڵایەتییـەکان پتـر تیـشک دەخـەنە سـەر پێوەندیـی دوولایەنەی ڕۆمـان و کۆمـەڵگە و بەمـجۆرە ڕەچاوکردنی بۆچوونگەلـی ئەوپەڕ دیسـیپلینی ڕادەی تێگەیشتنی ئێمە لە ڕۆمان بەهێزتر دەکەن. کەمکردنەوەی جیاوازی دانان لە نێوان دیسیپلینە جۆرەوجۆرەکانی وەک ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوو، فەلسـەفە، مـرۆڤناسی و... هتد. وەک تایبـەتمەندیی سـەرەکیی تیـۆریی ئەو سـەردەمـە بەحسێب دێت. لەم پێوەندییـەدا فرێدریک جـەیمسـۆن جۆرێک لە کارکردی هۆمـۆپاتییانە[1] بۆ تیـۆری دادەنێت و دەڵێت تیـۆری برێتییـە لە کـەمکردنەوەی جیـاوازیدانانی ڕۆشنبـیـرانە لە ڕووبـەڕووبوونەوە لـەگـەڵ چەندچەشنیی فەرهـەنگی/ئابووری.[2]

لە پێناسـەیەکی گـشـتیدا ڕۆمـان ئەنجـامی خـەیاڵی نووسـەرێکە کـە لە شێوەیەکی گێڕانەوەییدا جیـهانێک دەخوڵقێنێت. ئەوەی کە پێوەندیی ئەم جیهانە بەجیهانی واقیعەوە چەندەیە و چۆنە، پرسێکە کە لە سەردەمێکەوە بۆ سـەردەمێکی تر و لە نووسـەرێکەوە بۆ نووسـەرێکی تر تەواو جیـاوازە. لە هەمـان کاتدا بنەمـاکانی خـەیاڵی مرۆڤ و شێوەی بیچمگرتن و خەمڵینیان وەک پرسـێکی فـەلسـەفی، نەک هەر لە پێوەندی لەگـەڵ نووسـینی ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتیدا، بگرە لە هەموو پرۆسەکانی شکڵگرتنی خەیاڵ و زەین و دیاردەی ناسـیندا، بەرەوڕووی مـرۆڤ دەبێتـەوە و جـیـهـانبـینییـە

---

١. شێوەیەک لە چارەسـەرکردنی نەخۆشییە بە دانی بڕێکی کەم لە دەرمانێک بە نەخۆش کە خودی دەرمانەکە دەبێتە هۆی دەرخستنی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لە مرۆڤی ساغدا.

٢. بۆ شـارەزابوون لەگەڵ تازەترین بەرهەمی فرێدریک جەیمسـۆن و خوێندنەوەیەک لـەسـەر تازەترین کتێبی ئەو، بڕوانە:

Kunkel, Benjamin (2010), Into the Big Tent, London Review of Books, Vol .32 . N .8 . pp .12-16.

فەلسەفییەکان لە کۆنەوە هەتا ئێستا بەردەوام سەرقاڵی دۆزینەوەی وەڵام بۆ کارکرد و میکانیزمی ئەم پرۆسەیە بوونە. جیاوازیی ڕۆمان لە ژانرەکانی تری گێڕانەوەیی پێشتر ئەوەیە کە سەرەڕای زەینیبوونی، ئەوەندە گرێدراوی واقیعە کە دواجار بابەتی گێڕانەوەکە یا لە سەردەمانێکدا بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕووی داوە یان توانایی ڕوودانی لە زەمەنێکی تردا هەیە.[1] لەسەر ئەم بنەمایە ئەم وتارە هەوڵ دەدات ڕێژەی ئامادەیی واقیع لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێبی جەبار جەمال غەریبدا بەسەرکاتەوە و لە هاوکێشیی خەیاڵ و واقیع وەک دوو دیاردە لەم ڕۆمانەدا بکۆڵێتەوە.[2] بۆ ئەم مەبەستە وێڕای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و دەستنیشانکردنی وێکچوویییەکانی جیهانی ڕۆمانەکە و جیهانی دەرەوە، هەوڵ دەدەم بە ئاماژە بە چەند ڕۆمانی سەرکەوتوو لە ئاستی ئەدەبی جیهانیدا، زەوینەی خوێندنەوەیەکی بەراوردییانە بۆ خوێنەرەوەی ئەم وتارە دەستەبەر بکەم. هەڵبەت ئامانجی ئەم وتارە بە هیچ شێوەیەک بەراوردکردنی پێنجەمین کتێب نییە لەگەڵ هیچ ڕۆمانێکی تردا، بەڵام بۆ بەدەستەوەدانی کۆمەڵێک لایەنی بەرچاو لە هاوسەنگیی نێوان خەیاڵ و واقیعدا پێویستە ئاوڕێک لە چەند ڕۆمانی سەرکەوتوو لە ئاستی ئەدەبی جیهانیدا بدەمەوە و لە نزیکەوە لە هۆکارەکانی سەرکەوتوویی ئەم بەرهەمە ئەدەبییانە بکۆڵمەوە و لەم ڕوانگەیەوە پرسیار بکەم هۆکارەکانی خۆلێبواردنی ڕۆماننووسی کورد لە واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کورد کامانەن؟ لەبەرئەوەی یەک لە پرسە سەرەکییەکانی ڕۆمانی پێنجەمین کتێب بیرەوەری و سەرقاڵیی نەوەی تازەیە بەکارەساتەکانی ڕابردوو و کارتێکەریی ئەزموونی شەڕ و کۆمەڵکوژیی

---

1.Wellek, Rene and Warren, Austin (1956), Theory of Literature: A seminal study of the nature and function of literature in all its contexts, Penguin Books, p216 .

٢. غەریب، جەبار جەمال (٢٠٠٩)، پێنجەمین کتێب، هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

نەوەکانی پێشوو لەسەر نەوەی تازە، هەوڵم داوە ئاماژە بە سێ ڕۆمان بکەم کە بە گشتی دەکەونە خانەی هەڵدانەوەی مێژوویەکی پڕ کارەساتی نە زۆر دوور، بەڵام یەکجار زۆر کارتێکەر لەسەر نەوەیەک کە بۆ خۆی بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەم مێژووە نەبووە. وەک نموونەیەکی تری سەرکەوتوو لە بواری ئاوێتەکردنی خەیاڵ و واقیع ئاماژەیەکی خێراش بە منداڵانی نیوەشەوی سەلمان ڕوشدی دەکەم.

یەکەم ڕۆمان کە دەتوانێت ئەم ئامانجە بپێکێت بەرهەمی نووسەرێکی ئیسرائیلییە بە ناوی ئالۆن هیلو کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا ڕۆمانێک بە نێوی ماڵی داجانی بڵاو دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانە لە ماوەی سێ مانگ پاش بڵاوبوونەوەی دەبێت بە پڕ فرۆشترین ڕۆمانی ئەم وڵاتە و ٢٥٠,٠٠٠ نوسخەی لێ دەفرۆشرێت و کەسانێکی وەک شیمۆن پرێز، سەرکۆماری ئیسرائیل و ڕۆماننووسی بەناوبانگ، دەیڤید گرۆسمان، پەسنی ئەم ڕۆمانە دەدەن و خەڵاتی ناسراوی ساپیری پێ دەبەخشرێت. بە لە بەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی ئیسرائیل، فرۆشی بەم ڕادەیەی ئەم ڕۆمانە وەک ئەوە وایە کە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا دوو میلیۆن نوسخەی لێ بفرۆشرێت. تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە نووسینەوەیەکی پۆستمۆدێرنانە و پۆستکۆلۆنیالانە لەسەر ڕووداوەکانی دوایین دەیەی سەدەی نۆزدەم و ساڵانی سەرەتای بزاڤی زایۆنیستی کاتێک یەهوودییەکانی ئەورووپایی دەچنە فەلەستین و زەوی و موڵکی دەوڵەمەندەکانی فەلەستینی دەکڕن. بەڵام چارەنووسی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە ئینگلیزی کە لە ٢٠١٠دا چاپ و بڵاو دەبێتەوە سەرنج ڕاکێشە، بەجۆرێک کە هەم ناوی کتێبەکە دەگۆڕدرێت و دەبێت بە ماڵی ڕاجانی و هەمیش ناوی کاراکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە لە حەییم مارگالیۆت کالڤاریسکی، یەک لە پێشەنگەکانی زایۆنیزم لە هەزار و هەشسەد و نەوەتەکان و سەڵاح داجانییەوە، کوڕێکی گەنجی سەر بە بنەماڵەیەکی موڵکداری فەلەستینی، دەکرێن بە ئیساک لومینسکی و سەڵاح

ڕاجـانـی. هۆکـارەکـانی ئەم نـاوگـۆڕینـانە ڕوونکەرەوەی تـایبـەتمـەندییـەکی سـەرەکیی ڕۆمانە بەگشتی و ڕۆمانی مێژوویی بەتایبەتی و ئەویش بریتییە لە پێوەندیی قووڵی ڕۆمـان بە واقیعەوە. لە پێشەکیی ڕۆمـانەکەدا دەگوترێت ئەم بەسـەرهـاتە یـاداشـتێکی تازەدۆزراوەیە و لاپەڕەکـانی یـاداشـتـەکانی سـەلاح داجـانیشی پێوە لکێندراوە. هەڵبـەت لە پاشـەکیی ڕۆمـانەکەدا دەگوترێت کە بەسـەرهـاتەکە تەنیـا شـتێکی خـەیاڵییـە. هۆکاری گۆڕینی ناوی کالڤـاریسکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە خزمەکانی ئەو سکالایەک لەسەر نووسەری ڕۆمانەکە تۆمـار دەکـەن و دەڵێن کـە نووسـەر کـەڵکی خـراپـی لە نـاوی ئەم کـەسـایەتییـە وەرگرتووە و هـەرچی ویستوویەتی خـستوویەتە پاڵ ناوی ئەو. لەبەر ئەم هۆیە لە وەرگێڕانی ئینگلیزیی ڕۆمـانەکەدا ئیـتر ئێـمە نەک لـەگـەڵ کالڤـاریسکی بگرە لـەگـەڵ لومـینسـکی ڕووبەڕووین. بە بـاوەڕی ڕەخنەگـری ئەدەبی، لیندا گـرانت، هـۆکـاری سـەرەکیی هـۆگریی ئیـسـرائیلییـەکـان بۆ ئەم ڕۆمـانە و پێـشـوازییـە بێوێنەکـەیان دەگـەڕێتـەوە بۆ تینوویەتیی ئیـسـرائیـلییـەکـان بۆ گەڕان بە شوێن ڕاستییەکانی گێڕانەوەی ڕابردووی زایۆنیزم کە ئێستا بووە بەجۆرێک لە ئەفسانە.[1]

یەک لە کـارەسـاتە مـەزنـەکانی دژ بە مـرۆڤـایەتی لە سـەدەی بیسـتـەمـدا تراجـیـدیای کـۆمـەڵکوژیی یەهوودییـەکـانـە کـە بە هـالـۆکـۆست نـاسـراوە. ڕەنگدانەوەی ئـەم کـــارەســـاتە لـە ئەدەبیـــاتدا بووەتـە هـۆی هـاتنـە کـــایەی جـۆرەیەکی تایبـەت لە ئـەدەب کـە بە ئەدەبیـاتی هـالـۆکـۆست نـاودێر کـراوە. نووسـەری ئەڵمـانی بێـرنارد شـلیـــــــنک بەنووسـینی ڕۆمـانی خـوێنەرەوە (the reader) لە ١٩٩٥دا بەرهـەمـێکی ئاراسـتـەی ئەم جـۆرە ئـەدەبە کـرد کـە مشـتومـڕێکی زۆری لێ کەوتەوە. وەرگێڕانی ئینگلیـزیی ئەم ڕۆمانە لـە سـاڵی ١٩٩٧دا لەلایەن کـارۆل براون جـەینوەیەوە کـەوتە بەردەسـتی خـوێنەرەوانی

١. بۆ خوێندنەوەیەکی کورت، بەڵام بە ناوەڕۆک، لەسەر ئەم ڕۆمانە بڕوانە:
Grnat, Linda (2010), Building on the past, Review Saturday Guardian, 10.04.10, p14 .

ئینگلیزی ئاخێوەر و بەم چەشنە ژمارەی خوێنەرەوانی ڕۆمانەکە لە سنووری ئاخێوەرانی ئەڵمانی چووە دەر و بووە هۆی ئاشنابوونی ژمارەیەکی زۆری خوێنەرەوە بە تێما و شێوازی ئەم ڕۆمانە لە ئاستی جیهاندا. ئەم ڕۆمانە بۆ ماوەیەک دەبێتە پڕ فرۆشترین ڕۆمانی ساڵ و بە سی و حەوت زمان وەردەگێردرێتەوە و دەبێت بە کتێبی خوێندن لە زۆر زانکۆی جیهان. سەرکەوتوویی ڕۆمانەکە دواجار خۆی لە جیهانی سینەماشدا نیشان دا و دەیڤید هار لە ۲۰۰۹دا بە بەرهەمهێنانی فیلمی "خوێنەرەوە" ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی لە ئاستێکی بەرفراوانتردا خستە بەر دیدی هۆگرانی فیلم.

ڕۆمانی خوێنەرەوە لە سێ بەش پێکهاتووە و بنەمای هەرسێ بەشیش برێتییە لە بیرەوەرییەکانی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە واتا مایکێل بێرگ لە سێ قۆناغی جیاوازی ژیانیدا کە بۆ خۆی وەک کەسی یەکەم دەیانگێڕێتەوە. ئەو ئاڵقە زەریفەی کە هەرسێ بەشەکان لە یەکتر دەبەستێتەوە بیرەوەرییەکانی مایکێلە لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کەسایەتییەکی تری سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا واتا هاننا شمیتز. لە قۆناغی یەکەمی ڕۆمانەکەدا مایکێلی تەمەن پازدە ساڵ لە ئاکامی ڕووداوێکدا بە هەڵکەوت لەگەڵ هاننا کە ژنێکی بەتەمەنتر لە خۆیەتی ئاشنا دەبێت و هەر ئەم ئاشنایەتییەش دەبێتە سەرەتای پێوەندییەکی جینسی و ڕۆحی لە نێوانیاندا. خاڵی سەرنج ڕاکێش کە دواتر دەبێت بە ڕاز و لە هەمان کاتدا کلیلی تێگەیشتن لە ڕۆمانەکە ئەوەیە کە هاننا بەردەوام داوا لە مایکێل دەکات کتێبی بۆ بخوێنێتەوە، بەجۆرێک کە هەر دیدارێکی ئەم دوو کەسە دەبێتە تێکەڵاوێک لە پێوەندیی جینسی و خوێندنەوەی کتێبگەلی ئەدەبی. دوای ماوەیەک هاننا لە ناکاو ون دەبێت و مایکێلی گەنج تووشی بۆشاییەکی سەیری ڕۆحی دەبێت. قۆناغی دووەمی ڕۆمانەکە زەمانێکە کە مایکێل خوێندکاری یاسایە لە زانکۆ و وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندنەکەی، هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانی، ئامادەی لەدادگەدانی

چەند کەسی سەر بە نازییەکان دەبێت لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا کە تۆمەتبارن بە جینایەت لە کاتی شەڕدا. مایکێل کە دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ دەبینێت هاننا لە ڕیزی تۆمەتبارەکاندا جێی گرتووە تووشی سەرسوڕمان دەبێت. لە ئاکامی لەدادگەدانەکەدا هاننا بە زیندانیی هەتاهەتایی سزا دەدرێت. قۆناغی سێیەمی ڕۆمانەکە بریتییە لە هەوڵی مایکێل بۆ پێوەندیگرتن بە هانناوە لە زینداندا بەهۆی ناردنی کاسێتگەلێک کە ئەو بۆ خۆی زۆر کتێبی لەسەر تۆمار کردوون. مایکێل چەند ڕۆژ بەر لە وادەی ئازادبوونی هاننا لە زیندان پاش تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ، سەردانی دەکات و بەڵێنی پێ دەدات یارمەتیی بدات. بەڵام هاننا ڕۆژێک بەر لە ئازادبوونی کۆتا بە ژیانی خۆی دێنێت.

ئەمە پوختەی تەونی ڕۆمانێکە کە خاوەنی شوێن و زەمەنێکی دیاریکراوە و خوێنەرەوە لە یەکەم خوێندنەوەدا ئەگەرچی لەگەڵ جیهانێکی خەیاڵی ڕووبەڕووە بە تەواوی ئاماژە مێژووییەکان دەناسێتەوە و لەودیوی بەسەرهاتی مایکێل و چارەنووسی تراجیدییانەی هانادا تووشی کۆمەڵێک پرسیاری هەستیناسانە دەبێتەوە: شەڕی دووەمی جیهانی لەسەر نەوەی دوای شەڕ لە ئەڵمان و هەستی گونا لەلای ئەم نەوەیە بەهۆی بەشداریی نەوەی بەر لە خۆیان لە جینایاتی شەڕدا چ کارتێکەرییەکی هەیە؟ ئاخۆ مایکێل بەبێ ئەوەی کە بەشداری شەڕ بووبێت و تەنانەت لە سەردەمی شەڕدا ژیابێت، خەتابارە لەوەی کە زەمانێک ژنێکی خۆش ویستووە کە بەشدار بووە لە جینایاتی شەڕ و ناردنی یەهوودییەکان بۆ کەمپەکانی مەرگ و نەمان؟ ڕۆمانەکە بە وێناکردنی ئەو بڕگانە لە ژیانی مایکێل کە گوزارە لە گرفتە ڕۆحییەکانی ئەو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژیاندا دەکەن، پەیامی کارتێکەریی ڕابردوو و ئاکاری نەوەی پێشوو بەسەر نەوەی نوێدا دەگەیەنێت و خەمۆکی و سەرنەکەوتوویی مایکێل لە ژیانی تاکەکەسیشیدا بە قورسایی باری کردەوەکانی نەوەی پێشتر بەسەر نەوەی نوێدا گرێ دەدات. پرسێکی

تریش ئەوەیە کە کەسێکی وەک ھاننا، ھەروەک بۆ خۆی لە دادگەدا باسی دەکات، چۆن دەکرێت ھەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. ئاخۆ ئەم کەسە شایانی خۆشەویستییە؟ ئاخۆ ئەم کەسە شایانی تێگەیشتن و چێژوەرگرتن لە ئەدەبییاتە؟ ئەم کەموکوورییەی ھاننا، واتا نەتوانینی خوێندنەوە و نووسین، دەتوانێت پاساوێک بێ بۆ کردەوە جینایەتکارانەکەی؟ ئاخۆ چارەنووسی ھاننا دەبێت دواجار خۆکوشتن بێت؟ ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ ھەڵوێستی ئەو ژنە یەھوودییەدا ھاورا بێت کە لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا ھەرگیز ئامادە نابێت کەسێکی وەک ھاننا تەنانەت دوای مەرگیشی ببوورێت؟ ئاخۆ ھەستی مایکێل بە گونا و خیانەت لەمەڕ خۆشویستنی ھاننا ھەستێکی ڕەوایە؟ وەک دەبینین ژمارەی ئەم پرسیارانە دەکرێ درێژتر و درێژتر بکرێتەوە و لە ھەمان کاتدا پرسیارەکان دەتوانرێ لە چوارچێوەی ئەڵمان و شەڕی دووەم و بەسەرھاتی یەھوودییەکان بترازێندرێن و بەرەوڕووی ھەموو شوێن و زەمەنێکی تر بکرێنەوە. ئەمە دروست ئەو پێوەندییە سەرکەوتووانەیە کە بێرنارد شلینک توانیوێتی لە نێوان واقیع و خەیاڵدا سازی کات و بەم شێوەیە ببێتە ھۆکاری ورووژاندنی کۆمەڵێک پرسیاری ھەستیناسانە لەمەڕ شەڕ و ئاکامەکانی نەک ھەر لە ڕابردوو بگرە تەنانەت و بە تایبەتی لە ساتەوەختی ئێستادا. مێتافۆری نەخوێندەواریی ھاننا کە وەک نهێنییەک لە ھەمووی ڕۆمانەکەدا خۆی حاشار دەدات و تەنیا مایکێل دەیزانێت دەبێتە ئەو ئەڵقە ونبووە کە کێش و حەزی خوێنەرەوە بۆ خوێندنەوە زیاتر دەکات و لە ھەمان کاتیشدا دەتوانێت ھێمایەک بێت بۆ تێنەگەیشتن لە کارەساتی ھالۆکۆست. کاتێک پێداگریی ھاننا لە شاردنەوەی نەخوێندەواریی خۆی دەگاتە ڕادەیەک کە بەرەوڕووی سزای زیندانیی ھەتاھەتایی ببێتەوە، خوێنەرەوە ھەست دەکات مرۆڤ توانای ھەموو شتێکی ھەیە، تەنانەت توانای بێبەشکردنی خۆی و ئەوانی تر لە ژیان.

ڕۆمـانێکی تر کـه لـه چەند سـاڵی ڕابردوودا باسی هالۆکـۆسـتی کـردە بابەتی سەرەکیی خۆی و سەرنجی خوێنەرەوان و ڕەخنەگرانی لە ئاستێکی بەربڵاودا بەرەو خۆی ڕاکێشا، بەرهەمی نووسەری ئەمەریکایی - فەرەنسایی جۆناتان لیتلە بەناوی میهرەبانەکان (the kindly ones). ئەم ڕۆمانە کە یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە زمانی فەرەنسی لە فەرەنسا چاپ و بڵاو بووەوە، لە ماوەی چەند مانگدا ٣٠٠,٠٠٠ نوسخەی لە فەرەنسا و پتر لە یەک میلیۆن نوسخەی لە وڵاتانی ئەوروپایی لێ فرۆشرا. وەرگێڕانی ئینگلیزیی ڕۆمانەکە کە ٩٩٢ لاپەڕەیە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا چاپ و بڵاو بووەوە. ئەم ڕۆمانە هەتا ئێستا چەند خەڵاتی ناونەتەوەیی پێ بەخشراوە و لە ئاستی جیاوازدا مشتومڕی بەرفراوانی ناوەتەوە. سەرەڕای بیر و بۆچوونی جیاواز لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە کۆدەنگییەکی بەرچاو سەبارەت بە سەرکەوتوویی هونەری و گێڕانەوەیی ڕۆمانەکە لەناو ڕەخنەگراندا دەبیندرێت. لایەنی مێژوویی و وردەکارییە زەریفەکانی ئەم ڕۆمانە نیشاندەری ماندووبوونی یەکجار زۆری نووسەرە بەتوێژینەوەیەکی بە وردەڕیشاڵ لە مێژووی شەڕی دووەمی جیهانی و ڕۆڵ و کارکردی نازییەکان لە ئەڵمان و دەرەوەی ئەڵمان لە کوشتن و قەڵاچۆکردنی یەهوودییەکان و هەموو ئەو کەسانەی لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجیی نازیستییەوە بە هەڕەشە دادەندران. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، ماکس ئۆ، فەرماندەیەکی هێزە گەڕۆکەکانی نازییە کە کاریان کوشتنی یەهوودییەکان و کەسانی ترە کە وەک هەڕەشە لەسەر نازیسم پێناسە دەکرێن. هەر لە یەکەم ڕستەی دەستپێکی ڕۆمانەکە گوێمان لە ماکسە کە دەڵێت "ئای برا مرۆڤەکانم، ئیزنم بدەن پێتان بڵێم شتەکان چۆن ڕوویان دا." لێرەوە بەسەرهاتی دوور و درێژی ماکس و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی شەڕی دووەم و کارتێکەریی ئایدیۆلۆجیای نازیسم لەسەر کردەوەی هۆگران و بەڕێوەبەرانی نازی دەست پێ دەکات. خاڵی سەرنج ڕاکێش لەم گێڕانەوە هێندێک جار هەناسەکوژەدا

وێناکردنی جینایەتکارێکی شەڕە وەکو مرۆڤ. لە ڕاستیدا ماکس ڕاشکاوانە دەڵێت کە "من وەک هەموو ئێوە مرۆڤم، من مرۆڤم وەک تۆ." لێرەوە باسێکی فەلسەفی و هەستیناسانە خۆی لە هەناوی ڕۆمانەکەدا دەردەخات گەلۆ کەسێکی وەک ماکس کە بە منداڵی دەستدرێژیی کردووەتە سەر خوشکی خۆی و تەنانەت دایک و زڕبابی خۆی کوشتووە و لە بواری جینسییەوە هاوجینسخوازە و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا کە کوشتنی دەیان هەزار جوولەکە و دژبەرانی نازیسمە، لەوپەڕی سەرکەوتندایە، دەبێ چۆن سەیری بکرێت؟ ئاخۆ شتێکی جەوهەری لە زات و هەناوی ئەم مرۆڤەدا ئەوی کردووەتە ئەم شتە کە هەیە یان ئەو بەرهەمی هەلومەرجی ژیانی تایبەتیی خۆیەتی و دەبێ لە چوارچێوەی کارتێکەریی زەمەن و شوێنێک کە ئەوی تێدا بار هاتووە، سەیری بکرێت. ئەمە باسێکە لە سەرتاسەری ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی شارەزایانە خۆی دەردەخات. کاتێک ماکس لە بەرەکانی شەڕی ڕووسیادا دەبینی کە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی فلوبێرە و لە باسەکانیدا پەنا بۆ پاساوە فەلسەفییەکانی کوشتنی بە کۆمەڵی یەهوودییەکان دەبات و دەستەودامانی تەنانەت ئەفلاتوونیش دەبێت بۆ بەهێزکردنی هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی، هەست دەکەی چۆن مرۆڤێک دەتوانێت سەرەڕای زانیارییە بەربڵاوەکانی لەسەر یاسا، فەلسەفە و ئەدەب، دەتوانێت هەڵگری هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە تێیدا کوشتنی مرۆڤەکانی تر نەک هەر وەک ئەرک، بگرە وەک پێداویستییەک دەبینرێت. میهرەبانەکان نەک هەر وروژێنەری باسی هەردەم ئامادەی ڕۆڵی تاک و سیستەمەکانە لە ڕاپەڕاندنی کردەوەکانیاندا، بگرە گێڕانەوەیەکی هونەرییانەی برگەیەکی ڕەشیشە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەوپەڕی وەفاداری بە واقیع و تایبەتمەندیی مرۆڤەکانییەوە.

ئاماژە بە پوختەی تەونی چەند ڕۆمانێک لە سەرەتای ئەم باسەدا ئەم پرسە دێنێتە ئاراوە کە ئاخۆ دەکرێت پوختەیەکی لەم جۆرەش بۆ پێنجەمین

کتێب دەستەبەر بکەین؟ فۆرستەر لە پێشەکیی کتێبە بەناوبانگەکەی، لایەنەکانی ڕۆماندا، دەڵێت دواجار هەر ڕۆمانێک، چیرۆکێک، داستانێک یاخۆ بەسەرهاتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕووداوەکانی لە پێوەندییەکی هۆکاری و هۆکردانەدا بەیەکەوە بەستراونەوە.[1] جیاوازیی ڕۆمان لەگەڵ جۆرە ئەدەبییەکانی پێش خۆی لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە سەر ملکەچیی ڕۆمان بە شوێن و زەمەن و کەسایەتیی دیاریکراوەوە کە بە شێوەیەکی لۆجیکییانە لە یەکتر گرێ دراون و وەک باختین گوتەنی هەڵگری کرۆنۆتۆپ یان شوێنکاتی دیاریکراوە و تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر ڕاستی و ناڕاستیی بەسەرهات و گێڕانەوەکە، خوێنەرەوە چاوەڕوانی خوێندنەوەی شتێکە کە یان ڕووی داوە یان دەتوانێت ڕوو بدات و ئەگەریش هاتوو لەم دوو خانەیەدا پۆلێن نەکرا، ئەوە وەک مژی ستێفان کینگ و دەوری دنیا لە هەشتا ڕۆژی ژول وێرندا دەچێتە خانەیەکی تری گێڕانەوەوە کە پتر وەک زادەی خەیاڵێکی پەتی دادەندرێت و لە چوارچێوەی ئاوات و خەونە وەدینەهاتووەکانی مرۆڤدا جێ دەگرێ. پێنجەمین کتێب لە ڕێگەی زۆر ئامـاژەوە، هەرچەند بە پچڕپچڕی، پێمان دەڵێت کە شوێن و زەمەنی گێڕانەوەکە کوێ و کەنگێیە. سەرەڕای ئەمەش هەر زەحمەتە تەونی ئەم ڕۆمانە لەبەر هەتاوی خوێندنەوەدا هەڵخەی و گردەوەکۆییەکانی نووسەر هەڵوەشێنییەوە و بڵێی ئازیزم ئەمەیە ڕایەڵ و تەونی ڕۆمانەکە. نازانم ئەمە دەبێ چ ڕەمزێک بێت کە هێندێک لە ڕۆمانە کوردییەکانی ئەم دواییانە کردەوەی گێڕانەوەیان هێندە پێچەڵپێچ کردبێت و دواجار خوێنەرەوە تووشی جۆرێک لە گێژاوی گومان و هەڵدانی گرێیەکانی ڕۆمانەکە بکەن؟ ئاوڕدانەوەیەک لە نووسراوەی پشت بەرگی پێنجەمین کتێب پەیامێکی سەیرمان پێ دەگەیەنێت کاتێک نووسەر دەڵێت:

"من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت

1.Forster, E .M .1990, Aspects of the novel, Penguin Books, London, p39 .

دەنووسم کە سەرکێشە و حەز بە زمان و فەنتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات، دواجار خۆشی دەگاتە حاڵەتێکی شیعری و کتێبەکەم هەڵدەداتە ناو لافاوێک لە خوێن کە بێگومان خوێنی دڵیەتی، من بۆ هەر ڕۆمانێک یەک تاکە خوێنەری وام هەبێ دەتوانم درێژە بە نووسین بدەم."

بە لە بەرچاوگرتنی پێشوازیی بەرفراوانی خوێنەرەوان و فرۆشی چەند سەد هەزاریی ئەم ڕۆمانانەی پێشتر باسم کردن، بۆمان دەردەکەوێت دڵخۆشکردن بەیەک خوێنەرەوە، لە دەرەوەی چاوەڕوانییەکانی ئەم سەردەمەدایە لە ڕۆمان. بەڵام ئەگەر ئەمە چاوەڕوانیی نووسەر بێت، شتێک کە مافی خۆیەتی، چاوەڕوانی خوێنەرەوە دەتوانێت شتێکی تر بێت. منی خوێنەرەوە گێڕانەوەیەکم دەوێت کە وەک هەموو ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی تر دوای خوێندنەوەی بتوانم لە چەند ڕستە و پەرەگرافدا بۆ کەسێکی تری بگێڕمەوە و هانی بدەم بۆ زانیاریی زیاتر و چێژی پتر بچێت ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە. ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانێت چەندین نموونە لە بارت، فوکۆ و ئێکۆ بێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوکێشی نووسەر لە بەرهەم هەڵاوێرێت و دڵنیایی بدات بە خوێنەرەوە کە ئەوەی ئەو دەیخوێنێتەوە نە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و نە کامێرایەکە دوور لە دەستتێوەردان و مۆنتاجی دەرهێنەرەکەی بە ڕووی واقیعدا کرابێتەوە و تۆماری ڕاستەوخۆی دیمەنەکانی کردبێت، بگرە ئەمە زادەی خەیاڵی نووسەرێکە کە لە پێوەندییەکی دیالێکتیکییانە لەگەڵ واقیعدا دواجار واقیعی ئافراندووەتەوە. منی خوێنەرەوە لەژێر ڕۆشنایی ڕاستییەکی ئەدەبی و فەلسەفی دەست دەدەمە خوێندنەوەی ڕۆمانێک کە پێم دەڵێت "هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی دواجار و بە ناچاری بەرەنجامی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە و لە هەمان کاتیشدا کارتێکەرە لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی."[1] بۆیە ئەمە

1.Walder, Dennis (2001), General Introduction, in Dennis Walder (ed.), The Nineteenth-Century Novel: Identities, London: Routledge, p.v.

شـتێکی ئاسـاییـیـە کـە لە خـوێندنەوەی ڕۆمـانەکەدا چاوەڕوانییـەکـانم نەک بەگوێرەی ئاواتی نووسـەر بگرە بەگوێرەی ئاسـۆکانی بیری خـۆم بن و بپرسم کـە هـەلومـەرجـێکی تـایبـەتی کـۆمـەڵایەتی چۆن خـوێندراوەتـەوە و دوای ئەم گێڕانەوەیە هەمـان هـەلومـەرج چۆن لە زەینی منی خـوێنـەرەوەدا ئەنجن ئەنجن دەبێت و دەکـەوێتـە شـارێی گـۆڕان. ئەمـە بۆ نمـوونە شـتـێکە کـە دوای خـوێندنەوەی ڕۆمـانی منداڵانی نیوەشـەوی سـەلمان ڕوشـدی بە سـانایی مـیـوانی ئەندێشـەکـانت دەبێت و سـەرەڕای زمـانی تایبـەتی و هێندێک جار دەسـتکرد، سـەرەڕای زەمـەنی دوور و درێژی ڕۆمـانەکە و ژمـارەی زۆری کـاراکـتـەرەکـان و مـەودایەکی زەمـەنی لانی کـەم هەشـتـا سـاڵانە و شـوێنگۆڕکێی زۆر لە پانتـاییی وڵاتێکی زەبـەلاحی وەک هیندسـتـان و تەنانەت پاکسـتـانیـشـدا، تۆ دواجـار بە خـوێندنەوەی ئەم ڕۆمـانە دەکەوییە نـاو جیـهـانێکی پڕ لە سـیـحـر و جوانی کە پەردە لەسـەر هـەزاران نـهـێنیـی مـێـژووی وڵاتی هیند و پاکسـتـان لادەدات و گـێـڕانەوەکـە سـەرەڕای شـێـوازی ڕیالیـزمـی جـادوویی و پۆسـتـمـۆدێرن و پۆستکۆلۆنیالی، خوێنەرەوە لەگەڵ مێژووی وڵاتی هیندستـان بە تەواوی ئاشنا دەکات و پاڵەوانی سـەرەکیی ڕۆمـانەکـە، سـەلیـم سینایی، کـە لە نیـوەشـەوی پازدەی ئاگۆسـتی ١٩٤٧، ڕۆژی سەربەخـۆییی هیندسـتـان، لەدایک دەبێت و لە سی و یەک سـاڵەی تەمـەنیدا پـێشـبـینیی هەڵوەشـانەوەی جـەسـتـەی خـۆی و مـردنـی دەکـات، هـەمـوو کـەلێن و قـوژبنی ئەم وڵاتـە لە سـەردەمـی دەسـەڵاتی ئینگلیزەکانەوە و دواتر جیابوونەوەی پاکستان و بەنگلادێشمان بۆ دەگێڕێتەوە و تیـشک دەخـاتە سـەر هەمـوو لایەنە سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتیـیـە ئاڵۆز و پێـچـەڵپـێـچـەکـانی ئەم وڵاتە. هەر بـۆیەش خـوێنەرەوەی شـارەزا دەیـەوێت چاوەڕوانییـەکی لەم چەشنەی لە ڕۆمـانی کوردی هەبێت کە لە گێڕانەوەیەکی خـەیاڵیدا هەلومـەرجی کۆمەڵایەتی و سیـاسـیی کوردسـتـانی نیـشـان بدات. خەیاڵی ئەدەبییانەی ڕوشـدی لە ئافراندنی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیدا خۆی دەردەخـات، نەک لە تەمـاویکردنی ڕووداوەکـان و دابڕینیـان لە جیـهـانی واقیـع.

ئەم توانایییە ئەدەبییە بۆ نموونە هەر لە کاتی لەدایکبوونی سەلیم و شیوادا خۆی دەردەخات کاتێک کە جێگۆڕکێ بەم دوو کۆرپەیە دەکرێت و هیچیان لە باوەشی دایک و باوکی سروشتیی خۆیاندا گەورە نابن و ئەمە دەبێت بە ڕازێکی سەرنج ڕاکێش لە هەموو گێڕانەوەکەدا و هەڵگری چەندین جۆرە ڕاڤە و لێکدانەوەیە.

پێنجەمین کتێب بابەتێکی تا بڵێی هەستیاری لە مێژووی کوردستان و دەوروبەری هەڵبژاردووە کە بارگاوییە بە یەک لە سامناکترین کارەساتەکانی سەدەی بیستەم واتا کوشتاری بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان. پێشتر بابەتێکی لەم چەشنە لەلایەن مامۆستا برایمی یونسییەوە کرابووە هەوێنی ڕۆمانی نزا بۆ ئارمین (هەڵبەت بە زمانی فارسی کە دواتر مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە کردوویە بە کوردی) و لەم دواییانەشدا لە چەند ڕۆمانی تری کرمانجیدا ئاماژەی پێ کراوە. پێنجەمین کتێب بەسەرهاتی گەڕانەوەی کاکۆی ژەنیاری مورادبەگە بۆ کوردستان. کاکۆ لە باوکێکی کورد و دایکێکی ئەرمەنی لە وڵاتێکی ئەوروپایی لەدایک دەبێت و دوای خوێندنی زەویناسی لە زانکۆ، بۆ تێگەیشتن لە ژیانی دایک و باوکی دەگەڕێتەوە کوردستان. دیاردەی گەڕانەوە لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا تێمی زۆر ڕۆمانی پێک هێناوە. بۆ نموونە لە شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی، تەمی سەرخەرەندی شێرزاد حەسەن، باڵندەکانی دەم بای عەتای نەهایی، ئەزێ یەکێ بکوژمی فیرات جەوەری و ڕۆنی مینا ئەڤینێ و تاری مینا مرنێی محەمەد ئۆزوندا تووشی گێڕەرەوە یان کاراکتەرێک دەبین کە لە ئەوروپاوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. ئەمە دەتوانێت کەرەسەیەکی باش بێت لە دەستی نووسەردا کە جیاوازیی جیهانە ئەزموونکراوەکانی کاراکتەرەکانی بکاتە هەوێنی شکڵگرتنی ناسنامە تازەکان و چلۆنایەتیی کێبەرکێی ئەم ناسنامانە. بەڵام گێڕانەوەکە پێمان ناڵێت کاکۆ کەنگێ و لە کام وڵاتەوە هاتووەتەوە و ئەو گوندەی لێی لاداوە لە

کام بەشی کوردستانە. تەنانەت ئەو شوێن و کەسانەش کە ئاماژەیان پێ دەکرێت، بۆ نموونە "ئەشکەوتی هەزار دەریا" و کەسێکی وەک "جەیمس پۆل براون" زەحمەتە شوێنێک و کەسێکی دیاریکراو و ڕاستەقینەمان وەبیر بخەنەوە. لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا ژەنیاری باوک و ئارتووشی دایک و کارۆلینی دۆستەکچ لە فڕۆکەدا دەبینین کە بەرەو کوردستان (لە ڕێی ئیستامبوڵەوە) بە شوێن کاکۆدا بەڕێوەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بەشی هەرە کورتی ڕۆمانەکە واتا بەشی چوارەم و کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت کە کاکۆ گەڕاوەتەوە ئەورووپا و لە باغی ئۆرانۆسدا بە ڕێوڕەسمی "باخەوانی پیر" بەرەو دنیایەکی تر ("بەهەشت") بەڕێ دەکرێت. بەڵام خوێنەرەوە هەروەک چۆن "کچەکەی" دوادێری ڕۆمانەکە "چاوەڕێی هاتنی درەختێک" دەکات، چاوەڕێیە بزانێت باوکی کاکۆ، واتا ژەنیار کێ بوو و بۆ لە ئەورووپا دەژیا و چ هۆکارگەلێک تووشی ئاوارەییان کردبوو و چۆن ژیانی خۆی بەڕێوە دبرد؟ خوێنەرەوە چاوەڕوانە بزانێت کاکۆ چی بەسەر دێت. ئاخۆ دەمرێت؟ ئەگەر دەمرێت، ئەمە چ جۆرە مەرگێکە؟ ژەنیار تا ڕادەیەک وەبیرخەرەوەی سەردەمێکی ژیانی زوهدی شازەمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵی بەختیار عەلییە و هەر چۆن خوێنەرەوە دەتوانێت لەمەڕ کاراکتەری ماجەلانی ڕاستەقینە یاخۆ زوهدی شازەمان پرسیار بکات ئەو چۆن توانای ئەو هەموو گەشتانەی بە دنیادا هەبوو، ئاواش بپرسێت ژەنیار چ کارە بوو، کێ بوو، چۆن بوو و لە هەمووش گرینگتر بۆ وا بوو؟ پێنجەمین کتێبیش وەک غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ و شاری مۆسیقارە سپییەکان لەبن باری خەیاڵدا چەماوەتەوە. تۆ بڵێی ئەو هەموو فەنتازیایە جۆرێک نەبێت لە هەڵاتن لە ئێستا؟ تۆ بڵێی ئەو هەموو فەنتازیایە جۆرێک نەبێ لە خۆدەربازکردن لە گەڕانی ورد بەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێک لە هاوکێشی لە نێوان خەیاڵ و واقیعی ڕووداوەکان لە دوو توێی ڕۆمانێکدا؟ ئاخۆ ئاوابوونی جەلادەتی کۆتر و سەفەرەکەی بەرەو شاری

مۆسیقاره سپییەکان و ڕاکشانی کاکۆ له باغی ئۆرانۆسدا ڕاکردنه له واقیع و پەنابردنه بۆ کویئاوای "ئەبەدییەت" و "جاودانی"؟ ئاخۆ ئامادەییی "پەشن کنگ" له پێنجەمین کتێب و "مۆزارت" له غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا هەلاتن نییه له واقیعی مۆسیقای خۆماڵی و له هەمان کاتدا هەوڵێک بۆ نەبیستنی مۆسیقای چەند دەنگی کۆمەڵگەیەکی پڕ له کارەسات که هێشتا تا پێناسەکردنی خۆی ڕێگەیەکی دوور و درێژی لەبەره؟

هەروەک چۆن ڕۆمانی خوێنەرەوه بەسەرهاتی نەوەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوه که له کەسایەتیی مایکێلدا بەهۆی جینایەتی نەوەکانی پێشتر تووشی هەستی گوناه و سەرگەردانی هاتووه، پێنجەمین کتێب به گێڕانەوەی گەڕانی کاکۆ به شوێن حیکایەتی دەفتەره بەرگ چەرمه قاوەیییەکەی دایکی، تەمی خەستی ڕابردوو بەسەر ژیانی ئێستادا نیشان دەدات. بەلام قورساییی له ڕادەبەدەری خەیاڵ بەسەر واقیعدا ناهێڵێت بچینه ناو وردەکارییەکانی تراجیدیای ئەرمەنییەکان و ڕۆڵی کوردەکان لەم تراجیدیایەدا به باشی ببینین. ئاخۆ وەک لێره و لەوێی ڕۆمانەکه باس دەکرێت کوردەکان تەنێ ڕۆڵی ئەرێنییان له داڵدەدانی ئەرمەنییەکاندا هەبووه، یان لەبەر هۆکاری ئاینی و کەوتنه ژێر کارتێکەریی پڕوپاگەندەی عوسمانییەکان له زۆر شوێندا ئاگری جەهەننەمی سووتانی ئەرمەنییەکانیان دەگەشاندەوه؟ ئاخۆ هاوژینیی ژەنیار و ئارتووش گوزاره له دەردی هاوبەشی کورد و ئەرمەن دەکات بەرامبەر بەعوسمانییەکان و دەسەلاتدارانی ئێستای تورک؟

ناوی کتێبەکه خۆی قسه هەڵدەگرێت. ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی هیچ پێوەندییەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ له نێوان ناوی ڕۆمان و ناوەڕۆکی ڕۆماندا نییه، بەلام زۆرجاران مرۆڤ دەتوانێ دوای خوێندنەوەی ڕۆمانێک هۆکارەکانی پشت ناوی ڕۆمانێکی تایبەت بدۆزێتەوه. بۆ نموونه زۆر ئاسانه مرۆڤ دوای خوێندنەوەی شەڕ و ئاشتی یان ئاننا کارێنینا و تاوان و سزا و

برایانی کارامازۆف، بزانێ بۆ تۆلستۆی و داستایۆڤێسکی ئەم ناوانەیان بۆ ڕۆمانەکانیان هەڵبژاردووە. بەڵام هەڵدانی ڕازی ناوی پێنجەمین کتێب دوای خوێندنەوەش ئاسان نییە و دواجار خوێنەرەوە دەتوانێت لە باشترین حاڵەتدا هەر خاوەنی کۆمەڵێک گومان بێت. تۆ بڵێی ئەمە پێنجەمین ڕۆمانی جەبار جەمال غەریب بێت؟ تۆ بڵێی ئەمە بەپێی دابەشکردنی کتێبەکە بە چوار کتێب بێت و پێنجەمین کتێب بەشی نەنووسرای کتێبەکە بێت؟ تۆ بڵێی پێنجەمین کتێب ئاماژە بێت بەو دەفتەرە بەرگ چەرمەی کە کاکۆ لە سندووقەکەی دایکی دەری دێنێت و لەگەڵ خۆی دەیبات و جارجار دەیخوێنێتەوە؟ تۆ بڵێی ئەمە ئاماژەیەک بێت بە ژمارەی کتێبە ئاسمانییەکان و پێنجەمین کتێب خرابێتە پاڵ کتێبە پیرۆزەکانەوە؟ (لە سەروبەندێکدا کە کۆمەڵێک سیاسیی ئیسلامی یان ئیسلامیی سیاسی لە کوردستان تەنگ بە ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد هەڵدەچنن و وەک نوێنەری خواوەند و ڕاستیی خەت و نیشانی ژیان و بیرکردنەوە بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکەن و هەر کەس وەک ئەوان بیر نەکاتەوە تەکفیری دەکەن و فەرمانی ڕەجمی دەدەن، تۆ بڵێی مرۆڤ بوێرێت، تەنانەت لە دنیای شیکاریی ئەفراندنی ئەدەبیشدا، هەوڵی راڤەی ناوی کتێبێک بدات؟)

پێنجەمین کتێب بە چوار بەشی سەرەکی لەژێر سەردێری "یەکەم" (٦٨ لاپەڕە، ١١ وردە بەش)، "دووەم" (١٤٠ لاپەڕە، ٣٦ وردە بەش)، "سێیەم" (٦٦ لاپەڕە، ١١ وردە بەش)، و "چوارەم" (١٠ لاپەڕە، ١ وردە بەش)، دابەش کراوە، و بۆ هەر وردە بەشێک ناوێکی تایبەتی دەستنیشان کراوە. دیاردەی بەش بەشکردنی ڕۆمان دیاردەیەکی کۆنە. لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی کە ڕۆمانە ئەوروپاییەکان لە سەرەتادا، بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا، بە شێوەی بەش بەش لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا چاپ دەکران، بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامە و کۆوارەکان داوایان لە ڕۆماننووسان دەکرد کە بۆ هەر بەشەی ناوێک دانێن و بەمجۆرە کاری خوێنەرەوەیان بۆ شوێنهەڵگرتنی گێڕانەوەکە

ئاسانتر دەکرد. بەڵام ئەمە نەبوو بەدیاردەیەک کە هەموو ڕۆمانێک ڕەچاوی کات و دواجار ئەمە زەوق و شێوازی ڕۆمانووسە کە بڕیار لەسەر چلۆنایەتیی دابەشکردنی گێڕانەوەکەی بە چەند بەش و لەژێر چ نێوگەلێک دەدات. ئەوەی بۆ خوێنەرەوە گرینگە ئەوەیە کە بەش بەشکردنی گێڕانەوەکە نەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێی بەستنەوەی ڕووداوەکان بە یەکترەوە و خوێنەرەوە تووشی گرفتی لەدەستدانی زنجیرەی گێڕانەوەکە نەکات و دواجار لۆجیکێک لەپشت هەر دابەشکردنێکدا ببینێت. خوێندنەوەی من لە پێنجەمین کتێب یارمەتیی ئەوەی نەدام کە هۆکارێک بۆ ئەو ٥٩ وردە بەشە ببینمەوە، بەپێچەوانە هەر کاتێک دەگەیشتمە ناوی وردەبەشێکی تازە سەرەداوی ڕووداوەکان و گێڕانەوەکەم لێ ئاڵۆز دەبوو. ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێییش ئەم شێوە دابەشکردنە لەگەڵ ڕۆمانێکی سەرکەوتووی وەک پڵینگی سپیی ئاراڤیند ئادیگا، وەرگری خەڵاتی بووکێری ٢٠٠٨، بەراورد کەین، دەبینین کە چۆن دابەشکردنی پڵینگی سپی بەپێی زەمەن یارییەکی جوانی ئەدەبییانەی لێ کەوتووەتەوە. لە کاتێکدا کە گێڕانەوەکە دابەشی پێنج شەو و دوو بەیانی کراوە، بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشانە دوای شەوی یەکەم و دووەم، بەیانی چوارەم دێت و باسێک لە شەوی سێیەم ناکرێت و هەمدیسان دوای شەوی چوارەم و پێنجەم تووشی بەیانی شەشەم دەبین و دواتر شەوی شەشەم و حەوتەم.

هەریەک لەم برگە زەمەنییانە و لە ڕاستیدا بەشگەلی ڕۆمانەکە هێندێک جار بەهۆی ئەستێرەیەکەوە مەودایان تێ دەخرێت بێ ئەوەی خوێنەرەوە تووشی دابڕین بکات لە ڕەوتی گێڕانەوەکە. دەستنیشانکردنی ناو بۆ وردە بەشەکانی کتێبی پێنجەم، ئەویش هێندێک جار ناوگەلی نامۆ و ئەدەبییانە، ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەرەوە لێڵ دەکات و بۆ لادانی تارمایی کارتێکەریی ئەم ناوانە خوێنەرەوە دەبێ پشوویەک بدات و یەکجار پێداگر بێت لە شۆپاندنی ڕۆمانەکە بۆ ئەوەی دیسان سەری بەرداتەوە سەر لاپەڕەکان و لە

خوێندنەوە بەردەوام بێت.

ئەگەر دەکرێ بەرهەمەکانی بەختیار عەلی بە سانایی لە خانەی ڕیالیزمی جادووییدا پۆلێن بکرێن، ناکرێت بە ئاسانی پێنجەمین کتێب بخەیە ئەم خانەیەوە و کۆمەڵێک نیشانە دڕدۆنگت نەکەن لەوەی کە لێرە و لەوێ وەک تۆوەکانی سووریالیزم خۆ دەربخەن.

زمانی پێنجەمین کتێب وەک بەرهەمەکانی تری جەبار جەمال غەریب زمانێکی شیعرییە و پڕە لە وەسف و ڕازاندنەوەی ئەدەبی. بەڵام ئاخۆ ئەم زمانە دەتوانێت نوێنەرایەتیی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە بکات؟ ئاخۆ ئەم زمانە کە لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا، بەبێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی ناوچەیی، جێندەری، تەمەنی و ئاست و شوێنی کۆمەڵایەتیی کاراکتەرەکان، بە شێوەیەکی یەکدەست دەخوشێت، دەتوانێ ئامانجی خەیاڵی دیالۆگییانەی باختینی دەستەبەر بکات؟ کاکۆیەک کە لە ئەوروپا مەزن بووە و وەک ڕۆمانەکە پێمان دەڵێت کوردی لە باوکی فێر بووە و دایکیشی ئەرمەنییە، بەهەمان زمان قسە دەکات کە ژنێکی گوندیی وەک ناز جەواهێر خان قسەی پێ دەکات و لە هەموو ئاخافتنی زۆرجار خەیاڵی و ئابستراکتی ئەم دووانەدا تووشی جیاوازییەکی لەهجەیی و شێوازی نابین. کاتێک دەبینین کە کاکۆ دەفتەرە بەرگ چەرمە قاوەیییەکەی دایکی دەخوێنێتەوە، دەفتەرێک کە وێ دەچێت لە سەردەمی کوشتاری ئەرمەنییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا قەشەیەک نووسیبێتی، قەت بۆمان دەرناکەوێت کە ئەم دەفتەرە بە چ زمانێک نووسراوە و گەنجێکی لە ئەوروپا گەورەبووی وەک کاکۆ چۆن ئەم دەفتەرە دەخوێنێتەوە. لە ڕاستیدا نەبوونی زمانی نووسراوەیی کۆنی کوردی لە شێوە پەخشاندا دەتوانێت گرفتێکی گەورە بۆ نووسەری کورد ساز بکات کاتێک ئاماژە بە زمانی بەکارهاتوو لە سەردەمانی پێشتردا دێتە ئاراوە. بۆ نموونە بۆ نووسەرێکی ئێرانیی وەک هوشەنگی گوڵشیری نووسینی کتێبێکی وەک جندووکەنامە (جننامە) بەپێی هەبوونی فارسیی

کلاسیک و ڕەچاوکردنی ئەو شێوازە نووسینە کۆنە کە لە ئەدەبی هەزار ساڵەی فارسیدا هەزاران نموونەی تێدایە، کارێکی زۆر زەحمەت نییە و هەروەک لە ڕۆمانەکەی گوڵشیری دەردەکەوێت زمانی گێڕانەوەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە مۆرکی ئەو بابەت و کەس و سەردەمەی پێوەیە کە تەواو جیاوازە لە سەردەمی ئێستا. نووسەری کورد یان دەبێت بە یارمەتیی توانای داهێنانی خۆی زمانێکی لەم چەشنە بەرهەم بێنێت، یانیش دەبێ خۆی لە قەرەی سەردەمانی پێش ئێستا نەدات. ئاخر ناکرێت تۆ گوێبیستی قسەی کەسێک بی کە باسی سەد ساڵێک لەمەوبەرت بۆ دەکات بەڵام هەنبانی وشە و داڕشتنی ڕستەی تەواو هی سەردەمی ئێستایە. تۆ بڵێی ڕازی نەدرکاندنی زمانی دەفتەرەکە هەر لەبەر هۆکارێکی لەم چەشنە نەبووبێت؟

پێنجەمین کتێب هەوڵێکی پڕ بایەخە بۆ گێڕانەوەی تراجیدیای نەتەوەیەک کە هێشتا ناسنامەیەکی یاسایی بۆ خۆی دەستەبەر نەکردووە. بەڵام ئافراندنی هاوکێشییەکی تۆکمە لە نێوان خەیاڵی نووسەر و واقیعی وڵاتی کوردان و دانیشتوانی ئەم وڵاتەدا هێشتا چاوەڕوانیی بەرهەمگەلی ترمان لێ دەکات. بەرهەمگەلێک کە تێیاندا واقیع بە هەموو قورساییی خۆیەوە، بەو جۆرەی کە لە میهرەبانەکان و خوێنەرەوە وماڵی ڕاجانی و مناڵانی نیوەشەودا ئامادەیە، لە داڵانەکانی خەیاڵدا بدرەوشێتەوە. قورساییی خەیاڵ لە پێنجەمین کتێب و کۆمەڵێک ڕۆمانی تری کوردیدا زۆرجار خوێنەرەوە تووشی ماندووبوون دەکات و کەم نین ئەو کەسانەی دەڵێن ناتوانن ئەم جۆرە ڕۆمانانە تا دوا لاپەڕە بخوێننەوە. ئەزموونی ئۆرهان پاموک کاتێک باس لە جیاوازیی بەرهەمەکانی سەرەتای نووسینی خۆی لەگەڵ تازەترین بەرهەمەکەی واتا مۆزەی بێگوناهی دەکات، نیشان دەدات کە پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئەزموونی ژیان و ئامادەیی واقیع لە ڕۆماندا هەیە. پاموک لە وەڵامی پرسیاری جان فریمەندا کە ئاماژە بە پێوەندیی کاراکتەرەکانی

ڕۆمانەکە و گرێدراوییان بە ئەستەمبۆڵەوە دەکات، دەڵێت کە من پێم وایە کاتێک مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر لە شارێک ژیا، ئەم شارە دەبێت بە ئیندێکسی بیرەوەرییەکانی. لەم ڕۆمانەی مندا کاراکتەرەکانم عاشقن و عەشقەکەشیان تووشی گرفت بووە و تەواو مێلانکۆلییانەیە. من پێم وایە هونەری ڕۆمان کاتێک تەواو سەرکەوتووە کە ڕۆماننووس وێنەیەکی واقیعی و بەرهەست، بەو جۆرەی ت. س. ئێلیۆت دەڵێت (objective correlative)، بە کاراکتەرەکانی ببەخشێت. لە ڕاستیدا من ئەو شتانەی لە ژیاننامەکەی خۆم، ئەستەمبۆڵ: بیرەوەرییەکانی شارێکدا نووسیبوومن لە ڕۆمانی مۆزەی بێگوناهیدا بە وردەکاری و دیسقەتێکی پترەوە نووسیومنەتەوە. پاموک بە ئاماژە بە کەمال، کاراکتەری ڕۆمانەکەی، دەڵێت کە ئەو نموونەیەکی بالانوێنی چینی بورژوای ئەستەمبۆڵییە.

کاتێک فریمەن دەپرسێت مۆزەی بێگوناهی و بەفر لە بواری ئامادەییی واقیعدا لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووی پاموک، بۆ نموونە کتێبی ڕەش و ناوی من سوورەیە، زۆر جیاوازن، پاموک دەڵێت: کاتێک دەستم بە نووسینی ڕۆمانەکانی پێشترم کرد و کاتێک بە بنەماڵە و دۆستانی خۆمم گوت من ئیتر بەردەوام نابم لە خوێندنی ئەندازیاری و دەبم بە نووسەر، هەموو دەیانگوت ئەتۆ لەم تەمەنە کەمە واتا بیست و پێنج ساڵیدا ناتوانی ببی بە ڕۆماننووس و ئەزموونی ژیانت نییە.

من ئەو کات توورە دەبووم و دەمگوت ڕۆمان پێوەندیی بە ژیانەوە نییە و ئێوە هیچ لە ئەدەبیات نازانن بۆیە وا دەڵێن. من پێم دەگوتن من بۆرخێس و کافکا و کالڤینۆم خۆش دەوێ و ئەمە بەسە بۆ من کە بتوانم ڕۆمان بنووسم. بەڵام ئێستا پاش سی و پێنج یان چل ساڵ دەڵێم کە هەڵبەت ڕۆمان باسی ژیانە و هەر بۆیەشە کە مۆزەی بێگوناهی لە ساڵی ١٩٧٥ەوە کاتێک من تەمەنم بیست و سێ ساڵ بوو دەست پێ دەکات و ماوەی دوو دەیە بەردەوام دەبێت و تێیدا هەموو ئەزموونەکانی خۆم ڕەنگ دەدەنەوە و بەمجۆرە

ڕۆمانێکه سەبارەت بە ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە[1].

ئەزمـوونی ئۆرهان پامـوک پێـمـان دەڵێت کـە نووسـەرانی گـەورە چۆن بەشێوەیەکی ڕەخنـەییـانە دەڕواننە بەرهەمی خۆیان و بەمجۆرە مـەیدان بۆ ڕەخنەی خـوێنەرەوانیش بەرفـراوانتـر دەکـەن. مـرۆڤ دەبێ هیـوادار بێت زمانی بەبڕشتی جەبار جەمال غەریب بەردەوام خـوێنەرەوانی بەسەر کاتەوە و تێـبـینیـیـەکانی خـوێنەرەوەیەکی بەردەوامی بەرهەمـەکـانی تەنیـا وەک هاندەرێک بۆ بەرهەمی زۆرتر و بەپێزتر سەیر بکرێن.

---

١٠ ئەم چاوپێکەوتنە بە زمانی ئینگلیزییە و من تەنیا بەشێکیم بەشێوەیەکی ئازاد لێرەدا کردووەتە کوردی. بۆ بیستن و بینینی ئەم چاوپێکەوتنە کە سەرنووسیاری گرانتا، جان فریمەن، لەگەڵ ئۆرهان پاموک کردوویەتی، بڕوانە:
http://vimeo.com/8577736

## نەریت و دژە نەریت لە گێڕانەوەیەکی پیاوانەدا

لە حەفتا و پێنجەمین ساڵوەگەڕی ڕۆمانی کوردیدا مرۆڤ پاش خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی کوردی دەکرێت لە خۆی بپرسێت گەلۆ شێواز و ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانەی بەردەستم چەندە لە تایبەتمەندییەکانی کەم و زۆر جێگرتووی ئەم ژانرە ئەدەبییە لای داوە؟ خوێندنەوەی من لە ڕۆمانی کوردی ئەم باوەڕەی لا دروست کردووم کە ڕۆمانی کوردی هەتا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتیی هەلومەرجی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کوردی و گەڕان بەشوێن دابینکردنی ناسنامەیەک دەکات کە لە سەردەمی سەرهەڵدان و بیچمگرتنی ناسنامە نەتەوەییە تازەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا نەیتوانیوە هەبوونی خۆی لە قەوارەیەکی نەتەوەییدا بسەلمێنێت. ڕەنگە بۆچوونە بەناوبانگەکەی فریدریک جەیمسۆن لەمەڕ تایبەتمەندیی ئالیگۆرکی نەتەوەییی ڕۆمانی جیهانی سێیەمی زیاتر لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە بۆ ڕۆمانی کوردی گونجاوتر بێت.[1] بەڵام چاپ و بڵاوبوونەوەی چەند ڕۆمانی کوردی لە چەند ساڵی ڕابردوودا گوزارەیەکی کەمڕەنگن لە هاتنە کایەی جۆرێک لە دەق کە مرۆڤ ناتوانێت بەسانایی بیخاتە خانەی گوتاری باوی ڕۆمانی کوردییەوە. وێ دەچێت لایەنی زاڵی سیاسی لە گوتاری گێڕانەوەیی و زەقبوونی سیاسەت و پرسە سیاسییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا بەرەبەرە جێگەی خۆیان بدەن بە ئامادەیی، هەرچەند کەمڕەنگی، پرسی تاک و دوورەپەرێزی لە سیاسەت لە مانای وێڵبوون

١. بەباوەڕی جەیمسۆن ڕۆمان لە جیهانی سێیەمدا بەر لە هەموو شتێک ئالیگۆرییەکی نەتەوەییە. بڕوانە:

Jameson, Fredric, "Third-World Literature in the Era of Multinational Capitalism", Social Text, No 15.1986 . pp .65-88 .

بەشوێن سەلماندنی ناسنامە و بوونێکی جیاوازی نەتەوەیی یاخۆ لانی کەم ئەتنیکی لە هەمبەر "ئەوانی تردا". ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بیستساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان و ئامادەییی دەسەڵاتی خۆماڵیی کوردی، ئەگەرچی هێشتا دوورە لە سەروەریی سیاسی لە شێوەی دەوڵەت-نەتەوەدا و، ڕەوتی خێرای جیهانیبوون دوو دیاردەن کە سەرەتاکانی گۆڕانی تایبەتمەندیی زاڵی گوتاری گێڕانەوەییی کوردی دەکەن بە واقیعێکی بەرهەست. تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر کارتێکەریی جیهانیبوونی فەرهەنگ لەسەر گۆڕانی ڕۆمان مرۆڤ دەکرێت بڵێت کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا شێواز و ناوەڕۆکی ڕۆمان ئیتر ڕاستەوخۆ گرێدراوی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتێکی دیاریکراودا نییە و ئەوە هەر ئاستی گەشەی دەستمایەداری و تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە نییە کە چارەنووسی شێواز و تێمی ڕۆمان دیاری دەکات. ئەگەر هەتا دوێنێ تیۆرییەکانی کەسانی وەک لوسین گۆلدمەن و فرێدریک جەیمسۆن لەمەڕ پێوەندیی ڕۆمان بە قۆناغە جۆرەجۆرەکانی دەستمایەداریی لیبراڵ و مۆنۆپۆل و پاش پیشەسازییەوە شیکەرەوەی گۆڕانکارییەکانی جیهانی ڕۆمان بوون، ئێستا مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئامادەییی ڕۆمانی گرێدراو بەقۆناغی پاش پیشەسازی لە وڵاتێکی لە بواری ئابوورییەوە تەواو دواکەوتووشدا، دەتوانێت پشت بە تیۆرییەکانی کەسانی وەک مایکل مۆس ببەستێت کە لە کارتێکەریی جیهانیبوونی فەرهەنگ بەسەر ئەم ژانرە ئەدەبییەوە دەکۆڵێتەوە.[١]

١. مایکل مۆس لە کتێبی ڕۆمان و جیهانیبوونی فەرهەنگدا باسی ئەوە دەکات کە لە دنیای ئەمڕۆدا جیهانیبوونی فەرهەنگ بووەتە هۆی پەیدابوونی نووسەرگەلێک کە نووسینەکانیان ڕاستەوخۆ گرێدراوی هەلومەرجی تایبەت بەوڵاتێکی دیاریکراو نییە. ڕۆماننووسانی وەک سەلمان ڕوشدی، تاهیر بین جەلون و ماریۆ ڤارگاس یوسا هەم وەک تاک و هەمیش وەک بەرهەم نموونەی تێکەڵاویی فەرهەنگیی جیهانی ئەمڕۆن. بڕوانە:
Moses, Michael Valdez, The Novel and the Globalization of Culture, New York, Oxford University Press, 1995.

گەشتێک بەرەو ژنەکان لە نووسینی زانا خەلیل لادانێکی بەرچاوە لە تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕۆمانی کوردی کە لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا بەر لە هەر شتێک وەک مانیفێستۆیەکی سیاسی دەوری گێڕاوە.[1] پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێک پرسیارم لا گەڵاڵە بوون کە هەوڵ دەدەم لەم وتارەدا ئاوڕیان لێ بدەمەوە:

١- ئەم ڕۆمانە لە بواری ژانرییەوە چۆن پێناسە دەکرێت و وێکچوویی و جیاوازییەکانی لەگەڵ شێوازەکانی بیرەوەری و ژیاننامەنووسی کامانەن؟

٢- دژایەتی و هاوکێشیی نەریت و دژە نەریتی لەم ڕۆمانەدا چۆن وێنا کراوە و پەیامی هزری و فەلسەفیی ئەم ڕۆمانە چییە؟

٣- پرسی جێندەر چۆن لەم ڕۆمانەدا ڕەنگی داوەتەوە؟

## گەشتێک بەرەو ژنەکان: ڕۆمان، ژیاننامە یان بیرەوەری؟

گەشتێک بەرەو ژنەکان لەبەر کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گێڕانەوەیی و شێوازی، گرفتی پێناسەی ژانرییانە دەخوڵقێنێت. بەواتایەکی تر دەستنیشانکردنی دەقەکە وەک ڕۆمان پێویستی بەهێندێک ڕوونکردنەوە هەیە. لەسەر ڕووبەرگی کتێبەکەدا نووسراوە "ڕۆمان" و هەر ئەمەش لە هەنگاوی یەکەمدا لایەنی ژانرییانەی دەقی بەردەست بە خوێنەرەوە ڕادەگەیەنێت و وەک مەیسی گوتەنی سەرەڕای هەموو دڕدۆنگییەک دەبێ دەقەکە وەک ڕۆمانێک سەیر بکرێت.[2] هەڵبەت خوێنەرەوەی ژیر لە پرسیارکردن ناوەستێت و پێملی

١. خەلیل، زانا، گەشتێک بەرەو ژنەکان، هەولێر: کتێبفرۆشیی سۆران، ٢٠٠٥ .

٢. مەیسی دەڵێت کە لەبەر گرفتی پێناسەی ڕۆمان و جیاکردنەوەی لە شێوەکانی تری گێڕانەوە، مرۆڤ دەبێ هەر دەقێک کە لەلایەن نووسەر یان وەشانخانەوە وەک ڕۆمان دەستنیشان دەکرێت بە ڕۆمان دابنێت. بڕوانە:

Massie, Allan،The Novel Today: A Critical Guide to the British Novel 1970-1989, Longman, in association with The British Council, London & New York, 1990, p .1

ناونیشانی سەربەرگی کتێبەکە نابێت. گۆشەنیگای یەکەم کەس لە گێڕانەوەی گەشتێک بەرەو ژنەکاندا نیشانەیەک بەدەستەوە دەدات لەوەی کە خوێنەرەوە لەگەڵ دەقێکی ژیاننامەیی ڕووبەڕووە. بەڵام ئەمە بەتەنیایی شەرتی پۆلێنکردنی دەقێکی گێڕانەوەیی وەک جۆرێک لە ژیاننامەنووسی نییە. لە ژیاننامەنووسیدا نووسەر ژیانی خۆی دەنووسێتەوە و ناوی نووسەر لەسەر بەرگی کتێبەکەدا هەمان ئەو ناوەیە کە لە درێژەی نووسینەکەدا سەرچاوەی نووسین و بابەتی نووسینەکەشە. بەواتایەکی تر هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی ژیاننامەی کەسێکدا لە نێوان نووسەر و خوێنەرەوەدا پەیمانێک دەبەسترێت کە ئەوەی دەخوێندرێتەوە بەسەرهاتی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە کە بۆ خۆی دەینووسێتەوە. نووسەری ژیاننامە بەڵێن دەدات کە بەسەرهاتی ژیانی خۆی بەو جۆرەی کە ڕووی داوە بۆ خوێنەرەوە بگێڕێتەوە. هەڵبەت ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێت بەسەرهاتی خۆی بەو جۆرەی ڕووی داوە بگێڕێتەوە باسێکی ترە. ئەگەرچی زۆربەی ژیاننامە و بیرەوەرینووسان دەڵێن کە ئەو کارە دەکەن، بەڵام وێ ناچێت مرۆڤ بە تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەمڕۆی، دوێنێی خۆی بەو جۆرەی ڕووی داوە ببینێت و بێتەوە بیری. پرس ئەوە نییە کە ئاخۆ ژانرێکی دیاریکراو، بۆ نموونە ژیاننامە یان بیرەوەری، دەتوانێت واقیع کۆپی بکات، پرس ئەوەیە ئاخۆ واقیع لە ڕاستیدا کۆپی دەکرێت؟ ئاخۆ ڕاستی لە دەرەوەی کردەی کۆمەڵایەتیدا دەئافرێندرێت یاخۆ دەدۆزرێتەوە؟ بەباوەڕی ئێلباز مرۆڤ ڕاستی کۆپی ناکات و نایگێڕێتەوە، بگرە سازی دەکات.[1]

دەقی گێڕانەوەکە بە خوێنەرەوە دەڵێت کارەکتەری سەرەکیی گەشتێک بەرەو ژنەکان "زانا خەلیل"ە. هەرچەند گێڕەرەوە نە لە سەرەتای گێڕانەوەکەدا، بگرە زۆر درەنگتر ئەم نهێنییە ئاشکرا دەکات و لە لاپەڕەی

1. Elbaz, Robert, The changing nature of the self, a critical study of the autobiographic discourse, London, Croom Helm Ltd, 1988, p9 .

٢٥٤دا له ڕێی نامەیەکی ڕێهاتی هاوڕێییەوە نیشانی دەدات کە ئەم بەسەرهاتە هی زانا خەلیلە. جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامەدا ئەوەیە کە لە ژیاننامەدا ناوی نووسەری بەرهەم و کارەکتەری سەرەکیی گێڕانەوەکە وەک یەکن، لە کاتێکدا لە ڕۆماندا، تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەکە کۆپیکردنێکی تەواویش بێت لە ژیانی نووسەرەکەی، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی هەیە لە نێوان ناوی نووسەر و ناوی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەدا. هەروەها ڕۆماننووس گرێدراوی زەمەنی مێژوویی نییە و دەتوانێت گێڕانەوەکەی لە هەر زەمەنێکدا بۆ خۆی بیەوێت، ڕابردوو، ئێستا و تەنانەت داهاتوودا، جێگیر بکات. لە کاتێکدا ڕۆماننووس گرێدراوی بەڵگەهێنانەوە و ئاماژە بە دنیای دەرەوەی دەق نییە، ژیاننامەنووس وەک ئەرکێک بەردەوام ڕوو لە دەرەوەی دنیای دەق دەکات و هەموو کەرەسە ئامادەکانی دنیای دەرەوە دەخاتە خزمەت سەلماندنی گێڕانەوەکەی خۆی.[1] هەڵبەت لەوەش گرینگتر گێڕەرەوە تەنانەت ڕۆژی لەدایکبوونی خۆیشی ڕادەگەیەنێت و دایک و بابی بەوە تاوانبار دەکات کە بێ حەزی ئەو لە ١٩٧٦/٧/١ ئەوان بە ناهەق بڕیاری جیابوونەوەی ئەویان داوە (ل. ١٠٢). ئەمەش شێوە دەربڕینێکی ڕەشبینانەیە بەرامبەر بە لەدایکبوون. گێڕەرەوە هەروەها دەڵێت کە شاعیرە و لە تەمەنی نۆزدە ساڵی لە کۆڕێکدا شیعری خوێندووەتەوە. بەم پێیە دەبێ گەشتێک بەرەو ژنەکان جۆرێک بێ لە ژیاننامە. بەڵام ئەم خاڵەش لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا تووشی گرفت دێت و بڕیاردان لەسەر ژیاننامەبوونی دەقەکە ئاڵۆز دەکات. گێڕەرەوە لە کۆتاییی گێڕانەوەکەیدا بە فێڵێکی ئەدەبی (literary device) هەموو پێش فەرزەکانی خوێنەرەوە لەمەڕ بە ژیاننامە زانینی دەقەکە هەڵدەوەشێنێتەوە: "ئەو قسانەی کە نووسراون ئەوە قسەی من نەبوون، بگرە پشیلەیەکی

1. Smith, Sidonie, and Watson Julia, Reading Autobiography a Guide for interpreting life narratives, University of Minnesota Press, 2001, p148 .

خنجـیـلانە بـوو هاتە لام و ئـاوای گـوت." (ل. ٣٨١). "کـە وردتر بـوومــەوە، تێگەیشـتـم بوومـەتە ئاژەڵ [...] هـەر هـاوار و هـاوارم دەکرد، هـاهـاهـاهـاهـاهـا من بوومەتە پشـیلە!" (ل. ٣٧٤). لێرەدا خـوێنەرەوە تووشـی ئەم گرفـتە دەبێت کـە ئاخـۆ ئـەمـە بەسـەرهـاتی "زانـا خـەلیل"ە یان هـی "پشـیلـەیەک"؟ یان ڕەنگە مــرۆڤ بـاوەڕ بەوە بێنێت کــە لـە ئاکــامـی ڕوودانی جــۆرێک لە دۆنـادۆن (incarnation) زانا خـەلیل بووە بـەپشـیلە. ئەمـەش شـتێکە لـە ئەدەبیـاتدا بێ پێشینـە نییـە و گریگۆریی مـەسخی کـافکا و بوونی بە قـالۆنچـە نموونەیەکی هـەرە بـەرچاوە. وەک نموونـەیـەکی تر مـرۆڤ دەکـرێت ئامــاژە بە دۆنادۆنـێک بکات کـە لە بوومی کوێری نووسـەری ئێرانی سـادق هـیدایەتدا ڕوو دەدات و گێڕەرەوە دەبێت بـە "پیرەپیـاوی خـێنزپێنزری".[١] لە هـەر حـاڵەتێکدا ئەم فـێڵـە ئەدەبییە پاساوی بە ژیاننامە دانانی دەقەکە پووچەڵ دەکاتەوە.

بەلام هێشـتـا هـۆکاری تر هـەن کە خوێنەرەوە هـەست بکات ئەم دەقـە نەک ڕۆمـان بگرە جۆرێکە لە ژیاننامـە. بۆ نموونە کـۆمـەڵێک ناوی ڕاسـتەقـینە کـە دەکـرێت بە هـاسـانی مـرۆڤی شـارەزا بە ئـەدەبیــاتی هـاوچـەرخی کـوردی شـوێنپـێیـان هـەڵگرێت، لە کتـێبـەکەدا ئامـاژەیان پـێ دەکرێت کە لە پێوەندی لەگـەڵ گـێڕەرەوەدا بـوونە وەک دوکـتـۆر مـارف خـەزنەدار، هـاشم سـەڕاج و دوکتـۆر سـەروەر. هـەڵبەت ئەم دیاردەیە لـە ڕۆمـانی پۆستمـۆدێرندا زۆر باوە و دەکــرێت مــرۆڤ ناوێکی ئـەوتۆ لە دەقــەکــە بنێت. لـەبەرئەوەی ژانـرگــەلی

---

١. دەربڕینی ئەم شـێوە لە دۆنادۆنە وێکچـووییـەکی تەواوی هـەیە لەگـەڵ کۆتاییی ڕۆمـانی بوومی کوێر کـاتێک لە دوارسـتـەکـانی ڕۆمـانەکەیدا پاش ڕوانین لە ئـاوێنە خـۆی وەک "پیـرەپیـاوی خـێنزرپێنزری" دەبینێت و هـاوار دەکـات بووەتە "پیـاوی خـێنـزرپێنزری". هـەڵبەت پێکهـاتەی بوومی کوێر وەک دەقێکی بەگوتەی بارت "نووسـراوەیی" و کراوە بۆ ڕاڤەکردن لەگـەڵ پێکهاتەی گەشـتێک بەرەو ژنەکـان وەک دەقێکی "خوێندراوەیی" تەواو جیـاوازە و ئـەمـەش دەتوانێت بابـەتێکی سـەربـەخـۆ بێت بۆ نووسین لەسـەر گـەشـتێک بەرەو ژنەکان.

بیرەوەری و ژیاننامە و ڕۆمان کۆمەڵێک وێکچوویییان هەیە، هێشتا ساغبوونەوە لەسەر لایەنی ژانرییانەی گەشتێک بەرەو ژنەکان خوێنەرەوە دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاری تر.

لەنێو ژانرەکانی ئەدەبیدا ژیاننامە جێگەیەکی تایبەتی هەیە. لە ژیاننامەدا چاوەڕوان دەکرێت لایەنە جۆرەوجۆرەکانی ژیانی تایبەتی و تاکەکەسی لە تەنیشت ڕووداوگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئاشکرا بکرێن. لەبەر زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاستی نزمی گەشەی تاکبڕوایی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەستەمە مرۆڤ ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییانە لە ژیاننامەنووسیی کوردیدا ببینێت. هەر بۆیە بە هەڵکەوت نییە کە لە کوردستاندا بیرەوەرینووسی شێوازی سەرەکیی گێڕانەوەی ژیان و سەربردەی مرۆڤە و ئەمەش شێوەیەکە بۆ دەربازبوون لە باسکردنی لایەنە شاراوەکانی ژیانی تایبەتیی تاکی نووسەر. لە بیرەوەرینووسیدا نووسەر لە جیاتیی لایەنی تایبەت و تاکییانەی ژیانی خۆی باس لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دەکات و هەستەکانی خۆی بەجۆرێک کە گوزارە لە ناخی ئەو بکەن ناخاتە ڕوو. لە ڕاستیدا نووسینەوەی ژیاننامە و باسکردن لە هەموو لایەنە شاراوە و تایبەتییەکانی ژیان تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی شاری و لە هەلومەرجی هەبوونی چینی بەدەسەڵاتی بورژوادا دەتوانێت بلوێت و هەر بۆیە سەرهەڵدانی ژانری ژیاننامەنووسی و بەکارهاتنی ئەم چەمکە تەنانەت وەک وشەش دەگەڕێتەوە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم.[١]

١. ژیاننامەنووسی وەک چەمک بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٩٧ لە فەرەنسا بەکار هات و دواتر لە وڵاتانی تری ئەوروپایی بڵاو بووەوە. تایبەتمەندیی سەرەکیی بیرەوەرینووسیی کوردی بریتییە لە زاڵبوونی ڕووداو و بەسەرهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر لایەنەکانی تری ژیاندا. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەژیاننامە و بیرەوەرینووسینی کوردی بڕوانە:

Ahmadzadeh, Hashem, A Review of Kurdish Life-Writing, The International Journal of Kurdish Studies, Volume 17, Nos 1&2 .2003 , pp.1-16 .

ئەگــەرچی ڕۆمــان لە بنەڕەتدا زادەی خــەیاڵە و لە چوارچێــوەی ئــەدەبی گــێــڕانەوەدا پۆلێن دەکــرێت، بــەڵام ئەم ژانرە ئەدەبیــیــە بــەدەر نیــیــە لە کــارتێکەریی چلۆنـایەتیی ئەزمـوون و ژیانی ڕۆمــاننووســەوە بەســەر ڕەوتی گێڕانەوەدا. ئەگــەرچی ســەردەمی جــیاواز و قــۆناغــەکــانی گەشــەی ڕۆمــان فــاکتــۆری گرینگن لە بــالانس و هــاوکێشــیی نێوان ڕەنگدانەوەی ئــەزمــوونی ڕۆمــاننووس و ئامــادەبوونی ئەم ئەزمـوون و شــێوە ژیانە لــە دەقی ڕۆمــانیدا، جگە لــە شــێــواز و تێــمــا، ئــەوەی دواجــار ڕۆمــانێک لە ڕۆمــانێکی تر جــیــا دەکــاتــەوە هــەلومــەرج و تێگەیشتن و خــوێندنەوەی ڕۆمــاننووســە لە بوون و هەمــوو پرسگەلی گرێدراو بە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و بیر و تیۆری زانین. هــەرچەند ڕیشــەی ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی لە گوتاری گێڕانەوەدایە و بنجــوبنەوانــی دەگــەڕێتــەوە ســەر نــامــە، جــۆرنال، بیــرەوەری، ژیاننامــە، یاداشت و مــێــژوو، بەڵام کۆمــەڵێک خــاڵی تەکنیکی، ڕۆمــان لە شــێــوەکــانی گێڕانەوەی ژیان جیــا دەکەنەوە.[1] ژیاننامــە وەک شــێوەیەک لە شــێوەکــانی گــێــڕانــەوەی ژیان لە لێکدانــەوەیەکی وردی ئەدەبیــدا هــەڵگری کــۆمــەڵێک تایبــەتمەندییــە کە لە شــێوەکانی تری گێڕانــەوەی بەســەرهــات و ســەربردەی مــرۆڤ جیــای دەکاتەوە. ئۆلنی، ســمیت و واتســۆن جــیــاوازییــەکــانی نێوان جــۆرەکــانی ژیاننووسی دەستنیــشــان دەکــەن و لەســەر بنەمــای وێکچــوویی و جیــاوازییــەکان هــەوڵی پۆلێنکردنــی هــەمــوو ئــەو جــۆرە نووسینانە دەدەن کە بە شــێوەیەک لــە شــێوەکان لەگەڵ گــێڕانەوەی بەســەرهــات و ژیانی مــرۆڤــەکــان هــەڵســوکــەوت دەکــەن. بۆ نموونــە ســمــیت و واتســۆن ئــامــاژە بەوە دەکــەن کە زۆربەی ژیاننــامــەنووســــان کــەڵکێکی بەربڵاو لــە بەڵگەگــەلی مــێــژوویی، چاوپێکەوتن و ئەرشــیــڤی خــێزانی وەردەگــرن، بەڵام لە هــەمــان کــاتدا تەنێ هێندێک لەوان بیــرەوەرییــە تایبــەتیــیــەکــانی خــۆیان وەک ســەرچاوەیەکی

1.Wellek, Rene and Warren, Austin, Theory of Literature: A seminal study of the nature and function of literature in all its contexts, Penguin Books, 1956, p216 .

باوەڕپێکراوی مێژوویی دەخەنە ڕوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە سمیت و واتسۆن لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆ هێندێک لە شێوازەکانی ژیاننووسی، بیرەوەرییە تایبەتییەکانی پارێزراو لە شێوازی نامە، کۆوار و وێنەدا سەرچاوەگەلی گرینگ و دەستی یەکەمن.[١] جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان نووسینەوەی ژیانی کەسێک بە قەڵەمی خۆی و ژیانی هەمان کەس بە قەڵەمی کەسێکی تر بەکارهێنانی ئاوەڵناوی کەسی یەکەم و کەسی سێیەمە.

سەرەڕای بەکارهێنانی چەمکگەلی گشتی بۆ پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان مرۆڤ لە پێکهاتەکانی ناو ژانرێکی دیاریکراویشدا تووشی کۆمەڵێک جیاوازی دەبێت. هێندێک لە لێکۆڵەرەوان جۆرگەلی زۆر بۆ ژیاننامەنووسین دەستنیشان دەکەن. بۆ نموونە سمیت و واتسۆن لەسەر بنەمای "من"ی گێڕەرەوە و بوار و تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوە، ئاماژە بە پەنجا و دوو جۆرە نووسینی ژیاننامەیی دەکەن.[٢] پرسی "من" و "خود" و چلۆنایەتیی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەم دوو چەمکە بوارێکی بەهێزی دانانی جیاوازییە لە ژانرە ئەدەبییەکانی گێڕانەوەدا. "من" دەتوانێت هەم سوبژەی مێژوو بێت و هەمیش وەک "من"ی گێڕەرەوە، بکەری گوتار.[٣] ئاخۆ "من" و "خود" دیاردەگەلی سروشتی و نەگۆڕ و جەوهەرین یان سازکراوی گوتارین؟ تیۆریزانەکانی پۆستمۆدێرنیست هەموو بنەماکانی "خود" لە دەرەوەی گوتاردا ڕەت دەکەنەوە.[٤] لە ڕوانگەی لاکان و دێریداوە "خود" تەنێ شتێکی خەیاڵی و وەهمییە کە لەنێو گوتاردا ساز دەکرێت. "خود"ی

---

1. Smith and Watson, op .cit .p .9.

2. Smith and Watson, op .cit .p.6.

3. Lionnet, Francoise, Autobiographical Voices: Race, Gender, Self- portraiture, Ithaca, N .Y., Cornell University Press, 1989, p193 .

4. Smith, Sidonie, Subjectivity, Identity, and the Body: Womens Autobiographical practices in twentieth century, Bloomington, Indiana University Press, 1993, p .142.

ڕاستـەقینە هەرگـیز نادۆزرێتـەوە و پـەردەی لەسـەر دانامـاڵدرێت و ئاشکرا ناکرێت، چونکە بنەما و ڕیشـەی "خود" لە پێشـینەیەکی بێ کۆتاییدایە. هەر بۆیە بـەباوەڕی ئەوان مـێژوو و بنـجوبنـەوانی "خـود" لە خـەیاڵدایە. هەڵبـەت مرۆڤ دەتوانێت شـوێنپێی مێژووی درکاندن و دەربڕینی ئەم خـەیاڵاتە تۆمار بکات.[1] بەپێچـەوانەی ژانرەکانی تری ئەدەبی، سنوور و پێناسـەی ژیاننامـە زۆر لێڵـە. "من"ی ژیاننامە تێکەڵاوێکە لە "مـن"ی گێڕەرەوە، "من"ی گێڕدراوە، "من"ی دۆینـێ، "من"ی ئەمـڕۆ و "من"ی ئـایدیۆلۆجـیک. ئەگـەر لە ژیاننـامـەی ڕۆســـۆدا جـــۆرێک لـە نەزم دەبـیندرێت و "خـــود" پێنـاســـە دەکـــرێت و دەگـێڕدرێتـەوە، لە دژە بیـرەوەرییـەکـانی مـالرۆدا ئەم نەزمـە جێگەی خـۆی دەدات بە پێکهاتەیەک لە بێنەزمییەکان. بە باوەڕی مالرۆ دۆزینەوەی "خود" و ناسـینی "خود" تەنیا وەهمێکە. خـود نادۆزرێتەوە، چونکە بـوونی نییـە، بگرە بۆشـاییـیـەکە کـە دەبێ لە دەرەوەڕا پڕ بکرێتـەوە و بـئـافرێندرێت. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین خـود ڕەهەندێکە لە خـەیاڵ نەک لە بیرەوەری. خود یەکـەیەکە کە دەبێ هـەموو دەمـێ بێ ڕاوەسـتـان نوێ بکرێتەوە.[2] هـەڵبـەت شێوەی دەرخسـتن و نواندنـی "من" و "خـود" بـەپێی فـەزا و شـوێنکـات و تیـۆری زانین گـۆڕانی بەسـەردا دێت. ئەگەر بۆ ئاگۆستینی پاک و دێکارت خـوا سـەرەتا و کـۆتاییی هـەمـوو شـتێکە، لە ڕوانگەی ڕۆسـۆوە ئەوە مـرۆڤـە کـە هـەڵگری ئەم ڕۆڵەیە.[3]

---

١. لێکۆڵینەوەی دێریدا لەسـەر ژیاننامەی نیچـە، ئێسـتـا مـرۆڤ، سـەرچاوەیەکی یەکجـار بەکـەڵکە بـۆ تێگەیشـتن لە کـارکردی زمـان و ڕاڤـەکردنی دەق. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد سـەبارەت "خود" و زمان و بۆچوونی لاکان و دێریدا لەم بارەوە، بڕوانە:

Lacan, Jacques, The language of the self: the function of language in psychoanalysis, Translated by Anthony Wilden, Baltimore, Johns Hopkins University press, 1988.

Jacques Derrida, The Ear of the Other: Autobiography, Transference, Translation, translated by Avital Ronell and Peggy Kamuf, University of Nebraska Press, 1988.

2. Elbaz, Robert, op .cit .pp143-144 .

3. Elbaz, Robert, op .cit .p78.

هەر بۆیە "خود"ی ڕۆسۆیی لەگەڵ "خودی" دێکارتیدا تەواو جیاوازە.

گەشتێک بەرەو ژنەکان بەپێی ئاماژە ڕاستەوخۆیەکانی بەکۆمەڵێک ڕووداو و کەس و دیاردەی "واقیعی" دەکرێت شێوەیەک بێت لە نووسینەوەی بیرەوەری. بەڵام تۆماری ئەزموونە زۆر تایبەتەکانی ناو دەقەکە دەکرێت پاساو بێت بۆ شێوەیەک لە ژیاننامە. لە ڕوانگەی هێندێک لە ڕەخنەگرانەوە جیاوازیی سەرەکی لە نێوان بیرەوەری و ژیاننامەدا ئەوەیە کە لە بیرەوەریدا گێڕەرەوە گرینگی بە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دەدات و لایەنی تاکەکەسی و تایبەت دەکەوێتە پەراوێزەوە و یاخۆ باسی ناکرێت. ئەگەرچی لە هێندێک لە بیرەوەرییەکاندا ئاماژە بە کۆمەڵێک ڕووداوی تایبەتی ژیانی نووسەر دەکرێت، بەڵام ئەم ئاماژانە قەت ناگەنە ئاستێکی قووڵ و بواری هەست و کەسایەتیی نووسەر. ئەوە لە کاتێکدایە لەبەر ئاستی تاکڕەهەندیی گێڕانەوەی گەشتێک بەرەو ژنەکان و ئەو ڕاستییە کە لە پلەی یەکەمدا تەنیا بوارێکی ژیان واتا بواری چێژی جینسی بەرجەستە کراوەتەوە، زەحمەتە مرۆڤ ڕاستەوڕاست ئەم دەقە بخاتە خانەی بیرەوەرییەوە. "بیرەوەری نەک کۆپیکردنی خودی ڕووداوەکان، بگرە تۆمارکردنی چلۆنایەتیی ئەزموونکردنی ڕووداوەکانە [...]. ژیاننامە بریتییە لە دارشتنەوەی برگەکانی ئەزموون کە لە ڕێڕەوی زەمەندا[1] دەگۆڕێن." لە ڕاستیدا بیرەوەری خاوەنی سیاسەتێکی تایبەتە. ئەوەی مرۆڤ چی وەبیر دێتەوە و چی لە بیر دەچێتەوە و هۆکارەکانی ئەم لەبیرچوونانەوە و وەبیرهاتنەوانە، لە زەمەنی جیاوازدا گۆڕانیان بەسەر دێت. بەمجۆرە بیرەوەری و ئەوەی دێتەوە بیری مرۆڤ تێکەڵاوێکە لە ڕاڤەکردنەوەی دووبارەی ڕابردوو لە ئێستادا.[2] بەڵام پەنابردنی جارجارەی گێڕەرەوەی گەشتێک بەرەو ژنەکان بۆ شێوەیەک لە

1. Schacter, Daniel L .Searching for Memory: The Brain, the Mind, and the Past, New York, Basic Book, 1996, p .6 .

2. Smith and Watson, op .cit .pp.16.18 .

ڕیالیزمی سیحری یاخۆ جادوویی، دەقەکە لە دەقێکی ڕاڤەیی جیا دەکاتەوە. کاتێک خوێنەرەوە دەبینێت کە گێڕەرەوە "سی و سێ ڕۆژ" دەخەوێت (ل. ٢٦٩) هیچ چارەیەکی نامێنێت جگە لە پژراندنی ئەم دەقە وەک دەقێکی ڕۆمانی و هەڵاتن لە پرسیاری دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە ژانری و شێوازییەکانی دەقی بەردەستی. ئەگەرچی ئەستەمە ڕۆمانخوێنەرەوەیەکی پرۆفیشناڵ و کارکوشتە بتوانێت پێوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان سەرەتا و ڕەوت و کۆتاییی ڕۆمانەکە بەپێی پێکهاتەکانی دنیای ڕۆمانەکە بدۆزێتەوە، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ژانرییەکانی ژیاننامە، بیرەوەری و ڕۆمان، بەباوەڕی من، گەشتێک بەرەو ژنەکان دەکرێت وەک ڕۆمان پێناسە بکرێت و زانا خەلیلی ناو دەق وەک کاراکتەر جیاواز بێت لە زانا خەلیلی نووسەر و دواجار هەموو بەسەرهاتەکە زادەی خەیاڵی نووسەر بێت، نەک بەسەرهاتی ئەو.

بەخوێندنەوەی گەشتێک بەرەو ژنەکان بەبێ ئەوەی بمەوێت ئاوڕ لە بنەماکانی ئەدەبی بەراوردی بدەمەوە هەست دەکەم ئاماژە بە بەرهەمێک کە نەوەد و چوار ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی هێشتا وەک دەقێکی بێوێنە سەیری دەکرێت، دەتوانێ ڕووناکی ببەخشێتە هێندێک خاڵی سەرەکی لەسەر شێواز و زمان و جیاوازییەکانی ژیاننامە و ڕۆمان و، ئەو بەرهەمەش وێنەی هونەرمەندی پیاو لە تافی لاویدایە. مەبەستم لەم کارە ئاماژەیە بە بەرهەمێک کە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی سەرکەوتووی ئەدەبی ببێتە ڕێنوێنیی نووسەر بۆ هەموو وردەکارییەکانی چ گوتن و چۆن گوتن. ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی کوڕە گەنجێکی کاتۆلیکە بەناوی ستێفان دێدالۆس لە منداڵییەوە هەتا تەمەنی بیست ساڵی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە ئیرلەندا. لە ڕۆمانەکەدا وردەکارییەکانی ژیانی دێدالۆس و چلۆنایەتیی بوونی ئەو بەهونەرمەند بە شێوەیەکی شاز لە باری زمانی و زەمەنییەوە باس دەکرێت.

هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا لە ڕوانگەی سێیەم کەسەوە باسی ڕووداوە گرینگەکانی ژیانی دێدالۆس دەکرێت کە چۆن لە باخچەی ساوایان و خوێندنگەی سەرەتاییدا تووشی بووە. خوێنەرەوە کارتێکەریی ڕووداوە سیاسی و ئاینییەکان بەسەر کەسایەتیی دێدالۆسدا بەنەزمێکی زەمەنی دەخوێنێتەوە و هەموو ئەو کردەوە و ڕووداوانەی لە خوێندنگەیەکی کوڕانەی ئاینیدا لەلایەن هاوپۆل و مامۆستا و بنەماڵەوە کارتێکەرییان لەسەر ژیانی دێدالۆسدا هەیە بەوردی دەستنیشان دەکرێن. کاتێک دێدالۆس دەچێتە قۆناغی ناوەندی، ئەگەرچی خوێندکارێکی باشە، بەڵام زەینی پڕە لە حەز و مەیلی جینسی. هەر ئەم حەزەشە بەرەو ژنێکی لەشفرۆشی دەبات و لێرەوە وەک کاتۆلیکێک هەستی پڕ ئازاری گوناه هەموو بوون و نەبوون و هەست و نەستی دادەگرێت. هەستی کوشندەی گوناه پێش لە دووپاتبوونەوەی گوناهکردن ناگرێت.

دوای ماوەیەک دێدالۆس لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی خوێندنگەدا دان بە گوناهەکانیدا دەنێت و تۆبە دەکات. خۆپارێزی لە گوناه و خۆتەرخانکردنی تەواوی دێدالۆس بە خواوە قۆناغێکی تری ژیانی ئەوە. پاکی و توانایی دێدالۆس دەگاتە جێگەیەک کە مامۆستاکانی پێشنیازی پێ دەکەن ببێت بەقەشە. لێرەدا هەست و بیری دێدالۆس لەمەڕ ئەم پێشنیازە دەبێتە کێشمەکێشێکی قووڵ لەگەڵ خۆیدا و دواجار بڕیار دەدات پێشنیازەکە ڕەت کاتەوە و لە جیاتیی بوون بە قەشە بچێتە زانکۆ. لە زانکۆ شیعرەکانی سەرنجی هەموو لایەک ڕادەکێشن و ئیتر دێدالۆس بڕیار دەدات ببێت بە هونەرمەند.

لێکۆڵینەوەی جۆیسناسەکان نیشان دەدات کە جۆیس سەرەتا ئەم ڕۆمانە لە هەزار لاپەڕەدا دەنووسێت و بەوردی باس لە ئەنگێزەی کردەوەکان و کەسایەتیی دێدالۆس دەکات. بەڵام دواتر ئەم ڕۆمانە درێژە کورت دەکاتەوە و دەیکات بە ئەم ڕۆمانە کورتەی کە نزیک بە سەدەیەکە سەرجەم مرۆڤایەتی لە

خوێندنەوەی مەست دەبێت. ئەم کتێبە کە لە ڕاستیدا ژیانی جۆیسە هەتا تەمەنی بیستساڵی، گەلێک کەلێن و قوژبنی ژیانی مرۆڤی ئیرلەندی لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر ڕەوتی ژیانی دێدالۆسەوە، دەپشکنێت. کێشەی ئاینی و هەڵوێستی کاتۆلیک و پرۆتیستانەکان لەوپەڕی وردەکاریدا بە شێوازێکی چڕ و تژی لە ئاماژە لە کاتی گفتوگۆی دوو میوان لە ماڵی دێدالۆس لە کاتی ڕێوڕەسمی ئێوارەی کریسمەسدا ئاراستە دەکرێت. دیالۆگە دانستەکانی دێدالۆس لەگەڵ هاوپۆلەکانی لە خوێندنگە و زانکۆدا توانایی بێ سنووری جۆیس لە دەربڕینی زۆرترین مانا لە کەمترین ڕستەدا نیشان دەدەن. وەسوەسەکانی ماچێک و کێشە بێ کۆتاییەکانی دێدالۆس لەگەڵ خۆی بەجوانترین شێوە قۆناغەکانی بیرکردنەوە و ڕەوتی بەر لە درکاندنی پەیڤ لە زەیندا وێنا دەکەن. نامۆییی دێدالۆس لە باوک و دوورەپەرێزی لە هاوڕێیانی وا ئاراستە کراون مرۆڤ هەست دەکات ڕاپۆرتی دەروونناسێک لە ڕەوتی دەروونشیکارییەک دەخوێنێتەوە. ویستی جووتبوون لەگەڵ جینسی بەرامبەر و خولیای سێکس و هەست بە گوناه و تۆبە و دەنگی قەشە و ترس لە عەزابە کوشندەکانی دنیای پاشمەرگ و داننان بەگوناهەکان خوێنەرەوە دەبنە دالانە تاریکەکانی ناو هەناوی دێدالۆس کە هەموو گوتاری ئاینی مەسیحی لەم بارەوە لە چەند لاپەڕەدا چڕ کردووەتەوە و ئەوپەڕی ئاگاییی خۆی لە مێژووی دوور و درێژی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ پرسی ژیان و مەرگ و یەزدان نیشان دەدات و دەڵێی چەندین سەدە دوای دانتێ کۆمێدیای خواییمان دووبارە وەبیر دێنێتەوە. سەرەنجام چرکەساتی ئیلهام دەگات و بینینی کچێکی جوان لە ڕۆخی زەریا و بڕیاری تەرخانکردنی ژیان بۆ هونەر و هۆنینەوەی یەکەم شیعر ئەو ڕووداوەیە کە دەرگە لەسەر ژیانی بیستەمین ساڵی تەمەنی دێدالۆس دادەخات و ئەمەش دەبێتە دەروازەیەک بۆ ئافراندنێکی گەورەتر کە تێیدا پاشماوەی ژیانی دێدالۆس بەکۆتا بێنێت بە چاوەڕوانیی بە میلیۆنان خوێنەرەوە لە جیهاندا:

ئۆلیسە.[1] لە هەر قۆناغێکی ژیانی دێدالۆس لەم ڕۆمانەدا زمانێک بەکار هاتووە کە دەقاودەق گرێدراوی ئاستی هۆش و تەمەن و جیهانبینیی کەسایەتیی ئەوە. زمانێکی ساکاری منداڵانە لە سەرەتادا، زمانێکی شەڕانیی کوڕانە لە تەمەنی هەرزەکاریدا و دواجار زمانێکی پڕ لە وشەی ئابستراکت و چەند مانا و ئاڵۆز و پڕ لە شک لە گەنجیدا دەری دەخات کە زمان دیاردەیەکی چەند توێیە و هونەری ڕۆمان شتێک نییە جگە لە دەرخستنی جیاوازییەکانی تەمەن و ئەندێشە و بوون و مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە. لەوانەیە شێوازی ئەم ڕۆمانە و ئەو پێشینە دوور و درێژە پڕ لە کارەساتە کە بەر لە بڕیاری بوون بە هونەرمەند بە وردەکارییەکی سەرسوڕمێنەرەوە نووسراوە، گوزارەیەکی ئاگایانە بێت لە بەرپرسیارییەکی مەزن کە هونەر دەیخاتە سەر شانی هونەرمەند. ڕەنگە بە لێڵی هێشتنەوەی چارەنووسی دێدالۆس دوای ئەم بڕیارە شتێک نەبێت جگە لە قورسایی باری هونەر و هەستیاریی بڕیارێکی لەم چەشنە.[2]

تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی زمان، لە گەشتێک بەرەو ژنەکاندا خوێنەرەوە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ زمانێکی ڕۆمانسی و شاعیرانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەم زمانە لە سەرتاپای گێڕانەوەکەدا بەشێوەیەکی ڕۆمانسییانە بەردەوامە و دوورە لە زمانی تایبەت بە کاراکتەرێک بەهەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە و پتر نوێنەرایەتیی تیپی کۆمەڵایەتی دەکات، نەک

١. ئەم دیمەنە ئاخیر ڕستەی کتێبی ئیستامبوڵ، بیرەوەرییەکانی شارێکی ئۆرهان پاموک دەخاتەوە بیری مرۆڤ کە چۆن دوای کێشەیەکی زۆر و درێژخایەن لەگەڵ خۆی بڕیار دەدات ببێت بەنووسەر. بۆ خوێندنەوەیەک لەسەر ئەم کتێبە بڕوانە:
ئەحمەدزادە، هاشم، "بە شوێن نهێنییەکانی نووسەرێکی گەورەدا"، ڕۆهەڵات، ساڵی ٣، ژمارە ٦٥، ل. ٢١-٣١.

٢. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر وێنەی هونەرمەندی پیاو لە تافی لاویدا بڕوانە یەک لە نوێترین بەرهەمەکانی لەم بارەوە:
Attridge, Dereked . The Cambridge Companion to James Joyce, 2nd edition, CUP, 2004.

تاکێک بەپێی زمـان و ئەزمـوونە تایبـەتەکـانی خـۆیەوە. هەڵبـەت لە بواری تیپیشـەوە مرۆڤ ئەسـتـەمە بارتەقای ئەم جـۆرە تیپەی کە لە گێڕانەوەکەدا ئامـادەیە لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا بدۆزێتـەوە. بۆ نموونە کـاتێک دایک بەکـوڕەکـەی دەڵێت فـاڵچـیـیـەکـە چی گـوتووە، خـوێنـەرەوە ناتوانێت هیچ سـەمپـاتییەک بەم شـێوە ئاخـافتنە نامـۆیە نیشـان بدات. دایک بەکوڕەکەی دەڵێت: "کوڕم فاڵچییەکە گوتی: کوڕەکەت دەڕوا.. ئەو خاوەنی جەنتایەکی سـەرکـێشـە لە پرسـیـار و گـومـان و بۆن و بەرامـەی زیبـا .. ئەو ملپـێـچی سـەربەسـتـی دەخـاتـە مل و بوێرانـە بە کـۆڵانـەکـانـی زەمـەندا پـەرش دەبێ. کوڕەکەت دەڕوا، هەر دەڕوا، هەر دەڕوا هەر دەڕوا: هەڵوەدای مـاچی حـەرام و جـەسـتـەی حـەرام و ئایندەی حەرام دەبێ." (ل. ٥). ئەم زمـانە پتر لە دەقی ڕۆمانسیـی بەر لە سەرهەڵدانی ڕۆمان دەچێت. بەهەڵکەوت نییە لێرە و لەوێ گـێڕەرەوە دەسـتـەودامـێنی نالی دەبێت و شـیـعرەکـانی ئەو تێکهـەڵکێشـی ئاخـافتن و بیرکردنەوەکانی دەکات. سـەرتاپای گێڕانەوەکە وەک هێـڵـێکی ڕاست وایە و تەنیا هێندێک جار بیرەوەرییەکانی ڕابردوو هێڵەکە تووشی زیگزاکێکی کەمگۆشـە دەکـەن و بە خێـرایی هێـڵـەکە دەچێتـەوە سـەر ڕچە ڕاسـتـەکـەی خـۆی و درێژ دەبێتـەوە. کە لە زەینی خـۆیشـیـدا قسـە دەکات گـوێمـان لە ڕێتـۆریکێک دەبێت کە لەوە دەچێت دوای چـەند جـار هەڵەچنی بە ڕەوانی چاپ کرابێت و ئەمەش گرفتی سەرەکیی گێڕانەوەکەیە کە لە نێوان ئاسـتی نووسـین و ئاخـافتن و قۆناخی بەر لە ئاخـافتن جیـاوازی دانانێت. بۆ نموونە کاتێک لە زەینیدا لەگەڵ خۆی قسە دەکات (ل. ٢٣٠-٢٣٢) زمـانێک دەبیـسـین کـە بەهەمـوو پێـوەرەکـانـی گـرامـێـری نووسـراون و بەهاسـانی دەردەکەوێت کە نووسـەر بیر لە چلۆنایەتیی بێنەزمیی زمـان بەر لە درکاندنی ناکـاتەوە. بەڵام لەم دەقـەدا خـوێنەرەوە هێندێک جـار تـووشی دەربڕینێکی پاراو و تەواو ڕیالیستییانە دەبێت و لە خوێندنەوەی چێژ وەردەگرێت. کاتێک خوتبەکانی "مەلا عەبدوڵڵای گەردی" لەمەڕ ژیانی ئەیووب پێغەمبەر بە دوور

و درێژی دەگێڕێتەوە هەست دەکەی جوانترین بەشی ئەم کتێبە دەخوێنییەوە (ل. ١٣١–١٣٥). سەرنجدان لە هۆکاری سەرکەوتوویی ئەم بەشە زۆر بەکەڵکە. لە ڕاستیدا "مەلا" ئەزموونێکی گەورەی هەیە لە شێوەی گەیاندنی پەیامەکەیدا و لە هەمان کاتدا لەبەرئەوەی کە ئەو بابەتەی ئەو باسی دەکات ڕیشەی لە نەریت و باوەڕی گوێگرەکانیدا هەیە، ئەو زۆر ساناتر لەگەڵ گوێگرانی پێوەندیی دوولایەنە ساز دەکات. شێوەی گێڕانەوەش هەنگاو بەهەنگاوە و بەرچاوکردنی لۆجیکی سەبەب و کارتێکەری، بەردەوام زەینی گوێگر بۆ درێژەی بابەت ئامادە دەکات و بە دامەزراندنی زەوینەیەکی باش بۆ باسەکە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئاکامی بابەتەکە دەچێت. ئەمەش ئەو شتەیە کە دەبێ ڕۆماننووسێکی زانا ڕەچاوی کات و لە نێوان ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا تەونی پڕ تانوپۆی هۆکار و هۆکرد بە جوانی بنەخشێنێت. هاوڕێی گوێگرانی مەلا لەگەڵ قسەکانی ئەو و وشیاریی گێڕەرەوە لە گواستنەوەی فەزای خوتبەکەدا زیندووییەکی تایبەتی بەم بەشە لە ڕۆمانەکە بەخشیوە. ئەگەر ئەزموونی مەلا لە پێوەندیگرتنی بە جەماوەری گوێگرییەوە هۆکاری سەرکەوتنێتییە لە پێشکێشکردنی وتارەکەیدا، ئەزموونی ژیانی نووسەریش لەم بارەوە یارمەتیدەری بووە بۆ گێڕانەوەیەکی بێ خەوش و دیالۆگییانە. بەراوردی ئەم بەشە لەگەڵ زۆربەی زۆری بەشەکانی تری ڕۆمانەکە نیشان دەدات کە هەر کاتێک گێڕەرەوە/نووسەر شارەزاییی تەواوی لەگەڵ بابەتی گێڕانەوەکەیدا هەیە زۆر بە سانایی دەیگێڕێتەوە، بەڵام کاتێک خەیاڵە دەستکردەکانی لە دەرەوەی ئەزموونی تایبەت ئەودان ئەوە گفتوگۆ نامێنێت و دەنگی ناسازی گێڕەرەوەی هەمووشتزان و پاڵەوان یان کپە، یانیش ئەگەر دەقێک لە ئارادا بێت تەنیا دەبێتە هۆی ئازاری گوێی خوێنەرەوە و ماندووبوونی.

## نەریت و دژە نەریت

هەر لە سەرەتاوە کە خوێنەرەوە دەچێتە ناو دنیای ڕۆمانەکەوە تووڕەیی گێڕەرەوە لە نەریت و نەزمی باو دەبینێت. هاواری پەیتاپەیتای گێڕەرەوە لە دەست "بازنە" بە درێژاییی هەموو گێڕانەوەکەوە دەبیسترێت. پرسیار ئەوەیە دژایەتی و هاوکێشیی نەریت و دژە نەریتی لەم گێڕانەوەیەدا چۆن وێنا کراوە و پەیامی هزری و فەلسەفیی ئەم ڕۆمانە چییە؟ ڕەنگە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی دوو سەدەی ڕابردووی ڕۆهەڵاتی ناوین لە هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و قاجاردا کێبەرکێی نەریت و مۆدێرنیتە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بوویێت و ئەو کێبەرکێیە هێشتاش هەر بەردەوامە و وێ ناچێت جارێ کۆتاییی پێ بێت. چارەنووسی مۆدێرنیزاسیۆن لەم مەڵبەندانەدا دواجار بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتییەوە ساغ بووەوە و ئەم پرۆژەیە نەک ئاکامی گۆڕانکارییە هزری و عەقڵانییەکان، بگرە ئاکامی داسەپاندنی سیستمی نوێ لە جیاتیی سیستمی کۆن لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بوو. ئەم شێوە لە وەرگرتنی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزەکردن لە سەرەوەڕا سەپێندرا و دواجار لەگەڵ خۆی نەک ئازادی و دیموکراسی بگرە ملهوڕی و تۆتالیتاریزمی بەدیاری هێنا. چارەنووسی مۆدێرنیتە لەم وڵاتانەدا کە دەگاتە کوردەکان پتر هەڵگری نەهامەتی و پەرێشانییە. حاشا لێکردن لە ناسنامە و هەوڵی تواندنەوەی کورد پرۆژەیەکە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هاوژینی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن بووە. ئەم سیاسەتە بێگومان کارتێکەریی خۆی لەسەر هەموو ئاستەکانی بیر و هۆش و فەرهەنگی مرۆڤی کورد داناوە. لێرەدا مرۆڤی کورد لە بەرامبەر فەرهەنگی نکووڵیکردنی "ئەوانی تر" هەوڵی داوە فەرهەنگی خۆی بپارێزێت و بەمەش ویستوویەتی هەوڵی مانەوەی خۆی بدات. بەڵام وەک دەبینین فەرهەنگی نەریتی ناتوانێت لە سەردەمی نوێدا بەرگەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تازەکان بگرێت و لە

ڕاستیدا هەر هەوڵێک بۆ بووژاندنەوەی نەریتی کۆن لە هەلومەرجی تازەدا کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی تووشی کۆمەڵێک تەنگژە دەکات. بەواتایەکی تر داوونەریتەکان ژینگەی تایبەتیی کۆمەڵایەتیی خۆیان هەیە و بە لەدەستدانی ئەم ژینگەیە هەر هەوڵێک بۆ زیندووکردنەوە و پەرەپێدانیان دەبێتە هۆی جۆرێک لە ناهاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی. ڕەنگە یەکلەلایەنە هەرە دیارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی کە لە ئاکامی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی کلک و گوێ بڕدراوی داسەپاودا نەزمی پێشووی خۆی لەدەست دابێت، بێ ئەوەی توانیبێتی لە ئافراندنی نەزمێکی تازەدا سەرکەوتوو بێت، پرسی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بووبێت. لە سەد لاپەڕەی یەکەمی گەشتێک بەرەو ژنەکاندا ئەمە بەرچاوترین پرسی گێڕەرەوەی بەسەرهاتەکانە. ئەو بەردەوام پێی دەگوترێت سنوورەکانی "بازنە" تێ نەپەڕێنێت. بەڵام ئەوی سەرکێش بۆنی حەرام دەکات و دەیەوێت بازنەکان بشکێنێت. وەک خوێندکارێکی زانکۆ و لە نەبوونی هەر جۆرە تێکەڵاوییەک لەگەڵ جینسی بەرامبەردا بیر لە پێوەندیی حەرام سەرتاپای بوونی دادەگرێت. لەگەڵ "ڤیان" و "خەندە" و "نازدار" و "ڕووناک" بەشێوەی جۆرەوجۆر پێوەندی دەگرێت و هەموو ڕیسکێک لەم پێناوەدا دەکات. پەنا بۆ خواردنەوە دەبات. گلەیی لە وڵات دەکات و نەفرەت لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. دواجار هەندەران، ئەورووپا، ئەو شوێنەیە ئەو بۆ پێگەیشتنی، خۆی دەداتە بەر هەر مەترسییەک. لە نێوان ئەو بیست و چوار هۆکارانەی پاڵەوان بۆ جێهێشتنی وڵات ڕیزیان دەکات نەفرەت لە سیاسەت و کۆمەڵگەیەک کە ناهێڵێت مرۆڤ بە ویستی خۆی بژیت وەک دوو خاڵی سەرنج ڕاکێش زەق دەکرێنەوە. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی گەشتێک بەرەو ژنەکان لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری کوردی هەر لەو خاڵەدا بێت کە پاڵەوانی ئێمە نەک لە دەست دوژمن یاخۆ "ئەوی تر" بگرە لە دەست "خود" واتا کورد ڕای کردووە.

ئیتر لێرە لە ئەوروپادایە کە پاڵەوانی بێئومێد هەموو بوارەکانی ژیان لە

پێوەندیی جینسیدا مانا دەکاتەوە و بڕیار دەدات "جەستەکەی، وەکو شیرینی و چوکلێت یان هەر شتێکی تری لەو بابەتە بەسەر ژناندا پەخشان و پەرتەوازە بکا" (ل. ٢٥٤ – ٢٥٥). پاڵەوان بەم بەڵێنییەی خۆی وەفادار دەمێنێتەوە و سەرتاپای گێڕانەوەکەی دەکاتە باس لە پێوەندییە بێ ئەژمار و بەربڵاوەکانی لەگەڵ ژنان. ئەم ژیانە تاکڕەهەندییە بێگومان هاوکێشی گێڕانەوەکە تێک دەدات و تووشی دەیان کۆنتراستی دەکات. ئەگەر جاروبار شتێک لە دەرەوەی پێوەندییە جینسییەکان بەزەینی دەگات، ئەوە هەر شتێکی بە ڕێککەوتە و دۆنژوانی ئێمە زۆری سەر پێوە نایەشێنێت. ئەگەرچی فەلسەفەی ژیان بۆ ئەو تەنیا و تەنیا لەزەتە، بەڵام جارجار و لێرە و لەوێ ئاماژە بە کوردستان و چارەنووسەکەی وەبیر دەخرێتەوە و هەلومەرجی دابەشکراوی وڵات بە ڕوونی ئاماژەی پێ دەکرێت. بۆ نموونە ڕێهات لە گێڕانەوەی سەفەری خۆی بەرەو هەندەران باسی "ئەو سێکوچکە ترسناکەی دەکەوێتە نێوانی هەرسێ کوردستان" دەکات (ل. ١٨٠) و ئاماژە بە "چوار پارچەی کوردستان" (ل. ١٠٥) و شەڕی براکوژی (ل. ٣٧١) دەکرێت. هێندێک جار بەڕێککەوت و بە گاڵتە یاخۆ بە تەنز باسی کوردستان و ماڵوێرانی و قەدەری پڕ لە تراجیدیای کورد دەکرێت (ل. ٣٢١). هێندێک جار بەسەرهاتی کوردان پەرێشانی دەکات و دەڵێت "ئاخر کورد هیچ خواوەند و پێغەمبەرێکی نییە" (ل. ٣٠٩). هێندێک جار بەدەم خواردنەوەی ڕاکییەوە کۆمەڵێک پرسی بووننااسانە لە خۆی دەکات و دەپرسێت "بۆچی هاتم"، "من کێم" و "چیم پێ دەکرێ و بەرەو کوێ ڕێگەم گرتووە؟" (ل. ٢٨٦). زۆرجاران دەستەودامێنی نالیی شاعیر دەبێت و خۆی پێ ئارام دەکاتەوە. بەڵام هیچکام لەمانە نابنە ڕێگری بەردەوامبوونی پاڵەوان لە ڕاوی بەردەوامی ژن.

پاڵەوان لە کاتی خواردنەوەدا سەرمەستی بادە دەبێت و بەبۆچوونێکی خەیامییانە دەچێتە ناو پرسەکانی دەربازبوونی کات و لە مەیدا سەرکەوتن

بەسەر ئێش و ئازاردا دەبینێتەوە و پەنا بۆ نیچە و ئەفلاتوون دەبات کە تێگەیشتنی خۆی لە ژیان و لەزەت پشتئەستوور بکات. لە کتێبی ژیان کورتەی یوستێن گاردەردا شوێنپێی باوەڕەکانی فەیلەسووفی یۆنانی ئەپیکۆر هەڵدەگرێت و بۆچوونەکانی ئەو لەمەڕ نەترسان لە مردن بە ئیشتیاوە دەخوێنێتەوە و بە ئاماژە بە سوکراتیش باوەڕی خۆی لەمەڕ نەترسان لە مەرگ بەهێزتر دەکات. پرس ئەوەیە هەڵبژاردنی ئەم شێوە ژیانە چەندە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی "پەناهەندەیەکی قەرەجی بێ وڵاتی سەخیف و ئاوارە" (ل. ٣٥٦) یەک دەگرێتەوە؟ ئاخۆ ئەم جۆرە هەڵبەزینەوە لە نەریت عاقڵانەترین ڕێگەی دۆزینەوەی ئازادی و چێژە؟ ئاخۆ فەلسەفەیەکی خەیامییانە و هیدۆنیستی و ئێپیکۆری لە سەردەمی ئێستادا چەندە مومکینە؟ ئەگەر گێڕانەوەکە بە هەموو لایەنەکانی ژیان وەفادار بوایە دەمانتوانی وەڵامی ئەم پرسیارانە لە دەقەکەدا بدۆزینەوە. بەڵام لە بەرچاونەگرتنی پێوەندییە هۆکاری و هۆکردەکانی گێڕانەوە ئەم توانایییەی لە دەقەکە ئەستاندووە. کاتێک دەبینین گێڕەرەوە لە ١٩٩٧/٥/٥ هەتا ٢٠٠٠/٥/٥ کار دەکات (ل. ٢٢٨ - ٢٢٩)، بەڵام قەت باسی ئەو ساڵانەمان بۆ ناکات کە چۆن تێپەڕ بوون و بەئاماژەیەک هەموو شتێک دەرباز دەبێت، هەست دەکەین لایەنێکی ژیان لەم گێڕانەوەیەدا لە کورتی دەدات. کێشەکە ئەوەیە ڕوون نییە ئەو چۆن ئەو هەموو خۆشگوزەرانییە دەکات و خەرجەکانی لە کوێ دابین دەکرێن. ئێمە جگە لە وردەکاریی پێوەندە بێ ژمارەکانی ئەو لەگەڵ ژنان قەت گوێبیستی ئەوە نابین کە چۆن خەرجەکانی ژیانی دابین دەکات، چۆن زمان فێر دەبێت و چۆن دەرگەی هەموو پرسیارەکانی تری جگە لە لەزەتی سێکسی لەسەر خۆی داخستووە.

## پرسی جێندەر

ئەگەر هەتا دوێنێ بە دەگمەن لە ڕۆمانی کوردیدا دیمەنی جووتبوون و سێکس دەبیندرا، بۆ نموونە لە ئەژدیهای محەمەد موکری و ڕۆنی مینا ئەڤینێ و تاری مینا مرنێی محەمەد ئۆزوندا، گەشتێک بەرەو ژنەکان پڕە لە دیمەنی لەم جۆرە. بەڵام ڕوانگەی زاڵی پیاوانە لەم ڕۆمانەدا بۆچوونێکی جەوهەری لەمەڕ ژن و پیاو دەخاتە ڕوو، بە جۆرێک کە مرۆڤ هەست دەکات هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لە ئەزەلەوە بە دوو شێوەی پیاوانە و ژنانە وەک دووانەیەکی دژبەر (binary opposition) داڕێژراون. بەڵام بەبۆچوونێکی جێندەری، هەڵەبوونی ئەم ڕوانگەیە بەهاسانی هەڵدەوەشێتەوە. "جێندر بریتییە لە سیستمێک لە کردەوەگەلی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا کە مرۆڤەکان بەپێی ڕۆڵی جیاوازیان پێناسە دەکات و لەسەر بنەمای جیاوازییەکان پێوەندییە نابەرابەرەکان دادەمەزرێنێت [...] ڕیشەی باوەڕە باوەکانی لەمەڕ ڕۆڵی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا دابەشکردنی کارە لە سیستمێکی جێندەرکراودا. لەم سیستمەدا ڕۆڵی پلەی بەرز و بەهێز هی پیاوە و ڕۆڵی کاری نێوماڵ بە شێوەیەکی گشتی هی ژنە."[1] دابەشکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژن و پیاودا نەک شتێکی جەوهەری و سروشتی بگرە سازکراوێکی کۆمەڵایەتییە.[2] بۆ نموونە کاتێک کاک ئۆمەر لە نەشمیل دەدات پاڵەوانە دژە نەریتەکەی ئێمە بە سانایی وەبیری دێنێتەوە کە "پیاو ئەگەر پیاو بێ لە ژن نادا" (ل. ١٩٢). لە هەناوی ئەم دەربڕینەدا باوەڕ بە بەهێزیی پیاو و بێهێزیی ژن خۆی حاشار داوە.

ئاماژە بەربڵاوەکانی بەکارهاتوو لەمەڕ لەشی ژن لەم ڕۆمانەدا بە ڕوونی

1. Ridgeway, Cecilia L .and Smith-Lovin, Lynn, The Gender System and Interaction, Annual Review of Sociology, Vol .25 , 1999 , p .192 , 198.
2. Nagel, J., Ethnicity and Sexuality, Annual Review of Sociology, Vol .26 , 2000 , p. 114.

دەری دەخات کە چۆن لە سیستمێکی جێندەرکراودا جەستەی ژن دەبێتە ئۆبژەیەک بۆ تێڕوانینەکانی پیاو و لە ڕاستیدا هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئەم سیستمە. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵی کوردەواریدا ڕیشەیەکی بەهێزی فەرهەنگی هەیە و گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان پڕن لە پێداهەڵگوتن بە جەستە و لارولەنجەی ژن. بە باوەڕی جودیت باتلێر ناسنامە جێندەرییەکان کە وەک شتگەلی سروشتی خۆیا دەکرێن لە بنەڕەتدا سازکراوی کۆمەڵایەتین و لەسەر بنەمای دەرکەوتەکانی لەش دروست دەکرێن. "بەشێوەیەکی مێژوویی ژن بەپێی لەش بڕیاری لەسەر دراوە: وشیاری و کردەوەی تاکەکەسی و چێژ و دەردی ژن لە کێبەرکێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئامادەبوونی لەشی مێینە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا."[1] لە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و دواتر شەپۆلەکانی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا هەلومەرجی ژن و شێوەی جلوبەرگ و پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو دەبنە نیشانەی سەرکەوتنی ئەم پرۆژانە. کەمالیزم و پەهلەویزم بۆ نیشاندانی پێشکەوتوویی خۆیان جۆرێک لە پۆشاک بەسەر ژندا دەسەپێنن و دواتر هەر لەم دوو کۆمەڵگەیەدا ئیسلامی سیاسی نیشانەی سەرکەوتنی خۆی لە شاردنەوەی ژن لەبن لێچکە و عەبادا دەبینێتەوە. ئەمە لە بنەڕەتدا شتێک نییە جگە لە هەستی موڵکدارییەتی پیاو بەسەر ژندا کە لە شێوازی جۆرەوجۆردا خۆی دەردەخات. هەڵوێستی سێکسیستیش هەر جۆرێکە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم تێڕوانینە لە ژن. لەم ڕوانگەیەوە گەشتێک بەرەو ژنەکان مانیفێستی ڕوانینی پیاوانەیە لەسەر ژن. بەواتایەکی تر هەڵاتنی پاڵەوانی ئێمە لە دەست "بازنە" و نەریت و نواندنی ڕۆڵێکی تەواو دژە نەریتانە لە چوارچێوەی سیستمێکی

1. Conboy, Katie, Medina, Nadia and Stanbury, Sarah (eds), Writing on the Body, Female Embodiment and Feminist Theory, New York, Colombia University Press, 1997, p1.

جێندەریدا خۆی دەبینێتەوە کە پیاو ناوەندە و ژن پەراوێز.

پاڵەوان لەنێو دنیای ژناندا لە کچی چواردە ساڵەوە هەتا قەیرە ژنی پەنجا ساڵانە، تەراتێن دەکات و قەت ماندوویی ناناسێت. لە لاپەڕەی ٢٥٥ هەتا لاپەڕەی ٣٦٥ لە نەزمێکی ئەلفوبێی ئینگلیزیدا لە پیتی "أ" هەتا پیتی "م" دەکات بە سەردێری چەندین وردە بەش و لە هەر وردە بەشەشدا باسی ڕابواردنی لەگەڵ ژنێکمان بۆ دەکات و دواتر بەڵێن دەدات ئەگەر کات هەبێ لە دەرفەتی تردا پیتەکانی تریش بنووسێت (ل. ٣٦٥). گێڕەرەوە بەم کارەی جۆرێک لە دووپاتبوونەوەی ماندووکەرانەی بەسەر دەقەکەدا زاڵ کردووە و لە هەمان کاتدا لەو سێزدە پێوەندییەدا هەر خۆی سۆژەیە و ئەوانی تر هەموو ئۆبژەن. ئەو هەموو ژنانەی ئەو پێوەندییان پێوە دەکات لە ڕووسی، ڕۆمانیایی، یۆگۆسلاڤی، یۆنانی، ئیسپانیایی، چینی، کۆریایی، ئێرانی، سکاندنافیایی و... هتد. وا مات و مەبهووتی دەبن هەریەکە و بە زمانی خۆی پێی دەڵێت "خۆشم دەوێی". لە بەرامبەر ویستی پاڵەواندا هیچ ژنێک خۆی پێ ڕاناگیرێت. بۆ نموونە کاتێک نەشمیل بە هاسانی وەڵامی ویستی پاڵەوان بۆ جووتبوون ناداتەوە، پاڵەوان باوەڕی وایە هیچ ژنێک ناتوانێ تا سەر لە بەرامبەر ویستی ئەودا خۆی ڕاگرێت و دواجار پێمل دەبێت و لە ڕاستیشدا دوای دەورەیەک لە هەوڵی پاڵەوان نەشمیل تەسلیم دەبێت و بە ئیشتیایەکی زۆرەوە لەگەڵی جووت دەبێت.

سەرەڕای ئەم بازارگەرمییە جۆرێک لە کۆنتراست هەناوی ئەم دەقە دەخوات، کاتێک دەبینین پاڵەوان لەوپەڕی بێهیواییدا بۆ دامرکاندنی ویستە سێکسییەکانی پەنا بۆ هەموو شوێنێک دەبات. دیار نییە ئەگەر پاڵەوان دەتوانێت تەنیا بە ئاماژەیەک دڵی جوانترین کچ برفێنێت، بۆ دەبێ هێندێک جار تا سنووری سادیسم بە شوێن پێوەندییەکی سێکسیدا وێڵ بێت؟ بۆ نموونە هێندێک جار لەگەڵ ڕێهاتی هاوڕێی سەردانی "ئێرۆس سەنتەر" دەکات و بە پارە "ئەفریقی یان لبنانی یان لیتوانی و بولگاری هەر چییەک با

.. له ئامێزمان دەگرتن و هەندێ گرانایی گیرفانەکانمان سووک دەکرد .." (ل. ٣٦٧). ئەوە هەر کچی جوان نین کە سەرنجی پاڵەوان ڕادەکێشن، ئەو هێندێک جار "زۆربەی زۆری کاتەکان حەشیشکێشەکانم بە حەشیش فریو دەدا و، سۆزانییەکان بە پارە و عاشقەکان بە عەشق و ئالێچۆڕاوەکانیش بە لەزەت و زایەند." (ل. ٣٦٧) تەنانەت جاری وایە ژنی وا دەبەنەوە ماڵ کە "جەستەی هەمووی وەکو بێژینگ کون کون بوو لەبەر دەرزیی هیرۆین" [...] بە حەفت کەسان، حەفتا و حەفت جار کەوتینە ڕژاندنی ژەهر لەگەڵ ئەو تەرمەدا."

نقومبوونی پاڵەوان لە ئارەزووە سێکسییەکانیدا هیچ دەرفەتێک بۆ تێفکرین لە پرسەکانی تر ناهێڵێتەوە. ئەگەریش جارجار وڵات دێتەوە بیری، بە تەنزێکی تاڵ ڕووبەڕووی خەیاڵێکی لەم چەشنە دەبێتەوە. هەر بۆیە کاتێک بە گرووپ سێکس دەکەن (ل. ٣٢٧) لە زمانی ڕێهاتەوە ئەمە بەجۆرێک لە "خەبات بۆ رزگارکردنی گەل و نیشتمان" دادەنێن. کاتێک دەچێتە بارەکانی ڕۆژئاوا باوەڕ بەوە دێنێت کە لەوێ "بارنەکان" بوونەتە ئامانجی تیری خۆشی و ڕابواردنی مرۆڤەکان. هەڵبەت پاڵەوان لە هەمان کاتیشدا هەست بەوە دەکات کە تاکبڕوایی لە ڕۆژئاوادا بووەتە هۆکاری ساردوسڕی مرۆڤەکان و کەس ئاگای لە کەس نییە. کاتێک بەسەرهاتی ئاشنایی خۆی لەگەڵ "ئومەر" دەگێڕێتەوە کە لە بارێکدا دەکەوێت و غەیری پاڵەوانی ئێمە کەس لێی خاوەن دەرناکەوێت، بەباشی هەست دەکەی کە هەستێکی نۆستالجییانە بۆ وڵات و مرۆڤەکانی لە هەناوی پاڵەواندا چەکەرە دەکات. بەڵام ئەمە شتێک نییە کە بەرگری بکات لە تاودانی ئەسپی سەرکێشی ڕابواردنی پاڵەوان. پرسیار ئەمەیە ئاخۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی لەم چەشنە دژ کردەوەیەکی سەرکێشانە و توندڕۆیانە نییە بە نەبوونی ئاستێکی نۆرماڵ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتدا؟ ئاخۆ باوەڕێکی ئێپیکۆرانە و هێدۆنیستی لە سەردەمی ئەمڕۆدا باوەڕێکی ڕیالیستییانەیە؟

## ئەنجام

ئەگەر هەتا دوێنێ ئەدەبی بەرگری (شۆڕشگێڕی) لە سەردەمی خەبات بۆ ڕزگاریدا پێناسەی سەرەکیی ئەدەبی نوێی کوردی لە باشووری کوردستان بوو، ئەمڕۆ نەوەی نوێ ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی لە دەقی ئەدەبی بەتەواوی گۆڕاوە. گەورەبوونی شارەکانی کوردستان لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتیی تایبەتی هێناوەتە ئاراوە. ئەگەر دوێنێ دوژمن مرۆڤە بەرهەڵستکارەکانی دەڕفاند و شوێنبزری دەکردن، ئەمڕۆ لە سلێمانی و هەولێر کۆمەڵێک باندیست منداڵ دەڕفێنن و داوای پارەیەکی خەیاڵی بۆ بەردانی دەکەن. ئەگەر دوێنێ پێوەندە کۆمەڵایەتییەکان شێوەی تایبەتیی خۆیان بۆ پێوەندیی ژن و پیاو بەرهەم دێنا، ئێستا ئیتر ئەم شێوە پێوەندییانە لە نەبوونی سیستمێکی دامەزراودا هەڵوەشاونەوە و جێگەی خۆیان داوە بەجۆرێک لە بێنەزمی و ناهاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی. لە کەشوهەوایەکی ئاوادا نامۆبوونی مرۆڤی کورد بەدەوروبەری خۆی و هەوڵدان بۆ هەڵاتن لەم کەشوهەوایە دیاردەیەکی نائاسایی نییە. سەرهەڵدانی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی کە باس لەم جۆرە دیاردانە دەکات تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەدەبییە. تارانی ترسناکی نووسەری ئێرانی، مۆشفیقی کازمی، لە ١٩٢٥دا بەرەنجامی ڕەوتێکی تا ڕادەیەک لەم چەشنە بوو لە ئێرانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسییش لە چاوەڕوانیی ئەدەبێکدان کە بتوانێت ڕەنگدەرەوەی تایبەتمەندیی ئەم دیاردە نوێیانە بێت. بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان کاری کردووەتە سەر گۆڕانی شێوەکانی ژیان. تژیبوونی هۆتێل و ڕیستورانە گەورە و زەبەلاحەکان لە میوان کە ئێواران تا درەنگوەخت کاتی خۆیانی تێدا بەسەر دەبەن، بێگومان کار دەکاتە سەر ئاسۆکانی چاوەڕوانی لە دەق. ئامرازەکانی پێوەندیی

گشتیش هۆکارێکی تری ئەم گۆڕانکارییانەن. هەلومەرجی جیاوازی باشووری کوردستان لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان لە بواری قۆناغی خەباتدا بەبێگومانی جیاوازییەک دەخاتە ئاستی ئاسۆکانی چاوەڕوانی لە دەقی ئەدەبی. ئەمەش لە ڕاستیدا دیاردەیەکی گرینگە بۆ لێکۆڵینەوە تا ئەو جێیەی باس لە "ئەدەبیاتی کوردی" و "ناسیۆنالیزمی کوردی" و "ناسنامەی کوردی" دەکرێت.

پێداویستی و هۆکاری ئایدیۆلۆجیک دەتوانن هاندەر و پاساوی نووسینی ڕۆمانێک بن، بەڵام ناتوانن سەرکەوتوویی ئەدەبییانەی ڕۆمانەکە مسۆگەر کەن. ئەگەرچی بابەتی گەشتێک بەرەو ژنەکان پرسێکی گرینگ و سەرنج ڕاکێشە و زانا خەلیل بوێرانە توانیویە خۆی لە قەرەی تابویەکی مەزن بدات، بەڵام هەتا خەمڵاندنی گێڕانەوەی لەم چەشنە بە تەکنیکی وردی ڕۆماننووسی و ئافراندنی دنیای دیالۆگ لە نێوان کاراکتەرەکان و دۆزینەوەی ڕەمز و ڕازی زمان، هێشتا مەودایەکی دوور و درێژمان لەبەرە. من هیوادارم کاکە زانا بە بەرهەمەکانی داهاتووی خۆی یەکێک بێت لەو نووسەرانەی ئەم مەودا دوور و درێژە نزیکتر و کورتتر دەکەنەوە.

## مێژوو، ڕاستی و بەڵگە

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا و دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنێکی کۆواری لڤین لەگەڵ "مێژوونووسێک"دا، کۆمەڵێک بابەتی جۆرەوجۆر لە میدیای کوردیدا وەک دژ کردەوەیەک بە ناوەڕۆکی ئەم چاوپێکەوتنە بڵاو بوونەوە کە لە زۆر بارەوە سەرنج ڕاکێشن.[1] ئەم بابەتانە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و تەنانەت ڕێبەرانی سیاسییەوە ورووژێندران و هەوڵی سەرەکی وێ دەچێت ئەوە بووبێت کە قسەکانی ئەو "مێژوونووسە" وەدرۆ بخەنەوە و بڵێن ئەم کابرایە ڕاست ناکات و بەواتایەکی تر مێژوو چەواشە دەکات. کابرای "مێژوونووسیش" وەک بڵێی "بەڵگەی ڕاستگۆیی" لە زانکۆیەکی ڕۆژئاوایی، هەڵبەت دیار نییە کام زانکۆ، لە گیرفاندا بێت، بە غرورێکی زۆرەوە پۆزی "ئەکادێمیک"بوون لێ دەدات و قسە لە "دەهەزار سەنەد" بە "ئەمەریکایی، ئینگلیز و عەرەب و فارسەوە" دەکات کە "ئاماژە بەوە دەکەن کاتێک لە ساڵی ١٩٦٠ کە عەشیرەتەکان لە دەشتی هەولێر دەستیان پێ کرد، ساواک وتی دەبێت مەلا مستەفا ببێت بە ڕەمزی ئەم شۆڕشە و ساواک حیمایەتی ئەم شۆڕشەی کرد". هەبوونی ئەم

١. ئەم چاوپێکەوتنە لە دوو بەشدا و لە ژمارەکانی ١٣٤ و ١٣٥ی کۆواری لڤین لە مێژووی ٢٠١٠/٨/٣ و ٢٠١٠/٨/١٠دا بڵاو بووەتەوە. لەبەرئەوەی کە لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا ناوی ئەم "مێژوونووس"ە زیاتر لە ڕادەی پێویست کەوتووەتە سەر زمانان، هەستم کرد وا باشتر بێت تەنیا وەک "مێژوونووس" ئاماژەی پێ بکەم و ئەمەش ئاماژەیە بە قسەی خۆی کە دەڵێت "من مێژوونووسم". هەڵبەت من لە هەموو شوێنێکدا کە ئاماژە بەو دەکەم وشەی مێژوونووس دەخەمە ناو نیشانەی گواستنەوە ("").

"سـەنەدانە" کـە "مـێـژوونووس" هەمـوویانـی بینیـوە ئـەو باوەڕەی لا دروست کردووە کـە ڕاستی هـەر لای ئەوە و ئـەو "مێژوونووسـە قسـەیەکی تازەی پێیە" و "لەوانـە نیـیـە مـێـژوو بـەدڵی دەسـەڵات بنووسـێـتـەوە". بەباوەڕی مـن بۆ مرۆڤێکی شارەزا بە باسی مێژوویی و تیۆرییەکانی، هەر ئەم ئاماژە کورتە بەو چاوپێکەوتنە بەسـە بۆ هـەڵدانەوەی پەردە لەسـەر نائـەکادێمیبـوونی ئەم شێوە ڕوانینە. من لەم وتارە کورتـەدا هـەوڵ دەدەم باس لە پێوەندیی نێوان بەڵگە، ڕاستی و مێژوو بکەم و تیشک بخـەمە سەر چلۆنایەتیی کارکردی ئەم پێوەندییە لـە ڕوانگەی باوترین تیۆرییەکانی مێژوونووسییەوە لە چل ساڵی ڕابردوودا.[1] مـەبەسـتـی سـەرەکـیی من لـەم کـارە ئەوەیە بـە ئاماژەکـردن بەتایبـەتمەندییـەکـانی باوی لێکۆڵینـەوەی ئەکـادێمـیک و دەسـتکەوتە تیۆرییەکانی ئەم بوارە، بەر بە هـەژاریی تێگەیشتنی مێژوویی و تێگەیشتن لە مـێژوو وەک دیسـیـپلینێک بگیـرێت.[2] پێـویست بـە گـوتن ناکـات کە بـەهیچ

١. بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵکم لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:
مـاڵپـەڕی دەوڵەمـەند و یەکجـار بـەپێزی ئەنستیتوی لێکۆڵینـەوەی مێژوویی زانکۆی لەندەن:
Institute of Historical Research, University of London, School of Advanced Study
ئەو سێ کتێبـەی خـوارەوەش سـەرچاوەی سـەرەکیی ئاماژەکانی ئەم نووسراوەن بە تیۆرییەکانی مێژوونووسییەوە.
1. Richard J .Evans, In Defence of History, London: Granta Books, 1997.
2. E .H .Carr, What is History?, London: Penguin, 1986.
3. Geoffrey R .Elton, The Practice of History, Oxford: Blackwell, 2002.
٢. بۆ دڵنیاکردنەوەی خوێنەرەوەی ئەم وتارە لە پیشە و کاری نووسەری ئەم دێرانە، ڕەنگە پێـویست بێ ئامـاژەیەکی چەند وشـەیی بە تێکەڵاویی خـۆم لەگـەڵ بواری مـێـژوو و باسگەلی مێژوویی سەبارەت بەکوردستـان و کورد بکەم. ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە هـەر کـەسـێک هات و گـوتی لە فـلان زانکۆی ڕۆئاوایی لێکۆڵەرەوەیە و خـەریکی نووسـینی تێـز و لێکۆڵینەوەیە، بێ ئەوەی بە ڕوونی ئەدرێسی شـوێنی خـوێندن و چالاکییـەکانی بڵێت، جێگەی متمانە نەبێت. من دوای خوێندنی ڕۆهەڵاتناسی لە =

شێوەیەک مەبەست ئەوە نییە مافی هیچ کەسێک لە دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆیدا پێشێل بکرێت و ئازادیی دەربڕینی بیروڕا پرەنسیپێکی حاشاهەڵنەگرە. بەڵام ئەو کاتەی قسە لەسەر ئەکادێمیکبوون دەکرێت دەبێ هەموو مەرجەکانی شێوازی و هزری و ئەخلاقیی کاری ئەکادێمیک ڕەچاو بکرێن و لادان لەم مەرجانە و شێواندنی بنەماکانی کاری لێکۆڵینەوە نابێت چاوپۆشییان لێ بکرێت. بەمجۆرە مەبەستی ئەم نووسینە تەنیا پارێزگارییە لە دیسیپلینەکانی کاری لێکۆڵینەوە و وەبیرخستنەوەیان.

مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە یەک لەو بوارانە بووە کە سەرنجی گەلێک لێکۆڵەرەوەی بیانی و ناوخۆیی ڕاکێشاوە و لەم بارەوە گەلێک لێکۆڵینەوە لە ئاستی جۆرەوجۆردا کراون و بڵاو بوونەتەوە. وەک نموونە مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بە وادی جوەیدە، ڕۆبێرت ئولسۆن، مارتین ڤان برۆینسێن، جەمال نەبەز، دێنیز ناتالی، کەمال مەزهەر، لازارێڤ، بورهان یاسین، دێیڤید ڕۆمانۆ، ئەنوەر

=زانکۆی ئوپسالای سوێد و وەرگرتنی بەکالۆریۆس و ماستەر لە ساڵانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ دەستم بە قۆناغی دوکتۆرا کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دوکتۆراکەم وەرگرتووە و تێزەکەشم لەلایەن زانکۆی ئوپسالاوە هەر لەم ساڵەدا بڵاو بووتەوە. دوای شەش ساڵ وانەگوتنەوە لە زانکۆی ئوپسالا لە ساڵی ٢٠٠٥ وە لە زانکۆی ئێگزێتری بەریتانیا وەک مامۆستای زانکۆ کارم کردووە و یەک لەو وانانەی بە بەردەوامی گوتوومەتەوە دەرسێکی سی کرێدیتی بووە بۆ خوێندکارانی قۆناغی ماستەر و دوکتۆرا بەناوی "کوردەکان: مێژوو و سیاسەت". لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا سەرجەم چل کەس ئەم دەرسەیان لەگەڵ من خوێندووە و هەر خوێندکارەی دوو وتاری چوار هەزار وشەییی وەک ئەرکی سەرکەوتن لەم دەرسەدا نووسیوە و هەمووی ئەم وتارانەش بە پێوەری ئەکادێمیک نووسراون و ڕاستەوخۆ باسیان لە بوارێکی مێژوو و سیاسەتی کوردی کردووە. بۆ کەسانێک بیانەوێت پتر لەسەر ئەم وانەیە لە زانکۆی ئێگزێتر زانیاری وەرگرن دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی زانکۆ بکەن و ئامانج و تایبەتمەندییەکانی ئەم وانەیە لە نزیکەوە بخوێننەوە.

سوڵتانی، عەباس وەلی، حەسەن قازی، کریس کۆچێرا، مەحموودی مەلا عیزەت، ژیرارد شالیان، دێیڤید مەکداوڵ و ... بکات. لە توێژینەوەی هەموو ئەم کەسایەتییانەدا ئاماژەی ورد بەشۆڕشی کورد لە دەیەی شێستی سەدەی بیستەمدا کراوە و لە بەرهەمی زۆر لەم لێکۆڵەرەوانەدا کۆمەڵێک بەڵگە و سەنەدی مێژوویی کە لە ناوەندە ئەرشیڤی و زانستییەکانی ڕۆئاوادا پارێزراون وەک سەرچاوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. تێکڕای ئەم لێکۆڵەرەوانە بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان بە کەڵکوەرگرتن لە بەڵگەگەلی مێژوویی دەسەلمێنن و زۆربەشیان لە زانکۆ بەناوبانگەکانی دنیادا دەرسیان گوتووەتەوە و هێندێکیان ئێستاش هەر خەریکی ئەم کارەن. بۆ لێکۆڵەرەوەیەکی جیدی کە بیەوێت لەبارەی ئەم دەورەیەوە لە مێژووی کورد بکۆڵێتەوە خوێندنەوەی سەرجەمی ئەم کارانە وەک پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگر خۆی دەسەپێنێت و هیچ سەرپەرشتیارێکی ئەکادێمی ڕێگە بە خوێندکارەکەی نادات بەبێ ئاگەداری لەم سەرچاوانە لە هەمان بواردا کاری لێکۆڵینەوە بکات. بەواتایەکی تر شەرتی سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێکدا ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوە شارەزاییی تەواوی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی بەر لە خۆی هەبێت و بە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بەو کارانەی کە کراون پێش بە دووبارەبوونەوە بگرێت و دواجار جیاوازییەکانی شێوازی و تیۆری و سەرچاوەییی خۆی لەگەڵ توێژینەوەکانی بەر لە خۆی دەستنیشان بکات و بڵێت کە چ شتێکی نوێ دەخاتە سەر لێکۆڵینەوەکانی پێشتر. ئەم کارە تا ڕادەیەک گرینگە کە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی جیدیدا هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا بەشێک تەرخان دەکرێت بە پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی پێشوو لەبارەی بواری لێکۆڵینەوەکەوە (literature review). لێرەدا پرس ئەوەیە بۆچی هیچ کام لەم لێکۆڵەرەوانەی پێشتر ئاماژەم بە ناوەکانیان کرد، لەبارەی شۆڕشی کوردەوە لە دەیەی شێستی سەدەی ڕابردوودا شتێکیان نەگوتووە کە لەگەڵ "لێکۆڵینەوەی تازەی" "مێژوونووسی" تازە پێگەیشتووی

میوانی کۆواری لڤین یەک بگرێتەوە. تۆ بڵێی هەر ئەم مێژوونووسە دەستی بەم بەڵگانە راگەیشتبێت و ئەوانی تر لە بینینیان بێبەش بووبن؟ بەرهەمی بەپێز و توانایی سەلێندراوی لانی کەم هێندێک لە لێکۆڵەرەوانی ئاماژەپێکراو وەلامێکی نەرێنی بەم پرسە دەداتەوە. کەواتە دەبێ ڕاز و ڕەمزی ئەم "دۆزینەوە" "تازە" و بێوێنەیە چی بێت کە "مێژوونووسی" ئێمە توانیبێتی پێشکێشی "مێژوو"ی بکات؟ دەبێت کام پاڵپشت و ڕێنیشاندەری تیۆریک و شێوازی و بابەتییانە ئەم ئاستە لە دڵنیایی بە "مێژوونووسی" ئێمە بەخشیبێت کە ئاوا مێژوو بخوێنێتەوە و تاجی "سەربەخۆیی" و "بێلایەنی" لەسەر خۆی بنێت؟ ئاخۆ کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا کە کەمال مەزهەر نووسیویێتی و بە پاڵپشتیی "سەدان هەزار بەڵگەنامەی نهێنی" دەڵێت کە "مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد بەخەباتی بارزانی و بارزانییەکان ڕازاوەتەوە" دەبێ چ جیاوازییەکی بەڵگەییانەی هەبێت لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە "مێژوونووسی" ئێمە قسەیان لێوە دەکات؟ ئاخۆ ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە لە هەڵوێست و بەرەنجامی ئەم دوو کەسە لە خوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانە ئەو ڕاستییە ناسەلمێنێت کە جیاوازیی ئەنجامەکان نەک لەسەر بنەمای بەڵگەنامەکان بگرە لەسەر بنەمای شێوە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانە؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە تیۆرییەکانی مێژوونووسی بدەینەوە تا بۆمان دەرکەوێت ئەوە نەک "بەڵگەنامەکانن" کە بە تەنیایی "ڕاستی"ی مێژوو بۆ ئێمە دەسەلمێنن، بگرە کۆمەڵێک هۆکاری ترن کە خوێندنەوەی جیاواز لە "بەڵگەنامەکان" بەسەر "مێژوونووسدا" دەسەپێنن. لەبەر تایبەتمەندیی نووسینی وتار و پێویستیی بەرتەسککردنەوەی بابەت هەوڵی سەرەکیی ئەوەیە کە تەنیا باس لەو ڕێبازە سەرەکییانەی مێژوونووسی بکرێت کە لە هەلومەرجی ئێستادا لە ناوەندە ئەکادێمییەکانی ڕۆئاوادا باون و لە باسکردنی دیرۆکی مێژوونووسی و بنجوبنەوانی خۆ بپارێزرێت.

باس لەسەر مێژوو وەک دیسیپلینێک و جیاوازیی ئەم دیسیپلینە لەگەڵ جۆرەکانی تری گێڕانەوەدا پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە. لە کاتێکدا لە شێوازە جۆرەوجۆرەکانی گێڕانەوەی وەک ئەفسانە، گۆرانی، فۆلکلۆر، حەکایەت، شیعر، بەیت و حەیراندا جێپێی مێژوو بەبەردەوامی دیارە، مێژوو بۆ خۆی وەک دیسیپلینێک هەر لە سەرەتای ئامادەییی مێژوونووسان لە بەستێنی گوتاریدا بانگەشەی سەربەخۆیی و جیاوازیی خۆی لە دیسیپلینەکانی تر کردووە. مێژوونووسی یۆنانی، توسیدید، نزیکەی دووهەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر لە کتێبەکەی خۆیدا سەبارەت بە شەڕی پێلۆپۆنیزدا دەڵێت کە شاعیران و کەسانی تر گێڕانەوەی هەڵە و خەیاڵی لەم شەڕە تۆمار دەکەن و مەبەستی ئەو لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئەمینداراتە تۆمار بکات. ئەگەر ئەمە وەک سەرەتایەک بۆ جیاکردنەوەی گێڕانەوەی مێژوویی لە شێوەکانی تری گێڕانەوە دابنێین، لەم ماوە دوور و درێژەدا ئەم باس و خواستە لەسەر سروشتی گێڕانەوە و بێلایەنبوونی هەردەم بەردەوام بووە. لە ڕاستیدا مێژوو وەک بوارێکی ناسین هەر لە سەردەمی ئانتیکەوە گرێدراوی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ بووە و بۆ ئاراستەکردنی ئەم دیسیپلینە ڕێبازی جۆرەوجۆر و زۆرجاران دژبەیەک بەکار هێندراون. بەڵام ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت پێشینەی ئەم باسانە و شێوەی ڕەنگدانەوەیان لە تیۆرییەکانی مێژوونووسیی ئەم سەردەمەدا بە سانایی لەو باس و خواستانەدا ببینێتەوە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە ئارادا بوونە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە زانکۆکانی ڕۆئاوا باسی لەمێژینەی پێناسە و چیبوونی مێژوو گوڕ و تینێکی زیاتر لە جارانی بەخۆیەوە بینیوە و پرسگەلی مێژوو هونەرە یان زانست، مێژوو گێڕانەوەی "ڕاستییەکان"ە یاخۆ گێڕانەوەی خەیاڵئامێزی ڕووداوەکانە، زیاتر خراونەتە بەرباس. بەگوێرەی زانیناسیی پسپۆڕانی مێژوو و تیۆرییە ڕێنوێنەکانی هەر مێژوونووسێک،

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە یەکتر جیاوازن. لە دەیەی شێستی سەدەی بیستەمدا دوو کتێبی بەناوبانگ لەبارەی پرسی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە بڵاو بوونەوە کە هەتا ئێستاش نوێنەرایەتیی دوو جەمسەری جیاواز لە زانستی مێژوودا دەکەن و کەم مێژوونووس و خوێندکاری بواری مێژوو توانیویانە خۆیان لە پێکهاتە تیۆرییەکانی ئەم دوو بەرهەمە ببوێرن. تەنانەت ئەو کەسانەیش کە دواتر قسە و بۆچوونێکی نوێیان هێنایە بەستێنی مێژوونووسی، بەشێک لە باسەکانیان تەرخانی پەژراندن یان بەرپەرچدانەوەی ناوەڕۆکی ئەم دوو کتێبە کردووە. کتێبی یەکەم، مێژوو چییە؟ (What is History?)، بەرهەمی ئی. ئێچ کار بوو کە لە ساڵی ١٦٩١دا بڵاو بووەوە. کاکڵەی بۆچوونی ئی. ئێچ. کار ئەوەیە کە هەر نووسراوەیەک لەسەر مێژوو لە هەنگاوی یەکەمدا بەرەنجامی ئەو سەردەمەیە کە نووسینەکە تێیدا بەرهەم هاتووە. کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی مێژوونووس بۆ ئی. ئێچ. کار ئەوەندە گرینگن کە بەباوەڕی ئەو مرۆڤ بەر لە خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکی مێژوویی دەبێت سەرەتا لە خودی مێژوونووسەکە بکۆڵێتەوە و بزانێت کێیە و لە چ سەردەمێکدا ژیاوە. هەرچەند بۆ ئی. ئێچ. کار "ڕاستی"ی مێژوویی شتێکە بوونی هەیە، بەڵام دواجار ئەو لە ئاست دۆزینەوەی ئەم "ڕاستییە"دا بۆچوونێکی یەکجار ڕێژەییانەی هەیە و گومان دەخاتە سەر بەرهەستبوون و بێلایەنبوونی دۆزینەوەی "ڕاستی". بەباوەڕی کار ڕووداوی مێژوویی هەتا ئەو کاتەی لەلایەن مێژوونووسێکەوە لێی نەکۆڵدرێتەوە و بنکۆڵ نەکرێت نابێتە فاکتی مێژوویی، ئەگەرچی لە دەرەوەی زەینی مێژوونووسدا ئامادەییشی هەبووبێت. کار جیاوازییەک لە نێوان فاکت و بەڵگەدا دادەنێت. بەباوەڕی کار دروستە کە فاکت وەک شتێکی سەربەخۆ بوونی هەیە، بەڵام فاکت بە تەنیایی ناتوانێت وەک بەڵگە بۆ باسێکی تایبەت بەکار بێندرێت. تەنیا کاتێک مێژوونووس لە فاکتێک دەکۆڵێتەوە و وەک پاڵپشتی خوێندنەوە و

ڕاڤـەیەکی دیاریکراو بۆ ڕووداوەکـانی ڕابردوو بەکـاری دێنێت، فـاکـتـەکـە دەبێت بە بـەڵگەیـەک و یارمــەتیــدەری باســێک و پاڵپــشــتی بـۆچوونـێک. کارتێکەریی بیروباوەڕی مارکسیستیی ئی. ئێچ. کار لەسەر مێژوونووسیی ئەو بەئاشکرایی دیارە و هەر بۆیەشە لێکدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر سەردەمێک لایەنێکی گرینگی مێژوونووسیی ئەو پێک دێنێت. شــەش ســاڵ دوای بـەرهـەمــەکــەی ئی. ئێچ. کــار کـتـێـبـێکی تـر لەســەر مێژوونووسی بڵاو بووەوە بەناوی کردەی مێژوو (The History of practice) لە نووسینی سێر جێفری ئیلتن. لە ڕوانگەی ئیلتنەوە مێژوونووس توانای دۆزینەوەی ڕاستیی هەیە و دەتوانێت بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕاستیی بەرهەست و بێلایەنانەی ڕووداو یاخۆ کەسایەتییەک دەستنیشان بکات. هەروەها ئیلتن پێی وایە مـێـژوونووس بـەپشـتـیـوانیی سـەرچاوە مێژووییەکان دەتوانێت خۆی لە کارتێکەریی ئایدیۆلۆجیا دەرباز بکات و لایەنی ڕاستەقینەی ڕووداوێکی مێژوویی ئاشکرا بکات. هەڵبەت، سەرەڕای ئەم باوەڕە، ئیلتن دواجار پێی وایە ڕاستی وەک قەڵایەک وایە و مێژوونووس تەنیا دەتوانێت لە قەڵای ڕاستی نزیک بێتەوە، بێ ئەوەی بتوانێت بەتەواوی قـەڵاکـە داگیـر بکات. خـاڵی گرینگ لە باوەڕی ئیلتندا ئەوەیە کـە فـاکـتی مێژوویی لە دەرەوەی زەینی مێژوونووسدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئامادەیە و مێژوونووس ئیمکانی دۆزینەوەی ئەم فاکتە مێژووییەی هەیە. بۆچوونی کار و ئیلتن سەرەڕای جیاوازییە بنەڕەتییەکانیان وەک دوو بۆچوونی باو لە مێژوونووسیدا خاوەنی پێگەی دیار و بەرچاون. مێژوونووسیی بەراوردی وەک یەک لە قوتابخانەکانی مێژوونووسی، زۆرجاران بە بەراوردکردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدراو بەپێی ئەم بۆچوونانە هەوڵ دەدات زیاتر لە ڕاستەقینەی مێژوویی نزیک ببێتەوە.

لە کۆتاییی شێستەکانی سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵێک تیۆری تازەی وەک نیشانەناسی، پاش پێکهاتەخوازی، مێژووخوازیی نوێ و ماتریالیزمی

فەرهەنگی، لە بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکاندا سەریان هەڵدا و بیر و بۆچوونی کەسانی وەک لویی ئالتوسێر، ڕۆلان بارت، میشێل فوکۆ، ژاک دێریدا و ژاک لاکان کاریان کردە سەر ڕەوتی مێژوونووسی و پرسی دەستنیشانکردنی ڕاستیی ئەو شتانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە. ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزم بەر لە هەر شتێک دۆزینەوەی ڕاستیی لە مێژوودا خستە ژێر پرسیار و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕاستی بە شێوەیەکی ئابستراکت بوونی نییە و بەمجۆرە سەرجەم باس و خواستەکانی لەمەڕ دۆزینەوەی ڕاستی و بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لە ڕوانگەی پۆستمۆدێرنیزمەوە بەرپەرچ دراوە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئی. ئێچ. کارەوە جۆرێک لە ڕاستیی ڕێژەیی دەیتوانی چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان بێت، ئەوە بۆ پۆستمۆدێرنیستەکان شتێکە لە دەرەوەی چاوەڕوانییەکان و هەر "ڕاستییەک" دواجار گێڕانەوە و ئاکامی پێشفەرز و باوەڕە ئایدیۆلۆجییەکانی مێژوونووسە کە لەژێر کارتێکەریی ئێستا نەک ڕابردوودا شکڵ دەگرێت. بۆ مێژوونووسێکی پۆستمۆدێرن مێژوو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ گێڕانەوەی خەیاڵئامێزدا نییە و دەقێکی مێژوویی دەکرێت وەک دەقێکی ڕۆمانی و داستانی بخوێندرێتەوە و دابەشکردنی سەرچاوەکان بەدەستی یەکەم و دووەمیش شتێک نییە کە ئەوان، واتا پۆستمۆدێرنیستەکان، هیچ باوەڕێکیان پێی هەبێت و بایەخێکی بۆ دابنێن. بنەما سەرەکییەکانی ئەم شێوە تێگەیشتنە لە دیاردەکان دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی پێکهاتەخوازەکان بە ڕۆڵی زمان وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ کە ژێدەرەکانی نەک لە دەرەوەی خۆی بگرە لەناو هەناوی خودی زماندانە. بەواتایەکی تر دالەکان بەپێی مەدلوولەکانیانەوە پێناسە ناکرێن، بگرە ئەوە پێوەندی و جیاوازیی دالەکان لەگەڵ یەکترە کە ئافرێنەری مانایە و ڕەوتی لەبن نەهاتووی دالەکان هەردەم وەک ژێدەری یەکتر لە جووڵەدایە. پاش پێکهاتەخوازەکان هەنگاوێکی تریش لە باوەڕی پێکهاتەخوازەکان چوونە

پێش و هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە مانای وشەکان بەردەوام لە گۆڕاندایە و مرۆڤ قەت دەستی بە دوایین مانا ڕاناگات و ئەوە خوێنەرەوەیە کە لە دەرەوەی مەبەستی نووسەر بەخوێندنەوەی خۆی مانا بە وشە و دەق دەبەخشێت. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوە خوێندنەوەی مێژوونووس لە بەڵگەنامەکانە کە مانایەکی تایبەت بە دەقێک یاخۆ بەڵگەنامەیەک دەبەخشێت. هەوڵی نووسینەوەی مێژوو لەم ڕوانگەیەوە تەنیا بۆ ئافراندنی کارتێکەریی واقیعە نەک نیشاندانی خودی واقیع، شتێک کە لە چوارچێوەی باوەڕی پاش پێکهاتەخوازییەوە ئیمکانی نییە.

لە ئی. ئێچ. کارەوە بۆ سێر جێفری ئیلتن و دواتر لە ئەوانەوە بۆ پۆستمۆدێرنیستەکانی وەک فرانسوا لیۆتار و هایدێن وایتەوە باس و خواستی زانیناسانە هەر بەردەوام بووە و دەبێت. یەک لەو پسپۆڕانەی بواری مێژوو کە توانیویە لە بەرامبەر بۆچوونەکانی کار و ئیلتن و پۆستمۆدێرنیستەکان هەڵوێست وەرگرێت و وەک وەڵامێک بۆ سەرجەم پرسگەلی ورووژێندراو لەلایەن ئەوانەوە خۆی دەربخات ڕیچارد جێی. ئیڤەنسە کە پرۆفیسۆری مێژوویە لە زانکۆی بێربێکی بەریتانیا. ئیڤەنس لە کتێبی داکۆکیکردن لە مێژوو (In defense of History)دا کە لە ساڵی ١٩٩٧ بڵاوی کردەوە ئاوڕ لە سەرجەم تیۆرییە باوەکانی مێژوونووسیی پێش خۆی دەداتەوە و هەوڵ دەدات بە شێوەیەک کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نوێ لەسەر ڕەوتی مێژوونووسیی هاوچەرخ ئاراستە بکات. کتێبی داکۆکیکردن لە مێژوو لە ماوەی بیست و سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر بڵاوبوونەوەیدا بووەتە بابەتی زۆر دەمەقاڵە و خوێندنەوەی جیاواز. داکۆکیکردن لە مێژوو هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێک لە نێوان دەمارگیریی ئەوپەڕ ڕێژەییانەی پۆستمۆدێرنیستەکان و ئەزموونخوازیی مێژوونووسیی نەریتی. ئیڤەنس ئاماژە بەوە دەکات کە مێژوونووس نابێ پێی وابێت کە مانای دەق و بەڵگەنامە و مەبەستی نووسەر شتگەلێکی ڕوون و ئاشکران. بەڵام ئەو لە

هەمـان کـاتدا پێی وایە دواجـار دەق جـۆرێک چوارچێوەی شـرۆڤـە بەسـەر خوێنەرەوە یاخۆ مێژوونووسدا دەسەپێنێت و بواری ڕاڤەکردن بە شێوەیەکی ڕەها کراوە نییە. بە بەراوردکردنی بۆچوونی ئیڤەنس لەمەڕ پۆستمۆدێرنیزم و مـێـژوونـووسـیـی ئەزمـوونخـوازانەی نـەریتی، دەبینـین کـە ئەو پتـر هـەوڵی بنکۆڵکردنی بنەمـا فیکرییـەکانی پۆسـتمۆدێرنـیزم دەدات و دژ بەو بۆچوونانە دەوەسـتـێـتـەوە کـە گـومـان دەخـەنە سـەر باوەڕکـردن بە مـێـژوو وەک دیسـیـپلینێکی هزری و ڕۆشنبیری و لە ڕەوتی مـێژوونووسـیدا بـانگەشـەی ڕێژەییبوونی لـە ڕادەبەدەر دەکەن. هـەڵبەت ئیڤەنس سـەرەڕای ڕەخنەگرتن لە بۆچوونی ئەوپەڕ ڕێژەییانەی پۆستمۆدێرنیستەکان لە بواری مێژوونووسیدا باس لە کـارتێکەریی ئەرێنیی ئەوان دەکـات لەسـەر دەسـتـەبەرکـردنی ڕێ و ڕێبــازی زیاتر بۆ نووســینـەوەی مـێـژوو. بەباوەڕی ئـیـڤـەنس ئەوەی کـە تیـۆریسیـەنە ئەدەبییـەکانی پۆسـتـمۆدێرنیست مێژوو وەک ئەدەبیات دەبین هاندەرێکی بەکەڵکە بۆ مێژوونـووسـان بۆ ئەوەی مـێژوو باشـتـر و جـوانـتـر بنووسنەوە.

لەسەر بنـەمای ئەم باسانە دەکرێ مرۆڤ پرسیار بکات شێواز و میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەو "مـێـژوونووسـەی" دەڵێت "قسـەی تازەی پێیـە" کـامـانەن و دەبێ باوەڕە تیـۆریکەکانی ئەو چی بن؟ ئەو پرسـیارگەلەی کە "مێژوونووس" هەوڵی بەرسیڤدانەوەیان دەدات کامانەن؟ لە چاوپێکەوتنەکەی "مێژوونووس" لەگەڵ کۆواری لڤیندا ئاماژە بە هیچ کام لەو بابەتانە ناکرێت و وێ دەچێت "مـێژوونووس" بـە بڕیارێکی پێشـوەخت زیاتر سـەرقاڵی وەڵامـدانەوە بێت تا ئاراسـتـەکردنـی پرسـیار، وەک شـەرتی سـەرەکـیی گـەڕان بـەدوای وەڵامـدا. گـرفت ئەوەیـە ئەو کـەسـەیش کـە وتووێژەکـەی ئەنجـام داوە بـە شـێـوەیەکی پرۆفـیـشـناڵ پرسـیـارەکـانی ئاراسـتـە نەکـردووە و تەنـانەت گـومـانـیـشی نەخـسـتـووەتە سـەر وەڵامـەکـان و نـەیپـرسـیـوە کـە "مـێـژوونووس" لە کـوێ دەخوێنێت و بۆ ئێستا دەڵێت خوێندکاری دوکتۆرایە لە کاتێکدا پێشتر وەک

"دوکتۆر" خۆی ناساندووە؟ شەرتی پێویست بۆ وتووێژێکی پرۆفیشناڵ ئاگەداریی تەواوی ئەو کەسەیە کە وتووێژەکە ئەنجام دەدات لەگەڵ بابەت و ئەو کەسەی کە وتووێژەکەی لەگەڵ دەکرێت. ئاست و شێوەی پرسیارەکان بە داخەوە ئەمە نیشان نادەن کە وتووێژکەری کۆواری لڤین زانیاریی پێویستی لەبارەی بابەتی چاوپێکەوتنەکە و کەسی وەڵامدەرەوەدا هەبێت.

پرسیارێک کە مرۆڤ دەکرێت لە "مێژوونووسی" بکات ئەوەیە کە ئامانجی ئەو لەم دەربڕینانە چییە؟ ئاخۆ خوێندکارێکی دوکتۆرا بەر لەوەی تێزەکەی پێشکێش بکات بۆی هەیە "دۆزینەوەکانی" ئاوا بە ئاسانی لە چاوپێکەوتنێکدا بڵاو کاتەوە؟ ئاخۆ: مێژوونووس" لەو زانکۆیەی لێی دەخوێنێت پێی نەگوتراوە دەبێ فۆرمێکی تایبەتیی لیژنەی "ئێتیک" واتا ئەخلاقی پڕ بکاتەوە کە تێیدا پێداویستییە ئەخلاقییەکانی لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن بەوردی دەستنیشان کراون؟[1] هەروەها تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر خۆڕانانی "مێژوونووس" بەدۆزینەوەی بەڵگەوە، مرۆڤ دەکرێت کۆمەڵێک پرسیاری تر ئاراستەی ئەو بکات: ١. گەلۆ ئەم بەڵگانە بوونیان هەیە؟ ئەدرێسی ئەم بەڵگانە کوێیە؟ ئاخۆ بەر لە "مێژوونووس" هیچ کەسی تر دەستی بەم بەڵگانە ڕاگەیشتووە؟ خوێندنەوەی کەسانی تر لەم بەڵگەنامانە چی بووە و بۆچی خوێندنەوەی "مێژوونووس" لە هی ئەوانی تر جیاوازە؟ "مێژوونووس" چ هەوڵێکی داوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستی و دروستیی ئەو بەڵگەنامانەی ئاماژەیان پێ دەکات؟ پێوەندیی ئەو بەڵگەنامانەی "مێژوونووس" ئاماژەیان پێ دەکات و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بە ناوەڕۆکی ئەوانەوە بەستووەتەوە بەیەکترەوە چییە؟ ئەو بەڵگەنامانە لە چ

١. بۆ زانیاریی خوێنەرەوە دەبێ بڵێم کە لە زانکۆکانی ڕۆئاوادا کۆمیتەیەک هەیە بەنێوی کۆمیتەی ئێتیک و هەر خوێندکارێک کە دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات و دەیەوێت کاری مەیدانی و چاوپێکەوتن ئەنجام بدات دەبێ ئەم فۆرمە پڕ کاتەوە و بەڵێن بدات پابەند بێت بە شەرت و مەرجەکانی ئەخلاقی لێکۆڵینەوە.

فـەزایەکی سـیاسـی و کـۆمـەڵایەتی و فـەرهـەنگیـدا نووسـراون؟ لێکدانەوە و شـیکردنەوە و ڕاڤـەی "مـێژوونووس" لـەو بەڵگەنامـانە بەپێی کـامـە تیـۆریی خوێندنەوە بەڕێوە چووە؟

مرۆڤ ناتوانێت پێوەندییەکی ڕاسـتـەوخۆ لە نێوان ڕووداو و فاکت و مانای فـاکت دەسـتنیـشـان بکات و دەقـاودەق وەک بەڵگـەیەک بۆ پاڵپـشـتـیی باسـێک بەکاری بێنێت. ئەوەی کە مێژوونووس دەیکات دواجـار دۆزینەوەی فـاکت و دواتر ڕاڤـەکردنی فـاکتـە. بێگومـان هـەر ڕاڤـەکـردنێکیش لـەژێر کـارتێکەریی ڕاسـتـەوخـۆی زەینی مـێژوونووسـدایە و لە سـەردەمی ئێسـتـاشـدا هـەبوونی تیـۆری و دیسـیپلینی جیـاواز لەمـەڕ ناسینی ڕابردوو دەبنە هۆی ڕوانینێکی چەندڕەهـەندی لە دیاردە و ڕووداو و بەڵگەنامـەکـانی ڕابردوو. لیـۆپارد ڤـان ڕانک کە وەک باوکی مـێژوونووسـیی پرۆفیـشـنـاڵی ڕۆئاوا ناسـراوە، باس لە پێداویستیی دۆزینەوەی پێوەندیی ناوەخۆی فـاکتـەکان بەیەکترەوە دەکات و ئەمـە بە ئەرکـێکی سـەرەکـیی مـێژوونووس دادەنێت. بەواتایەکی تـر ئەرکی مێژوونووس لە بارێکەوە دەبێتە دۆزینەوەی فاکتەکان و دواتر تاوتوێکردنیان بۆ ئەوەی بتوانن وەک بەڵگە بەکار بێن و لەوەش گرینگتر گرێدانی فاکتێکی دیاریکراوە بەفـاکـتـەکـانی ترەوە. تا ئەو جـێگەیـەی دەگـەڕێتـەوە سـەر کەڵکوەرگرتن لە دەقی نووسـراو وەک بەڵگەیەکی مێژوویی، دەبێ ئەوەمـان لە بەرچاو بێت کـە دەق لە کـاتی بەرهەمـهـاتنیـدا بۆ خـۆی شـێـوەیەک لە خـوێندنەوەی واقیع بـووە نەک خـودی واقیع و گوزەری زەمـەن بەسـەر دەقدا دەبێتە هۆی دابڕانی پتری لە سەردەمێک کە تێیدا بەرهەم هاتووە. بەمجۆرە مـێـژوونووس دواجـار نـاتوانێت جگە لە ڕاڤـەکـردن و شـیـکردنەوەی دەق و سـەپاندنی خـوێندنەوەی خۆی بەسـەر دەقدا شـتێک بکات. سەرەڕای هەمـوو ئەو بەڵام و ئـەگـەرانە وێ دەچێت ڕەوتی باوی مـێـژوونـووسی لە سـەردەمی ئێستادا مێژوو وەک بابەتێکی ئەزمـوونی سەیر بکات و خـوێنەرەوەی مێژوو دواجـار چاوەڕوانیی جـۆرێک لە بەرهـەسـتـی و بێـلایەنی لە مـێـژوونووسی

تەنانەت هەڵوەشێنەوەخوازیش بکات. خوێندنەوەی وردی سەرچاوەکان و هەڵکۆڵینی ڕابردوو بەمەبەستی ساغکردنەوە و داڕشتنەوەی ڕاستی، بە لە بەرچاوگرتنی هەموو فاکتۆرەکانی کارتێکەر لەسەر ڕەوتی ناسین، ئەو چاوەڕوانییەیە کە هۆگرانی تێگەیشتن لە مێژوو لە مێژوونووسیان هەیە. کاتێک "مێژوونووس" زۆر بەسانایی بڕگەیەکی گرینگ لە مێژووی کورد زۆر ناشییانە بەبڕیاری دەزگایەکی سیخوڕیی وڵاتێکی تر دەبەستێتەوە، نیشانی دەدات هیچ تێگەیشتنێکی لەسەر پێش شەرت و هەلومەرج و پێداویستییەکانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی نییە. ئاماژە بە ساڵی ١٩٦٠ وەک سەرەتای بڕیاری ساواک بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێک و تەنانەت دەستنیشانکردنی سەرۆک و ڕەمزی ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن ساواکەوە، تەنیا دەتوانێت لە چوارچێوەی تیۆریی پیلاندا (conspiracy) مانا بکرێتەوە. مرۆڤێکی وشیار بە لێکدانەوەی پێشینەی ئەم شۆڕشە و تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و ناوچە و ناونەتەوەیی و دواتر ڕەوت و ڕێبازی شۆڕشەکە، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیە لێک دەداتەوە و پەنا بۆ ئەو دەربڕینە ساکار و پیلانکارانەیە نابات.

سەبارەت بەشێوازی لێکۆڵینەوە و ئەو سەرچاوانەی "مێژوونووس" کەڵکیان لێ وەردەگرێت پرسیارێکی تریش دێتە ئاراوە. ئاخۆ لێکۆڵینەوەی "مێژوونووس" هەر گرێدراوی بەڵگەنامەکانە یاخۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی جیاوازیش بەشێکە لە شێوازی لێکۆڵینەوەکەی؟ لە سەفەرە بەردەوامەکانی "مێژوونووسەوە" بۆ وڵاتانی جۆرەوجۆر و فڕینی پەیتاپەیتای لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆر کەس و ناکەسدا وا وێ دەچێت کارەکەی پتر لە چوارچێوەی مێژووی زارەکیدا بێت. ئەمەیان ئیتر کاری لێکۆڵینەوە زیاتر ئاڵۆز دەکات. مێژووی زارەکی (oral history) بۆ خۆی هەڵگری یاسا و ڕێسای خۆیەتی و هیچ کەس ناتوانێت

دەربڕینی کەسێکی تر بەبێ پۆلێنکردن و دەستنیشانکردنی پێگە و شوێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت دەروونی و سەلامەتیی ئەو کەسە، وەک بەڵگە و پاڵپشتی بۆچوونێک بە خوێنەرەوە بفرۆشێت. ئەگەر دەربڕینە تۆمارکراوەکانی ئەو خەڵکانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە وەک سەرچاوە و بەڵگە کەڵکیان لێ وەرگیرێت، دەبێ "مێژوونووس" دەرفەتی بیستن و بینینی ئەو دەربڕینانە بەشێوەیەکی جەماوەری برەخسێنێت و بۆ نموونە لە کتێبخانەیەکی گشتی یان ناوەندێکی پاراستن و ئەرشیڤکردنیان دابنێت بەجۆرێک کە هەر کەسێک بخوازێت، دەستی بەو سەرچاوانە ڕابگات. لەوەش گرینگتر شێوازی شیکردنەوە و گرێدانی دەربڕینەکانی کەسێکی دیاریکراوە بە سەرجەم ئەو زانیارییانەی لەم بارەوە لە ئارادان.

هەر دەربڕینێکی ڕابردوو، چ بە شێوەی نووسراو و چ بە شێوەی زارەکی، ناتوانێت ڕاستەوخۆ و بەبێ دەستنیشانکردنی هەلومەرجی هاتنە کایەی ئەو دەربڕینە، وەک بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونێک بەکار بێت. با وەک نموونە سەرنجێک لەم دەقەی خوارەوە بدەین:

"خوێنڕێژ، ئاژاوەگێڕ، شێوێنەر و سەرهەڵدێر؛ دز و ڕێگر؛ خەڵکێکی نەخۆش و شەیتان؛ بەدکردار و گەندەڵ؛ بێبەزەیی؛ بەدوور لە هەر چەشنە مرۆڤایەتییەک؛ حاشاکەرانی عەقڵ؛ بەڵام نەژادێکی ئازا و نەترس، لە ڕادەبەدەر میواندۆست، بێوێنە لە ڕاستی و شەرەفدا، ڕاستگۆ و سازگار، لەخۆبایی و خۆهەڵکێش وەک سەرچاوەی هەموو چاکی و جوانییەک."[1]

ئەمە بیروباوەڕی کابرایەکی ئینگلیزییە بە ناوی ئێلی بانیستر سۆن لەسەر کوردان کە لە کتێبەکەیدا، بەرەو میزۆپۆتامیا و کوردستان بە جلوبەرگی گۆڕدراوەوە، باسی دەکات. ئاخۆ ئەگەر کەسێک بێتو بە پشتیوانیی ئەم قسانە بڕوانێتە کوردان و بڕیاریان لەسەر بدات و

1. Ely Bannister, Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise, London: Elibron Classics, 2005, p .367.

پاساوەکەی ئەوە بێت کە ئەم قسانە بۆچوونی نووسەرێکی ئینگلیزین، دەکرێت وەک مێژوونووس سەیری بکەین؟ ئاخۆ مێژوونووس نابێت ڕوونی کاتەوە ئەم کابرایە کێ بووە و کەنگێ و بۆچی ئەم قسانەی کردووە؟ سۆن سەرەتا وەک کارمەندێک لە کۆمپانیای نەوتی ئێران-ئینگلیز لە کرماشان دەستبەکار دەبێت و هەر لەوێش زمانی فارسی بەباشی فێر دەبێت و دواتر فێری زمانی کوردییش دەبێت و لە ساڵی ١٩١٢دا کتێبەکەی، بەرەو میزۆپۆتامیا و کوردستان بە جلوبەرگی گۆڕدراوەوە، چاپ و بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩١٣دا دەکرێتە جێگری کۆنسوڵی بەریتانیا لە قەسری شیرین و دواتر دێتە هەڵەبجە و دەست دەکات بە کاری سیخوڕی و پێوەندیگرتن بە عەشیرە کوردەکانەوە. لە ساڵی ١٩١٩ دەبێتە کاربەدەستی سیاسی لە سلێمانی و دوو ساڵ دواتر تووشی نەخۆشیی سیل دەبێت و دەگەڕێتەوە بەریتانیا و دواجار لە کاتی سەفەرێکی بۆ بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٣ لە تەمەنی چل و یەک ساڵیدا دەمرێت. ڕەنگە ئەو زانیارییانە یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە قسە پڕ کۆنتراستەکانی سۆن، بەڵام ئەگەر ئەم قسانە نەخرێنە نێو چوارچێوەی گوتاری مەزنتر و بەربڵاوتری ڕۆژهەڵاتناسییەوە دیسان خوێنەرەوە تووشی هەڵە دەکەن. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بزانین کە سۆن ئەم قسانەی لە کتێبی حاجی زەینەلعابدینی شیروانی بەنێوی (بوستان السیاحە) وەرگرتووە کە بە زمانی فارسی خوێندوویەتەوە و ڕاڤەی کردووە.[١]
ڕۆژهەڵاتناسیی ئێدوارد سەعید دواجار لەسەر لێکدانەوەی ئەم چەشنە دەربڕینانەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر ڕۆژهەڵات بەرهەم هاتووە. سەعید بە

١. حاجی زەینەلعابدینی شیروانی، ناسراو بە مەستعەلی شا، لە ساڵی ١١٩٤ی کۆچیی مانگیی لە قەفقاز لەدایک بووە و یەک لە ڕێبەرانی فیرقەی دەروێشانی نیعمەتوڵڵایی بووە. شیروانی کتێبی (بوستان السیاحە)ی لە ساڵی ٧٤٢١ی کۆچیی مانگییدا بۆ محەمەد شای قاجار نووسیوە و دواتر کتێبەکە لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچیی مانگییدا لە تاران چاپ بووە.

کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییەکانی میشێل فوکۆ لەمەڕ زانست و دەسەڵات و چلۆنایەتیی ئافراندنی ناسنامەی ڕۆئاوایی بەیارمەتیی سەپاندنی ناسنامەیەکی تایبەت بەسەر "ئەوانی تر"ی ڕۆهەڵاتیدا، بەرهەمێکی ئاوا مەزن دەخوڵقێنێت کە لە کاتی بڵاوبوونەوەیەوە لە ساڵی ١٩٧٨ هەتا ئێستا، یەک لە گرینگترین سەرچاوەکانی هزری و ئەزموونیی هەموو لێکۆڵەرەوانی جیهانە و وەک بەرهەمێکی ڕچەشکێن ناوبانگی دەرکردووە. خوێندنەوەی هەر سەرچاوەیەکی مێژوویی بەبێ گرێدانی بەرهەمەکە بەهەلومەرجی نووسین و ئێپیستیمی بەرهەمهاتنی ناتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتنی دەقێکی تایبەت و مێژووی ئەم دەقە یاخۆ بەڵگەیە. ناسین و تێگەیشتن لە گوتاری باوی سەردەمێکی دیاریکراو و زانینی بنەما تیۆریکەکانی لێکدانەوە و شرۆڤەکردن پێداویستیی سەرەکیی مێژوونووسین. ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ڕوانینێکی ئەوپەڕ مێژوویی نەبێت و هەموو فاکتۆرەکانی کارتێکەر لەسەر واقیع و شکڵگرتنی زەینی مێژوونووس لە بەرچاو نەگرێت ناتوانێت خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی لە دەقێکی دیاریکراو هەبێت و پێوەندیی ئەم دەقە بە کۆدەق و دەقگەلی ترەوە بدۆزێتەوە. کاتێک مرۆڤ دەبینێت مێژوونووسێک نکووڵی لە مێژووی گەلێک دەکات، دەبێ هۆکارەکانی ئەم جۆرە بۆچوونە نەک لە دەقدا بگرە لە سیاسەت و گوتارێکی ئایدیۆلۆجیکی تایبەتدا ببینێتەوە. هەر بۆیە کاتێک دەبینین کە مێژوونووسێکی وەک هاگ تریڤۆر-ڕۆپێر پێی وایە ئەفریقیا کیشوەرێکی بێ مێژووە و ئەفریقییەکان وەک عەشیرەیەکی بەربەری سەماکاری گۆشە پەرتەکانی گۆی زەوی سەیر دەکات، دەبێ لە سەرجەم پرۆژەی کۆلۆنیالیزم تێ بگەین هەتا دەربڕینێکی ئاوا بخەینە نێو چوارچێوەی گوتار و کردەوەی کۆلۆنیالیستییەوە. لە دەرەوەی گوتاری کۆلۆنیالیستی و ڕۆهەڵاتناسانەدا ئەستەمە مرۆڤ لەوە تێ بگات کە چۆن مێژوونووسێکی وەک گێرتوور هێمێلفارب مێژوو تەنیا بەو خەڵکانە ڕەوا دەبینێ کە خاوەنی سیاسەتی

بەرز لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەدان و باسکردن لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا بە مێژوو دانانێت و وەک شتێکی بێبایەخ سەیری دەکات. وێ دەچێت بۆچوونەکانی "مێژوونووس"ی ئێمەش هەر شتێک بن لەو جۆرە دەربڕینانە کە دواجار لە سەرچاوەی سیاسەت و گوتارێکی ئایدیۆلۆجیکی تایبەتەوە ئاو دەخۆنەوە. ئەگەر مرۆڤ بۆچوونەکانی هاک تریڤۆر-رۆپێر و هێمێلفارب بەروانینێکی کۆلۆنیالیستی و ڕۆهەڵاتناسانە دابنێت، دەبێ کەمێک بیر بکاتەوە چ ناوێک و قوتابخانەیەک بۆ "مێژوونووس"ی خۆمان بدۆزێتەوە. ئەو ناوە هەر چییەک بێت مێژوونووسی نییە. ڕەنگە قسەکەی ئی. ئێچ. کار لەمەڕ گرینگیی ئاگەداربوون لەسەر مێژوونووس بەر لە خوێندنەوەی بەرهەمەکەی لێرەدا زۆر بەکەڵک بێ و لەوانەشە بۆچوونی فوکۆیش کە دەڵێت مێژوو گێڕانەوەیەکە بە دڵی دەسەڵات یارمەتیدەرمان بێت بۆ تێگەیشتن لە مەبەستە شاراوەکانی "مێژوونووس" لە ئاراستەکردنی "لێکۆڵینەوەیەکی" ئاوادا. "مێژوونووس" لە ڕابردوودا بە ئافراندنی کەسایەتیی خەیاڵیی وەک "ڕووناک یاسین" نیشانی داوە کە دەستێکی باڵای هەیە لە پەنابردن بۆ جێگیرکردنی خەیاڵاتی خۆی بەجێگەی واقیع. ئەمەش ڕەنگە مرۆڤ بە فێڵێکی پۆستمۆدێرنیستی دابنێت، بەڵام ئاستی نزمیی نووسینەکانی "مێژوونووس" و نەبوونی هیچ نیشانەیەک لە تیۆری و شێوازی نووسینی پۆستمۆدێرنیستی، لەم شانسەشی بێبەری دەکات.

لە کۆتاییدا هەست دەکەم پێویستە ئاماژەیەک بەو دەرفەتانەی بۆ "مێژوونووس" لەلایەن سیاسەتوانانی کوردەوە ڕەخسێندراون بکەم. لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرجاران بیستوومانە و بینیومانە کە ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتوانانی کورد لەگەڵ ئەم "مێژوونووس"ەدا دیداریان هەبووە و چاوپێکەوتنیان ئەنجام داوە. زۆرجاران دوای بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنەکان لەلایەن "مێژوونووس"ەوە، دەنگۆی ئەوە ساز بووە کە قسەکانیان چەواشە کراون و ئەوان وایان نەگوتووە و "مێژوونووس"یش وەڵامی داونەوە کە دەقی

قسەکانی ئەوانی بە تۆمارکراوی لایە و دەتوانێ بڵاویان کاتەوە. پرسیارێک کە بۆ من لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە کە دەبێ چ شتێک بووبێتە هۆکاری ئەوەی "مێژوونووس" ئاوا بە ئاسانی دەستی بە سیاسەتوانانی کورد ڕابگات و ئەوانیش ئاوا بە سینگفراوانی وەڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە و، ئەگەر پشت بە قسەکانی "مێژوونووس" خۆیشی ببەستین، پێشنیازی پارەیەکی زۆریشی پێ بکەن؟ ئاخۆ ئەوە چ ڕازێکە کە "مێژوونووس" دوای ئەو هەموو قسە و باسەی لەسەری دەکرا، ببێتە میوانی ڕێبەرانی سیاسیی کورد و هەمدیسان دەرفەتی بدرێتێ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی ئەوان بنووسێتەوە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر مێژوو پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیەک بێت، کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و لە هەمان کاتدا لەتوکوتکراو، زیاتر لە هەر نەتەوەیەک پێویستی بە نووسینەوەی مێژووی خۆیەتی. لێکۆڵینەوە لە مێژووی کوردان بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو فاکتۆرانەی ڕۆڵیان لە هەلومەرجی زۆرجاران تاڵی ژیانی کورداندا هەبووە پێداویستییەکی بێ ئەملا و لایە. ئەگەر ئەمڕۆ بەشێکی گرینگ لە مێژووی کورد و کوردستان ئاوا بێڕێزیی پێ دەکرێت، مەترسیی ئەوەمان لەبەرە سبەینێ دێیڤید ئیروینگێکمان لێ پەیدا بێت و حاشا لە ئەنفال و هەڵەبجە و قاڕنێ و قەڵاتان و دەرسیمیش بکات.

## ئەدەبیاتی تاراوگە

ئەدەبیاتی تاراوگە چییە، بە چ ئەدەبیاتێک دەگوترێ ئەدەبیاتی تاراوگە، جیاوازیی ئەم ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەدەبیاتی ناتاراوگە لە چیدایە؟ ئەدەبیاتی تاراوگەی کوردی کامانەن و هەڵگری چ تایبەتمەندییەکن، ئەمانە و کۆمەڵێک پرسی تری تایبەت بە ئەدەبیاتی تاراوگە لەگەڵ هاشمی ئەحمەدزادە.

هاشمی ئەحمەدزادە لە ڕۆهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی زانکۆ، وڵاتی بەجێ هێشتووە. ساڵی ١٩٨٨ لە وڵاتی سوێد گیرساوەتەوە و لە زانکۆی ئۆپسالای سوێد دەستی بە خوێندن کردووە. هەر لەم زانکۆیە لە بواری ڕۆهەڵاتناسی دوکتۆرای وەرگرتووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩ هەتا ٢٠٠٥ لە زانکۆی ناوبراو مامۆستا بووە. پایزی ٢٠٠٥ دەچێتە بەریتانیا و لە زانکۆی Exeter لە بەشی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا وەک مامۆستا دامەزراوە.

* بەڕێز ئەحمەدزادە، ئەدەبیاتی تاراوگە چییە؟

– بەر لە پێناسەکردنی چەمک یان دیاردەی ئەدەبی تاراوگە، حەز دەکەم ئاماژەیەک بەلایەنی وشەیی و بنج و بناوانناسیی "تاراوگە" بکەم. پێویستیی ئەم ڕوونکردنەوەیە لەوەدایە کە بەر لە هەر شتێک بزانین باسی چی دەکەین و ئەرکی پێناسە و چەمکاندن بۆ چ مەدلوولێک ئاراستە دەکەین. لە ڕاستیدا وشەکان زەینی ئێمە ساز دەکەن و سیستەمی هزریی ئێمە بەرەنجامی گەمەی وشەکانە. بۆیە دەبێ بزانین کارکرد و سنووری وشەیەک چییە و چۆنە؛ ئەمەش تەنیا لە ئاکامی پێناسەی ڕوون و هەمەلایەنەی وشەکاندا مسۆگەر دەکرێت. یەک لە گرفتەکانی بەکارهێنانی چەمکگەلی تیۆریک لە

زمانی کوردیدا ڕووننەبوونی ڕیشە و پێکهاتە و بواری کەڵکوەرگرتنی ئەم چەمکانەیە. لە زمانە گەشەئەستاندوو و کارلەسەرکراوەکاندا وشەکان، بەتایبەتی ئەو وشانەی جێ و شوێنێکی کلیلیان لە ئاستی هزری و لێکدانەوەییدا هەیە، هەڵگری ناسنامەیەکی نەک هەر مانایی بگرە شێوەییشن. بەواتایەکی تر تۆ لە تەنیشت مانای وشەکەدا دەستت بە مێژووی سەرهەڵدانی وشەکەشدا رادەگات و، تەنانەت سەربوردەی مانای وشەکەش لە ڕێڕەوی زەمەندا دەستەبەر دەکرێت و مرۆڤ دەتوانێ بەسەرهاتی وشەکە لە ڕەوتێکی دیاریکراودا بکاتە پێوانەی بەکارهێنانی لە وێژیاک و گوتارێکی دیاریکراودا. بەداخەوە چاوەڕوانییەکی لەم چەشنە لە سەرمایەی ئێستای زمانی ئێمەدا دوورە لە واقیعبینی. یانی ئێمە نازانین ئەم "تاراوگە"یە کەی و چۆن وەک وشە هاتە نێو زمانی ئێمەوە و کێ یەکەم جار و بۆ چ مەبەستێک بەکاری هێنا. لەبەر ئەوە من بەپارێزەوە لە وشەکە نزیک دەبمەوە و هەوڵ دەدەم بە دانانی ئەم وشەیە لە بەرامبەر هاوتارێژییەکانی خۆی لە زمانی ئینگلیزیدا شی بکەمەوە. لە تیۆریی ئەدەبیدا، بۆ نموونە لە سەرچاوەی ئینگلیزیدا، چەمکی Exile literature یان literature Diasporic شوێن و پێناسەی تایبەتیی خۆی هەیە. جا ئەگەر تاراوگە وشەیەک بێ بەرامبەر بە exile و diaspora ئەوە ئیتر ئێمە کارەکەمان سانا دەبێ و دەتوانین لە ئاراستەکردنی پێناسەیەکدا کۆک بین. من ئەم سەرەتایەم بۆیە بە پێویست زانی، چونکە لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشەی تر هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ئارادا هەن؛ وەک "مەنفا"، "تەبعید"، "ڕەوەند"، "جالیە"، "هەندەران"، "دوورەوڵات" و... هتد. ئەگەرچی هێندێک لەم زاراوانە لە بنەڕەتدا عەرەبین، بەڵام وەک زۆر وشەی تر کوردێندراون و تەنانەت لەبەر هۆکاری مێژوویی و کولتووری، بۆ گوزارەکردن لە مەبەستی ئەو کەسانەی بەکاریان دەهێنن، زۆرجاران پتر دەست دەدەن.

ئەگەر "تاراوگە" برێتی بێ لە دالێک کە مەدلوولەکەی ئەو شوێنە بێت کە دەکەوێتە دەرەوەی "وڵات"، ئەوە بێگومان لە قیاسێکی ساکاردا دەتوانین بڵێین ئەدەبی تاراوگە ئەو ئەدەبەیە کە لە تاراوگەدا بەرهەم دێت. هەڵبەت لێرەدا دەبێ بیرێکیش لە گەردانکردنی ئەم وشەیە بکەینەوە، واتا بڵێین ئەو کەسەش کە لە تاراوگەدا جێگیر دەبێ دەبێت بە تاراوگەنشین یاخۆ تاراوگەیی و ئەدەبی تاراوگە بەرهەمی ئافرێندراوی مرۆڤی تاراوگەنشینە. بەڵام دەبێ ئاخۆ ئەم پێناسەیە تەنیا لەسەر لایەنی جێگۆڕکێی جوگرافیایی ساغ بێتەوە، یاخۆ هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تریش بێت؟ بە واتایەکی تر، ئاخۆ ئەم جێگۆڕکێیە تەنیا سەفەرێکی زەمەنی و شوێنییە یان کۆمەڵێک ڕەهەندی تریش بەخۆیەوە دەگرێت؟ ئاخۆ هەموو ئەو بەرهەمانەی لە تاراوگەدا ڕووی ژیان دەبینن دەبنە هەڵگری ناسنامەی ئەدەبی تاراوگە؟ لێرەدا پسپۆڕانی ئەم بوارە هەوڵی وردکردنەوە و دەستنیشانکردنی پتری پێناسەی ئەم ئەدەبە دەدەن. بەگشتی، ئەدەبی تاراوگە دەبێتە ئەو ئەدەبەی کە هەوڵ دەدات کۆبیر یاخۆ بیرەوەریی هەراو و کولتووری کەسانێک کە پەرتەوازەی دەرەوەی وڵاتی خۆیان بوونە بێنێتە زمان. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە هەموو ئەو ئەدەبەی کە بەدەست مرۆڤی تاراوگەیی لە تاراوگەدا دەئافرێندرێ ناکەوێتە خانەی ئەدەبی تاراوگە. تەنیا ئەو ئەدەبەی کە زادەی نۆستالجیای مرۆڤی تاراوگەیە و ڕاستەوخۆ بەندە بە خۆشەویستیی ئەو بۆ وڵاتی لەدەستچوو، دەبێتە هەڵگری ناسنامەی ئەدەبی تاراوگە. بەڵام ئەم پێناسەیە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا تووشی هەڵکشان و داکشانی تۆوگەلی پێکهاتەکانی خۆی دەبێت. بەشێوەیەک دەکرێ مێژووی ئەدەبی تاراوگە بە ئەندازەی مێژووی نووسین درێژ بکرێتەوە و زۆر نووسین لە دێرزەمەنەوە بە دەستی کەسانێک دوور لە زێدی خۆیان نووسرابن. لێرەدا چەمکی وڵات بۆ خۆی گرفتێکە بۆ سنووردارکردنی پێناسەکەی ئێمە لە ئەدەبی تاراوگە. جێگۆڕکێ لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا بەشێکی

حاشاهەڵنەگر بووە لە ژیان. مرۆڤەکان بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە جـووڵەدا بوونە. ئاخـۆ هەمـوو ئەو جـمـوجـۆڵە مـرۆڤـیـانە برێتین لە دەرچوون لە وڵات و جێگیربوون لە تاراوگە؟ لێرەدا ڕا و بۆچوونەکان لەسەر تاراوگە و ئەدەبی تاراوگە لە باری زەمەنییەوە لە یەکتر مـەودا دەگرن. بۆ نموونە زۆربەی جـوولەکەکان مێـژووی پەرتەوازەیی خۆیان بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگێڕنەوە و ئەم مێژووە دوور و درێژە هەتا ڕۆژگاری گەڕانەوە بۆ وڵاتی دیاریکراو بە تاراوگە دەزانن. ئەمە ڕەنگە بوارێکی شاز بێ و لە ڕاستیدا بەر لە هەر شتێک بەرهەمی هەوڵدانێکی سیاسییە بۆ سازکردنی نەتەوە و ئافراندنی ئەم مێژووییە تەنیا لە خزمەت ئامانجی ئایدیۆلۆجیکی نەتەوەسازیدایە. ئەگەر بەو پێوەرە بڕوانینە مێژووی ئەدەبی کلاسیک، لە گیلگامێشی سۆمەرییەوە هەتا ئۆدیسەی یۆنانی بەدەر لە دیاردەی سەفەر و جێگۆڕکێی مرۆڤەکان نەبوونە. بەڵام خۆیایە ئەمە پێوەرێکی گرفتسازە. من ناچارم لەبەر سنووورداربوونی باسەکەمان لێرەدا واز لەم شێوە تاوتوێکردنە بە وردەڕیشاڵە بێنم و بەسەر هەموو مێژووی پێشمۆدێرندا باز بدەم و لە کەنارەکانی مێژووی مۆدێرن و پێکهاتنی دەوڵەت– نەتەوەکاندا خۆم بگرمەوە، بەڵکو بتوانین بە بەرتەسککردنەوەی چەمکی "وڵات" لە گرفتی تێکەڵکردنی شوێنی لەدایکبوون و چەمکی نیشتمان و نەتەوە خۆ ڕزگار بکەین و تاراوگە تەنیا لە سەردەمی نوێدا بخەینە بەر باس.

مرۆڤی تاراوگەیی کەسێکە کە دوور لە وڵاتی خۆی دەژیت. ئەم مرۆڤە لەبەر زۆر هۆکار خولیای گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆ هەیە. خۆشەویستیی وڵاتی بەجێهێشتراو هەردەم کەڵکەڵەی زەینییەتی و ڕۆح و جەستەی بە دوو ئاقاری جیاوازدا مل دەنێن. نووسینی مرۆڤی تاراوگەیی لە ڕاستیدا دەربڕینی ئەم ئەزموونە تایبەتییەیە کە حەسرەتی گەڕانەوە و دۆزینەوەی زمان و کولتووری ونبوو تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم ئەزموونە پێک دەهێنن.

ئەم ئەزمـوونە دەتوانـێ لە شـێوەی شـیـعـر، بیـرەوەریی نووسین و ڕۆمـان و ئەدەبی داسـتـانیدا خـۆی دەرخـات. تۆ بیر لە خـۆشـەویسـتـەکەت، کە لێرەدا بەپێی پێویست وڵاتە، دەکەیەوە. ئیتر ڕابردوو لێرەدا دەبێت بەو بەسـتێنەی کـە تۆ لە چوارچێـوەی خـەیاڵدا دەیژێنیـیـەوە و فـەزای فـانـتـێـزییـەکـانت لە شێوەی داسـتـانی و بیرەوەرینووسـیدا دەبن بەو ئامرازەی کە ئاوڕ لـە دەرگە داخـراوەکـانـی وڵات دەداتەوە. تۆ ئەگـەرچی دەسـتت بـە وڵات ڕاناگـات، لە جیـهانی خەیاڵدا دەیکەی بەهەبوونێکی نەمر. لێرەدا وڵات ئەو جوانییـەیە کە وەک ژیان لە مردندایە و نووسین ئەو هونەرەیە کە ئەم جوانییە ڕزگار و نەمر دەکات. هـەبوونی تۆ وەک مـرۆڤی تاراوگـەیی هـەبوونێکی پارچە پارچەکراوی لە شکـاندایە و تۆ بەگـەڕانەوە بەرەو سـەرچاوەی بوونت، لە هـەناوی خـۆتدا، نیـشـتـمـانی ونبـوو، وڵاتی ونبـوو و بـیـرەوەریی ونبـوو و کـانیـاوی خـەونەکانت دەدۆزییـەوە، دەیاننەخشـێنی و مـانایەکی تازە لەسـەر پێشـینـەیەکی کۆن بە هـەبوونـت دەدەی. ئەدەبی داسـتـانی ئەو کـەرەسـەیەیـە کـە بە هێـزی خـەیاڵ یارمـەتیت دەدات شـتـە نادیارەکان لە خۆت و لە جیـهاندا بدۆزییـەوە. لێرەدا فـانتێـزی دەبێت بـە مـاسـوولکەی ڕۆح و بەرهـەمی فـانتـێـزیاییش دەبێت بە پانتـاییـیـەک کە تێیدا ڕایەڵەکانی ژیان خـۆیـان دەردەخـەن. تۆ لە تاراوگـەدا هـەردەم لەبەر لاساریی پرسیـارێکدا دەستەوەستاوی، پرسیـاری کێبوونت. لە یەک کـاتدا کوردی، ئێرانی، ئەوروپایی، ڕۆهـەڵاتی، مـوسڵـمـانی و... هتد، لە هـەمان کـاتیشدا هیچ کـامیان نیت. ئەم پرسـی ناسنامەیە ماکەی هـەموو ئەو هـەراوهـۆریایەیـە کـە گـۆڕەپانـی زەینت دەکـات بە شـوێنـی هـەڵبـەزدابەزی کێبـوونـت. تۆش ڕەنگە جگە لە پەنابـردن بە بیرەوەرییـەکـانت هیچ دەرەتانی ترت بۆ پێناسـەی خۆت نەبێ.

دەبێ لێـرەدا دەرگـە لـەسـەر لایەنێکی تری ئـەم باسـە بکـەمـەوە و ئـەویش ئاوارەبوونە لە کـاتێکدا کە هێشـتـا هەر لە وڵاتی خۆتدا دەژی. یان بـا بڵێم کـاتێک خـۆت خـاوەنـی وڵاتی خـۆت نیت. ئەگـەر ئەدەبی تاراوگـە بـرێتی بێ لە

ئەزموونی نامۆیی و دووری لە وڵات، کاتێک تۆ لە وڵاتیش بی و هەست بکەی بێگانە بووەتە خاوەن ماڵ و خاوەن ماڵیش بووەتە بێگانە، هەمدیسان ئەوەی دەیئافرێنی لە چوارچێوەی ئەدەبی تاراوگەییدا جێ دەگرێت. ئەم خاڵە بۆ ئێمەی کورد کە بەمانای دروستی سیاسی و حقووقی وڵاتێکمان نییە زۆر گرینگە. پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەکی لەم چەشنە لە بەستێنی سیاسی و جوگرافیایی و کولتوورییەکی تردا بکەم بۆ ئەوەی پتر تیشک بخەمە سەر باسەکە. زۆرا نیەل هورستن نووسەرێکی ڕەشی ئەمەریکاییە کە بەپێودانگی وڵات، مرۆڤێکی تاراوگەیی نییە، واتا لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا ناژێت، بەڵام لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە بەرهەمەکانی دەکەونە خانەی ئەدەبی تاراوگە. زۆرا لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، چاوەکانیان لە خوا بڕیبوون، ژیان و بەسەرهاتی ژنی ڕەشی ئەمەریکایی دەخاتە بەر باس. زۆرا لەگەڵ ئەربابی سپی و ئەو ڕەشەی کە پێش بە دەنگهەڵبڕینی ئەو دەگرێت، دژایەتی دەکات. جیهانێک کە ئەو لەم کتێبەدا دەیخوڵقێنێ نە جیهانێکی ڕەشە و نە جیهانێکی سپی؛ جیهانی ئافرێندراوی زۆرا جیهانی سێیەمە. کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەی زۆرا، جەینی، لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگەی خۆی، بەڵام هەست بە غەریبی دەکات. بەسەرهاتی جەینی لە ڕاستیدا بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەیە کە لە وڵاتی خۆیاندا دەبن بە غەریبە، بە بێگانە و ناسنامەیەکیان بەسەردا دەسەپێ کە خۆیان نایانەوێ. گوزارە لەم هەستە بە شێوەیەک دەکەوێتە خانەی ئەدەبی تاراوگە، ئەدەبێک کە دەربڕی ئەزموونە تایبەتییەکانی مرۆڤە لە کاتی لەدەستدانی بنەماکانی خۆناساندنی.

نموونەی زۆرا دروست لە بەرامبەر نموونەی دوو بواری گرینگی جۆرەیەکی تر لە ئەدەبی تاراوگەدایە کە بە ئەدەبی تاراوگەی ئەڵمانی و ڕووسی ناسراون و ئەدەبێکن کە لە سەرزەوینێک دوور لە زێد و نیشتماندا بەرهەم هاتوون و مرۆڤایەتی لە زۆر بارەوە قەرزداری ئافرێنەرانی ئەم دوو

ئەدەبەیە. من هەرچەند بەخێراییش بێ ئاوڕێک لە هێندێک لە پێشەنگانی ئەم ئەدەبانە دەدەمەوە بە مەبەستی پتر وردبوونەوە لە مانای ئەدەبی تاراوگە. ڤلادیمیر نەباکۆڤ بەشێوەیەک سیمبولی ئەدەبی تاراوگەی ڕووسییە و زۆرێک لە بەرهەمەکانی گێڕانەوەی حەسرەتی ئەم نووسەرە گەورەیەیە بۆ وڵات و کولتووری لەدەستچوو. لە ماریا و پنیندا ئەوە ژیانی نەباکۆڤە کە گلۆڵەی ئاڵۆزی ناسنامە و مەودای قووڵی نێوان ئێرە و ئەوێ وێنا دەکات. کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕۆمانە ڕووسییەیان بەجێ هێشتووە و لەگەڵ ژیانی پڕ مەینەت و ئازاری تاراوگەدا سەرگەردانی خۆیان ئەزموون دەکەن. ئەوان بەردەوام بەناخی خۆیاندا شۆڕ دەبنەوە و ڕابردوو لە هەموو ساتەکانی ژیانی ئێستایاندا خۆ قوت دەکاتەوە. نەباکۆڤی لووتکە لە زمانی ڕووسیدا، ئیتر دەبێ بەزمانێکی تر بنووسێ و ئەوە بۆ ئەو تراجیدییە و وەک کوڕەکەی، دیمیتری، ئاماژەی پێ دەکات ئەو هەستی لەدەستدانی زمانە دەبێتە هەوێنی شیعرە غەمبارەکەی نەباکۆڤ لەمەڕ زمانی دایک. بەڵام ئەزموونی نەباکۆڤ بۆ نموونە لەگەڵ ئەزموونی نووسەرێکی تری تاراوگەی ڕووسی، واتا سۆلژێنیتسین، یەک ناگرێتەوە و لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کارتێکەریی تاراوگە لەسەر هەموو نووسەرێکی تاراوگەیی یەکسان نییە.

بەرهەمی نووسەرانی تاراوی ئەڵمانییش خاوەنی تایبەتمەندییەکی جیاوازە لە هی ئەو دوو نووسەرە ڕووسەی ناوم بردن. دەسەڵاتی نازییەکان لە ساڵەکانی دەیەی سیی سەدەی بیستەمدا بووە هۆکاری ئاوارەیی هەزاران شاعیر و نووسەری ئەڵمانیزمان. ئەزموونە جیاوازەکانی ئەم نووسەرانە بوارێکی گرینگی لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی تاراوگە و کارتێکەریی تاراوگە لەسەر نووسەران. جاری وایە ئاکامی گۆشەگیریی ژیانی تاراوگە دەبێت بەهۆی خۆکوشتنی نووسەر. ستێفان زوینگ، ئوتریشی، لەگەڵ خێزانەکەی لە ساڵی ١٩٣٤ دەچنە بەرازیل. تەنیا ماوەیەکی کورت دوای

نووسینی ڕۆمانی بەناوبانگی گەمەی شایانە لە ساڵی ١٩٤٢، لە ئاکامی کۆتایینەهاتنی چاوەڕوانیی گەڕانەوە بۆ وڵات، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرەکەی کۆتا بەژیانی خۆیان دەهێنن. پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ستێفان لە غەریبیدا بەدوور لە خەڵک لە ژوورێکی بێ پەنجەرەدا دەژی و ڕۆژانە لەگەڵ خۆی شەترەنج دەکات. ستێفان زوینگ تەنیا یەک لەو سەدان نووسەرە ئەڵمانیزمانەیە کە لەبەر هێرشی نازییەکان وڵات بەجێ دێڵن و هەڵاتنیان لە چنگ نازییەکان بەگەورەترین شەپۆلی ئاوارەییی کولتووریی مێژوو دادەندرێ. لەنێو ئەم هیجرانە گەورە کولتوورییەدا کەسانی وەک توماس مان، هێنریش مان، بێرتۆڵت برێشت، هێرمان برووک و کورت تۆخۆلسکی جێ دەگرن. لەم هیجرانە گەورەیەدا زۆر نووسەر و شاعیر سەریان نایەوە، بەڵام زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەر و شاعیرە گەورانە بوون بە ئەو سەرمایە هزری و ئەدەبییە گەورەیە کە جێگەی شانازیی مرۆڤایەتین. ئەگەر ئەدەبی تاراوگەی ڕووسی لە کارەکانی نەباکۆڤدا پڕە لە نۆستالجیای نووسەر، ئەدەبی تاراوگەی ئەڵمانی دواجار ئەو بەرهەمە هزری و فیکرییانەن کە نامۆییی مرۆڤ نەک هەر لە چەمکی وڵات بگرە لە ئینسانیش نیشان دەدەن.

هەڵبەت مەرج نییە کە هەر کەسێک وڵاتی خۆی بەجێ هێشت ببێت بەهەڵگری ناسنامەی ئافرێنەری ئەدەبی تاراوگە. نموونەیەکی بەرچاو لەم پێوەندییەدا بەرهەمە بەناوبانگەکانی ژۆزێف کۆنرادی پۆلۆنین کە هەر لە هەرەتی لاوییەوە دەچێت بۆ بەریتانیا و لە ڕاستیدا وەک نووسەرێکی ئینگلیزی ناوبانگ دەردەکات و دڵی تاریکییەکەی نەک لە وڵاتی پێشووی ئەو، بگرە لە ئەفریقیادا لێ دەدا. ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەم پێوەندییەدا هەوڵ دەدەن جیاوازی دانێن لە نێوان تاراوگەی سیاسی کە سیستمێک هۆکاریەتی و تاراوگەی دڵخواز کە تاک لەسەر هەڵبژاردنی خۆی وڵات بەجێ دەهێڵێت و لە تاراوگە خۆ دەگرێتەوە.

* ئەی جیاوازیی ئەدەبیاتی تاراوگە لەگەڵ ئەدەبیاتی ناتاراوگە یا ئەو ئەدەبیاتەی لە نێوەخۆی وڵاتدا هەیە، چییە؟

– گرفت ئەوەیە کە کورد خاوەنی وڵات بە مانای نەتەوەیی و سیاسی/ حقووقیی خۆی نییە. ئەزموونی باشووری کوردستان ئەزموونێکی نوێیە و تا سەقامگیربوونی وەک قەوارەیەک کە تێیدا ئاواتی سەروەریی نەتەوەیی وەدی بێت، کاری زۆرمان لەپێشە. ئەم ڕاستییە دەبێتە هۆی کەمڕەنگکردنەوەی سنوورەکانی نێوان ئەدەبی تاراوگە و ئەدەبی بەوتەی ئێوە ناتاراوگە. لە هەمان کاتدا سیستەمی جیهانی ئەمڕۆ لە سایەی دیاردەی خێرای جیهانیبووندا تا ڕادەیەکی زۆر سنووری ئەم دوو جۆرە ئەدەبە لاواز دەکات. ئەمڕۆ دەبینین کە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە ڕۆئاوا لەسەر میکانیزمی بازاڕ هەڵسوکەوت دەکات و نووسەرێکی هۆڵەندی کتێبەکەی لە باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا چاپ دەبێت و نووسەرێکی ئینگلیزی کتێبەکەی لە هیند و ئەمەریکا چاپ دەکات. داستانی ئەورووپایی لە سنووری نەتەوەیی دەترازێ و کارەکتەری دەرەوەی جوگرافیای نەتەوەیی، خۆماڵی دەکات. کۆمەڵێک کوردی دانیشتووی ڕۆئاوا کتێبەکانیان لە هەولێر و سلێمانی و تەنانەت لە ئەستەمبوڵ چاپ دەبن. کەواتە شوێنی چاپ ناتوانێ ببێتە هۆکاری جیاکردنەوەی ئەدەبی تاراوگە و ناتاراوگە. بەڵام ئەگەر پێوەری مێلانکۆلیک و حەسرەتی دووری لە نیشتمان و زمان و کولتوور وەک تێمای دەقی ئەدەبی تاراوگە بپەژرێنین، ئەو کات دەتوانین بڵێین خەونەکانی بلووچستان بەرهەمێکی تاراوگەییە ئەگەرچی لە هەولێر چاپ بووە. عەلی شەرەفیاری شاری مۆسیقارە سپییەکان مرۆڤێکی تاراوگەییە ئەگەرچی لە سلێمانی چاپ بووە. هەر بەم پێوەرەش لاسی گوڵی شۆڕان و ونبوونی لە تەنگژەی ناسنامەدا هاوتای میهرەبانیی تاراوگەنشینە کە دوای ساڵانێکی زۆر دووری گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و نە ئێرەییە و نە ئەوێیی. ڕەنگە تاراوگە ئەو

سەفەرە تاڵە بێ کە یەک لە سەرباسەکانی دوایەمین هەناری دنیا لەسەر شریتێکدا بۆ سەرنشینەکانی کەشتییەک دەیگێڕێتەوە کە پڕە لە ئاوارەی سەرگەردانی کورد لەسەر شەپۆلی ئۆقیانووسە بێ بەزەییەکاندا. ڕەنگە هیچ بەسەرهاتێک وەک هەنار و فەخرەی کۆمەڵە شاخێ بەرز و ... تراجیدیای تاراوگە لە قاو نەدا. ڕەنگیشە ئەدەبی ناتاراوگە ئەو ژن و پیاوە بن کە لەپشت "پەردەی نارنجی"ی عەتای نەهاییدا خۆیان شاردووەتەوە و خەڵکی گەڕەک بەردیان تێ دەگرن. لێڵیی سنووری ئەم دوو جۆرە ئەدەبە لە فەزای کوردیدا ڕەنگە وەک پاڵەوانەکانی زیندەخەوی فەتاحی ئەمیری بن کە لە نێوان ورمێ و تاران و سەردەشت و مەهاباددا لە هاتوچۆدان و سنوورەکانی جوگرافیای کولتووری و سیاسییان لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن.

* ئاخۆ دەتوانین بڵێین کە کوردیش خاوەنی ئەدەبیاتی تاراوگەیە؟ کامەیە دەرکەوتەکانی و بەرهەمەکانی؟

– لەسەر بنەمای وەڵامی پرسیاری پێشوو ئەگەر ئەدەبی تاراوگە کۆی ئەو بەرهەمانە بگرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵاتی کوردان بەدەستی تاراوگەنشینانی کورد ئافرێنراون، ئەوە بێگومان ئێمە خاوەنی ئەدەبێکی لەم چەشنە هەین. هەبوونی زیاتر لە ملیۆنێک کورد لە ڕۆژئاوا کە لە نێویاندا سەدان نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس جێ دەگرن، هەبوونی ئەدەبێکی وا دەسەلمێنن. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەگەر دیاردەی تاراوگەی کوردی نەبوایە لە بەشێکی کوردستان، باکور، ئێمە نەماندەتوانی تەنانەت باس لە هەبوونی ئەدەبی کوردی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بکەین. ڕەنگە هەر لە ١٨٩٨ کە بەدرخانییەکان یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانیان لە قاهیرە چاپ کرد، ڕەوتی ئەم دیاردەیە هەبوونی خۆی ڕاگەیاندبێ و دواتریش بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ئەم ڕەوتە لە ئەورووپا گەیشتە لووتکە و هێندێک جۆری ئەدەبی بۆ یەکەم جار لە تاراوگەدا هەبوونی ئەدەبی

کـوردییـان سـەلماندبـێ. ئەگـەر تـاراوگـە نەبـوایە ڕەنگە ڕۆمـانـی کـوردی لە باکوری کوردستـان هێشتـایش لەدایک نەبووبایە. بەرهەمـەکانی محـەمـەد ئوزون، فیرات جەوەری و حەسەنی مەتێ نموونە بەرچاوەکانی ئەم دیاردەیەن و شـوێنپـەنجـەیان بەسـەر ئـەدەبی کـوردیدا تـەواو دیارە. ئەم ڕەوتە لـەمـەڕ کوردەکانی ڕۆئاوای کوردستانیش هەر ڕاستە و ڕۆمـانەکانی حەلیم یوسف، جاندۆست و باوێ نازێ و هەروەها شیعرەکانی ئەحمەد حوسێنی و بەدەیان نووسـەر و شـاعـیری تر تەنیا دەیانتـوانی لە تاراوگەدا چاویان بە ڕووناکی هەڵێت. کوردەکانی ڕۆهەڵاتیش لەم یاسـایە بەدەر نین. پێشمـەرگەی دوکتۆر ڕەحیـمی سـەیفی قازی بەرهـەمێکی تـاراوگەییـیە و دواتریش زۆر نووسـەری کوردی ئەم بەشەی کوردستان لە تاراوگەدا توانییان دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمـەکـانیـان بدۆزنەوە. لـە هەلومـەرجـێکدا کـە سـاڵانی دەیەی هەشـتـا کـوردەکـانی باشـوور لـە مـەترسـیی فـەوتانی ڕۆحـی و جـەسـتـەییـدا بوون، تاراوگە توانی ببێتە هێلانەی لە باوەشگرتنی دەیان نووسەر و شـاعیری ئەم بەشەی کوردستان.

بەڵام ئەگـەر ئەدەبی تاراوگـە ئەو ئەزمـوونە تاکەکـەسـیـیە بێت کـە تێـیدا مرۆڤی تاراوگەنشین گوزارە لە مێلانکۆلی و پەرۆشـەکانی ژیانی تاراوگە بە گەڕانەوە بە سـەرچاوەکانی ناسنامـەی لەدەستچوودا بکات، ئەوە مەرج نییە هەمـوو ئەوەی لە تاراوگـەدا هاتووەتە بەرهەم بکەوێتـە خـانەی ئەم جـۆرە لە ئەدەبیـاتەوە. ئەودەم ئیـتـر مرۆڤ نـاتوانێ بە سنگفـراوانی هـەر لاپەڕەیەکی ڕەشکراوە بـە ئەدەب دابنێ. ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە کـە لـەبەر زۆر هۆکـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە تاراوگەی کوردیدا کۆمەڵێک کتێب چاپ کراون کە ئەگەر بێتو مرۆڤ بە پێناسە سـەرەتاییەکانی ئافراندنی هونەری و ئەدەبی سـەیریان بکات، هـەمـوویان لە یەکـەم چاوپێـداخـشـاندا لە ڕیزی ئەدەب لادەچن. لـە هەمـان کـاتدا بـەرهەمگەلێک لـە تاراوگـە خـوڵقـاون کـە تا سـەردەمـانێکی زۆر دەتوانن گوزارە لە سـەردەمـێکی ژیانی مرۆڤی کورد و

هەموو نەهامەتییەکانی بکەن. هێندێک جار ئەم بەرهەمانە ئەگەرچی بە زمانی کوردییش نەنووسراون، پتر لە زۆر بەرهەمی کوردی ئاوێنەی بالانوێنیی ژیانی مرۆڤی کوردن. کارەکانی سەلیم بەرەکات ئەگەرچی بە عەرەبی نووسراون و دواتر وەرگێڕدراونەتە سەر هێندێک زمانی ئەورووپایی، لە وانە زمانی سوێدی، جگە لە بایەخی بەرزی ئەدەبییان، ئەو کەرەسەیەن کە تێیاندا گەڕانەوە بۆ نیشتمانی ونبوو و لەکیسچوونی بیرەوەرییەکانی زارۆکایەتی لە جوانترین شێوەی خۆیدا بەرجەستە دەبنەوە. سەلیم بەرەکات لە کللۆ و پەڕدا کەڵکەڵەی ئەدیبێکی کوردی تاراوگەیی لەوپەڕی جوانیدا دەخەملێنێ و ڕەنگە باشتر لە سەدان ئاکسیۆنی سیاسی، مرۆڤی کورد و ئازارەکانی بە جیهان بناسێنێ. لە بیرمان بێت کە نەباکۆڤی ڕووسی ئەگەرچی قەت بەشداریی چالاکیی سیاسیی نەکرد، بەلام بەرهەمەکانی لە تاراوگەدا گەورەترین کارتێکەریی سیاسییان هەبوو. خەونەکانی بلووچستانی ئەحمەدی مەلاش لە ڕیزی ئەو کارە دەگمەنانەدایە کە پەردە لەسەر دەروونی پڕ لە ناسۆری کوردێکی تاراوگەیی لادەبات و ڕۆحی سەرگەردانی کوردێک لە سەفەری بەردەوامی ئێرە و ئەوێدا لە توێی ڕۆمانێکدا دەکات بە جیهانێک کە سەرەڕای وێکچوونییەکانی لەگەڵ جیهانی واقیع، جیهانێکە کە تێیدا گرفتی ناسنامە و ئازاری تاراوگە بە جوانترین شێوە خۆی دەردەخات. من لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نابێ کە کتێبنامە و ئیندێکسی ئەدەبی تاراوگەی کوردی ڕیز بکەم، بەلام ئەوەندە دەتوانم بڵێم، ئەدەبێک بەم پێناسەیە، ئەگەرچی کەم، هەبوونی هەیە و زۆر کەس هەن لەنێو هەناوی توێنەرەوەی تاراوگەدا بەردەوام بە چاوەڕوانیی وڵاتەوە دەژین و وەک پەشێو گوتەنی "شەو نییە خەون بە وڵاتەوە نەبینن."

ناتوانم لێرەدا خۆم لە ئاماژەیەکی کورت بە کتێبە بە قەوارە بچووک بەلام بە ناوەڕۆک دەوڵەمەندەکەی هونەر سەلیم، تفەنگەکەی باوکم، ببوێرم. ئەم کتێبە کە بە زمانی فەرەنسایی نووسراوە و دواتر وەرگێڕدراوەتەوە سەر

بیست زمانی تر و ڕەنگە یەکەم بەرهەمی کوردی بێت کە لە چاپێکی ئاوا جوان و ڕازاوەدا لەلایەن چاپخانە ناسراوەکانی ئەوروپاییدا چاپ کرابێ، بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵێتیی نووسەرە کە هونەرمەندانە دەڕوانێتە سالآنی دەیەکانی شێست و حەفتای سەدەی پێشوو. لەم کتێبەدا ئێمە لە سیلەی چاوە وردبینەکانی ئازادڕا خەباتی بێ پسانەوەی کوردان بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی دەبینین و خەونەکانی باوکی ئازاد و تفەنگەکەی دەبن بەو دوو تێما سەرەکییەکە لە میانەی ئەوانەوە شکڵگرتنی زەینی ئازاد، ئاواتەکانی، ئەڤینە جوان و ساکارەکانی، نامۆبوونی، هەڵچوون و دواجار هەنگاوە پڕ گومانەکانی بەرەو تاراوگە دەبینین. ئەوە زێدەڕۆیی نییە کە بڵێم ئەم کتێبە بچووکە (١٤٠ لاپەڕە) زۆرتر لە هەر بەرهەمێکی کوردی سەرنجی خوێنەرەوەی بیانی بۆ سەر ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی کوردان ڕاکێشابێ. هیچ هۆکارێک نییە کە کوردەکان بە هەبوونی بەرهەمێکی ئاوا گرینگ بە دیاردەی ئەدەبی تاراوگە گەشبین نەبن. ئەو بەرهەمە ڕەنگە لە ڕیزی کۆمەڵێک بەرهەمی تاراوگەییدا پۆلێن بکرێت کە کوردەکان لە تاراوگەدا بە زمانی وڵاتی خانەخوێ نووسیویانە. گرینگیی ئەم چەشنە ئەدەبییاتە، بە ناوەڕۆکی کوردانە، بەڵام بە زمانی بیانی لە جیهانی تێکهاڵاوی ئەم سەردەمەدا زۆر زەقە. لە ئەڵمان و سوێد چەند نووسەرێکی تریش هەوڵی لەم چەشنەیان داوە؛ ئەمە جگە لە هێندێک هەوڵی بەنرخ کە لە ئاستی وەرگێڕانی کۆمەڵێک بەرهەمی کوردی بۆ سەر زمانە ئەوروپاییەکان دراون.

* باشە ئێوە شوێن و جێگەی ئەدەبیاتی تاراوگە لە ئەدەبیاتی کوردیدا چۆن پێناسە دەکەن؟

– چەند ساڵێک لەمەوبەر زانکۆی مەیامی لە ئەمەریکا پرۆژەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەی دووسەد ڕۆژنامەی کووباییەکانی دانیشتووی ئەمەریکا

تەرخـــان کـرد و لە دەقی پرۆژەکـەدا هاتووە کـە ئەم لێکۆڵـینەوەیە لەســەر ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژنامـانە دەتوانێت کـەرەســەیەکی باش بێت بۆ تـاوتوێکردنی ژیانی کووباییـە تاراوگەیییەکان لە وڵاتی ئـەمەریکادا و ڕێژەی توانەوە یاخۆ یەکانگیربـوونی نەوە جیـاوازەکانی تاراوگەی کووبایـی لەم وڵاتەدا. زانکۆی پێنسیلڤانیای ئەمـەریکا لە سـەرەتای ئەم سـەدەیەدا پرۆژەیەکی گەورەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی تاراوگەی ئاسیاییەکان دەست پێ کردووە. ئاماژەم بۆ ئەم دیاردەیانە لەبەرئەوەیە کە بڵێم ئەدەبی تاراوگە شیـاوی ئاوڕدانەوەیەکی جیدییە و بـەهـەموو کەموکووڕییەکانیـەوە دەتوانێت نوێنەرایەتیی ئاستی هزر و بیـر و تێـڕوانینـی مـرۆڤی کـورد لە تـاراوگـەدا بکات. ئێـمـە بەداخـەوە لێکۆڵینـەوەیەکی ئەوتـۆمـان لە دەســتـدا نـیـیـە کـە بـتـوانین بـۆ دەربڕینێکی پشـتـئەسـتـوور بە بەڵگە ڕووی تـێ کـەین. من هیـوادارم کە پرۆژەیـەکی لەم چەشنە سـەرنجـی لێکۆڵەرەوانی کورد و زانکۆکـانـی کـوردسـتـان ڕاکـێشـێ و هـەوڵێک بـۆ پۆلێنکردن و هـەڵسـەنگاندنی ئـەدەبی تاراوگـەی کـوردی بدرێت و ئەرشـیـڤـێکی ڕێکوپێکی هەمـوو بەرهـەمـەکـانی تاراوگـە سـاز بکرێت. لە هەلومـــەرجی نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی ئـەوتۆدا هـەر چـەشنە ڕادەربـڕینێک تەنیـا کـردەیەکی زەینییـە کـە لەســەر ئەزمـوونی تاکـەکـەسی ڕادەوەسـتێ. ئەوەنـدە دەتوانم بڵــێم کـە ئـەدەبی بەرهـەمــهـاتوو لە تاراوگـــەدا بەشـێکی ســـەرەکـــیی ئـەدەبی کـــوردی پێک دەهـێنێ و هێندێک جـــار و لە هـێندێک قۆناغیشدا ڕەنگە لە دەرەوەی ئەدەبی تاراوگە تۆ بەزەحمەت بتوانی قسە لە هەبوونی ئەدەبیاتی کوردی بکەیت.

* بەرهـەمـەکانی هێمن، هـەژار ئاخۆ دەکەونە خـانەی ئەدەبیـاتی تاراوگـە یان نا؟ تـۆ پێت وایە کـوردسـتـانی عـێـراق کـە شـوێنی لەدایکبـوونی زۆر لە بەرهـەمـەکانی ئەم دوو شاعیـرەن ناتوانێ بە تاراوگـــە حـــیـــســـاب بکرێ؟ ئەوە لـە حـــاڵێکدایـە کـــە هـەســـتی

غوربەتنشینی یان مەڵبەندخۆشەویستی بەجوانی لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە شیعری "ناڵەی جودایی"ی هێمن و "بەرەو موکریان"ی هەژار؟

– من پێم وایە بە پێودانگێک هەموو ئەدەبی کوردی ئەدەبی تاراوگەیە. ئاخر مەگەر ئەوە نییە کورد لە هەموو سەدەی بیستەمدا لە بەڕێوەبردنی کاروباری نیشتمانیی خۆیان بێبەش بوونە؟ دامەزراندن و سەقامگیربوونی دەوڵەت– نەتەوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دووربوونە لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی دیموکراتیک و تەنیا لەسەر نکووڵی لە هەبوونی کوردان لەسەر نیشتمانی خۆیاندا کۆک بوونە. تایبەتمەندیی سنوورتێپەڕی بزاڤی نەتەوەییی کوردی بووەتە هۆی گیرسانەوەی پێشەنگی کوردی پارچەیەک لە ئەوی تر و ئەمەش بەپێی سەروەریی جەماوەریی ئەم دەوڵەت– نەتەوانەی کوردیان تێدا دەژیت، هەموو دەمێ وەک پرسێکی ئەولەوی چاوی لێ کراوە و ئەدیبی کوردیش وەک هەموو پێکهاتەی زمانی و کولتووریی کوردی، بوونێکی سیاسی بووە. بۆ هێمنێک کە هەست و زەینی بە بیرەوەریی کۆماری کوردستان گۆش دراوە، هەموو شوێنێک لە دەرەوەی چوارچرا و خەونەکانی ئالا، تاراوگەیە. هەژاریش پێم وا نییە قەت لە هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ئەم خەونە لە زەمەنێک و مەڵبەندێکی تری کوردستاندا بێهیوا بووبێت. دەگوترێ هێمن "ناڵەی جودایی"ی لە بەغدا هۆنیوەتەوە؛ بەباوەڕی من ئەوە گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە کە ئەم شاعیرە خەیاڵپەروەر و جوانئەندێشەیە لە حەسرەتی گەڕانەوەدایە و مێلانکۆلیی دووری، ترسی ئەوەی تێدا ساز کردووە کە لە زێدی خۆی نەیناسنەوە. ئەوە ئەم شیعرەی لۆرکا دەهێنێتەوە یادی مرۆڤ کە تەنانەت خەونەکانیشت ناتناسنەوە. ئەگەرچی نەتەوە و نیشتمان بەدەر لە کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی نین کە تێیاندا کۆمەڵە خەڵکانێکی هاوئیرادە بڕیاری بەیەکەوەبوون و هاوچارەنووسیان هەڵبژاردووە، بەڵام هەستی هۆگری بە ئەو مەڵبەندەی تێیدا لەدایک دەبێ،

هەستێکە کە تەنیا زادەی خەیاڵ نییە، بگرە زۆر لایەنی مێژوویی و دەروونی و تەنانەت سروشتیشی هەیە. ئەو ڕاستییە تەنانەت بۆ ماتریالیستێکی وەک لێنینیش حاشای لێ ناکرێ کاتێک دەبینین لە وتاری "غروری نەتەوەیی ڕووسەکان"دا بە ئاشکرایی دەڵێت کە هەستی هۆگرییانە لەمەڕ وڵات هەستێکە کە لە ڕێڕەوی زەمەندا شکڵی گرتووە و هەستێکی مێژووییە. لێرەدا دەبێ ڕاستییەکی تاڵیشمان لە بیر بێت کە پارچە پارچەبوونی وڵاتی کوردان تەنانەت کاری کردووەتە سەر خودی کوردەکانیش و بیستنی بەردەوامیی دەستەواژەی "کوردی ئێران" و "کوردی عێراقی" و... هتد، هەردەم باوەڕی ئیدیالی نەتەوەیی دەڕووشێنێت و ڕەنگە هێمنێک کە لە باشوور زۆریش ڕێزی لێ گیرابێت، لە یەکەم دەرفەتی گەڕانەوەدا "دێم و دێمەکەی" وەڕاست گەڕابێ. ئەوە ڕەنگە دەستی چارەنووسێکی سەیر بێ کە نەوەیەکی پێشەنگی وەک هەژار و هێمن و محەمەدی قازی و خاڵە مینی سەر بە مەڵبەندێک، دوای پەرتەوازەیی و دابڕانێکی دوورمەودا و درێژخایەن دواجار لە گۆڕستانێکدا بگەیەنێتەوە یەکتر. ڕەنگە ژیانی ئەم بلیمەتانە هەریەک بەتەنیا بتوانێت بەشێک بێ لە مێژووی ناسنامەکوژیی سەدەی بیستەمی کورد. لە ڕاستیدا هێمن و هەژار بە نۆستالجیای لەمەڕ زێدی خۆیان، دەربڕی هەستێک بوونە کە گوزارە لە بەناموٚکردنی مرۆڤی کورد دەکات لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی. ئاخر لە بیرمان نەچێت دواجار ژیانێکی ئازادە کە ئینسان و نیشتمان ئاشت دەکاتەوە و وەک لۆرد بایرۆن و مارگۆت بیکێل، هەڵبەت لە دوو شیعری جیاواز و لە دوو سەردەمی جیاوازدا، گوتوویانە وڵاتی ئینسان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ لێی ئازادە. ئەگەر مرۆڤ بوێرێ تێکهەڵکێشێکی ئەم شیعرانە بکات، دەتوانێ بڵێت کە جوانترین و بەماناترین ئازادی لە نیشتمانێکی ئازاددایە. هێمن و هەژار شاعیری خەونبینین بە ئازادییەوە بوونە و زمان و بەرهەم و سیاسەتیان مۆرکی زەمەنێکی دیاریکراو لە مێژووی کوردیان پێوە دیارە.

* سوپاس، و خۆشحاڵ دەبم بە دوا سەرنجتان؟

– بەباوەڕی من تاراوگەی کوردی هەروەک نیشتمانی کوردان تا ڕادەیەکی زۆر بەدەست پارچە پارچەبوونی خۆیەوە دەناڵێنێ. ئەگەر تاراوگەی جوولەکەکان و ئەرمەنییەکان بە پێشەنگ و نوخبەی بیرمەندی کولتووری و ئەدەبی و ئابووری و سیاسیی خۆی دەناسرێ، تاراوگەی کوردی بەهۆی پێکهاتەی تایبەتیی خۆی زۆرجار ڕەنگ و بۆنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی پێوە دیارە و دواجار ملکەچی سیاسەت و بەرنامەی حزبەکانە و نەتوانراوە لە پۆتانسییەلی تاراوگە کەڵکی پێویست وەربگیرێ. ئەوە بەمانای نکووڵیکردن لە هەوڵ و خەباتی سەدان کوردی خەمخۆر نییە کە بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆ کورد تێ دەکۆشن.

نەبوونی بەرهەمی ئەوتۆ کە وێڕای هەبوونی تایبەتمەندییە ئەدەبی و هونەرییەکان بتوانێ گوزارە لە تراجیدیای کوردان لەم سەردەمەدا بکات، کەمە. پێشەنگی ئەدەبیی کورد لە تاراوگەدا سەرەڕای کۆمەڵێک هەوڵی جیدی لێرە و لەوێ، نەیتوانیوە لە دەربڕینی خۆیدا تەنانەت لە ئاستی پارتە سیاسییەکانیشدا سەرکەوتوو بێ. من باس لە هۆکارە جۆرەوجۆرەکانی ئەم چەقبەستنە ناکەم، بەڵام دەڵێم کە دەکرا و دەکرێ ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی لە ئەوروپادا، سەرکەوتووانەتر خۆی نواندبا. لە هەموو ئەوروپادا تۆ ناتوانی پەنجە بۆ ڕێکخراوێک ڕاکێشی کە تێیدا هەوڵی نووسەرانی پەرتەوازەی کورد بخرێتە کەناڵێکەوە و تاراوگەی کوردی بکات بە ئەو ئامرازەی کە ئاوێک بەو ئاگرەدا بکات کە هەبوونی کوردان دەسووتێنێت. تۆ لە قەدەر تراجیدیای نەتەوەیی بەرهەمێکی ئەوتۆت نییە کە بارتەقای ئەو کارەساتانە بێت کە بەسەر کورداندا هاتوون.

لێرەدا پێم خۆشە وەک دوایین قسە ئاماژە بە ڕۆمانی نووسەرێکی

ئەفغانی، کۆلارە، بکەم کە سێ ساڵ لەمەوبەر لە ئەمەریکا چاپ بوو و هەتا ئێستا چەند جار چاپ کراوەتەوە. خالید حوسێنی وەک نووسەری ئەم ڕۆمانە ژیانی دوو مێرمنداڵی ئەفغانی لە گەڕەکێکی کابولدا دەکات بە هەوێنی ڕۆمانێک کە بە گوتەی نووسەری گەورە، ئێلیزابێت ئالندە، بەدوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، تا ماوەیەکی زۆر ناتوانی لە خوێندنەوەی هیچ شتێکی تر هیچ چێژێک وەرگری. گومانم هەیە کەسێک هەبێ و ئەم کتێبە بخوێنێتەوە و ئەگەر دڵی لە بەردیش بێ فرمێسکی بەچاودا نەیەتە خوار. سەربوردەی ئەمیر، حەسەن، سۆهراب و دایک و باوکی ئەمیر و کۆمەڵێک کاراکتەری تری ئەم ڕۆمانە ئەو بەستێنەن کە خوێنەرەوە هەنگاو بەهەنگاو لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی مرۆڤی ئەفغانی نزیک دەکاتەوە. کۆلارەی خالید حوسێنی دەبێت بەو کەرەسەیەی کە بەهێزتر لە هەر ئامرازێکی تر کار دەکاتە سەر هزر و هۆشی مرۆڤ بۆ ناسینی هاوپەرۆشییانەی تراجیدیای ئەفغانستان و مرۆڤی ئەفغانی. من پێم وایە هیچ هۆکارێک نییە مرۆڤی کورد چاوەڕوانییەکی لەم چەشنەی لە ئەدەبی تاراوگەی کوردی نەبێت. تەقەی هێمنانەی تفەنگەکەی باوکمی هونەر سەلیم دەنگێکی خەمڕەوێن و دڵخۆشکەر و هیواگەیێنە.

سوپاس

سوپاس بۆ ئێوەش. سەرکەوتوو بن.

## ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی کوردی

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بەواتەیەکی تر تەنیا دەڵێن ئەم دەقە جوانە، ئەم دەقە ناشیرینە، بەبێ ئەوەی جارێک بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبیدا، وەک هەر بوارێکی تری زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، چەمکەکان دەبێ لەسەر بناخەیەکی تۆکمە و پێوەندیدار بە بەستێنی خۆیانەوە بەکار بێن. ئەگەر تایبەتمەندییەکی دنیای سەردەمی نوێباو، لە هەڵاواردنی خۆی لە سەردەمانی پێشتر، بریتی بێ لە مەوداگرتن و خۆپاراستن لە دەربڕینە گشتییەکان، دەبێت کەسانێک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆ لە قەرەی ئافراندن و ڕاڤەی دەقی ئەدەبی دەدەن، خۆیان بەپێناسەی وردی چەمکە بەکارهاتووەکان تەیار بکەن و بە یەکجاری و بۆ هەمیشە لە دەربڕینە گشتی و سواوەکان ماڵاوایی بکەن. ئەم پرسیارەی ئێوەش هەڵگری چەشنێک لە گشتگرییە کە لە هەنگاوی یەکەمدا بەرسیڤێکی گشتگرانە دەخاتە زەینی مرۆڤەوە. کاتێک دەگوترێ "کەسانێک هەن" ڕەنگە هەم منی وەڵامدەرەوە و هەم خوێنەرەوەی ئەم وەڵامە لە ئێوەی پرسیارکەر بپرسین تکایە بفەرموون ئەم کەسانە کێن. هەر کاتێک ئێوە بە ئاشکرایی و لەسەر بنەمای وردبوونەوەیەکی قووڵ ئەم "کەسانەت" دەستنیشان کرد، منیش هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامێک دەدەم کە ئاکامی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی من بێت سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم چەشنە

دەربڕینانە لەلایەن کەسانی ئاماژەپێکراوەوە.

ئیزنم بدە هێندێکی تریش ئاوڕ لە پرسیارەکە بدەمەوە و هەوڵی شکاندنی پێکهاتەکەی بدەم. من پێم وایە ئەگەر چەمکەکان بە دروستییەکی وەستایانە بەکار نەهێنین سەرجەمی باسەکەمان تووشی ئاڵۆزییەک دێت کە پرسیار و بەرسیڤ و خوێندنەوە دەبن بەکۆمەڵێک چالاکیی ڕووتینی کە دواجار نەک هەر نابنە یارمەتیدەری دۆزینەوەی گرێ پێچەڵپێچەکانی نووسین و بەرهەم و ڕاڤە، بەپێچەوانە تەلاری تێگەیشتنمان نزمتر و نزمتر دەکەن. ئاخر نابێ من پێشتر بزانم "پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق" چین، هەتا بتوانم وەڵامێکی شیاوی ئەم پرسیارە بدەمەوە؟ ئاخۆ ئەم پرسیارە لە هەناوی خۆیدا باوەڕی بە دوو "پێکهاتە و لایەنی" دەق هەیە و یەکیان بە "مەجازی" ناو دەبات و ئەوی تریشیان لە من و خوێنەرەوە دەشارێتەوە؟ ئەگەر مەجاز لە ئافراندنی ئەدەبی و تەنانەت ئاخافتنی ڕۆژانەشدا بریتی بێت لە بەکارهێنانی پێناسە یان ئاماژەیەک بۆ کەسێک، شتێک یان تایبەتمەندییەک لەسەر بنەمای نزیکیی پێناسە و ئاماژەی بەکارهاتوو لەگەڵ کەس و شت و تایبەتمەندیی ئاماژەبۆکراو و پێناسەکراودا، ئەوکات بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ ناساندنی لایەنێکی دەق لە جێی خۆیدا نییە. ئەگەر دەق فۆرم و ناوەڕۆکێکی لێک جیانەکراوە بێ، ئیتر لایەنی مەجازی و "نامەجازی" یاخۆ "ڕاستەقینەی" نییە. بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی تێگەیشتنە گشتییەکانی کۆمەڵگەی خۆماندا بمەوێت ئاوڕ لەم پرسیارە بدەمەوە، دەتوانم هەست بکەم کە مەبەستی ئێوە چییە. هەروەک بۆ خۆتان "بەواتەیەکی تر" لە پرسیارەکەدا دەڵێن، قسە لە دەقی "جوان" و "ناشیرین" دەکرێت و ئێوەش دەتانەوێت بزانن "هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە" چییە. ئەوە شتێکی جێگەی سەرنجە و منیش پێم وایە ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر جێگەدا هەبوونی هەیە و ڕەنگە لای ئێمە بەرفراوانتر بێت. دەڵێم ڕەنگە! چونکی ئەگەر ڕاستیت بوێت من لە دەربڕینی ئەوا گشتی دەترسێم و ناوێرم وا بە

تێـڕادیوی حـوکمـێکی ئەوتۆ بدەم. ڕەنگە لایەنێکی ئەم دیاردەیە بگەڕێتـەوە سـەر تایبـەتمەندیی کۆمـەڵناسـانەی کۆمـەڵگەی کورد. من زۆر بەپارێزەوە لە شـیکردنەوەی دەروونناسـانـە نزیک دەبمەوە. ئـەگـەرچی پێم وایـە بۆچوون و پێناسـەی دەروونناسـانە زۆر باون و بە شـێوەیەکی سـتریۆتایپییـانـە قسـە لەسـەر کۆمەڵگەی جیاواز دەکرێت، بەڵام دەبێ بە هەستیاری لەم بارەوە قسە بکەین و هـۆکـارەکـانـی کـۆمــەلایـەتی و سـیـاسـی و فــەرهـەنـگی وەپێش لێکدانەوەیـەکی لەم چەشنە بخـەین. وێ دەچێت کۆمـەڵگەی ئێمـە هێشـتـا لە ئاسـتی پۆلێنکردنی پێکهاتەکانی خۆیدا کۆمـەڵگەیەکی گەییو نەبێت. ئەگەر لەم بارەوە بمانەوێت وەڵامـەکە تەنیا لـە چوارچێوەی ئافراندن و خـوێندنەوەی دەقـی ئەدەبیـــدا بەرتـەسک بکـەینـەوە دەبێت ئـاوڕێک لـە نـەریتـی نووسـین و خـوێندنەوە لە کـۆمـەڵگەی خـۆمان بدەینەوە. ئەوەی کە کۆمـەڵگەی کـوردی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سـەرقاڵی داکۆکی لە نـاسنامەی حاشـالێکراوی خۆی بووە ڕوویەکی سـیـاسیی داوەتە هـەموو لایەنێکی ژیـانی کۆمـەلایەتیی مـرۆڤی کـورد. لە کـەشـێکی بەمـجـۆرەدا سـەرجـەمی هـێـز و وزەکـان دەرگـیـری کێبەرکێیـەک بوونە کە ئاوڕدانەوە لـەلایەنی جوانیناسـانەی بەرهـەمی ئەدەبی نەبووەتە کەڵکەڵەی زەینی ئێمـە. نووسین ئەو بەسـتێنـەیە کە بە شـێوەیەکی بنەڕەتـی خـۆی لە دنیـای زارەکی جـیـا دەکـاتەوە. لە بەراوردی کـۆمــەڵگەی نوێیـاو و نـەریتیدا جیاوازییەکی سـەرەکی برێتییە لە پشـتکردن لە "دەڵێن" و لە جیاتان پشـتبەسـتن بە "دەبینین"، بینینێک کە بەرهـەمی لێخـوردبوونەوە و هەڵسـەنگاندن و ڕاڤـەکردنـی دیاردەکان و "فـاکتـەکـان" بێت. ئەگـەر نەریتی چاپ و بەرهـەمـهـێنانـی ئەدەبی لە ئەوروپا پێشـینەیـەکی پتـر لە پێنجـسـەد ساڵـی هـەیە، لای ئێمـە تەمەنی ئەم دیاردەیە لە شێوەی خـۆماڵی و کـوردانەی خـۆیدا تەنیـا دەگـاتە چەند دەیە. خـۆیایە مـاوەیەکی ئاوا کـورت ناتوانێت ئافرێنەری شـێوازێکی ئاوەزخوازانە بێت کە هەر دەربڕینێک پشتئەستوور بێت بە کۆمـەڵێک بنەمای هزریی ورد و بیرلێکراوە. بڕیاردان لەسـەر بنەمای

بیستن دەبێتە پەتایەک کە جێگە بە وردبینیی لێژ دەکات و هەراوهوریا دەبێتە جێگرەوەی ژیربێژی و پسپۆڕی.

با بەخێرایی ئاوڕێک لە ئەدەبی گەلانی ناوچەی خۆمان بدەینەوە و بزانین ئاست و پێگەیان لە ئەدەبی جیهانیدا چەندەیە. لە سەد و دە ساڵی ڕابردوودا تەنیا نووسەرێکی عەرەب و نووسەرێکی تورک خەڵاتی نۆبێلیان وەرگرتووە. کەچی لێرە و لەویٚ دەبیسین و دەبینین کە نووسەرێکی کورد لەلایەن هێندێک خوێنەرەوەی کوردەوە دەکرێت بە کاندیدای خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە خۆمان پێ کەم بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێم وایە دەبێ بە بەرپرسیارییەوە لەگەڵ داواکاریی لەم چەشنەدا هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر دەبینین کە کتێبی نووسەرێکی ئێمە لە دە هەزار ژمارەدا بڵاو دەبێتەوە، دەبێ خێرا لە خۆمان بپرسین هۆکارەکانی دیاردەیەکی لەم چەشنە کامانەن. ئاخر مەگەر ئێمە لە دراوسێ عەرەب و فارس و تورکەکانمان تێپەڕاندووە کاتێک دەبینین کە ژمارەی چاپی بەرهەمی نووسەرانی گەورەی ئەم نەتەوانە زۆر لە خوارەوەی دە هەزارە؟ ئەگەر ئێمە بەشێوەیەک بەراوردی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکەمان و ئەو ژمارە مەزنەی چاپی بەرهەمێک بکەین دەبێ زۆر دڵخۆش بین بەدیاردەیەکی وا. بەڵام چۆن دەتوانین ئەم داوایە لەگەڵ داوایەکی تر کە دەڵێت ئێمە خوێنەرەوەمان نییە بگونجێنین؟ چۆن دەتوانین قسە لەوە بکەین کە ڕەخنەگرمان نییە، لە کاتێکدا کە ڕەخنەگرێکی کورد دەڵێت کە چارەگە سەدەیەکە ڕەخنە دەنووسێت و هەر بەهۆی نووسینەکانیشییەوە بژێویی ژیانی مسۆگەر دەکات؟ دەبێ لایەنێکی ئەم هاوکێشەیە هەڵە بێت، ئەگینا ئەستەمە مرۆڤ بە پێوەرێکی چاوی و بەرهەستانە سەر لەم گرێکوێرەیە دەرکات. تۆ ناتوانی ڕەخنەگرێکی ئاوا لێهاتووت هەبێ و ژمارەی چاپی کتێبێکت بگاتە ئەم ئاستە بەرزە و دیسانیش بێی و هەروا لە گۆترە بڵێی فلان دەق "جوانە" و فلان دەقیش "ناشیرنیە". ئەگەرچی ئەوە مافی

حاشاهەڵنەگری هەر کەسێکە ڕای خۆی لەسەر بەرهەمێک دەرببڕێت، بەڵام تەنیا بۆچوونێک دەبێ بە هەند وەرگیرێت کە ئاکامی لێوردبوونەوەیەکی پسپۆڕانە بێت. لە کۆمەڵگەیەکدا کە خوێنەرەوەکانی پۆلێن کراbن، هەموو کەس لەسەر هەموو بەرهەمێک خاوەن ڕا نییە. بگرە ئەوە هۆگرانی جۆرەیەکی دیاریکراوی ئەدەبن کە بەپێی تێگەیشتن و ئاستی خوێندەواری و شوێنی کۆمەڵایەتییان بەیەکەوە توێژێکی تایبەت پێک دەهێنن و دەبنە "کۆمەڵێکی ڕاڤەیی".

ئێمە لە باشووری وڵاتدا سەرەڕای گەشەیەکی بەرچاوی چاپ و بڵاوکردنەوە، هێشتا کۆوارێکی تایبەتی پێداچوونەوەی کتێبمان نییە. لە ڕۆژئاوادا و بگرە لە ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبیدا کۆوارگەلێکی مانگانە و تەنانەت حەوتووانە تایبەتن بەپێداچوونەوەی کتێبە تازە چاپکراوەکان. لە ڕاستیدا ئەوە سەرکەوتوویی بەرهەمەکان لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم کۆوارانەدایە کە سەرکەوتوویی بەرهەمەکان لە بازاڕی فرۆشدا دیاری دەکات. ئەگەر ئەم دیاردەیە لای ئێمەش ببێت بە بوارێکی پرۆفیشناڵ ئەودەم تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگە لەبەر ڕادەربڕینی گۆترەیی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگیرێت. لە بیرمان بێت کە نێپۆتیسم و دیاردەی خزمگەرایی و دۆستایەتی تەنیا گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە و لەناو چالاکانی بواری نووسینیشدا بوونێکی تێکدەرانەی هەیە.

* کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە (زارەکییە) و ئەوی تر بە (نووسراوکراو)ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە (بنیاتنەر)ە و ئەوی تر (ڕووخێنەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەرببڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین هۆکارەکان کامانەن؟

– له دابەشكردنی ئەدەب بەسەر جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بنەمای جۆرەوجۆر ڕەچاو دەکرێن. یەک لە شێوەکانی دابەشکردنی ئەدەب بەپێی ئەوەی کە نووسرابێتەوە یان هەر بەشێوەی زارەکی بەرهەم هاتبێت، ئەدەبی زارەکی لە بەرامبەر ئەدەبی نووسراو دادەنێت. ئەم جۆرە ئەدەبە لە ڕەوتێکی مێژووییدا و لەو کۆمەڵگەیانە کە نەخوێندەوار یان نیوەخوێندەوار بوونە برەوی هەبووە. لە هێندێک پۆلێنکردندا ئەم جۆرە ئەدەبە دەخەنە خانەی فۆلکلۆرەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕەوتێکی ڕۆئاوایی بۆ داکۆکیکردن لە کۆمەڵگە نەریتییەکان سەرنجی زۆریان داوە بە نەریتی زارەکیی ئەم کۆمەڵگەیانە. ئەم شێوە پۆلێنکردنە تەنانەت لقوپۆپی هاویشتووەتە بواری مێژوونووسییش و ئێستا گێڕانەوەی زارەکیی مێژوو وەک کەرەسەیەکی گرینگی لێکۆڵینەوە سەیر دەکرێت. کۆمەڵگەی کورد یەک لەو کۆمەڵگەیانەیە کە نەریتی دەوڵەمەندی زارەکیی تێدا هەبووە و ئێستاش تێیدا هەیە. لە زۆر وڵاتدا هەر ئەم نەریتە زارەکییە بووەتە هەوێنی دۆزینەوە و بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. هەوڵەکانی ئیلیاس لوێنرووتی فینلاندی بۆ کۆکردنەوەی کالێڤالا وەک حەماسەی نەتەوەییی فینلاند، هەوڵەکانی باوکی ناسیۆنالیزمی تورک، زیا گوێگالپ، بۆ کۆکردنەوەی سامانی زارەکیی تورکەکان دوو هەوڵی جیدی بوونە بۆ سەلماندنی نرخ و بایەخی ئەم جۆرە لە ئەدەب و کارتێکەرییان لەسەر ئافراندنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهۆی میراتی هاوبەشی فەرهەنگییەوە. وەک خاڵێک دەبێ ئاماژە بە دیاردەیەکی تا ڕادەیەک باو لەناو خۆماندا بکەم و ئەویش روانینێکی سووکە بۆ نەریتی زارەکی. لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی تیۆری لە ئارادا نییە کە بتوانێت پاساوی چاکتربوون و باڵادەستی بدات بەجۆرەیەکی ئەدەبی. ڕەنگە زۆر کەس لەگەڵم هاوڕا بن کە لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا ئەوەندە جوانی و مانا شاردراوەتەوە کە هێشتاش ئەدەبە نووسراوەکەی ئێمە نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی بدات. هەر بۆیە هەست دەکەم جێگەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و

بەربڵاوی ئەو هەمــووە بەیتــە کــوردییــە لە لێکۆڵینەوەی کــوردیدا بەتاڵە. هەمیشە ئاواتەخواز بوومە کە پێداویستی و دەرفەتی کارێکی وا بە زوویی بۆ خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ بڕەخسێت. لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا لایەنی ڕەســەنایەتی لە هــەمــوو فــەرهــەنگێکدا زۆر بەرز دەنرخــێندرێت. ڕەنگە لێکۆڵینەوەیەکی بەپێــز دەری بخــات کــە هێــشــتــاش ڕەســەنتــرین دەقی کوردەواری ئەو سامانە فەرهەنگییەیە کە لە پۆلینکردنێکی خێرادا ناوی ئەدەبی زارەکــیی بەخــۆیەوە گــرتــووە و هەر بۆیەش ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە. ئەو چەند کارەش کە لەســەر ئەدەبی زارەکیی کوردی کراون، چەند دانەیەکیان لێ هەڵاوێری، ئەوانی تریان هۆکارێکی سەرەکی بوونە لە ڕەواندنەوەی نەوەی نوێی کوردی لەم میراتە گرانبەهایە.

هەڵبــەت لە بیــرمــان بێت لە تیــۆری ئەدەبیی چەند دەیەی ڕابردوودا تێڕوانینێک لەمەڕ تایبەتمەندیی ئەدەبیی دەقی نووسراودا هاتووەتە ئاراوە کە تێیدا دووانەی دەقی نووسەرانە و دەقی خوێنەرەوانە دەستنیشان دەکرێت. ئەم دوو چەمکە نابێ لەگەڵ دووانەی زارەکی و نووسراودا تێکەڵ بکرێن. لە دووانەی نووسەرانە/خوێنەرەوانەدا ئەوە تەنیا دەقی نووسراوە کە هەڵدەسەنگێندرێت. پێشینەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە سەر بەرهەمی بەناوبانگی ڕۆلان بارت، س/ز کە برێتییە لە خوێندنەوەیەکی وردی بارت بۆ ڕۆمانێکی بالزاک بەناوی سارازین. ناوی کتێبەکەی بارت سەرنج ڕاکێشە و بووەتە بنەمای خوێندنەوە و بۆچوونی جیاواز لەسەر ئاماژە شاردراوەکانی ناو ئەم دوو پیتــەدا. بەگوێرەی بارت دەقێک کە مەجالی کارتێکەرییەکی ئافرێنەرانە بۆ خوێنەرەوە لە خوێندنەوەی دەقێکدا نەهێڵێتەوە، دەقێکی خوێنەرەوانەیە. مانا لەم جۆرە دەقــەدا پانتاییــیەکی ئەوتۆی نییــە کــە خوێنەرەوە لە کاتی خوێندنەوەدا هێزی هزریی خۆی بەکار بهێنێت و لە پانتاییی زەین و خەیاڵی خۆیدا بەردەوام مانای تازە و پێشبینینەکراو بۆ دەق بدۆزێتەوە. بەپێچەوانە لەم جۆرە دەقەدا ئاسۆکانی زەینی خوێنەرەوە

پێـشـتـر بەبڕیارەکـانی نووسـەری دەقـەکـەوە کـوژراون. ئەگـەر لـە دەقی خـوێنەرەوانەدا کردەی مـاناکردنـەوەی دەق بەو جۆرەی لەلایەن نـووسـەرەوە دارێـژراوە پێش بـەگـــەشـــەی زەینیـی خـــوێنەرەوە دەگــــرێت، لە دەقی نووسراوەییدا ئەوە خوێنەرەوەیە کە لەسەر بنەماکانی ئەزموونی خۆی مانا بەدەق دەبەخشـێت و وەک بارت گوتەنی دەق دەنووسێتەوە. ئەگـەر سـەرنج بدەینە بنەمـای تیۆرییانەی ئەم خوێندنەوەیەی بارت دەبینین کە تێگەیشـتنی پێکهاتەخوازانەی ئەو لە زمانە کە دەبێتە هۆکاری ئەم جۆرە دابەشکردنەی دەق. تێگەیشـتنێک کـە پێـوەندیی دالەکـان دواجـار گـرێدراوی مـەدلوولە لە کۆتایی نەهاتووەکان دەبینێت و ئەستـەمـە لە کـۆتاییدا مـەدلوولێک ببێـتە ئەڵقەی کـۆتاییی ئەم زنجیـرەیە. هـەر ئەم پێگەی تێگەیشـتنەیە کـە دەربڕینە بەناوبانگەکەی بارتی لێ دەکەوێتەوە: "مەرگی نووسەر"! هەر بۆیە لە کاتێکدا لە کوردسـتـان لە چەند سـاڵی ڕابردوودا قسـە لـەسـەر "خـوێنەری کـوشـندە" دەکـرێت، باشـتـرە هاوکـێـشـەکـە بگۆڕین بـە "نووسـەری کـوشـنـدە"، واتا نـووسـەرێک کــە ڕێگە بـەخـــوێنـەرەوە نادات لـە ڕەوتـی خـــوێندنـەوەدا بەرهـەمـهێنەری مـانا و لە ڕاستیدا دەقێکی نوێ بێت. بارت لەبەر قینێک کە لـە دەقی خـــوێنەرەوانـە هـەیبـــوو گـــرینگیی بەدەقی نـووســـەرانە دا و بـۆ ڕەهابوونـی خـوێنەرەوە لە دەسـەڵاتی زاڵی نووسـەر بەسـەر دەقـدا، بوێرانە مـەرگی نووسـەری ڕاگەیاند. ئەم بۆچوونـەی بارت دواتر لە بواری تیـۆرییـەوە دەسـتکەوتی تری بـەشـوێن خـۆیدا هـێنا و مـەسـەلـەی پێـچـەڵپـێـچی مـانا و پێوەندیی ئەو بەنیشانە و خوێندنەوە و دەق و نووسـەرەوە، لە کارەکانی فوکۆ و دێریدا و ئێکۆدا بووە هەوێنی کۆمەڵێک باس و خواسـتی چڕوپڕتر و هاتنە کـایەی کۆمـەڵێک چەمکی تر بۆ لێکدانـەوەی ڕەمز و ڕازی دەق و سـیـحـری ئافراندن.

بەڵام بەشـەکەی تری پرسیـارەکە و کێشـەی ڕەخنە! مـن لە چەند شـوێنی تریشـدا باسی گرفتی چەمکییانەی "ڕەخنە"م کردووە و لەسـەر ئەو باوەڕەم

کـه ئەم وشـەیـە هەڵگری باری مـانایی چەمکی (criticism)ی ڕۆئاوایی، بۆ نموونە بەو جۆرەی لە زمانی ئینگلیزیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، نییە. دەبێ لە هەلومەرجی نەبوونی چەمکێکی خۆماڵییانە بۆ کارکردێکی بە ئەمانەت وەرگیراو بەستێن و ڕەچەڵەکی چەمکییانەی بواری جێگەی باس بەپارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. کاتێک لە ڕۆئاوا بەرهەمێک دێتە بازاڕ، هەر زوو ئەم بەرهەمە دەبێتە سووژەی خوێندنەوەی کۆوار و ڕۆژنامە بابەتییەکانەوە. لە ڕاستیدا ئاستی سەرکەوتوویی بەرهەمێک گرێدراوی ئەوەیە کە بە چ شێوەیەک لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەدا هەڵسەنگێندراوە. لێرەدا "ڕەخنە" بەهیچ شێوەیەک مانای لە قاودانی "کەلەبەر" و "درزە"کانی بەرهەمەکە نییە. بەپێچەوانە، ئەوەی خوێنەرەوەی ئەم پێداچوونەوە و خوێندنەوانە بەدوایدا دەگەڕێت ئاستی سەرکەوتوویی بەرهەمەکەیە لە پێکانی ئەو ئامانجانەی بەرهەمەکە لە پێناویدا نووسراوە. چاوێک لە هەڵسەنگاندنی پشت بەرگی کتێب و فیلمە ڕۆئاواییەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەنگاوی یەکەمدا لایەنی ئەرێنیی بەرهەم سەرنجی ڕەخنەگران ڕادەکێشێت و هەر بۆیە زۆر ئاساییە کە دەربڕینی لەم چەشنە بە بەرفراوانی ڕازێنەرەوەی پشت بەرگی فیلم و کتێب بن: "تەقینەوەیەکی سیاسی"، "ڕێکوپێک تا سنووری ئیمکان". ئەگەر ئێمە دوو هەڵسەنگاندنی وا لەسەر بەرهەمێکی کوردی ببینین خێرا هەست بەجۆرێک پێداهەڵگوتن دەکەین و بە دڕدۆنگی لە دەربڕینگەلێکی لەم چەشنە نزیک دەبینەوە. ئەگەریش بێتو لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکدا، بۆ نموونە، بڵێین نووسەرەکەی لێمان بووەتە پێغەمبەری هەمووشتزان و مەجالی بیرکردنەوەمان بۆ ناهێڵێتەوە، ئەوە خێرا بەوە تاوانبار دەکرێین کە حەزمان لە خاوەنی بەرهەمەکە نییە. وەک دەبینین "ڕەخنە"ی ئێمە چ وەک باری مانایی و چ وەک کردەوە، هەڵگری دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ڕەخنە، واتا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنانەی دەق بەچاک و خراپەوە، نییە.

ئەگەر ڕەخنە لەسەر بنەما تیۆری و هزرییەکانی ناسراو دابڕێژرێت، ئەو کات دووانەی بنیاتنەر و ڕووخێنەر مانای خۆی لە دەست دەدات. بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ڕۆئاوادا نەریتێکی ڕەخنەیی هەر لە سەردەمی ئەرەستۆڕا هەتا ڕۆژگاری ئێستا لە گەشەکردندا بووە (بە چاوپۆشین لە هەڵکێشداکێشی ئەم دیاردەیە لە سەردەمی جیاوازدا) ڕەخنە نە یەک جۆر بگرە چەندین جۆرە. هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەملاوە، دوای ململانێیە بەردەوامەکانی ڕەخنەی نەریتی، مێژوویی و دەرەکی لەگەڵ ڕەخنەی هەنووکەیی، دەقی و ناوەکی، دەیان قوتابخانەی تازەی ڕەخنەیی هاتوونەتە ئاراوە کە لە هێندێک بواردا تەواو دژبەری یەکترن. تەنانەت کار گەیشتووەتە جێگەیەک کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەکانی ستانلی فیش و ئیدەی "کۆمەڵگەی ڕاڤەیی" و "ئاسۆی چاوەڕوانییەکان"ی تێری ئیگلتۆن و جاوس و "ڕەهەندی ڕۆحی"ی دەقی ئیسێر بتوانین بانگی "مەرگی ڕەخنەگر" بدەین و خوێنەرەوە نەک هەر لە داوی نووسەر، بگرە لە چنگی ڕەخنەگریش ڕزگار بکەین. لە هەلومەرجێکی ئاوادا پرسیاری ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕووخێنەر هێندە سەرەتایی دێتە بەرچاو کە باشتر وایە مرۆڤ هەر لە بێ وەڵامیدا بیهێڵێتەوە.

* ڕەخنەگرانمان بەدەر لە کاری خۆیان (ڕەخنەگری)، هاوکات (بەدیل دۆزەرەوە)یشن، پێت وایە ئەم دووانە گەرەکیان بەکەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبی (ئەلتەرناتیڤ) دەخوازێ؟

– ئەگەر ئاکامی ڕەخنەی ڕەخنەگرێک دواجار ئەوە بێت کە پێمان بڵێت ئەم بەرهەمە دەبوایە ئاوا نەنووسرابا و ئاوا نووسرابا، ئەوە هەر دەبێ لە سەرەتاوە ڕەخنەیەکی وا پێشکێشی خۆی بکەینەوە و بیرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە کە هەبوونی ئەم دیاردەیە لە ناوماندا چەندە دووری

کردووینەتەوە لە تێگەیشتنی هەموو دەستکەوتە تیۆری و هزرییەکانی ئەم سەردەمە. لە هیچ زانکۆیەکی دنیاشدا من دیسیپلینێک شک نابەم کە تێیدا خوێندکار پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیف بۆ کاری خەڵکی تر بدۆزێتەوە. بەواتایەکی تر کەس ئەم ئیزنە بەخۆی نادا کە بە کەسێکی تر بڵێت تۆ دەبا وات نووسیبا و وات نەنووسیبا. ڕەنگە بپرسی باشە ئێمە ئەگەر کتێبێک بخوێنینەوە و سەدان هەڵەوپەڵەمان تێدا بینی نابێ بڵێین ئەوانە نادروستن؟ ئەمەیان شتێکی ترە و ڕەنگە هەر بەشمەینەتیی ئێمەی کورد بێت کە هێشتاش سەرمان بەمجۆرە گرفتانەوە قاڵە و لە کۆڵانەکانی ڕاستنووسی و ڕێنووسی و ڕێزمانیدا سەرگەردان ماوین. لە ڕۆژئاوادا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوەندە سەقامگیر و نەهادینە بووە کە کتێبێکی لەم چەشنە قەت ڕووی چاپ بەخۆیەوە نابینێت. ئەدەبیش ئەوەندە بە جیدی وەردەگیرێت ئەگەر ڕستەیەک و وشەیەک لەگەڵ نۆرمی باو یەکی نەگرتەوە، ئەوە دەبێت بە سووژەی لێکۆڵینەوەی وردی خاوەنڕایان. بۆ نموونە بیهێنینە بەرچاومان کە جەیمس جۆیسێکمان لە کۆمەڵی کوردەواریدا لێ پەیدا بێت و هێندێک وشەی باو تێک دا و هێندێک وشەی "سەیروسەمەرە" داتاشێت. کێ هەیە بڵێت ئەمە داهێنان و ئافراندنی ئەدەبییە؟ هێندێک "زمانناس" (دیاردەیەک کە بە کەس ناچێتەوە سەریەک ئەوەیە، گەلۆ ئەم "زمانناسان"ەی ئێمە لە کوێ وانەکانیان خوێندووە و فێریان بوونە) هەر زوو تاوانباری دەکەن کە نازانێت بە کوردی بنووسێت و خیانەت لە زمانەکەمان دەکات.

بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنی پرسیارەکەت پێم خۆشە ئاماژەیەک بە ئەدەبی ئەلتەرناتیف لە ڕوانگەیەکی ترەوە بکەم. ئەلتەرناتیف نەک بەمانای پێشنیازی ڕەخنەگر بۆ نووسەری بەرهەم و ویستنی ئەوەی کە شتێکی تر لە جێگەی بەرهەمەکەی دانێت، بگرە بە مانای ئەوە کە لە هەلومەرجی دواکۆلۆنیالیستیدا نۆرم و بەها خۆماڵییەکان لە بەرامبەر نۆرم و بەها داسەپاندراوەکاندا زەق بکرێنەوە. بۆ ئێمەی کورد بۆ نموونە ئافراندنێک لە

دەرەوەی جووتنەوەی بەرهەمە عەرەبی و فارسییەکان دەتوانێت شێوەیەک بێت لە ئەدەبی ئەلتەرناتیڤ. ئەدەبێک کە سەرەڕای پێبەندبوونی بە دەستکەوتە جیهانییەکانی ئەدەب، دواجار کوردبوون و کوردیبوونی خۆی زەق دەکاتەوە و لە دیالێکتیکی نێوان خۆماڵی و جیهانیدا باڵانسێک ڕادەگرێت کە ببێتە مۆرکی ناسنامەیەکی جیا لەوانی تر. "ئەدەبی کەمایەتی" بەو جۆرەی دلۆز و گوتاری ئاماژەی بۆ دەکەن، دەکرێت وەک جۆرێک لە ئەدەبی ئەلتەرناتیڤ ببیندرێت.

* ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان (نووسەر - وەرگر)؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاوهەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لەوەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

- ڕەنگە لە وتووێژێکدا دروست و لە هەمان کاتدا گونجاویش نەبێت کە مرۆڤ باس لە سەرجەم لایەنە پێچەڵپێچەکانی شێوازی گەیشتنی پەیامی نووسەر و بەرپرسیاریەتیی دەق و ڕۆڵی خوێنەرەوە بکات لە چلۆنایەتیی پێوەندییان بەیەکترەوە. بۆ کەسانێک کە هۆگری زانینی میکانیزمی چلۆنایەتیی کارکردی گواستنەوەی پەیام لە نووسەرەوە بۆ خوێنەرەوەن خشتە ساکار بەڵام پڕ مانایەکەی ڕۆمەن جاکوبسۆن یارمەتیدەرێکی باشە. ئەگەر ئەڵقەی پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەرەوە برێتی بێت لە کۆدەق و نووسین و کۆدە جیاوازەکان، تێکەڵاوێک لە ڕەوتی کارتێکەری و کارلێکەری پەیامی نووسەر دەگەیەنێتە خوێنەرەوە. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم کە کارکرد و ڕۆڵی هەریەک لەم لایەنانە لە ڕەوتی مێژووییدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و نووسەری خوایی و دەقی پیرۆز و خوێنەرەوەی بێ هەڵوێست و مانای تاقانە جێگەی خۆیان داوە بە سەربەخۆیی خوێنەرەوە لەسەر بنەمای

ئەزموونەکانی خۆی لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقدا. ئیتر نە نووسەر خواوەندە کە نهێنییەکانی ژیانمان بۆ ئاشکرا بکات و نە دەق ئەو دیاردە پیرۆزەیە کە خاوەنی یەک مانا بێت و نە خوێنەرەوەش ئەو کەسە پاسیڤەیە کە دالانەکانی زەینی بداتە دەست شەپۆلەکانی دەریای نووسەر و ئیشکارۆی دەق و نە ڕەخنەگریش ئەو زاتەیە کە بتوانێت خوێندنەوەی خۆی بەسەر کەسدا زاڵ بکات و نە ماناش قەتیسکراوی مەبەستی نووسەرە. ئەوە بۆچوونێکی لیبرالانە نییە ئەگەر بڵێین هەموو خوێنەرەوەیەک نووسەرە و لە کاتی خوێندنەوەدا دەق دەنووسێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەپێی توانای خۆی ڕەخنەگرە. هەروەها هیچ شاکارێکیش نییە کە بڵێین چەندمانایی لە سەردەمی ئێستادا ئەو دیاردە ڕۆژانەیەیە کە هەموو دەمێ تووشی دێین و بۆچوونەکانمان لە ساتەوەختە جیاوازەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت. لێرەدا مەبەست کەمکردنەوەی ئاستی هیچ کام لەو لایەنانە نییە کە بەیەکەوە جغزی نووسین و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن پێک دێنن. مەبەست داننانە بەگۆڕانێکی سەرەکی لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە و بەها حاشاهەڵنەگرەکانی ئەو وەک بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەخۆ. ئەگەر لە جیهانی دەرەوەی زەینی ئێمەدا شتەکان ئاوا نین کە ئێمە بانگەشەیان بۆ دەکەین یاخۆ دەخوازین وا بن، ئەوە گرفتێکی ترە و باسێکی تر دەخوازێت.

* لە ئەمرۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچرژانێکی ریشەییان بەخۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوودوەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

– ڕاستیت بوێت من بەوردی ئاگەداری هەلومەرجی ئێستای شیعری کوردی نیم. ئەگەرچی دەزانم کە شیعر نەک هەر لە کوردستان بگرە

سەردەمانێک لە هەموو جیهاندا تەنیا پێوەر و دوانگەی ئەدەب بووە و تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمیش لە زۆر فەرهەنگدا شیعر ناوێکی تر بووە بۆ ئەدەب، بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبییەش زۆر کەوتووەتە بەر شاڵاوی گۆڕانکارییە بەربڵاوەکانی بواری ئێپستیمۆلۆجیا و پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە. ئەگەر مێژووی ئەدەبی هێندێک نەتەوە و فەرهەنگ یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە شێوازی و مانایی و دەلالییەکانی شیعرییانە، بەداخەوە کەمایەسییەکی بەرچاو لە توێژینەوەی شیعری کوردیدا خۆیا دەکات. ئێمە نەک هەر بە زمانێکی ئەوروپایی، بگرە هەر بە زمانەکەی خۆشمان مێژوویەکی تۆکمەی شیعری کوردیمان نییە. تاک و تەرا لێرە و لەوێ هێندێک زانیاری دەست دەکەوێت، بەڵام بۆ دەربڕینی ڕایەکی شیاو و نزیک لە ڕاستی دەبێ خۆمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و نووسراوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، پشتئەستوور کەین. ئەمەش شتێکە من شکی نابەم. جێگەی خۆیەتییە لێرەدا پێداگری بکەم لەسەر پێداویستییەکی لەم چەشنە و ئاواتەخواز بم کە بەرپرسانی فەرهەنگیی کوردستان و داوودەزگا زانستییەکانی وڵات بیرێک لە پرۆژەگەلی لەم چەشنە بکەنەوە. ئەگەر بمانەوێت خۆمان بە دنیای دەرەوە بناسێنین ناچارین لەوەی کە لانی کەم گوڵبژێرێک لە میراتی فەرهەنگی و ئەدەبیمان ئاراستەی دنیا بکەین. ئێستا کە ئەم دێرانە دەنووسم بێ ئەوەی بمەوێت بیری ئەو قسانە کەوتمەوە کە باراک ئۆباما لە ڕۆژی دووشەمە نۆی مانگی دووی ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەسەر ئێران کردی و تێیدا هێندە پەسنی فەرهەنگی کۆنی ئێرانی دا. هەر چەند ڕۆژ پێشتریش جۆ بایدنی جێگری ئۆباما، لە ئەڵمان بە شان و باڵی ژیاریی فارس و ئێرانیدا هەڵاگوت. ئەگەرچی هەردووی ئەم وتارانە مەبەستی سیاسییان لە پشتە، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە فارسەکان لە پێشکێشکردن و ناساندنی ئەدەبی خۆیاندا زۆر سەرکەوتوو بوونە. چەند ساڵ لەمەوبەر

وەرگێڕانی شیعرەکانی مەلای ڕۆمی لە ڕیزی پڕ فرۆشترین کتێبەکانی ئەمەریکادا بوو. خاڵێکی تریش کە دەمەوێت بەخێرایی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە لای من زۆر ڕوون نییە بۆ دەبێت ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی کورد هێندە هۆگری ئەدەبی دراوسێکانیان بن. من هێندێک شیعری کوردی دەخوێنمەوە زۆر بەهاسانی شوێنپێی لاساییکردنەوەی شاعیرانی ئێرانییان تێدا دەبینم. ڕەنگە ئەگەر شارەزای شیعری عەرەبییش بام وێکچووییەکی لەم چەشنەم لە نێوان شیعری ئەم شاعیرانە و بەرهەمی شاعیرانی عەرەبدا دۆزیباوە. بەباوەڕی من لاساکردنەوەی دەقاودەق زۆر ئەستەمە لە درێژخایەندا سەرکەوتوو بێت. ئەگەر شیعری فرەنساییی دەیەکانی پەنجا و شێستی سەدەی پێشوو هەڵگری کارتێکەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانیناسییەکانی سەردەمی خۆی بووە، نازانم لاساکردنەوەی لەلایەن شاعیرێکی کوردەوە چەندە دەتوانێت مانا بەهەبوونی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی کوردی بدات.

* شیعری ئێستا، بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یاخۆ شاعیر کردووە، بەپێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرینگی دەدا بە خەمە کۆیەکان، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستا لە بنیاتی دەقە هاوچەرخەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکا؟

– ئیزنم بدە بڵێم پرسیارێکی وا دەتوانێت بابەتی لانی کەم وتارێکی بەپێز بێت. نازانم ورووژاندنی پرسیارێکی ئاوا گشتی لە وتووێژێکدا چەندە کارێکی شیاوە. ئەگەر قەرار با ئەو وتووێژە بەشێک با لە پرۆژەیەکی بیرلێکراوەی لێکۆڵینەوە و منیش کەسێک بام کە توانیبام و ویستبام لەم پرۆژەیەدا بەشدار بم، ئەودەم دەکرا بەتەرخانکردنی کاتێکی شیاو و گونجاو و پێویست قۆڵم لێ هەڵماڵیبا و دەستم بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە و

مەیدانی کردبا و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەم خستبا بەردەستی ئێوەی ئازیز. ئاخر خەمی بچووک چییە و خەمی کۆ کامەیە و چۆن پێناسە دەکرێن؟ من بەگوێرەی کامە پێناسە دەبێ شوێنپێی ئەم جۆرە خەمانە لە بەرهەمە شیعرییە کوردییەکاندا هەڵگرم. ڕەنگە دیسان بەشێوەیەکی گشتی بتوانم بڵێم کە گۆڕانکارییە جیاوازەکانی بواری کۆمەڵگە و مرۆڤ دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕانکاری لە جۆرەی ئەدەبی و فۆرمەکانیاندا. بەڵام ڕەنگە شتێک بەنەگۆڕی بمێنێتەوە و ئەویش ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا ئەدەبێکی تایبەت دێتە ئاراوە و ئەم ئەدەبەش بە نۆرەی خۆی کار دەکاتە سەر خەملاندنی بیر و هۆشی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە. ئەگەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە دەرەوەی زەمەن و شوێنی خۆی هەر کارتێکەری دەمێنێت، ئەوە ئەو ڕازە لەمێژینەیەی ئەدەبە کە بەردەوام جێگەی مشتومڕی تیۆری ئەدەبی بووە.

* ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خولقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەڵ (پێکهاتەی دەق)دا فەراهەم دەکا، بەدەر لە سەروەختی لەدایکبوونی دەقێکی شیعری؟

– دەقێک چۆن بەرهەم دێت و نووسەرێک چۆن دەبێتە ئافرێنەری گێڕانەوەیەک کە بە ملیۆنان خەڵک دەکاتە خولیای خۆی؟ ئەگەرچی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا شتێک هەیە کە نێوی تەکنیکە و زاڵبوونی بەرهەمهێنەر بە تەکنیکە جیاوازەکانی جۆرەیەکی ئەدەبی دەبێتە هۆکارێکی گرینگی سەرکەوتووبوونی، بەڵام ئافراندنی هونەری دواجار هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە تەنیا لە قۆناغی تەکنیکیدا نامێنێتەوە. شارەزایی نووسەر بەتایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی لە ڕەهەندێکی ئێستایی و دیرۆکیدا بەس نییە بۆ ئافراندنی هونەری. ئەدی ئەوە چییە کە بەرهەمێک

دەکاتە شتێکی هونەریی سەرکەوتوو و ئەوی تریان ناگەیەنێتە ئەم ئاستە؟ ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامێکی سانای نییە. ڕۆڵی نەریت، میراتی فەرهەنگی، گوتاری سەردەست و باو، وێڕای گرینگیی حاشاهەڵنەگریان، ناتوانن پێمان بڵێن بێکێت و داستایۆڤسکی چۆن بوون بەو ئافرێنەرانە کە بوون. ئەوەی بەتوانایی و زەوق و ئیستیعداد ناسراوە، ئەو شتە پڕ لە ڕاز و ڕەمزەیە کە زەینی مرۆڤی هەموو کاتێ داگیر کردووە و ئەوەندەی من بزانم وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بۆ نەبیندراوەتەوە. میریام ئالۆت لە کتێبی ڕۆمان بە گێڕانەوەی ڕۆماننووسان باس لە چەندین ڕۆماننووس و بۆچوونیان لەسەر ڕۆمان دەکات. بەڵام سەیرەکەی ئەوەیە هەر کامەیان بەجۆری تایبەتیی خۆی لە نووسین دەڕوانێ و هەر کامەشیان شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە. ڕەنگە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی دواجار بەپێوانەیەکی بەرهەست و چاوییانە ئەندازە گیرابا و ئەو قسەی ڕەخنەگرانی نوێ و فۆرمالیستەکان ڕاست بوایە کە دەقی ئەدەبی دواجار بەپێی تەکنیکە بەکارهاتووەکانی هەڵسەنگێندرابا، ئێمە هەموو کاتێ لەگەڵ شتێک یان شتگەلێکی وێکچوو ڕووبەڕوو دەبووینەوە. بەڵام ئەو یارمەتییە گەورەی ئەوان بۆ دۆزینەوەی جوانییەکانی شیاوی ئەندازەگرتنی بەرهەمی ئەدەبی قەت نەبووە ئەو کەرەسەیەی کە بتوانێت دوا قسە لەسەر ئەدەب بکات و کاروانی تیۆری ئەدەبی هەردەم لە ڕۆیشتن بەردەوام بووە. ڕەنگە چەمکی داهێنراوی شکلۆڤسکی و ئاخێنباومی فۆرمالیست لەمەڕ "ئەدەبییەت" هێشتاش دوای دەیان ساڵ زایەڵەیەکی خۆشئاهەنگی لە زەینی هەموو ئەو کەسانەدا هەبێت کە خولیای ئەدەبن و بەدوای وەڵامێکدا وێڵن کە دەبێ سیحری ئەم ئەدەبییەتە چی بێت و چۆن بەرهەم بێت. سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕ بە توانایی تاک لە ئافراندندا باوەڕێکی بەهێزە، بەڵام لەبەرئەوەی کە دواجار هەموو دەقێک لە گفتوگۆیەکی نێواندەقییانەدایە لەگەڵ دەقگەلی تر، هەم لە ئێستا و هەمیش لە رابردوو و داهاتوودا، ئەستەمە هیچ بەهرەیەک بتوانێت بە تەنیایی و لە

دەرەوەی شـــارەزایی و زانیـــاریی تەکنیکی ئەدەبی، خـــوڵقـــێنەری دەقی سـەرکەوتوو بێت. لە بیرمـان بێت هەر ئەو لایەنە لە پێناسـەنەهاتووە دەبێتە هۆکـــاری بوونی دەقی ئەدەبی بەدیاردەیەکی چلۆنـایەتی نەک چەندایەتی. ئاشکراشـە جیـاوازیی چلۆنایەتییـەکـان ئیـزنی ئەوە بەمـرۆڤ نـادا بە شێـوەیەکی ئەندازیارانە بچێتـە ناو دنیای پێوانی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان بەپێـوەری بەرهـەست. خـۆ ئەگـەر ئەمـە بۆ مـرۆڤ لوابا، دەکـرا کـردەی ئافـراندنی ئەدەبی درابا بە کـۆمـپـیـوتەر و شـیـاوترین بەرهەمی ئـەدەبی بووبووایە ئاکامی دارشتنی پرۆگرامێک بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی. جا بۆیە ئەسـتـەمـە بتـوانین وەڵامی ئەم پرسـیـارە بدەینەوە کـە دەقنووس و دەق چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەوەی کە دەق دەقنووس دەنووسێتەوە یان بەپێچەوانە، هیچ گرێیەک لەم گلۆڵە سەروبن تێکەڵاوە ناکاتەوە. ئاخۆ دەکرێ بڵـێین دەقی سـەرکـەوتووی ئەدەبی ئەنجـامی کۆبوونەوەی زانـایـی و بەهرەیە لەلای نووسەرێکی دیاریکراودا؟ من پێم وایە وەڵامی پرسـیارێکی لەم چەشنە دەبێ ئەرێنی بێت.

* پێت وایە هۆی داتەپینی بناغـەی هەر دەقێک، بەشـێکی بۆ ئەوە بگەڕێتـەوە کـە بنیـاتی دەق لە مـانا داخـراوەکـانـەوە سـەرچاوە بگرێ؟ بەواتـەیەکی تر: بۆ ئـەوەی پێکهــاتەی دەق بپـــارێزین لە کاڵگەرایی و بوونی کاتی، چی بکەین باشە؟

– چاک لە مەبەستی ئەم پرسیارە ناگەم. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە دەقێک برێتییە لە کۆمەڵێک بنیات یان پێکهاتە، ئەوەی کە ئەو پێکهاتانە چین و چۆن خۆیان لە تەنیشت یەکتردا دەبیننەوە، پرسـیارێکی گرینگە کـە جێگەکەی دەبێ وانـەیەکی دەرســـیی زانکۆ بێت. دەقـــێک کـــە باس لـە پرســـە هەمیشـەییـیـەکانی مرۆڤ دەکات، دەتوانێت لە بەرامبـەر تێپەڕبوونی زەمەندا مـــانەوەی خـــۆی بپـــارێزێت و ببـــێت بەئاوێنـەیەکی بالانوێن لە شـــێـــوەی

تێگەیشتنی مرۆڤەکانی سەردەمێکی دیاریکراو لە کۆمەڵێک گرفتی هەردەم ئامادە لە ژیاندا. بۆ نموونە پرسی مەرگ و ئەو ڕاستییە کە مرۆڤ هەردەم بەدەم ئەم پرسەوە ناڵاندوویەتی بووەتە هەوێنی زۆر بەرهەمی ئەدەب لە ڕەوتی مێژوودا. لەبەرئەوەی کە هێشتاش مەرگ ئەو دیاردەیەیە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە خوێندنەوەی چلۆنایەتیی ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی وا لە دەقێکی سەرکەوتووی ئەدەبیدا دەتوانێت لانی کەم لە کەڵکەڵەی زەینی هاوڕەگەزەکانمان لە سەردەمێکدا ئاگەدارمان کاتەوە و ببێتە هۆی سوکناییی ئێستامان. بەڵام لێرەشدا جوانیناسی و تەکنیکی ئەدەبی ئەو شتانەن کە دەبێ لە دەقەکەدا ئامادەییان هەبێت، ئەگینا چێژگەیێن نابن و لە باشترین حاڵەتدا دەبنە کەرەسەیەک کە لە تێڕوانینی مرۆڤ لە دیاردەیەک لە کات و زەمەنێکی دیاریکراو دەدوێن.

ئافراندن و بەنامۆکردنی دیاردەکان لە ئەدەبدا هەموو کاتێ جێگەی سەرنج بووە. کاتێک دیلان تۆماس دەستەواژەی نەبیستراو و نەبیندراوی وەک "پەژارەیەک پێشتر" بەکار دێنێت، ئاماژە بۆ سەردەمانێک دەکات کە پێوانەی ئەندازەگرتنی کات لە کاتژمێر و خولەک و چرکەوە دەبێتە "پەژارە". بەم کارە ئاستێکی جوانیناسی و لە هەمان کاتدا پڕ مانا دەبەخشێت بەنووسین. "مانگی تووڕە"شی دەتوانێت هەوێنی ماناکردنەوەی جیاواز بێت و ئاسۆکانی زەینی خوێنەرەوە دوورتر و دوورتر بکاتەوە. ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی، جۆناتان کەیپ، لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانە پڕ فرۆش و سەرکەوتووەکەی ئیەن مەکیوان، تۆبەدا، دەڵێت کاتێک مەکیوان لەبارەی "پەرداخێک بیرەدا" دەنووسێت، ئێمە تەنیا پەرداخە بیرەکە نابینین، بگرە بە ئیشتیایەکی زۆرەوە حەز دەکەین بیخۆینەوە. باشە ئەوە دەبێ ئاکامی کامە تایبەتمەندیی نووسین بێت کە دەقێک بتوانێت کارتێکەرییەکی ئەوا لەسەر خوێنەرەوە دابنێت؟ لەم پێوەندییەدا دەتوانین بپرسین ئەوە چ کەموکوڕییەکە لە ڕۆمانێکی کوردیدا دەیبینین کە سەرەڕای دەیان لاپەڕە باسکردن لە

مۆسیقا و ئیعجازەکانی، هێشتا دەنگێک ناگاتە گوێی خوێنەرەوە؟ لە هەمان کاتدا پێوەندیی ڕۆمانێکی دیاریکراو بە پێشینە و نەریتی نووسین لە ئاستی ناوەخۆ و جیهانیدا ئەو خاڵە گرینگەیە کە من وەک خوێنەرەوەیەک لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانە کوردییەکاندا نایبینم. ئەگەر هەر باسی تۆبەی مەکیوان بکەین دەبینین کە سەرتاپای ڕۆمانەکە ئەنجامی درۆی کچێکی دە ساڵانەیە. بەڵام چ شتێک ئەم ڕۆمانە هێندە خۆشەویست و کارتێکەر دەکات لەلای خوێنەرەوە کە شتێکی ئاسایی واتا درۆکردنێک ببێتە هەوێنی ئافراندنی وردترین سەفەر بە کۆڵانەکانی دەروونی مرۆڤدا؟ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بۆ شارەزایەکی بواری ڕۆمان دەری دەخات کە نووسەرەکەی پەرەپێدەری تەکنیکی گێڕانەوەی لاورێنس، وۆلف، ئامیس، فۆرستێر، روشدی و فاولزە، نەک هەر بەشێوەیەکی میکانیکی بگرە بە شێوەیەکی ئافرێنەرانە. مرۆڤ دەتوانێ دڵنیا بێت ئەگەر مەکیوان ئاگەدرای ئەم بەرهەمانە نەبوایە و دەقەکەی شێوەیەک لە گفتوگۆی لەگەڵ دەقەکانی پێشتردا نەبوایە، نەیدەتوانی ببێتە ئەڵقەیەک لە زنجیری بەردەوامیی ڕۆمانی ئینگلیزی. هەر بۆیە بە سانایی دەکرێ بگوترێ کە بەرهەمی سەرکەوتوو دواجار ئەنجامی زانین و ئەو شتەیە کە لە کوردیدا بە بەهرە ناوی دەبردرێت.

* بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە بەشێوەیەک کە سەرچاوەمان لەم بارەیەوە هەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێستا زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا، چونکە نائامادەیی لە ڕۆژگاری وەکو ئەمڕۆدا هەم (بۆشایی) و هەم (تەنگژە) و هەم دەرگەی (داخستنی سەردەمێک)یشمان بە ڕوودا دەکاتەوە؟

– کاک ڕابەری ئازیز کامە بواری کۆمەڵگەی کورد کاری لەسەر کراوە کە ڕەخنەی بەراوردیی لەسەری نەکرابێت؟ ئێمە دەزانین لەبەر زۆر هۆکاری

مێـژوویی، سیـاسی، کۆمـەڵایەتی و تەنانـەت فـەرهـەنگیـش، ئێـمـە بێـبـەری بوویـنـە لە هـەبوونی داوودەزگـــای تـایبـــەت بـە لێکـۆڵینـەوە. لـە ڕۆژگـــاری ئێستـاشـمـاندا، سـەرەڕای هـێندێک دەستکەوتی هێشـتـا سـەقـامگیـرنەبوو، هێـشـتـا دوورین لەو بەسـتـێنەی کـە بواری وامـان بۆ بـڕەخسـێنێت ئاوڕی تێـروپڕ لە پرسـەکـانمـان بدەینەوە. مـن ئەگـەرچی هێندێک جـار باوەڕێکی بوونـگەرایانـەم لا دروست دەبێت کـە هـانم دەدات لەسـەر توانـای مـرۆڤ بە دوور لە هەلومـەرجی ژیانی حـیـساب بکـەم، بەڵام دواجـار ئەوە هەلومـەرجی شیاو و لەبارە کە برەو بەلێکۆڵینەوە دەدات. تۆ بڕۆ ماڵپەڕی زانکۆکانی ئێمە لەگـەڵ هـەر زانکۆیەک لە وڵاتـانی دراوسـێـمـانـدا لە بـواری لێکـۆڵینـەوە و بڵاوکردنەوە بەراورد بکە، بزانە لە کوێی ئەم جیهانەدا ڕاوەستاوین؟

ئەگـەرچی ڕەخنەی بەراوردی لە سـاڵانی ڕابردوودا لەلایەن کەسـانی وەک سپیواکەوە وەک دیسیپلینێکی مردوو ناوزەد کراوە، بەڵام من پێم وایە ئەگەر هەمـوو بنەمـاکـانی ئەم جـۆرە ڕەخنەیە لە بەرچاو بگرین، دەتوانێت تیـشک بخـاتـە سـەر زۆر لایەنی نـاڕوونی جیـهـانی ئەدەب. گـرینگە لە دەلاقـەی بۆ نموونە سـەرهەڵدانی ڕۆمـان لە زمـانی تورکی و فـارسی و عـەرەبیـدا چاو لە ئاستی فەرهەنگی و کۆمـەڵایەتیی کۆمەڵگەی خۆمـان بکەین. گرینگە بزانین چەندە لەژێر کـارتێکەریی ئەواندایـن و چەندەش دەتوانـین لە دانوسـتـاندنی فەرهـەنگیدا خـاوەنی سەرمـایەیەکی ئەوتۆی ئەدەبی بین کە شـیاوی بەخشین بەئەوان بێت.

* لە ئێـسـتـادا، داهێـنان و ڕیکلام هـاوئاسـتن لە خـسـتنەڕووی ئاسـتی دەق لە کـوردسـتـانـدا، بەڵام ئەو ڕیکلامـەی لێـرەدا مەبەستـمـە دابەش بووە بەسـەر خوێنەر و ڕاگەیانـدن و دەسـەڵاتی سـیـاسـیـی حـزبەکـان. نووسـەری ئیـبـداعکار بۆ ئەوەی پردێک دروست بکا بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهێنان – ڕیکلام، چی دەبێ

بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

– ئەگەرچی هەر بوارێکی نووسین دەستەواژە و چەمکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کارتێکەریی جوانیناسانەی نووسین هەموو بوارێکی گرتووەتەوە. بەواتایەکی تر ئیتر دەربڕینی ئەدەبی و ئەدیبانە هەر لە ماڵی ئەدەبدا میوان نییە، بگرە شەریکە بەناوبانگەکانی ڕێکلامیش ئەم شێوازە نووسینە ڕەچاو دەکەن و خوازیاری کارتێکەریی تەواون لەسەر کڕیارانی شتومەکەکانیان. هانس بێرتێنز لە کتێبەکەی لەسەر تیۆری ئەدەبیدا باسی شیرکەتێکی ڕێکلام بەنێوی هینز دەکات کە بۆ فرۆشتنی فاسۆلیا ڕێکلامێکی بەم ناوەڕۆکە ساز دەکات: "فاسۆلیا یانی هینز" (هەڵبەت گەمەی زمانی و ماناییەکە لە زمانی ئینگلیزیدا دەردەکەوێت کاتێک شتێکی سەرنج ڕاکێش لە ئاکامی گۆڕینی ڕێنووس و خوڵقاندنی ئاهەنگێکی تایبەتدا دێتە کایەوە: "Beanz Meanz Heinz"). سیاسییەکانی سەرکەوتووی جیهانی ئەمڕۆ کەڵک لە دوا تەکنیکەکانی ئاخافتن وەردەگرن. کەسانێکی وەک ئولوف پاڵمەی سوێدی، تۆنی بلێری ئینگلیزی و ئێستاش ئۆبامای ئەمەریکایی بەهۆی توانای بەرزی ئاخافتنیان جێگەی سەرنجی کەسانێک بوونە کە کار لەسەر کارکرد و تایبەتمەندییەکانی ئاخافتن و هونەری وتاربێژی دەکەن. سیاسەتوانانی دنیا تواناترین نووسەران بۆ نووسینی وتارەکانی خۆیان بەکار دەهێنن و بەمجۆرە دەیانەوێت لە گواستنەوەی پەیامەکانیاندا کەڵک لە ئیعجازی وشە و شێوەی دەربڕین وەرگرن. ڕەنگە ئەو ڕاستییە کە ژیاننامەی ئۆباما تژییە لە جوانیناسیی نووسین بێ کارتێکەری نەبووبێت لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ئەمەریکا بۆ لای ئەو. هەڵبەت سیحری وشەی جوان و ئاخافتنی بەپلان هەر لە یۆنانیی کۆنەوە خولیای بیرمەندان بووە و کاریان لەسەر کردووە و دەورەی فێربوونیان بۆ داناوە. بەمجۆرە گرفت لە بەکارهێنانی دەقی ئەدەبی بۆ ڕێکلام گرفتێک نییە و ڕەنگە زۆر ژیربێژانەش بێت. ئەگەر ئەو ڕایەی

جـۆناتان كـالێـرمـان لەلا پەسند بێت كـە دەقی ئەدەبی دەتوانێت وەک سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو بۆ لێكۆڵینەوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی بەكار بێت، ئیتر بۆمـان دەردەكـەوێت كـە نووسـینی جـوان تەنیـا لە ئافـراندنی ئەدەبیـدا بەرتەسک نابێـتـەوە. مـێـژووی ڕووسـیـای ترۆتسكی هەر لایەنە فاكتایی و مێژووییەكانی نییە كە كردوویانەتە خاوەنی ناوبانگێكی زۆر، بگرە شێوازی نووسینە زەریف و جوانەكەشی بووەتە هۆی بەرزنرخاندنی. ئەم نرخـاندنە لەسـەر كـارەكـانی مـێـژوونووسی ئینگلیـزی، ئێـریک هابسباومیش كراوە و ئاستی جوانیی نووسینەكەی سەرنج ڕاكێشە.

سـەرەڕای ئەم ڕاسـتـیـیـانە تا ئەو جـێگەیەی من ئاگـەداری نووسـینە جیاوازەكانی كوردی بم، وێكچووییەكی زمانیی سەیر بەدی دەكەم. ئەگەر لە نووسـینەكـانی نووسـەرێكی ناسـراو و ناوبەدەرەوەی كـورد ورد ببـینەوە دەبینین هـەم شیعر و هـەم وتار و هەمیش ڕۆمـانەكانی و تەنانەت شـێوەی ئاخافتنیشی هەر یەک شتە. ئەمە بەباوەڕی من كەموكوڕییە. دەكرێ زمانی ئەدەبی و داڕشتنی هونەری لە هـەموو ئەم جۆرە نووسینانەدا هەبێت، بەڵام نەک بە یەک ژارگۆن و بە یەک شـێـواز. من دەتوانم دە لاپەڕەی ڕۆمـانێكی كوردی بە جیا بڵاو كەمەوە و ناوی وتارێكی لەسەر بنێم و ڕەنگە كەسیش هەستی پێ نەكات. ئەمە خۆی لە خۆیدا كارێكی شیاو نییە. دەكرێ مرۆڤ وەک میلان كۆندێرا وتار و گێڕانەوە تێكهەڵكێشی یەكتر بكات، بەڵام هەركە یەكیان تەواو دەبێت و ئەوی تریان دەست پێ دەكات خوێنەرەوە زوو هەست بە گۆڕانی شێواز و تەنانەت وشەكانیش دەكات.

* كـەنگێ زمـان – گـوتن ڕووبەڕووی بەریەككەوتنێكی قـووڵ و ئێستێتیک و بابەتییانە دەبنەوە؟

– هەروەک لە وەڵامـی پێـشـتـرمـدا ئاماژەم پێ كـرد جـۆرەكـانی نووسین هەمـبـانەی وشـە و چـەمكی تایبـەتیی خۆیان هەیە. نووسـینێكی بابەتییـانە

دەتوانێت لایەنی جوانیناسیی ئەدەبیی تێدا ڕەچاو بکرێت، بەڵام دیسانیش جیاوازە لە بەرهەمێک کە لە پۆلێنکردنی جۆرەییدا دەخرێتە خانەی بەرهەمی هونەرییەوە. لەخۆڕا نییە ئێستا لە زانکۆکانی جیهاندا وانەی چۆن نووسین لە بەشی زانستە سروشتی و پزیشکییەکانیشدا دەگوترێتەوە.

* ئەگەر خودی نووسەر بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بنیاتنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێ؟

– ئاخۆ دەکرێت نووسەر داهێنەر بێت و خەیاڵ کۆڵەکەیەکی سەرەکیی داهێنانەکەی نەبێت؟ خەیاڵ ئەو دیاردە لە قیمەتنەهاتوویەیە کە بەتێکەڵاوی لەگەڵ زانین و ئەزموون دەتوانێت ناوت بەرێتە نێو ناوان.

* نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کوێ گەیشتووی؟

– وەک دەزانی من نووسەر نیم. لە زانکۆ مامۆستام و خەریکی دەرسگوتنەوە و لێکۆڵینەوەم. ئەگەرچی دەنووسم و هەوڵی بەردەوامیش بۆ فێربوون دەدەم، بەڵام هەست دەکەم ئەو پرسیارە من ناگرێتەوە. ئەوە هەر نووسەران نین کە بەردەوام لە سەفەردان، بەمانایەک هەموو کەسێک لە سەفەردایە. لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن. هەر کەسەش بەپێی توانای خۆی بە شوێنێک دەگات و دواجار هەموومان بە یەک شوێن دەگەین. هۆکارگەلی جیاواز، شێوە و ناوەڕۆکی جیاواز بە سەفەری مرۆڤەکان دەبەخشێت. ئەزموونی من لە یەک ڕستەدا ئەوەیە کە بەر لەوەی دەست بۆ قەڵەم بەری هەزاران قەڵەمی بەر لە خۆت بەسەرکەوە ئەگەر زانیت شتێک دەخەیە سەر میراتی مرۆڤایەتی پێ بنێ ناو جیهانی پڕ لە بەرپرسیاریی نووسین.

* دیکارت ڕوانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"،

بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام (بیرکردنەوە) دەتوانێ (بوون)ێکی پڕ جووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێ، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پێوەستە بە (ئاگایی) و (ئەوانی تر)ەوە؟

– دڵنیام لە منت ناوێت دەست بکەم بەشیکردنەوەی وتە بەناوبانگەکەی دێکارت و ئەوەی ئێستا دوای تێپەڕبوونی سێسەد و شێست ساڵ بەسەر مەرگی ئەودا چیها لەسەر ئەم دەربڕینە گوتراوە و چ گۆڕانکارییەک بەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە و چلۆنایەتیی بیرکردنەوە و گرینگیی بیرکردنەوە و پێوەندی لەگەڵ هەستی و بووندا هاتووە، ڕاستییەکەی نە بواری منە و نە پێشم وایە بابەتێکی ئاوا لە چوارچێوەی وتووێژێکدا دەگونجێت. خۆزگە لە داهاتوودا پرسیاری هاوڕێیانی ڕۆژنامەنووسی ئێمە بە تێبینییەکی وردتر و پسپۆڕانەتر ئاراستە بکرێن. ڕەنگە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم قسەیەی دێکارتدا لە جێی خۆیدا بێت شتێک وەبیر خۆمان بێنینەوە و ئەویش ڕەسەنایەتیی ئەندێشە و خاوەنداریەتیی بیرێکی تایبەتە لەلای هێندێک بیریاری گەورە. ئەوە لەخۆڕا نییە دەربڕینی "کۆگیتۆ ئێرگۆ سوم" (بیر دەکەمەوە واتا هەم)ی دێکارت و سەگەکەی پاولۆڤ و تیۆری ڕێژەییی ئەنیشتاین لە خودی دێکارت و پاولۆڤ و ئەنیشتاین بەناوبانگترن.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– واقیع دواجار ئاکامی شێوەی ڕوانینی ئێمەیە بۆ شتەکان. ئەگەر ئێمە لە ڕوانینی خۆماندا گۆڕانکاری پێک بهێنین هەموو ئەو واقیعانەی لەگەڵ شێوە ڕوانینی بەکۆمەڵی ئێمە نایەنەوە، دەبێ بگۆڕدرێن. من شتی نەگۆڕ شک نابەم. وەک دەڵێن تەنیا شتی نەگۆڕ، گۆڕان خۆیەتی. هەرچی هەیە دەبێ کەرەسەکانی گۆڕان تەیار بکرێن. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر

واقیعە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانیان نەتەنیا هەلومەرجی لەباری خۆی دەوێت، پلاندارێژیی ئاگایانەش شەرتی سەرەکیی شێواز و ڕەوتی گۆڕان و ئەنجامە ئەرێنییەکانیەتی.

* (دۆریس لیسینگ) ڕوانینی وەهایە: "هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بەدەستم هێناون". ئەم ڕستەیەی لیسینگ لە کوێوە ناکۆک و تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ (داهێنەر) و (داهێنان)ی ئەدەبی؟

– زۆرم پێ خۆش دەبوو سەرچاوەی ئەم دەربڕینەی ڕۆماننووسی خاوەن خەڵاتی نۆبێل خاتوو دۆریس لێسینگت دەستنیشان کردبا. بۆیە ئەم خۆزگەیە دەردەبڕم بۆ ئەوەی شتێک لەسەر گرینگیی چلۆنایەتیی ئاماژە بەقسەی خەڵکانی تر لە ئاخاوتن و وتارەکانماندا بکەم. من کە بۆ خۆم لە نەوەی مارکسیستەکانی سەرەتای هەشتاکانم کۆمەڵێک بیرەوەریی تاڵم لەم شێوە ئاماژەدانانە بە قسەکانی پێشڕەوانی مارکسیسم هەیە. ئێمە زۆرجاران تەنیا بە گێڕانەوەیەکی پچڕاو لە کۆدەق و هەلومەرجی نووسین یان دەربڕینی قسەی پێشەنگێکی مارکسیستی بەرامبەری خۆمان بەئەرێنی یان نەرێنی دەخستە بەر شاڵاوی هێرشی "تیۆریک" و هەمووجارێ سەرکەوتوو لەو شەڕە دەهاتینە دەر. نەریتێکی وا لەناو خەڵکانی باوەڕمەند بە ئاین و بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا هۆگرانی ئیسلامی سیاسیدا هەیە کە قسەکانی خۆیان بە هێنانەوەی نموونە لە حەدیس و ئایەتی قورئان دەڕازێننەوە. زۆرجاران مەبەستێکی شاراوە یان دیار، ئاگایانە یان ناخودئاگایانە لەم کارەدا ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەرت لە بەرامبەر ئەم قسانەدا بێ چەک بکەی و بەشێوەیەک لە مەشروعییەتی بەرز و بانتر کەڵک

وەرگری بۆ بەزاندن و دەمکوتکردنی کەسانی تر. لە ڕاڤەی هەموو دەقێکدا لە بەرچاوگرتنی کۆدەق و زەوینە و پێشخانی دەق زۆر گرینگە. لە هەمان کاتدا لە بیرمان بێت کە هیچ دوو دیاردەیەک و دوو قۆناغێک و دوو کۆمەڵگەیەک کۆپیی یەکتر نین و سەرەڕای کۆمەڵێک وێکچوویی لە نێوانیاندا هەریەکە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆیە دەربڕینێکی گشتی دروست نییە بە تەنیا ببێتە هۆکاری باوەڕی ئێمە بە دروستی و نادروستیی شتێک. هەر بۆیەشە لە کاری ئەکادیمیکدا دەبێت پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان لێکۆڵینەوە و چەمک و ئامرازی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندندا هەبێت. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە نابێت ئێمە پێداویستیی ڕەخنەگرتن بەتەنیا لەم قسەی خاتوو لێسینگ وەرگرین. ئەگەر نووسین و خوێندنەوە دوو دیاردەی بەرهەست و حاشاهەڵنەگرن ڕەخنەش وەک گۆشەی سێیەمی ئەم سێگۆشەیە دەبیندرێت. ئەگەر نووسەر پێی وانەبێت لە شێوەی خواوەندەکانە و وەک ئەوان دەنووسێت بێگومان نووسینەکانی دەبنە ئامانجی ڕەخنە. ئەگەر نووسەر پێی وانەبێت کە هەموو شت دەزانێت و لە سەرووی تێگەیشتنی خوێنەرەوەکانیەتی، گومانی تێدا نییە کە دەبێ ببێت بە سووژەی ڕەخنە. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا تەماشای دەربڕینەکەی لێسینگ بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە کارتێکەریی ڕەخنە لەسەر نووسەری ئازاد و تینووی فێربوون چەندەیە. داهێنانی ئەدەبییش بەو مانایە نییە کە لە ڕەخنە بەدوورە. بەپێچەوانە چونکە داهێنان دواجار شتێکی زەینییە و بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە بەر خوێندنەوەی زەینگەلێک کە لە باری شناسەوە (کاگنێتیڤ) جیاوازییان هەیە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی سازبوونی دیالۆگێکی هاندەر بۆ ناسین و دۆزینەوە. لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و لە زەینی ئازاددا ئەستەمە داهێنان نەبێتە هۆی پرسیار و باس لەسەر بەرهەمی داهێنەرێک. ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی پرس خوڵقێن نەبێت و هاندەری بیرکردنەوە نەبێت و لەوەش گرینگتر ئەگەر خوێنەرەوە بە چاوی

ڕەخنەییەوە نەڕوانێتە دەق، مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگە هێشتا ئەسیری باوەڕە ئایدیۆلۆجیک و دۆگماکانە. من لەم وەڵامەدا وەک هەموو جێگەیەکی ئەم ئاخافتنە "ڕەخنە" بە مانای کریتیسیزمی ئینگلیزی بەکار دەهێنم کە شتێک نییە جگە لە هەڵسەنگاندن، خوێندنەوە، ڕاڤەکردن و لێکدانەوە بە یارمەتیی تیۆریگەلی ئەدەبی وەک هەوڵێک بۆ هەڵێنجانی مانا و دوورەپەرێزی لە باوەڕهێنان بە یەکمانایی و تەنیامانایی و دوامانایی دەقێک.

* یەکێک لە ڕوانینەکانی (دێرک والکۆت) وەهایە: "ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە". ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەش بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردی قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکان؟

– ڕەنگە جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانەوەی ئەدەبیدا جگە لەلایەنی هونەریی ئەدەب ئەو سەفەرە دەروونییە بێت کە گێڕانەوەی ئەدەبی بەناو ناخی کارەکتەرەکانیدا دەیکات. ئەگەر مێژوونووس و تەنانەت دیسیپلینەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان و کارتێکەرییان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە باس دەکەن، ئەدیبەکان دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان لە پێوەندی لەگەڵ دیاردە جۆرەوجۆرەکاندا دەخەنە ڕوو. ئەگەر مێژووی شۆڕشی فەرەنسا گێڕانەوەی شیکارانەی هۆگران و دژبەرانی شۆڕشەکە بێت، ئەوە ڤیکتۆر هۆگۆیە کە بە تیفتیفەدانی کەسایەتییەکانی، بەناو دەروونیاندا شۆڕ دەبێتەوە و دیمەنەکانیان بۆ هەمیشە لە زەینی ئێمەدا دەهێڵێتەوە. کامە سەرچاوەی مێژوویی دەتوانێت ژاوێر و کۆزێت و ژان والژانمان بۆ بەرهەم بهێنێت؟ ئەگەر مێژووی شەڕی ڕووسیا و فەرەنسا گێڕانەوەی ڕووداوگەلی بەرەکانی شەڕە، بۆ تێگەیشتن لە کارتێکەریی شەڕەکە لەسەر هەست و

دەروونی مـرۆڤـەکـان، تۆ دەبێ پەنا بۆ تـۆلسـتـۆی بـەری تا بزانی شـەڕ چ ئاسـەوارێک لەسـەر هەبوونی مـرۆڤـدا بەجێ دەهـێـڵـێت. ئەگـەر نەداری و قـاتـوقـڕی لایەنێـکی بەرچاوی دەورەیەک لە مـێژووی کـۆمـەڵگەی ڕووسـەکـان بێت، ئەوە لە برایانی کـارامـازۆڤ و تاوان و سـزادایە کـە دەبێ بەشـوێن چـلۆنـایـەتیی ڕەنگدانـەوە و کـــارتێـکەریی ئـەم دیاردانـە لـەســـەر دەروونی ئینسـانـەکـاندا بگـەڕێی. ئەگـەر ئەدرێسی دروسـتت بۆ ئاگـەداربوون لە کـارتێکەریی کـۆڵۆنیـالیزم بەسـەر مـرۆڤ و کـۆمـەڵگەی کـۆڵۆنیـالکراودا دەوێت دەبێ پەنا بۆ شـتـەکـان هەڵدەوەشـێنی ئاچێبێ و دڵی تاریکیی کـۆنراد بەری. ئەگەر ڕوانینێکی وردەکـارانـەت بە تاکـڕەهەندیـبوونی مـرۆڤـدا دەوێت ڕەنگە باشـتـر لـە هـەر دەقـێکی دەروونشـیکـارانـە ڕۆمـانی کـازو ئیـشـیـگارۆ، پاشـمـاوەکـانی ڕۆژێک، بەهاناتەوە بێت کـاتێک لێکۆڵینەوەی کـەسـایـەتیی پێشـخزمـەتی کـابرایەکی دەوڵەمـەند لە مـاوەی سی ساڵدا دەبێتـە هەوێنی سـەرەکیی ڕۆمانەکەی و کێبـەرکێی هـەست، ئەڤین، ڕاسـتگۆیی، ئەرکناسی و نەریت لەوپەڕی وردەکاریدا وێنا دەکرێت.

لە ئەدەبیـاتی خـۆشـمـاندا بەرهـەمگەلی وامـان هـەن کـە لە نـەخـشـاندنی ڕووداوە مێژووییـیەکانی کورددا توانیویانە وەستایانە هـەڵسوکـەوت لەگـەڵ کەسـایەتیـیەکانیاندا بکەن و کـۆمـەڵێک ڕووداوی تاڵی کۆمـەڵگەی ئێمـە بە گـێـڕاندنەوەیەکی هونـەری زیندوو ڕاگـرن. تاوانـەکـانی ڕێژیمی بەعس بۆ سـڕینەوەی بیـری مـرۆڤی کورد ڕەنگە بەجـوانترین شـێـوە لە کـەسـایـەتیی جـەلادەتی کـۆتـردا خـۆ بنوێنێت کـاتێک ئـەو دەبێ هـەمـوو هونەری ژەنینی مـۆسـیـقا لـە بیر خـۆی بەرێتـەوە. ئەو دایکەی لە تـاریکیـدا جـەنازەکـان لە بیـابانان کۆ دەکـاتەوە ئەو ئافـراندنە هونەرییـەیە کە کـارەسـاتی ئەنفـال لە فـەرامـۆشکردن دەرباز دەکـات. ژنکوژی کـەنگێ دەتوانێت تا ئەو ئاسـتـە لە بیـری ئێـمـەدا زەق بێتـەوە ئەگەر چارەنووسی هـەلاڵە نەبێتـە ئەو گێـڕانەوە هونەرییانـەی کە عـەتای نەهـایی بۆمـانی دەسـتـەبەر دەکات. کـارتێکەریی

نامۆییسازانەی تاراوگە لە باڵندەکانی دەم بادا جوانتر لە هەر دیسیپلینێکی تر خۆی دەردەخات و ئاکامی ناهومێدکەرانەی شکستی کۆماری کوردستان پتر لە هەر بەرهەمێکی مێژوویی لە چارەنووسی لاس و یادگاردا خۆی دەنوێنێت. بەرەوڕووبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی و ئیدیالی مرۆڤی کورد دەبێتە سووژەی گێڕانەوەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ و بەمجۆرە دەبنە سامانی گێڕانەوەی کوردی. کەڵکەڵەی زەینیی گەنجی کۆمەڵگەی نە مۆدێرن و نە نەریتی کورد ئەو سووژە ناوەندییەیە کە لەسەر ئاو دەنووسمی جەبار جەمال غەریب بۆ وێناکردنی قوڵ هەڵدەماڵێت. کارتێکەرییەکانی تاراوگە و پەرۆشی بۆ جیهانی بیرەوەرییەکانی لەدەستچوو هەوێنی تەمی سەر خەرەندی شێرزاد حەسەن و پایزی درەنگی فیرات جەوەریین. ڕەنگە بەسەرهاتی تاڵی کوردان لە هاواری دیجلەی ئوزوندا ئەوپەڕی بوار بۆ دەرخستنی خۆی بدۆزێتەوە و لە گاوا ماسی تی دەبنی حەلیم یوسفدا گێڕانەوەی چارەنووسی سیزێفانەی مرۆڤی کورد و باری کوردایەتییەکەی، خۆی بگەیەنێتە ئاستی بەرزی گێڕانەوەی ئەدەبی.

* پێوەندیی نێوان (دەق) و (چێژ) لەنێو ئەدەبی ئێمەدا تا دێ کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، تا ئێستەیش ئیستگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانە نەکراون لەلایەن ڕەخنەگرانمان – ئەگەر بڕیارە ڕەخنەگرمان هەبێ، بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونێکی ڕەگاژۆیی بخوڵقێنین پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– ناکرێ دەقێکی سەرکەوتوو چێژگەیێن نەبێت. هەڵبەت دەبێ بڵێین چێژ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر تووشی گۆڕان دێت. بەڵام، چێژوەرگرتن لە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگە ئەو خاڵە گرینگە بێت کە هاندەری مرۆڤەکان بێت کە پەنا بۆ دەق بەرن. ئەوە

چ تایبەتمەندییەکی دەقی ئەدەبییە کە لەناو شەمەندەفەر و پاس و فڕۆکەدا و لە کاتی حەسانەوە لە لێواری دەریادا مرۆڤەکان پەنا بۆ خوێندنەوەی دەبەن؟ وێ دەچێت لە تەنیشت حەزی مرۆڤ بۆ فێربووندا چێژوەرگرتن ئەو نهێنییە بێت کە هاندەری خوێنەرەوەیە بۆ بەسەربردنی کات بەخوێندنەوەوە. کەڵکوەرگرتن لە میراتی خۆماڵی و جیهانی دەتوانێت دەرفەتی ئافراندنی وا بۆ نووسەر دەستەبەر کات کە چێژ بکاتە بەشێکی جیانەبووەوە لە دەق. ستێرن و سێرڤانتێس و بۆلگاکۆڤ ئافرێنەری ئەو دەقانەن کە تێپەڕینی زەمەن لە چێژگەیێنی بەرهەمەکانیان کەم ناکاتەوە. ئاخۆ دەکرێت نووسەری کورد لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی تراجیدییانەی کورددا بتوانێت سووژەی چێژی خوێندنەوە بۆ خوێنەرەوە دەستەبەر بکەن؟ ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی هەڵگری هەموو لایەنە سەرکەوتووەکانی دەقێکی بەرز بێت و نووسەری کورد مەلەوانی چاکی دەریای ئەدەب بێت، ئەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بەبێ هیچ گومانێک ئەرێنییە.

* دەق دەتوانێ ببێ بە ئەلتەرناتیڤ لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاری کە دەقنووس لە سەروەختی تەنگانەدا دەستی بۆ ببا؟

– باش لە مەبەستی پرسیارەکە ناگەم چونکە نازانم سەروەختی تەنگانە چ جۆرە سەروەختێکە. تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بۆ هێندێک کەس نووسین جۆرێکە لە تراپی، واتا شێوەیەک لە چارەسەری و دەرمان. زۆر نووسەر هەبوونە و گوتوویانە و هەن کە دەڵێن ئەگەر نەیاننووسیبا و نەنووسن دیقیان دەکرد و دیق دەکەن.

* ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بەکەرەستەی مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و تەنگژەکان بەرەو چارەسەری پەلکێش بکەن؟

– زۆر حەز دەکەم لە باری مانایی و بەکارهێنانی چەمکی ڕۆشنبیر لە

ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا باش تێ بگەم. ڕاستییەکەت بوێت لە ناوی وەزارەتەکەوە تا ئاڵۆزیی ناخۆش و سەرەگێژەهێنەری ئەوانەی هەڵگری ئەم ناوەن هەموویان بۆ من پرسیارن. ئەوەندەی من ئەم چەمکە لە کوردستان دەبیسم قەت لە ئەوروپا نایبیسم. ئەوەندەی ڕۆشنبیری کورد ناز بەسەر دەسەڵات و زەمەن و زەویندا دەکات، ئەوەندە خاوەنی بەرهەم نییە. ئەگەر خێرا چاو بەکارکردی بیریارانی ئەم سەردەمەی جیهاندا بخشێنین، هەموو بیرمەندانی گەورە خاوەنی کارێکی دیاریکراو و بوارێکی دیاریکراوی زانست و زانین بوونە. من قەت ناتوانم سارتر لە کارەکەی جیا کەمەوە و تەنیا نازناوی ڕۆشنبیری بە بەردا هەڵدرووم. فوکۆی بێکار و دێریدای بێ کتێب قەت نەیاندەتوانی ببنە ئەو کەسانەی کە هەبوون. لە کۆمەڵگەیەکدا کە کار دابەش ناکرێت، بەرپرسیایەتی دیاری ناکرێت زۆر سانایە کە سنووری پێناسەکان تێکەڵ بکرێت.

* ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێک خۆی نواندووە؟

– ئەم پرسیارە وا داڕێژراوە وەک ئەوەی ئێمە باش دەزانین کە ڕۆشنبیرەکان کامانەن و لەسەر هەر یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلمان کردووە و ئێستا وەڵامەکانمان لایە. ئەم وەڵامە لانی کەم لای من نییە. بەس تەنیا یەک شت دەزانم و پێم خۆشە باسی بکەم و ئەویش ئەوەیە کە هەر سەردەمە و هەر کۆمەڵگەیەک بیریار و خاوەن ڕای خۆی هەیە. هەوڵدان بۆ گواستنەوەی نازناوەکان بە دوور لە تێگەیشتنێکی ورد و قووڵ لە قۆناخی گەشەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا تووشی بەلاڕێداچوونمان دەکات.

* لەنێو (ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی

تەندروستـیـان هەیە بۆ درێژەدان بە کـارەکـانـیـان؟ بۆچـی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکو (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟

– دیسـانیش دووپاتکردنەوەیە ئەگـەر بڵـێم من ئەم پۆلینبـەندییە نابینم. جیـاوازییەکان بەباوەڕی من ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ئافراندنی لە بنەڕەتدا جیاواز نین، بگرە پتر ئەنجامی هۆگرییە ئایدیۆلۆجیک و سیاسییەکانن. من دڵنیـام کـۆمـەڵێک مـرۆڤی دڵسـۆز و توانا لە گـۆڕەپانی هزری کـوردیدا هەبوونیـان هەیە. بەڵام بەشـێـوەیەکی گـشـتی ئاسـەواری کـاری بە پلان و ئامادەبوون لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا ئەو شتانەن هەتا وەدیهاتنیان ڕێگەیەکی دووریـان لەبەرە. ئێمـە ئەگـەر سـەردەمانێکی زۆر بەدەست پارچە پارچەبوونی سیاسیدا ناڵیومانە، پێم خۆشـە و ئاواتەخوازم لە ئاستی فیکر و ئەندێشەدا جێ بەهەڵسوکەوتی خۆبەزلزانانە و خۆناوەند نەدەین. دۆگمای خۆ بە ڕاسـتزانین و ئەوانی تر بە نەزان دانان پەتایەکی کوشندەیە. مرۆڤ دەبێ دڵی بۆ فـەزایەک لێ بدات کـە تێـیدا ڕێز و هاودەنگی پێش شـەرتی سەرەکیی هەموو جۆرە پێشبڕکێ و کێبەرکێیەکی هزرییانە بێت. دواتریش هەر سـەردەمە و پێشـەنگی فیکریی خۆی هـەیە لە هەموو بارەکاندا. فیکر و ئەندێشـە و شـێـوازی نوێ هـەتا لە کـۆمـەڵگەدا سـەقـامگیـر دەبن زەمـەن دەخـایەنێت. ئێمـە هەموو بەسـەرهاتی دۆزینەوە وەرچەرخێنەرەکەی گالیلە و چارەنووسی ئەم مـرۆڤە دەزانین و ڕەنگە تۆبـەی ئەو مـرۆڤە مـەزنە لـە پشـتی سەدەکانەوە هێشتا بانگەوازی شەرمەزاریی دەورەیەک لە دەسەڵاتی کەنیسە بکات و ئەوەی کـە ئێسـتا کـەنیسـە دوای ئەو هـەمـوو سـاڵە هـەسـتی بەوەی کـردووە دەبێ داوای لێـبـووردنی لێ بکات دەرسـێکی گـەورە بێت بـۆ هـەر بۆچوونێکی دۆگـمـایی و شـێوازی هـەڵسـوکەوت لـەگـەڵ بیری نـوێ لەلایەن دەسەڵاتەوە جا چ ئاینی چ سێکیولار.

ئێـمـە کاتێک باس لە تیۆری و داهێنانی نوێ دەکەین دەبێ هەمیشـە لە

بیرمان بێت زەمەن یەک لە فاکتۆرەکانی دانپێداهێنان و سەقامگیربوونیانە. چارەنووسی میشێل فوکۆ و هەڵسوکەوتی سەرپەرشتیاری تێزەکەی لە زانکۆی بەناوبانگی ئوپسالا تەنیا چوار دەیە لەمەوبەر ڕووی دا. ئەگەر ئەو کات مامۆستایەکی زانکۆ لە فوکۆ تێ نەگەیشت تەنیا چەند ساڵێک دواتر لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوون بەهەوێنی وانە سەرەکییەکانی زانستە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی جیهانیدا. لە ساڵی ١٩٨٠ زانکۆی کەمبریجی بەریتانیایی کۆلین مەککەیب دانامەزرێنێت لەبەرئەوەی بۆچوونە پێکهاتەخوازەکانی مەککەیب لە هزری چەقبەستووی دامەزرێنەرانیدا جێگەیان نەدەبووەوە. ئەم ڕووداوە دەبێتە تەقینەوەی چەمکی "پێکهاتەخوازی" لەم وڵاتەدا و ئەمڕۆ مەککەیب و لێکۆڵینەوەکانی شوێنێکی گرینگیان لە ئاستی جیهانیدا هەیە و کەمبریج لەو کاتەوە هەتا ئێستا سەدان وتار و کتێبی لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە و لەسەر پێکهاتەخوازی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. هەڵبەت لە بیرمان بێت تیۆرییەکان گۆڕینیان بەسەردا دێت و دێن و دەڕۆن. بۆ خوێندکارێکی زمانناسیی سەرەتای هەشتاکان، چۆمسکی ناوەندی سەرەکیی باسەکان بوو و کەس نەبوو لە خوێندنەوەی گرامێری تێپەڕییانە و ژێرخان و بنخانی ئەو قوتاری ببێت. بەڵام ئێستا دوای سی ساڵ شتەکان تەواو بەپێچەوانەن و ناوەڕۆکی وانەکانی زمانناسی هاتنە کایەی دەیان چەمک و باوەڕی تریان بەخۆوە بینیوە.

جا بۆیە ئەوە شتێکی ئاساییە کە ناو و ناوبانگی پێشەنگە هزرییەکان لە هەڵکشان و داکشاندا بێت. ئەگەر تۆ لە هەموو سەردەمانێکدا هەر جەمسەرێکی هزری و ناوێکی ناوەندیت هەبێت دەبێ شک لە ئاستی گۆڕانی کۆمەڵگەکەت بکەی. ئاشکرایە لە گەمەی نێوان هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەدا دەسەڵات و زانین هەموو دەمێ لە پێوەندییەکی تێکەڵاودان و بەشێوەی جۆرەوجۆر یەکتر بەرهەم دێننەوە. خاڵی گرینگ لەم پێوەندییەی

دەسەڵات و زانیندا ناتوانێت بەس بەگوێرەی پێوەرە ئەخلاقییەکان بێت و بەگوێرەی ویستێکی ئیدیالیستانە بەرەوپێش بڕوات. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بالانسێکی شیاو لە سنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا و تێگەیشتن لە میکانیزمی هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە یەکتر خاڵێکی بەرچاوە لە ئاستی پێگەیشتنی لایەنەکان بە پێداویستی لە حاشانەهاتووی یەکتر. هەروەها لە جێگەی خۆیدایە ئاماژە بە ئەو ڕاستییە بکرێت کە لە سەردەمی ئێستادا شوێنێک بۆ ڕووناکبیری جیهانی نییە و کەسێک ناتوانێت بەم داوایە بێتە مەیدانەوە کە کلیلی چارەسەری گرفتەکانی مرۆڤایەتی لە ئاستێکی جیهانیدا پێیە. تێبینیی فوکۆ لەسەر بەرپرسیاریەتیی ناوچەییی ڕووناکبیر دەرسێکی مەزنی بۆ ئێمە تێدایە. ئەگەر ئێمە لە شوێنی کار و ژیاندا بەرەنگاری دەسەڵات بەمانای بەربڵاوەکەی خۆی ببینەوە ڕێگەمان بۆ چارەسەری زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و فیکریی خۆمان خۆش کردووە.

* ئاخۆ کۆمەڵگە و تاکی کوردی توانیویانە لە گۆڕانە بەردەوامەکاندا خۆیان بەرجەستە بکەن و جۆرێک لە فرە ڕەهەندیی ڕوانین بەرهەم بهێنن؟

– ئەم پرسیارە زۆر گشتییە. کامە کۆمەڵ و تاکی کورد و لە کوێ و کەنگێ؟ ئەگەر گۆڕان ڕووی دابێت لە کام بوار و لە چ ئاستێکدا دەبێ شوێنپێی هەڵگرین؟ پێویست بەلێکۆڵینەوەی ورد ناکات کە بۆمان دەرکەوێت کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بەشەکانیدا لە زۆر بارەوە گۆڕاوە و من پێم وایە ئەوە لە ئاستی ئەدەبیشدا ڕاستییەکە و بەرهەمی ئەدەبیی ئێستامان لە چاو پێشتر تایبەتمەندیی تری بەخۆوە گرتووە. بەڵام تا گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا فرە ڕەهەندی ببێتە شێوە ڕوانینی زاڵ بەسەر هزر و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئێمەی کورددا، هەست دەکەم هێشتا ڕێگەیەکی درێژمان لەبەرە. ئەگەر ڕۆژێک ڕۆمانی کوردی بوو بەهەڵگری ئەو شتەی کۆندێرا پێی

دەڵێت ڕۆحی ڕۆمان و ئەویش شتێک نییە جگە لە ژیربێژیی گفتوگۆ، ئەو کات مرۆڤ دەتوانێت دڵخۆش بێت کە بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیشدا گۆڕان گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز. ئاخر دواجار گفتوگۆ ئەو ڕەمزەیە کە ڕازە نەگوتراو و نەدۆزراوەکان دەستەبەر دەکات و تەلیسمی جادووکراوی لێک تێنەگەیشتنەکان دەشکێنێت. دەبێ جارێکی تریش بچینەوە سەر هۆکارەکانی گرینگیدانی کەسێکی وەک باختین بە گفتوگۆ و چەنددەنگی و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردانە لە جۆرەی ئەدەبیی ڕۆماندا.

* زۆر لە چیرۆکنووسان ڕوانینیان وەهایە کە ژانری چیرۆک پلیکانەی یەکەمە، مەرجە بیبڕی، دوای ئەوە نۆڤلێت دێ، دواجاریش ڕۆمان، ئەو هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟

– باسی دابەشکردنی جۆرەکانی ئەدەب و پێوەری ئەم دابەشکردنە مێژوویەکی درێژی هەیە و لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیی کۆن و کاتێک یۆنانییەکان شێوازەکانی دراما و ئێپۆس و شیعری غەزەلییان لە یەکتر جیا دەکردەوە. ئەفلاتوون لە کۆماردا لێدوانەکەی سوقرات بۆ ئادیمانتوس دەگێڕێتەوە کە تێیدا ئاماژە بە کۆمێدی، تراجیدی، میتۆلۆجی، شیعر و شێوازەکانی جۆرەوجۆری گێڕانەوە دەکات. پۆئێتیکسی ئەرەستۆ لەسەر بنەمای وێکچوویی و جیاوازیی شێوازە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی باس لە تراجیدی، کۆمیدی، شیعر، دراما و ئێپۆس دەکات و کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێناسە دەداتە هەر کام لەم جۆرانەی ئەدەب. لە سەدەی نۆزدەم بەملاوە نەریتی کۆنی یۆنانییەکان لە دەستنیشانکردنی جۆرە ئەدەبییەکان پتر پەرەی ساندووە و سەرەڕای هێندێک دەنگی دژ بە پێویستبوونی پۆلێنکردنی دەقی ئەدەبی و هونەری، ئەم نەریتە وەک دیاردەیەکی جێکەوتوو لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدایە و وەک کالێر دەڵێت بووەتە کەردەیەکی بەکەڵک بۆ دیاریکردن و وەڵامدانەوەی

چاوەڕوانییەکانی خوێنەرەوە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو پێوەرانەی ڕۆژگارێک کارناسانی ئەدەبی و هونەری دەیانتوانی لەسەریان ڕێک کەون تووشی ئاڵۆزی هاتوون و پەرەگرتنی بەردەوامی شێوازە ئەدەبییەکان دیاردەی جۆرەی ئەدەبییان پتر لە پێشتر تووشی بیر و بۆچوونی جیاواز کردووە. یەک لەم جۆرە ئەدەبییانە کە سنووری دەستنیشانکراوی جۆرەکانی ئەدەبی تووشی گرفت و نابەردەوامی کردووە ڕۆمانە. وەک ڕیکۆر ئاماژەی پێ دەکات بەر لە ڕۆمان جۆرەکانی ئەدەبی بە سنووره شکڵگرتووەکانی خۆیان خاڵە جیاوازەکانی نێوان خۆیان زەق دەکردەوە، بەڵام ڕۆمان دێ و ڕێککەوتنەکانی پێشوو تێک دەدات و بەمجۆرە پێناسە گشتی و سەقامگرتووەکان دەشێوێنێت. ئەم پێشەکییەم بۆیە خستە پێش وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەوەی ئاماژەیەکم کردبێت بە پێشینە و ڕەوتی پێناسەی جۆرە ئەدەبییەکان. سەرەتا دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە باشترین سەرچاوە بۆ پێناسەی جۆرەکانی ئەدەب ئەدیبان خۆیان نین. لەو ئاماژانەی کە بە سەرچاوەکانی یۆنانیم دا دەردەکەوێت کە داڕێژەرانی تیۆری ئەدەبی نەک ئەدیبان بگرە تیۆریزانانی ئەدەبن. ئاخر خۆ ئەرەستۆ و ئەفلاتوون و سیسێرۆ و سوقرات ئەدیب نەبوون، هەروەک چۆن کالێر و ڕیکۆریش ئەدیب نین. هەر بۆیە بەباوەڕی من دەبێ لە شوێنێکی تر و لە هەگبەی کەسانی تردا سۆراغی پێناسەی جۆرەکانی ئەدەب بکەین. گرفتێکی چەمکی "چیرۆک" ئەوەیە کە ئەوەندە گشتییە دەتوانێت هەموو جۆرەکانی گێڕانەوە دەخۆیدا بشارێتەوە، لە شێوەی زارەکییەوە بۆ شێوە جۆرەوجۆرەکانی نووسراو. گرفتەکە ئەوەیە ئێمە سەرچاوەی پێناسەکانمان ڕۆژئاواین و لە ڕۆژئاواشدا ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی جۆرەکانی ئەدەبی تەواو وەک ئەزموونی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نین. هەر بۆیە گواستنەوەی چەمک و واتەگەلی ڕۆژئاوایی بۆ بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کە خاوەنی ئەزموون و مێژوویەکی جیاوازە لە ئاستی نووسیندا گرفتخوڵقێنن. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەد

ساڵ بەسەر ئەزموونی ئەدەبیی نوێی گێڕانەوەییی فارسیدا ئێمە دەبینین کە فارسەکان چەندین ناویان بۆ دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ئەم جۆرە ئەدەبییە هەیە و هێشتاش نەیانتوانیوە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەیان لەم بارەوە هەبێت. لە کوردییشدا پێم وایە تا ڕادەیەک تووشی گرفتی لەم چەشنە هەین و بە لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی زاراوەییش هێشتا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئەدەبی گێڕانەوەیی پێویستیمان بە کاری وردتری فەرهەنگنووسییانە و چەمکشیکارانە هەیە. ئەگەر پێناسەی دروستی چیرۆک، هەڵبەت ئەگەر لێرەدا تەنیا بەمانای گێڕانەوە بە شێوەیەکی گشتی بەکاری بێنین، کورتە چیرۆک یاخۆ چیرۆکی کورت، نۆڤلێت و ڕۆمان، بکەین زوو بۆمان دەردەکەوێت کە گریمانەی پرسیاری ئێوە لە جێی خۆیدا نییە و لە ڕاستیدا ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە وەک پلیکانەکانی پەیژەیەک بەو شێوەی ئێوە ڕیزتان کردوون بە دوای یەکتردا نایەن. هەست دەکەم ئەم تێبینییە پتر لەسەر بنەمای قەوارەیی خۆی دارِشتووە و پێی وایە چیرۆک زۆر کورتە، نۆڤلێت دوور و درێژترە و دواجاریش ڕۆمان لە هەردووکیان دوور و درێژترە و ژمارەی لاپەڕەکانیشی زیاترە. لە هەمان کاتیشدا ئەم بۆچوونە قەوارەیی و پەیژەییانە تێگەیشتنێکی گەشەییی هێگلیانەشی تێدایە و وەک ئەو بۆچوونە دەچێت کە داخوازیی سیاسیی کوردان بە خودموختاری و فیدراڵی و سەربەخۆیی وەک سێ قۆناخی جودا و گەشەییانە دابەش دەکات. لەبەرئەوەی ئەم سێ جۆرە ئەدەبییە یان وەک ئێوە دەڵێن ژانرە ئاکامی سیستمی پۆلێنکردنی ڕۆئاواین دەبێ دواجار بچینەوە سەر سەرهەڵدان و گەشەی مێژوویی ئەم ژانرانە لە ڕۆئاوادا. ئەگەر وەڵامێکی خێرا مەبەست بێت دەتوانم بڵێم تەواو بەپێچەوانەی گریمانەی پرسیارەکەی ئێوە ئەوە ڕۆمانە کە بەر لە چیرۆکی کورت و نۆڤلێت سەر هەڵدەدات. جا ئەگەر لەنێو ئێمەدا وا نەبووە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی کوردی و هەلومەرجی گەشەکردنی. بۆ نموونە ئەم

ڕەوتە لە ئێراندا بەپێچەوانەیە و بەر لە ساڵی ١٩٢٠ کە وەک ساڵی لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی فارسی ناوبانگی دەرکردووە، لانی کەم مێژوویەکی ٢٥ ساڵەی ڕۆماننووسیمان هەیە. ئەگەر دەستپێشخەریی کەسانێکی وەک ئالێن پو، دومۆپاسان و گوگۆل بکەینە سەرەتای سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی نوێ، دەبینین مێژووی ڕۆمانی ڕۆئاوایی لانی کەم دەگەڕێتەوە ٢٥٠ ساڵ پێشتر لە سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی نوێی ڕۆئاوایی. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەخاڵێکی گرینگ بکەم لەمەڕ بەکارهێنانی چەمک و واتەکانی ئەدەبی کاتێک دەمانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە چوارچێوەی چەمکگەلی باودا هەڵسەنگێنین. ئەگەرچی چەمکەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەخۆشکەرن و هاسانکاریمان بۆ دەکەن، بەڵام قەت نابێ ببن بەزیندانێک بۆ بە بەندکێشانی ئەزموونە تایبەتییەکانی بوارێکی دیاریکراوی لێکۆڵینەوە. جەیمز ڕۆزێناو لەم پێوەندییەدا داهێنەری چەمکێکی تایبەتە بەناوی "زیندانە چەمکییەکان". بەپێی ئەم چەمکە لێکۆڵەرەوە نابێت بەستێنی لێکۆڵینەوەی خۆی تووشی زیندانی چەمکەکان بکات و بەزۆری بیخاتە ناو چوار دیواری چەمکێکی دیاریکراوەوە. هەر بۆیە هەبوونی کورتە چیرۆکی کوردی بەر لە ڕۆمانی کوردی و ئەو ڕاستییە کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ نۆرمی باوی ئەورووپایی نایەتەوە، نابێتە خاڵێکی لاواز لە ڕەوتی ئەدەبی کوردیدا. بەپێچەوانە ئەمە تایبەتمەندییەکی سەرنج ڕاکێشە و دەکرێت مرۆڤ لە هۆکارەکانی ئاگەدار بێت، نەک بەپشتبەستن بەم دیاردەیە بڕیارێکی تیۆریک بدات و بڵێت ڕۆمان جۆرەیەکی ئەدەبییە کە دوای چیرۆکی کورت و نۆڤلێت سەر هەڵدەدات.

* کاتێک بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی، دەبینین وەک هەبوون، چیرۆکمان هەیە و دیدی بیبلۆگرافییانەی نووسەرەکانیان هەردەم هەوڵی سەلماندنەوەی

بوونی دەقـەکان دەدەن، نەک پرسـیـار، جـا بۆ ئەوەی چیـرۆکیش ببێ بە پرسـیـار لـه بەردەم مـرۆڤدا، لـه ڕوانگەی ئێوەوە ڕەوتـەکە چۆن وەربچەرخێنین؟

– پێـم وایە دەبێ مـــەبەســـتت لە "دیدی بیـــبلیـــۆگـرافـــیـــانە" ڕوانینی بیۆگرافییانە واتە ژیاننامەییانە بێت. ئەگەر باش لە مەبەستی پرسیارەکەت تێ گەیشـتبم دەتەوێت بڵێی کە چیرۆک و ڕۆمـانی حـەفتـاکان پرسـخـوڵقێن نەبوون و ئێسـتـا دەبێ کارێکی وا بکەین ئەم تایبەتمەندییە بدەین بەئەدەبی سـەردەم. ڕەنگە بەر لە هـەر شـتـێک پێـویسـت بێ جـیـاوازییـەک لە نێـوان فەلسـەفە و ئەدەبیـاتدا دابنێین. لەسـەر ئەدەبیات و چیبوونی زۆر کـار کراوە. لە یۆنانی کۆنەوە هەتا گۆرکی و سارتر و کالێرەوە ئەم باسـە بەردەوام بووە و وێ ناچێت قـەت بەکۆتا بێت. قوتابخـانە جیاوازەکانی ئەدەبی هـەر کـام بە نۆرەی خۆیان لێکدانەوەیان لەسـەر ئەدەبیات هـەبووە. ڕەنگـە خاڵی هـاوبەشی هەموو پێناسـە و بۆچوونە جیاوازەکان ئەوە بووبێت کە ئەدەبیات و فـەلسـەفە یەک شت نین. لە ئەدەبیـاتدا دەکرێت ئامـانجی فەلسـەفی و پرسی فـەلسـەفی بورووژێنرێن، بەڵام ئەرکی ئەدەبیـات سـەرەڕای کەڵکوەرگـرتنی بەردەوامی لە فەلسـەفە جیاوازە لە ئەرکی فـەلسـەفە. ڕەنگـە قەتیسکردنەوەی هـەموو لایەنە جـوانینـاسـانە و هزرییـەکـانی دەقی ئەدەبی بەئەوەی کـە دەبێ پرسـخـوڵقێن بێت، لـه جــێـگەی خــۆیدا نەبێت. لە هـەڵســـەنگاندنی بەرهەمـی ئەدەبی دەورەیەکی تایبــەت لە مــێـژووی ئەدەبیــاتێکدا دەبێ تایبـەتمەندییـەکـانی سـەردەمی بەرهەمـەکەمـان لە یاد نەچێت. بەواتایەکی تر دەبێ سـەرمـایەی ئەدەبی و هەلومـەرجی کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـی و فـەرهەنگیی ئەو سـەردەمـە بەوردی لە بـەرچاو بگرین. شـتـێک کـە هـێندێک جـار من بەپـەرۆش دەکـات ڕوانینی نزمی هێندێک نووسـەری ئەو سەردەمەیە بۆ بەرهـەمە ئەدەبییـەکانی پێـشـتـر لە خـۆیـان. هێندێک لـە ڕۆمـاننووسـانی ئەوڕۆی ئێـمـە بە قـێـزەوە دەڕواننە ڕۆمانەکانی چەند دەیەی پێشتری خۆیان. ئەم کارە لە ڕوانگەیەکی

مێژوویی و کارتێکەریی ڕابردوو لەسەر ئێستاماندا دروست نییە. ئەدەبی ئێستا دواجار ناتوانێت خۆی لە میراتی ئەدەبی و سەرمایەی فەرهەنگیی ڕابردووی بێبەری بکات. ئەگەر ئەرکی ئەدەب بە تەنیا ئەوە نەبێت کە پرس بخوڵقێنێت، ئەوە ڕەوا نییە کە بە نەبوونی ئەم تایبەتمەندییە لە دەورەیەکی گەشەی ئەدەبی کوردیدا زۆر بە سانایی حوکم بدەین کە ئەم ئەدەبە نزم بووە و ئامانجی خۆی نەپێکاوە. ژمارەی ڕۆمانە چاپکراوەکانی کوردی تا دەیەی حەفتا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێ ناپەڕن. ژمارەی چیرۆکە چاپکراوەکانی کوردی لە شێوەی کتێبیشدا هەر بەمجۆرە بووە. ڕەنگە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی ئەدەبییەوە بتوانین ئەم دیاردەیە باشتر شی بکەینەوە و بێینە سەر ئەم باوەڕە کە سامانی کۆمەڵایەتیی کورد لەم دەورەیەدا هەر ئەوەندە بووە. لێرەدا تاوانبارکردنی هۆکارە دەرەکییەکان تەنیا دەتوانێ ئارامییەکی کاتیمان پێ ببەخشێت، ئەگینا دواجار ئەوە بووین کە بووین. خوێندنەوەی هێندێک لەو بیرەوەرییانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاو بوونەتەوە و باس لە بەسەرهاتی کورد لە شێستەکان و حەفتاکان دەکەن، بۆ نموونە ئاوێنە شکاو و چێشتی مجێور، بۆمان دەردەخەن کە هەلومەرجی ژیان و ئاسۆ لێڵەکانی بوونی کوردی نەیدەتوانی پتر لەوەی لە هەگبەدا هەبێت. مێژوویەکی ئەدەبیی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای هەستیی کۆمەڵایەتیی کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئەو دیاردە پێویستەیە کە من لە لێکۆڵینەوەی کوردیدا بەردەوام جێگەکەی بەتاڵ دەبینم. ڕەنگە بە پێوەری ئەمڕۆیی، ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەی ئینگلیزی قەت نەتوانن وەڵامدەرەوەی ئاستەکانی جوانیناسی و هزری بن، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆکاری وازهێنان لەم میراتە ئەدەبییە و بۆیە دەبینین بەردەوام خوێندنەوەی تازە لە بەرهەمە کۆنەکان دەکرێت. ڕۆمان و چیرۆکە فارسی و تورکییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئێستا کەرەسەیەکی گرینگی لێکۆڵینەوە بۆ ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی ئەم دوو ئەدەبیاتە پێک دێنن.

مانگی مایی ڕابردوو له كۆنفرانسێكدا له زانكۆی قادر خاسی ئەستەمبۆڵ باسێكی چڕ لەسەر میراتی ئەدەبی لەسەر چەند ئەدەبی جیاوازی وەك وێڵشی، نەرویجی، ڕووسی و توركی و كوردی پێشكێش كرا. لەم باسانە دەردەكەوت كە دەقی ئەدەبی چەندە گرینگیی هەیە لە كردنەوەی دەروازە داخراوەكانی مێژووی مرۆڤەكاندا. هێندێك جار هەست دەكەم ئێمە دەرهەق بەڕابردووی خۆمان لە هەموو بارێكەوە كەمتەرخەمین. لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ژمارەی توێژینەوەكان لەسەر هاملێتی شێكسپیر لە هەزاران لێكۆڵینەوەی بەرفراوان تێپەڕیوە. بەرزاییە باگرەكانی برۆنتە بە شێوازی جۆرەوجۆر لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم دەگونجێندرێت و جێگۆڕكێی تەنانەت نەتەوەیی بە كارەكتەرەكانی ئەم ڕۆمانە دەكرێت و كارەكتەرە ئینگلیزییەكان جێگەی خۆیان دەدەن بە كارەكتەری هیندی و شوێنی ڕۆمانەكە لە ئینگلستانەوە دەچێت بۆ هیندستان و كاتی ڕۆمانەكەش دەبێتە سەردەمی ئێستا. لە بەریتانیا زیاتر لە دووسەد ساڵە كۆوارێكی تایبەت لەسەر شێكسپیر دەردەچێت و بەرهەمە كلاسیكەكانی ئەدەبی ئینگلیزی بەردەوام لە شێوەی نوێدا چاپ دەكرێنەوە و خوێندنەوەی نوێیان بۆ دەكرێت. فارسەكان ساڵ نییە چەند نوسخەی تازە لە دیوانی حافز چاپ و بڵاو نەكەنەوە. توركەكانیش كارێكی لەم چەشنە بۆ فزوولیی شاعیر دەكەن. چاپی ڕۆمانە بەراییەكانی توركی و لێكدانەوەیان تەنانەت بە زمانی ئینگلیزیش پتر لەوەی لەبەر لایەنی جوانیناسیی ئەم بەرهەمانە بێت لەبەر درێژكردنەوەی میراتی ئەدەبیی خۆیان و گرینگیی ئەم بەرهەمانەیە بۆ تێگەیشتن لە سەردەمی نووسین و بڵاوبوونەوەیان. لە بیرمان نەچێت كە ئەدەبیات فاكتۆرێكی گرینگ و هێندێك جار بڕیاردەرە لەسەر ئافراندنی ناسنامە و خەملاندنی هەستی نەتەوەیی.

* ئەگەر ورد لە چیرۆكنووس و ڕۆماننووسەكانی حەفتاكان

بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی (داهێنان) و (نوێخوازی)ین و خۆیان بە کۆکەرەوەی هەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وا نین، ئەو گوتارانەی لە ئێستای (ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان)دا دەیانبینی، تا چەند نزیکن لە هەقیقەت؟

– جیهانی ئەدەبیات بەتایبەت ئەدەبی گێڕانەوە جیهانێکە لە زۆر ڕووەوە گرێدراوی جیهانی دەرەوەیە و بە نۆرەی خۆشی کارتێکەریی هەیە لەسەر جیهانی دەرەوەی خۆی کە ئێمە بەجیهانی واقیعی ناوزەدی دەکەین. گەڕان بە شوێن هەقیقەتدا وەک تێگەیشتنی دروستی ئێمە لە واقیع ئەو هەوڵە بێ وچانە بووە کە مرۆڤ بەردەوام بەدوایدا هەڵوەدا بووە. هونەر بە گشتی و ئەدەبی داستانی بەتایبەت لە تەنیشت چێژگەیێنی بە خوێنەرەوەوە کەرەسەیەک بووە بۆ نزیکبوونەوە لە جیهانی پڕ لە ڕەمز و ڕازیبوون. لە هەر ئێپیستیمەیەکدا بوارە جیاوازەکانی زانستی و هونەری لە چوارچێوەی توانایی خۆیاندا ئامرازگەلێک بوونە بۆ تێگەیشتن لە خود و دەوروبەر. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد دەقە بەرهەمهاتووەکانی دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردووش بەدەر نین لە ئاستی سەرمایە و هەست و نەستی کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆیان. ئەدەبیات ئەگەر بە پێناسەی خۆی لە باری هونەرییەوە وەفادار بێت ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە نوێنەری هەقیقەتە و یان خودی هەقیقەتە.

من پێم وایە کێشەی تەکنیک ئێستاش یەک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕۆمان و چیرۆکی کوردییە. ڕۆمانی کوردی بەر لە نەوەتەکانی سەدەی بیستەم سەرەڕای هەموو کەموکوورییەکانی دەرفەتی گێڕانەوەیی بە زمانی کوردی بەخشی و لانی کەم توانی کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی مرۆڤی کورد لە هەلومەرجی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و

فەرهەنگیی ئەو کاتدا بەرجەستە بکاتەوە. ئەگەر لە هێندێک ڕۆمانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بگوزەرێین، ئێستاش ڕۆمانی کوردی نەیتوانیوە توانا شاراوەکانی زمانی کوردی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت گێرەوەی پێچەڵپێچییەکانی سووژەی کوردی بێت و لە هەمان کاتدا ببێت بەتێشووی بیر و هزری مرۆڤی کورد لە ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەدا.

لە وەڵامی بەشی کۆتاییی پرسیارەکەتدا، ئەگەر ڕۆژێک زانیم هەقیقەت چییە، دەتوانم پێت بڵێم ڕۆمانەکانی ئێمەش چەندە نزیکن لە هەقیقەت. ئەوەندە دەتوانم بڵێم نەک دەقی ئەدەبی بگرە هەر دەقێکی تر کاتێک بە بەرزەفڕییەکی خۆناوەندانەوە قسە لە هەقیقەت و نوێنەرایەتیی هەقیقەت دەکات زۆر لە ئامانجی ئەدەبیات دوور کەوتووەتە و بووەتە کەرەسە یاخۆ مانیفێستۆیەکی ئایدیۆلۆجیک. ڕەنگە پێویست بێت لە کاتی بەسەرکردنەوەی ئامانجەکانی ئەدەبدا بەردەوام چارەنووسی ئەدەبیاتی ژێدانۆڤی وەبیر خۆمان بهێنینەوە.

* ڕۆحی مرۆڤ (بە تایبەت نووسەری ڕۆمان) تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووک بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ هاوکات ئاخۆ مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی نێو خود-ەوە؟

– هیچ زانستێک هەتا ئێستا نەیتوانیوە پێمان بڵێت مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندەکانی بوونییەوە چییە و تواناکانی لە زەمەنە جیاوازەکاندا کامانەن. ڕەنگە ئەفسانە کۆنەکان، ئاین و ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکان تەنیا توانیبێتیان شیکەرەوەی ئەو مرۆڤە بن کە دواجار وەک ئایدیالی خۆیان بە شوێنیدا هەڵوەدا بوونە. لە هەموو بۆچوونە مونیستی و دوئالیستییەکانیشدا جێپێی

باوەڕی ڕەحـمـانی و شـەیتـانی خـۆی دەردەخـات. لە ڕەوتی مـێـژووییـشـدا بەردەوام لایەنی سەیر و پێشتر هەست پێنەکراوی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت. ئەگـەر زانسـتـە جـیـاوازەکـانی سـروشـتی و ئینسـانی بەردەوام لایـەنە شاراوەکانی فیزیک و ڕەوانی مرۆڤەکان دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە و هەردەم بە ئاکامی تازەتر دەگـەن، ئەدەبیـاتیش لەسـەر بنەمـای ئـەم دۆزینەوانە خـۆی لە قەرەی کێشەکانی مرۆڤ دەدات. بەدەر لەلایەنە کۆمەلایەتی و دەروونییەکانی بەرهەمی ئـەدەبی و کـارتێکـەریی دوولایەنەی ئەم دوو بوارانە لـەسـەر یەکـتـر، جوانیناسیی ئەدەبییش شتێکی قەتیسماوی یەکجار بۆ هەمیشە شکڵگرتوو نییـە. ئەگەرچی ئێمـە ئێـسـتـاش حـەز لە مـەلای جـزیری دەکەین و چێژ لە شیعرەکانی وەردەگرین، بەڵام قـەت وەک ئەو نانووسین. ڕەوان، دەروون یان وەک ئێـوە گـوتەنی ڕۆحی ڕۆمـانـنووسـیش جـیـاواز نیـیـە لە هـەناوی ئێپیستێمەی سـەردەمی خۆی. ئەگەر ناسین لە پێناسەیەکی ساکاردا بریتی بێت لە کـارتێکـەریی دەوروبـەر بە مانـا بەرفراوانـەکەی خـۆی لەسـەر مێشکی مـرۆڤ، دیـارە کـە زەینی ڕۆمـانـنووسـیش بەدەر نییـە لە شـوێنێک کـە تێـیدا ژمارەیەکی نادیار فاکتۆر دەبنە پێکهێنەری سابجێکتیڤیتییەکەی. بەباوەڕی من گرینگیی ئەدەبیات بەتایبەتی ڕۆمان لەوەدایە کە زۆرجاران و پێشتر لە زۆر بوارەکانی تری زانستی نیشاندەری تواناییـەکانی مـرۆڤ و ڕەهەندە جـیـاوازەکـانی زەینی ئەو بووە. تـام جـۆنز، ڕۆبینسـۆن، بۆڤـاری، ئانـنا کارێنینا، ڕاسکۆلنیکۆڤ، بلووم گێرمانت و سوانەکان، ئۆرلاندۆ و دالۆوای، بێنجی و هامبێرت ئەو کەسایەتییە داستانییانەن کە هەر کامـە و بەجۆرێک نوێنـەرایەتیی تـایبـەتمەندییـەکی مـرۆڤ دەکـەن و پتـر لە هەر ئینسـانێکی واقـیـعی پەردە لەسـەر لایەنـە شـاراوەکـانی دەروونی مـرۆڤ و هۆکـارە نادیارەکانی کردەوەکانیان دادەماڵن. بێگومان تێگەیشتن لـە کەسـایەتیی ئەم کارەکتەرانە یارمـەتیدەری ناسینی کۆمەڵێک لە کێشە و گرفتەکانی دەروونی مرۆڤە کە لە هەلومەرجی جیاوازدا بە شێوەی جۆرەوجۆر خۆیان دەردەخەن.

* کـە ڕۆمــان دەدوێ، لە چی دەدوێ؟ ئاخــۆ خــودێکی ناوازە و تایبەت دەدوێ، یان ڕۆحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکا، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێک دەکا لەنێو خودی ڕۆماننووسدا نیشتەجێیە و ڕۆماننووسی کردووەتە ناخود؟

– ئەوە دروست ئەو پرسیارەیە کە بارت لە خوێندنەوەی س/زدا لە خۆی دەکات. وەلامەکەشی دەزانین سەر لە گوتنە بەناوبانگەکەی ئەو، واتا مەرگی نووسەر، دەردێنێت. ئافراندنی ڕۆمانی بەرز ئەوەندە کردەیەکی پێچەڵپێچە کە زەینی زۆر لێکۆڵەرەوەی مەزنی بەخۆوە گرفتار کردووە. ئەگەر ئەم قسەیەی دێریدا هەموو کاتێ بێنینەوە بیرمان کە دەڵێت دەیەویست ببێتە ڕۆماننووس و چونکە نەیتوانی ڕووی لە فەلسەفە کرد، تێ دەگەین کە لەگەڵ چ ژانرێک یان جۆرەیەکی ئەدەبیی بەسامدا ڕووبەڕووین. ئاخۆ بێنجیی سی و سێ ساڵەی فۆکنێر لە قیرە و تووڕەییدا کە بەم زمانە ناتەواوە قسە دەکات مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە یان ئەو فۆکنێرەیە کە زمانەکەی بە زمانی فریشتەکان دەچوێنن؟ شک لەوەدا نییە کە دواجار هەموو کارەکتەرەکانی ڕۆمانێک ئافرێندراوی زەینی نووسەری ڕۆمانەکەن و سەرکەوتوویی ڕۆمانێکیش لەوەدایە کە چەندە توانیبێتی چەنددەنگی و فرەڕەهەندیی کارەکتەرە ئافرێندراوەکانی دەستەبەر بکات.

* ڕۆمانی کوردی بەدەر لە گوتنی حەرام و حەلاڵەکان، دەیەوێ چیمان پێ بڵێت؟

– ئەگەرچی دواجار هەر ڕۆمانێک داستانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و لە سۆنگەی ئەم گێڕانەوەوە بیرەوەری و ئەندێشەکانی مرۆڤ لە شێوازێکی هونەریدا بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوە ئاسان نییە کە قسە لەسەر پەیامی یەکجار بۆ هەمیشە شکڵگرتووی دەقی ئەدەبی بکەین. کاتێک بەرهەمێکی سەرکەوتووی ئەدەبی دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر لە بەرهەمهاتنی

دەخوێنینەوە، تێگەیشتنمان هەر ئەو تێگەیشتنە نییە کە خەڵکانی بەر لە ئێمە لەم بەرهەمەیان هەبووە. ئەگەر مەسخ و دادگەی کافکا لە سەردەمی بڵاوبوونەوەیاندا ناهومێدیی ڕەشبینانەی مرۆڤی قۆناغەکانی دوای شەڕی یەکەمیان وێنا دەکرد، ئێستا لە سایەی بۆچوونەکانی کەسێکی وەک فوکۆوە دەتوانن ڕێگەخۆشکەری ڕاڤەیەک بن کە خۆی پشتئەستوور دەکات بەکایەی دیسیپلین و سزای شاراوەی سیستمە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان. ئەگەر ڕۆمانی کوردی لە سەرەتاکانی خۆیدا پرسی ئەخلاق و مۆرالی لا گرینگ بوو و ویژدان دەبووە مەسەلەیەکی ناوەندی لە وێناکردنی مرۆڤ و دەوروبەری، زۆری پێ ناچێت کە کوێرەوەری و ژانی گەل و شار دەبنە تابلۆی کۆمەڵگەیەک کە مرۆڤەکانی لە ئازادی و پێناسەی خۆیان دەگەڕێن و ئێستاش دەبینین کە مرۆڤی کورد لە "باغەکانی خەیاڵ" و "لەسەر مانگدا" لە هێمنییەک دەگەڕێت کە ئاڵۆزییەکانی ئەو سەردەمە لێی زەوت کردووە. پێم وایە ئەمە بۆچوونێکی ڕەوا نەبێت کە هەموو هەبوون و پەیامی ڕۆمانی کوردی لە گوتنی حەرام و حەڵاڵدا کورت کەینەوە. ڕەنگە باشتر ئەوە بێت قسە لە قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی و تەنانەت باسی یەکەیەکەی ڕۆمانە کوردییەکان و تایبەتمەندییەکانیان بکەین.

* گەلێک لە نووسەرانی ئێمە لە باتیی ئەوەی بەپێشکێشکردنی دەقی ئیبداعیی وتووێژ لەگەڵ دەوروبەر و (ئەوانی دی) بکەن، بە نووسینی ساکار ستاییشی خۆیان دەکەن، یان پەنا دەبەن بۆ هاوڕێکانیان تا وەکو کەسی بەتوانا باسیان بکەن، هەست ناکەیت ئەم تەرزە (خۆگەورەکردنە) زیان بە (چییەتیی دەق) بگەیەنێ و وەهمێکی زەمەنییش هەل بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی نووسەر وەدیار بکەوێ؟

– مخابن هەست بەدیاردەیەکی وا لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیدا دەکرێت

و ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەدەب و هونەر لە ئامانجەکانی خۆی. دیاردەیەکی لەم چەشنە هەر تایبەت بەکوردستان نییە و تەنانەت بە شێوەی زۆر ئاڵۆز لە ڕۆژئاوای دیموکراتیشدا هەبوونی هەیە. ڕەنگە هۆکارەکانی دیاردەیەکی لەم چەشنە کە دەکرێت ناوی بنێین دیاردەیەکی ئەوپەڕ ئەدەبی بگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە کۆمەڵگەی ئێمە بەتایبەت لە باشوور کۆمەڵگەیەکی پاش شەڕە و هەر چۆن لە سیاسەتدا دامەزراوە و ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە جێگە بە کارتێکەریی حزب و خۆتێوەردانی کەسایەتیی حزبی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لێژ کەن، ئەدیب و نووسەرانیش نەیانتوانیوە لە فەزایەکدا هونەری خۆیان بنوێنن کە دوور بێت لە نێپۆتیزم و خزمخزمێنی. وێ دەچێت زەمەنێکی زۆری بوێت کۆمەڵگەی کوردی بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بێت کە لە ڕەوتێکی مێژوویدا کاریان کردووەتە سەر فەرهەنگی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەکی تێکدەرانە. شک لەوەدا نییە کە نووسین لە دەرەوەی بەرپرسیارییەتیی زۆرتر لە سیاسەتی نادیموکراتیک، کارتێکەریی نەرێنی دەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵگە و ئەندێشەی ئازاد و ڕەخنەیی.

* ڕۆمانی کوردی تا چ ئاستێک توانیویەتی سوودێکی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانی وەربگرێ و لە بەرژەوەندیی ئەدەب و (داهێنان)ی کولتووری کوردیدا بەکاری بهێنێ؟

– پێوەندیی ئەدەبی گەلان و کارتێکەرییان لەسەر یەکتر دیاردەیەکی کۆنە. ئەگەر لە ڕۆژگارانی کۆندا ئەو پێوەندییە لەبەر ئاستی سەرەتاییبوونی ئامرازەکانی پێوەندی لە پلەیەکی ئەوتۆدا نەبووە، لە سەردەمی نوێدا، بەتایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا، تێکەڵاویی فەرهەنگیی گەلانی جیهان گەیشتووەتە ئاستێکی چاوەڕواننەکراو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی دوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و قاجار

ئاڵوگۆڕی ئەدەبی گوڕ و تینێکی سەرنج ڕاکێش بەخۆیەوە دەگرێت. ئامرازی چاپ لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە، دوای تێپەڕبوونی چوارسەد ساڵ بەسەر مێژووی ئەم کەرەسە کارتێکەر و بڕیاردەرە لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەندێشەی مرۆڤ، دەگەنە ئەستەمبۆڵ و تەوریز. لەبەر زۆر هۆکاری دیار ئێمەی کورد نەمانتوانی ببینە خاوەنی داوودەزگای نەتەوەیی و بەم پێیە نەمانتوانی ئافرێنەری ئەدەبیاتێک بین کە مۆرکی نەتەوەیی بە مانای جوگرافیا و ناسنامەیەکی دیاریکراوی لەسەر بێت. لە کاتێکدا ئەدەبیاتی عەرەبی، تورکی و فارسی شان بەشانی دامەزراندنی بناغەکانی دەوڵەت- نەتەوەدا کەوتبوونە قۆناغی گەشەی چەندایەتی و چلۆنایەتی و بەوەرگێڕانی بەردەوام و بەرفراوان ئەزموونەکانی ئەدەبی ڕۆئاواییان دەکردە خۆماڵی، ئێمە وەک نەتەوەیەکی پەراوێزکراو دواجار بەهۆی ئەو زمانانەوە ئاشنای ئەدەبیاتی ڕۆئاوا دەبووین و بەواتایەکی تر پێوەندیمان بە ڕۆئاواوە لە ڕێگەی زمانە سەردەستەکانی ئەو دەوڵەت – نەتەوانەوە بوو کە ئێمە بووبووین بە بەشێکی حاشالێکراوی ئەوان. بە درێژاییی سەدەی بیستەم جگە لە باشووری کوردستان کە بەهۆی ئامادەبوونی کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیایی و تایبەتمەندییەکان دەوڵەتی عێراق ئێمە هەلێکی وامان بۆ هەڵنەکەوت کە پێشزەمینەکانی مادی پەرەپێدانی وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەدەبی ڕۆئاوا بەگوێرەی پێویست دەستەبەر بکەین. هەر بۆیە هەتا ئەو دواییانەش ئێمە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی ئەدەبی ڕۆئاوایی بۆ سەر زمانی کوردی بێبەش بووین. لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەلومەرج تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕاوە و ئێستا بە بەرەکەتی هەبوونی کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسی و ئابووری لە باشوور و هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئێران و تورکیا و دەستکەوتی تاراوگەی کوردی دەتوانین قسە لە هەبوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەدەبی ڕۆئاوا، ئەگەرچی لە ئاستێکی کەمدا، بکەین. ڕەوتی خێرای بەجیهانیبوونیش کارتێکەری

ئەرێنیی هەبووە لە گواستنەوەی کۆمەڵێک بیر و هزری نوێ و بنەڕەتیی ئەدەبی بۆ ناو بازنەکانی ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی هەتا ئێستا ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لەژێر کارتێکەری ئەدەبی گەلانی دراوسێماندا بووینە، بەڵام دەبینین پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەدەبی ڕۆئاوادا بەرێوەیە و دەکرێ مرۆڤ هیوادار بێت ئەم ڕەوتە گەشە بستێنێت و ئێمەش بتوانین خاوەنی لانی کەم گوڵبژێری کوردانداروی بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەدەبی جیهانی بین.

* خوێنەرانی ئێمە لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیادا، بۆچی وەها هەڕەمەکی پێشوازی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێی ڕۆمان ئەلتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی (ئەدەب)مان بێ؟

– جۆرەکانی ئەدەبی لە کێبەرکێی چلۆنایەتیدا نین و ناکرێت یەکیان بەسەر یەکی تریاندا بەرزتر بنرخێنین. هەر کام لە ژانرە ئەدەبییەکان ئەگەر بە بنەما هونەرییەکانی خۆیان وەفادار بن ئەوە دەبنە بەرهەمی هونەری و بەگوێرەی چێژ و حەزی خوێنەرەوەوە جێگە لە کتێبخانەی خوێندەوارانیدا دەکەنەوە. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر ڕۆمان، وەک هێگێل دەڵێت، ڕۆمان هونەری بورژوازییە و ئەوەش بەو مانایایە کە ئەمە ژانرێکی تازەیە و پێوەندییەکی هەراوی هەیە لەگەڵ مۆدێرنیتە و دۆزراوە نوێیەکانی مرۆڤ. من پێم وایە ئێستا بەرەبەرە ڕۆمان لەنێو کوردانیشدا دەبێت بە ژانرێکی ناوەندی و بەهۆی تایبەتمەندییە ژانرییەکانی خۆیەوە پتر ڕەنگدەرەوەی گرفتگەلی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە. ئەدەبی بەرجەستە جیاواز لە شێوە و قەوارەی ژانرییانە تەنیا جێگە بە ڕەوتی دژە ئەدەب لێژ دەکات نەک بەجۆرەکانی جیهانی ئەدەب. تۆ ئەگەر شیعریش نەخوێنییەوە شیعری بەرز قەت بێ خوێنەرەوە نامێنێتەوە. ئەوەندەیە لە جیهانی پڕ لە زەنازەنای

پیشەسازیدا ڕەنگە ئەدەبی گێڕانەوەیی پتر هەڵگری ئەو پێچەڵپێچییانە بێت کە وەک لابرینتی هەزارتوێی بۆرخێس گوزارەی لێ دەکات، نەتوانێت لە شێوەی شیعردا، بەو جۆرەی لە داوونەریتی فەرهەنگیی ئێمەدا خۆی نواندووە، خۆی دەربخات. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم هیچ داهێنانێکی هونەری و ئەدەبی جێگەی داهێنانێکی تر ناگرێتەوە و هەر کامەیان بەگوێرەی کات و شوێن جەماوەری خۆی هەیە. سەردەمانێک دەیانگوت هونەری فیلم و هاتنە کایەی سینەما بوار بۆ ڕۆمان ناهێڵێتەوە، کە تەلەفزیۆنیش هاتە کایەوە گوتیان ئیتر باوی سینەما نامێنێت. ئەو جۆرە پێشبینییە بەپەلانە بۆ ڤیدیۆ و دیڤیدیش دەکران. بەڵام دەبینین کە ئەم شتانە هیچیان وەڕاست نەگەڕاون و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ئامرازانە بەشێوەیەکی بەرچاو بوار بۆ یەکتر خۆشتر دەکەن. زۆر دەقی ڕۆمانی دەبن بە فیلم و زۆر فیلمیش لە دەقە ڕۆمانییەکاندا خۆ دەردەخەن. سەردەمانێک بانگەشەی مەرگی ڕۆمان کرا و ژانری دژە ڕۆمان سەری هەڵدا. گەڕانی زۆری ڤیرجینیا وۆڵف بەشوێن ناوێکی تر بۆ ڕۆمان بێ ئاکام مایەوە و ڕۆمان هەر بەڕۆمانی ماوە و ڕێژەی چاپ و خۆشەویستیی ئەم ژانرە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نیشاندەری ئامادەبوونی لە هەموو کاتێک پتری ڕۆمانە لەناو هۆگرانی خوێندنەوە لە ئاستێکی جیهانیدا.

* ئەو هۆکارانە دەرهاویشتەی چین کە بوونەتە پاڵنەر تا خوێنەرانی ئەدەبی کوردی تا ئەم ئاستە لە دەوری ڕۆماندا کۆ ببنەوە؟

– من حەز دەکەم ئامارێکی باوەڕپێکراوم هەبێت کە لە کوردستان خەڵک چەندە کتێب دەخوێننەوە و لەوەش وردتر دەمەوێت بزانم ئەوان چی دەخوێننەوە. ئەو ئامارانەی لەسەر وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و عێراق و تورکیا لە بەردەستدان زۆر ناهومێدکەرن و دەری دەخەن کە بەشێوەیەکی

ڕێژەیی هەر کەسەی ڕۆژانە نزیک بە پێنج خولەک کتێب دەخوێنێتەوە. پێم وانییە ئەو ئامارە لەناو کوردەکاندا لەوە باشتر بێت. ئەگەر ئەوە ماوەی خوێندنەوەی مرۆڤی ڕۆهەلاتی بێت، نازانم قسەکردن لەسەر خولیای کۆمەڵێک خوێنەرەوە بە ژانری ڕۆمانەوە چەندە هیواگەیێنە. ئەگەر لە جیهانی سیاسەتدا ئێمە فێر بووینە پاڵەوانخوڵقێن بین، با لە جیهانی ئەدەب و شیاریدا هەوڵ بدەین حیساب لەسەر ئاستی خوێندنەوە لە پانتاییی کۆمەڵگەدا بکەین، نەک لەسەر ئەوەی کە چەند کەسێک چەندە دەخوێننەوە و چەندە خۆ ڕادەنێن. لە نەبوونی ئامارێکی وردی ئەوەی کە ئاستی خوێندنەوە لەناو کورداندا چەندەیە و چ جۆرە دەقێک و چەندە دەخوێندرێتەوە، دواجار کاری ئێمە دەبێتە لێکدانەوەیەکی گۆترەیی. هێندێک دیاردەی دنیای ئەدەبی کوردی لە چەند ساڵی ڕابردوودا گوزارە لەوە دەکەن کە ڕۆمان پتر چاپ دەبێت و دەخوێندرێتەوە. ئەمە ئەگەر وابێت، شتێکە لە چەشنی ئەوەی لە ئەوروپا لە سەدەی هەژدەم بەملاوەوە ڕووی داوە و لەگەڵ کۆمەڵناسیی ئەدەبیدا یەک دەگرێتەوە. ئەگەر ڕۆمان وەک لوکاچ دەڵێت حەماسەی جیهانێک بێت کە وازی لێ هێنراوە، دەکرێت مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی کوردیدا سەرنج بداتە ئەو تێبینییە و بزانێت ئاخۆ ماکەی سەرەکیی ڕۆمان واتا تاکبڕوایی چەندە و لە کەنگێوە لەم کۆمەڵگەیەدا بووەتە ڕەوتێکی زاڵی کۆمەلایەتی و هزری. ئەگەر بەم پێوەرە بڕوانینە دیاردەی گەشەی ڕۆمان ڕەنگە بتوانین دڵی خۆمان خۆش کەین کە مرۆڤی کورد بە بنەماگرتنی عەقڵ پێی ناوەتە جیهانێک کە ئیتر نە حەماسە بگرە ڕۆمان دەتوانێت گوزارە لەلایەنە پڕ ڕەهەندەکانی هەبوونی تاکیانەی ئەو بکات.

* خوێنەرانی ئێمە ئەو توانستەیان هەیە لەگەڵ ڕەوتە فیکرییەکانی ڕۆماندا پتر یەکتری بگرنەوە، تا ئازار و

نیگەرانییەکان؟

– هەر کەسە و بەگوێرەی توانای خۆی لە دەقێک کە دەیخوێنێتەوە هەڵدەکرێنێت. هیچ هۆکارێک نییە کە خوێنەرەوەی کوردیش وا نەبێت. خوێندنەوەی هەر کەس ئاکامی ئەزموونە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسەیە. ئەگەر سامانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان یاریدەر بێت ئەوە دەقەکان دەبن بەو بەستێنە کە لە کاتی خوێندنەوەدا دەرفەتی ئافراندنی دەق و مانای تازە بۆ خوێنەرەوە بڕەخسێنن. ئێمە نابێ پێمان وابێت ئینگلیزییەکان هەموو خوێنەرەوەی بێ ئەملا و ئەولای جان دان و جان میلتۆن و کریستۆفێر مارلۆن و هەموو ئاماژەکانی ئەم دەقانە تێ دەگەن. دواجار هەر کۆمەڵگەیەک بژاردەیەکی تایبەتیی خۆی هەیە کە سەرقاڵ دەبێت بە تاوتوێی ئەدەبی. کوردیش لەم یاسایە ڕیزپەڕ نییە. ڕەنگە جیاوازییەکە لە ئاستەکاندا بێت و لە بواری چەندایەتییەوە بژاردەی ئێمە نەگاتەوە بژاردەی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری تا ڕادەیەکی زۆر شکڵی گرتووە و دوو بەستێنی پسپۆڕی و ئاماتۆری تەواو لێکتر جیا بوونەتەوە.

* بۆچی ڕێژەی زۆریی خوێنەرانمان بەدوای ئازاردا دەگەڕێن لەنێو ئەو ڕۆمانانەی کە دەیانخوێننەوە، ئەگەر هاتوو ڕۆمانێک ئەم لایەنەی بە شێوە سەڵتەکە تەوزیف نەکرد، خراپە؟

– نازانم ئەو شتە چەندە وایە کە ئێوە دەڵێن. ئەگەر ئەو قسەیەی ئێوە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و بابەتییانە و ورد بێت، شتێکی گرینگی لە هەناوی خۆیدا حاشار داوە و ئەویش ئەوەیە کە خوێنەرەوەی کورد ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی دژواری مێژووی نوێی خۆیەتی کە تژییە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی و دەربەدەری. شەرت نییە ڕۆمان تەنیا قسەی ئازارمان بۆ بکات. بەڵام لەبەرئەوەی کە ڕۆمان ئەو جۆرە ئەدەبییەیە کە

بەناو هەناوی مرۆڤ و دیوی ناوەوەی دەروونی ئەودا شۆڕ دەبێتەوە، خۆیایە ئازار لایەنێکی بەردەوام ئامادەی ژیانی مرۆڤە و ڕۆمانی سەرکەوتوو ناتوانێت خۆ لەو تایبەتمەندییەی مرۆڤ نەبان بکات. ڕۆمانی باش ڕەنگە دەرخەری هاوکێشەی لایەنی ئاپۆلۆیی و دیۆنیزۆسیی بوون بێت ئەگەر شیاو بێت دەستکارییەکی ئەوا لە قسەکەی نیچەدا بکەین.

* دەشێ هەر ڕۆمانێک کە دەلالەت لە دەروونمان نەکا، وەکو نووسراوێکی خراپ تەماشای بکەین؟

– ئەگەر پێناسەیەکی ڕۆمان بریتی بێت لە تێڕوانین لە مرۆڤ و ئەگەر مرۆڤ دواجار شتێک نەبێت جگە لە دەروونێک کە بیرەوەرییەکان لە خۆیدا هەڵدەگرێت، ڕۆمان چۆن دەتوانێت ئاوڕ لەم لایەنەی مرۆڤ نەداتەوە؟ ڕۆمان چۆن دەتوانێت گوێزەرەوەی ئاخافتنی دوولایەنانەی مرۆڤەکان بێت و نوێنەرایەتیی دەروون نەکات؟ ڕۆمانێک کە ئەرکی گرینگی چوونە ناو جیهانی دەروونی مرۆڤ ڕەچاو نەکات بەر لە هەر شتێک پێناسەی خۆی بردووەتە ژێر پرسیار.

* ئەگەر بەوردی سەرنج لە ڕۆمانە کوردییەکان بدەین، دەبینین بەشی زۆری کارەکتەر و پاڵەوانەکانیان ئەفسانەیی و سوپەرمانین. ئەوەی جێگەی ڕامانە ئەمەیە: بۆچی زیندەوەران و سروشت تا ئاستێکی باش تەوزیف نەکراون لەنێو ئەم ژانرە فرە ڕەهەندەدا؟

– دەبێ بزانین کە ڕۆمان لە کاتی سەرهەڵدانییەوە هەتا ئێستا گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و ئێستا لانی کەم پتر لە بیست و چوار جۆری جیاوازی ڕۆمان هەبوونیان هەیە. ئەگەرچی هەموو جۆرەکانی ڕۆمان لەژێر یەک ناودا پێناسە دەکرێن بەڵام لە ڕاستیدا هێندێک جار جیاوازییەکان تا ڕادەیەکن کە مرۆڤ هەست دەکات لەگەڵ دوو ژانری

جیاوازدا ڕووبەڕووە. بۆ نموونە ئەوە تەنیا پێبەندیی بەپێناسەی گشتیی ڕۆمانە کە ئیزن دەدات جۆرەیەکی ئەدەبیی وەک ڕۆمانی زانستی و ڕۆمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بخەینە خانەیەکەوە. ڕۆمانی کوردی هەتا ئێستا بەشێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە لە سیاسەت دەرباز بێت و هۆیەکەشی ئاشکرایە. ئەگەرچی تا ڕادەیەک شوێنپێی سروشت لە هێندێک لە ڕۆمانە کوردییەکاندا دیارە و وەسفی جوگرافیا و گوندی کوردستان پێکهاتەی هێندێک لە ڕۆمانەکانە، بەڵام هێشتا ڕۆمانێکی تەواو ناتورالیستی و پاستۆراڵمان نییە. گرفتەکە ئەوەیە کە سەرهەڵدانی درەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا وای کردووە کە نەتوانین هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە شێوازی و ناوەڕۆکییەکانی ڕۆمان لە ڕۆژئاوادا بچینە پێش. ئەوەی کە ڕۆماننووسانی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا پتر لەژێر کارتێکەریی شێوەی زاڵی نووسینی ڕۆمان لە ڕۆژئاوا و تا ڕادەیەک ئەمەریکای لاتیندان زەحمەتە مەجال بە بەرهەمهێنانی ڕۆمانێک بدات کە لە شێوەی ڕۆمانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی ڕۆژئاواییدا بنووسرێت. بەباوەڕی من ئەوە گرینگ نییە کە سروشت و زیندەوەر لە ڕۆماندا ئامادەن یان نین، ئەوەی گرینگە ئەوەیە ئامادەبوون یان نەبوونیان چەندە سروشتی ڕۆمانەکە خۆماڵی و سەکەوتوو دەکات. لێرەدا هاتەوە بیرم ئاماژەیەک بەپێکهاتەی جوانی ڕۆمانەکەی کاک شێرزاد حەسەن، تەمی سەرخەرەند، بکەم و وەسفی سەرکەوتووانەی بزنەکە وەک نموونەیەک ببینم کە بەرپەرچی پرسیارەکەی ئێوە دەداتەوە. هەبوونی ڕیشۆڵەکانیش لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا و هەروەها " هەڵۆ و تەوارەکانی ئەژدیها (پیرۆز" و "میر" و "پەریزاد") و سروشتی خەیاڵاویی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ نموونەی ترن لە ئامادەبوونی سروشت و زیندەوەر لە ڕۆمانی کوردیدا.

* دەتوانین بڵێین کولتووری ڕۆهەڵات، کولتوورێکە دەکرێ ببێ

بەکەرەستەی گەلێک داهێنان. بەڵام دەبینین ڕۆهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێ وەرنەگرتووە لە بەرانبەر ڕۆئاواییەکان. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئافرینەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کولتوورێک لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چی؟

– من لە ڕۆمانە فارسی و تورکی و کوردییەکانی ڕۆهەڵات تا ڕادەیەک ئاگەدارم و پێم وایە لە هەر سێک لەو زمانانەدا گرفتی مرۆڤی ڕۆهەڵاتی لەسەر بنەمایەکی نێواندەقێتیی کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. بێگومان ڕۆمانی عەرەبییش نابێت لەو تایبەتمەندییە بەدەر بێت. ڕەنگە گرفتەکە لەوەدا بێت کە ئەم ڕۆمانانە هەتا ئێستا نەیانتوانیبێت ببنە خاوەنی جێگەیەکی شیاو و دیار لە ڕۆئاوادا. ئەوە تەواو ڕاستە کە ڕۆهەڵات بەهۆی مێژوویەکی دوور و درێژی نووسینەوە دەتوانێت خۆراکی سەدان و بگرە هەزاران سووژەی گێڕانەوەیی بۆ ڕۆماننووسانی ئەم ناوچەیە دەستەبەر بکات. ئیتر ئەوە ماوەتەوە سەر هەبوونی ڕۆماننووسی وەک ئێمبێرتۆ ئێکۆ کە بتوانێت ناوی سوورەگوڵ بخوڵقێنێت. ناوم سوورەیەی ئۆرهان پاموک نموونەیەکی سەرکەوتووی ڕچەیەکی لەم چەشنەیە.

* وەک دەزانین؛ وەرگێڕان پردێکە بۆ بە یەکتری گەیاندنی دوو کولتووری جوداوازی دوو میللەت بە یەکتری، کەم تا زۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە کە کولتووری خۆی دەوڵەمەندتر بکا، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا کەموکوڕییەکی بەرچاو دەبینرێ لە وەرنەگێڕانی دەقگەلێکی زۆر کە دەتوانین وەکو مەرجەعیش سوودیان لێ وەربگرین. بۆ نموونە، لە ئەدەبی فرەنسیدا جگە لە وەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعری (پۆل ئیلوار) و (ئۆکتاویو پاز) و

چەند نووسەرێکی تر بتـرازێ، دەقگەلێکی تر نین بۆ ئەو خوێنەرانەی کە تەنیا زمانی کوردی دەزانن. بەحوکمی ئەوەی ئێوە شارەزان لە زمانی سوێدی، پێتان وایە کێن ئەوانەی لەو زمانەوە دەتوانن (تا ئاستێک) بەدەستپاکی دەق وەربگێڕن؟ هاوکات ئەو دەقگەلە گرینگانە کامانەن کە پێویستە بەزووترین کات وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، تا لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی قووڵ ئاگەداری ئەدەبی سوێدی ببین؟

– پێم وایە یەک لە پێداویستییە هەرە گرینگەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی داڕشتنی پلانێکی وردە بۆ وەرگێڕان. وەرگێڕان نەک هەر یارمەتیدەرمانە لە ئاشنابوونمان لەگەڵ سەرچاوە ئەدەبی و زانستییەکانی جیهانی ئەمڕۆ، بگرە ئەو بەستێنە بەرفراوانەیە کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ئاستی وشەیی و چەمکی و قووڵاییيەوە. ڕۆڵی وەرگێڕان لە ئاستێکی جیهانی و مێژووییيەوە کەمتر نەبووە لە داهێنانی ئەدەبی و دۆزینەوەی زانستی. ئەگەر وەرگێڕان نەبایە ئەستەم بوو فەرهەنگەکان یەکتریان ناسیبا و مرۆڤەکان دەستیان بە ئەندێشەی یەکتر ڕاگەیيبا. ڕۆهەڵات ئەزموونێکی مەزنی لەم بارەوە هەیە. کەلیلە و دەمنە و هەزار و یەکشەو دوو نموونەی بەرچاوی مێژوویەکن لە جێگۆڕکێی سامانی فەرهەنگیی گەلان و وڵاتانی جیاواز. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر ئەدەبی سوێدی بێگومان زۆر بەرهەمی گەورەی ئەدەبی بەم زمانە نووسراون کە وەرگێڕانیان بە زمانی کوردی پێویستە. لەم بارەوە هێندێک کار کراوە و هێندێک لە بەرهەمەکانی ئاسترید لیندگرێن لەلایەن کەسانی وەک کاک ئەنوەر قادر محەمەد و کاک خەبات عارفەوە کراونە کوردی. ڕەنگە ئێستا نەتوانم و لە چاوپێکەوتنێکی ئاوادا گونجاو نەبێت بیبلیۆگرافیای بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی سوێدی بە کوردی ڕیز بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم دەقی ئەدەبیی نووسەرانی گەورەی سوێدی وەک ئاگۆست ستریندبێرگ، سێلما

لاگێرلوێف، توماس ترانستروێمر، لارس نۆرێن، گوننار ئێکێلۆێف، ماریا گریپێ و... هتد، سامانێکی گەورەن کە هەبوونیان بە کوردی دەبنە هۆی دەوڵەمەندیی زمان و فەرهەنگی ئێمە. دڵنیام کەسانێکی زۆر هەن کە دەتوانن ئەم کارە بکەن و هیوادارم پێوەندییە لابەلا و لاوەکییەکان نەبنە هۆی ئەوەی شیاوترین کەسانی ئەم بوارە پەراوێز بکرێن.

* ئەگەر بۆ رابردوو بگەڕێینەوە، دەبینین: ئێستەی (یۆنان) لە بەرانبەر سەردەمی (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) و ئەوانی تردا، فەلسەفە نەک هەر ڕووی لە کزی کردووە، بگرە لەم ڕووەوە (بەدەگمەن نەبێ) باس لە ئێستەی یۆنان ناکرێ، بەو مانایەی کە بەردەوام بن لە فەلسەفە، هاوکات ئەم دیدە بۆ (ڕووسیا)یش بەهەمان شێوە لە بەردەممماندا قووت دەبێتەوە، بۆ نموونە؛ ئێستەیش جگە لە (تۆلستۆی) و (فیۆدۆر دۆستۆیێڤسکی) بترازێ باس لە ئەدەبیان ناکرێ بەشێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوتی ئەدەب هەبێ لە جیهاندا. ئەمە بە نیسبەت ئەو وڵاتانە، بە نیسبەت خۆیشمان: پێت وایە ئێمە ئەزموونگەلێکی ناوازەی وەهامان هەبن تا بەردەوام وەکو سەرچاوە بگەڕێینەوە کنیان؟ لە ئێستەدا (دەق)ێکی وەهامان هەیە کە وەربگێردرێ و لە ئاستی بەرهەمە ئێستێتیکییەکانی جیهاندا لە کێبەرکێدا بێ (لە ڕووی فرە ڕەهەندییەوە)؟

– ناتوانم لەگەڵ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتدا هاوڕا بم. ئەوە دروست نییە کە مێژووی وڵاتێک وەک هێڵێکی دوور و درێژ ببینین و پێمان وابێت ئەو هێڵە بەردەوام لە هەڵکشاندایە. لەسەر ڕووسیاش هەست دەکەم شتەکە لە جێگەی خۆیدا نییە و ئەگەرچی داستایۆڤێسکی و تۆلستۆی گرەوی تێپەڕینی زەمەنیان بردووەتەوە، بەڵام نووسەرانی گەورەی تریش لە

ڕووسیای سەدەی بیستەمدا هەبوون و ناوگەلێکی وەک پاسترناک، ناباکۆڤ و سۆلژێنێتسین نوێنەرایەتیی ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەدەبی ئەم وڵاتەیان کردووە. هەڵبەت وەک دەزانین ناباکۆڤ و سۆلژێنێتسین بوونە قوربانیی زەبروزەنگی شۆڕش و سیاسەتی ستالینی.

ئەگەر دەقێکی ئەدەبی وەربگێڕدرێتە سەر زمانگەلی تر بۆ ئەوە نییە کە تەنیا بچێتە مەیدانی کێبەرکێی ئەدەبی. ڕەنگە دروستتر بێت بڵێین بۆ ناساندنی خۆمان پێویستیمان بەوە هەیە کە لانی کەم هێندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانمان بەهێندێک زمانی سەرەکیی ڕۆئاوایی و بەتایبەتی ئینگلیزی وەرگێڕدرێن. بەداخەوە لەم بارەوە ئێمە زۆر هەژارین و نەمانتوانیوە ڕوانگەی ڕۆئاواییەکان لەسەر خۆمان بەلای ئەرێنیدا بشکێنینەوە و بڵێین ئێمەش مێژوویەکی ئەدەبیی نووسراومان هەیە. لە کاتێکدا ئیبنی عەرەبی، فیردەوسی، سەنایی، عەتتار، حافز، مەلای ڕۆمی و... هتد، لەناو ڕۆئاواییەکاندا تەواو ناسراون و وەرگێڕانی جیاواز و سەردەمییانە لە بەرهەمەکانیان بە زۆر زمان دەست دەکەوێت، مرۆڤ تەواو غەم دایدەگرێت کە دەقگەلی کلاسیکی کوردی وەرنەگێڕدراونەتەوە سەر زمانگەلی ڕۆئاوایی و نەبوونەتە لایەنێکی پێناساندنی ئێمە بەجیهانی دەرەوە. وەرگێڕانی دەقگەلی نوێی کوردی، لانی کەم هێندێک لەوان، بە زمانگەلی تر دەبێتە بەستێنێکی لەبار بۆ ناساندنی ئێستای مرۆڤی کورد و شێوەی گوزارەکردنی کوردەکان لە خۆیان. ئەزموونی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی بە ئینگلیزی نیشانی داوە کە ڕەنگە بازاڕێکی گەورە چاوەڕوانی دەقی وەرگێڕدراوی کوردی نەکات. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەست دەکەم ئەمە ئەرکێکی پێویستە و دەبێ ڕێگە گونجاوەکانی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە تاقی بکرێنەوە. لە دەرەوەی وەرگێڕاندا و لە جیهانی نووسین بەزمانگەلی ئەوروپایی لەلایەن کوردانی تاراوگەوە هێندێک ئەزموونی سەرکەوتوومان هەن کە توانیویانە لە ناساندنی کوردان بەجیهانی

دەرەوە زۆر سەرکەوتوو بن. تفەنگەکەی باوکم لە نووسینی هونەر سەلیم ئەو بەرهەمە بە قەوارە تەنک بەڵام بە ناوەڕۆک دەوڵەمەندە بوو کە وەک تۆپێک لە ڕۆئاوادا تەقییەوە و لە ڕوانگەی ژمارەی ئەو زمانانەی بوونە خانەخوێی دەقێک لەسەر کورد تەنانەت کەوتە پێش زۆربەی بەرهەمە تورکی و فارسی و عەرەبییەکانیشەوە.

* دوو نووسەر لە ئێستەدا نووسینەکانیان زۆر بەهەرمێن، ئەوانیش: (عەتا نەهایی) و (بەختیار عەلی)ن، کە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆمانەکانیانەوە کراون. پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەمەیە: لە گەلێک نووسیندا بەم نووسەرانە گوتراوە؛ داهێنەر، ئاخۆ بەشێک لە نووسەرانی ئێمە بۆ هێندە بە پەلە پاشگری (داهێنەر) دەخەنە پاڵ نووسەران، یان (دز)، یاخۆ هەر تەرزە دەستەواژەیەکی تر؟ لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دوو ڕۆماننووسە داهێنەرن، هاوکات چۆن (داهێنان) ڕاڤە دەکەن؟

– من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە سەدان لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دوو نووسەرە توانایەی کورد کرابن. ئەگەرچی بەوردی هەموو ئەو کارانەم کە لەسەر بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرە کراون شوێپاندووە، بەڵام هێشتاش پێم وانییە کارێکی ئەوتۆ کرابێت کە هەموو لایەنە ئەدەبییەکانی ئەم بەرهەمانە لێکدرابنەوە. بەگشتی دەکرێ بڵێین دوو چەشنە نووسین لەسەر کارەکانی کاک بەختیار و کاک عەتا هەتا ئێستا پێشکێش کراون: دەستەیەک کە زۆرینەن و بەشێوەیەکی پێداهەڵگوتنانە نزیکی بەرهەمەکانیان دەبنەوە و بەتایبەتی کاک بەختیار دەگەیەننە ئاسمان. دەستەیەکیش کە تا دەتوانن دژایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانیان دەکەن و دیسانیش پتر کاک بەختیار دەکەنە ئامانجی گۆیا ڕەخنەکانیان. لە پێشنیازکردنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبییەوە بۆ کاک بەختیار بگرە هەتا تاوانبارکردنی بە دزیی ئەدەبی و بە ئەوەی کە

کوردی نازانێت و "میری جاهیلانە". هەردوو بۆچوون بەباوەڕی من دوورن لە لێکدانەوەی ئەدەبی لەسەر بنەماکانی تیۆری ئەدەبی. ئەوەی کە دەڵێت کاک بەختیار دەبێت خەڵاتی نۆبێل وەرگرێت پێمان ناڵێت بۆ و ئەوەی کە دەڵێت بەختیار دزیی ئەدەبی دەکات نایسەلمێنێت کە چۆن ئەم کارە کراوە. دەبینین کە ئەم بۆچوونانەش ژەنگی قارەمانپەروەری و دژەقارەمانییان پێوە دیارە و وەبیرهێنەرەوەی هەڵسوکەوتە نادیموکراتیکەکانی جیهانی سیاسەتی کوردین.

من وەک کەسێک کە بەرهەمەکانی ئەم دوو نووسەرەم خوێندوونەتەوە و بەخۆشییەوە شانسی دیدار و گفتوگۆ و دۆستایەتیم لەگەڵ هەردووکیان هەبووە و هەیە، پێم وایە دەبێ بەواقیعبینییەکی زۆرترەوە لە کارەکانیان نزیک ببینەوە. بەشێوەیەکی گشتی کاک بەختیار و کاک عەتا دوو نووسەری گەورەن و توانیویانە لە ئاستی داهێنانی ئەدەبیدا هەنگاوی مەزن هەڵێننەوە. پێنج ڕۆمانەکەی بەختیار و سێ ڕۆمانەکەی عەتا گەنجینەیەکی گەورەی سامانی ئەدەبیی ئێمەن. ئەگەر بێتو فەزایەک بخوڵقێت کە تێیدا کاری ڕەخنە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقەکان بێت بەدوور لە هەموو هەرا و هوریای باو، ئێمە دەتوانین دڵخۆش بین بە ئافراندنی بەرهەمی باشتر لەلایەن بەختیار و عەتاوە و لە هەمان کاتدا ئومێدەوار بین بەپەرەپێدانی هەلومەرجێک بۆ دەرکەوتنی نووسەری تواناتر. لە لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم دوو نووسەرەدا پێویستە بۆچوونێکی چەندڕەهەندی و فرە دیسیپلینی ڕەچاو کەین و دەقەکانیان بکەین بە کەرەسەی وردکردنەوەی تیۆرییە ئامادەکانی جیهانی ئەدەب. لە دەربڕینەکانمان لەسەر دەقەکانیاندا دەبێ لایەنی ڕیالیستی و ئاستی ئەدەبی کوردی لە بەرچاو بگرین. کاتێک دەبینین لە کۆڕێکی کاک بەختیاردا پتر لە هەزار نەفەر ئامادە دەبن خۆشحاڵ بین بەڕێزێک کە جەماوەر لە ئەدیبێکی کوردی دەگرن. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو پرسیارەش بکەین ئاخۆ

ئامـادەبوونی جـەمـاوەرێکی ئاوا بەرچاو نیـشـانەی هۆگـرییـە لە ئەدەب یان گەڕانە بەشـوێن پاڵەوانێکی مـەسـیـحـایی کـە مـژدەهێنەری ڕزگـارییـە. ڕەنگە سـەرقـاڵبـوونی کـاک بەخـتـیـار بەپـتـر لە بوارێکی ئەدەبی و دەرکـەوتنی وەک وتارنـووسـێکی هـزری و فـەلسـەفـیش بێ کـارتێکەری نـەبووبـن لەسـەر خـولْقـاندنی بـۆچـوونێکی لەم شـێـوەیە لـەسـەر خـۆیـان. ئەوەش تایبـەتمەندیی کۆمەڵگەیـەکی پۆلێننەکراوە کە تێیدا پێداهەڵگوتن دەرەتانی لێکدانەوەی ورد دەکـوژێت. لە ڕاسـتـیـدا بەرهـەمـی ئەدەبی ئەو بـەسـتـێنەیـە کـە بە هـۆیەوە دەکرێت هـەنگاوی جیـدی بۆ ناسـینـی خـۆمـان هەڵێنینەوە و بەخـوێندنەوەی جۆرەوجـۆر هـەبوونـی خـۆمان و سـووژەی کـوردیمـان بخـەینە بەرباس. هـەمـوو لێکدانەوەیەک لە دەرەوەی دەسـتکەوتە تیـۆری و فیکرییـەکانی ئەدەب دواجـار دەربڕینی ڕایەکی تاکـەکـەسـیـیـە کـە خـۆی لە پەسـندان یان دژایـەتیـدا دەبینێـتـەوە و ئـەمـەش بە دوورە لە ئەزمـوونە سـەرکـەوتووەکـانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە جیهانێکدا، بەتایبەتی لە جیـهانی کوردیدا، کە پتر لە هەموو کاتێ پێویستی بەدیالۆگ هـەیە.

بە کورتی کاک بەختیار و کاک عەتا دوو نووسـەری گـەورەن و کارەکانیان جـوانیکاریی ئەدەبیی بـەرزیان پێـوە دیارە. بەڵام ئەوە بـەو مـانایە نیـیـە کـە بەرهـەمـەکانیان لایـەنی لاوازیان نییە. لێرەدا جێگەی ئەوە نییـە بچمـە سـەر ڕیزکردنی خوێندنەوەی خـۆم لەسـەر بەرهـەمەکانیان و دەبێ ئەم شـتە گرینگە هـەڵگرین بـۆ کـاتێکی تر و مـەجـالێکی گونجـاوتر. تەنیـا دەمـەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەدەب و هونەردا. بەرهـەمی ئەدەبی ئـەو گـوتـارەیە کـە بە تێـپـەڕبوونی زەمـەن گـرینگـیی خـۆی لە دەست نادات و دەتوانێت نوێنـەرایەتیی ئێپیـسـتـیمـەیەکی دیاریکراو بکـات. دوکتـۆر فـاسـتـوسـی مـارلۆ ڕەنگە جوانتر لە هـەر شـتێک حـەزی بێ پایانی مـرۆڤ بە زانین نیشان بدات لە سـەردەمانێکدا کە سەدەکانی ناوەڕاست ئاوا دەبوون و ئاسـۆی ڕێنیسـانس دیار دەکەوت. لە بەرهـەمـە تراجیکەکـانی شـێکسـپیـردا

ڕۆحی سەردەمانێک وێنا دەکرێت کە بەدوای سەدەی سێزدەمدا بە ماگنا کارتاوە دەست پێ دەکات و بەردەوام خوازیاری بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی پادشاکانە. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەدەبی ئێمە دەتوانێت لە دەرەوەی حەزی ئێستای جەماوەرەکەیدا ببێتە ئەو گوتارەی کە نوێنەرایەتیی هەبوونی سەردەمانێکی تایبەت بکات لە کارلێکی مرۆڤی کورد و دەوروبەریدا؟

ڕەنگە داهێنان وەک کارێکی هونەری لە پێناسەیەکی خێرادا، بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا، برێتی بێت لە ئافراندنی جیهانێک کە وێڕای وێکچوویی لەگەڵ جیهانی واقیع خۆی بەتەنیا بتوانێت هەموو پێداویستییەکانی جیهانی خۆی دەستەبەر بکات. بەواتایەکی تر لە ئاکامی تێکەڵاویی خەیاڵ و واقیع و بە بەکارهێنانی تەکنیکی هونەری گێڕانەوە جیهانێک وێنا دەکرێت کە ڕاڤەهەڵگرە و وێڕای لایەنی جوانیناسیی هونەری، بەدوور لە لاساییکردنەوە، لە گفتوگۆیەکی چڕدایە لەگەڵ دەقگەلی تردا. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانەکانی کاک بەختیار و کاک عەتا کەرەسەیەکی بەنرخن بۆ هەڵسەنگاندن لە بوارەکانی زمانی، ناوەڕۆکی، هونەری، جیهانبینی و جوانیناسییەوە. دەکرێ بە ئاراستەکردنی پرسگەلی جیاواز نە تەنیا تایبەتمەندییە دەقییەکان بگرە ئاماژە کۆدەقییەکانیش بەو جۆرەی لەم ڕۆمانانەدا ئافرێندراون لێک بدرێنەوە و تێگەیشتنی ئێمە لەسەر جیهانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کورد دەوڵەمەندتر بکرێت. دەکرێ لە بواری زمانییەوە بپرسین ئەم ڕۆمانانە چەندە توانیویانە تواناکانی زمانی کوردی پراکتیزە بکەن و ببنە هۆکاری گەشەپێدانی توانای ئاخافتنی ئێمە لە بواری هەمبانەی وشە و پێکهاتەی بیرکردنەوە و درکاندن و دەربڕینی پاراودا. دەکرێ پێکهاتەی ئەو ڕۆمانانە ببێتە پرسیار لەمەڕ هارمۆنیی دەق و پێوەندیی جیهانی ڕۆمان بەجیهانی واقیعەوە. دەکرێ بۆ نموونە بپرسین هاوکێشەی جەلادەتی کۆتر و بێتۆڤێن چەندە لە جێگەی خۆیدایە. دەکرێ

ئاستی ئەندێشە و جوانیی غەزەلەکانی غەزەلنووس و کەسایەتیی ئەو لەگەڵ تەون و سامانی کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی ناوەوە و دەرەوەی ڕۆمانەکە بکەینە پرسیارێکی بووناسانە. دەکرێ لە بۆچوونێکی بەراوردییانەدا لە شێوەی ئاخافتنی جەلادەت و غەزەلنووس و پەروانە و داپیرە و سەریاسەکان بکۆڵینەوە و بزانین ئەم وێکچوویییە لە ئاخافتندا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. دەکرێ دیسانیش هەر لە ڕوانگەیەکی بەراوردییەوە ئاوڕێک لە کارەکتەرەکانی چیای جادوویی توماس مان و کاری جوانی دەیڤید لاج بدەینەوە و بزانین ئاستی بیر و هۆش و ئاخافتنی ئەم کارەکتەرانە چەندە لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ناوەوەی ئەم ڕۆمانانە یەکتر دەگرنەوە. هەر لەم پێوەندییەشدا دەتوانین بپرسین ئاخۆ شێوەی ئاخافتن و ئاستی ئەندێشەی کارەکتەرگەلی ڕۆمانەکانی کاک بەختیار بەبێ هەبوونی ئەزموونی خوێندنی ئەکادیمیک چۆن دەتوانن پاساو بۆ ئەو هەموو دەربڕینە فەلسەفییانە بهێننەوە؟ ئەگەر پاساوی ئاستی بەرزی ئاخافتنی کارەکتەرەکانی لاج و مان ئەو ڕاستییەیە کە زۆربەیان مامۆستای زانکۆن، دەبێ پاساوی خوشکانی تۆبەکار و ئیسحاقی لێوزێڕین چی بێت بۆ ئەو هەمووە تواناییە هزری و هونەرییانە؟ دەکرێ "کا"ی بەفر و وردەکارییە هونەری و تەکنیکییەکانی ئەم بەرهەمە لەگەڵ غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ بەراورد کەین و بزانین لە ئاستی دارشتنی پێکهاتەکاندا چەندە وەستایی بەخەرج دراوە و چەندە هەوڵ دراوە لە نێوان کەسایەتی و ڕووداوەکانی ڕۆمان و جیهانی دەرەوەدا هاوئاهەنگی و وێکچوویی هەبێت؟ وەک وەبیرهێنانەوەیەک ئاماژە بە هەوڵی ئۆرهان پاموک دەکەم کە تەنیا بۆ شارەزابوون لەگەڵ شوێنی ژیانی "کا" دوو مانگ لەو شارەی کە پاڵەوانە خەیاڵییەکەی ئەو لە ئەڵمان تێیدا دەژیا، بەسەر دەبات بۆ ئەوەی کە لە هەڵسوکەوت و هاتوچۆی ڕۆژانەی ئەو تێ بگات. تەنانەت بۆ دڵنیابوون لە ژمارەی ئەو شەمەندەفەرەی ساڵانێکی زۆر زووتر "کا" هاتوچۆی پێ دەکرد پەنا بۆ نووسینگەی مێترۆ دەبات و

بەپرسـیـارکردن خـۆی دڵنیـا دەکاتەوە کە "کـا" سـواری چ شـەمـەندەفـەرێک دەبوو. ئاخۆ ئەم وردەکارییە بۆ نموونە لـە وەسفی فـڕۆکـەخانەی سـخـیپـۆلدا ڕەچاو کراوە؟ لەسـەر بەرهەمـەکـانـی کاک عـەتاش مـرۆڤ دەتـوانێت بەوردی قسە بکات و ڕەوتی گەشەی نووسینی ئەو لە گوڵی شـۆڕانەوە بۆ باڵندەکانی دەم با و گـرەوی بـەخـتـی هەڵاڵە بشـۆپێنێت و بزانێت گـۆڕانکارییـە زمـانی و ناوەڕۆکییـەکـان کـامـانەن. هەڵبـەت لەبەر هـەلومـەرجی تایبـەتیی شـوێنکاتی ژیانی ئەو دەبێ پتر سەرنج بدەینە لایەنی ئالیگۆریکی بەرهەمەکانی. ئەمەش با هـەڵگرین بۆ کاتێکی گونجاوتر.

کاک ڕابـەری ئازیز سـوپـاس بۆ پێوەندییـە بەردەوامـەکانت و سـوپـاس بۆ وەبیرهێنانەوەکانت. دڵنیام خوێنەرەوان ئاگەدار دەکەیەوە کە ئەم گفتوگۆیە لە دوو قـۆناغـدا ئـەنجـام دراوە و من لە کـاتی وەڵامـدانەوەی بـەشی دووەمی پرسـیـارەکانت نەمـتوانی بچمەوە سـەر وەڵامـەکانم بەپرسـیـارەکانی بەشی یەکەم. بۆیە ئەگەر دووپاتبوونـەوەیەک ڕووی دابێت، داوای لێبـووردن لە ئێوە و خوێنەرەوانی بەڕێزی ئەم دیمانەیە دەکەم.

# له جوەیدەوە بۆ هیوستن

خوێندنەوەیەک بۆ پێنج لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر کورد

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەکادیمیکارە ڕۆژئاواییەکان لەسەر کورد و کوردستان بڵاویان کردووەتەوە زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک کە دەکرێ بگوترێ لە ڕابردوودا شتێکی لەم ئاستەدا بێ پێشینە بووە. هەر بەمجۆرەش ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی دوکتۆرا لەسەر پرسی کورد و کوردستان لە زۆربەی زانکۆکانی ڕۆژئاوادا لەم ماوەیەدا لە زیادبوون دابووە. ئەمە شتێکە تا ڕادەیەک هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە دوو دەیەی ڕابرووددا و هەروەها گۆڕانکارییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی کوردەکان و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەم دەورەیەدا. پرس ئەوەیە ئەم لێکۆڵینەوانەی لە زانکۆکانی ڕۆژئاوادا کراون و لەلایەن ناوەندە ناسراوەکانی بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیکیی دنیاوە بڵاو کراونەتەوە، چەندە لەناو خوێنەرەوانی کورد ناسراون و چەندەیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و چەندە کارتێکەرییان هەبووە لەسەر خوێندنەوەی مرۆڤی کورد لەسەر خۆی و ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر کورد و پرسە جۆرەوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان. لە چاوپێداخشاندنێکی خێرا بەسەر بازاڕی کتێبی کوردی و لیستی کتێبە وەرگێڕدراوەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەم کتێبانە کراونەتە کوردی و ئەو چەند بەرهەمەش کە کراونەتە کوردی نەک لە زمانی سەرەکیی بەرهەمەکەوە بگرە لە زمانی فارسیڕا کراون بەکوردی.

بەباوەڕی من شتێکی زۆر پێویستە کە کوردەکان، بەتایبەتی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ، ئاگەداری هەر لێکۆڵینەوەیەک بن کە لە ڕۆئاوادا لەسەر کورد دەکرێت. هۆکارەکانی ئەم پێداویستییە چەند لایەنن:

١) لە چەند ساڵی ڕابردوودا پرسی پێوەندیی نەتەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی بەیەکترەوە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیک بووە. لە بۆچوونێکی گشتیدا سەرهەڵدانی نەتەوە – دەوڵەت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە وەک بەرەنجامی بزاڤگەلی ناسیۆنالیستی دادەندرێت کە لەسەر بنەمای گۆڕانکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەشوێن دامەزراندنی شێوازێکی نوێ لە پێوەندیی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەیەکترەوە بووە. دامەزرانی نەتەوە – دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بۆچوونی تیۆریکدا خراونەتە بەرباس. بۆچوونێکی مێژوویی پێی وایە کە نەتەوە شتێکی ئەزەلییە و هەر لە سەرەتاوە وەک یەکەیەکی ئامادەبوونی هەبووە و دەوڵەت تەنیا ئاکامی جموجۆڵی ئەم نەتەوە مێژووییە بووە بۆ خۆڕێکخستنی خۆی. لە بۆچوونێکی مۆدێرنیستیدا نەتەوە بەرەنجامی بزاڤێکی ناسیۆنالیستییە کە بەپێی پلان و پڕۆژە لە دەورەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدا ساز کراوە. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بنەما فەرهەنگی و مادییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو وەک پێشزەمینەی سازکردنی "کۆمەڵگەی خەیاڵی" یاخۆ نەتەوە چاو لێ دەکەن کە تێیدا سەروەریی جەماوەری دەبێت بە تەنیا پێوەری ڕەوایی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگەیە کە ئەندامەکانی بەهۆی ویست و ئیرادەی هاوبەشەوە قەوارەیەکی سیاسی – حقوقییان بنیات ناوە. بۆچوونێکی تریش کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا هاتووەتە ئاراوە هەوڵ دەدات تێکهەڵکێشێک لە نێوان دوو بۆچوونەکەی پێشتر ساز بکات و ئەگەرچی نەتەوە بە شتێکی سازکراو دادەنێت بەڵام پێ لەسەر بنەما و ڕیشەی ئەتنیکیی نەتەوە دەکات. ئەم باسانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەنێو کۆڕ و

کۆمەڵی کوردییشدا ئامادەییان هەبووە و هەر بۆچوونەی لایەنگر و داکۆکیکاری خۆی هەیە. لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوایی بوارێکی باشن بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی بۆچوونە تیۆریکەکان لەمەڕ پرسی نەتەوە – دەوڵەت و شوێنی پرسی کورد لەو پێوەندییەدا. ئاگەداری لەم لێکۆڵینەوانە ئاسۆی بیر و هزری مرۆڤی کورد بەرفراوانتر دەکات و زەوینەی ڕوانینێکی ڕەخنەییانە لە ئەزموونی کورد بۆ وەدەستهێنانی سەروەریی خۆی دەڕەخسێنێت.

٢) تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و ئەوەی کە کەنگێ و چۆن سەری هەڵداوە دەکرێت لەسەر بنەما تیۆریکەکانی نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزم دەستنیشان بکرێن و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ئەم بابەتە بەپشتبەستن بە لایەنە هزری و ئەزموونییەکانی ئەم باسە لە ئاستێکی جیهانیدا دەوڵەمەندتر بکرێن. خوێندنەوەی بۆچوونی ڕۆژئاواییەکان یارمەتیمان دەدات خۆمان لە ڕوانگەی ئەوانەوە ببینین و لە باسێکی هەمەلایەنەدا ببین بە بەشێک لە گوتاری پێکهاتوو لەسەر خۆمان. ئەم بەرهەمانە تەنانەت ئەگەر بەدڵی ئێمەش نەبن بناغەی گوتاری باو لەسەر ئێمەیان لە ڕۆژئاوادا داڕشتووە. هەوڵدان بۆ بەشداری لە ئافراندن و گۆڕینی ئەم گوتارەدا تەنیا زەمانێک دەکرێت کە ئێمە شارەزای ئەم بەرهەمانە بین و دواتر بەگوێرەی پێداویستییەکانی باسگەلی ئەکادیمیک ببین بە بەشێک و لایەنێکی ئەم باسانە.

لەم نووسینەدا هەوڵی ناساندنی پێنج بەرهەمی ئەکادیمییانە دەدەم کە وەک سەرچاوە لە زانکۆکانی ڕۆژئاواییدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و دەخوێندرێن. مەبەست تەنیا ناساندنی کتێبەکانە و تاوتوێکردنی هەر کام لە کتێبەکان و باسە سەرەکییەکانیان کات و بواری تر دەخوازێت. تا ئەو جێگەیەی من ئاگەدار بم لە کۆی ئەم پێنج کتێبە تەنیا کتێبەکەی ڕۆبێرت

ئۆلسۆن لە ڕووی وەرگێڕانە فارسییەکەیەوە کە مامۆستا ئیبراهیمی یونسی کردوویەتی، کراوەتە کوردی. کتێبەکەی جوەیدە لە ئەستەمبۆڵ کراوەتە تورکی و چاپ بووە. مامۆستا یونسی ئەم کتێبەشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، بەڵام دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ کتێبەکە هێشتا ئیزنی چاپ و بڵاوبوونەوەی لە ئێران پێ نەدراوە. من هیوادارم لە بازاڕی گەرمی وەرگێڕانی کوردیدا شوێنی تایبەت بەوەرگێڕانی ئەم بەرهەمانە و هەموو ئەو بەرهەمانەی تر بدرێت کە لەسەر کورد نووسراون و دەنووسرێن.

## بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد: ڕەچەڵەک و گەشە

زەحمەتە کەسێک کتێبێک لەسەر بابەتێکی سیاسی بنووسێت و تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ نەتوانێت لە گرینگیی کتێبەکەی کەم کاتەوە. لە کاتێکدا بەرچاوترین قۆناغەکانی بزووتنەوەی کورد لە شێست ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە مێژووی نووسینی کتێبی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد دەگەڕێتەوە ساڵێک بەر لە دەستپێکردنی یەک لە کاراترین شۆڕشەکانی کورد واتا شۆڕشی ئەیلوول. سەرەڕای ئەم ڕاستییە کتێبەکەی وەدیع جوەیدە بە درێژاییی هەموو ساڵانی دوای نووسینی یەکێک بووە لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و کوردستان بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە پێشکێشکردنی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزمی کورد. سەیرەکە لەوەدایە ئەم کتێبە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەلایەن زانکۆی سیراکیوزەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە و پێشتر تەنیا وەک کۆپییەکی نامەی دوکتۆرا و لە ئاستێکی بەرتەسکدا لە بەردەستی خوێنەرەواندا بوو. نووسەری کتێبەکە لە خێزانێکی عەرەبی ئاخێوری مەسیحی لە بەسرە لەدایک بووە و دواتر چووەتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لەوێ نامەی دوکتۆراکەی خۆی لە ساڵی ١٩٦٠دا تەرخانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد کردووە. دواتر جوەیدە بوو بەمامۆستا لە بەشی ئەدەبیات و زمانەکانی ڕۆهەڵاتی نزیک لە زانکۆی ئیندیانای ئەمەریکا. لەبەر باوەڕی نووسەر بە کاری تەواو و تێروتەسەل و بێ کەموکووڕی، سەرەڕای داخوازیی زۆر قەت حازر نەبوو کتێبەکە بە چاپ بگەیەنێت و تەنیا دوای مردنی، کتێبەکە بە هەوڵی هاوسەرەکەی و هێندێک لە هۆگرانی، چاپ و بڵاو

بووەوە. لە پێشەکیی کتێبەکەدا نووسەر ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەی ئاوا دەستنیشان دەکات: ١) ئاخۆ نەتەوەیەک بە نێوی کورد هەیە کە تایبەتمەندیگەلی دیاریکراوی خۆی هەبێت و خاوەنی ئاستێکی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی بێت لەنێو ئەندامەکانیدا؟ ٢) ئەگەر شتێکی وا لە ئارادا هەبێت ئاخۆ ئەم وشیاریی نەتەوەییە لە ئاستێکدایە کە بتوانین قسە لە هەبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی کوردی بکەین بۆ وەدەستهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی؟ ٣) ئەگەر وەڵامی هەردوو پرسیارەکەی سەرەوە ئەرێنی بێت، پێوەندیی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە لەگەڵ سیاسەتی نێونەتەوەییی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟ ٤) لەسەر بنەمای ئەم پرسیارانە هەوڵ دەدرێت پێگەی کورد لە سیاسەتی ناوچەییدا شی بکرێتەوە و بگوترێت کە هیچ هێزێک ناتوانێت لە سیاسەتی خۆیدا چاوپۆشی لە پرسی کورد لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات. لێکۆڵینەوەکەی جوەیدە یەکەمین کاری ئەکادیمییانەیە کە ئەم پرسیارانە لە بەستێنێکی فراواندا دەخاتە بەرباس. لێکۆڵینەوەکە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە نووسراوە و بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو کارانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە زانکۆکانی ڕۆژئاوادا بەرهەم هاتوون مۆرکی چوارچێوەگەلی تیۆریکی پێوە دیار نییە. ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان لەم کتێبەدا بە تواناییەکی بێوێنەوە شی کراونەتەوە. نووسەر لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەیدا ئاراستەی کردوون دەڵێت کە کوردەکان لە ڕاستیدا نەتەوەیەکن جیاواز لە نەتەوەکانی تری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەنی هەستێکی بەهێزی نەتەوەیین و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی باوەڕ و ئیلهامی بەهێزی خۆی لەم هەستە وەردەگرێت (لاپەڕە ٢٩٥). یەک لەلایەنە نێگەتیڤەکانی ناسیۆنالیزمی کورد هەبوونی دەستەبەندیی عەشیرەیی بووە کە بەباوەڕی جوەیدە بەردەوام ڕووی لە کزبوون داوە و بەرەبەرە جێگەی خۆی داوە بە شێوازە نوێیەکانی شارستانییەت وەک ئاکامێکی

مۆدێرنیزەبوونی کۆمەڵگەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی. جوەیدە بە ئاماژە بە ویستی کوردەکان بۆ ڕزگاری پێ لەسەر ڕۆڵی گرینگی هێزە ناونەتەوەییەکان دادەگرێت لە وەدیهاتنی ئامانجی کوردەکاندا. نووسەر ئەگەرچی هەڵوێستی تورکەکان، فارسەکان و عەرەبەکان لەمەڕ کێشەی کورد بە گرینگ دەزانێت پێی وایە دواجار چارەنووسی کوردەکان گرێدراوی هەلومەرجی ناونەتەوەییە لە ناوچەکەدا. ڕووداوەکانی دوای شەڕی کەنداو ڕاستیی بۆچوونی جوەیدە بە ئاشکرایی دەردەخات.

جوەیدە بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە ڕۆئاوایی و ڕۆهەڵاتییەکان و بەهۆی شارەزایی لەگەڵ زمانەکانی هەردوو لایەندا توانیوێتی لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز بەئەنجام بگەیەنێت. کتێبنامە پازدە لاپەڕەییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە شاهیدی دەوڵەمەندیی بەرچاوی ئەم کتێبەیە لە باری سەرچاوەوە. نەبوونی چوارچێوەیەکی تیۆریکی ڕوون و دیاریکراو لە لێکۆڵینەوەکەی جوەیدەدا مۆرکی سەردەمێکی پێوەیە کە تێیدا هێشتا باس لەسەر ناسیۆنالیزم و تیۆریداڕێژی لەم بوارەدا هێندە باو نەبوو. سەرکەوتوویی جوەیدە لە توانای بێوێنەی ئەودایە لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی بزووتنەوە کوردییەکان و ویستی بەهێزی ئەم بزووتنەوانە بۆ پێناسەکردنی خۆیان وەک کورد. کەموکووڕییە تیۆریکەکانی ئەم کتێبە بە بەراورد لەگەڵ وردەکارییە سەرنج ڕاکێشەکانی نووسەر لەسەر مێژووی کورد شتێکن کە خوێنەرەوەی ئاگەدار لە سەردەمی نووسینی ئەم کتێبە و ڕۆڵی پێشەنگی نووسەرەکەی دەتوانێت بە سانایی چاوپۆشییان لێ بکات.

## دەستپێکی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرهەڵدانی شێخ سەعید

## ١٨٨٠ - ١٩٢٥

چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی دەستپێکی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرهەڵدانی شێخ سەعید ١٨٨٠ – ١٩٢٥ لە نووسینی ڕۆبێرت ئۆلسۆن، لەلایەن زانکۆی تێکزاسەوە لە ساڵی ١٩٨٩ بەردەوامیی نەریتێکی سەلماند کە جوەیدە یەک لە دامەزرێنەرانی بوو. ڕۆبێرت ئۆلسۆن خوێندکاری پرۆفیسۆر جوەیدە بووە و نامەی دوکتۆراکەی لە ساڵی ١٩٧٣ پێشکێشی زانکۆی ئیندیانا دەکات. بواری سەرەکیی خوێندنەکەی بریتی بوو لە مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی و سیاسەتی هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەتا ئێستا چەندین کتێب و وتاری لەسەر کورد بڵاو کردووەتەوە. ئێستا پرۆفیسۆری مێژوو و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی کێنتاکی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کتێبی دەستپێکی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرهەڵدانی شێخ سەعید ١٨٨٠ – ١٩٢٥ باس لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات لە سەردەمی سەرهەڵدانەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە هەتا ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە ١٩٢٥ لەم کتێبەدا نووسەر بەپشتبەستن بە سەرچاوە دەستی یەکەمەکانی ئۆفیسی تۆماری گشتیی بەریتانیا (British Public Record Office) و کۆمەڵێک سەرچاوەی دەستی دووەمی تورکی، ئێرانی و عێراقی، لێکۆڵینەوەیەکی بە وردەڕیشاڵ لەسەر شۆڕشەکەی شێخ سەعید و کارتێکەرییەکانی لە قۆناغەکانی دواتردا پێشکێش دەکات. بەرهەمەکەی جوەیدە و کوردناسی ناسراو پرۆفیسۆر مارتین ڤان برۆیینسن، ئاغا، شێخ و دەوڵەت، دوو سەرچاوەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەی ئۆلسۆن پێک دێنن.

بنەمای تیۆریکی لێکۆڵینەوەکە پاڵپشتی دوو گریمانەی نووسەرن: ١) ئیسلام و ناسیۆنالیزم هەروەک لە ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ سەعیددا دەبیندرێ دەتوانن لەگەڵ یەکتر بگونجێن. ٢) ڕاپەڕینی شێخ سەعید نموونەی ڕاپەڕینێکی ناسیۆنالیستیی قۆناغی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بوو (لاپەڕەی ١٥٦). ئۆلسۆن چوار قۆناغ بۆ ناسیۆنالیزمی کورد دەستنیشان دەکات. قۆناغی یەکەم بەدوای هەڵوەشانەوەی ئیمارەتە کوردییەکان لە ئیمپراتۆریی عوسمانی لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا دێت. نەمانی ئیمارەتە کوردییەکان دەبێتە هۆی پەیدابوونی بۆشاییەکی دەسەڵات لە ناوچەکەدا کە بە سیاسەتی ناوەنداندنی عوسمانییەکان پڕ نابێتەوە. دواجار ئەم بۆشاییی دەسەڵاتە بە شێخەکان پڕ دەکرێتەوە و شێخ عوبەیدوڵڵا وەک دەسەڵاتی بەهێزی ئایینیی سەردەمی خۆی دەبێت بە ڕێبەری یەکەم قۆناغی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. ئۆلسۆن لە لاپەڕە دووی کتێبەکەیدا باس لە نامەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا دەکات بۆ جێگری کۆنسوڵی بەریتانیا، کلایتۆن لە ساڵی ١٩٨٠دا و گرینگییەکی تایبەت دەدات بە ناوەڕۆکی نامەکە کە تێیدا باس لە کوردستانی سەربەخۆ و بەڕێوەبردنی بەدەست کورد دەکات. ئۆلسۆن بەوردی باس لە کارتێکەریی پەیمانی بێرلین لە نێوان ڕووسیا و عوسمانییەکان لە ١٨٧٨دا لەسەر شێخ عوبەیدوڵڵا دەکات و پێی وایە ترسی شێخ لە سازبوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنی دەبێت بەیەک لە هۆکارەکانی هەوڵی ئەو بۆ سازکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. هێرشی شێخ بۆ سەر کوردستانی ئێران لە ١٨٨٠دا و دژایەتیی ئینگلیز و ڕووسەکان لەگەڵ پلانەکانی شێخ و دواتر شکستی شێخ و گەڕانەوەی بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانی و دواجار ئەسیربوونی بەدەست عوسمانییەکان و دوورخستنەوەی شێخ لە ناوچەکە بە وردی شی کراوەتەوە.

ئۆلسۆن دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە

١٨٩١ و كارتێکەریی سیاسەتی پانئیسلامیستیی سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر پێکهاتەی کورد بەوردی دەخاتە بەرباس. نووسەر باسی لایەنە نەرێنی و ئەرێنییەکانی سوپای پەنجا هەزار کەسیی حەمیدییە دەکات و بەئەژمارنی هەموو کارتێکەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دواجار سوارەی حەمیدییە بوو بەهۆی ئاشنابوونی کوردەکان لەگەڵ بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی سنوورەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و وەدەستهێنانی دەرفەتی خوێندن لە مەدرەسەکانی تایبەت بەسوپای عوسمانی بەتایبەتی بۆ منداڵانی شەرکەرانی کوردی سوارەی حەمیدییە. ئۆلسۆن دواتر باسی سێیەمین قۆناغی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨، شۆڕشی تورکە لاوەکان و ١٩٢٠، پەیمانی سیڤەر، دەکات و ڕووداوەکانی ئەم دەورەیە و بەتایبەت دامەزرانی ڕێکخراوە کوردییەکان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بە لێکدانەوەی سیاسەتی دژە کوردیی تورکە لاوەکان، تەنیا ساڵێک دوای شۆڕشەکەیان، گرینگیی ئەم دەورەیە لە گەشەپێدانی ناسیۆنالیزمی کورددا تاوتوێ دەکات. ئۆلسۆن هەروەها بەکورتی باسی هەلومەرجی ناوچە کوردییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەم ماوەیەدا دەکات و ئاماژە بە داخوازینامەیەک دەکات کە کوردەکان پێشکێشی تورکە لاوەکانی دەکەن بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان بەدەستی خۆیان و لەسەر بنەمای شەریعەتی شافعی. ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و کارتێکەریی ئەم ڕووداوانە لەسەر کوردەکان و هاتنە کایەی کۆمەڵێک ڕێکخراوی تر بەتایبەت ڕێکخراوی ئازادی و پەیدابوونی جیاوازیی بۆچوون لە نێوان بەدرخانییەکان و شێخ عەبدولقادر و ڕاپەڕینی کۆچگری بە ڕێبەرایەتیی عەلیشان بەگ لە ١٩٢١ و ناکۆکیی کوردەکان، ناوەڕۆکی بەشێکی تر لە لێکدانەوەکانی ئۆلسۆنە لەم قۆناغەدا.

چوارەمین قۆناغی ناسیۆنالیزمی کورد بەباوەڕی ئۆلسۆن دەکەوێتە نێوان

دەرچوونی پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠ هەتا سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥دا. ئۆلسۆن گرینگییەکی تایبەتی دەدات بەدامەزراندنی ئازادی لەلایەن خالید بەگەوە لە شاری ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٩٢١دا. دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە تێکەڵاوێک بوون لە ئەفسەرانی سوپای عوسمانی و شەڕکەرانی سوارەی حەمیدییە و ڕێبەرە نەریتییەکان. نووسەر پێی وایە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە لە دەرەوەی ئەستەمبۆڵدا نیشانەی جێگۆڕکێی خەباتی کوردانە لە ناوەندەوە، واتا لە ئەستەمبۆڵەوە، بۆ ناوچە کوردنشینەکان. ئۆلسۆن دەڵێت کە لە کۆنگرەی دامەزرێنەری ئازادیدا شێخ سەعید بەشداری دەکات و بڕیار دەدرێت کە لە کاتی ڕاپەڕیندا سەربەخۆیی ناوچەکانی سەرهەڵدانەکە ڕادەگەیەندرێت. هەروەها لەبەرئەوەی ڕێبەرانی ئازادی دەیانزانی پێداویستییان بە یارمەتیی دەرەکی دەبێت بڕیار دەدەن داوای یارمەتی لە ڕووسیا و بەریتانیای مەزن بکەن (لاپەڕەی ٤٧). نووسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شێخ سەعید لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات: ١) هەستی نەتەوەییی ڕێبەرانی شاری و نەریتی، ٢) هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خەلافەت، ٣) هەڵوەشاندنەوەی دادگەکانی شەریعەت، ٤) دەرکردنی یاسای بنچینەییی گشتی کە تێیدا زمانی کوردی لە بەستێنی گشتیدا قەدەغە دەکرێت، ٥) دەستبەسەرداگرتنی زەوی و موڵکی کوردان و دابەشکردنیان بەسەر ئەو تورکانەی لە ناوچە کوردییەکاندا نیشتەجێ کرابوون. ئۆلسۆن پێ لەسەر ناسیۆنالیستبوونی ئەم سەرهەڵدانە دادەگرێت و بەرپەرچی بۆچوونی مێژوونووسانی تورک دەداتەوە کە پێیان وایە ڕاپەڕینی شێخ سەعید ڕاپەڕینێکی کۆنەپەرستانە بوو. ئۆلسۆن لەگەڵ بۆچوونی مارتین ڤان برۆیینسن هاودەنگە کە دەڵێت کە لە کۆنگرەی یەکەمی ئازادیدا بڕیار دەدرێت کە دەبێ لەبەر دوو هۆ دیمەنێکی ئاینی بدرێت بە ڕاپەڕینەکە: ١) ئەم کارە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی پشتیوانیی ڕێبەرانی ئاینی کورد و جەماوەر بۆ ڕاپەڕینەکە. ٢) بەم کارە

دەكرێت ڕای ئەرێنیی بەرهەڵستكارانی تورك و هێزە ئاینییەكانیان بۆ لای ڕاپەڕینەكە مسۆگەر بكرێت. ئازادی پێی وابوو ئاینیبوونی سەرهەڵدانەكە لانی كەم دەبێتە هۆی بەرگریكردن لە هاودەنگیی هەموو ئەندامانی مەجلیسی نەتەوەییی تورك لە دژی ڕاپەڕینەكە. ئەگەرچی ڕاپەڕینەكەی شێخ سەعید لە دەستەبەركردنی یەكەتیی ڕێبەرانی شاری و نەریتیدا سەركەوتوو بوو، بەڵام قەت نەیتوانی بەسەر گرفتی یەكخستنی هەموو توێژە ئاینییەكانی كورددا زاڵ بێت و كەمایەسییەكی بەرچاوی ڕاپەڕینەكە بریتی بوو لە هێشتنەوەی عەلەوییەكان لە دەرەوەی بازنەی ڕاپەڕیندا. ترسی عەلەوییەكان لەوەی كە ئەم ڕاپەڕینە لایەنی بەهێزی سوننی و نەقشبەندیی تێدایە و دەتوانێت هەڕەشەیەك بێت لەسەر ئاینی عەلەوییەكان كارێكی وای كرد كە ئەوان خۆ بدەنە پاڵ كەمالیستەكان و دژ بەسەرهەڵدانی شێخ سەعید ڕاوەستن. ڕاپەڕین ئەگەرچی لە سەرەتادا كۆمەڵێك سەركەوتنی وەدەست هێنا، بەڵام هەر زوو تووشی شكست هات و دواتر شێخ و چل و شەش كەس لە هاوكارانی لە دیاربەكر لەدار دران. لە دوا بەشی لێكۆڵینەوەكەیدا ئۆلسۆن باس لە كارتێكەریی ڕاپەڕینەكەی شێخ سەعید دەكات لەسەر پێوەندییە ناونەتەوەیییەكان و ئەوەی كە چۆن ئەم ڕاپەڕینە كار دەكاتە سەر سیاسەتی ئیستیعماریی بەریتانیای مەزن لە ناوچەكە و هەروەها چۆن سیاسەتی دەرەوەی توركیا لەم پێوەندییەدا تووشی گۆڕان دێت. نووسەر هۆكارەكانی سیاسەتی دووڕوویانەی ئینگلیزەكان لەمەڕ كوردەكان دەخاتە ڕوو و باس لەوەی دەكات كە لە كاتێكدا ئینگلیزەكان پشتیوانییان لە كوردەكانی باشوور دەكرد بۆ وەدەستهێنانی جۆرێك لە خودموختاری، بە توندی دژی كوردەكانی باكور ڕادەوەستان.

كتێبەكەی ڕۆبێرت ئۆلسۆن سەرچاوەیەكی گرینگە بۆ تێگەیشتنی یەكێك لە گرینگترین قۆناغەكانی خەباتی كوردان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی. هاوڕانەبوون لەگەڵ هەموو بۆچوونەكانی نووسەر لەسەر

پێناسەکردن و شێوەی دابەشکردنی ناسیۆنالیزمی کورد لەو سەردەمەی باسی لێوە دەکات، نابێ بەمانای چاوپۆشین بێت لە هەوڵی ماندوونەناسانەی ئەو لە وەسەریەکنانی کۆمەڵێک بەڵگەی بەسوود بۆ تیشک خستنە سەر دەورەیەکی گرینگی مێژووی کورد. ئاگاداری لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی شێخ سەعید دەتوانێت یارمەتیدەری ڕوونکردنەوەی کەموکورییەکانی ئەم شۆڕشە و لە هەمان کاتدا کارتێکەرییەکانی لەسەر ڕووداوەکانی دواتری کۆمەڵگەی کورد بێت. هەرچەند ئەم شۆڕشە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا، بەڵام بوو بەپێشینەیەک بۆ پێکهێنانی بیرەوەریی مێژوویی کورد. تەنیا دوو ساڵ دوای شۆڕشەکەی شێخ سەعید، بڵێسەی شۆڕشی کوردان ئەوجار لە چوارچێوەی خۆیبووندا خۆی دەرخست.

## کورد و دەوڵەت

## گەشەی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق، ئێران و تورکیا

خاتوو دێنیز ناتالی لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمەریکاییە کە چەندین ساڵە لە کوردستان دەژیت و لە زانکۆکانی سەلاحەدین و کوردستان لە هەولێر و زانکۆی ئەمەریکایی سلێمانی خەریکی وانەگوتنەوە لە بواری زانستی سیاسیدا بووە. کتێبی کورد و دەوڵەت: گەشەی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق، ئێران و تورکیا لە نووسینی ناتالی لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن زانکۆی سیراکیوزەوە چاپ و بڵاو کراوە. خاتوو ناتالی هەتا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر باشوور، باکور و ڕۆهەڵاتی کوردستان بڵاو کردووەتەوە. ناتالی بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەگەلی جیاوازی ڕۆئاوایی و ڕۆهەڵاتی لایەنی بەڵگەییانەی کتێبەکەی بەهێز کردووە. ئەو بۆ سەلماندنی گریمانە و گونجاندنی تیۆرییە بەکارهاتووەکانی لێکۆڵینەوەکەی پشتی بە ئەرشیڤەکانی ئینگلیزی و فرەنسی بەستووە و کۆمەڵێک بەڵگەی حکوومەتی و سیاسی بوونەتە پاڵپشتی بۆچوونەکانی. شێوازی نووسینی کتێبەکە و دابەشکردنی لێکۆڵینەوەکە بە قۆناغی جیاواز و دۆزینەوەی بنەمای بەڵگەیی بۆ هەر قۆناغێک و بەراوردی قۆناغەکان بەیەکترەوە هاوڕێ لەگەڵ کتێبنامەیەکی دەوڵەمەند و چەندزمانە و ئەنجام وەرگرتنی ڕوون و لۆجیکیانە لەسەر بنەمای باسە شیکارییەکان هەموو لێکرا دەبنە هۆی هەڵکشانی ئاست و شێوازی کارەکەی دێنیز ناتالی.

لەم کتێبەدا مەبەستی سەرەکیی نووسەر بریتییە لە شیکردنەوەی چەمکی کوردایەتی و دەرکەوتی جیاوازی ئەم چەمکە لە بەشە جیاوازەکانی

کوردستاندا. نووسەر کە کوردایەتی وەک ناسنامەی نەتەوەییی کورد پێناسە دەکات هەوڵ دەدات ئەم پرسە شی بکاتەوە کە چۆن ئەم ناسنامەیە بووەتە پرسێکی ئیتنیکی. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە نووسەر کەڵک لە چەمکی فەزای سیاسی وەردەگرێت و دەڵێت کە فەزای سیاسی شتێکە بەردەوام لە گۆڕاندایە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک جیاوازە و خاوەنی تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی. نووسەر هەوڵ دەدات کارتێکەریی گۆڕانی سروشتیی فەزای سیاسی لەسەر پێکهاتەی هەل و دەرفەتەکانی ڕەخساو بۆ هەر بەشەی کوردستان بخاتە بەرباس و بە بەراوردکردنی جیاوازیی ئەم فەزا سیاسییانە، هۆکارەکانی جیاوازیی ئاست و ئاراستەکانی کوردایەتی لە هەر بەشێکی کوردستاندا دەستنیشان بکات (هەڵبەت دەبێ بگوترێ کە نووسەر تەنیا ڕۆهەڵات و باشوور و باکوری کوردستانی کردووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی و هیچ باسێک لەسەر ڕۆئاوای کوردستان ناکات). بەباوەڕی نووسەر شێوەکانی ڕەچاوکراوی خەباتی نەتەوەییی کوردەکان لە بەشە جیاکانی کوردستاندا ئاکامی جیاوازیی فەزای سیاسیی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتانەیە کە حوکمڕانیی کوردستان دەکەن. بەباوەڕی نووسەر شێوازە جۆرەوجۆرەکانی ناسیۆنالیزمی کورد پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆ بوونە بەرامبەر بەو سیاسەتانەی کە وڵاتانی سەردەست لە کوردستاندا بەڕێوەیان بردووە. کاتێک فەزای سیاسیی داخراو بووە و سیاسەتی داپڵۆسێنەر و داخراو لەلایەن دەسەڵاتی زاڵی سیاسیدا بەرامبەر بە ناسنامەی کورد ڕەچاو کراوە پەرچەکرداری سیاسەتی کوردی شتێک نەبووە جگە لە وەڵامێکی توند و بە زەبروزەنگ. بەپێچەوانەوە هەر کاتێک فەزای سیاسی کراوە بووە شێوەی دەربڕینی کوردایەتی، واتا ناسیۆنالیزمی کورد، شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، هێمنانە و نەرمونیان بووە.

نووسەر شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشی بۆ سەلماندنی گریمانەکانی خۆی لەم کتێبەدا ڕەچاو کردووە. شێوەیەک کە هەم لەباری مێژووییەوە و هەمیش

لەباری جوگرافیاییەوە دەری دەخات چۆن جیاوازیی فەزای سیاسی کاری کردووەتە سەر شێوازەکانی ناسیۆنالیزمی کورد. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا نووسەر جیاوازییە سەرەکییەکانی دوا قۆناغەکانی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و قاجار شی دەکاتەوە و سازبوونی سیستمە نوێیەکانی دوای ڕووخانی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە تاوتوێ دەکات. بەم پێیە دامەزراندنی دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق و تورکیا و فەزای سیاسیی هەر کام لەم وڵاتانە بەوردی باس دەکرێت و پێگە و شوێنی کوردەکان لەم فەزایانەدا دەستنیشان دەکرێت. نووسەر مێژووی نوێی هەر کام لەم وڵاتانە بە دوو قۆناغ دابەش دەکات و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی هەر قۆناغێک دەستنیشان دەکات. لە بەشی دوو و سێی کتێبەکەدا عێراق وەک وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراو و دواتر بوونی بەدەوڵەتێکی کۆماریی سەربەخۆ دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوەی نووسەر و هەموو گۆڕانکارییە گرینگەکانی مێژووی ئەم وڵاتە دەخرێنە ڕوو. بەشەکانی سێ و چوار تەرخان کراون بەهەلومەرجی تورکیا لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە هەتا هەوڵە بەرابییەکانی گواستنەوەی ئەم وڵاتە بەرەو دیموکراسییەکی ڕواڵەتی. هەر بەم چەشنە بەشەکانی شەش و حەوتی کتێبەکە باس لە ئێران وەک وڵاتێکی پاشایەتیی دەستووری و دواتر وەک وڵاتێکی کۆماری و ئیسلامی دەکات. بەم جۆرە بەباسکردنی پێشزەمینەی سازبوونی دەوڵەت – نەتەوەکان و ڕووداوەکانی ئەم سێ وڵاتە و گۆڕانکارییەکانی فەزای سیاسی لە هەریەک لەم وڵاتانە و کارتێکەرییان لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد، نووسەر زەوینەی بەراوردی شێوازەکان و ئاراستەی کوردایەتی لەگەڵ یەکتر بۆ خوێنەرەوە دەرەخسێنێت.

بۆ نموونە کاتێک نووسەر باس لە جیاوازیی سیاسەتی گشتیی سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کورداندا دەکات دەڵێت کە لە سەردەمی پاشایەتیدا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا،

کوردایەتی لە کوردستانی ئێراندا، بە بەراورد لەگەڵ عێراق و تورکیادا، شێوە دەربڕینێکی هێمنانەتری هەبووە و هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کراوەتربوونی فەزای سیاسی لە ئێرانی سەردەمی پاشایەتیدا. بەپێچەوانەوە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا فەزای سیاسی بەرتەسکتر دەبێتەوە و میلیتاریزە دەکرێت و ئەمەش بەنۆرەی خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ شێوازی توندوتیژانەی ناسیۆنالیزمی کورد بەرامبەر بەم شێوە سیاسەتە و ئەو فەزا سیاسییە داخراو و بەرتەسکە. بەباوەڕی ناتالی فەزا سیاسییە جۆرەوجۆرەکان بوونەتە هۆی پارچە پارچەبوونی پتری کوردایەتی و شێوە جیاوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لەگەڵ هەمبەرەکانی. بەباوەڕی نووسەر ناسیۆنالیستە کوردەکان بە شێوەیەکی جەوهەرییانە دژی دەوڵەتە سەردەستەکان نەبوونە و بە بەردەوامی خۆیان لە فارس و عەرەب و تورکەکان جیا نەکردووەتەوە. ئەوە ڕادەی کراوەیی و داخراویی فەزای سیاسی بووە کە کارتێکەری هەبووە لەسەر کوردەکان بۆ شێوەی دەربڕینی ناسنامەی خۆیان.

**بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد: هەل، ڕێکخستن و ناسنامە**

بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد: هەل، ڕێکخستن و ناسنامە لە نووسینی دەیڤید ڕۆمانۆ لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەلایەن زانکۆی کەمبریجەوە چاپ و بڵاو کراوە. ڕۆمانۆ لێکۆڵەرەوەی بواری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبییە لە کەنەدا. لێکۆڵینەوەکانی ڕۆمانۆ پتر لەسەر ناسیۆنالیزم و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سنووربەزێن لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستن. ئەم کتێبەی ڕۆمانۆ کە لە ئەساسدا نامەی دوکتۆراکەیەتی باس لە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە سێ وڵاتی تورکیا، ئێران و عێراقدا دەکات و هەروەک لێکۆڵینەوەکەی دێنیز ناتالی ئاماژەیەک بەکوردستانی سووریا ناکات. نووسەر بۆ بەئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەی چەندین ساڵ سەردانی بەشەکانی کوردستانی لە ئێران و عێراق و تورکیا کردووە و زانیاریی بابەتییانەی بۆ کارەکەی کۆ کردووەتەوە و بۆیە لێکۆڵینەوەکە بنەمایەکی بەهێزی ئەزموونی ڕاستەوخۆی خودی نووسەری پێوە دیارە لە گەشتەکانی بۆ کوردستان. نووسەر لە دەستپێکی کتێبەکەیدا چەمکی ئێتنیسیتە شی دەکاتەوە و بەپشتبەستن بە تیۆرییە جیاوازەکانی ئەم بوارە هەوڵ دەدات پێناسەیەکی کارکردییانە بۆ ئەم چەمکە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەیدا کەڵکی شیاو و پێویستی لێ وەربگرێت. دواجار بەباوەڕی نووسەر ئێتنیسیتە بریتییە لە تەونێکی پێچەڵپێچ لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و مێژوویی وەک زمان، باوەڕ، ڕەچەڵەک، فەرهەنگ، خاک، مێژوو و ئەو بایەخانەی بەیەکەوە ناسنامەی تاکێک پێک دێنن (لاپەڕەی ٥). ڕۆمانۆ لەگەڵ بۆچوونەکانی میلتۆن ئێسمان و کراوفۆرد یۆنگ

هاوڕایە کە ناسنامەی ئێتنیکی خاوەنی دینامیزمێکی ئەوتۆیە کە دەکرێت دەستکاری بکرێت و بۆ نموونە لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستییەوە بۆ گۆشدانی جەماوەری کەڵکی لێ وەربگیرێت. بەمجۆرە بە باوەڕی ڕۆمانۆ ئێتنیسیتە جۆرە ناسنامەیەکی گشتیی دیاریکراوە کە لانی کەم توانایی ئەوەی تێدایە ببێتە بنەمایەک بۆ هاندان و گۆشدانی جەماوەر (لاپەڕەی ٧). ئەم بنەما ئێتنیکییە لەلایەن ڕێکخراوی ناسیۆنالیستییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت بۆ سیاسیکردنی قەوارەی ئێتنیکی وەک پێویستییەک بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی. چوارچێوەی تیۆریکی لێکۆڵینەوەکە بۆ لێکدانەوەی سەرهەڵدانی شێوازەکانی ناسیۆنالیزمی کورد بریتییە لە تیۆرییەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەک تیۆری پێکهاتەی سیاسی- کۆمەڵایەتی، تیۆری ڕێکخستنی سەرچاوەکان و، تیۆری ناسنامەی فەرهەنگی. پرسیاری سەرەکیی نووسەر لەم کتێبەدا ئەوەیە کە کەنگێ و چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا بەرهەڵستکاری ئێتنیکی بەرامبەر بە دەوڵەتێک ڕوو دەدا و لە گەڕان بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارەدا تیشک دەخاتە سەر ناسیۆنالیزمی کورد و دینامیزمی ئەم بزووتنەوەیە لە فۆرمە جیاوازەکانیدا. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆمانۆ باس لەوە دەکات کە ڕەوتی زاڵ لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوەکان تەنیا پشت بە یەک لە تیۆرییەکانی ئەم بوارە دەبەستن، بەڵام بەباوەڕی ئەو تێکهەڵکێشێک لە هەرسێ تیۆری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەشێوەیەکی هەمەلایەنەتر کارکرد و چلۆنایەتیی پێشوەچوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی کورد، ڕوون کاتەوە.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەیدا ڕۆمانۆ هەوڵ دەدات بە یارمەتیی تیۆری هەلومەرجی پێکهاتەیی و دەرفەتی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کورد شی بکاتەوە و کۆمەڵێک گریمانە لەم پێوەندییەدا دەخاتە ڕوو. یەک لەو خاڵانەی کە لەم پێوەندییەدا کاری لەسەر کراوە کارتێکەریی کرانەوە یان داخراویی

ڕێژەیی سیستمی جێگرتووی سیاسییە لەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد. ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەی ڕۆمانۆ وێکچوونییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی دێنیز ناتالی و کەڵکوەرگرتنی ئەو لە تیۆری فەزای سیاسی. ڕۆمانۆ بەلێکدانەوەی هەلومەرجی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣ هەتا ١٩٣٨ و بە ئاماژە بە سەرهەڵدانە کوردییەکانی ئەم دەورەیە کۆمەڵێک فاکتۆری وەک سیاسەتی دەوڵەت، ئاستی ئامادەیی پێشەنگی کوردی و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجی ناسیۆنالیزمی کورد و، کارتێکەری سیاسەتی نێونەتەوەیی لە سەرکەوتنی لایەنی دەوڵەت و شکستی لایەنی کوردی دەخاتە بەرباس و دواتر گۆڕانکاریی ئەم فاکتۆرانە لە شێستەکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە تورکیادا و پێشزەمینەکانی سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان تاوتوێ دەکات و جیاوازییەکانی ئەم قۆناغانە شی دەکاتەوە.

لە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەیدا ڕۆمانۆ تیۆری ڕێکخستنی سەرچاوەکان و بڕیاری عەقڵانی تاوتوێ دەکات و گرفتەکانی بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە بۆ لێکدانەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی، دەکات. بەپێی ئەوەی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی ئێتنیکی لە هەنگاوی یەکەمدا بەشوێن ئامانجە ئایدیۆلۆجیکەکانی وەک هەستی گرێدراوی بەگرووپێکی دیاریکراو و بایەخە نەتەوەیی و فەرهەنگی و ناسنامەییەکانەوەیە ناتوانێت لەسەر بنەمای قازانجی مادی گۆش بدرێت ڕێک بخرێت. لەخۆڕا نییە کە پێشەنگی بزووتنەوەی ناسیۆنالسیتی هەموو دەمێ قسە لە فیداکاری و خۆبەخشی دەکات. بەڵام ڕێکخستنی جەماوەری لە ڕاستیدا بەبێ بەڵێنی دەستکەوتی مادی و عەقڵانی ئەستەمە و بۆیە ئامانج و باوەڕەکانی پێشەنگ دەبێت بۆ جەماوەر بکرێت بەئامرازێک بۆ دەستکەوتی دیاریکراوی مادی. ڕۆمانۆ بە لێکدانەوەی پێکهاتەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەرەتادا و دواتر

هەوڵی ئەم پارتە سیاسییە بۆ ڕێکخستنی جەماوەری لە ڕێگەی هێرش بۆ سەر چینی ئاغاوەت نیشانی دەدات چۆن ئەم سیاسەتە بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی جووتیارانی کورد ڕەچاو کراوە. لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا نووسەر بەرهەڵستکاری ناسیۆنالیزمی کورد بەرامبەر بەدەوڵەتی تورک لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە لێک دەداتەوە.

لە بەشی لێکدانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە باشووری کوردستاندا ڕۆمانۆ ئاماژە دەکات بەپرۆژەی سازکردنی دەوڵەتی نوێی عێراق وەک دەوڵەتێکی دوو نەتەوەیی کوردی و عەرەبی لەلایەن وڵاتانی کۆلۆنیالیستەوە. ناسیۆنالیزمی کورد لە باشووری کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە هەمیشە لە هەوڵی سەقامگیرکردن و چەسپاندنی مافەکانی خۆی لەم وڵاتەدا بووە. بەباوەڕی ڕۆمانۆ ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراقدا، بەپێچەوانەی تورکیا، قەت لە هەوڵی ئافراندنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی سیاسیدا نەبووە، چونکە هەبوونی کورد لەم وڵاتەدا حاشای لێ نەکراوە. بەڵام وەفادارنەبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا بە بەڵێنەکانی ساڵی ١٩٢٢ لەمەڕ مافی نەتەوەییی کوردان وای کرد کە کوردەکان دواجار لەژێر ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانیدا خۆ ڕێک بخەن و دژی دەوڵەتی عێراق ڕاوەستن. بەباوەڕی ڕۆمانۆ کۆمەڵێک کێشەی تایفەیی، ئاینی، دەرفەتی بەرتەسک و کەموکووڕییە پێکهاتەیییەکان و نەبوونی پشتیوانیی نێونەتەوەیی وای کرد کە کوردەکان هەتا ساڵی ١٩٩١ نەتوانن دەستکەوتێکی جێگرتووی ئەوتۆ وەدەست بخەن. نووسەر پێی وایە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ئەم وڵاتەدا بەدوای هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر کوێت بووە هۆکاری پێشهاتنی دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردەکان لەباری نێونەتەوەیییەوە. میدیای ڕۆئاوا دەستی دایە هەڵمەتێک بۆ ناساندنی سەدام وەک دیکتاتۆرێک و بۆ سەلماندنی ئەمەش کردەوەکانی سەدامی دژ بەکوردەکان، بۆ نموونە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجەی لە ساڵی ١٩٨٨دا وەک شاهید دەهێنایەوە. دژایەتیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی

لەگەڵ سەدام و ئەو ڕاستییە کە بزووتنەوەی کورد لە باشوور قەت مۆرکی تیرۆریزمی پێوە نەلکابوو، یارمەتییەکی گەورە بوون بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە بزووتنەوەی کورد لە باشوور. ڕۆمانۆ پێی وایە ئەوەی لە دوای ١٩٩١ لە کوردستان ڕووی دا سەلمێنەری کارکردی هاوبەشی ستراتیجی کورد و قۆستنەوەی دەرفەتە نوێیەکانە.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا ڕۆمانۆ دوای باسکردنی مێژووی خەباتی کوردەکان لەو بەشەی کوردستاندا دەڵێت کە بەربەرەکانیی کوردەکانی ئێران لە دژی دەوڵەت هەمیشە هاوکات بووە لەگەڵ سەردەمێک کە دەوڵەت بەدەست تەنگژەیەکەوە نالاندوویەتی. لە کاتێکدا کە کوردەکانی تورکیا زۆرجار بەبێ گوێدان بە لەباریی هەلومەرج دەستیان بەسەرهەڵدان دژی دەوڵەتی تورک کردووە و لە کاتێکدا کە کوردەکانی عێراق بەردەوام لە شەڕێکی نەپساوەدا بوونە دژ بەدەوڵەتی عێراق، کوردەکانی ئێران تەنیا کاتێک کە دەرفەتێکی لەبار لە ئارادا بووە، بۆ نموونە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، ١٩٤٥ و ١٩٧٩دا بەگژ دەوڵەتدا چوونەتەوە. بە ئاماژە بەسەرهەڵدانی سمکۆ، ڕۆمانۆ دەڵێت سەرەڕای ئەوەی سمکۆ خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی بوو نەیتوانی لایەنە تایفەیی/عەشیرەیی و غەیری تایفەییەکانی کورد یەکگرتوو بکات و بەسەر ناسنامە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کورددا لە پێناو دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشدا زاڵ بێت. ئەم هۆکارانە لەگەڵ بەردەوامنەبوونی یارمەتیی هێزی نێونەتەوەیی بوونە زەوینەیەک بۆ شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. بەڵام شکستی ئەم ئەزموونە نەیتوانی بەر بەکارتێکەرییە مێژووییەکەی بگرێت لە ئاستی هەموو کوردستاندا. بەباوەڕی ڕۆمانۆ دوو کەموکووڕیی بەرچاوی بزووتنەوەی کورد لە ئێران ناتوانایی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێکخستنی تێکڕای جەماوەری کورد بەتایبەتی کوردە شیعەکان و، هەروەها لە

ئارادانەبوونی پشتیوانیی نێونەتەوەیی. ڕۆمانۆ کێشەی ڕێکخراوەکانی کورد لەگەڵ یەکتریش وەک هۆکارێکی لاوازیی بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەبینێت.

لێکۆڵینەوەکەی دەیڤید ڕۆمانۆ لەسەر بنەمای سەرچاوە ئینگلیزییەکانە و شوێنی سەرچاوە بە زمانەکانی ڕۆهەڵاتی تێدا نابیندرێت. جیاوازییەکی بەرچاوی کارەکەی ڕۆمانۆ لەگەڵ بەرهەمە ڕۆئاواییەکانی تر لایەنی زاڵی تیۆرییانەی لێکۆڵینەوەکەیەتی. چڕبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەژمارەیەکی زۆر چەمک و دەستەواژەی ئەکادیمییانە بووەتە هۆی قورسکردنی خوێندنەوەی کتێبەکە بۆ خوێنەرەوەیەک کە شارەزای باسی تیۆرییانەی لەم چەشنە نەبێت. لە هەمان کاتدا دەبێ بڵێم کە تێکهەڵکێشانی تیۆریگەلی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ لێکدانەوەی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد کارێکی گرینگە و ڕۆمانۆ بەم کارەی هەنگاوێکی گەورەی بەرەو ڕاڤەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییانەوە هەڵێناوەتەوە.

## کوردستان: بەهێزکردنی خودە نەتەوەییەکان

تازەترین بەرهەمی ئەکادیمییانە کە لەسەر کوردستان لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی بێرگەوە بڵاو بووەتەوە کتێبی کریستۆفێر هیوستن مرۆڤناسی ئوسترالیاییە بەنێوی کوردستان: بەهێزکردنی خودە نەتەوەییەکان. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی پێکهاتە و سازبوونی ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییەکان لەو وڵاتانەی کە بەسەر کورداندا حوکم دەکەن، واتا وڵاتانی تورکیا، ئێران و عێراق. کتێبەکە وێڕای پێشەکی و بەرەنجام لە پێنج بەش و کتێبنامە و ئیندێکسێکی بابەتییانەی پڕ لە وردەکاری پێک هاتووە. لە پێشەکیی کتێبەکەدا بۆچوونە تیۆریکەکانی نووسەر دەستنیشان کراون و بەشی یەکەمیش تەرخان کراوە بە "بەنەتەوەییکردنی ڕەچەڵەکەکان". لەسەر بنەمای ئاماژەی ورد بەمێژوونووسی هاوچەرخی تورکی و بیری بنج و بنەوان و ڕەچەڵەک، نووسەر باس لە چلۆنایەتیی بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزمی تورک و بەهێزکردنی دەکات لە ڕێگەی بەستێنە جیاوازەکانی وەک کتێبەکانی خوێندن، پەرلەمان، میدیا و ڕاگەیاندن، ئەکادیمیا و هەروەها فەرهەنگی ئەدەبیی جەماوەری. بەباوەڕی نووسەر هەستی باڵادەستیی تورکەکان و زایەڵەی بەردەوامی ئەم هەستە لە تورکیا لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی لەدایکبوون و سازکردنی ناسنامەی کوردی و گەڕانی ئەم ناسنامەیە بەشوێن ڕەچەڵەکی تایبەتیی خۆیدا. ئەمە دیاردەیەکی دیالێکتیکییە و لە عێراق و ئێرانیشدا دووپات ڕوو دەدات. لە بەشی دووەمدا هیوستن پتر لەو ڕووداوە مێژووییانە ورد دەبێتەوە کە لە ناساندنی کوردەکان و ناسنامەی ئەواندا کارتێکەرییان هەبووە. بۆ ئەم مەبەستە ئەو

ئاوڕ له مێـژووی سـەرەتاکانی سـەدەی شـازدەم هەتا سـەرەتاکـانی سـەدەی بیستـەم دەداتەوە. ئەو هـەوڵ دەدات کە خـوێندنەوەی ئێستـای کوردەکان لەم ڕووداوانە بخـاتـە ڕوو بۆ ئەوەی ڕوونی کـاتەوە چـۆن ڕووداوگـەلی مـێـژوویی بەمـەبەسـتی بەهێـزکـردنی خـودە نـەتەوەییـەکـان لێک دەدرێتـەوە و ڕاڤـە دەکرێن. لە بەشـی سـێیـەمدا لێکدانەوەی مـرۆڤناسـانە لەسـەر کـۆمـەڵێک لەو لێکۆڵینەوانە دەکات کە لەسـەر کـورد نووسـراون. ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەو بۆ هەڵسـەنگاندنێکی مـرۆڤنـاسـانـە هەڵی بژاردوون هـەمـوویـان بەرهـەمی لێکۆڵەرەوانی ڕۆژئاوایین. تـەنیـا ڕیزپەڕ بەرهـەمـێکی لێکۆڵەرەوەی ناسـراوی تورک ئیـسـمـاعیـل بێـشکـچـییە. بـەشی پێنجـەمی کـتـێـبەکـە هەوڵێکە بۆ دەستنیشـانکردنی کۆدەق و بەستێنی گوتارگەلی لەمەڕ کورد لە چوارچێوەی کردەوە و سیاسەتی سنووربەزێنی دەوڵەتەکانی ناوچە. لەم بەشەدا هـەروەها پێناسـەیەکی بە وردەڕیشـاڵیش لە کـەمـالیـزم وەک گوتاری زاڵ و ناوەندی لە پرۆژەکـانی نەتـەوەسـازی لە ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاسـتـدا پێشـکێش کـراوە. دوایین بەشـی کـتـێـبـەکـە گـەڕانـە بەشـوێن "نیـشـتـەجـێـبـوونی کـورد لە "شـاری کەمالیستی"دا". لێرەدا نووسـەر بەکورتی باس لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پایەتەختـەکانی دەوڵەتی کەمـالیستی دەکات و ئەو ڕێگەیانەی ناسیـۆنالیزمی عـەرەب، فـارس و تورک بۆ جـێگیـرکـردنـی گـێـڕانەوەی خـۆیان لە شـێـوەی حـوکـمکردن گـرتـوویانەتە بـەر دەسـتـنیـشـان دەکـات. بەباوەڕی هیـوستن بەڕێوەچوونی دەستەڵاتی ئەم ناسیۆنالیزمانە لە کاتی دروستکردنی ژینگە و بیناسـازییـەکی "شـاری کـەمـالیـسـتـییـەوە" وەک دەسـەڵاتێکی نیشـانەیی و ڕەمـزییـانە دەسـتـەبـەر بووە. "کەمـالیزم" ئەو چەمکەی بەردەوام لەم کتێبـەدا دووپات دەبێتـەوە برێتییـە لە "گـوتارێکی زاڵی سنووربەزێن" کە "سـازکـەری پرۆژەیەکی حوکمداریی گشتییە بۆ دەستنیشـانکردنی سیـاسـەتی دەوڵەت لە عێراق و تورکیـادا. هـەروەها ئێرانی ئیـسلامـییـش مێژوویەکی کـارتێکەر و دوور و درێژی کەمالیستی لە ڕابردوودا و تەنانەت لە ئێستاشدا هەیە."

هیوستن دەیەوێت لەلایەکەوە پرۆسەی "بەرهەمهێنانی زانست سەبارەت بە کوردان" تاوتوێ بکات و لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی ئەم پرۆسەیە بە "دامەزراندنی نەتەوە لەلایەن دەوڵەتەکانی عێراق، ئێران و تورکیاوە" بخاتە بەرباس. نووسەر بەشیکردنەوەی شێواز و مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی دەڵێت کە ئەو نایەوێت "کورتە مێژووی کوردەکان بنووسێتەوە"، بگرە مەبەستی سەرەکیی ئەو دیاریکردنی مێژوونووسیی کوردییە لە چوارچێوەی "کۆدەق و بەستێنی شیاوی خۆیدا کە بریتییە لەو شۆڕش و گۆڕانکارییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییانە کە لەلایەن دەوڵەتە کەمالیستییەکانی تورکیا، عێراق و ئێرانەوە بەڕێوە چووە."

ئەگەرچی سنوورەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرفەتی ئەوە بەنووسەر نادات کە "بەهێزکردنی خودە نەتەوەییەکان لە کوردستانی عێراقدا کە ئێستا لە ئارادان" بخاتە بەرباس و لێی بکۆڵێتەوە، بەڵام بێ هیچ دوودڵییەک ئەزموونی کوردەکانی عێراق وەک دامەزراندنی "یەکەمین دەوڵەتی کوردیی کەمالیستی" بەنێو دەکات. ڕوون نییە بۆچی هیوستن ئەزموونی کۆماری کوردستان لە کوردستانی ئێران لە ١٩٤٦دا وەپشتگوێ دەخات و ئەم ئەزموونە وەک "یەکەم" هەوڵی کوردەکان بەرەو بەکردەوەکردنی حوکمکردنی خۆماڵی دانانێت. بەرتەسکبوونی سنوورەکانی لێکۆڵینەوە ناتوانێت پاساو بێت بۆ ئەم بڕیارە بەپەلەیە لەسەر ناونانی ئەزموونی کوردەکان لە عێراق و بەڕێوەبردنی بەشێکی زۆر لە وڵاتەکەیان لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا بە "دەوڵەتێکی کوردیی کەمالیستی".

هەروەک کتێبەکانی دێنیز ناتالی و دەیڤید ڕۆمانۆ لەم کتێبەشدا هیچ ئاماژەیەک بە کوردەکانی سووریا نەکراوە و بۆ نەکردنی ئەم کارەش هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە کتێبەکەدا نەهاتووە. لایەنێکی بەرچاو و بەهێزی ئەم کتێبە بریتییە لە کەڵکوەرگرتنی بەربڵاوی نووسەر لە سەرچاوەگەلێکی زۆری دەستی یەکەم بە زمانی تورکی و وەرگێڕانی دروستی دەقە تورکییەکانە بۆ

سەر زمانی ئینگلیزی. بەڵام کە دەگاتە سەرچاوەکانی سەبارەت بە کوردان، هەموو سەرچاوە کەڵک لێ وەرگیراوەکان بە زمانگەلی غەیری کوردین. تەنانەت هێندێک جار دەستنیشانکردنی هێندێک لە سەرچاوەکان لەمەڕ مێژووی کورد سەرچاوەی دەستی یەکەم و ڕەسەن نین. بۆ نموونە ئەو سەرچاوەیەی بۆ "یەکەم دابەشکردنی" کوردستان (لاپەڕە ۲)، ڕووداوێکی ناوەندیی لە مێژوونووسیی کوردیدا، ئاماژەی پێ دەکرێت دڵنیاترین و کۆنترین سەرچاوە نییە و پێشتر لە زۆر سەرچاوەی تری مێژووییدا هەم بە زمانی ئینگلیزی و هەمیش بە زمانی کوردی، ئاماژەی پێ کراوە. هێندێک کەموکووڕی لێرە و لەوێی کتێبەکە ناکرێت چاوپۆشییان لێ بکرێت و دەبێ مرۆڤ هیوادار بێت لە چاپەکانی دواتردا ڕاست بکرێنەوە. بۆ نموونە ئاماژە بەکوردستانی ئێران تەنیا لە چوارچێوەی "پارێزگای کوردستان"دا (لاپەڕە ۳) و دەستنیشانکردنی ڕێککەوتێکی هەڵە بۆ شۆڕشی سپیی ئێران (لاپەڕە ۱۳۵) ناتوانێت لە بەرهەمێکی ئاوادا چاوەڕوانی بکرێت. ئەگەرچی ئەوە بۆچوون و دەربڕینێکی تەواو گشتییە کە بە یەک ناو و چەمک پێواژۆ جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم لە ئێران و عێراق و تورکیادا دەستنیشان بکرێن، بەڵام بەباوەڕی من ڕای نووسەر لەمەڕ بە کەمالیست دانانی ئەو وڵاتانە لە جێی خۆیدایە تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر داسەپاندنی ناسنامەیەکی ئیتنیکی بەسەر گرووپە ئیتنیکییەکانی تردا. بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازیی ڕەوتی ناسیۆنالیستی لەم سێ وڵاتەدا، با کەمیش بێت، نابێت چاوپۆشیی لێ بکرێت. بۆ نموونە مرۆڤ دەکرێت ئاماژە بەسیاسەتی زمانیی بەڕێوەچوو لەمەڕ کوردەکان بکات لە سەردەمی مانداتدا و بگرە دواتریش لە عێراق و جیاوازییە بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران هەر لەم بوارەدا لەسەر زمانی کوردی.

لە کاتێکدا نووسەر پێشنیازی سڕینەوەی کەمالیزم دەکات کە بەباوەڕی ئەو بریتییە لە "کۆمەڵێک چاکسازی لە بوارەکانی پەروەردە و مێژوونووسی و

نووسینەوەی فەرهەنگی ئیتنیکی" و لایەنە جۆرەوجۆرەکانی هونەر و زماندا، ئەو ئاماژەیەکی دیار بەو هێز یاخۆ هێزانە نادات کە دەتوانن ئەم ئەرکە گرینگە جێبەجێ بکەن. خوێنەرەوە دەتوانێت پرسیار بکات گەلۆ هەموو جۆرە چاکسازییەک لە بوارە ئاماژەپێکراوەکاندا دەتوانێت ڕزگاربوون لە "شاری کەمالیستی" مسۆگەر بکات. باسی نووسەر سەبارەت بەئامرازەکانی سڕینەوەی کەمالیزم هیواگەیێن کاتێک دەڵێت بۆ دەستەبەرکردنی گۆڕان دەبێ "چوارچێوەی" کەمالیزم بکرێتە ئامانج. ئەو لە دەستنیشانکردنی ڕێگەکانی بە ئامانجگرتنی کەمالیزمدا پێشنیاز دەکات کە "ئەو مێژووەی لە خوێندنگە و زانکۆکاندا بە دەرس دەگوترێتەوە" دەبێ تووشی گۆڕان بێت. ئەو هەروەها پێشنیاز دەکات کە "دەبێ لایەنی نەتەوەیی لە گوتاری زاڵی عوسمانی لەمەڕ مێژووی کورد بسڕێتەوە" و دەبێ سەربەخۆیی هونەری گشتی و جەماوەری بپارێزرێت و دەبێت "نووسینەوەی فەرهەنگی کەمالیستی" و کارتێکەرییەکی لەسەر گوتاری نووسینەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگەی کورد هەڵبوەشێتەوە و بنەماشکێنی بکرێت. سڕینەوەی کەمالیزم لە "شاری کەمالیستی" "بە پلورالکردنی یاسا و ڕێسا سیاسییەکان و گرامێری شارە کەمالیستییەکان" وەدی دێت. هیوستن بەئاماژە بە شیعرێکی والت وایتمەن سەبارەت بە فرە ڕەهەندی بەدروستی بیر لەوە دەکاتەوە کە تۆ بڵێی باشتر وانەبێت بایەخێکی سەربەخۆیانە بدرێت بەناسنامە خەیاڵییەکانی دەرەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆ نموونە ناسنامەگەلی ناوچەیی، خێزانی، پیشەیی، جینسی و... هتد؟

کریستۆفێر هیوستن بەرهەمێکی سەرنج ڕاکێشی لەسەر پرسی کورد و دەور و ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیای کەمالیستی لەسەر ئەم پرسە لە بوارەکانی گوتاری کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەوە، نووسیوە. ئەم کتێبە ئاسۆی نوێ بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد و چارەسەرکردنی ئەم پرسە وەک یەک لە سەرەکیترین گرفتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، وەدیار دەخات. ئەنجامەکانی

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانن لە باری پێشکێشکردنی چوارچێوەیەک بۆ نەتەوەسازی لە دەرەوەی بۆچوونە ئیتنیکییەکان زۆر بەسوود بن. هیوستن بەدروستی باس لە پێداویستیی سڕینەوەی کەمالیزم لە ڕێگەچارەی دەوڵەتی کەمالیستی دەکات. بەڵام ئەوەی کە چ هێزگەلێک توانای بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە گرینگەیان هەیە و چۆن دەتوانن وەدیهێنەری ئەم ئاواتە بن، پرسێکە دەبێ چاوەڕوانی وەڵامی بین.

ناونیشانی ئەو کتێبانەی لەم نووسینەدا خوێندراونەوە


Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its origins and Development,) (New York: Syracuse University Press (2006

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and Sheikh Said Rebellion: 1880-1925 (Texas: Texas University Press, 1989)

Denise Natali, The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran, (New York: Syracuse University Press, 2005)

David Romano, The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity, (Cambridge: Cambridge University Press, 2006)

Christopher Houston, Kurdistan: Crafting of National Selves (Oxford and New York: Berg, 2008)

## هەڵوێستی ٥٣ نەفەر و چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک

لە مێژووی ٢٠- ٤- ٢٠٠٨دا داواکارییەک بە ئیمزای ٥٣ نووسەر و چالاکی بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی بڵاو بووەتەوە کە تێیدا داوا لە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەکرێت کرمانجیی خواروو بە زمانی فەرمیی ئەو بەشەی کوردستان بناسێندرێت. بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم داواکارییە هێندێک لە ئاخێوەرانی کرمانجیی سەروو کاردانەوەیەکی توندیان نیشان دا و بەکردەوە دوو بەرەی دژ بەیەکتر شکڵیان گرت و وێ دەچێت ئەم باسە بەم زووانە کۆتاییی پێ نەیەت. لە هەمان کاتدا چەند زماناس و زمانزانی کوردیش لە چەند ڕوونکردنەوەی جیاوازدا بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە گرینگە بڵاو کردووەتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی کۆمەڵێک سەرنجی خۆم لەم بارەوە بخەمە ڕوو و هیوادارم بەنۆرەی خۆم هاندەر و ڕێگەخۆشکەری باسێکی وردی زانستییانە و بەرپرسیارانە بم لەسەر یەکێک لە گرینگترین نیشانەکانی ناسنامەی کوردبوون واتا زمانی کوردی.

١- زمان دیاردەیەکە کە لە ڕەوتێکی مێژووییدا سەر هەڵدەدات و لە ڕەوتێکی مێژووییشدا گەشە دەکات. زۆر هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری لە دەرەوەی گەشەی سروشتییانەی زمان دەبنە هۆی پەرەگرتن یان لەناوچوونی زمانێک. ژمارەی ئەو زمانانەی لە سەرەتای هاتنە ئارای یەکەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤەوە هەتا ئێستا قسەیان پێ کراوە لە بەپارێزترین ئاستدا پتر لە ١٥٠٠٠٠ زمان بوونە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ژمارەی زمانەکان گەیشتووەتە نزیکەی ٦٠٠٠ و پێشبینی دەکرێت تا کۆتاییی سەدەی بیست و یەکەم ئەم ژمارەیە دابەزێت بۆ کەمتر لە ١٠٠٠ زمان.

سەرەڕای ئەم ڕێژە گەورەیەی مەرگی زمانەکان، هەتا ئێستاش زمان وەک خاڵی سەرەکیی ناسنامەی مرۆڤەکان و نەتەوەکان سەیری دەکرێت.

٢- بابەتی ستانداردکردنی زمان لە دەرەوەی گەشەی سروشتییانەی زاراوەکان لە ڕەوتێکی مێژوویيدا، بریتییە لە هەوڵی بە پلانی دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیری بۆ ئافراندن، گەڵاڵەکردن و بەناوەندکردنی زمانێک یان زاراوەیەک، بۆ دەستەبەرکردنی زمانێکی فەرمی وەک ئامرازی پێوەندی لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیدا کە لە شێوەی دەوڵەت - نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە.

٣- ڕەوتی زاڵبوونی زاراوەیەک یان زمانێک بەسەر زمان و زاراوەکانی تردا بەهۆی هۆکارگەلی سیاسی، کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆرجاران شێوەیەکی نادیموکراتییانەی بەخۆوە بینیوە. ئەگەر کردەیەکی وا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا توانیبێتی بەبێ نانەوەی گرفتی زۆر، سەرکەوتوو بێت، لەم سەردەمەدا ئەستەمە کارێکی ئەوتۆ بەسانایی سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.

٤- دەوڵەت - نەتەوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا بە زەبروزەنگ توانییان زمانی گرووپگەلێکی ئیتنیکیی تایبەت بەسەر زمانەکانی تردا زاڵ بکەن. سیاسەتی مستەفا کەمال لە تورکیا و ڕەزا خانی پەهلەوی لە ئێران نموونەی بەرچاوی ملهوڕیی سیاسین کە ڕەوتی سەپاندنی زمانێک و سڕینەوەی زمانەکانی تر دەکاتە ئامانجی سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەست و یەکزمان.

٥- پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی خاوەنی تایبەتمەندییەکی سنووربەزێنە و هەر دەستکەوتێکی سیاسی و کولتووری لە بەشێکی کوردستاندا ڕاستەوخۆ کارتێکەریی دەبێت لە بەشەکانی تری کوردستاندا.

٦- دابەشبوونی کوردستان بووەتە هۆی بێبەریبوونی زمانی کوردی و زاراوەکانی لە تێپەڕکردنی گەشەیەکی سروشتییانە. ئەم دابەشبوونە لە

هەمان کاتدا زاراوە کوردییەکانی خستووەتە ناو هەلومەرجی جیاواز. لە کاتێکدا کە لە بەشێک لە کوردستان هەلومەرجێکی کەم تا زۆر لەبار بۆ زاراوەی کرمانجیی خواروو ڕەخسا، کرمانجیی سەروو کەوتە بەر هێرشی شۆڤێنیستانەی دەسەڵاتدارانی تورک و بۆ ماوەی هەشت دەیە هەوڵی سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی درا. هەوڵی کوردەکانی باکوری کوردستان بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی زمانی کوردی سەرەڕای زەختی زۆری ناحەزانی ئەم زمانە ئەزموونێکی پڕ بایەخە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت.

٧- کوردان وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە هەوڵ و خەباتی بێ وچانی خۆیاندا بە درێژاییی سەدەی بیستەم، سەرەڕای کەندوکۆسپی زۆر، توانییان هەستی هاوبەشی هۆگری بەپرسی نەتەوەیی بپارێزن و خۆ وەک نەتەوەیەکی حاشالێکراو نیشان بدەن.

٨- دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی، کرمانجیی سەروو و خواروو ئەوەندە لێک نزیکن کە ناکرێ وەک دوو زمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت. لە هەمان کاتدا ئەم دوو زاراوەیە ئەوەندەش لە یەکتر جیاوازن کە ناکرێ وەک یەک زمان دابندرێن. هۆگریی کوردان بەیەکتر لە دەرەوەی سنوورە فەرمییەکاندا، لایەنێکی بەهێزی کوردایەتییە و ڕەوا نییە جیاوازیی زاراوەیی بکرێتە لەمپەرێک لەسەر ڕێگەی هاوچارەنووسیی مێژوویی ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتەدا.

٩- دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی ناتوانێ بەفەرمیکردنی زاراوەیەک و پشتگوێخستنی زاراوەکانی تر وەدی بێت. بەپێچەوانە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ سەردەستکردنی زاراوەیەک دەبێتە هۆکاری سنوورکێشانێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان ئاخێوەرانی زاراوە کوردییەکاندا.

١٠- وێ دەچێت بە لە بەرچاوگرتنی فاکتۆرگەلی جیاوازەوە پێشنیازی دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور لەمەڕ دوو ستانداردبوونی زمانی کوردی شیاوترین و گونجاوترین ڕێگەی هەڵسوکەوتکردن بێت لەگەڵ زمانی کوردیدا.

١١- بەباوەڕی من لە جیاتیی بە هەدەردانی وزەیەکی زۆری ڕۆشنبیری بۆ سەپاندنی زاراوەیەک بەسەر زاراوەکانی تردا دەبێت پێشەنگی ڕۆشنبیری و سیاسیی کورد بیر لە پەرەپێدانی زاراوە سەرەکییەکان بکاتەوە و گرفتی زۆری ئەم زاراوانە لە بواری وشەڕۆنان، ڕێنووس و ڕێزمان چارەسەر بکات. دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان دەبێ ڕێگەخۆشکەری ئەم ڕەوتە بێت. ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو ٥٠٠٠ زمانەدا نەبێت کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا لەناو دەچن، دەبێ بیر لە گەشەپێدانی زمانی کوردی بەهەردوو زاراوە سەرەکییەکەیەوە بکەینەوە و هەلومەرجی پەروەردە و بەکارهێنانی لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و زانستدا بۆ برەخسێنین.

١٢- باسێکی لەم چەشنە نەک هەر لە بواری زمانی بگرە لە بواری سیاسیشدا هەستیارە و چارەسەرکردنی لە دەرەوەی داواکاریی هاوبەشی ناوچەگەرایییانەدایە. ئەزموونەکانی سیاسەتی زمانی زۆر نەتەوەی تر دەتوانن یارمەتیدەری ئێمە بن بۆ دۆزینەوەی شیاوترین ڕێگەی چارەسەرکردنی پرسی زمان. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی دوو یا چەند زمانی ستانداردیان هەیە دەتوانێ بۆ ئێمە زۆر بەکەڵک بێ. ئەزموونی هیندییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ڕێنووس و جیاوازیی زۆری زمانی دەکرێت کەڵکی لێ وەرگیرێت. ئەزموونی یەهوودییەکان لە ژیاندنەوەی زمانێکی مردوودا دەتوانێت هەستیاریی پرسی زمانمان بۆ سازکردنی نەتەوە وەبیر بخاتەوە.

١٣- باسی زمان و سیاسەتی زمانی و کولتووری پێویستی بە شارەزایی و زمانێکی تەکنیکی و پسپۆڕانە هەیە، زمانێک کە دوور بێت لە توندی و بێ ڕێزی. هەوڵدان بۆ وەڕێخستنی باسی زانستی و زمانناسانە ئەرکێکی ئینسانی و کوردانەیە.

# ناسنامە و زمان

ئەگەر ناسنامە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت زمان وەک لایەنێکی ئەم ناسنامەیە خاوەن پێگە و شوێنێکی ناوەندییە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم پێوەندیی ناسنامە و زمان بەیەکترەوە، هەرچەند بەکورتی، بخەمە بەرباس. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا هەوڵ دەدەم ناسنامە پێناسە بکەم و دواتر بەئاماژە بە گرینگیی زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵێک لە بیرمەندانی بواری ناسنامە و زمانەوە تیشک بخەمە سەر ڕۆڵی زمان لە سازکردنی ناسنامەدا. بەئاماژە بە ڕۆڵی زمان لە سەردەمی مۆدێرن و پێشمۆدێرن لە ئاراستەکردنی ناسنامەی تاک و گرووپدا هەوڵ دەدەم جیاوازیی ڕۆڵی زمان لەم دوو قۆناغەدا ڕوون کەمەوە. بۆ نیشاندانی گرینگیی زمان لە خەملاندنی ناسنامەی نەتەوەییدا ئاماژە بەئەزموونی یەهوودییەکان دەکەم لە زیندووکردنەوەی زمانی عیبریدا. لە کۆتاییدا و لەسەر بنەمای پرسی ناسنامە و زمان بەمەبەستی هەنگاونان بەرەو گەشەپێدانی زمانی کوردی چەند خاڵێک لە شێوەی پێشنیازدا ئاراستە دەکەم.

لە گوتاری کوردی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک وشەی جیاواز، بۆ نموونە پێناسە، هۆوییەت، هەوێتی، شوناس، شناس، ناسنامە، ناسە، پێناس، هەویەت و زانا و بۆ گوزارەکردن لە چەمکی "identity" بەکار هاتوون. من پێشتر باسی گرفتی وشەیی و چەمکییانەی بەرامبەرێکی شیاوم بۆ "identity" کردووە و دواجار لەسەر ئەوە ساغ بوومەتەوە کە لە نەبوونی وشەیەکی جێگرتوودا "ناسنامە" وەک هاومانایەکی چەمکییانە بۆ

"identity" بەكار دێنم (ئەحمەدزادە ٢٠٠٩). باسە تیۆریكەكانی سەبارەت بەناسنامە لە دەوری دوو تەوەری جیاوازدا دەسوورێنەوە. لە كاتێكدا پێشتر ناسنامە وەک شتێكی نەگۆڕ و تۆكمە و جەوهەری دەبیندرا، بۆچوونەكانی دواتر، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەملاوە، پێ لەسەر لایەنی دژە جەوهەریی ناسنامە دادەگرن و پێیان وایە ناسنامە بەرهەمی گوتاری زمانییە و لە پێوەندییەكی نزیكدایە لەگەڵ كردەوە و سازییە كۆمەڵایەتییەكاندا. لە ڕوانگەیەكی لاكانیشەوە ناسنامە هەم گرێدراوی "ئەوی" ترە و هەمیش سازكراوێكی زمانی و گوتارییانەیە و لە هەمان كاتیشدا لە گۆڕانی بەردەوامدایە و قەت ناگاتە خاڵی كۆتایی.

كاتێک لە جیهانی ئەمڕۆدا قسە لەسەر ناسنامە دەكەین هەروەک زیگمۆند باومان ئاماژە دەكات، پێناسەكردنی هەموو شتێک تووشی گرفت دێت. جیهانیبوون كە كاری كردووەتە سەر هەموو لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ، بۆچوونە ڕاستەوخۆیەكانی پێشووی لەسەر ناسنامە تووشی گرفت و پێچەڵپێچی كردووە. سەبارەت بە ناوەندبوون و پێداویستیی ناسنامە لە ڕۆژگاری ئێستادا، باومان (٢٠٠٤: ١٦–١٧) دەڵێت "تەنیا چەند دەیە لەمەوبەر "ناسنامە" لە هیچ شوێنێكدا لە ناوەندی ئەندێشەكانی ئێمە نزیک نەبوو، بگرە تەنێ بابەتێک بوو بۆ تێڕامانی فەلسەفی. بەڵام ئەمڕۆ "ناسنام" "بەرزترین گوتاری شار"، داغترین باسە لەسەر زمانی هەر كەسێک و لە مێشكی هەر كەسێكدا." بەرهەمەكانی باومان لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە ڕادەیەكی زۆر باس لە جیهانیبوون و ئەنجامەكانی جیهانیبوونە لەسەر پرسی ناسنامە. ڤێكی لە سەرەتایەک كە بۆ چاوپێكەوتنەكانی خۆی لەگەڵ باوماندا نووسیویەتی، دەڵێت لای باومان جیهانیبوون بریتییە لە "وەرچەرخانێكی گەورە كە كاری كردووەتە سەر پێكهاتەی دەوڵەتان، هەلومەرجی كار، پێوەندییە ناودەوڵەتییەكان، زەینییەتی گشتی، بەرهەمە كولتوورییەكان، ژیانی ڕۆژانە و پێوەندیی نێوان خود و ئەوانی تر" (ڤێكی

٢٠٠٤: ٥). بەم تابلۆ گشتییەی کارتێکەریی جیهانیبوون، مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکات ئەدی کارتێکەریی ئەم دیاردەیە دەبێت لەسەر نەتەوەیەکی حاشالێکراو، داپڵۆساو و پەراوێزکراوی بێدەوڵەتی وەک کورد کە بە درێژاییی هەموو سەردەمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان دوو جەمسەری ڕزگاری و سەرکوتکردندا لە هاتوچۆدا بووە، چۆن و چی بێت؟ خود و ئەوانی تری کوردی لە سەردەمی جیهانیبووندا چ تایبەتمەندییەکیان بە پرسی ناسنامە لای کورد داوە؟ دەبێ بەر لە هەر شتێک پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە بکرێت کە ناسنامە بە هیچ شێوەیەک شتێکی ڕاوەستاو و نەگۆڕ نییە، بگرە "پرۆسە یان ڕەوتێکی بەردەوامە کە قەت تەواوبوونی نییە" (هال ١٩٩٦: ٢). لایەنێکی گرینگی تری ئەم ڕاستییە برێتییە لە سروشتی سازکراوی ناسنامە. "ناسنامە هەلومەرجی هەستیناسانەی پرۆژەییانە و ئافرێندراوی هەیە. کاتێک دەڵێین "ناسنامەی ئافرێندراو" لە ڕاستیدا وشەیەکمان زیادی گوتووە، چونکە هیچ ناسنامەیەک نییە و ناتوانێت هەبێت کە ئافرێندراو نەبێت" (باومان ١٩٩٦: ١٩). ناسنامە هەڵگری ڕەهەند و پێوەری جیاوازە. بۆ نموونە هەموو کەس خاوەنی ناسنامەیەکە وەک تاک و هەروەها وەک ئەندامێک لەناو گرووپێکدا. بەباوەڕی پارێخ ناسنامەی کۆمەڵگەیەک برێتییە لە "هێشوویەک لە جووڵە و ڕەوتگەلی لێک گرێدراو و لە هەمان کاتدا تا ڕادەیەک والا کە بەرەو ئاراستەی جیاواز لە هاتوچۆدان و توانای ئەوەیان هەیە کە بە ئاراستەی جیاوازدا گەشە بکەن و ببنە خاوەنی جۆرە هاوکێشەییەک" (پارێخ ١٩٩٤: ٥٠٤). یەک لەو ناسنامانەی کە بەشێوەی سیاسی و کولتووری ساز دەکرێت ناسنامەی نەتەوەییە و لە ڕاستیشدا ئەم چەشنە ناسنامەیە پتر لە هەموو جۆرە ناسنامەیەک ئاماژەی پێ دەکرێت و قسەوباسی لەسەر دەکرێت. ئەگەرچی زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی ئاماژەیە بەناسنامەیەک کە لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەیەکدا دەئافرێندرێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت ئەم ناسنامەیە تەنیا لە سنوورەکانی

پێکهاتەی دەوڵەت–نەتەوەدا بەرتەسک کاتەوە. لە ڕوانگەی پارێخەوە (١٩٩٩: ٦٩) ناسنامـەی نەتەوەیی بەر لە هەر شـتێک برێتـیـیـە لـە گرێدراوی بە "کـۆمـەڵگەیەکی دیاریکراو لەسـەر بنەمـای هۆگریـی هاوبەش." نەتەوە بێ دەوڵەتەکان یاخۆ نەتەوەکان وەک خەڵکیش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە ئەوان لە نەتەوەکانی تر جیا دەکەنەوە. خاڵێکی تری گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناسنامەدا، چ وەک تاک و چ وەک کۆ، برێتییە لە پێداویستیی هـەبوونی "ئەوی تر". بەواتایەکی تر هیچ ناسنامـەیەک بە شـێـوەیەکی سەربەخۆ هەبوونی نییە و ئەوە تەنیا لە هەبوونی جیاوازی لە نێوان "خود" و "ئەوی تر"دایە کـە ناسنامـە دێتـە ئاراوە. لە ڕاسـتـیـدا بۆ ئافـراندنی ناسنامەیەک، پێشتر ئافراندنی ئەوی تر دەبێتە پێویستییەک. ئەم ڕاستییە لەلایەن، بۆ نموونە، ئێـدوارد سـەعـیـدەوە بووەتە هەوێنی لێکدانەوە بەنێوبانگەکەی لەسـەر "ئۆریەنتـالیـزم"، کـە لەناو ئێمـەدا بە هەڵە وەک ڕۆهەڵاتناسی ناوی دەرکردووە. (لە ڕاستیدا لێرەدا "ئۆریەنتالیزم" بە مانای هۆگـری و حـەزکـردن لـە ڕۆهەڵاتە.) تا ئەو جـێگەیەی دەگـەڕێتـەوە سـەر گرینگیی "جیـاوازی" لە ئافراندنی ناسنامەدا، دەکرێ مرۆڤ بەتێڕادیوی بڵێت کە "جیاوازی" لە بۆچوونێکی دێریداییانەدا تەنیا ئامرازی ئافراندنی مـانایە و لە بواری ناسنامـەشـدا وەک هال بەدروسـتی دەڵێت ناسنامـە لە هەناوی جیاوازیدا ساز دەکرێت نەک لە دەرەوەی جیاوازیدا (هال ١٩٩٦: ٤).

باومـان (٢٠٠٤: ٢٨) باس لەوە دەکات کە لە سـەردەمی ئێمـەدا پێوەندیی دوولایەنەی دەوڵەت و نەتەوە بە یەکترەوە لە شێوەی کلاسیکدا کەمڕەنگ بووەتـەوە و ئێسـتـا وەک جـاران دەسـتـەبەرکـردنی ناسنامـەی نەتـەوەیی نەبەستراوەتەوە بە دەوڵەت – نەتەوەوە و ئەم هاوکێشە "ئارام بەڵام بەردەوام" لە کـزبووندایە و هەتا دێت پێـوەندیی ئەم دووانە بەیەکـەوە لاوازتر دەبێت. هەڵبـەت دەبێ بزانین کـە ئەم بۆچوونەی باومـان بە شـێـوەیەکی گـشـتی ڕەنگدانەوەی ئەزمـوونەکـانی پرسی ناسنامـەیە لە ئەورووپا و پرۆسـەی

سازکردنی یەکەتیی ئەوروپا و لە هەمان کاتیشدا هەڵگری ڕاستییەکە لەسەر ژیانی خودی باومان وەک یەهوودییەکی پۆلۆنی کە دواتر مەجبوور دەبێت ژیانی خۆی لە "تاراوگە" واتا لە لەندەن درێژە پێ بدات. بەباوەڕی من پرسی ناسنامە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرسە لە ئەوروپادا. لێرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەزموونی بەنێو دەوڵەت–نەتەوەکان دوورە لە بایەخە دیموکراتیک و لیبراڵەکان و چارەنووسی کەمایەتییە ئەتنیکی و ئاینی و نەتەوەییەکان جیاوازە لە هی گرووپگەلی لەم چەشنە لە چوارچێوەی ئەوروپادا. دەوڵەت – نەتەوەکانی ئەم هەرێمە "ناسنامەی نەتەوەیی" خۆیان لەسەر حاشالێکردنی ئەوانی تر بنیات ناوە و بۆ پاساوی ئەم کارەیان مێژوویەکی دەستکردیان کردووەتە گوتاری زاڵ و تێیدا زمانە سەردەستەکانی خۆیان وەک زمانی "ڕۆژ" و "شیرین" و "کامیل" وێنا کردووە و زمانی "ئەوی تر"یان وەک زمانێکی "کێوی" و "زاراوە" ناساندووە. هەر بۆیە پرسی پێچەڵپێچی ناسنامە لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت و ئەوەی کە "تۆ کێی" دەبێتە پرسێکی ناوەندی نەک هەر لە ئاستی تاک بگرە لە ئاستی نەتەوەییشدا. ڕەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بگوترێ پرسگەلی "خەڵکی کوێی" و "کێی" ئەو پرسە سەرەکییانەن کە مرۆڤی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەرسیڤی ئەم پرسیارانە لە دەرەوەی گوتاری ڕەسمیدا گرفتخوڵقێنە و ناسنامەی مرۆڤ و گرووپی پلە دوو نەک بەگوێرەی ویستی خۆیان بگرە لەسەر بنەمای گوتاری زاڵ کە بۆ سەپاندنی خۆی کەڵک لە هێزی سەرکوتکردن وەردەگرێت، دادەڕێژێت. کاتێک باوەڕمان بەوە هەبێت کە ناسنامە دیاردەیەکی ساز کراوە و شتێک نییە کە لە ئەزەلەوە هەبووبێت، تێدەگەین کە مێژووی هاوچەرخی کورد شتێک نەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوتاری ئەوانی تر بۆ ڕێگەنەدان بەهەبوونی گوتاری ناسنامەسازی کوردی. وردەکاریی شیکردنەوەکانی باومان لەمەڕ ناسنامە سەلمێنەری

ئەوەن کـە ئافـراندنی ناسنامـە ئاکـامی هەوڵ و خـەباتێکی ئامـانجـداری بەرهەستـە. ناسـنامـە ئەو دەستکەوتەیە کـە بەدوای هـەوڵگەلی جۆرەوجۆردا وەدی دێت و بـەهەوڵی تازە داکــۆکــیی لێ دەکــرێت و بەهەوڵی زیاتریش دەپارێزرێت. کوردەکـان بـۆ دەسـتـەبەرکـردنـی گـوتـارە ناسنامـەسـازەکـانی خـۆیان هەتا ئێستا لە کـێبـەرکـێـیـەکی بەردەوامـدان لەگـەڵ ئەوانەی بوونی ناسنامەی "نەتەوەیی" خۆیان لەگەڵ هەبوونی ئەوی تر تەبا نابینن.

بەباوەڕی من تا ڕەخسـانی هەلومەرجێک کە مرۆڤەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین بتوانن بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت خـۆیان پێناسـە بکەن، زەمـەنێکی دوور و درێژمـان لەبەرە. وێ دەچێت دیموکراتیزەکردنی پێوەندییە کۆمـەڵایەتی و سیاسـییـەکان ڕێگەی سـەرەکـیی دەربازبوون بێ لەو تەنگژەی کە بەرگری دەکات لە مافی مرۆڤەکان لە شێوەی تاک و کۆمەڵدا بۆ دەربڕینی کێبوونی خۆیان. ئەگـەر هەتا دوێنێ لە چوارچێوەی ئیمـپـراتۆرییـەکـاندا ناسنامـەی نەتـەوەیـیـبـوونـی نەبوو، ئیــتــر لە ســەردەمی مــۆدێرندا ئەمــە بووەتە پێـداویسـتـیـیـەک و تەنانەت ئەگـەر دەرفـەتی دەوڵەت - نـەتەوەبوونیش بۆ نەتـەوەیەکی بێ دەوڵەت لە ئارادا نەبێت شـــەرتی مـــانەوە وەک نەتـەوەیەک دەستـەبەرکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەییە. ئەگەر لە یەکێک لە سەرەکیترین تایبـەتمەندییـەکانی سـەردەمی نوێ ورد بینەوە و ئەو قسـەیەی فـەیلەسـووفی ئەڵمـانیمـان قـەبووڵ بێت کە دەڵێت "لە سـەردەمی مۆدێرندا مرۆڤ دەبێت بە پێـوەر و ناوەندی بوون"، ئـەو کـات دەتوانین جـیـاوازیی پرسـی ناسنامـە لە قۆناغی پێشـمۆدێرن و مۆدێرندا هەست پێ بکەین (هایدگێر ١٩٩١: ٢٨). ئەگەر پێشـتر ناسـنامە ئەو تایبـەتمەندییە گشتییـانە بوون کە سنوورەکـانی لەگەڵ هەڵکێشـداکێشـی تەمـەن و دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەکان وەک تارمـایی خۆیان دەردەخست، لە سەردەمی مۆدێرندا ئیتر هەر مرۆڤێک وا دادەندرێت لەسـەر چبوون و کێبـوونی خـۆی و پێوەندیی خـۆی بەئەوانی ترەوە قـسـەی ئاخیر بکات.

گرینگیی زمان بۆ ناسنامەی کوردبوون باوەڕێکی جێگرتووی گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردییە. مامۆستا هەژار (١٣٦٩: XIX ) زمانی کوردی وەک تەنیا فاکتۆری گرینگی ناسنامەی کورد پێناسە دەکات. لە ڕاستیدا بەخشینی پلەی ناوەندییەتی بەزمان لە پێناسەکردنی نەتەوەیەکدا چەقی بیری ڕۆمانتیزمی ئەڵمانی و قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانییە. بەباوەڕی هێردێر جیهان شتێک نییە جگە لە نەتەوەگەلی زیندوو یاخۆ گرووپگەلی زمانی (سمیت ١٩٧١: ١٧). فیختە و ڕۆمانتیکەکانی تری ئەڵمان پێیان لەسەر پێناسەکردنی نەتەوە وەک گرووپێکی زمانی دادەگرت (س. پ. ١٨٢). بەبیر و بۆچوونی فیختە کە لە سەردەمی گەشەی وشیاریی نەتەوەییی ئەڵمانیدا پەرەی دەگرت زمان ئەو دیاردەیە بوو کە سنوورە سروشتییەکانی نەتەوەیەکی دەستنیشان دەکرد و گرینگیی لە سنوورە خاکی و فیزیکییەکانی نەتەوە پتر بوو. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ فیختە ئەوە بوو کە وشیاریی نەتەوەیی گرێدراوی هەبوونی خەڵکانێک بوو کە خاوەنی زمانێکی هاوبەش بوون. لە وڵاتانی ئەوروپاییشدا بینینی زمان وەک بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوەیی نموونەی بەرچاوی مێژوویی هەیە. بۆ ئەڵمانی و ئیتاڵییەکان زمان بریتی بوو لە تەنیا شتێک کە بوو بەهۆی سازکردنی ئەڵمانی و ئیتاڵییەکان (هابسباوم ١٩٩٠: ١٠٢).

زۆربەی فەیلەسووفانی سەدەی نۆزدەم و بیستەم زمانیان وەک کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنا. بۆ نموونە هانس کۆهن پێی وابوو زمان نە تەنیا هۆکاری پێناسەیەکی نەتەوەییییە بگرە هێندێک جار سازکردنەوە و زیندووکردنەوەی زمانێک دەتوانێت ببێتە فاکتۆری ڕەواییبەخشین بەبزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە لە ئارادایە (سافران ١٩٩٩: ٧٧). لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا زمانناسی ئەمەریکایی، کارل دارلینگ باک، لە زمان ئیرلەندییەکەوە دەڵێت خەڵکێک کە زمانی تایبەتیی خۆی نەبێت تەنیا نیوەنەتەوەیەکە (س. پ. ٧٨). مێژوونووسی فرەنسی، فێرمان

برادیل لەوەش سەرتر دەڕوات و دەڵێت کە نەتەوەی فەرەنسی یانی زمانی فرەنسی (س. پ. ٧٧).

ئەگەر لە ڕوانگەی بیرمەندانی سەر بەقوتابخانەی ئەڵمانیی ناسیۆنالیزمەوە زمان ئەو ڕۆڵە گرینگەی پێ دەدرێت لە پێناسەکردنی نەتەوەیەکدا، بیرمەندانی سەر بەقوتابخانەی ناسیۆنالیزمی مەدەنی سەرەڕای گرینگیدان بەزمان لە خەملاندنی ناسنامەی نەتەوەییدا پێیان وانییە کە جیاوازیی مرۆڤەکان شتێکە بەهۆی زمانەوە هاتبێتە ئاراوە. بەواتایەکی تر زمانێکی دیاریکراو لە ڕەوتێکی مێژووییدا تایبەتمەندییەکی ژێنێتیکیی نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە و هەموو زمانێک لە هەلومەرجی لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زمانیدا توانای ئەوەی هەیە ببێتە ئامرازی پێوەندیی مرۆڤەکان بە یەکترەوە و لە هەمان کاتیشدا وەک سیمبۆلێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەور بگێڕێت. ڕوانگەی دەروونشیکارانەی لاکانیش لەمەڕ زمان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دوای تێپەڕکردنی قۆناغی "خەیاڵی" و چوونە ناو قۆناغی "سیمبۆلیک" مرۆڤ دەورەی پێشزمانی بەجێ دێڵێت و دەچێتە ناو بەستێنی زمانەوە کە تێیدا واقیع لە ڕێگەی زمان و سیستەمە نیشانەییەکانی ترەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. بەمجۆرە ناسنامە دەبێتە سازکراوەیەکی زمانی و وەک لاکان دەڵێت ئێمە لە زماندا ساز کراوین (بێرتێنز ٢٠٠٤: ١٦١-١٦٢). ئەم بۆچوونەی لاکان تەواو لەگەڵ بۆچوونی هایدگێردا یەک دەگرێتەوە کە زمان بە ماڵی بوون دادەنێت.

لە ڕوانگەی بێنێدیکت ئاندێرسۆنەوە (١٩٩١) زمان بناغەیەکی سەرەتایی و پێویستە بۆ "دە خەیاڵهێنانی" کۆمەڵگەیەک. بەواتایەکی تر گرینگیی زمان لەوەدایە کە ئامرازی وەدیهاتنی نەتەوەیە لە خەیاڵی ئەندامانی نەتەوەدا. لێرەوە ئاندێرسۆن دەگاتە سەر ئەم باوەڕە کە دەخەیاڵهێنانی نەتەوە لەلایەن ئەندامانییەوە گرێدراوی زمانێکی تایبەت نییە و بۆ نموونە مۆزامبیکییەک

کە بە پورتەقاڵی قسە دەکات لەم زمانە وەک ئامرازی دەخەیاڵهێنانی نەتەوەی مۆزامبیک کەڵک وەردەگرێت. هابسباومیش کە زمان وەک پێکهاتەیەکی گوتارییانە چاو لێ دەکات لە گرینگی و پێویستیی زمان بۆ خەملاندنی گوتاری ناسیۆنالیستی قسە دەکات (جان ۲۰۰٤: ۱۲۰). بۆچوونی هابسباوم ڕێ بۆ بۆچوونێک خۆش دەکات کە پێی وایە هەمیشە قۆناغی دەستپێکی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی گرێدراوی هەبوونی زمانێکی ئامادە نییە، بگرە ئەوە بزووتنەوەکەیە کە لە ڕێڕەوی خۆیدا وشیارانە هەوڵ بۆ سازکردنەوە یاخۆ گەشەپێدانی زاراوە یان زمانێک دەدات بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیرکردن و پەرەپێدانی ناسنامەیەکی جیاواز لە هی ئەوانی تر. ئەزموونی یەهوودییەکان لە ژیاندنەوەی زمانی عیبری و هەوڵی فینلاندییەکان بۆ کۆکردنەوەی میراتی زمانی و فۆلکلۆریی خۆیان سەلمێنەری ئەم بۆچوونەی هابسباومن. بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی یەهوودییەکان کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە دەستی پێ کرد و بە هاسکالا ناوبانگی دەرکرد زیندووکردنەوەی زمانی عیبری بە یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی دانا و هۆگران و پسپۆڕانی ئەم بزووتنەوەیە کە بە ماسکالیم دەناسران هەوڵی بێ وچانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بۆچوونە لەناو یەهوودییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا دەست پێ کرد. ئەزموونی کوردیش کە لەگەڵ پرسی دیاردەی چەند زاراوەیی ڕووبەڕوو بووەتەوە دەکرێت لەو سۆنگەیەوە دەوڵەمەند بکرێت.

گرێدانی هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە زمانێکی دیاریکراو، بەپێی ئەزموونی مێژوویی شتێکی ڕاست نییە. بۆ هێندێک بزووتنەوەی نەتەوەیی لە قۆناغەکانی گەشەی خۆیاندا زمان قەت لە ناوەندی سەرنجدا نەبووە. وەک نموونە دەکرێت ئاماژە بەناسیۆنالیزمی سکاتلەندی بکرێت کە سەرەڕای هەبوونێکی مێژوویی لە ڕابردوو و ئێستادا قەت پرسی زمانی بۆ گرینگ نەبووە (گێلنێر ۱۹۹٤: ٤٤). باوکی ناسیۆنالیزمی فیلیپینی خۆزێ ڕیزال

ڕۆمـانـە بەناوبانگەکـەی، دەسـتـم لێ مـەدە، لـە سـاڵی ١٨٨٧دا بە زمـانی داگیرکەرانـی وڵاتەکەی واتا ئیسپانی دەنووسێت (ئاندێرسـۆن ١٩٩١: ٢٦). هـەروەها دەزانـین کـە شـاعـیـری نەتەوەیی فـینـلاند، ڕوونێـبـێـرگ (١٨٠٤–١٨٧٧)، قـەت فـێـری فـینـلاندی نەبوو (گـروێنـدال ٢٠٠٠: ٢٤٠). ئەمـانە ئەو نموونانەن کـە نیـشـان دەدەن ناسـیـۆنالیـزم لە هەوڵی خـۆی بۆ دامـەزراندن و ئافـراندنـی نەتەوە هـەمـیـشـە بەپرسی زمـانەوە نەبەسـتـراوەتەوە. ڕەنگە ئەزموونی کـورد لە کۆتاییـیەکانی سەدەی نۆزدەمەوە بەمـلاوە نموونەیەکی تر بێت بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە پێشەنگەکانی ناسیۆنالیزم زۆرجاران بۆ ئافراندنی نەتـەوەیەک کـەڵک لە زمـانێکی تر وەردەگرن کـە زمـانی نەتەوەیی خـۆیان نییـە. یەکەم ڕۆژنامـەی کوردی، کـوردسـتـان، دوای بڵاوبوونەوەی سێ ژمـارەی یەکەمـی خۆی لە ١٨٩٨دا نەک هـەر تەنیا بەکوردی بگرە بە تورکیی عـوسـمـانییـش وتار بڵاو دەکـاتەوە. زۆربەی کـۆوارەکـانی سـەرەتای سـەدەی بیـسـتـەم لـە ئەسـتـەمـبـوڵ دوو زمـانە بوون. ئەزمـوونی بزووتنەوەی کـورد لە باکور لە دەیەکانـی حەفتا و هـەشـتـای سەدەی بیـسـتـەمـدا نیـشـان دەدات کـە چۆن زمـانی تورکـی زمـانـی سـەرەکـیی بڵاوکـردنەوەی بیـری نەتەوەیـیی بزووتنەوەکە بوو و ئەوە تەنیـا لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیست و یەکـەمدایە کە پرسی زمانی کوردی دەبێتە چەقی ویست و داواکارییەکان، و بڵاو کراوەکان وردە وردە ڕوو لە زمـانی کـوردی دەکـەن. لە بەشـەکـانی تری کـوردسـتـاندا دیاردەی دوو زمـانی و بڵاوکـراوە بە دوو زمـانی وەک فـارسـی و کـوردی یاخـۆ عەرەبی و کوردی بە ئێستاشەوە دیاردەیەکی باوە.

لە ڕاسـتیـدا بـەر لە سـەردەمـی مـۆدێرن و هـاتنە کـایـەی دەوڵەت نەتەوەکـان زمان پێوەندییەکی ڕاستـەوخۆی بە ناسنامـەی تاک و گرووپەکانەوە نەبوو. لە سـەردەمـی ئیـمـپـراتۆرییـەکـاندا زمـانە جـۆرەجـۆرەکـان لـە بەسـتـێنی تاک و خـێـزان و تەنانەت گـرووپگـەلی ئەتنیکـیـشـدا بێ گـرفـت بـەکـار دەهـاتن و زمانگەلی سـەردەست پتر گرێدراوی ئاینە باوەکانی ئیمپراتۆرییـەکان بوون.

بۆ نموونە لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا زمانی عوسمانی کە تێکەڵاوێک بوو لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی لە دەرباری عوسمانیدا قسەی پێ دەکرا، بەڵام لە هەمان کاتدا زمانی عەرەبی و فارسی لە بوارەکانی زانستی و ئەدەبیدا برەویان هەبوو. ئێستاش لە کۆشکەکانی دەرباری عوسمانی ڕازاندنەوەی سەر دیوارەکان بەشیعری فارسی دەبیندرێت. لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی سەردەمی عوسمانییەکان، بۆ نموونە کتێبخانەی سوڵتان ئەحمەد، زۆربەی کتێبەکان بە زمانی عەرەبی و فارسی بوون. گرووپە ئەتنیکییەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە مەزنە لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان تووشی هیچ گرفتێک نەدەبوون. سوڵتان سەلیمی یاووز و شا ئیسماعیلی سەفەوی کە لە شەڕی چاڵدێراندا دەیان هەزار سەربازی یەکتریان بە کوشتن دا، لە باری زمانییەوە نموونەیەکی بەرچاو لە هەلومەرجی زمان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکاندا دەخەنە ڕوو. سوڵتان سەلیمی تورک بە فارسی زەوقی شیعریی خۆی دادەمرکاند و شا ئیسماعیلیش کە نوێنەرایەتیی ئیمپراتۆرییەکی ئێرانیی دەکرد بە تورکی شیعری دەنووسی. کوردەکانیش لە دەکارهێنانی زمانگەلی جیاوازدا نموونەیەکی بەرچاوی سیاسەتی زمانیی سەردەمی ئیمپراتۆرییەت نیشان دەدەن. لە ١٥٩٦دا شەرەفخانی بەتلیسی کە ڕۆژگارێک لە قومی ئێران لەدایک بووبوو و دواتر گەڕابووەوە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریی عوسمانی، مێژووی کوردان بە زمانی فارسی دەنووسێت. هەر لەم سەدەیەدا مەلای جزیری دیوانەکەی بەکوردی دەنووسێت. لە سەدەی نۆزدەمدا شاعیرانی وەک نالی و شێخ ڕەزاش بە زمانگەلی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی شیعر دەنووسن. لە هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا و تەنانەت پێشتریش زمانی عەرەبی بەپێی هەلومەرجی ئاینی دەبێتە زمانی زانست. هەر بۆیە ئیبنی سینا و غەزالی و فارابی و تەبەری و سیبویە بە عەرەبی دەنووسن و لەو سەردەمەدا ئەمە بۆ کەس گرفتخوڵقێن نەبوو. زمانی فارسییش نەک هەر لە چوارچێوەی

ئێـرانـدا بگرە هـەتا هـیندسـتـــان و بـەشـێک لە چینیش وەک زمـــانێکی لینگوافرانکا واتا زمانی هاوبەش کارکردی هەبوو.

لە ئەوروپاشـدا هەلومـەرجی زمـان هـەر بەمـجـۆرە بوو. لە کاتێکدا زمـانی لاتینی بۆ چەندین سـەدە زمانی زاڵ بـوو بەرە بەرە زمانگەلی خـۆجێیی دوای سـەردەمی ڕێنیسـانس دەبوونە زمـانی نووسـین. تەنانەت دوای جێگیربوونی ئەم زمانانەش پادشایانی ئەوروپایی سەردەمێک بەبێ دەمارگرژیی زمانی بە فرەنسـی نامەیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە. لە بواری زانسـتیشدا کەسێکی وەک دێکارت بـە زمـانی لاتینی کـتـێبی دەنووسـی و لە هـەمـان سـەردەمـدا فـرانسـیس بەیکنیش بـە زمـانـی ئینگلیـزی ئەم کـارەی دەکـرد. ئـەوە لە سەردەمی مۆدێرندایە کە زمانی ڕەسمی دەبێت بە دیاردەیەکی باوی دەوڵەت – نەتەوەکان. هـەڵبـەت لەم پێوەندییـەشـدا جیاوازی هـەیە لە نێوان دەوڵەت – نەتەوەکاندا و لە هێندێکیـان ئێسـتـاشی لەگـەڵدا بێت، بۆ نمـوونە لە وڵاتێکی وەک ئەمـەریکا، زمـانی ڕەسـمی بوونی نییـە. لە هێندێک وڵاتـی ئەوروپا، بۆ نموونە لە نەمـسـا و بەلجیکادا، ئێسـتـاش چەند زمان بە مـافی یـەکسـانەوە بوونیـان هـەیە و لـە هێندێکیـاندا، بۆ نموونە کـەنەدا و سـوێد و بەریتـانیـا و هۆڵەندا، هەموو مافەکانی زمانە کەمایەتییەکان پارێزراون.

## ئەزموونی زیندووکردنەوەی زمانێک

ئەزموونی یەهوودییەکان لە زیندووکردنەوەی زمانی عیبریدا بەرچاوترین نموونەیە بۆ کارتێکەریی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لەسەر پرسی پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەزموونی یەهوودییەکان نیشان دەدات کە ئەوە زمان نییە کە وەپێش پرسی ناسنامە و وشیاریی نەتەوەیی دەکەوێت، بگرە بەپێچەوانەوە ئەوە وشیاریی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆجیای سیاسییە کە پرسی ئافراندنی زمانێک دەکات بە یەک لە باوەڕەکانی خۆی بۆ گەشەپێدانی پرۆژەی سازکردنی نەتەوەیەک. دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی یەهوودی کەسانێک نەبوون کە تەنانەت شارەزاییشیان لەسەر زمانی عیبری هەبێت. یەکەم کۆنگرەی جیهانیی زایۆنیستەکان لە ساڵی ١٨٩٧ بە زمانی ئەڵمانی بەڕێوە چوو. کتێبە بەناوبانگەکەی هێرزل، دەوڵەتی یەهوودی، کە لە ساڵی ١٨٩٦دا بڵاو بووەوە، بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە. تەنانەت ڕۆمانە ناودارەکەی هێرزل، نوێوڵاتی کۆنیش لە ١٩٠٢ هەر بە ئەڵمانی نووسراوە. لێرەدا پێویستە هەرچەند بەکورتیش بێت ئاماژەیەک بەهەوڵی هاسکالای یەهوودی و خەباتی ماسکالیمەکان بۆ زیندووکردنەوەی زمانی عیبری بکەم بۆ ئەوەی ڕوونی کەمەوە کە چۆن دەکرێ بەهۆی پرۆژەیەکی وردی هەمەلایەنەوە ئافراندنەوەی زمانێک بکرێت بە پلانی بەئامانجگەیاندنی سازکردنی نەتەوەیەک کە بەچەندین زمان گەمارۆ دراوە و ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە لە دەستپێکی بزووتنەوەی نەتەوەییی خۆیاندا بە زمانگەلی جیاواز لەو زمانەی دواتر دەکرێت بە زمانی نەتەوەیی قسە دەکەن.

بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی یەهوودییەکان لە دیاسپۆرای ڕۆئاوادا لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە زیندووکردنەوەی زمانی عیبری دەکاتە یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی. هۆگرانی ئەم بزووتنەوەیە کە بە ماسکالیم دەناسران وەک هەموو یەهوودییەکانی وڵاتانی ئەوروپایی بەکۆمەڵێک زمان قسەیان دەکرد کە لە هەنگاوی یەکەمدا برێتی بوو لە زمانی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژیان. زمانی هاوبەشی زۆربەی یەهوودییەکانی ڕۆئاوا زمانی یەددیش بوو. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا نەوەد لە سەدی یەهوودییەکان کە ژمارەیان ئەوکات دەگەیشتە یازدە ملیۆن بە یەددیش قسەیان دەکرد. زۆربەی ئەو یەهوودییانە کە بە یەهوودیی ئەشکێنازی دەناسران دانیشتووی وڵاتانی ڕۆئاوا بوون. یەهوودییەکانی دانیشتووی وڵاتانی تر کە بە سێفاردیک ناسرابوون پتر بەزمانی سەردەستی ئەو وڵاتانەی لێی دەژیان گفتوگۆیان دەکرد. هێندێک لە پێشەنگەکانی هاسکالا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا دەچن بۆ ئۆرشەلیم. یەک لەو کەسانە ئەلەیزێر بێنیەهوودایە کە لە ساڵی ١٨٨١ لەگەڵ هاوسەرەکەی، دێبۆرادا لە ئەوروپاوە دەچێت بۆ ئۆرشەلیم. بێنیەهوودا لە ئۆرشەلیم دەبێت بە لایەنگری مامۆستایەکی زمانی عیبری بەنێوی نیسیم بەهار (١٨٤٨-١٩٣١). بەهار لە زانکۆی مامۆستایانی پاریس فێری عیبری بووبوو و لە ئۆرشەلیم میتۆدی "عیبری بە عیبری" بۆ فێرکردنی زمانی عیبری بەکار دێنێت. بەهار وەک بەڕێوەبەری مەدرەسەی ئەلیانس کە فەرەنساییەکان دامەزرێنەری بوون دەست دەکات بەخەبات بۆ بووژاندنەوەی زمانی عیبری لە ڕێگەی فێرکردنی ئەو زمانە بەخوێندکارانی یەهوودی بەبێ بەکارهێنانی هیچ زمانێکی تر. ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە قەشە یەهوودییەکان دژی ئەو میتۆدە بوون و پێیان وابوو فێرکردنی عیبری لە قوتابخانەکاندا دەبێتە هۆی لەناوچوونی پیرۆزیی زمانی عیبری کە وەک زمانی دەقە کۆنەکانی ئاینی یەهوودی بە شتێکی پیرۆز دادەندرا.

بێنیەهوودا وەک کەسێک کە خولیای زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی عیبری هەموو مێشکی داگیر کردبوو دەست دەکات بەخەباتێک کە هەتا کۆتایی ژیانی دەستبەرداری نابێت. خەونی بێنیەهوودا ئەوە بوو کە زمانی عیبری ببێت بەزمانێکی گونجاو بۆ هەموو پێداویستییەکانی سەردەم و وەک زمانی هزر و بەڕێوەبەری لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیدا ڕۆڵی یەکەمی هەبێت. سەرچاوەی هزریی بێنیەهوودا لەمەڕ گرینگیی زمان بۆ ناسنامەی مرۆڤەکان ڕۆمانتیکەکانی ئەڵمانی بە گشتی و بەتایبەتی فەیلەسووفی ئەڵمانی هێردێر بوو. هێردێر زمانی وەک ڕۆحی نەتەوە دادەنا و پێی وابوو نەتەوە لە ڕێگەی زمانەوە ژیان دەکات. بۆ هێردێر نەتەوەیەکی بێ زمان بوونی نەبوو. ئەم بیرە لە دژایەتییەکی ئاشکرادا بوو لەگەڵ بۆچوونی بیریارانی فرەنسی و کەسانێکی وەک ڤۆڵتێر کە مرۆڤیان بەدەر لە زمانێک کە قسەی پێ دەکات وەک هاووڵاتییەکی جیهانیی سەیر دەکرد (بێرنارد ١٩٦٥: ٥٧). بێنیەهوودا لەگەڵ فیختەی ئەڵمانی هاوڕا بوو و وتاری "بۆ نەتەوەی ئەڵمان"ی ئەم فەیلەسووفەی تەواو لا پەسند بوو کە ئەوانەی بە یەک زمان قسە دەکەن یەکگرتوون و لە یەکتر تێ دەگەن و وەک یەکەیەکی لە دابەشکردننەهاتوون کە زمان پارێزەری سروشتیی یەکبوونیانە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەهار و چەند مامۆستای تری زمانی عیبری سەرکەوتنێکیان لە دەرسگوتنەوە بە عیبری وەدەست نەهێنابوو ئەرکی بێنیەهوودا و وەدیهاتنی خەونەکانی لەمەڕ گشتگرکردنی زمانی عیبری شتێکی ساکار نەبوو. ئەو بەر لە هەر کەسێک دێبۆرای هاوسەری فێری عیبری دەکات و کاتێک منداڵیان دەبێت بڕیار دەدات کە منداڵەکە، بێنزایۆن، جگە لە زمانی عیبری هیچ زمانێکی تری لە ماڵەوە گوێ لێ نەبێت. جارێکیان کە بێنیەهوودا دەبیسێت دێبۆرا خەریکە بە زمانی ڕووسی گۆرانی بۆ بێنزایۆن دەچڕێت لێی توورە دەبێت و پێی دەڵێت کە ئەمە دوایەمین جارە ئەم کارە دەکات و نابێت دووپات ببێتەوە. گەورەکردنی

منداڵێک بە زمانێک کە لە زۆر بارەوە گرفتی وشەیی و درکاندنی هەبوو و لە دەوروبەریشدا کەس قسەی پێ نەدەکرد بووبووە هۆی نیگەرانیی کەسانی نزیک بە بێنیەهوودا لەمەڕ سلامەتیی ئەم منداڵە و ئەوەی کە شتێکی ئاوا چۆن دەتوانێت مومکین بێت. تەنیا کاتێک کە منداڵەکە دەبێت بە چوار ساڵ و یەکەم ڕستەکانی زمانی عیبری دەبن بەدەربڕی هەست و پێداویستییەکانی ئەو، هەموو دێنە سەر ئەم باوەڕە کە بێنیەهوودا لە کارەکەیدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە. وردە وردە لایەنگرانی بێنیەهوودا ڕوو لە زیادبوون دەکەن. سەرەتا تەنیا چوار خێزان بڕیار دەدەن میتۆدی بێنیەهوودا لە پێوەندی لەگەڵ منداڵەکانیان ڕەچاو بکەن (فێلمان ١٩٧٣: ٣٧-٣٩). بەڵام بێنیەهوودا و هەڤاڵانی باش دەیانزانی بەرتەسککردنەوەی گەشەی زمانی عیبری لە چوارچێوەی ماڵدا ئەو شتە نییە ئەوان بەشوێنیدان و دەبێت بازنەی چالاکییەکانیان بەرفراوانتر بکەنەوە. لێرەوە پەیامی بێنیەهوودا و هەڤاڵەکانی بواری پەروەردە لە خوێندنگەکاندا و بواری میدیا لە بەستێنی گشتیدا دەکەن بە ئامانجی پەیامەکەیان.

لە هەلومەرجێکدا کە لانی کەم پێنج زمانی بەهێزی زیندوو، عەرەبی، ئەڵمانی، فەرەنسی، یەددیش و لادینۆ وەک زمانی ئاخافتن و پەروەردە لە فەڵەستین ئامادەییان هەبوو کارێکی ئەستەم بوو زمانێکی شاردراوە لە دەقە ئاینییەکاندا بکرێت بەزمانی پەروەردە. بەڵام ئیرادەی بێ سنووری بێنیەهوودا مەیلی ملدانی بەم ڕاستییە نەبوو. ئەو بەهەوڵێکی بێ وچان توانی سەرنجی دەستمایەدارانی یەهوودییش بۆ پشتیوانی لە پرۆژەکەی ڕابکێشێت و بۆ نموونە بارۆن دێرۆچیلد بکات بەیارمەتیدەری ئابووریی پرۆژەکەی خۆی و هاوڕێیانی. ئەوە بوو کە زمانی عیبری لەسەر دەستی ئەو یەهوودییانەی لە ماوەی ساڵانی ١٨٨٢-١٩٠٣دا گەڕانەوە فەڵەستین وردە وردە جێی بەزمانەکانی تر لێژ دەکرد و خوێندکارانی یەهوودی ڕوویان لەم زمانە دەکرد. گرفتەکانی سەر ڕێگەی ئەم بڕیارە یەک و دوو نەبوون. ئەو

چەند مامۆستایەی دەستیان دابووە ئەم کارە خاوەنی پێشینەی جیاواز بوون و سەرچاوەیەکی هاوبەشیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری پەروەردە لە دەستدا نەبوو. ئەوان بۆ خۆیان بە شێوەی جیاواز وشەگەلی عیبرییان دەدرکاند و شێوازی قسەکردنیان وەک یەکتر نەبوو. هەر لە سەرەتای بەڕێوەبردنی پەروەردە بەزمانی عیبری پرسی زاری جیاواز بوو بەپرسێکی گرفتخولْقێن (س. پ. ٢٢٠–٢٢٢). یەک لە گرفتەکان ئەوە بوو کە دایک و باوکی خوێندکارانی زمانی عیبری لەناو خێزان و بنەماڵەکانیاندا بە زمانی عیبری قسەیان نەدەکرد. بێنیەهوودا لە تەنیشت ئەرکی فێربوونی عیبری ئەرکێکی تریشی بۆ خوێندکارەکانی دیاری دەکرد و داوای لێ دەکردن لە ماڵەوە دایک و باوکەکانیشیان فێری عیبری بکەن. ئەوان بۆ مەبەستی پەرەپێدانی عیبری لە ئاستی پەروەردەدا یەکەم باخچەی منداڵان لە ساڵی ١٨٩٨دا دەکەنەوە. یەکەم خوێندنگەی تەواو عیبری لە ساڵی ١٨٨٨دا دامەزرابوو. ئەم کارە ئەگەرچی بەسەختی بەڵام بە دڵنیاییەوە دەچووە پێش. لە تەنیشت کاری پەروەردەوە بێنیەهوودا چاوی لە میدیاش بوو و بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٨٨٤دا ڕۆژنامەی هازێوی بڵاو دەکاتەوە. لەم ڕۆژنامەیەدا ئەرکی وشەڕۆنان و شیکردنەوەی هەموو وشەگەلی سەر بەرەگی وشەیەکی دیاریکراو بەجێ دێنێت. ژمارەی خوێنەرەوانی ئەم ڕۆژنامەیە زۆر نەبوو، بەڵام ئەمەش نەبووە هۆی ساردبوونەوەی بێنیەهوودا لە کارەکەی. گۆشەیەکی بەرچاوی ڕۆژنامەکە "فۆرۆمی زمان" بوو. لەو سەروبەندەدا پرسی سیاسیی مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی یەهوودی بوو بە کێشەیەک کە بۆچوونی بێنیەهوودا لەم بارەوە گرفتی بۆ کارتێکەریی ئەو و ڕۆژنامەکەی پێک هێنا. لە ساڵی ١٩٠٣ کاتێک بێنیەهوودا دەڵێت کە لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی یەهوودی لە ئۆگاندایە ڕێژەی خوێنەرەوانی ڕۆژنامەکەی پتر ڕوو لە کزی دەدا. ئەمە بێنیەهوودا هان دەدات پەنا بۆ کارێکی تر بەرێت: تەواوکردنی پرۆژەی فەرهەنگی زمانی عیبری کە ئەو

سالآنێک پێشتر، ئەو کاتەی لە پاریس دەژیا، دەستی پێ کردبوو.

سەرچاوەی سەرەکیی نووسینی ئەم فەرهەنگە بریتی بوو لە دەقە کۆنەکانی ئاینی یەهوودی. کاری قورس و زەحمەتی گەڕان بەدوای وشە لەنێو دەستنووس و کتێبە کۆنەکاندا بووبوو بە کاری شەو و ڕۆژی مرۆڤێکی ئیدیالیست کە هیچ کەند و کۆسپێک نەیدەتوانی ڕێگری بکات لە بەردەوامبوون بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی. لە شوێنێکدا دەڵێت کە ئەو کتێبە کۆنانەی من دەمخوێندنەوە باسیان لە بواری جۆرەجۆر دەکرد و من زۆربەی ئەم بوارانەم نەدەزانی و لە ڕاستیدا لە دەرەوەی حەزی مندا بوون. هێندێک جار دەیان و بگرە سەدان لاپەڕەی درێژی دەقێکی قورسم دەخوێندەوە بێ ئەوەی تووشی وشەیەکی نوێ و بەکەڵک بۆ فەرهەنگەکەم بێم. بەڵام هیوای دۆزینەوەی تەنیا یەک وشە بەس بوو بۆ من کە لە خوێندنەوە بەردەوام بم و پاداشی زەحمەتەکانم وەرگرمەوە (س. پ. ٦١). بۆ دۆزینەوەی "وشە ونبووەکان" بێنیەهوودا پەنای بۆ زاراوە کۆنەکانی عیبری دەبرد. ئەدەبیاتی قەشە یەهوودییەکانی (ڕابای) بەسەر دەکردەوە. کەڵکی لە ئەدەبیاتی عەرەبی، یەددیش، لادینۆ و زمانە ئەوروپاییەکان، بۆ نموونە سپانی، لاتینی، ئیتالی و یۆنانی، وەردەگرت (س. پ. ٧٨-٧٩). هاوسەری دووەمی بێنیەهوودا، حەمدا کە خوشکی دێبۆرا بوو و دێبۆرا بۆ خۆی هانی دابوو پاش مردنی ئەو بۆ پێشخستنی فەرهەنگەکە شوو بە بێنیەهوودا بکات، دەڵێت بێنیەهوودا پێی وابوو کاری نووسینی فەرهەنگەکەی سەدان ساڵ دەخایەنێت. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەر لە کارکردن بەردەوام بوو و دەیگوت ئەگەر شانسی ئەوە بهێنم دوایین وشەی فەرهەنگەکەم بنووسم دەبێ لە یەزدان بپاڕێمەوە بە فریام بێت و لەو چرکەیەدا لە خۆشییان دڵم ڕانەوەستێت (س. پ. ٧٩).

بێنیەهوودا دواجار ئەم ئەرکە قورسە بەجێ دێنێت و لە ١٩٠٩دا فەرهەنگەکەی تەواو دەکات. کارێک کە سی ساڵی ڕەبەق دەخایەنێت و لە

دوایین ساڵانی نووسینیدا نۆزده سەعاتی شەو و ڕۆژێکی بۆ تەرخان دەکات. ئەم فەرهەنگە بیست هەزار وشە لەخۆ دەگرێت بەڵام لە شیکردنەوەی وشەکاندا نزیکەی پێنجسەد هەزار ئاماژە و گێڕانەوەی تێدایە و پتر لە چل هەزار دەستنووس وەک سەرچاوەی فەرهەنگەکە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەمە گەورەترین بەرهەمی نووسراوەی یەهوودییەکان بوو لە سەردەمی تالموود بەملاوە (س. پ.) پاداشی بێنیەهوودا بۆ ئەم کارەی ئەوە بوو کە ئەو وەک قارەمانێک ناوبانگی دەرکرد. سیسێل ڕوت لەم بارەوە دەڵێت بەر لە بێنیەهوودا یەهوودییەکان توانای ئاخافتنیان بە عیبری هەبوو، بەڵام تەنیا دوای بێنیەهوودایە کە ئەوان ئەم شتەیان بە کردەوە بەجێ هێنا (ڕوت ١٩٥٣: ١٣٦). بە ئەنجامگەیاندنی کارێکی وا لە هەلومەرجێکدا کە هیچ ئاسۆیەک بۆ زمانی عیبری بەدی نەدەکرا تەنیا لە باوەڕی بەهێزی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. حەمدای هاوسەری بێنیەهوودا دەڵێت لە ساڵی ١٩٠٢دا ئەو بەبۆنەی پیرۆزکردنی بڕیاری دەیەمین خێزانێک کە ویستوویانە تەنیا بەعیبری قسە بکەن کێکێک ساز دەکات. زۆری پێ ناچێت ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیادبوون دەکات.

هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی پەروەردە بە زمانی عیبری هەر بەردەوام دەبن. یەکەم خوێندنگەی دواناوەندی لە ١٩٠٦ لە جافا (تەلاڤیف) ساز دەکرێت. ئەم خوێندنگەیە دواتر لە ساڵی ١٩١٥ دەبێت بە خوێندنگەی هێرزل و لە بواری پەروەردەوە شێوەیەکی تەواو ئەورووپایی پەیڕەو دەکات. لەم خوێندنگەیەدا هەموو چالاکییەکان بە زمانی عیبری بەڕێوە دەچن. ئەهاد هائم پێشتر لە ساڵی ١٩٠٢دا گوتبووی کە پەروەردەی نەتەوەیی تەنیا جوگرافیا و مێژوو نییە، گرینگتر لەوانە فێرکردنی زمان و ئەدەبی نەتەوەییە. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٠٤دا ئەنجوومەنی زمان بۆ ساغکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەی وشە عیبرییەکان ساز دەکرێت. هەڵبەت پێشتر لە ١٨٩٠دا ئەم ئەنجوومەنە ساز کرابوو، بەڵام لەبەر مشتومڕی ناوەخۆ

هەڵوەشابووەوە. ئێستا ئیتر ئەرک ئەوە بوو کە زمانی نووسین بکرێت بەزمانی ئاخافتن، شتێک کە لە زمانەکانی تردا ڕەوتێکی پێچەوانەی هەبوو. لە ڕەچاوکردنی شێوەی خوێندنەوە و ئەداکردنی وشە عیبرییەکاندا نەک شێوەی ئەشکێنازی بگرە پتر شێوەی سێفاردیک ڕەچاو دەکررا. پاساوی ئەمەش ئەوە بوو کە شێوازی ئەشکێنازی وەبیرهێنەرەوەی لاوازیی یەهوودییەکان و سەردەمانی ئاوارەیی بوو و لە بەرامبەردا شێوازی سێفاردیک دەبووە هۆی بەهێزکردنی لایەنی خۆجێیی و ڕەسەنایەتیی ڕۆهەڵاتییانەی یەهوودییەکان (فێلمان ١٩٧٣: ٨٥).

ساڵانی ١٩١٣ – ١٩١٤ بە ساڵانی "شەڕی زمان" لە نێوان زمانەکانی فرەنسی. ئەڵمانی و ئینگلیزی و عیبریدا ناسراون و هەر کام لەو زمانانە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ببن بەزمانی زاڵ لە خوێندنگە یەهوودییەکاندا. لە ساڵی ١٩١٦ تەنیا لە سەدا چلی دانیشتوانی یەهوودیی فەڵەستین کە ژمارەیان هەشتا و پێنج هەزار کەس بوو، عیبرییان وەک زمانی یەکەمی ڕۆژانەی خۆیان دەزانی. هەوڵ بۆ سەرخستنی زمانی عیبری لە ئاستی زانکۆشدا بە کردنەوەی زانکۆی عیبریی ئۆرشەلیم لە ١٩٢٥دا گەیشتە لووتکە. ناوەندی لێکۆڵینەوەی یەهوودی کە لە ١٩٢٤دا دامەزرابوو دەبێت بە بەشێک لەم زانکۆیە. لە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ئەم ناوەندەدا کەسانی وەک ئالبێرت ئەنیشتەین، مارتین بوبێر (فەیلەسووفی یەهوودیی نەمسایی)، زیگمۆند فرۆید و حەییەم وەیزمەن (یەکەم سەرکۆماری ئیسرائیل لە ساڵانی نێوان ١٩٤٨ و ١٩٥٢دا) جێ دەگرن. ئەرکی ئەم زانکۆیە وەک وەیزمەن دەڵێت بریتی بوو لە هاندان و پاڵپشتیی ناسیۆنالیزمی عیبری لە فەڵەستین.

وەک دەبینین لە ئەزموونی یەهوودییەکاندا شان بەشانی پرۆژەی سیاسیی ناسیۆنالیستی، پرۆژەی زیندووکردنەوەی زمان وەک خاڵی هاوبەشی یەکگرتوویی یەهوودییەکان دەچێتە پێش. ئەم ئەزموونە نیشان دەدات کە زمان خۆی لە خۆیدا ئامرازی فرچکگرتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی نییە.

بۆیە هەروەک بینیمان لە کاتێکدا دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی یەهوودی زمانگەلی وەک ئەڵمانی، ڕووسی و یەددیشیان بەکار دەهێنا، لە درێژەی پەرەئەستاندنی پڕۆژەی ناسیۆنالیستیی یەهوودیدا ئافراندنەوەی زمانی عیبری دەکەن بەکەرەسەی سیمبۆلیکی جیاوازیی خۆیان لە ئەوانی تر و پێوەری ناسنامەیەکی تازە سازکراو. ئەم ئەزموونە نەک هەر لە سۆنگەی پێوەندیی ناسنامە و زمانەوە گرینگە، بگرە لە بواری ئەو هەوڵانەی بۆ ساغکردنەوە و ستانداردکردنی زمانێک پێویستن، شایانی سەرنج و لێ وردبوونەوەن.

## پرسی زمانی ڕەسمی/ فەرمیی کوردی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا پرسی هەبوونی زمانی ڕەسمی و دیاریکردنی یەک لە زاراوە کوردییەکان وەک زمانی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پتر لە هەمیشە بووەتە بابەتی مشتومڕی کۆمەڵێک لە هۆگرانی زمانی کوردی. کۆنفرانسە داخراوەکەی ڕۆژانی ٢١-٢٣ی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٩ یەک لەو ڕووداوانە بوو کە لە درێژەی هەوڵەکانی چەند ساڵی ڕابرووداا بۆ ئەم مەبەستە پێک هات. ئاکامەکانی ئەم کۆنفرانسە هێشتا بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕانەگەیەندراون، بەڵام ئەوەی لە زنجیرە ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر لە ڕۆژانی ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٧، و ٢٨ی مانگی ١٢ی ٢٠٠٩دا دەردەکەوێت ئەوەیە کە دوو بەرە لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون. بەرەیەک کە دەیەوێت کرمانجیی خواروو یاخۆ ناوەڕاست ببێتە زمانی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان و بەرەیەکیش کە پێ لەسەر دووستانداردبوونی زمانی کوردی دادەگرێت و دەیەوێت ڕاستیی جیاوازیی دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی لە بەرچاو بگیرێت. ئەگەرچی من نامەوێت لەم وتارەدا باسی پرسی زمانی ڕەسمی و ستانداردکردنی زمانی کوردی بکەم و پێم وایە ئەم باسە پێویستی بە پشوودرێژییەکی زۆرتر هەیە، بەڵام بەپێویستی دەزانم لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی گەلانی تر و گرینگیی هەبوونی زمانێکی گەشەکردوو بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی ئاماژە بە چەند پێشنیازێک بکەم کە لە کورتخایەندا بتوانن ببنە ڕێگەخۆشکەری وەدیهێنانی فەزایەک کە تێیدا کێشەی زمانی کوردی بە بەرفراوانی بخرێتە بەرباس و گفتوگۆی شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردی و دواجار بڕیاری ژیرانەی دەسەڵاتی

سیاسیی کورد. بەباوەڕی من بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێویستن لە زووترین کاتدا بەپێی پلان و پرۆژەی ورد ڕەچاو کرێن:

* لەبەر ڕۆڵی گرینگیی پەروەردە لە یەکدەستکردنی زماندا پێویستە ئەوپەڕی وشیاری لە داڕشتن و ئامادەکردنی کتێبەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیدا ڕەچاو کرێت و ئەم کتێبانە لە بواری ڕێنووس، ڕێزمان و وشەدا یەکدەست بکرێن. دانانی لێژنەی تایبەت بەم بوارانە پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم ئەرکە دەبێت بۆ هەردوو زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی ڕەچاو کرێت. لە بیرمان بێت کە ناسیۆنالیزمی کوردی گرێدراوی هیچ زاراوەیەکی کوردی بەتەنیایی نییە و ئاخێوەرانی هەموو زاراوەکان لە گەشەپێدانی خەبات بۆ ڕزگاریی کورددا دەستیان هەبووە و هەیە. ئەگەر ئەوە لە ڕابردوودا ڕاست بوو، ئەمڕۆ ڕەوا نییە بەفەرمیکردنی زاراوەیەک درز بخەینە ناو هاودەنگی و هاوهەستیی کوردان و تۆراندنی ئاخێوەرانی زاراوەیەک. لە هەمان کاتدا ئاماژە بە دەوڵەمەندی و کەموکووڕیی هەر کام لە زاراوەکان لە بواری نووسین و پێشینەوە بۆ ئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا بسەپێندرێت شتێکی ڕێژەییە و ناتوانێت بەپێوەرەکانی زمانناسی پاساو بدرێت. ڕەچاوکردنی هەر سیاسەتێکی زمانی دەبێ لەسەر بنەمای مافی زمانی بێت و قەت لە بیر نەکرێت کە سیاسەتی داسەپاندن ناتوانێت ڕێگەچارەی گرفتە زمانییەکان بێت. ئەزموونی تورکیا و ئێرانمان زۆر لێ دوور نییە.

* کارتێکەریی ڕاگەیاندنە گشتییەکان لەسەر جەماوەر و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە دەخوازێت کە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی بەهەردوو زاراوەکە لە بەکارهێنانی ڕێنووسە جێگرتووەکانی خۆیاندا نۆرمێکی هاوبەش ڕەچاو کەن. پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بۆ یەکدەستکردنی وشە سەرەکییەکانی بواری ڕاگەیاندن دەتوانێت لە جێخستنی نۆرمەکانی

زماندا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت. ئەگەر پلانێکی هاوبەش لە هەموو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ کوردییەکاندا بەڕێوە بچێت مرۆڤ دەکرێت ئومێدەوار بێت لە زەمەنێکی نە زۆر دووردا زمانی کوردی ببێتە خاوەنی گوتارێکی ڕەوان و بە برشت. بۆ پێشخستنی ڕێنووس و ڕێزمانێکی یەکدەست لە میدیای چاپکراودا، (ڕۆژنامە، کۆوار و کتێب)، دەبێت هەموو ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لەسەر یەک ڕێنووس و ڕێزمان ڕێککەوتنیان هەبێت و بەکردەوە پەیڕەویی لێ بکەن. دەبێ بەروونکردنەوە و شیکردنەوەی شیاو ئەم سیاسەتە هاوبەشە ببێت بە بەشێک لە وشیاریی زمانی و نەتەوەیی و دواجار لە ڕێی لێژنەگەلی پێویستەوە دەستەبەر بکرێت.

* بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانی سەرەوە پێویستە ئۆرگانێکی ڕەسمی، بۆ نموونە ئەکادیمیای زمان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی سەرچاوەگەلی پێویست ڕێگەخۆشکەری پێکاندنی ئەم ئامانجانە بێت. چاپی کتێبێکی نۆرماتیڤ لەسەر ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی دەتوانێت وەک نموونەیەکی دانپێنراو و ژێدەر یارمەتییەکی گەورە بەم ڕەوتە بکات. ئەم کتێبە پێویستە بەرهەمی هاوبەشی زمانناسانی کورد بێت. لە بواری وشەڕۆنانیشەوە دەبێت لێژنەی پسپۆڕ بۆ بوارە جیاوازەکانی زمان، بۆ نموونە بوارەکانی زانستی، مرۆڤی، سیاسی، فەرهەنگی، دەروونناسی، فەلسەفە و... هتد، دامەزرێت و ئەم لێژنانە لە ڕێگەی بڵاوکراوە و ماڵپەڕەکانی خۆیانەوە بەردەوام ئەرکی وشەڕۆنان بەجێ بهێنن. دەبێ بەهۆی میکانیزمێکی گونجاوەوە کار و بەرهەمی ئەم لێژنانە بگاتە دەست خەڵک و کەڵکیان لێ وەرگیرێت. ئامادەکردنی فەرهەنگێکی نۆرمایڤ دەتوانێت ڕێگەچارەیەکی بەکەڵک بێت بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەک کە هەموو نووسەران و ڕۆژنامەنووسان وەک ژێدەرێکی ڕێنوێن کەڵکی لێ وەرگرن. فەرهەنگی زاراوە کوردییەکان دەتوانێت لە شارەزاکردنی ئاخێوەرانی زاراوەکان

بەیەکتردا دەورێکی کارا بگێڕێت و لە هەمان کاتدا دەبێت بەسەرچاوەیەک بۆ کۆکردنەوەی وشە کوردییەکانی هەموو زاراوەکان.

* لە پارێزگا و شارەوانییەکاندا دەبێت کەسانێک بەرپرسی ڕێنووسی سایت و تابلۆکان و ناوی دوکان و فرۆشگاکان بن و ڕێنووسێکی هاوبەشی دروست بۆ هەموو شوێنە گشتییەکان پەیڕەو بکرێت. ئەوە دەردێکی گرانە کە تۆ هەموو ڕۆژێ ناوی ناوەندە گشتییەکان بەڕێنووسێکی هەڵە ببینی و هیچیشت لەدەست نەیەت.

* لە چەند ساڵی ڕابردوودا ویستی فێربوونی زمانی کوردی لەلایەن کەسانی غەیری کوردەوە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم ڕاستییە و ژمارەی زۆری کوردانی تاراوگەش کە دەیانەوێت منداڵەکانیان زمانی زگماکی خۆیان لە بیر نەکەن، ئاوڕدانەوەیەک لە گرینگیی ڕەخساندنی بوار بۆ فێرکردنی زمانی کوردی لە دەرەوەی کوردستان دەکات بەپێداویستییەک. بەداخەوە ئێستا کەرەسەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە لە بەردەستدا نییە و دەبێت بۆ ناساندنی زمانی کوردی لە دەرەوەی کوردستاندا هاسانکاریی پێویست ڕەچاو بکرێت. هاوکاریی ناوەندەکانی فێرکردنی زمان لە دەرەوە بۆ ئامادەکردنی ماتریالی شیاو و پێویست ئەرکێکی نەتەوەییە. لە هەمان کاتدا بۆ ئەو خوێندکارە بیانییانەی دەیانەوێت بێن و لە کوردستان فێری زمانی کوردی بن دەبێ ڕێوشوێنی پێویست دەستەبەر بکرێت.

نابێ پێمان وابێت ئەم ئەرکانە کاری ڕۆژێک و دوو ڕۆژن. ئەزموونی ئێرانییەکان دوای سەدەیەک لە دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوەدا هێشتا لەم بوارانەدا بەئاکام نەگەیشتووە و مشتومڕی ڕێنووس و وشە هێشتا بەرۆکی بەر نەداون. ئەزموونی تورکەکان بۆ پاڵاوتنی زمانەکەیان لە وشەی بێگانە، سەرەڕای بەکاربردنی سیاسەت و میتۆدگەلی ڕاسیستی، قەت نەیتوانیوە

سەرکەوتوو بێت. لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهاندا کە ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر خێرایە و مرۆڤەکان لە یەک کات و ساتدا ئامانجی سەدان و بگرە هەزاران سووژەی ناسنامەخواز و ناسنامەسازن بەجێهێنانی ئەرکە زمانییەکان کارێکی سانا نییە. بەڵام وێ ناچێت چارەیەک جگە لە دەستپێکردن و کاری بەپلان لە ئارادا هەبێت. دواجار گفتوگۆی بەردەوام و پسپۆڕانە لەسەر ئەم بابەتانە دەتوانێت پێداویستیی ڕیفۆرمی زمانی و ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی زمانیی گونجاو بکات بەویستی هاوبەشی هەموو تاکێکی کورد.

سەرچاوەکان:


ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠٠٩)، فەرهەنگ: هەفتەنامەی فەرهەنگیی هەولێر، ژمارە ٣، ئەیلوول.

Anderson, Benedict (1991).Imagined Communities: Reflections on the Origins and Spread of Nationalism, (2nd Ed), London: Verso.

Bauman, Zygmunt (2004), Identity: Conversations with Benedetto Vecchi, Cambridge: Polity.

Bauman, Zygmunt (1996), From Pilgrim to Tourist-or a Short History, in Stuart Hall and Paul du Gay (eds), Questions of Cultural Identity, London: Sage Publications

Bernard, Frederick (1965) . Herders Social and Political Thought: From Enlightenment to Nationalism, Oxford: Clarendon Press .

Bertens, Hans (2004), Literary Theory: The Basics . London: Routledge .

Fellman, Jack (1973), The Revival of a Classical Tongue: Eleizer Ben Yehuda and the Modern Hebrew Language, The Hague: Mouton Publishers.

Gellner, Ernest (1996), The Coming of Nationalism and Its Interpretation: The Myths of Nation and Class, in Balakrishnan, Gopal (ed) Mapping the Nation, London: Verso, pp 98- 145.

Gelnner, E(١٩٩٤) ., Nations and Nationalism, Oxford: Blackwell . Gröndahl, Satu (2000), Aya netewe êwey wiey heye?, translated into Kurdish by Hashem Ahmadzadeh, Rehend, No. 9/10. pp 203- 214.

Hall, Stuart and du Gay, Paul (eds) (1996) Questions of Cultural Identity, Lon-

don: Sage Publications.
Heidegger, Martin (1991), Nietzsche, Volume IV: Nihilism, trans .From German by Frank A .Capuzzi, Edited, with Notes and an Analysis, by David Farrell Krell, San Francisco: Harper Collins.
Hejar, (1369), Henbane Borîne: Farhang-e Kordi  Frsi, Tehran: Sorush.
Hobsbawm, Eric (1990), Nations and Nationalism since 1780, London: Redwood Press.
Joseph, John E (2004), Language and Identity: National, Ethnic, Religious, Basingstoke: Palgrave & Macmillan .
Parekh, Bhikhu (1994), Discourses on National Identity, Political Studies, Vol. 42. No 3. September, pp492- 504.
(1999), Defining National Identity in a Multicultural Society, in Edward Moretimer & Robert Fine (eds), People, Nation and State: The Meaning of Ethnicity and Nationalism, London: I .B .Taurus, pp 66-74.
Roth, Cecil (1953), Was Hebrew ever a Dead Language? in Personalities and Events in Jewish History, Philadelphia: Jewish Publication Society, pp 136- 142.
Safran, William (1999) .Nationalism, in Fishman, Joshua; Handbook of Language and Ethnic Identity, New York: Oxford University Press.
Smith, Anthony D .(1971), Theories of Nationalism, London: Gerald Duckworth & Company Limited.
Vecchi, Benedetto (2004), Introduction, in Identity: Conversations with Benedetto Vecchi, Cambridge: Polity.
Yudkin, Leon I(1984), 1948 and After: Aspects of Israeli Fiction, Manchester: University of Manchester .

## له دۆنکیخۆتەوە بۆ هەناسەی زیندوو

### له شڤانێ کورمانجاوە بۆ لەسەر باران دەنووسم[1]

حەفتا و پێنج ساڵ پێش له ئێستا یەکەم ڕۆمانی کوردی، شڤانێ کورمانجا له نووسینی عەرەب شەمۆ له یەرەوان بڵاو بووەوە و ئەمەش بوو بەسەرەتایەک بۆ گۆڕانکارییەک له ئەدەبیاتی کوردیدا کە له ئەدەبیاتی ڕۆئاوادا سێ سەدەیەک پێشتر ڕووی دابوو. لەم ماوە کورتەدا، بە بەراورد لەگەڵ نەریتی چوارسەد ساڵەی ڕۆمانی ڕۆئاواییدا، ڕۆمانی کوردی هەم له بواری شێواز و هەمیش له بواری ناوەڕۆکدا، بەواتایەکی تر له "چی" "گوتن" و "چۆن" گوتندا، تووشی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتی هاتووە. له ڕاستیدا گۆڕان له شێواز و ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردیدا نەک ڕیزپەڕ بگرە دیاردەیەکە هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتێک کە کاروانی ڕۆمانی ڕۆئاوایی پێیدا تێپەڕ بووە و تێپەڕ دەبێت. پرس ئەوەیە کە هۆکارەکانی پشت گۆڕانکاریی شێوازی و ناوەڕۆکی له ڕۆماندا بە گشتی و، له ڕۆمانی کوردیدا بەتایبەتی کامانەن؟ تۆ بڵێی ئەو هۆکارانەی کە بنەمای گۆڕانیان له ڕۆمانی ڕۆئاواییدا پێک هێناوە و پێک دەهێنن هەر ئەو هۆکارانە بن کە لەپشت

١. باوەڕی زاڵی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی ئەوەیە کە دۆنکیخۆت کە بەرگی یەکەمی له ساڵی ١٦٠٧دا چاپ و بڵاو کراوە یەکەم ڕۆمانی مێژووی ڕۆماننووسییە. هەناسەی زیندوو ناوی ڕۆمانێکی هێرتا مولێر نووسەری ڕۆمانیاییە کە خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی ساڵی ٢٠٠٩ی پێ بەخشرا. شڤانێ کورمانجا یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە له ساڵی ١٩٣٥ چاپ بوو و لەسەر باران دەنووسم ناوی ڕۆمانێکی جەبار جەمال غەریبە کە لەبەر شازبوونی ناوەکەی و گوزارەیەکی بەرچاو له گۆڕانکاریی شێوازی و ناوەڕۆکییانە له ڕۆمانی کوردیدا، بۆ ناونیشانی ئەم بابەتەم هەڵبژارد.

گۆڕانکارییەکانی ڕۆمانی کوردیدا هەبوونە؟ تیۆریدارێژ و هزرڤانانی ئەدەبی وەک فـرێدریک جـەیمسـۆن و لوسی گـۆلدمـەن باس لەوە دەکـەن کـە دابەشکردنی ڕەوتی گەشەی ڕۆمـان و گۆڕانکارییەکانی ناو جیهانی ڕۆمانی ڕۆئاوایی گرێدراوی ئەو شـۆڕش و گـۆڕانکارییـانەن کە لـە ڕەوتی گـەشـەی ئابووری و شـۆڕشی پیـشـەسـازیی دەسـتـمـایـەداری وەک شـێـوەیـەکی بەرهەمـهێنان ڕوویان داوە. مرۆڤ دەکرێت هەر بەم شێوەیە پرسیـار بکات گـەلۆ گۆڕانکـارییـە شـێوازی و نـاوەڕۆکـیـیـەکـانی گـوتـاری ڕۆمـانی غـەیری ڕۆئاواییش هەر لەم سـەرچاوەیە ئـاو دەخـۆنـەوە؟ جـەیمسـۆن (١٩٩١: ٣٥) بیری ئێرنێست مەندێل کە لە بەرهەمی دەستمایەداری لە قـۆناغی دواتردا گەڵاڵە کراوە وەک مۆدێلێک بۆ دابەشکردنی ڕەوتی گەشەی ڕۆمـان ڕەچاو دەکات. مەندێل لە کارەکەی خۆیدا سێ قۆناغ لە ڕەوتی گەشەی شۆڕشـە تەکنۆلۆجییەکاندا دەستنیشان دەکات: دەستمایەداریی بازاڕ، ئیمپریالیزم و پاش پیشـەسـازی. لەسـەر ئەم بنەمـایە جـەیمسـۆن بناغـەی دابەشـکردنی زەمـەنیی فەرهەنگیی خۆی دادەمـەزرێنێت و ئاماژە بە سێ قـۆناغی گەشـەی ڕۆمان دەکـات: ڕیالیزم، مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم. لۆجیکی فـەرهەنگیی هەر کام لەم قۆناغانە جیاوازیی بنەڕەتییـان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەگوێرەی جەیمسۆن (س. پ. ٣٦) شتێکی تەواو لۆجیکانەیە کە چاوەڕوان بکرێت ئەم قـۆناغـانە پێـوەندییـەکی ڕیشـەداریان بە پیـشـەسـازی و قـۆناغـە تەواو جـیـاوازەکـانیـیـەوە هـەبێت و بـەشـێـوەی جـۆرەوجـۆر نوێنـەرایـەتیی تایبـەتمەندییـەکانی هەر قۆناغێک بکەن. لە بۆچوونی گۆلدمـەنیش سـەبارەت بە ڕۆمـاندا ڕایەکی لەم چەشنە دەبینرێت. گۆلدمەن ڕۆمـان لەسـەر بنەمـای چارەنووس و شـوێنی کـارەکتـەرەکان دابەش دەکات. گـەشـەی ڕۆمـان لە بۆچوونی گۆلدمـەندا پێوەستە بەچارەنووسی تاکبڕوایی و تاک لە سیستمی دەستـمـایەداری و گۆڕانەکانی ناو ئەم سیستـمـە. بەواتایەکی تر گۆڕان لە پێگەی تاک لە قـۆناغە جیاوازەکانی دەستمایەداریدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە

ڕۆمان و گرێدراوبوونی بە تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکەوە.

گۆلدمەن (١٩٧٥: ١٣٥–١٣٦) کۆمەڵگەی دەستمایەداریی ڕۆئاوایی بەسەر سێ سیستمدا دابەش دەکات: ١) ئابووریی لیبراڵ وەک سیستمی زاڵ هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ٢) ئیمپریالیزم کە بریتییە لە گەشەی تراست و مۆنۆپۆل و دەستمایەی ماڵی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و ٣) گەشەی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا لە ساڵانی بەر لە شەڕی دووەمی جیهانی و ساڵانی پاش شەڕ کە بوو بەهۆی هاتنە کایەی میکانیزمگەلی خۆگونجاندن. بەگوێرەی گۆلدمەن بەرەنجامی پێکهاتەی کۆمەڵگەی لیبراڵ بوو بەئافراندنی مرۆڤییانەی مێژووی کەسایەتیی گرفتدار بەو جۆرەی خۆی لە ئەدەبیاتی ڕۆئاوایی لە دۆنکیخۆتەوە هەتا ستێندال و فلۆبەر دەردەخات. کارەکتەرەکانی ڕۆمانگەلی قۆناغی ئابووریی لیبراڵ هەڵگری کێشەی زۆرن و نووسەرانی وەک ستێندال و گۆتە و بالزاک نوێنەرایەتیی ئەم قۆناغە دەکەن. سەرهەڵدانی دەستمایەداریی مۆنۆپۆل لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی هەڵوەشانەوەی کارەکتەرەکان (س. پ. ١٣٨). ڕۆماننووسانی وەک جۆیس، موسیل، کافکا و ساروت ئافرێنەری ڕۆمانگەلێکن کە کارەکتەرەکانیان هەڵوەشاوەن. نوێنەرایەتیی ئەدەبیی قۆناغی سێیەم لە ڕۆمانەکانی ئالان ڕۆبگریەدا دەردەکەوێت. ئەم قۆناغە بەدەرکەوتنی جیهانی سەربەخۆی شتەکان پێناسە دەکرێت کە خاوەنی پێکهاتە و یاسای تایبەتیی خۆیانن و واقیعێکی تەنیای مرۆڤیی هێشتا تا ڕادەیەک دەتوانێ گوزارە لە خۆی بکات (س. پ. ١٣٩). لە قۆناغی دووەم و سێیەمدا تاک وەک واقیعێکی جەوهەری وردە وردە لەناو دەچێت و هەر بەم ڕێژەیەش سەربەخۆیی شتەکان ڕوو لە زیادبوون دەکات (س. پ. ١٣٨).

هەڵبەت بۆچوونەکانی گۆلدمەن هەڵگری جۆرێک لە جەوهەرگەرایین و ئافراندنی دنیای ڕۆمان ڕاستەوخۆ بەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەبەستنەوە.

مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکات کە ئەم بۆچوونە چۆن دەتوانێت شیکەرەوەی چارەنووسی رۆمان بێت لە سیستمی سۆسیالیستیی پێشوودا؟ سەرەرای ئەم کەموکورییە، شتێک کە کەم و زۆر لە کۆمەڵناسیی مارکسیستیی ئەدەبیاتدا باوە، بۆچوونی گۆلدمەن هەڵگری خاڵێکی بەرچاوە لە تیۆریی رۆماندا کە دواجار برێتییە لە گێرانەوەی چارەنووسی تاک. ئەم خاڵە، واتا "تاکاندنی" کارەکتەرەکان وەک تایبەتمەندییەک کە رۆمان لە جۆرەکانی ئەدەبیی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، پێناسەی هەرە بەرچاوی رۆمانە. لە راستیدا رۆمان تەنیا بەهۆی ئەو سەرنجەی کە بە تاکاندنی کارەکتەرەکان و ئاراستەکردنی وردبینانەی هەلومەرجیان دەیدات لە شێوەکانی تری گێرانەوە جیا دەکرێتەوە (وات ١٩٩٥: ١٧–١٨).

وردبوونەوە لە پێوەرە تیۆریکەکانی جەیمسۆن و گۆلدمەن دەری دەخات کە ئەم بۆچوونانە لە هەنگاوی یەکەمدا پێوەندییان بەچارەنووسی رۆمان لە رۆژئاوادا هەیە کە جۆرەکانی رۆمان لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمەوە هەتا ئێستا لە گۆرانی بەردەوامدان. ئەم بیر و بۆچوونانە وێ ناچێت پاساوی گۆرانکارییەکانی شێوە و ناوەرۆکی رۆمان بن لە بەستێنی غەیری رۆژئاواییدا کە تەمەنی رۆمان لەوێدا زۆر کورتترە. سەرەرای تەمەنی کورتی رۆمان لە جیهانی سێیەمدا دەبینین کە گۆران بەشێکی حاشاهەڵنەگری چارەنووسی ئەم جۆرە ئەدەبە بووە و وێکنەچوویی سیستمی کۆمەڵایەتیی رۆژئاوا و جیهانی سێیەم نەبووەتە هۆی بەربەستکردنی گۆرانکارییە بەردەوامەکان لە جیهانی رۆمانی ئەم کۆمەڵگەیانەدا. لێرەدا پرسیار ئەمەیە ئەگەر ئەم پێوەندییە راستەوخۆیە لە نێوان ئافراندنی جیهانی رۆمان و شێوازەکانیدا لەلایەک و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە هۆکاری گەشە و گۆرانکاریی رۆمانی جیهانی سێیەم نەبن، مرۆڤ چۆن دەتوانێت هۆکارەکانی تری دیاردەیەکی لەم چەشنە پێناسە بکات؟ هۆکارەکانی وێکچوویی شێوازی و ناوەرۆکییانەی رۆمانی رۆژئاوایی و غەیری رۆژئاوایی

له سەردەمی ئێمەدا، سەرەڕای جیاوازیی شێوەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی چین؟ بەباوەڕی من لە دەرەوەی مۆدێلەکانی جەیمسۆن و گۆلدمەن دەکرێت هۆکاری سەرەکیی دیاردەیەکی لەم چەشنە لە بەجیهانیبوونی فەرهەنگدا بدۆزێتەوە کە سنووره نەتەوەییەکانی دەرباز کردووە و فەزای رۆئاوا و رۆهەڵاتی لە یەکتر گرێ داوە. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی رۆمان لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لە سەرەتاوە لەژێر کارتێکەریی ئاشکرای رۆئاوادا بووە. ""لە وڵاتانی رۆهەڵاتدا، ریالیزمی ئەدەبی هەر بەتەنیا ئاکامی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی ناوەخۆ نەبوو، بگرە لەژێر کارتێکەریی ڕاستەوخۆی رۆئاوا و و دواتر ئەدەبی رووسیشیدا بوو"" (براگینسکی ١٩٧٨: ٥٢٦).

مۆسێس (١٩٩٥: x) باس لەوە دەکات کە ""لە دوو سەدەی ڕابردوودا "ئەدەبێکی جیهانی" سەری هەڵداوە."" بەباوەڕی ئەو ""پێوەندییەکی گلۆباڵ"" لە ژیان و بەرهەمەکانی نووسەرگەلی وەک سەلمان ڕوشدی، شووساکا ئێندۆ، تاهیر بین جەلوون و خۆرخێ لویی بۆرخێس هاتووەتە ئاراوە. بەڵام ئافراندنی رۆمان لە شێوەی رۆمانی رۆئاواییی هەر گرێدراوی ئەو نووسەرە غەیری رۆئاواییانە نییە کە سنووری فیزیکیی رۆئاوایان بەزاندووە. زۆر نووسەر هەن کە هەرگیز کۆمەڵگەی رۆهەڵاتیی خۆیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵام ئافرێنەری رۆمانگەلێک بوونە کە لە بواری شێوازەوە خۆیان تەواو لە قەرەی رۆمانی رۆئاوایی دەدەن. وێ دەچێت کە بەجیهانیبوونی مۆدێرنیتە هۆکاری سەرەکیی ئافراندنی شێواز و ناوەرۆکی وێکچووی نێوان ئەدەبیاتی گەلان و وڵاتانی جیاوازی جیهان بێت. هەروەک مۆسێس (١٩٩٥: x) دەڵێت ""مۆدێرنیتە تەنیا دیاردەیەکی ناوچەییی رۆئاوا نییە، بگرە بووەتە شتێکی جیهانی و بگرە پێویستی هەلومەرجی مرۆڤایەتی و، هەر بۆیەشە لە هەمان کاتدا بووەتە سووژەی بێ ئەملا و ئەولای هەر ئەدەبێک کە بیەوێت تەعبیر لە هەبوونی سەردەمی هاوچەرخ بکات.""

مەبەستی ئەم وتارە دەستنیشانکردنی سەرەکیترین گۆڕانکارییەکانی ڕۆمانی کوردییە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە بەراییەکانی دەیەی سیی سەدەی بیستەم هەتا کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم. هەڵبەت لەبەر سروشتی بەرتەسکی ئەم وتارە گونجاو نییە کە هەموو ڕۆمانە کوردییەکان کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی دووسەد ڕۆمان، یەک بە یەک بەسەر کرێنەوە. لە باری مێتۆدیشەوە چاوەڕوان ناکرێت کارێکی وا شیاو بێت. لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆئاواییشدا کە تایبەتن بەڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ڕۆمانی ڕۆئاواییەوە، تەنیا ئەو ڕۆمانانەی بە شێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتیی سەردەم و قۆناغی دیاریکراوی خۆیان دەکەن دەبنە هەوێنی لێکۆڵینەوە و وەدەستخستنی ئەنجامی ڕەوتی گۆڕانە شێوازی و ناوەڕۆکییەکان. بۆ نموونە برادفۆرد (٢٠٠٧) لە لێکۆڵینەوەی خۆی سەبارەت بە ڕۆمانی ئینگلیزی لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتاساڵی ٢٠٠٥ هەموو ڕۆمانە چاپکراوەکانی ئەم ماوەیە ناخاتە بەرباس. برادفۆرد تەنیا ئاماژە بە ژمارەیەک ڕۆماننووسی وەک مارتین ئامیس، ئیەن مەکئیوان، سەلمان ڕوشدی، دەیڤید میچێل و عەلی سمیت کە وەک ڕۆماننووسی کارتێکەر دەستنیشان کراون، دەکات. ئەوەش بڵێم کە لەم وتارەدا شێواز کە لە بریی "form" داندراوە بە مانا ورد و زمانناسانەکەی نییە کە برێتییە لە دەستەبەرکردنی ""زانیاریی قورس"" "بۆ پاڵپشتیی "غەریزەکانی" بەرهەمێکی ئەدەبی"" (بەری ٢٠٠٢: ٢١٠). لەم وتارەدا شێواز یاخۆ ""تۆنی دەنگ"" وەک ""ئەو شتەی کە ڕۆمانێک یاخۆ ڕۆماننووسێک لە ئەوانی تر جیا دەکاتەوە"" سەیر دەکرێت (moolان ٢٠٠٦: ٢١٣). بەمجۆرە ئەم وتارە ئاماژە بە پێکهاتەی گشتی و ساکاری و پێچەڵپێچیی شێوازی ڕۆمانەکان دەکات و لە جیاتیی وردبوونەوە لە زانیاریی وردی زمانەوانیی دەق پتر خۆی بە کردەی شیکردنەوەی دەقە ئاماژەپێکراوەکان خەریک دەکات. بەباوەڕی من گۆڕانکارییەکانی ڕۆمانی کوردی نەک بە مۆدێلی جەیمسۆن و گۆلدمەن بگرە

به مۆدێلی مۆسێس پێناسە دەکرێن. ئەمە بەمانای حاشاکردن لە کارتێکەریی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی بەسەر ڕۆماندا نییە. هەروەک لوکاچ (١٩٦٢: ١٣٩) دەڵێت کۆمەڵگە سووژەی سەرەکیی ڕۆمانە و ژیانی مرۆڤ لە پێوەندیی نەپچڕاوەدایە لەگەڵ سازی و داوونەریتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان فاکتۆری گرینگن لە ئافراندنی ڕۆماندا. بەڵام بەباوەڕی من گۆڕانکارییەکانی شێوازی و ناوەڕۆکییانەی ڕۆمانی کوردی وەپێش گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کەوتوون. لە هەمان کاتدا ڕۆمان نەک هەر بەرهەمی گەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، بۆ خۆشی کار دەکاتە سەر ئەم گۆڕانانە. هەروەک ئارمسترانگ (٢٠٠٥: ٧) باس دەکات ڕۆمانە مێژووییەکانی سیر والتر سکات ""ئاکامی سازبوونی نەتەوەی بەریتانیایی بوون و لە هەمان کاتدا یارمەتیدەری سازبوونی ئەم نەتەوەیە بوون."" تایبەتمەندیی گێڕانەوەیی ڕۆمان فاکتۆرێکی کارا بووە لە تاکاندنی مرۆڤ وەک سەرەکیترین کەڵکەڵەی ڕۆمان. ئارمسترانگ (س. پ. ١٠) لەو باوەڕەدایە کە بەبێ بەگێڕانەوەکردنی چەمکی تاکبڕوایی بەهۆی ڕۆمانەوە ئەستەم بوو تاکبڕوایی بەم خێرایی و پتەوییە لە ڕۆئاوادا سەقامگیر ببێت. لە ڕاستیدا تاک نەک هەر سووژەی گێڕانەوە و نووسین بگرە ئۆبژەی نووسین و گێڕانەوەش بووە.

عەرەب شەمۆ (١٨٩٧-١٩٧٨)، ناودارترین نووسەری كوردی سۆڤیەتی پێشوو، وەك ""باوكی ڕۆمانی كوردی"" ناوزەد كراوە (كوتلای ١٩٩٦: ٥٨). یەكەم ڕۆمانی شەمۆ بەنێوی شڤانێ كورمانجا لە ساڵی ١٩٣٥ لە یەرەوان چاپ بوو. جگە لە دمدم كە ڕۆمانێكی مێژووییە و ڕووداوەكانی شەڕی نێوان پاشای سەفەوی، شا عەباسی دووەم، لەگەڵ كوردەكان دەگێڕێتەوە، پێنج ڕۆمانەكەی تری ئەو بەگشتی گێڕانەوەی هەلومەرجی كۆمەڵایەتی و سیاسیی هاوچەرخی كوردەكانی سۆڤیەتی پێشوون لەسەر بنەماكانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی. ڕەنگە بەسەرهاتی شەمۆ و چاپی یەكەمی ڕۆمانەكەی گوزارەیەكی بەرایی بێت لە مەینەتی بەردەوام و بێ بڕانەوەی كورد. شەمۆ سەر بەخێزانێك بوو كە ساڵانێك پێشتر لە كوردستانی عوسمانییەوە ڕوویان لە ڕووسیا كردبوو. جگە لە زمانی زگماكیی خۆی، هەرمەنی و توركی و ڕووسییشی دەزانی. لە سەردەمی منداڵیدا شوانییەتیی دەكرد. لە كاتی شەڕی جیهانیی یەكەمدا وەك وەرگێڕ بۆ سوپای ڕووسی كاری دەكرد و هەر لەم سەردەمەشدا لەگەڵ بیرۆكەگەلی سۆسیالیستی ئاشنا دەبێت. دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەر دەبێتە ئەندامی حزبی بۆلشێڤیك و دواتر دەبێت بەدامەزرێنەری سەرەكیی شوراكان لەناو عەشیرە كوردەكانی ڕووسیادا. لە ١٩٣٧دا ڕەوانەی سیبریا دەكرێت و تا ١٩٥٤ كە دەگەڕێتەوە یەرەڤان، لەوێ ژیانی ئەسیری بەسەر دەبات.[١] شڤانێ كورمانجا هەر لە

١. بۆ زانیاریی پتر لەسەر ژیانی عەرەب شەمۆ و هەلومەرجی گشتیی زمانی كوردی و كوردەكانی سۆڤیەتیی پێشوو بڕوانە ڤانلی (١٩٩٢).

ساڵی ١٩٣٥دا بە زمانی هەرمەنی و ڕووسیش چاپ دەبێت. لە ساڵی ١٩٤٦دا باسیل نیکیتین چاپە ڕووسییەکەی ئەم ڕۆمانە وەردەگێڕێتە سەر زمانی فرەنسی. ساڵێک دواتر نوورەدین زازا وەرگێڕانی کوردیی چاپە فرەنساییەکە لە بەیرووت بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا ئەنستیتوی کورد لە پاریس هەردوو وەرگێڕاوە فرەنسایی و کوردییەکە لە بەرگێکدا چاپ دەکاتەوە. لە ٢٠٠٦دا دەزگای ئاراس وەرگێڕانەکەی نوورەدین زازا بە ئەلفوبێی کوردیی ئارامی/عەرەبی لە چاپ دەداتەوە. موحسین ئەحمەد عومەر کە کتێبەکەی هێناوەتە سەر پیتی کوردی/عەرەبی، پێشەکییەک و فەرهەنگۆکێک بۆ ئەم چاپە دەنووسێت. لە ٢٠٠٩دا مستەفا سەیدۆ ئایدۆغان لە دەزگای لیس لە ئەستەمبۆڵ یەکەم چاپی کتێبەکە کە بەئەلفوبێی کریلیکە دووبارە چاپ دەکاتەوە و هەر لە هەمان بەرگدا بەئەلفوبێی لاتینییش عەینی کتێب چاپ دەکرێتەوە.[١]

شڤانێ کورمانجا بەسەرهاتی ژیانی پڕ مەینەتی کوردەکانی سۆڤیەتی پێشووە لە ساڵانی کۆتاییی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمە شتێک نییە جگە لە بەسەرهاتی نووسەر بۆ خۆی و ئەگەرچی وەک یەکەم ڕۆمانی کوردی دەستنیشان کراوە دەکرێت وەک بەرهەمێکی تەواو ژیاننامەیی سەیر بکرێت. نووسەر تیشک دەخاتە سەر سەردەمی منداڵیی خۆی و بنەماڵەکەی و گوندەکەی و هەلومەرجی ژیانی عەشیرە کوردەکان و دامەزراندنی یەکەم شوراکان و ڕەنگدانەوەی سیستمی سۆسیالیزم لەنێو کوردەکاندا. بەشداربوونی نووسەر لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا وەک وەرگێڕ، بەشداربوونی لە شەڕی ناوخۆدا وەک بۆلشڤیکێک و کارکردنی بۆ دامەزراندنی داوودەزگای سۆسیالیستی لەنێو عەشیرە کوردەکاندا و هەوڵدانی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری داوونەریتی

١. بۆ زانیاریی ورد لەسەر بەسەرهاتی چاپ و وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە زمان و ئەلفوبێی جیاواز بڕوانە ئایدۆغان (٢٠٠٩: ٥-٤٧).

عەشیرەیی و دەرەبەگایەتی بە وردە ڕیشاڵ لەم کتێبەدا باس کراون. هەلومەرجی سەختی ژیانی ژنان تەوەرێکی تری ئەم ڕۆمانەیە. بەهۆی بەسەرهاتی ئەڤینی نووسەر بە ئامۆزاکەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ژن لە سەردەمی مێرمنداڵیی ئەودا شتێک نەبوو جگە لە ئۆبژەیەکی کڕین و فرۆشتن. گێڕانەوەکە لە ڕوانگەی یەکەم کەسەوەیە و تژییە لە وەسفی وردەکارانەی نەریتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردەکان. بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی نووسەر بەشی سەرەکیی ڕۆمانەکە پێک دەهێنن. بۆ نموونە بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن جارێک هێندێک پەتاتە دەدزێت و دەیەوێت لەبن ئاگرێکدا بیانبرژێنێت، بەڵام گورگ هێرش دەکەنە سەر مێگەلە مەڕەکەی و ئەو دەست دەکات بە شەڕ لەگەڵ گورگەکاندا و کاتێک لە شەڕەکە دەبێتەوە پەتاتەکان بووبوون بە خەڵووز و شوانی گەنج بە برسییەتی دەمێنێتەوە. ئەو هەروەها بەسەرهاتی بینینی کارد و چەنگاڵ بۆ یەکەم جار لە ماڵی مامۆستا ڕووسەکەی دەگێڕێتەوە کە ڕووداوێکی تەواو تراژیی کۆمێدیکە. کاتێک لە ماڵی مامۆستاکەی خواردنی بۆ دادەنێن دەبینێت کە لە تەنیشت دەورییەکە کارد و چەنگاڵ و کەوچکێک داندراون. ئەو خواردنەکە بە کەوچکەکە دەخوات و وا دەزانێت کە چەنگاڵ و کاردەکە وەک دیاری بۆ ئەو داندراون و ئەویش دەیانخاتە ناو گیرفانی. دواتر خاوەن ماڵەکە بەدزی تاوانبار دەکات، هەرچەند ئەو داکۆکی لە خۆی دەکات و دەڵێت پێی وابووە کە ئەو شتانە وەک دیاری بۆ ئەو داندرابوون بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بەشەرمێکی زۆر دەکات. سەردەمانێک وەک پێشخزمەتی خوێندنگەیەک کار دەکات و هەر لە هەمان کاتیشدا خەریکی خوێندن دەبێت. ئەو باسی یەکەم ئەڤینی خۆی بۆ مارۆسیا، کچی مامۆستاکەی، دەکات و بە هەیەجانێکی زۆرەوە وەرگرتنی یەکەم کتێبی لەلایەن مارۆسیاوە دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکە بە پێداهەڵگوتنی سۆسیالیزم و گرینگیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی شوراکان و کۆتاییهاتنی

دەسەڵاتی دەرەبەگ و شێخە کوردەکان تەواو دەبێت. ئەم ڕۆمانە هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لەخۆ دەگرێت. ئەوەی کە بەر لەم ڕۆمانە بەدەگمەن دەقی پەخشانی کوردیی هەبووە نیشان دەدات کە چۆن یەکەم ڕۆمانی کوردی لەژێر کارتێکەریی ئاشکرای باوەڕە ئایدیۆلۆجیکەکانی نووسەرەکەیدا بووە.

بەرهەمەکانی نووسەرە کوردەکانی تری سۆڤیەتی پێشوو وەک عەلی عەبدوڕەحمان، حاجی جندی، سەعید ئیبۆ و عەگید خودۆش هەر لە یەرەڤان چاپ دەبن. تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرانە برێتین لە ئەڤین، داوونەریتی کوردی، دەسەڵاتی بێ سنووری ئاغا و شێخە کوردەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چەوسانەوەی خەڵک و بڵاوبوونەوەی بیر و هزری سۆسیالیستی و بەرابەریخوازی لەنێو کوردەکاندا. لەم ڕۆمانانەدا بە بەراوردکردنی ژیانی بەر لە سۆسیالیزم و پاش دامەزراندنی سۆسیالیزم مەبەستی سەرەکی برێتییە لە پێهەڵگوتنی سۆسیالیزم و لەقاودانی ناحەزییەکانی سیستمی دەستمایەداری. بۆ نموونە سەعیدی ئیبۆ لە کوردێن ڕێویدا بەسەرهاتی کۆچی کوردەکانی عوسمانی دەکات بۆ ڕووسیا کە دواتر بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە چاوەڕوانی دەکرێت کۆتایی بە هەموو مەینەتەکان بێت.

یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی کوردی بەزاراوەی کرمانجیی خواروو (سۆرانی)، پێشمەرگە، گێڕانەوەیەکی ڕیالیستییانەیە لەسەر هەلومەرجی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا.[1] تێمای سەرەکیی ئەم ڕۆمانە

١. ڕۆمانی پێشمەرگەی دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠ لە یەرەڤان چاپ بوو. لە ١٩٦١ لە بەغدا چاپ دەبێتەوە. لە ١٩٨٠دا زیا ئاوجی دەیکاتە کرمانجی و لە ستۆکهۆلم چاپی دەکات. دەزگای ئاراس لە ٢٠٠٨دا چاپێکی نوێی پێشمەرگە بڵاو دەکاتەوە.

برێتییه له دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی نوێباوی ناسیۆنالیستی کوردی، ژ.کاف، له ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک خوێندەواری گەنجی مەهابادییەوه له ساڵی ١٩٤٢ گێڕانەوەی خەباتی کوردەکان بۆ وەدەستهێنانی مافه نەتەوەییەکان و هاوکاریی دەرەبەگه کوردەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دژ بەداخوازییەکانی کورد تێمای تری ئەم ڕۆمانەن. کارەکتەره سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانه دوو لاوی کوردی گوندین که دەبن به ئەندامی ژ. کاف و دواتر حزبی دیموکراتی کوردستان له مەهاباد. بەسەرهاتی پیرۆت وەک لاوێکی خوێنگەرمی کورد، مامەند وەک باوکێکی هەژاری کورد و کوشتنی بەدەست قەرەنی ئاغا وەک دەرەبەگێکی زاڵم و خائین و، مرۆت و خۆکوشتنەکەی بەهۆی دەستدرێژیی ئاغایەکەوه، تایبەتمەندیی گێڕانەوەیەکی ڕیالیستی بەڕۆمانی پێشمەرگه دەبەخشن که لەژێر کارتێکەریی ئاشکرای ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا نووسراوه. لایەنێکی بەرچاوی ڕۆمانەکه ئاماژەیه بەتایبەتمەندیی سنووربەزێنی ناسیۆنالیزمی کورده کاتێک شوێنپەنجەی چوار ئەفسەرەکەی باشووری کوردستان له ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ئاماژەی پێ دەکرێت.

ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠) ژانی گەل له ساڵی ١٩٥٦دا دەنووسێت، بەڵام ئەم ڕۆمانه دواتر له ساڵی ١٩٧٢دا بۆ یەکەم جار چاپ دەکرێت. ئەم ڕۆمانه بەسەرهاتی دەرد و ئازارەکانی گەلی کورده. له زاری نەریمان، یەک له کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەوه، ڕەمزی ناوی ڕۆمانەکه ئاوا باس دەکرێت: شۆڕش ژانێکه که دەبێ گەل له پێناو ڕزگاریی خۆیدا بیچێژێت، هەروەک چۆن دایکێک بۆ بەدنیاهاتنی منداڵەکەی دەبێ ئازار بچێژێت. ناوی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانه به گشتی هەڵگری باری مانایی شۆڕشگێڕانه و نەتەوەیین: جوامێر، هیوا، بێباک، ئاسۆ، شاهۆ، سامان. ئەم ڕۆمانه تژییه له ئاماژەی ئاشکرا بەپرسی ناسنامه و، ""لەشکری ڕزگاریخوازی نیشتمانی"" له پێناو ڕزگاریی کورددا لەگەڵ دوژمن له

شەڕدایە. کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دوای تێپەڕکردنی دە ساڵ زیندان دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی. دە ساڵ پێشتر لە کاتێکدا هاوسەری جوامێر خەریکی منداڵبوون بوو و جوامێر بەشوێن مامانێکدا دەچێتە ناو شار، تووشی خۆپێشاندانی جەماوەر دەبێت و پاش بریندار‌بوونی دەگیرێت و دە ساڵ سزای زیندانیی بەسەردا دەسەپێندرێت. لاوەی خزمی جوامێر لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا بۆ بەرزڕاگرتنی ورەی جوامێر لە زیندان هەواڵی مەرگی ژن و منداڵەکەی لێ دەشارێتەوە. جوامێر دوای گەڕانەوەی لە زیندان و ئاگەداربوونەوەی لەم ڕاستییە تاڵە بڕیار دەدات بچێتە ڕیزی ""لەشکری ڕزگاریخوازی نیشتمانی""یەوە.

ئەم ڕۆمانانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا بەرچاوترین ڕۆمانگەلی چاپکراوی کوردیین هەتا سەرەتاکانی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەم. گرفتەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بەکوردی کار دەکاتە سەر گەشەی ڕۆمانی کوردی. مەسەلەی ویژدان، نووسراوی ساڵی ١٩٢٧، ئاگری بن کا، نووسراوی ١٩٦٦، ڕێگە، نووسراوی ١٩٧١، ژانی گەل، نووسراوی ١٩٥٦، هەموو ساڵانێک و بگرە دەیان ساڵ دواتر چاپ بوون. هێندێک لەم ڕۆمانانە لەبەر هەلومەرجی سیاسی لە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە شوێن و نێوی کوردی خۆ دەپارێزن. ئیبراهیم ئەحمەد سەرەتا ڕۆمانەکەی بەخەباتگێڕانی ئەلجزایری پێشکێش دەکات و تەنانەت لە کاتی نووسینیدا نێوی عەرەبی لە کارەکتەرەکانی دەنێت. لە ئاگری بن کادا سەعید ناکام بۆ شوێن ونکردن جێگۆڕکێ بەشوێنی ڕۆمانەکە دەکات و دەیکات بە کەشمیر و نێوی هیندی لە کارەکتەرەکانی دەنێت. سەرەڕای ئەمە وێکچوویی ئاشکرا لە نێوان ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە و ڕووداوەکانی کوردستان و کەسایەتییە ناسراوەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەبیندرێت. لە مەسەلەی ویژدانیشدا وێکچوویییەکی ئەوەندە بەرچاو لە نێوان ژیانی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە و نووسەرەکەی واتا ئەحمەد

موختار جافدا دەبیندرێت کە مرۆڤ دەتوانێت ئەم ڕۆمانە وەک جۆرێک لە ژیاننامە سەیر بکات (گەرمیانی ٢٠٠٤: ٢٤). تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە وەسفی کۆمەڵگەیەکی نەریتیی کوردەواری کە تووشی ئاسەواری شەڕی یەکەمی جیهانی دەبێتەوە، ئاسەوارێک کە هەڕەشە لە بایەخە کۆنە جێگرتووەکان دەکەن.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕۆمان لە باشووری کوردستان چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەو ڕۆمانانە بەگشتی گێڕانەوەی خەبات و شۆڕشی کوردن دژی نەیارەکانی. هەر لەم دەورەیەدا نووسەرانی کوردی دانیشتووی هەندەران بە تایبەتی لە سوێد کۆمەڵێک ڕۆمان بەچاپ دەگەیەنن. تێمای ئەم ڕۆمانانەش بەشێوەیەکی گشتی شتێک نەبوو جگە لە گەڕانی کوردان بەشوێن ناسنامەی خۆیاندا و لە پلەی یەکەمدا ڕۆمانی سیاسی بوون.[1] بەدوای شەڕی کەنداو لە ١٩٩١دا و ئەو ڕاستییە کە ڕاپەڕینی کوردەکانی باشوور بوو بەهۆی ڕزگارکردنی بەشێکی بەرچاو لە باشووری کوردستان ڕەوتی گەشەی ڕۆمانی کوردی جووڵەیەکی خێراتری بەخۆیەوە بینی. هەر لەم ماوەیەدا لە ئاکامی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسی و فەرهەنگی لە ئێران و تورکیاشدا کۆمەڵێک ڕۆمانی کوردی چاپ کران.[2] ئەگەرچی ژمارەی ڕۆمانی چاپکراو لە دیاسپۆراشدا لە هەڵکشاندا بوو، بەڵام بەرە بەرە باشووری کوردستان و تورکیا دەبوون بە ناوەندی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی کوردی. ئەمە ڕەوتێک بوو کە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا پتر لە هەمیشە خۆی دەرخست. زیادبوونی ڕۆمانی کوردی لە باری چەندایەتییەوە لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک

---

١. بۆ زانیاریی وردتر لەسەر ڕۆمانی کوردی، سەرهەڵدان و گەشەکردنی بڕوانە ئەحمەدزادە (٢٠٠٣، ٢٠٠٩).

٢. بۆ زانیاریی پتر لەسەر ڕۆمانی کوردی لە ئێران و ڕۆهەڵاتی کوردستان بڕوانە ئەحمەدزادە (٢٠٠٥).

گۆڕانکاریی چلۆنایەتیشی هەم لە شێواز و هەم لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ خۆی هێنا. دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم گۆڕانکارییانەوە بوون: ١) دەسەڵاتی کوردی بەسەر بەشێک لە باشووری کوردستان لە ١٩٩١ەوە بووەتە ئەزموونێکی خۆبەڕێوەبەریی کوردی. ئەم ئەزموونە کە بەکردەوە شتێک نییە جگە لە بەڕێوەبردنی بەشێک لە کوردستان بەدەستی خودی کورد کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنی تێما و ناوەڕۆکی ڕۆمان لەلایەن ڕۆماننووسانەوە. ئەگەر پێشتر کارەکتەری ڕۆمانی کوردی لە هەنگاوی یەکەمدا لە بەربەرەکانی لەگەڵ "ئەوی تر"دا دەستوپەنجەی نەرم دەکرد، ئێستا ئیتر "خود" و داوودەزگای بەڕێوەبردنی دەبێتە ئەو فەزایە کە کارەکتەری ڕۆمانی کوردی تێیدا دەجووڵێتەوە. ئاشکرایە لەبەر پچڕپچڕبوونی وڵاتی کوردان ئەمە تەنیا بەشێک لە فەزای ڕۆمانی کوردی دەگرێتەوە. ٢) ڕۆماننووسانی کوردی دیاسپۆراش بەدرێژبوونەوەی ماوەی مانەوەیان لە هەندەران ئیتر تەنیا وەک سووژەیەکی نۆستالجیک ناڕواننە ""وڵات"، بگرە تێبینییەکانیان لەسەر ئەم دیاردەیە شێوەیەکی پتر ڕەخنەییانە بەخۆیەوە دەگرێت. لە هەمان کاتدا دەرفەتی سەردانی ""وڵات"" بۆ هێندێک لە نووسەرانی دیاسپۆرا دەبێتە هۆی وەدیهاتنی کۆدەق و فەزایەکی نوێ بۆ کارەکتەری ڕۆمانی کوردی. ئاوڕێک لە بەرهەمی بژاردەیەک لە ڕۆماننووسانی کورد پتر ئەم ڕەوتە ڕوون دەکاتەوە.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بەرهەمەکانی نووسەرێکی کورد، بەختیار عەلی، پتر لە هەموو ڕۆماننووسانی تر سەرنجی خوێنەرەوانی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەختیار هەتا ئێستا شەش ڕۆمانی بڵاو کردووەتەوە.[١] چاپخانەی ڕەنج وەک بڵاوکەرەوەی هێندێک لە

١. بۆ زانیاری لەسەر بەرهەمەکانی بەختیار عەلی و لیستی ڕۆمانەکانی و کۆمەڵێک لەو وتارانەی لەسەر کارەکانی نووسراون بڕوانە ماڵپەڕی بەختیار عەلی:
http:// www.bachtyar-ali.com:

ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەرسەدێکی دیاریکراوی لە فرۆشی ڕۆمانەکان بۆ نووسەر تەرخان کردووە. ئەمە شتێکی بێوێنەیە لە هەموو مێژووی ڕۆماننووسیی کوردیدا و پێشکەوتنێکی بەرچاو و گرینگە لە بواری یارمەتیگەیاندن بەدەستەبەرکردنی ژیانی نووسەر بە هۆی کارەکانیەوە.[1]

ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی لە پێناسەیەکی گشتیدا دەکرێت بخرێنە خانەی ڕیالیزمی جادووییەوە. لە میانەی ئاماژەی جۆرەوجۆری کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسییەوە دەردەکەوێت کە بەستێن و فەزای ئەم ڕۆمانانە گرێدراوی واقیعی کوردستانن. خوێنەرەوانی کارەکانی بەختیار عەلی جیهانی خەیاڵیی ڕۆمانەکانی وەک جیهانێکی واقیعی وێنا دەکەن. ئەو ڕاستییە کە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا کۆمەڵێک ڕووداو و گێڕانەوە دەچنە دەرەوەی یاسا سروشتییەکان، بەڵام نابنە هۆی لەدەستدانی متمانەی خوێنەرەوە بە لایەنە واقیعییەکانی ئەم ڕۆمانانە، دەتوانێت نموونەیەکی ئاشکرا بێت لەسەر پێناسەی ڕیالیزمی جادوویی بۆ ڕۆمانەکانی ئەو.

لە زۆربەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا کۆمەڵێک باسی بوونناسانە لە زمان گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانەوە دەورووژێندرێن. ئەم باسە بوونناسانە، هەرچەند هەمیشە لەگەڵ پێشخانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی کارەکتەرەکاندا گونجاو نین، یەک لە تایبەتمەندییەکانی دەقی ڕیالیزمی جادووین. ئەم تێبینییە بووننناسانانە وەک ئامرازێکن بۆ هەڵوەشاندنەوەی

---

١. لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ماڵپەڕی بیبیسیدا بڵاو بووەتەوە ئاماژە دەکرێت کە بەختیار عەلی ٢٥٠٠٠ دۆلاری لە بریی چاپی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ کە لە دە هەزار نوسخەدا بڵاو بووەتەوە پێ بەخشراوە. بڕوانە

http://news.bbc.co.uk/1/hi/world/middle-east/7535854.stm,

لە وتووێژێک لەگەڵ خەباتدا بەختیار عەلی دەڵێت کە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ دە هەزار نوسخەی لێ چاپ کراوە. بڕوانە

http://www.xebat.net/article.php?id=13326

واقــیـع. فــاریس و زامــۆرا (١٩٩٥: ٣) له پێــوەندی لەگــەڵ ""داپچــڕانی بووناسانه"" له دەقی ڕیالیزمی جادووییدا باس لەوە دەکەن کە ""له دەقگەلی ڕیالیزمی جـادووییدا داپچڕانـی بووناسانه له خزمـەت ئامـانجی داپچڕانی فـــەرهـەنگی و ســـیـــاســـیـــدایـه: لەم دەقـــانـەدا لایـەنـی جـــادوویـی وەک ڕاسـتکەرەوەیەکی فـەرهـەنگی ئاراسته دەکرێت بۆ ئەوەی داوا له خـوێنەرەوە بکرێت کـه قـەراردادە دانپێدانراوەکـانی هۆکـردی، مـادی و هـاندەرانه لێک هەڵوەشـێنێتـەوە."" تا ئەو جێگەیه دەگـەڕێتـەوە سـەر بالانسـی نێوان لایەنی جـادوویی و واقـیـعـی یاخـۆ نێـوان لایـەنی سـروشـتـی و بانسـروشـتـی له ڕۆمـانـەکـانی بەخـتـیـار عـەلیـدا، دەکـرێت بڵـێم ئەو تای تەرازوو بـەلایەنی ڕاسـتنوێنیدا دەشکێنێتـەوە. خوێندنەوەی وردی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەری دەخات کە له جیهانی ڕۆمانەکانیدا فاکت و خـەیاڵ هاوشانی یەکترن و لایەنە جـادووییـیـەکـان بەشـێـوەیەکی کـارا یارمـەتیـدەری زەقکردنەوەی ڕاسـتنوێنی و نامـومکینیی دیاردەکانن. له ڕێگەی تێکەلاوکـردنی تۆوگـەلی ڕاسـتنوێنانه و خـەیاڵـیـیـەوە ڕۆمـانەکـانی بەخـتـیـار عـەلی یارمـەتیـدەری خـــوێنەرەوەن بـۆ شـــارەزابوون لەگـــەڵ واقـــیع و ڕووداوی دوور له باوەڕی کـۆمـەڵگەی کوردسـتـان. له ڕاسـتـیدا مـێـژووی هاوچەرخی کـوردی پڕە له پارادۆکس و ڕووداوە نامـومکینەکانی دنیـای ڕۆمـانەکانی بـەخـتـیـار عـەلی کینایەن لەم پارادۆکسانه. لاج (١٩٩٢: ١٧٥) دەڵێت کە ""ڕووداوی نامومکین جۆرێکە له کینایە بۆ پارادۆکسە سـەرکێشـەکانی مێژووی نوێ."" بەختیار عـــەلی وەک نووســـەرێک کـــه ژان و ئازاری کـــوردەکـــانی بینیـــوە و وەک شـاهیـدێکی مـەینەتی کوردبوون و بۆ نمـوونه دیاردەی ئەنفال لـه سـەردەمی سەدام حوسێندا هۆکاری پێویستی بۆ کەڵکوەرگرتن له ڕیالیزمی جادوویی وەک شـێـوازێکی ئەدەبی له دەسـتـدایە. لاج (١٩٩٢: ١١٤) بە ئامــاژە بە نووسـەرگەلی وەک مـارکێز، گونتێر گراس، سـەلمان ڕوشدی و کۆندێرا وەک ڕۆمانـنووسـانی ڕیالیزمی جادوویی، باس لەوە دەکات کـە ئەوان له سـەردەمی

گـۆڕانکارییـە مـەزنـە مـێـژووییـیـەکـاندا ژیاون و هـەڵگری نیگەرانـیـیـە ڕاچڵــەکـێنـەرەکـانی خــۆیانن. ئەوان وا هـەست دەکــەن ئەم نیگەرانی و گۆڕانکارییانە ناتوانن بەشێوەیەکی شیاو لە گوتاری دەستتێوەرنەدراوی ڕیالیـسـتـیـدا پێـشکێش بکرێن. پێـشـوازیی بـەرچاوی خـوێنـەرەوان لە ڕۆمـانـەکـانی بەخـتـیـار عـەلی نیـشـان دەدات کـە گـوتاری ڕیالیـزمی دەسـتـتێوەردراو چۆن و چەندە دەتوانێت لە بەرجـەسـتـەکردنەوەی واقیـعـە تاڵەکانی خەڵکێکی چەوساوە و داپڵۆساودا سەرکەوتوو بێت.

بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی لە بواری شێوازییەوە بریتین لە: فرە دەنگی، پەرەگرافی دوور و درێژ (هێندێک جـار پتـر لە دە لاپـەڕە)، ئاماژەنەدانی ڕوون و ئاشکرا بە کـات و شـوێن، تێکەڵاوکردنی ڕوانگە و سیلەی بینین، ئامادەیی دووپاتکردنەوەی یەک شت بە چەند جـۆر، ڕێتۆریکی بەهـێز و بڕگەی پڕ هـەیەجان.[1] بە بەراورد لەگەڵ شێوەی زاڵی گێڕانەوە لە ڕۆمانی کوردی بەتایبەت لە ڕابردوودا کە گێڕانەوە لەسـەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات، شێوەی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا شێوەیەکی بازنەیی و چەند ڕوانگەیی و فرە ڕەهەندە. بۆ نموونە لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا دەبینین کە خوێنەرەوە لە کایەی شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئاگەدار دەکرێتەوە کە تێکەڵاوێکە لە سێ گێڕانەوە: ١) ڕاپۆرتێک لەسـەر ئەو سێ کەسـەی لە گوندێکی دووری ناوچەیەکی شاخاوی نووسـراوە. ٢) ئەو ڕاپۆرتانەی دراون بە پێشمـەرگـەی دێرین، شـبـر. ٣)

١. مەبەست لە ئامادەیی دووپاتکردنەوە ئاماژە بەو تایبەتمەندییە پەخشاننووسییەیە کە تێیدا نووسەر شتێک دەڵێت و هەمان شت بەشێوەیەکی تر دووپات دەکاتەوە وەک مولان (٢٠٠٦: ٢٣٤) دەڵێت کاتێک کۆمەڵێک ڕستە سەرەتایەکی یەکسانیان هەیە بەڵام کۆتاییـیـەکانیان جیاوازن ئێمە لەگەڵ دیاردەی ئامادەیی دووپاتکردنەوە (amplification) ڕووبەڕووین. لە وتارێکی تردا تایبەتمەندییـەکـانی ڕیالیـزمی جادوویی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیم بە وردی باس کردووە. بڕوانە ئەحمەدزادە (٢٠١٠).

یاداشتـەکانی یەک لە کـارەکتـەرەکـان کـە ئەدمـێکی کـارای حکوومـەتە. گێڕەرەوەی سـەرەکی بەپشـتبـەستن بەم سێ سـەرچاوەیە کـۆی ڕۆمـانەکـە دەخـاتە بەردەسـتی خـوێنەرەوە. لە شـاری مـۆسـیـقـارە سـپـییـەکاندا نووسـەر بەگۆڕانکارییـەکی سـاکـار لە نێوی خـۆیدا دەبێت بە یەک لە گێڕەرەوەکـان و بەپێکهـاتنێک لەگـەڵ یـەک لە کـارەکـتـەرەکـان، جـەلادەتی کـۆتر، هـەوڵی گێڕانـەوەی دووقـۆڵییـانەی سـەرجـەم گێڕانەوە دوور و درێژەکە دەدرێت. لە دوایەمین هەناری دنیاشدا سەرباسەکان و موزەففەری سوبحدەم هەریەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە بەشداریی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانن.

یەک لـە نووسـەرە شـوێندارەکـانی تری ڕۆمـانی کـوردی لە کـۆتاییی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە عەتا نەهاییە کە هەتا ئێستا سێ ڕۆمانی بڵاو کردووەتەوە. لە ڕۆمـانـەکانی ئەم نووسـەرەدا پرسی ناسنامە تەوەرێکی سـەرەکیی گێڕانەوەکانە و بیرەوەری و مەترسیی لە بیرکردنەوە جێگەیەکی تایبـەتیـان لە گـێڕانـەوەکاندا پێ دەدرێت. لە ڕۆمـانـەکانی عـەتا نەهاییـدا کارەکتەرە سەرەکییەکان لە نامۆییەکی کوشندەدا دەژین و هەست ناکەن سـەر بەوڵاتێکی دیاریکراو بن. لاس، پاڵەوانی سـەرەکـیی ڕۆمـانی گـوڵی شـۆڕان پاش سـاڵانێکی درێژ خـەبات و زیندان و دەربەدەری لـە کـاتی گـەڕانەوەی بۆ مـاڵ کەس، تەنانەت دایکیشی، نایناسـێتەوە یاخـۆ نایەوێ بیناسـێتەوە. دواجـار لە فـەزایەکی تەواو نامـۆدا هیچ ڕێگەیـەکی لە بەردەم نامێنێتەوە جگە لە خـۆکوشتن. میـهرەبان، کارەکتـەری سـەرەکیی دووەمین ڕۆمـانی عـەتا نـەهایی، باڵندەکـانی دەم با، پاش گـەڕانەوەی لە هـەندەران لەگـەڵ خـانووی داتـەپیـوی باوکی ڕووبـەڕوو دەبێـتەوە و تەنیـا ڕێگەی بۆ پاسـاودانی بوونی خـۆی لەوەدا دەبینێتەوە بگەڕێتەوە ڕابردوو و چیرۆکە نەنووسـراوەکانی هاووڵاتییـەکانی بنووسێتەوە. لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا هەڵاڵە بـەهۆی مـەوداگـرتن لـە فـەرهەنگی نـەریتیی بەدەست هاوسـەرەکـەی بەناوی پارێزگـاری لە شـەرەف و داوونەریتی کـوردییـەوە دەکـوژرێت.

کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی عەتا نەهایی لە هیچ کوێیەک ئارامییان نییە. ئەوان نە لە هەندەران و نە لە ""وڵات""ی خۆیان هەست بە خاوەنماڵی ناکەن.[1]

جەبار جەمال غەریب لە چوار ڕۆمانە بڵاوکراوەکەی خۆیدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداریی گەشەی ڕۆمانی کوردی بووە. ئەو کە بەئاشکرایی لەژێر کارتێکەریی ڕۆمانی نوێی فرەنسیدایە و شوێنپەنجەی نووسەرانی وەک ناتالی ساروت و ئالێن ڕۆب گریە بەڕاشکاوی لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت. ئەم نووسەرانە لە ئارامیی دنیای خەیاڵی کە مەجالی ناولێنان و پۆلێنکردنی کارەکتەرەکان و شێوەی خۆنواندنیان دەستەبەر دەکات مەودا دەگرن و ئیتر ڕۆڵی مرۆڤەکان لە کۆنترۆڵکردنی شوێن و شتەکاندا بەهێند وەرناگرن (فینچ ١٩٩٧: ٤٤). غەریب هەر لەژێر ئەم کارتێکەرییەی ""ڕۆمانی نوێ""دا دەچێتە ""شەڕی هەیمەنەی لەمێژینەی ڕیالیزمی کلاسیکی بالزاکی (گراتۆن ١٩٩٧: ٢٤٣). لە ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریبدا تەونێکی دیاربوون نییە. لە جیاتیی مرۆڤ ئەوە دار و ئاژەڵ و شتەکانن کە دەبن بە کارەکتەر و بەهۆی گێڕانەوە و وەسفی گێڕەرەوەوە دنیای فانتێزی و خەیاڵی گێڕانەوەکان دەردەخەن. ئەو مرۆڤانەی وەک کارەکتەری ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریب ئامادەییان هەیە لە پلەی یەکەمدا ڕۆڵی ڕەمزی و ئەفسانەییان پێ بەخشراوە. زمانی وەسفی و شاعیرانەی بەکارهاتوو لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا دوورە لەو زمانەی کە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دێنن. ئەو پرسگەلە بوونناسانەی کە بەهۆی بێبەشبوون لە وەدیهاتنی حەز و ئارەزووەکان بەرۆکی کارەکتەرەکان دەگرن خولیای سەرەکیی گێڕەرەوەن. لە دنیا لە کتێبێکدا نووسەر جیهانێکی خەیاڵی وێنا دەکات کە تێکەڵاوێکە لە باوەڕ بە ئەفسانە و حەکایەت و خەون و واقیع و

١. لە وتارێکی تردا بەوردی باسم لە کێشە و کێبەرکێی ناسنامەکان لە ڕۆمانەکانی عەتا نەهاییدا کردووە. بڕوانە ئەحمەدزادە (٢٠٠٩).

ئەندێشـەکان. گێڕەرەوەی ئـەم ڕۆمـانە بەهـەوڵدان بۆ هەڵگرتنی کتـێبـێکی تۆزاوییـەوە کە لە گۆشـەی مزگەوتێکدایە و هێـمـایەکە بۆ هـەمـوو جیـهان دەیەوێت ناوەڕۆکی کتێبەکە بۆ گەلەکەی ئاشکرا بکات و بەمجۆرە دەرفەتی ناسـاندنی ڕازەکـانی شـار و وەرگـرتنـەوەیان بۆ بڕەخسـێنێت. لە پەنا ئەم هەوڵەدا بۆ ڕوودانی موعجیزەیەک، ئاماژە بەئەنفال و چەوسانەوەی کورد و چیرۆکی ئەو کچە غەمگینانە کە لەبەر دەربڕینی هەستەکانیان کوژراون، لایەنی خۆماڵییانە و کوردانەی ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبێتەوە. لە میانەی تاکبێژییە چڕ و ئاوڕە خێراکانەوە گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمـانەکـە لە دیالۆگێکی بەردەوامـدان لەگـەڵ شـتەکـان بۆ نموونە دارێک، بەردێک، کـانییـەک و کـتێبێک. لە لەسـەر باران دەنووسـمدا کـارەکتـەری سەرەکی بەشوێن باوکیدا دەگەڕێت و قەت سەرکەوتنێک وەدەست ناهێنێت. ئەو کە دایکی لەگەڵ هەموو پیاوێک دەخەوێت، لە هەموو شتێک بە گومانە و تەنانەت لە بوونی خـۆیشی شک دەکـات و پێی وایە تەنیـا ڕەسـمێکە و بەردەوام لە فانتازیای خۆیدا خەریکی چێژوەرگرتنی سێکسییە. بێهیوایی و ڕەشبینی بەسەر ژیان و بیرەوەریی کارەکتەرەکاندا زاڵن و لە ڕاستیدا هیچ گـۆڕانێک لە ژیانیـاندا ڕوو نادات. ئامـاژەکـان بە ""وڵات" تەواو ڕەش و هیـوابڕن: وڵاتێکی هەڵە، وڵاتێکی تاڵ، وڵاتێکی بێ نەخشـە. بەگـوێرەی سـورینجـان، ژنە قـەرەجی ڕۆمـانەکـە خـاکی ئەم وڵاتە تەنیـا دەتوانێت مردووەکـان بحەسێنێتەوە. ئێرمارس (١٩٩٨: ١٠٧٨) بە ئاماژە بە ئالێن ڕۆب گریە وەک نوێنەری ڕۆمانی نوێی فرەنسی دەڵێت کە ئێمە تێپەڕبوونی زەمـەن و تەنانەت بوونیـشی نابینین. ئەگـەر کـارەکتـەرێکیش لەم جـۆرە ڕۆمانانەدا هەبێت بەدەگمەن تووشی گۆڕانێک دێت. نووسەرێکی تری کورد کـە بەرهـەمـەکـانی لەژێر کـارتێکەریی ڕۆمـانی نوێی فـرەنسـیدان سـەلاح عومەرە. لە هەرسێ ڕۆمانی وڵاتی تارمایی و مێتامۆرفۆس و تاریکستانی لدا بەسـەرهاتی کـارەکتـەرەکـان و دیاردەی زەمـەن ئەو دوو دیاردەیەن کـە

تایبەتمەندیی ڕۆمانی نوێی فرەنسییان پێ پێناسە دەکرێن.

لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکانی شێرزاد حەسەندا ژیانی پیاوێکی هەژار، بایز، کە عاشقی هەمینە و دواتر ژیانی نهێنیی ئەو دوو کەسە بەیەکەوە پەردە لەسەر کۆمەڵگەی پیاوسالاری کورد هەڵدەدرێتەوە. بۆ هەڵاتن لە دەست کوژران بەدەستی پیاوانی تووڕەی بنەماڵەی هەمین دەبێ بایز دەستی هەمین بگرێت و لە گوندەوە بچێت بۆ شار و بەنهێنی بژیت و بۆ بژێویی ژیان دەبێ بایز ڕاوی ڕیشۆڵە بکات و هەمینیش لە ماڵی دەوڵەمەندانی شار کار بکات. لە ماوەی کورتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەم دوو کارەکتەرە هەناسەساردەدا، دوو ڕۆژ و شەوێک، خوێنەرەوە دەچێتە ناو دنیای پڕ لە ئاواتی ژن و پیاوێک کە لە شەپۆلی زەین و تاکبێژییەکانی بایزدا پانتاییەکی سی ساڵە دەگرێتەوە. شەوێکی دوور و درێژ و هاوارە بێدەنگەکانی بایز لە گەڕان بەشوێن هەمیندا تاڵییی ژیانی دنیایەک کە تێیدا خۆشەویستی بووەتە تابۆ دەکەنە هەوێنی گێڕانەوەیەکی پڕ لە هیوا کە دواجار مەرگ تێیدا سەر دەکەوێت. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی و داوونەریتە پاشکەوتووانەکەی لەمەڕ ویست و ئیرادەی ئازادیی کوڕان و کچان بۆ بڕیاردان لەسەر ژیانی هاوبەشیان تێمای سەرەکیی ئەو ڕۆمانە پێک دێنن. بەشێوەیەکی ئالێگۆریک و ڕەمزییانە چارەنووسی خۆشەویستیی کوڕان و کچان لە بەراوردێک لەگەڵ نەریتی ڕاوی کارمامزەکان لەلایەن پیاوانی دەوڵەمەندەوە وێنا کراوە. زمانێکی ڕۆمانسی و شاعیرانە لەگەڵ ئاوڕە چڕەکانی ناو ڕۆمانەکە و تاکبێژییە خەونئامێزەکانی بایز تایبەتمەندییەکی شێوازییانەی ئەم ڕۆمانەن.

تەمی سەر خەرەندی شێرزاد حەسەن چیرۆکی گەڕانەوەی فەرهادە لە ئەورووپاوە دوای ساڵانێکی زۆر بۆ گوندەکەی. ئێستای فەرهاد و ساڵانی ژیانی مەنفای دەبنە قوربانیی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و لە بۆچوونێکی نۆستالجیکەوە بۆ ڕابردوو ئێستا فەرامۆش دەکرێت. بیرەوەریی

سەردەمی منداڵی، ئەڤین و خۆشەویستیی فەرهاد بۆ شیرین و بزنەکەی خوێنەرەوە دەبەنە ناو کۆڵانەکانی ژیانی ڕابردووی فەرهاد. وەبیرهێنانەوەی خەونئامێزانەی ڕابردوو شێوازێکی سوریالیستیانەی بەهێزی بەڕۆمانەکە بەخشیوە. ئەسپە تۆپیوەکانی قەراغ جادە و ماسییە مردووەکانی لێواری ڕووبار لایەنی سوریالیستیی ڕۆمانەکە بەهێزتر دەکەن. فەرهاد نازانێت کە ئاخۆ ئێستا خەون و فانتازیایە یاخۆ ڕابردوو خەونێک بوو. ئەو دەپرسێت ئاخۆ سەرتاپای ئەم چیرۆکە خەونی پڕ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەو نییە؟ ڕەنگە هەموو چیرۆکەکە شتێک نەبێت جگە لە فانتازیای هەڵەی ئەو کە ئاکامی دوورکەوتنەوەی دوور و درێژی ئەون لە خەڵک و وڵاتەکەی. ڕۆڵی بیرەوەری و گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەجوانترین شێوە لە وێناکردنی مەرگی داپیرەدا بەرجەستە بووەتەوە کاتێک ئەو لەسەر پشتی ئەسپێک فەرهادی لە باوەش گرتووە و لە کاتێکدا بەرەو کوێستان بەڕێوەن حەکایەتی بۆ دەگێڕێتەوە. دوژمنایەتیی نێوان ئامۆزاکان، دەسەڵاتی باوک بەسەر دایکدا و زاڵمیی مامۆستاکانی خوێندنگەکان ئەو بڕگانەن لە بیرەوەریی فەرهاددا کە ڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەیەکی باوکسالار دەردەخەن.

محەمەد ئۆزون (١٩٥٣–٢٠٠٧) یەک لە چالاکترین ڕۆماننووسانی کوردی تاراوگە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی حەوت ڕۆمان ڕۆڵێکی کارای لە گەشەی ڕۆمانی کوردی لە دیاسپۆرا و باکوری کوردستاندا هەبووە. ڕۆمانەکانی ئۆزون کە پتر ڕۆمانی مێژوویین پرسی ناسنامە و زیندووکردنەوەی زمانێک کە هەوڵی بێ وچانی تواندنەوە هەتا لێوارەکانی نەمانیبردبوو، دەکەنە مژاری سەرەکیی خۆیان. لە میانەی بەگێڕانەوەکردنی ژیان و بەسەرهاتی کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەدەبی و سیاسیی کورد، ڕۆمانەکانی ئۆزون وەک هەنگاوێک دادەندرێن بۆ سازکردنی ناسنامەیەک کە بۆ ماوەی چەند دەیە بووبووە ئامانجی سیاسەتی نکووڵی لێکردن و فەوتاندن. لە ڕۆنی مینا ئەوڤینێ تاری مینا مرنێ ئۆزون لە فەزایەکی ئالێگۆریکدا چیرۆکی ""وڵاتی

چیا"" و ""وڵاتی مەزن"" دەگێڕێتەوە. کەڤۆک، کچە کارەکتەری وڵاتی چیا و باز کوڕە کارەکتەری وڵاتی مازن نوێنەرایەتیی دوو لایەنی کێشەیەک دەکەن کە ماوەی نزیک بە نەوەد ساڵە لە تورکیادا درێژەی هەیە. کۆتاییی پڕ لە تراجیدیای ژیانی کەڤۆک و باز قووڵاییی ئەو کێشەیە کە تێیدا وڵاتی مەزن دەیەوێت هەموو نیشانە و ئاسەوارەکانی وڵاتی چیا لەناو بەرێت، دەردەخات. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە ئاشکرایی هەوڵی بێ وچانی کەڤۆک و باز بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان وێنا دەکەن. ڕەنگە ئوزون بەرچاوترین ڕۆماننووسی کورد بێت کە بیست و نۆ ساڵ ژیانی تاراوگە دەرفەتی ئەوەی پێ دا لەگەڵ شێوازی ڕۆماننووسی ڕۆژئاوایی لە نزیکەوە ئاشنا بێت و دواتر بە کەرەسەی خۆماڵیی ئاوێتەیەکی سەرکەوتووانە لە شێواز و ناوەڕۆک بخوڵقێنێت.

سێ ڕۆماننووسی تری کورد کە لە تاراوگەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەپێدانی ڕۆمانی کوردیدا هەبووە بریتین لە فیرات جەوەری، حەسەنی مەتێ و حەلیم یوسف. لە پایزێ درەنگدا، فەردا، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمان، بڕیار دەدات دوای بیست و هەشت ساڵ ژیان لە سوێد بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی. بەهۆی دیالۆگەکانی فەردا و کوڕەکەی خوێنەرەوە ئاگەداری ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی فەردا لە تاراوگە و خولیای گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی دەبێت. بەڵام گەڕانەوە بۆ وڵات کۆتاییی مەینەتەکان نییە. نامەکانی فەردا لە وڵاتەوە بۆ هەواڵێک گوزارە لە دەرد و ئازارە تازەکانی دوای گەڕانەوە دەکەن. ئەو فەردایەی کە هەتا دوێنێ مەینەتەکانی ژیانی تاراوگە دەیانهاڕی و جگە لە گەڕانەوە هیوایەکی تری لە ژیاندا نەبوو، ئێستا دوای گەڕانەوە هەمدیسان هەست بە غەریبی و تەنیایی دەکات. لێرە لە وڵات کە قەت پێمان ناگوترێ کوێیە، بەڵام دەتوانین بەهۆی وەسفەکانی گێڕەرەوەوە تێ بگەین شوێنێکن لە باکوری کوردستان، فەردا بۆی دەردەکەوێت دوو لە هاوڕێیانی سەردەمی منداڵیی هەریەکەوە چوونەتە لایەکی کێشەی وڵاتەکەی

واتا یەک چووەتە پاڵ حکوومەت و ئەوی تریان چووەتە ناو ڕیزی گریلاکان. پاشتر فەردا لەگەڵ ژنێکی کورد ئاشنا دەبێت کە مێردەکەی وەک گەریلایەک بەدەست هێزەکانی دەوڵەت کوژراوە. دوای ئەم ئاشناییە هێزە ئەمنییەکان وەشوێن فەردا دەکەون. فیرات جەوەری وەک نووسەری ڕۆمانەکە دێتە ناو کایەی گێڕانەوە و دەیەوێت بێت و چاوپێکەوتنێک لەسەر گەڕانەوە لەگەڵ فەردادا بکات، بەڵام فەردا ون دەبێت و دواجار فیرات بڕیار دەدات لە جیاتیی ئەم چاوپێکەوتنە لەسەر ونبوونی فەردا بنووسێت. تەکنیکی ئامادەبوونی نووسەر بەناونیشانی خۆیەوە لە دەقی ڕۆماندا کە وەک تەکنیکێکی پۆستمۆدێرن ناسراوە و لە بەرهەمەکانی ئۆزون و جەوهەریدا بەکار هاتووە. لە ڕۆمانی ئەزێ یەکێ بکوژمدا جەوەری گێڕانەوەیەکی تر لە دیاردەی گەڕانەوە لە تاراوگەوە بۆ وڵات دەخوڵقێنێ. ئەم ڕۆمانەش لەژێر کارتێکەریی ئاشکرای ڕۆمانی پۆستمۆدێرن و دەروونناسانەدایە و شوێنپێی سوریالیزم لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەوەی کە تابلۆی ""سەعاتی تواوەی"" سالڤادۆر دالی لە دیواری تەمۆ، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە هەڵواسراوە تەنیا نیشانەیەکە لە تایبەتمەندیی سوریالیستییانەی ئەم ڕۆمانە. تەمۆ دوای تێپەڕکردنی پازدە ساڵ لە ژیانی ناو زیندان، بەهۆی داکۆکیکردنی لە مافی کوردان، پاش ئازادبوونی بەدەست کۆمەڵێک نارەحەتیی دەروونییەوە ئازار دەچێژێت و دواجار بڕیار دەدات کەسێک بکوژێت. دیانا کە ڕۆژێک گەریلا بووە و دوای دەستگیربوونی و دەستدرێژی پێکردنی دەکرێت بەلەشفرۆش و دواتر بەشێوەیەکی تراجیک دەکەوێتە بەر پەلاماری تەمۆ کە بۆ خۆیشی دەکەوێتە بن سەیارەیەکەوە. تۆنی تراجیکی ئەم ڕۆمانە هەوێنی گێڕانەوەی خۆی لە تاکبێژییەکانی تەمۆ و ئاخافتنەکانی دیانا لەگەڵ نووسەری ڕۆمانەکە و تێهەڵکێشەکانی خودی نووسەر وەردەگرێت.

حەلیم یوسف لە ڕۆمانەکانی سوبارتۆ و ترسا بێ دران و گاڤا ماسی تی

دەبندا دەمانباتە ناو کۆڵانە تاریکەکانی ناسنامەکوژیی کوردان لە سووریا و دەربەدەریی مرۆڤی کورد بەشوێن دۆزینەوەی خۆی و وڵاتەکەیدا. لە ترسا بێ دراندا پرسی ترس کە هەموو هەبوونی کوردی تەنیوەتەوە دەبێتە تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکە. پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە دوای سەرهەڵدانی بەهاری ٢٠٠٤ی ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارەی ڕۆژئاوا دەبن و یەکێکیان بە هەستکردن بەگرینگیی مێژوونووسین بڕیاری نووسینەوەی مێژووی کورد دەدات. مووسا دوای ماوەیەک لە ئاوارەیی لە ئەڵمان دەچێتە لەندەن لەوێ لەژێر کارتێکەریی نەخۆشییە دەروونییەکانیدا لە شەقامێکدا هێرش دەباتە سەر کابرایەکی ئینگلیزی بەخەیاڵی ئەوەی کە گۆیا سایکێس واتا وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە کە زەمانێک لەگەڵ هاوتا فرەنساییەکەی خۆی، پیکۆ، لە ١٩١٦دا پلانی دابەشکردنی کوردستان دەڕێژێت. ڕۆمانەکانی حەلیم یوسف نموونەی سەرکەوتووی دەقی فرە دەنگن کە لە پێکهاتەیەکی پێچەڵپێچدا ڕوانگە جۆرەوجۆرەکان تەونی گێڕانەوەکان دەچنن.

ڕووبەڕووبوونەوەی داوونەریت و مۆدێرنیتە تێمای سەرەکیی لابرێنتا جنان و گوتنێن گوناهکاری حەسەنی مەتێ پێک دێنێت. لە ڕۆمانەکانی مەتێدا شوێنەکان بێ ناون و تەنیا بە ئێکس و ئی ئاماژەیان پێ دەکرێت. کەڤانۆکی مامۆستای گوندێک لە چاوی گوندییەکاندا نموونەی مۆدێرنیتە و گۆڕانە. بەڵام لە کێبەرکێی گوندییە داوونەریتپارێزەکان و مامۆستای نوێباودا ئەوە مامۆستاکەیە کە دەچێتە سەر شێوە ژیانی ئەوان و سەرەنجام دوای سێ ساڵ مامۆستایی و دەرسدانەوە شێت دەبێت. لە گۆتنێن گوناهکاردا بەهرام بەدوای ئەڤینی ناگینادا دەچێتە ناو دنیایەکی ڕۆحی، ئەفسانەیی و سوریالەوە و پرسی گوناه و شەڕی نێوان چاکە و خراپە دەبێتە کەڵکەڵەی سەرەکیی زەینی.

ڕووداوە تراجیکەکانی دامەزراندنی عێراق و کێشە ئاینی و ئێتنیکییەکان لە پاڵ شەڕی عەشیرەکان لە ڕۆمانی کەوتنە خوارەوەی گورگێکی ئیسماعیل

مـحـەمـەد ئەمـیندا دەرفـەتێک دەدات بەخـوێنـەرەوە کـە ئـەم مـێـژووە تاریک و تەمـاوییـە لە چوارچێـوەی گـێـڕانەوەیەکی ڕۆمـانیـدا بخـوێنێـتـەوە. چیـرۆکی تراجیکی ئاوارەیی گەنجان لەم ساڵانەی دواییدا و هـەمـوو هەوڵدانێکیان بۆ گـەیشـتـنە ئەوروپا لـە سـەفـەری مـردووەکـانـی کـاروان عـەبدوڵڵادا دەبێـتـە گـێڕانەوەیەک کـە تێـیدا شـەپۆلی زەین و نامـەکـانی پاڵەوانی ڕۆمـان دەبنە شێوازێکی سەرکەوتوو بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی ڕۆمانی کوردی.

کارەساتی ئەنفال تێمی زۆر ڕۆمـانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ە. وەک نموونە دەکـرێ بەتـەونی مـێـژووە سـووتاوەکـەی سـەرحـەد تۆفـیق، بەهـاری ڕەشی ئەحمەد محـەمەد ئیسمـاعیل، گۆڕسـتـانی لم و عەلـەبەسـتێی حەسـەن جاف، کۆچی سووری کەریم عارف و تارمـاییی هەڵەبجەی ڕێبـوار ڕەشـید بکەین. ڕێبـەندانی تەها ئەحمـەد ڕەسـووڵ ئاوارەیی گوندییـەکانە بۆ شـار و ئاواتی گەڕانەوەیان. پرسی مەرگ و هەلومەرجی سیاسی و داپڵۆسینی کوردەکان و گێڕانەوەیەک لەسەر بنەمای خەیاڵ و واقیع ئەو تراجیدیایە کە سەلاح جەلال لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختدا بۆمان دەگێڕێتەوە. محـەمەد موکری لە تۆڵە و سـەگـوەڕ و ئەژدیهادا و حـەکیم کاکەوەیس لـە تەونی جاڵجاڵۆکەدا ئەنجـامـە تاڵەکانی شکسـتی شـۆڕشی کـورد لە ١٩٧٥مـان بۆ دەگێـڕنەوە. کوردسـتـان و جـوگـرافـیـای دابەشـبووی و ئـەڤینی وڵات تێمـاکـانی کـاولاشی عـەبدوڵڵا سـەڕاجن کە لـە شـێـوازی مـێـتـاڕۆمـانـدا دەگـێـڕدرێنەوە. خـەونی ""پاشـای کـوردان"" و گـەڕانـەوەی بۆ دامـەزرانـدنی دەوڵەتێکی کـوردی ئەو گەڕانە بەردەوامـەیە کە لە ڕۆمانی مێژوویی ئەنوەر محەمەد تاهیر، گەڕیان لە بابی بەرزەدا دەبێتە خەونی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمان واتا حوسێن.

## بەرەنجام

ڕۆمـانـی کـوردی ڕەنگدانـەوەی گـۆڕانکارییـە ئابـووری و کـۆمـەڵایەتـیـیـە ناوەخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردە. دیاسپۆرای کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەی ڕۆمانی کوردیدا هەبووە. لە هەمان کاتدا بەجیهانیبوونی فەرهەنگ فاکتۆرێکی بڕیاردەر بووە لەسەر شکڵگرتنی شێوازی ڕۆمانی کوردی. مۆسێس (١٩٩٥: xii) باس لەوە دەکات کە پرۆسەی مۆدێرنبوونی جیهانی بووەتە هۆی دروستبوونی ئەدەبێکی جیهانی و هەر ئەم پرۆسەیە بۆ خۆشی بووەتە سووژەیەکی ئەدەبیات. ڕۆمانی کوردی لەلایەکەوە بەرەنجامی پرۆسەیەکی لەم چەشنەیە و لەلایەکی ترەوە هێزێکی کارتێکەرە لەسەر کۆدەقی کۆمەڵایەتیی خۆی. هەروەک والدێر (٢٠٠١: v) دەڵێت هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئەنجامی بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی و لە هەمان کاتیشدا کارتێکەرە لەسەر ئەم بەستێنە. شێوازی سەرەکیی ڕۆمانی کوردی هەتا هەشتاکانی سەدەی بیستەم ڕیالیستی بوو. ڕۆمانە کوردییەکانی قۆناغی سەرهەڵدان، بەتایبەتی ڕۆمانەکانی سۆڤیەتی پێشوو لەسەر بناغەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی نووسراون و تێیاندا تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، بۆ نموونە ""جیهانبینی نووسەر""، ""ڕۆحی پارتایەتی"، ""گرێدراوی بە گەلەوە"" و ""پێشکەوتنخوازیی ئەدەبی"" (ئانیکست ١٩٧٨: ٥٢٤) بەتەواوی دیارن. ڕۆمانە سۆسیال ڕیالیستییەکان هەروەک ئانکیست (س. پ. ٥٢٥) دەڵێت بەشوێن چارەسەرکردنی گرفتە هەمیشەییەکان لە واقیعی کۆمەڵایەتی و مرۆڤگەراییی چالاک و بزووتنەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکاندا بوون. ڕۆمانە کوردییەکانی قۆناغی سەرهەڵدان بە

گشتی لە ڕوانگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەنووسران. زمانی ئەو ڕۆمانانە لە زمانی ئاخافتن نزیک بوون، زمانێک کە دوور بوو لە ڕێتۆریکی بریقەدار و پتر ڕەچاوکەری ستانداردی ئاخافتنی ڕۆژانەی باو لەنێو جەماوەردا بوو. پەخشانێکی ساکار تایبەتمەندییەکی تری ئەو ڕۆمانانە بوو. ئەم جۆرە پەخشانە ""تەواو خۆی لە چوارچێوەی زمانێکی وەسفی و ئاماژەییدا قەتیس دەکات"" (وات ١٩٩٥: ٢٩). سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە سۆڤیەتی پێشوودا، شوێنێک کە نەریتی نووسینی کوردیی تێدا نەبوو، نیشان دەدات کە ڕۆڵی فاکتۆرە غەیری ئەدەبییەکان، وەک ئازادیی ڕێژەیی کوردەکان لە دەربڕینی خۆیاندا و هەبوونی پاڵپشتی فەرمی، چەندە لە سەرهەڵدانی بەرهەمی ئەدەبیدا کاران.

لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بەملاوە شێوازە ئەدەبییەکانی تری وەک ڕیالیزمی جادوویی، مێتاڕۆمان، سوریالیزم، خوراوگەی بیر و ڕۆمانی فانتاستیک دێنە ناو جیهانی ڕۆمانی کوردییەوە. بەهاتنی ئەم تەکنیکانە ڕۆمانی کوردی دەبێتە خاوەنی شێواز و کارەکتەرگەلی پێچەڵپێچ. بۆ نموونە بە هاتنە کایەی خوراوگەی بیر یاخۆ شەپۆلی زەینەوە ڕۆمانی کوردی هەنگاوی بەرەو جۆرێک لە گێڕانەوە هەڵێنا کە ""نەک هەر دەتوانێت دەربڕی بیرە بێدەنگەکان بێت بگرە ئەو سەرەداوانەی کە بیرەکانیش لە یەکتر دەبەستێتەوە و بیری تر دەهێنێتەوە یادی مرۆڤ دەربڕێت"" (موولان ٢٠٠٦: ٢٤٧). بەپێچەوانەی یەکەم ڕۆمانە کوردییەکان کە تێیاندا کارەکتەرەکان خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و ڕوو لە ئاسۆ بوون، کەسایەتیی ڕۆمانەکانی ئەم دواییانە هەڵگری ئاستێکی بەرچاون لە دوودڵی و پرینگانەوە کاتێک ڕووبەڕووی جیهانی دەوروبەری خۆیان دەبنەوە. لە کاتێکدا لە ڕۆمانەکانی قۆناغی سەرهەڵداندا ڕادەیەکی بەرچاو وشەی عەرەبی، ڕووسی، فارسی و تورکی دەبیندرێ، ڕۆمانەکانی ئەم دواییانە لە زمانێکی پەتیی کوردی کەڵک وەردەگرن و هەوڵ دەدەن لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە خۆ بپارێزن. لە

کاتێکدا لە یەکەم ڕۆمانەکاندا ئاستێکی بەرچاوی ""وشەی چاوەڕوانکراوی یەک بە دوای یەکتردا" بەدی دەکرا (بەری ٢٠٠٢: ٢١٧) ڕۆمانەکانی ئەم دواییيانە بەهۆی بەکارهێنانی زمانێکی شاعیرانە دوورن لە ""وشەی چاوەڕوانکراوی یەک بە دوای یەکتردا"". ڕۆمانی کوردیی ئەم دواییيانە بەهۆی جێناواندنێکی پترەوە توانیوێتی ببێتە خاوەنی ڕادەیەکی بەرچاو لە چڕی و هارمۆنیای نووسین. ڕۆمانی کوردی بەدەر لە شێواز و تەکنیکەکەی، بەشێوەیەکی گشتی پەرچەکرداری پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە. هەر بۆیە سەیر نییە کە ئێمە ڕۆمانی کوردیی پۆلیسی، زانستی خەیاڵی و عاشقانەمان نییە. هەر بەمجۆرە ئێمە جگە لە نموونەیەک، سەعید زەبۆکی لای خۆمانی کەمال سەعید، ڕۆمانی ساتیریشمان نییە. هەڵبەت ئەم ڕۆمانەش لەژێر کارتێکەریی بەرچاوی نووسەری ناوداری تورک عەزیز نەسیندایە. پەیدابوونی ڕۆمانی کوردیی مۆدێرنیستی و پۆستمۆدێرنیستی بەو مانایە نییە کە ڕۆمانی ڕیالیستی بۆ هەمیشە بارگەی خۆی پێچابێتەوە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئێستادا هاوژینی و کۆژینیی شێوازە جۆرەوجۆرەکانی ڕۆمان دیاردەیەکی جیهانییە. برادفۆرد (٢٠٠٧: ٧٨) بەدروستی ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات کاتێک دەڵێت ""شەڕی نێوان ڕیالیزم و مۆدێرنیزم/پۆستمۆدێرنیزم لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکۆتا هاتووە. هیچ لایەنێک لەم شەڕەدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە، بەڵکو لە موتوربەکردنی هەردوو شێوازەوە شێوازێکی ناوەڕاست شکڵی گرتووە.""

گۆڕانێکی بەرچاو لە دنیای ڕۆمانی کوردی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا هاتنە ئارای ڕۆماننووسانی ژنە. ئەگەر هەتا سەرەتای ئەم سەدەیە ژمارەی ئەو ڕۆمانە کوردییانەی لەلایەن نووسەرانی ژنەوە نووسرابوون بە پەنجەکانی دەستێک دەژمێردران، ئێستا ئیتر ئەم ژمارەیە گەییوەتە ڕادەی پەنجەکانی دوو دەست. هەڵبەت ڕۆمانی نووسەرانی ژن لە

باری شێـواز و ناوەڕۆکەوە لە ڕۆمـانی پیاوان جـیا ناکـرێنەوە.[1] سـەرەڕای هەمـوو گۆڕانە شـێوازی و ناوەڕۆکییـەکان هێشـتـاش تێمای زاڵ لە ڕۆمـانی کـوردیدا هەر گـرێدراوی پرسـی نـاسنامـە و سـیاسـەتی کـوردییـە. ئەمـەش ڕێزپەڕێک نییە لە یاسای ڕۆماندا چونکە ""ئەدەبیات لـە بنەمادا سیـاسییە"" (فـێـتـێـرلی ١٩٧٨: xi). باسـە بەنـاوبانگەکـەی جـەیمسـۆن (١٩٨٦: ٦٩) سـەبارەت بەدەقی جیـهـانی سێیەمی، بـەتایبەتی ئەدەبیـاتی کـوردی، شتێکی تەواو ڕاستە. "دەمەوێ بڵێم هەموو ئەدەبی جیـهـانی سێیەم بەشێوەیەکی زۆر دیاریکراو ئەدەبێکی ئـالێگۆریکالە: دەقـەکانی جیـهـانی سێـیەمی دەبێ، وەک ئەوەی من ناوی دەنێم ئالێگۆریی نـەتەوەیی بخـوێنـدرێنەوە. تەنانەت کـاتێک، ڕەنگە وا باشـتر بێت بڵێم بەتایبـەت کاتێک، شـێوازی ئەو دەقانە لە شـێوازە تەواو ڕۆژئـاواییـیـەکـان وەرگـیـراون، بۆ نمـوونە ڕۆمــان، ئەم دەقــانـە تەواو ئالێگۆریکن."

سـەرچاوەکان:

لەبەرئەوەی کـە جگە لە دوو سـەرچاوە هەمـوو سـەرچاوەکـانی تری ئەم وتارە بە زمـانی ئینگلیزین و مخابن هیچیان نەکراونە کوردی، بەباشترم زانی سەرچاوەکان هەر بە زمانی ئینگلیــزی و ڕێنووسـی لاتین بن. تێکەڵاویـی ڕێنـووسـی ئـارامی و لاتـینی لە نـووســینی بیبلیۆگرافیدا دەبێتە هۆی زۆر گرفت و هەڵەی ڕوخساری.


Ahmadzadeh, Hashem (2003), Nation and Novel: A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse, Uppsala: Uppsala University.

(2008), 'The World of Kurdish Women's Novels', Iranian Studies, Vo.1 41.No .5. December, pp 719 - 738.

(2005), Kurdish novel in Iranian Kurdistan, The International Journal of Kurdish Studies, Volume 19, Nos& .2 pp 25- 36.

(2009), Contesting identities in the works of the Kurdish novelist Ata Nahayee in Christine Allison, Anke Josten, et al (eds), From Daena to Din:


١. بۆ تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ژنانی کورد بڕوانە ئەحمەدزادە (٢٠٠٨).

Religion, Kultur und Sprache in der iranischen Welt, Wiesbaden: Harrassowitz Verlag, pp 205 - 282.

(2010), Magic Realism in the novels of a Kurdish writer, Bakhtiyar Ali, Journal of Middle Eastern Literatures, forthcoming .

Anikst, A . A1978, Realism, Great Soviet Encyclopedia, A Translation of the Third Edition, Volume 21, New York: Macmillan, INC., pp . 523–526.

Armstrong, Nancy (2005), How Novels Think: The Limits of Individualism from 1719-1900, New York: Colombia University Press .

Aydogan, Mustafa, (2009), Despeka Romana Kurdi: Shivana Kurmanca (the emergence of the Kurdish novel: Kurdish Shepherd), in Erebe Shemo, Shivane Kurmanca, Istanbul: Lis, pp 5-47.

Barry, Peter (2002), Beginning Theory: An Introduction to Literary and Cultural Theory, second edition, Manchester and New York: Manchester University Press.

Bradford, Richard (2007), The Novel Now: Contemporary British Fiction, Oxford: Blackwell.

Braginskii, I . S (1978) , Realism, Great Soviet Encyclopedia, A Translation of the Third Edition, Volume 21, New York: Macmillan, INC., pp 526.

Ermarth, Elizabeth Deeds (1998), Realism, in Paul Schellinger (ed(., Encyclopedia of the Novel, Volume 2, Chicago, London: Fitzroy Dearborn, pp 1071- 1078.

Faris, Wendy B and Zamora, Lois Parkinson (eds) (1995) , Magical Realism: Theory, History, Community, Durham: Duke University Press.

Fetterley, Judith (1978), The Resisting Reader: A Feminist Approach to American Fiction, Bloomington: Indiana University Press .

Finch, Alison (1997), Reality and its representation in the nineteenth-century novel, in Timothy Unwin (ed), The Cambridge Companion to the French Novel: From 1800 to the Present, Cambridge: Cambridge University Press.

Germiyani, Adil (2004), 'Rengdanewey riyalizmi rekhneyi le romani kurdiy hawcherkhda, Newshefeq, No 30.

Goldmann, Lucien (1975), Towards A Sociology Of The Novel, trans . Alan

Sheridan, London: Tavistock Publications.
Gratton, Johnnie (1997), Postmodern French Fiction: Practice and Theory, in Timothy Unwin (ed) , The Cambridge Companion to the French Novel: From 1800 to the Present, Cambridge: Cambridge University Press.
Jameson, Fredric (1986), "Third-World Literature in the Era of Multinational Capitalism", Social Text, No 15. pp 65-88
(1991), Postmodernism Or, The Cultural Logic Of Late Capitalism, Durham: Duke University Press.
Kutlay, Nacî (1996), Romana kurdî, Nûdem, No .18. pp 55- 64.
Lodge, David (1992), The Art of Fiction, London: Penguin Books.
Lukacs, George (1962), The Historical Novel, trans .Hannah and Stanley Mitchell, London: Merlin Press.
Moses, Michael Valdez (1995), The Novel and the Globalization of Culture, New York: Oxford University Press.
Mullan, John (2006), How Novels Work, Oxford: Oxford University Press .
Shemo, Erebe (2009), Shivane Kurmanja (the Kurdish shepherd), Istanbul: Lis.
Vanly, Ismet Chériff (1992), The Kurds in the Soviet Union, in Philip G. Kreyenbroek & Stefan Sperl (eds), The Kurds, Routledge, London, pp193-218.
Walder, Denis (2001), General Introduction, in Dennis Walder (ed), The Nineteenth-Century Novel: Identities, London: Routledge .
Watt, Ian (1995), The Rise of the Novel, London: The Hogarth Press .

## مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی

ئەگەر گێڕانەوە تایبەتمەندییەکی سەرەکیی دەقی مێژوویی و دەقی ڕۆمانی بێت، پرسیارێکی شیاو دەتوانێ ئەوە بێت گەلۆ دەکرێ مێژوو وەک ڕۆمان و ڕۆمانیش وەک مێژوو سەیر بکرێت؟ لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم، هەرچەند بەکورتی، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و هاوکاتیش تیشک بخەمە سەر پێناسەی چەمکی ڕۆمانی مێژوویی. بۆ گرێدانی باسەکە بەئەزموونی ڕۆمانی کوردییەوە پرسیارێکی تر تێکهەڵکێشی نووسینەکە دەکەم: ئاخۆ ژانر یاخۆ جۆرەیەکی نووسین بەنێوی ڕۆمانی مێژوویی کوردی هەیە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرێنی بێت، تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕۆمانە لە گوتاری گێڕانەوەیی کوردیدا کامانەن و ئەگەریش بەرسیڤ نەرێنی بێت، هۆکارەکانی نەبوونی ئەم ژانرە لە مێژووی حەفتا و پێنج ساڵەی ڕۆمانی کوردیدا چین؟

دوا بەدوای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەمدا جۆرەیەک لە ئەدەبی پەخشانی لە ئەورووپا سەری هەڵدا کە دواتر بە ڕۆمان ناوی دەرکرد و سێرڤانتێس بەبڵاوکردنەوەی دۆنکیخۆتە لە ساڵی ١٦٠٥ وەک یەکەم ئافرێنەری ئەم چەشنە ئەدەبە، سەرەتای ڕەوتێکی دامەزراند کە ئێستاش دوای چوار سەدە وەک بەرچاوترین شێوازی ئەدەبی هەر لە هەڵکشاندایە. لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و لەسەر بنەمای دەسکەوتە جۆرەوجۆرەکانی زانستی و گەشەی ڕۆمان لە بواری ناوەڕۆک و فۆرمەوە ئیتر چەمکی ڕۆمان بەتەنیایی نەیدەتوانی هەڵگری هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە ڕۆمان لە ڕێڕەوی

زەمـــەندا بـووبـووە خـــاوەنـی. تیـــۆری ئـەدەبی و لـێکۆڵـەرەوانـی ئەدەب بـۆ دەستنیشـانکردنی جیاوازییـەکانی ئەم چەشنە نووسینە ئەدەبییە هەوڵیان دا لەســەر بنـەمـای وێکچـوویـیـە نـاوەڕۆکی و شـێـوازیـیـەکـانـەوە بەرهـەمـە ڕۆمانییـەکان پۆلێن بکەن. لە ڕۆژگاری ئێستادا سـەرەڕای کارکردی چەمکی ڕۆمان ئـامـاژە بە هەر ڕۆمانێک هـاوکاتە لەگەڵ دەستنیشـانکردنی ڕۆمـانەکە لە خـانەیەکی بەرتەسکتردا، بـۆ نموونە وەک ڕۆمانی ئەزمـوونی، کۆمـەڵایەتی، فـێرکـاری، پۆلیسی، بـیـر و... هـتـد. دواجـار ژمـارەی بنژانرەکـانی ڕۆمـان گـەیشـتـووەتە بیست و چوار جۆر.[1] یەک لە جـۆرەکـانـی ڕۆمـان بە ڕۆمـانی مـێـژوویی ناوزەد کـراوە. لێرەدا پرسـیـار ئەمـەیە ئەگـەر هەمـوو ڕۆمـانێک دواجـار بـریـتی بێت لـە گـێـڕانەوەی خـەیاڵیـیـانەی بەســەرهـاتی کـۆمـەڵێک کارەکتـەری دیاریکراو لە زەمـەن و شـوێنێکی دیـاریکراودا و لە چوارچێوەی لۆجـیکی هـۆکـاری و هـۆکـردیدا، ئەو خـاڵانـەی دەبنە هـۆی جـیـاکـردنەوەی جـۆرەیەکی ڕۆمـان لە ئـەوانی تر لەژێر ناوی ڕۆمـانی مـێـژوویـیـدا کـامـانەن؟ ڕۆمـانی مـێـژوویی وەک تێکهـەڵکێـشی دوو چەمکی ڕۆمـان و مـێـژوو ئەرکی پێناسـەکردن تـا ڕادەیەکی زۆر تووشی گرفت دەکات. لە ڕاسـتیدا پێناسـەی هـەردوو چەمکی ڕۆمان و مـێژوو هـەموو دەمێ ئەرکێکی تاقـەتپڕووکێن بووە و شـارەزایانـی هـەردوو بوار لە ڕێڕەوی زەمـەنـدا و بەگوێرەی بۆچوونـی خـۆیان هـەر جارە و بەشـێوەیەک پێناسـەیەکیـان گەڵاڵە کردووە. ئەگەر پێناسـەکردنی هـەر کــام لـەم چەمکانە بە تەنیــایی گــرفــتــئــامــێــز بووبێت، دیارە کــە بەدەســتـەوەدانـی پێناسـەیەکی کـارکردی بۆ چـەمکێکی لێکدراو و دووانەیی

---

١. بۆ زانیـاری لەسـەر وردەکـارییـەکانی دابەشـکردنی ژانری ڕۆمـان بەســەر کـۆمـەڵێک بنژانردا بڕوانە:

Bradbury, Malcolm, What is a Novel?, London: Edward Arnold, 1973.

Bradbury, Malcolm (ed(., The novel Today, Contemporary Writers On Modern Fiction, Manchester: Manchester University Press, 1977.

چەند بەرابەر ئاڵۆزتر دەبێت. ئاخۆ تێکەڵاوکردنی ئەدەب و لێرەدا ڕۆمان کە لە هەنگاوی یەکەمدا بەرهەمی خەیاڵی نووسەرێکی دیاریکراوە و بۆ سەلماندنی ئەدەبیبوونی دەبێت هەڵگری پێوەرەکانی جوانیناسییانە بێت، لەگەڵ بواری مێژوو کە وا دادەندرێ بریتی بێت لە هەوڵدان بۆ ناسینی ڕابردوو لەسەر بنەمای لێکدانەوەی فاکتا و واقیعەکان بەو جۆرەی ڕوویان داوە، شتێکی گونجاوە؟ ئاخۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و باسکردن لە کەسایەتییە واقیعییەکانی زەمەنە بەسەرچووەکان لە بەرهەمێکی خەیاڵیدا دەکرێت وەک مێژوو سەیر بکرێت؟ هەروەها مرۆڤ دەکرێ بپرسێت ئاخۆ ئەگەر مێژوونووسێک کەرەسە مێژووییەکان و تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوو جۆرێک ئاراستە بکات کە تێیدا زمانی گێڕانەوە ئەو زمانە ئەدەبییە بێت کە ڕۆماننووسێک بەکاری دێنێت، دەکرێ بەرهەمەکەی وەک ڕۆمان پێناسە بکرێت؟ بەواتایەکی تر، ئاخۆ بەرهەمە مێژووییەکەی ترۆتێسکی لەمەڕ مێژووی ڕووسیا کە زۆربەی خاوەن ڕایان پێیان وایە بەزمانێکی تەواو ئەدەبییانە نووسراوە، دەکرێت وەک ڕۆمان ناوزەد بکرێت؟ ئاخۆ مێژووی بێیهەقی کە لە سەرەتای سەدەی یازدەمدا نووسراوە و بۆ نموونە بەسەرهاتی حەسەنەک و لەسێدارەدانی ئەو کە بەشێوەیەکی تەواو ئەدەبییانە گێڕدراوەتەوە، دەکرێت وەک بەرهەمێکی ئەدەبی پێناسە بکرێت؟ یاخۆ ئاخۆ دەکرێت شەڕ و ئاشتیی تۆلستۆی کە تێیدا مێژووی شەڕەکانی ڕووسیا و فەرەنسا ئامادەییەکی ئاشکرایان هەیە وەک بەرهەمێکی مێژوویی پۆلێن بکرێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە با ڕاستەوخۆ بچینە سەر سەرەکیترین پێناسەکانی ڕۆمانی مێژوویی: ڕۆمانی مێژوویی "شێوازێکە لە گێڕانەوەی داستانی بۆ ئافراندنەوە و سازکردنەوەی مێژوو بەشێوەیەکی خەیاڵی. لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کارەکتەرەکان دەتوانن کەسایەتیی مێژوویی یاخۆ کەسایەتیی داستانی بن. ڕۆمانی مێژوویی ئەگەرچی خەیاڵییە، بەڵام

ڕۆمـانـنووسـێکی باشـی مـێـژوویی بەوردی لـەو سـەردەمـەی هەڵی دەبژێرێت لەسـەری بنووسـێت دەکـۆڵێـتـەوە و بۆ ڕاسـتنوێنیی بەرهـەمـەکـەی هەوڵ دەدات."[1] مارتـین گرەی لە پێناسـەکردنی ڕۆمـانی مێژووییدا بەهەمـان شێوە ئامـاژە بەلایەنی مـێـژوویی ئەم جـۆرە ڕۆمـانە دەکـات و دەڵێت کە "ڕۆمـانی مـێـژوویی ڕۆمـانێکە کە باس لە قـۆناغێکی مـێـژوویی دەکات و هەوڵ دەدات هـەلومـەرجی کۆمـەڵایەتی و دەروونی و هەڵسـوکەوتی سـەردەمی ڕابردوو بە وردەکـارییـەکی ڕیـالیسـتـیـانە و وەفـاداری بە ڕاسـتـیـە مـێـژووییـیـەکـان بگوێزێتـەوە سـەردەمی ئێستا. کەسـایەتییەکانی ئەم جۆرە ڕۆمـانە دەتوانن تەنیـا کـەسـایەتیی مـێـژوویی یاخـۆ تێکەڵاوێک لە کـەسـایەتیی مـێـژوویی و داسـتـانـی بن."[2] وەک لەم پێناسـانەدا دەردەکـەوێت دوو تۆوی سـەرەکـیی ڕۆمـانی مێژوویی ئافراندنەوەی مێژوو و ئامادەبوونی کەسـایەتیی مێژوویی لە تەنیشت کەسـایەتیی خەیاڵیدایە. ئاشکرایە کە ڕۆمانـنووس ناتوانێت لە ئافراندنەوەی مێژوودا سـەرکەوتوو بێت ئەگەر خـودی واقیعە مێژووییـیەکە بەباشـی نەزانێت. بەمـجـۆرە ئەرکـێکی سـەرەکـیی ڕۆمـانـنووسـی مـێـژوویی برێتـیـیـە لە ئاگـەداریی ورد لەسـەر ئەو قـۆناغـە مـێـژووییـیـەی دەیەوێت ڕۆمـانەکەی لەسـەر بنووسـێت، بۆ ئەوەی لایەنی ڕاسـتنوێنـیی کـارەکـەی تا ڕادەی ئـیمـکـان دەسـتـەبەر بێت. بۆ ئەم مـەبەسـتـەش ڕۆمـانـنووس دەبێـتـە لێکۆڵەرەوەیەکی مـێـژوویی و شـارەزایەکی هـەمـەلایەنەی وردەکـارییـەکـانی مـێـژوو. بۆ نمـوونە فۆگـێلسـتـرۆمی سـوێدی لە ڕۆمـانـی بەناوبانگی شـاری خـەونەکانمدا بەپشتبەسـتن بە هـەزاران وێنەی سـتۆکـهۆڵم لە کۆتاییـیەکـانی سـەدەی نۆزدەم و سـەرەتـاکـانی سـەدەی بیـسـتـەمـدا مـێـژووی ئەم شـارە و دانیـشـتـوانەکـانی لە کـەسـایەتیی چەند کـارەکـتـەردا دەگـێـڕێتـەوە. بەڵام

1. Cudden, J .A, Dictionary of Literary Terms and Literary Theory, revised by C .E. Preston, 4th ed., Oxford: Blackwell, 1998, p .383.

2. Gray Martin, A Dictionary of Literary Terms, 6th edition, London: Longman, 1984, p .99.

لەبەرئەوەی ڕۆماننووس دواجار تەمای نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبیی هەیە ناتوانێت تەنیا لایەنی ڕاستنوێنیی کارەکەی بەئامانج بگرێت و چاوپۆشی لەلایەنی خەیاڵی و هونەریی بەرهەمەکەی بکات. لێرەدایە کە تۆوی خەیاڵ و کەسایەتیی خەیاڵی دەوری کارا دەگێڕێت لە گواستنەوەی دەقێکی تەنیا مێژوویی بەدەقێکی تەواو ڕۆمانیدا. بەگشتی چارەسەرکردنی هاوکێشیی لایەنی مێژوویی و خەیاڵی لە ڕۆمانی مێژووییدا بە شێوەیەکە کە ڕووداو و فەزای مێژوویی لە ڕۆمانەکەدا تەواو دیار بێت و لە هەمان کاتدا لایەنی هونەری و خەیاڵییش دەوری گرینگی خۆی لە ئەدەباندنی بەرهەمەکەدا بگێڕێت. لە ڕاستیدا ڕۆماننووس قەت ئەوەندە پابەند بەگێڕانەوەی مێژوو نابێت کە لایەنی هونەریی بەرهەمەکەی و بەستێنی خەیاڵیی خۆی بشێوێنێت. واقیعە مێژووییەکان بۆ ئەو تەنیا بنەمای بەرهەمەکە دەنەخشێنن و بە ئافراندنی کەسایەتیی داستانی، ڕۆماننووس هەموو گەمە هونەرییەکانی خۆی دەخزێنێتە ناو ڕووداوە مێژووییەکان. سەرەڕای ئەوەی ڕۆماننووس ئەسپی خۆی لە مەیدانی خەیاڵدا تاو دەدات، بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی ببێتە ڕۆمانێکی مێژوویی ناتوانێت لە هێڵە گشتییەکانی ئەو سەردەمەی باسی دەکات لادات. بۆ نموونە ڕۆمانی سەمەرقەندی ئەمین مەئلووف سەرەڕای تژیبوونی لە خەیاڵ و تەونی داستانی سەرچاوەیەکی پشتئەستوورە بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خەیامی شاعیر، نیزامولمولکی سیاسەتوان و سەباحی شۆڕشگێڕ. لە ڕاستیدا ئەوەی کارەکەی مەئلووف لە بۆ نموونە مێژووی جیهانگیری مێژوونووس جوەینی جیا دەکاتەوە دەستکاریکردن و خەیالاندنی فەزای ڕووداوەکان و دنیای زەین و هەستی کەسایەتییەکانە. بەڵام ئەو دەستکارییانە ئەوە ناگەیەنن کە ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕاستییە باوەڕپێهێندراوەکانی مێژوویی لە تەوەری خۆیان دەرچن. وەک نموونە کەسایەتیی جەمالەدینی ئەفغانی و ڕۆڵی ئەو لە زەوینەسازکردن بۆ گۆڕانکارییە سیاسی و هزرییەکان و دواجار شۆڕشی

دەستووریی ئێران سەرەڕای هەموو تێکهەڵکێشە لاوەکی و خەیاڵییەکان لە کارەکەی مەئلووفدا تەواو پارێزراون. لە ڕۆمانی باغەکانی ڕۆشناییشدا ئەمین مەئلووف ئەو تایبەتمەندییە لەمەڕ گێڕانەوەی ژیانی مانیی پێغەمبەردا بەجوانی ڕەچاو دەکات و خوێنەرەوە هەست دەکات خەیاڵەکانی نووسەر تایبەتمەندییە مێژوویی و جوگرافییەکانی سەردەمی مانی پشتگوێ ناخەن و نووسەر زۆر بەجوانی شارەزای تەنانەت شێوەی کەڵکوەرگرتن لە بەلەم بۆ هاتوچۆکردن لە ڕووباری دیجلەدایە. هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئاماژە بەئەوەش بکەم کە بەرهەمی مێژوییش زۆرجاران کەڵک لە بەرهەمی ئەدەبی وەردەگرێت بۆ نووسینەوەی مێژوو و تەنانەت هێندێک مێژوونووس بەرهەمە ئەدەبییەکان وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی مێژوویی دەبینن. نووسەری ئینگلیزی مایکل ئاکسوۆردی لە کتێبی ئیمپراتۆریای زەیندا کە باسی مێژووی ئێران لە سەردەمی هەخامەنشییەکانەوە هەتا ئێستا دەکات بەشێوەیەکی بەرفراوان کەڵک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم مێژووە دوور و درێژە وەردەگرێت.

ڕەنگە ئاوڕدانەوە لە چەند ڕۆمان بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی پتر تیشک بخرێتە سەر جیاوازیی دەقی ڕۆمانی مێژوویی و بەرهەمی مێژوویی. ئەگەرچی شەڕ و ئاشتیی تۆلستۆی وەک ڕۆمانێکی مێژوویی ناسراوە، بەڵام هیچ خوێنەرەوەیەک تەنیا بەمەبەستی ئاگەداربوونەوە لە مێژووی شەڕەکانی فەرەنسا و ڕووسیا بڕیاری خوێندنەوەی ئەم کتێبە نادات. بۆ ئەم مەبەستە بەدڵنیاییی سەدان و بگرە هەزاران بەرهەمی مێژوویی لە بەردەستدان و دەتوانن یارمەتیدەری خوێنەرەوە بن لە گەیشتن بە ئامانجی تێگەیشتن لە مێژووی هێرشەکانی ناپلیۆن بۆ ڕووسیا. ئەوەی ئەم ڕۆمانە لە دەقێکی مێژوویی جیا دەکاتەوە لایەنی جوانیناسانەی بەرهەمەکە و بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەکی تر و بەدارشتنێکی تر. ئەمە خەیاڵی نووسەر و کەسایەتییە خەیاڵی و داستانییەکانن کە هۆگری و چێژوەرگرتنی خوێنەرەوە

لە دەقی ئەدەبی دەستەبەر دەکەن. ئەوە کارکردی خەیاڵە کە لایەنێکی دەروونییانە دەدات بەجیهانی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە. بەواتایەکی تر ئەگەر دەقێکی مێژوویی باس لە ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان لە ئاستێکی ڕووکەشییانەدا دەکات، دەقێکی ڕۆمانی بەناو دەروونی کەسایەتییەکاندا شۆڕ دەبێتەوە و جیهانی زەینییان دەپشکنێ. ئەگەر دەقێکی مێژوویی لەژێر کارتێکەریی جیهانبینی و ڕوانگەی تیۆریکی مێژوونووسدا ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێ و لێکیان دەداتەوە، دەقی ڕۆمانی بەسەرنجدان بە جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکان هەوڵی دۆزینەوەی هەموو هەست و خولیا و نیگەرانییەکانیان دەدات. ئەگەر مێژوونووس تێکشکان یان سەرکەوتنی لەشکری لایەنێک دەکاتە هەوێنی باسەکەی، ڕۆماننووس کەڵکەڵەی فیکر و خەیاڵی کەسایەتییەک بە وردبینییەکی تەواوەوە دەکاتە ناوئاخنی دەقەکەی. بۆ مێژوونووس ڕەنگە گرینگ نەبێت کە سەربازێک لە کاتی شەڕدا دەترسێت و میز بەخۆی دادەکات، بەڵام ئەمە بۆ ڕۆماننووس دەبێتە هەوێنی لێدوان و پەردەهەڵگرتن لەسەر ڕوخساری سەربازەکە و گەڕانەوە بۆ پێکهاتە فیکری و ڕۆحییەکانی. هەستی سەربازێکی بەرەی شەڕ لە کاتی کوژرانی هاوسەنگەرێکیدا، هەستی سەربازێک لە کاتی برینداربوونیدا و جیهانی ئاڵۆزی زەینی ئەو کاتێک هەزاران بیر و خەیاڵ دەبنە میوانی مێشک و دڵی، ئەو پەرۆشانەن کە ڕۆماننووس بەیارمەتیی خەیاڵی خۆی دەیانخوڵقێنێت و مێژوونووس خۆیان لێ لادەدات.

ئەگەر فاکتە مێژووییەکان کەرەسەی سەرەکیی کاری مێژوونووس بن، بۆ ڕۆماننووس ئەم فاکتانە بەتەنیایی ناتوانن یارمەتیدەری خوڵقاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی بن. ئەگەر مێژوونووسێکی بواری کۆمەڵایەتی قۆناغێکی مێژوویی پشت بەژمارەی ئەو کەسانەی بە هۆی برسێتییەوە مردوون دەبەستێتەوە، ڕۆماننووس بەوێناکردنی جیهانی دیوی ناوەوەی کەسێک یاخۆ چەند کەسێکی ئەو سەردەمە ئاستی ژمارەکان تێ دەپەڕێنێت و دەبێت

بەوێنەگری ڕۆحی مرۆڤەکان. لە ڕاستیدا فاکتەکان بەتەنیایی ناتوانن یارمەتیدەری تێگەیشتنی ئێمە بن بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجێکی تایبەت و دیاریکراوی مێژوویی. ئەوەی لێرەدا پێویستە دۆزینەوەی ڕەوتە گشتییەکان و گوتاری زاڵی سەردەمێکی دیاریکراوە بۆ دەستنیشانکردنی فاکتەکان لە شوێنی شیاوی خۆیاندا. لێرەدایە کە ڕۆمانی مێژوویی دەبێت بەو دەقەی کە وێڕای بردنی خوێنەرەوە بۆ سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویی، یارمەتیدەریش دەبێت لە تێگەیشتنی فەزای زەین و ڕۆح و دەروونی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە دیاریکراوە. بۆ نموونە، مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمی کۆمەڵگەی بەریتانیا دەتوانێت پەنا بۆ بەرهەمەکانی توماس هاردی و جەین ئاستین و چارلز دیکێنز بەرێت و ئەم بەرهەمانە وەک بەڵگەی تەواو لەسەر تۆمارکردن و وێناکردنی ئەم دەورەیە سەیر بکات. شەقامەکانی لەندەنی سەردەمانی ڤیکتۆریا و ئاواتی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە و ژیانی پڕ مەینەتی منداڵان دەکرێت لە کەسایەتیی منداڵێکی بێ دایک و بابی وەک جۆدا کە ژیانێکی کورت و ناخۆشی هەیە بەباشترین شێوە خۆی نیشان بدات و خوێنەرەوەی ئەمڕۆی ئاواتە مەزنەکان بکاتە میوانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پیشەسازیی لەندەنی دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا.

ئەگەر یەک لەلایەنە بەرچاوەکانی مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەڕە ناوەخۆییەکانی ئەو وڵاتە بووبێت، ئەوە تەنیا بەرهەمە مێژووییەکان نین کە ئەرکی لێکدانەوە و گێڕانەوەی ئەم ڕۆژگارە سەختانە بەجێ دەگەیەنن. ئەو ڕۆمانانەی کات و شوێنیان تەرخانی ئەم سەردەمانە کراوە کە شەڕە ناوەخۆییەکان سەرتاپای ئەم وڵاتەیان تەنیبووەوە، بەشێوەیەکی ورد، نەک هەر جوگرافیا و ڕووبەری شەڕەکان بگرە کارتێکەرییان لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤەکانیش دەگێڕنەوە. نموونەیەکی سەرکەوتووی لەم چەشنە ڕۆمانی لەگەڵ گوڕگان سەما دەکاتی مایکێل بلەیکە کە لە ساڵی

١٩٨٨ چاپ و بڵاو بووەوە. لەسەر بەرگی کتێبەکە ڕستەیەک نووسراوە کە بەجوانترین شێوە کارکرد و تایبەتمەندیی ڕۆمانی مێژوویی و جیاوازییەکانی لەگەڵ مێژوونووسی دەردەخات: "شەڕی ناوەخۆ کۆتاییی هاتبوو، بەڵام شەڕی پیاوێک لەگەڵ خۆی تازە دەستی پێ دەکرد." پەیامی سەرەکیی ڕۆمانی مێژووییش هەر ئەوەیە کە پەردە لەسەر دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان هەڵداتەوە. لەگەڵ گورگان سەما دەکات بەڕواڵەت بەسەرهاتی ئەفسەرێکی ئەمەریکاییە کە لە بەرەکانی شەڕدا بریندار دەبێت و کاتێک لە نەخۆشخانە هەست بەوە دەکات دوکتۆرەکان دەیانەوێت قاچی ببڕنەوە وەک شێتانی لێ دێت و بۆ دەربازبوون لەم مەترسییە سواری ئەسپەکەی دەبێت و بێ ترس بەرەو سەنگەرەکانی دوژمن دەچێت بۆ ئەوەی کە ئەوان بیئەنگێون و بکوژرێت. هاوڕێکانی کە ئاگەداری هۆکاری ئەم کردەوە "بوێرانەی" جان دونبار نین وەک پاڵەوانێک سەیری دەکەن و بەم کارەی ئەو، ورەیان بەرز دەبێتەوە و دواجار بەرامبەر دوژمن سەرکەوتن وەدەست دێنن و جان دونبار وەک پاڵەوانێکی گەورە ئەمجارەیان بە فەرمانی سەرکردەکانی بەرەی شەڕەکە باشترین چاوەدێریی پزیشکیی بۆ دابین دەکرێت و دواجار برینەکانی سارێژ دەکرێن و لە مەترسیی قاچبڕینەوە ڕزگاری دەبێت. لێرە بەولاوە کارتێکەریی ئەم ڕووداوە لەسەر ژیانی جان دونبار کە دواتر دەبێت بە نزیکترین هاوڕێی سوورپێستەکانی عەشیرەی کۆمانچی، دەبێتە هەوێنی سەرەکیی ڕۆمانەکە و بەسەرهاتی هەڵسوکەوتی سوپای ئەمەریکا لەگەڵ سوورپێستەکان لەوپەڕی وردەکارییدا تێکەڵی ئەڤین و مەرگ و هیوا و ناهومێدی و سروشت دەبێت. کتێبێکی مێژوویی قەت ناچێتە سەر هەستەکانی ئەفسەرێکی برینداربووی بەرەی شەڕ. ئەمە تەنیا کاری ڕۆمانی مێژووییە کە بە تێکەڵاوکردنی خەیاڵ لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان دیمەنێکی تر و خوێندنەوەیەکی تر لە مێژوو دەستەبەر بکات و وا لە ئەفسەرێکی بەرەی شەڕ بکات لەگەڵ گورگێک ببێتە هەڤاڵ و ئەسپەکەی

ببێت بەهاودەمی چرکەساتە پڕ لە خەمەکانی و دواجار هاوڕێ لەگەڵ سوورپێستەکانی کۆمانچی دژی ئەو سوپایە شەڕ بکات کە خۆی ڕۆژگارێک ئەندامی بووە و فەرمانی لێ وەردەگرت و ئێستا ئیتر بووەتە ئەندامێکی وەفاداری سوورپێستە چەوساوە و هەڕەشەلێکراوەکان.

لێرەدا گرینگە بەخێرایی ئاوڕێک لە بنەماکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی بدەمەوە و فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی کارتێکەر لە هاتنە ئارای ئەم جۆرە ڕۆمانەدا باس بکەم. دووسەد ساڵ دوای سەرهەڵدانی ڕۆمان و ڕۆڵی کاریگەری ئەم ژانرە ئەدەبییە لە دەوڵەمەندکردنی بیری ڕیالیستی و تاکبڕواییدا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا و لە ڕۆژگارێکدا کە شۆڕشە پیشەسازییەکان جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی دنیای نوێ و کۆنباوییان زیاتر و زیاتر قووڵ دەکردەوە و تاکبڕوایی مرۆڤ لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا دەگەیشتە ئاستی نامۆبوون لەخۆ و لە سەردەمانێکدا کە تێکرمانی ناپلیۆن کۆتایی بە دەورەیەکی خوێناوی دەهێنا و لە ڕۆژگارێکدا کە مرۆڤ لە واقیعی ئێستا ماندوو دەبوو و بۆ ئارامکردنەوەی زەینی خۆی پەنای بۆ مێژووی ڕابردوو دەبرد، لە ڕۆژگارێکدا کە کۆلۆنیالیزم سنوورەکانی بیر و ڕوانینی مرۆڤی ڕۆئاوایی دەبردە دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپا، لە ڕۆژگارێکدا کە پەرەئەستاندنی بازاڕی ڕۆمان و گەشەی خوێندەواری ژمارەی خوێنەرەوانی ڕۆمانی هەڵدەکشاند، لە ڕۆژگارێکدا کە ناسنامە نەتەوەییەکان دەبوونە بەرەنجامی ناسیۆنالیزم، لە ڕۆژگارێکدا کە دەسەڵاتداری و سەروەریی جەماوەری دەبووە ئامانج، لە ڕۆژگارێکدا کە ناسیۆنالیزم بەرە بەرە دەبووە ئاینی نوێ، لە ڕۆژگارێکدا کە ڕۆمانتیزم بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو تەماحی ناسینی ئێستا و بنجوبنەوانی نەتەوەکانی وەبەر مرۆڤەکان دەنا، لە ڕۆژگارێکدا کە بە هەستێکی ڕۆمانتیکانە ئازادیی تاک و ئازادیی نەتەوە لێک گرێ دەدران، لە ڕۆژگارێکی ئاوادا ڕۆمانی مێژوویی سەر هەڵدەدات و خولیای قارەمانەتیی

مرۆڤ بەئافراندنەوەی قارەمانەکانی ڕابردوو دادەمرکێنێت و یارمەتیدەری دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگە ئاشت بێتەوە و خۆی وەک ئەندامێک لە نەتەوە پێناسە بکات و هەستی تەنیایی خۆی لە تارمایی نەتەوەدا بشارێتەوە و لە خەیاڵدا ئەو شتە بخوڵقێنێ کە لە واقیعدا ونە و ڕۆمانتیزم دروست ئەو شتەیە کە پەڕ و باڵی فڕینی ئەم خەیاڵانە مسۆگەر دەکات. هەر بۆیە ئەوە بەهەڵکەوت نییە کە ڕۆمانی مێژوویی بەر لە هەموو شوێنێک لە دوو وڵاتی پیشەسازی و کۆلۆنیالیستی و زلهێزی ڕۆئاوایی سەدەی نۆزدەم، فەرەنسا و بەریتانیادا سەرهەڵدەدات و دەبێتە کەرەسەیەک بۆ سازکردنی نەتەوەی فەرەنسایی و بەریتانیایی و جیاکردنەوەیان لە ئەوانی تر لەسەر بنەمای زمان و مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەیی. ئەگەر بۆ هێگێل ڕۆمان بریتی بوو لە حەماسەی بۆرژوازی و لوکاچیش ڕۆمانی وەک بەرهەمی زەمەنێک دادەنا کە مرۆڤ کەوتووەتە بەر نفرینی یەزدان و تەنیا ماوەتەوە، ئەوە لە ڕۆمانی مێژووییدایە کە ئەم پێناسانە تەواو ڕەنگ دەدەنەوە. ئەگەر بۆرژوازی پێشەنگی نەتەوەخوازی و نەتەوەسازی بوو، ئەوە لە ڕۆمانی مێژووییدایە کە ئەم هەستی نەتەوەییە بۆ هەموو کەلێن و قوژبنی کۆمەڵگە دەگوێزرێنەوە و زەینی خوێنەرەوە دەکات بە بەرکاری گوتاری هەیمەنەخوازانەی خۆی.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا و لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا لە دوو وڵاتی زلهێزی کۆلۆنیالیستی واتا ئینگلیز و فەرەنسادا پێشەنگان و ئافرێنەرانی ڕۆمانی مێژوویی سەر هەڵدەدەن. والتێر سکات کە وەک باوکی ڕۆمانی مێژوویی ناسراوە ئەو کەسەیە کە بەباوەڕی نانسی ئارمسترانگ بەهۆی ڕۆمانە مێژووییەکانییەوە نەتەوەی بەریتانیایی ساز کردووە.[1] سکات وەک ڕۆماننووسێکی پڕکاری سکاتلەندی و ئافرێنەری نزیکەی پەنجا ڕۆمان، بابەتە مێژووییەکان دەکاتە مەیدانی خەیاڵە بەرفراوانەکەی و لە پەرەپێدانی

1. Armstrong, Nancy, How Novels Think: The Limits of Individualism from 1719-1900, New York: Colombia University Press, 2005, p7.

هەستی بەریتانیاییبوونی خوێنەرەوانیدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت. ئەلێکساندەر دومای فەرەنسایش دەورێکی باڵا لە ئافراندنەوەی مێژوودا دەگێڕێت و بە وردەکارییە سەرنج ڕاکێشەکانی مێژووە دوور و نزیکەکان وەها بە هەیەجانەوە دەگێڕێتەوە کە خوێنەرەوە دەباتە ناو دنیای پڕ لە ڕووداوی ڕۆمانەکانی و هانی دەدات بەشوێن چارەنووسی پاڵەوانەکاندا تووشی هەناسەبڕکێ بێت و بە ئیشتیایەکی زۆرەوە تا دوادێری بەرهەمەکان لە خوێندنەوە نەوەستێت. هەر ئەو تایبەتمەندییەشە کە دەبێتە هۆکاری هۆگریی زۆری خوێنەرەوانی غەیری فەرەنسایی بە بەرهەمە مێژووییەکانی دوما و بەهیچ شێوەیەک بە هەڵکەوت نییە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا زیاتر لە هەر نووسەرێکی تری ڕۆئاوایی رووی تێ دەکرێت و بەرهەمەکانی وەردەگێڕدرێنەوە سەر زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی.

بەدوای گەشەکردنی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەورووپا و بەرفراوانبوونی کۆلۆنیالیزم و دواتر شکستە بەردەوامەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی و بەرتەسکبوونەوەی جوگرافیا زەبەلاحەکەی و دەرکەوتنی نیشانەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لەسەر دەستی عوسمانییە لاوەکان و هاتنە کایەی "تەنزیمات" و تورکچێتی لە جیاتیی ئیسلامخوازی و سیستمی "میللەت"، لە قەراغ داوودەزگاگەلی نوێدا، وەرگێڕانی ڕۆمانە مێژووییەکان بوو بەدیاردەیەکی بەرچاوی بەرهەمهێنانی ئەدەبی. ئەم وەرگێڕانانەش لە درێژەی خۆیاندا بوون بە ئۆلگووی نووسەرانی خۆماڵی و بەمجۆرە هەرچەند درەنگ بەڵام بەردەوام گوتاری ڕۆمانی جێ پێی خۆی لە ناوەندی ئیمپراتۆریدا خۆش دەکرد. کاتێک لە دوایین دەیەی سەدەی نۆزدەمدا زمانی تورکی دەبوو بە زمانی ڕەسمی و تیۆریسازەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی، یوسف ئاکچورای و زیا گۆگالپ ئایدیای تورانییان دەکردە گوتاری نەتەوەسازیی تورک، ئا لەو کاتەدا ڕۆمانی مێژوویی تورکی

بەلاسـاییکردنـەوەی ڕۆمـانی ڕۆئـاوایی بنەمـاکـانی تورکـیزمـیـان دادەنا. لە ئێرانی قاجارەکانیشدا، هەرچەند کەمێک دواتر، هەر ڕەوتێکی لەم چەشنە بوو کە زەمـینەکانی گەشـەی ناسـیۆنالیـزمی ئێرانی خـۆش دەکـرد. ئەگەر سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەرەنجامی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی ئەم وڵاتە لە نـیـوەی یەکـەمـی سـەدەی نۆزدەم بەمــلاوە بێت و تێـیـدا کـۆمـەڵێک فـاکـتـۆری دەرەکی، کـۆمـەڵایەتی، سـیـاسـی، ئابووری و فـەرهـەنگی دەوری سـەرەکـیـی خـۆیان گێڕابێت ئەوە بێگومـان دامـەزرانـدنی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی لەسـەر دەسـتی ڕەزا شـا لە دەیەکانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەمـدا ناتوانێت بەدەر بێت لە کـارتێکەریی بەرچاوی ڕۆمـانی مـێـژوویی فارسـیی نیـوەی یەکەمـی سەدەی بیسـتـەمـدا کە بە شێـوەیەکی بەربڵاو بوو بە گوتاری زاڵی ئەو قۆناغە.

لە ڕاسـتـیـدا ناسـیـۆنالیـزمـی ئێرانی بەدوای هـەڵبـەزدابەزینێکی زۆر و دواجـار هـەرەسـهـێنانی شـۆڕشـی دەسـتـووریی ئێـران لە ١٩١١ ڕەوتێکی ڕۆمـانتـیک بـەخـۆیەوە دەگرێت و گـەڕانەوە بۆ ڕابـردووی دووری ئەم وڵاتە و فـەرهـەنگی پێش ئیسـلام دەبێتـە بەردی بناغـەی سـازکردنی ناسنامـەیەکی نەتەوەیی لە سـەردەمی تەنگژەیەکی قـووڵی ناسنامـەییدا. لە سـاڵانی ئاڵۆزی دوای شـۆڕش و تەنگژەی سیاسی و کـۆمـەڵایەتیی هەمـەلایەنەدا پێشـەنگی ناسـیـۆنالیـزمی ئێرانی بەدوای پیـاوێکی پۆلایـین و بەدەسـەڵاتدا دەگـەڕا کـە ڕزگارکـەری وڵات بێت. شۆڕشی دەستووریی ئێران لە ڕاستیدا وەدیهێنەری ئاسـتێک لە تاکبڕوایی لە کۆمـەڵگەی ئێراندا بوو کـە خولیای تێکشکاندنی سـەرەڕۆیی و دیکتـاتـۆریی هـەبوو و بـەشـوێن دەسـتـەبـەرکـردنی ئازادی و سـەروەریی جـەمـاوەریدا بوو. سـەرهەڵدانی چین و تـوێژی مـامـناوەندی و گەشـەی شارنشینی وەک فاکتۆرێکی یارمەتیدەر بۆ پەرەئەستاندنی بیری ناسـیـۆنالیـسـتی، زەوینـەی ڕوانینی ڕۆمـانتـیکانەی زیاتر خـۆش دەکـرد. شکستی شۆڕشی دەستووری و فاکتۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر

هاوکات لەگەڵ دەستتێوەردانی ئینگلیز و ڕووسەکان لە کاروباری ئێراندا زیاتر دەبوونە هۆی خەمڵینی هەستی نەتەوەیی ئێرانییەکان. لەم سەردەمەدایە کە ئەدەبیاتی گێڕانەوەیی هەم وەک بەرەنجامی ئەم ڕەوتە و هەمیش دواتر وەک فاکتۆرێک لە گەشەی ئەم ڕەوتەدا ڕۆڵی سەرەکیی خۆی دەگێڕێت. ئەگەر لە سەردەمی شۆڕشی دەستووریدا سیاحەتنامەی ئیبراهیم بەگی زەینەلعابدینی مەراغەیی وەک دابڕانێک لە ناوەڕۆک و شێوەی نووسینی پێشتر، بووبووە خۆراکی شۆڕشگێرانی سەردەم، بەرە بەرە ئافراندنەوەی مێژوو دەبوو بەو گوتارە سەردەستەی کە ڕزگاریی ئەمڕۆی بەهێنانەوەی ڕۆژگارانی کۆنەوە دەبەستەوە. مێژوونووسێکی وەک حەسەنی پیرنیا لەژێر کارتێکەریی مێژوونووسانی ڕۆئاواییدا مێژووی ئێرانی کۆن لە سێ بەرگدا دەنووسێتەوە و لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە بنجوبنەوانی ئێرانییەکان دەگەڕێنێتەوە سەر ئارياییەکان و لە کوروش و داریوش و ئەردەشێر و زەردەشت و مانی و کەسایەتییە سیاسی و ئاینییەکانی تری بەر لە ئیسلامدا لە گەورەیی و شکۆی ونبوو دەگەڕێت. لە بواری سیاسییەوە ڕەزا خان دەبێتە ئەو کەسایەتییە کە دەبێ ئەو شکۆیە لە وڵاتێکی پەرش و بڵاودا جێگیر بکاتەوە و ناوەند ببێت بەچەقی دەسەڵات لە وڵاتێکی فرە ئیتنیک و فرە ڕەنگدا. لێرەدایە ڕۆمانی مێژوویی دەبێت بەو کەرەسەیەی کە ئەرکی پێکانی ئەم ئامانجانە دەگرێتە ئەستۆ. نووسەرانی ئێرانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەژێر کارتێکەریی ڕۆمانە مێژووییەکانی ئەوروپاییدا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمەوە وردە وردە وەردەگێڕدرانەوە سەر زمانی فارسی بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستیان کرد بەنووسینی ڕۆمانی مێژوویی. پێشتر شایەکانی قاجاری یارمەتیدەری وەرگێڕانی ڕۆمانە مێژووییەکانی فەرەنسایی بوون بۆ سەر زمانی فارسی و هەر ئەوەش بوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا کۆمەڵێک ڕۆمانی ئەلێکساندر دووما، بۆ نموونە، سێ تفەنگچی و کێنت مۆنت کریستۆ کرانە

فـارسـی و دواتر لـەگـەڵ ژمـارەیەکی زیاتری ڕۆمـانـی وەرگـێـڕدراو لە زمـانە ڕۆژئاواییـیـەکان، بە تایبـەتی فرەنسـی و، هـەروەها لە زمـانی عـەرەبییـەوە، بۆ نموونە ڕۆمـانەکانی جۆرجی زێدان، دەسـتـپـێکی نەریتی ڕۆمـانی مـێـژوویی چەکەرەی کرد.[1] یارمـەتیی ڕاستەوخۆی دەسـەڵاتی سیاسی لە قەراغ هۆکارە کۆمـەڵایەتی و فـیکرییـەکانی تردا سـەردەمی ڕەزا شـا دەکات بە سـەردەمی گـەشــەی بەربڵاوی ڕۆمـانـی مـێـژوویـی فـارسـی. لـە ڕاسـتـیـدا سـەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمـانی فارسی لە بەراییـیەکانی سەدەی بیسـتەمـدا هـاومانایە لەگـەڵ ڕۆمـانـی مـێـژوویی و سـاڵانێک دواتر شـێـوازەکـانی تـری ڕۆمـان لە ئێـراندا پـەرە دەسـتـێن. سـووژەگـەلی ڕابردووی شکۆدار، پاڵەوانـەتی و ئازایی ئێـرانیـیـەکـان لە شـەڕی دژ بەداگـیرکـەر و بێگانەدا، ئامـادەیی فـەرهـەنگی بەرزی ئێـرانی لە مـێـژوودا، ئەو بوارە سـەرەکـیـانەن کـە بە بەرفراوانی لە ڕۆمانە مێژووییە فارسییەکاندا باس دەکرێن. ڕۆماننووسانی ئێرانی لە گێڕانەوەی مێژووی دوور و درێژی ئێراندا سـەروەرییـەکانی ئەم مـێـژووە دەکـەن بەهـەوێنی پەرەپێـدانی هەسـتی نەتەوەیی و، بە گـێـڕانەوەی خراپیی نەیارانی ئێران و ئێرانی هـەستی دژایەتی لە هەمبەر ئەوانی تر پەرە پێ دەدەن. ڕادەی پێشـوازیی جـەماوەری خـوێنەرەوە لە ڕۆمـانی مـێـژوویی لە سـەردەمی ڕەزا شـادا ئەوەندە بەربڵاوە کە کەسـانێکی زۆر ڕوو دەکەنە بواری

١. بۆ زانیـاریی ورد لەسـەر سەرهـەڵدانی وەرگێڕانی ڕۆمـانە مێژووییـیەکانی ڕۆژئاوایی بۆ سـەر زمانی فارسی و کارتێکەرییان لەسـەر لایەنە جۆرەوجۆرەکانی مێژوویی، ئەدەبی، زمانی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران، بڕوانە:

بالایی، کریستـوفر، پیدایش زمان فارسی، وەرگێڕان لە فرەنسییـەوە، مـهوش قـویمی و نسرین خطاط، تهران: انتشارات معین، انجمن ایرانشناسی فرانسه، ١٩٩٨/١٣٧٧ .

آرین پور، یحـیی، از صـبـا تا نیـمـا: تاریخ ١٥٠ سـال ادب فـارسی، جلد اول، ساربروکن: نوید، ١٩٩٨/١٣٦٧ .

آرین پور، یحـیی، از صـبـا تا نیـمـا: تـاریخ ١٥٠ سـال ادب فـارسی، جلد دوم، ساربروکن: نوید، ١٩٩٨/١٣٦٧ .

نووسـینی ڕۆمـانی مـێـژوویی. بـۆ نموونه نووســەرێکی وەک زەینەلعـابـدینی مـۆئتـەمـێن لە تەمـەنی شـازدە سـاڵیدا دەست بەنـووسـینی هـێلانەی هـەڵۆ کـە بەسـەرهـاتی حـەسـەنی سـەبـاحـە دەکـات و بە شـێـوەیەکی زنجـیـرەیی لە ڕۆژنامـەدا بڵاوی دەکـاتەوە و دواتر لە سـاڵی ١٩٣٩ لە شـێـوەی کـتـێـبـێکی ئەستووردا بڵاوی دەکاتەوە.

لە کاتێکدا نەتـەوەکـانی عـەرەب و تورک و فـارس بەوەرگـێڕانی ڕۆمـانگەلی مـێژوویی ڕۆئاوایی و دواتر بەرهـەمـهـێنانی ڕۆمـانگەلی مـێژوویی خـۆمـاڵی ڕەوتی نەتەوەسـازییـان خـێراتر دەکرد، کوردەکـان لەگـەڵ چارەنووسـێکی تر ڕووبـەڕوو دەبـوونەوە و ڕادەی گــــەشــــەی کــــۆمـــــەڵایـەتی و ئـابـووری و ناسـیـۆنالیـزمی و فـەرهـەنگی و سیاسـییـان دەرفـەتی ئاشنابوون بەڕۆمـان و نووســینی ڕۆمــانی پـێ نەدەدان. ڕۆمــانی کـوردی لـەبەر گــەلێـک هـۆکــاری فـەرهـەنگی، سـیـاسـی، زمـانی، ئەدەبی و مـێـژوویی نەیـتوانیـوە ڕەچـاوکـەری ڕەوتێک بێت کـە تێیدا ڕۆمـانی مـێژوویی ببـێت بەفـاکـتـۆرێکی کـارتێکەر و تەواوکـەر بۆ گـەشـەی ناسـیـۆنالیـزمی کـورد. لە ڕاسـتـیـدا سـەرهـەڵدانی درەنگـتـری ناسـیـۆنـالیـزمـی کـورد بە بـەراورد لەگـەڵ ئـایدیا و بزووتـنەوەی ناســیـۆنـالیـســتـیـی نەتەوەکـانی تری ڕۆهـەڵاتـی ناوەڕاست و، دواتر پـارچە پارچەبوونـی جـوگـرافـیـا و سـیـاسـەت و ناسنامـەی کـوردی قـەت نەیـتـوانی زەوینـەیەکی لەبار بۆ گەشـەی ڕۆمانی کوردی بەگشـتی و ڕۆمـانی مێژوویی کوردی بەتایبەتی برەخسێنێت. لە کاتێکدا سـەدەی نۆزدەم شاهیدی ڕەوتی مۆدێرنیـزاسیۆن لە ناوەندە سـەرەکییـەکانی جوگرافـیای سیاسـیی ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆئاوای ئـاسـیـا و باکـوری ئەفـریقـیـادا بـوو، وڵاتی کـوردەکـان کـەوتە دەرەوەی ئەم نـاوەندە و وەک شـوێنێکی پەڕاوێزکـراو ڕووی گـەشـەی ئابووری و گۆڕانـکاریی کۆمـەڵایەتی بەخـۆیەوە نەبینی و کۆمـەڵگەی کوردی نەبووە شوێنی سـەرهـەڵدان و گەشەی بۆرژوازی و چین و توێژی مامناوەندیی شارنشین. ئەمانەش فـاکتۆرگەلێکن کە پێش بەسـەرهـەڵدان و گەشـەی دیاردە

مۆدێرن و نوێیەکان کە ڕۆمان یەک لەو دیاردانەیە، دەگرن. مێژووی ڕۆمانی کوردی بەشێوەیەکی روون تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کورد دەخاتە ڕوو. لە کاتێکدا ڕەوتی بە هێزی وەرگێڕان لە زمانە ڕۆئاواییەکان بۆ سەر زمانگەلی تورکی و عەرەبی و فارسی، جوگرافیای ئیمپراتۆریای عوسمانی و قاجار لە سەدەی نۆزدەمدا دەتەنێتەوە، زمانی کوردی نابێتە تەنانەت خاوەنی دێرێک وەرگێڕان و پەخشانی نوێ. لە کاتێکدا ئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەبنە هۆی کێشانەوەی نوێی نەخشەی سیاسیی ناوچە و دەوڵەت نەتەوەکانی تورک و فارس و عەرەب جێگەی ئیمپراتۆرییەکان دەگرنەوە، کوردەکان دواجار چارەنووسێکیان نییە غەیری لکێندران بە ئەم یان ئەو دەوڵەت– نەتەوەی نوێوە. ئەم چارەنووسە سیاسییە بێگومان دەبێتە هۆکاری سەرەکیی بێبەشبوونی زمانی کوردی لە تێکەڵاوبوونی بە گوتاری نوێی گێڕانەوەیی و نەتەوەیی. ئەگەر هەبوونی داوودەزگای دەوڵەتی چ لە شێوەی ئیمپراتۆرییەکەی و چ لە شێوەی نوێیدا دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر گەشەی ڕۆمانی مێژوویی تورکی، فارسی و عەرەبی، نەبوونی ئەم داوودەزگایە بۆ کورد دەبێتە هۆکاری نەهاتنە کایەی ئەم شێوە گوتارە.

سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە بەستێنی سیاسی و ئایدیۆلۆجیکیی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوودا بەرهەمهێنەری ئەو گوتارە نییە کە ڕێگەخۆشکەری سازدانی ناسنامەی نەتەوەیی بێت. بەپێچەوانەوە ئەم گوتارە پتر وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆجیک خۆی دەردەخات کە بەتەواوی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی نەک هەر پشتگوێ دەخات بگرە لە ئاماژەپێکردنیشی خۆی دەبوێرێت. ئەوە شتێکی بە هەڵکەوت نییە کە ڕۆمانە کوردییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە سۆڤیەتی پێشوودا هەموویان مۆرکی ڕیالیزمی سۆسیالیستییان پێوەیە و ئەگەریش لێرە و لەوێ بوارێکی مێژوویی ناوئاخنی ڕۆمانێک پێک دێنێت دواجار لەسەر بنەمای ڕیالیزمی سۆسیالیستی دەبێت بە گوتاری هاندانی شەڕی هەژاران

و زۆرلێکراوان لە دژی دەرەبەگ و زۆرداران و، لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی غایەتناسانە ئەوە بەرەی هەژارانە کە دواجار سەرکەوتن وەدەست دێنێت. بۆ نموونە دمدمی عەرەب شەمۆ ئەگەرچی ڕۆمانێکی تەواو مێژووییە و شەڕی خۆڕاگرانەی خانۆی لەپزێڕین لە قەڵای دمدمدا دژ بە شای سەفەوی سووژەی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، قەت هاندەری بیری ناسیۆنالیستیی کوردانە نییە بۆ ژیاندنەوەی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بە مەبەستی پەرەپێدانی ناسنامەیەکی سیاسیی کوردانە. لە هەمان کاتدا داسەپاندنی سنووره سیاسییەکان بەناو خاکی کورداندا قەت ئەو مەجالە ناڕەخسێنێت کە تەنانەت ئەم ڕۆمانەش بگاتە دەستی خوێنەرەوانی کورد و ببێت بە خاڵی دەستپێکی ڕەوتێکی ئەدەبی و زمانی و ناسنامەیی. هەر بۆیە نەبوونی بەردەوامیی ئەدەبی دەبێتە خاڵی لێکدابڕانی بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کوردییەکاندا. لە ئامادەنەبوونی گوتاری ناسیۆنالیستی و ڕۆمانتیکیی کوردی هۆکارێکی سەرەکییە لە پشت نەبوونی ڕۆمانی مێژوویی کوردییەوە بەو جۆرەی بۆ نموونە لە ئەوروپا و ئێراندا ئامادەیی هەبوو. لە ڕاستیدا دمدم تەنیا ڕۆمانێکی کوردییە کە گەڕانەوە بۆ مێژوویەکی تا ڕادەیەک کۆن دەکاتە تەون و تەوەری گێڕانەوە. بڵند و نەویی نەسرینی جەعفەری ئاوڕدانەوەیەکی ترە لە بەرخۆدانی دمدم و درێژەپێدانی بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەرانی قەڵا دوای مەرگی خانۆ. ڕۆمانە کوردییەکانی تر بەدەگمەن ئاوڕ لە مێژووی بەر لە سەدەی بیستەم دەدەنەوە و دەکرێ بڵێین بەپێی ئەو پێناسانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردن کورد خاوەنی ڕۆمانی مێژوویی نییە. ڕۆمانە مێژووییەکانی جان دۆست تا ڕادەیەک ڕیزپەڕن و دەکرێت زیاتر لە هەر ڕۆمانێکی کوردی خاوەنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێژوویی بن. یەکەم ڕۆمانی جان دۆست، مژاباد، لە ٢٠٠٣دا چاپ کراوە و پاڵەوانی ڕۆمانەکە، بادین ئامێدی، ئەڵقەی گرێدانی ڕاپەڕینە کوردییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە. باپیری

بادین به دەست عوسمانییەکان کوژراوە و باوکیشی بەشداریی شۆڕشی شێخ مەحموود بووە و دواجار بادین وەک پێشمەرگەیەکی بارزانی دەچێتە مەهاباد و لەوێ دوای تێکچوونی کۆمار دەمرێت. جان دۆست لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کەسایەتییە خەیاڵییەکانی تێکەڵ بە مێژووی نوێی کوردی دەکات و لە سۆنگەی ژیانی تراجیکی بادین و ئەڤینە ناکامەکانی ئەوەوە تراجیدیای نەتەوەیی کوردان دەگێڕێتەوە. لە ٢٠٠٧دا جان دۆست ڕۆمانی ٣ گاف و ٣ دارەک، شەڤا داوی د ژیانا شێخ سەعیدێ کالدا بڵاو دەکاتەوە و تێیدا بەسەرهاتی تراجیدییانەی شۆڕشی شێخ سەعید دەگێڕێتەوە. جان دۆست لە ٢٠٠٨دا بە ڕۆمانی میرنامە ژیانی شاعیری کورد ئەحمەدی خانی دەکاتە هەوێنی گێڕانەوەیەکی شاعیرانە و بەمجۆرە هەنگاوێکی بەرچاو لە ئافراندنی ڕۆمانی مێژوویی کوردیدا هەڵدێنێتەوە. ڕۆمانەکانی جان دۆست هەموویان مۆرکێکی تراجیدییانەیان پێوە دیارە و ئەوەش ڕەنگدانەوەی مێژووی کوردانە لە چەند سەدەی ڕابردوودا . سەرهەڵدانی ڕۆماننووسێکی وەک جان دۆست لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمدا و حەزی بێ سنووری ئەو لە گێڕانەوەی مێژووی چەند سەدەی ڕابردوو، بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەورووپا و تەنانەت تورکیا و میسر و ئێرانیشدا، دەری دەخات کە ناسیۆنالیزم و ڕۆمانی مێژوویی چەندە گرێدراوی یەکترن. بێگومان هەوڵی نووسەرێکی وەک جان دۆست بۆ ئافراندنەوەی مێژووی کەسایەتیگەلێکی وەک خانی و شێخ سەعید و بڕگەگەلێکی گرینگ لە مێژووی کورددا، بۆ نموونە کۆماری مەهاباد، ناتوانێت لە دەرەوەی دەستکەوتەکانی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کوردی بێت لە دوو دەیەی ڕابردوودا .

لە ڕاستیدا بەرهەمەکانی جان دۆست بەهیچ شێوەیەک گوتاری زاڵی ڕۆمانی کوردی پێک نایەنن و دەکرێت تەنیا وەک هەوڵێکی سەرەتاییانە سەیر بکرێن بۆ ئافراندنی گوتارێکی لەم چەشنە. ئامادەبوونی مێژوو لە

هێندێک ڕۆمانی کوردیدا، ئەویش بەگشتی مێژووی هاوچەرخ، نەک بۆ سازکردنەوەی کەسایەتییە مێژووییەکان و سەردەمی ئەوانە، بگرە بۆ زەقکردنەوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمێکی نە زۆر دووری مێژووی کوردەکانە. لە ڕۆمانی کوردێن ڕێویی سەعیدی ئیبۆدا مێژوو هەر هەتا دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەم بڕ دەکات و کۆچی کوردە ئێزیدییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ سۆڤیەتی پێشوو بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و مرۆڤ تەنانەت لەو مێژووە کورتەشدا تووشی کەسایەتییەکی مێژوویی نابێت کە لە مێژووی کوردانیدا ناوبانگێکی هەبووبێت. ئەمە دروست ئەو شتەیە کە لە مێژوونووسیی کوردییشدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەگەر ناسیۆنالیزمی تورک و عەرەب و فارس لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا مێژوونووسییەکی ناسیۆنالیستیی دیاری لێ دەکەوێتەوە، هەتا بڵاوبوونەوەی بەرهەمە مێژووییەکەی ئەمین زەکی بەگ مێژوونووسیی کوردی ونە.[1] ئاشکرایە لە هەلومەرجی نەبوونی ئەم جۆرە گوتارەدا ڕۆمانی مێژوویی نابێتە خاوەنی بەڵگەی پێویست بۆ تێکهەڵکێشانی خەیاڵاتی خۆی لەگەل فاکتای مێژوویی. لە نەبوونی گوتاری ناسیۆنالیستیدا بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ ڕۆمانی مێژوویی نارەخسێت و نە سووژەی ڕۆماننووس و نە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەرەوە زەوینەی جۆرەیەکی ئەدەبیی لەم چەشنە پێک ناهێنێت.

پەڕیوەبوونی ژمارەیەکی زۆری کورد بۆ وڵاتانی ڕۆئاوا لە دەیەکانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا و هاتنە ئارای دیاردەی دیاسپۆرای کورد لە

١. لەبەرئەوەی شەرەفنامە بە زمانی کوردی نەنووسراوە و سەردەمی نووسینیشی زۆر پێش لە سەرهەڵدانی دیاردەی ڕۆمانتیزم و ناسیۆنالیزمە، لەم نووسینەدا وەک مێژوونووسیی کوردی دانەندراوە. لە ڕاستیدا نووسینی شەرەفنامە بە زمانی فارسی لە ١٥٩٦دا دیاردەیەکی هاوئاهەنگە لەگەڵ هەلومەرجی زمانی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکاندا.

قـەراغ گـەشـەی ناسـیـۆنالیـزمی کـورد بەتایبـەت لـە باکـوری کـوردسـتـاندا دەرفەتێکی نوێی بۆ گەشەی ڕۆمانی کوردی ڕەخساند. ئەگەر پێشتر جگە لە ڕۆمـانە کـوردییـەکـانی سـۆڤـیـەتـی پێـشـوو ژمـارەی ڕۆمـانە کـوردییـەکـان بەزەحـمـەت دەگـەیشـتـە بیـست ڕۆمـان، ئـەوە لە دەیەی هەشـتـای سـەدەی بیستەم بەملاوە ڕۆمانی کوردی هەم لە باری چەندایەتی و هەمیش لە باری چلۆنایەتییەوە گەشـەیەکی بەرچاو بەخـۆیەوە دەبینێت و دیاسـپـۆرای کورد ڕۆڵێکی بـەرچاو لـەم پێـوەندییـەدا دەگـێـڕێت. لەو سـەردەمـەدایە کـە ڕۆمـانـنووسـێکی وەک مـەمـەد ئوزون لە ڕۆمـانەکـانی خـۆیدا هـەوڵی ئافراندنەوەی چەند کەسایەتییەکی مێژووی کورد دەدات. بۆ نموونە لە سیا ئەڤینێدا مەمدووح سەلیم دەبێت بە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە و لە بیـرا قـەدەرێدا جـەلادەت بـەدرخـان و چارەنووسـە تراجـیکەکـەی ئەو بەسـەرهاتەیە کە ڕۆمانەکە هەوڵی گێڕانەوەی دەدات. هـەروەک دەبینین لەم ڕۆمـانانەدا مەودای گەڕانەوەی مێژوویی و کەسایـەتییە مێژووییەکان هەر هەتا دەیەکـانی سـەرەتای سـەدەی بیـسـتـەم بڕ دەکـەن و سـەرەڕای تایبـەتمەندیی مـێـژوویی ئەم دوو ڕۆمـانە، ئەوە نـە ڕۆمـانتـیـزم و هزری ناسـیـۆنالیـسـتـییـە کـە فـەزای ڕۆمـانەکـان پێک دێنێت، بگرە ئاوارەیی و ناهومێدیی کەسایەتییە هاوچەرخەکانە کە دەبێتە ناوئاخنی ڕۆمانەکان. پرس ئەوەیە بۆچی تەنانەت لەم ڕۆمانە مێژووییانەشدا شوێنەواری مێژووی کۆن بەدی ناکرێت و هەر مێژووی ڕابردوویەکی نزیکە کە دەبێتە بەستێنی ئەم ڕۆمـانانە؟ ئاخـۆ گەڕانەوە بـۆ مێژووی دووری کورد نووسـەران تووشی مـێژوویەکی ونبوو دەکـات؟ ئاخـۆ کارێکی لەم چەشنە دەبێـتـە دیاردەیەکی ئاناکرۆنیستی یاخۆ ناهاوئاهەنگیی زەمەنی؟ ئاخـۆ زانیارییـەکـانی ئێمـە لەسـەر مێژووی کورد ئەوەندە نین کە کەسایەتییـە مێژووییـەکان بە باشی بناسین و لە چوارچێوەی ڕۆماندا زیندوویان کەینەوە؟

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە شەش ڕۆمـانەکەی بەخـتیار عەلی دیسان ئەو

ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە مێژووی کۆنی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا ئامادەیی نییە. ئەگەرچی سەعیدی سوڵتان بەگ و ئەمیر شەرەفەدین لە مەرگی تاقانەی دووەمدا خاوەنی مێژوویەکی دووسەد ساڵەن، بەڵام سەرەڕای زۆر سەرەداوی مێژوویی خوێنەرەوە نەک لەگەڵ دوو کەسایەتیی مێژوویی بگرە لەگەڵ دوو کەسایەتیی داستانیدا ڕووبەڕووە. ئەگەر ئاسەواری شەڕی براکوژی لە دوایەمین هەناری دنیادا لەوپەڕی ڕوونیدا خۆی دەنوێنێت، ئەوە دیسانیش کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە نەک مێژوویی بگرە داستانین. ئەگەر شاری مۆسیقارە سپییەکان فەزای ڕەشی ساڵانی ئەنفال بەجوانی وێنا دەکات، دیسانیش نە جەلادەت و نە عەلی شەڕەفیار و نە دالیا هیچیان کەسایەتیی مێژوویی نین. ڕەنگە غەزەلنووس و باخچەکانی خەیاڵ و فەزای ڕۆمانەکە و بەتایبەتی شوێنێکی وەک نوێمیران لە ڕۆمانەکەدا بەجوانترین شێوە پەردە لەسەر لایەنی ئاناکرۆنیستیی ڕۆمانی کوردی و پێوەندیی ڕۆمانی مێژوویی بە ناسیۆنالیزم و سەردەمی ڕۆمانتیکەوە، لادات. هەر بۆیە بەهەڵکەوت نییە لەنێو هەموو خەیاڵە هەستیناسانە و فەلسەفییەکانی غەزەلنووس و تریفەی یابەحریدا ئاماژەیەک بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم نابیندرێت و باخچەکانی خەیاڵی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەش هەموو شتێک دەخەنە بیری مرۆڤ جگە لە خەونی دەوڵەت – نەتەوەیەکی کوردی. هەڵبەت لێرەدا دەبێ بڵێم ئاماژە بەم تایبەتمەندییانە هیچ پێوەندییەکی بە چلۆنایەتیی ئەدەبیی ئەو ڕۆمانانەوە نییە و باسکردن لە ئامادەنەبوونی کەسایەتییە مێژووییەکان لەم ڕۆمانانەدا دەگەڕێتەوە سەر پرسیاری سەرەکیی ئەم نووسینە لەمەڕ هۆکارەکانی غیابێکی لەم چەشنە.

لە چەند ڕۆمانی تری کوردیدا کاتێک کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان وێکچووییەکی کەم تا زۆری لەگەڵ کەس یا کەسانێکی واقیعی لە مێژووی نزیکی کورددا هەیە، دیسانیش نە فەزای ڕۆمان و نە کەسایەتییەکان ئەوە نین کە لە مێژوودا بوونی واقیعییان

هەبوویێت. مولازم تەحسین و شتی تریشی فەرهاد پیربالّ ئەگەرچی لە وێناکردنەوەی کەسێکی واقیعیدا سەرکەوتووە، بەلام دیسان ئەو تایبەتمەندییە وەرناگرێت کە ڕۆمانەکە بخەینە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە. ئاماژەیەکی کورت بەکەسایەتیی قازی محەمەد لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕانی عەتا نەهاییدا قەت ئەم ڕۆمانە ناکات بە ڕۆمانێکی مێژوویی. ڕەنگە هەر ئەو ئاماژە کورتە بە کەسایەتیی قازی محەمەد و دواتر چارەنووسی تراجیدییانەی لاس هۆکارێک بێت بۆ نەهاتنە ئارای ڕۆمانی مێژوویی کوردییەوە. ئاماژەیەکی کورتی لەم چەشنە لە ڕۆمانی پێشمەرگەی ڕەحیمی قازییشدا بە قازی محەمەد هەر لەم سۆنگەیەوە لێک دەدرێتەوە. نەدۆزینەوەی باب لە گەڕیان لە بابی بەرزەی ئەنوەر محەمەد تاهیردا، سەرەڕای گەشتێکی تاقەتپڕووکێنی پاڵەوانی خەیاڵیی ڕۆمانەکە، حوسێن، بە شوێن بابدا، دیسان هەر بەشتێک جگە لە ئامادەنەبوونی کەسایەتیی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا، لێک نادرێتەوە. وێ دەچێت ئەگەر هێندێک جار لێرە و لەوێ کەسایەتییەکی مێژوویی ڕێگەی لە ڕۆمانی کوردی دەکەوێت شتێک نەبێت جگە لە تارمایی. فەزای زەینیی پاڵەوانێکی ڕۆمانی حەلیم یوسف، ترسا بێ دران و، هێرشی ئەو بۆ سەر پیاوێکی ئینگلیزی لە شەقامێکی لەندەندا کە گۆیا دەبێ سایکس بووبێت، ئەو کەسەی دەستی هەبوو لە دابەشکردنی کوردستاندا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مێژوو لە ڕۆمانی کوردیدا بەدەگمەن دەکشێتەوە پێش سەدەی بیستەم.

نەبوونی کەسایەتییە مێژووییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا و ئافراندنەوەی مێژووی کۆن هاوئاهەنگییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و لێڵبوونی ئاسۆکانی. ئامادەنەبوونی کەسایەتییە مێژووییە کوردییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا بە هاسانی نەبوونی ڕۆمانی مێژوویی کوردی نیشان دەدەن. ئەگەر نەتەوە لە بۆچوونێکی ئاندرسۆنییەوە برێتی بێت لە کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی لەسەر بنەمای ڕیشە فەرهەنگییەکان،

ڕۆمـــانی مـــێـــژوویی بێ هیچ گــومـــانێک دەورێکی کـــاریگەری هەیە لە دەســتــەبەرکـردنی زەوینەکـانی خــەیاڵاندنی کـۆمـەڵگەیەکی ئاوادا. نـەبوونی ڕۆمـانی مـێـژوویی کـوردی، لەبەر هەر هۆیـەک بووبێت، فـەزای کـۆمـەڵگەی خـەیاڵی کوردی و ڕەوتی ئاگایی و وشـیـاریی نەتەوەیی بەرتەسک دەکاتەوە. ئەگەرچی ڕۆمانی کـوردی بەشـێـوەیەکی گشـتی خاوەنـی ڕۆمـانی مـێژوویی نییە، بەڵام ئێستاش پاش تێپەڕبوونی حەفتا و پێنج سـاڵ بەسـەر دەرچوونی یەکـەم ڕۆمـانی کـوردیدا هـێـشـتـا ئـەوە سـیـاسـەتە کـە دەوری سـەرەکی لە ناوئاخن و ناوەڕۆکی ڕۆمـانی کوردیدا دەگێڕێت. نەبوونی ڕۆمانی مێژوویی کـوردی نـەبووەتە هـۆی ئەوەی کـە ڕۆمـانـی کـوردی بە نـاوەڕۆکـێکـی تەواو سیـاسیـیانەوە ئامـادەییـیـەکی تەواوی نەبووبێت لە ڕەنگدانەوەی هەلومـەرجی ژیانی مـرۆڤی کـورد لە دەرەوەی ناسـنامــەیەکی نـەتەوەییـدا. ئەوەش دروست دیاردەیەکـە کــە تایبــەتمەنـدیی ئالێگۆریکی نەتەوەیـی ڕۆمـانـی جـیــهـانـی سێیەمی بەو جۆرەی فرێدریک جەیمسۆن باسی دەکات، نیشان دەدات.[١]

١. بۆ زانیـاریی زیاتر لەســەر بۆچوونی فـرێدریک جـەیمسـۆن لەســەر تایبــەتمەندیی ئالێگۆریکی ڕۆمانی جیهانی سێیەمی بڕوانە:

Jameson, Fredric (1986), Third-World Literature in the Era of Multinational Capitalism, Social Text, No .15 . pp .65–88 .

# ئەدەبی کوردی لە تاراوگەدا

١- "ئەدەبی تاراوگە" بە چ مانایەکە و بە چ ئەدەبێک دەوترێ؟ ئاخۆ ئەدەبی تاراوگە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیەتی، یان بەشێکە لە ئەدەبی ناو نیشتمان و لە جوگرافیایەکی تردا بەرهەم دێت؟

ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەک لە هەر جۆرە چەمکێک کە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری پێشگر یاخۆ پاشگری چەمکی سەرەکی و زۆرباسکراوی "ئەدەبیات"ە ئاراستە بکەین، بەر لە هەموو شتێک دەبێ بگەڕێینەوە سەر خودی "ئەدەبیات" و لە سۆنگەی ئەم واتە ناوەندییەوە هەوڵی شیکردنەوەی جۆرەکانی تری بدەین. مرۆڤ دەتوانێ لە بەستێن و کۆنتێکستێکی ڕۆژئاواییدا تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر "ئەدەبیات" بدوێت. بەڵام بەباوەڕی من ئەم شتە دواجار دەبێتە دووپاتکردنەوەی باسگەلێکی بێ شومار زۆر لەم بوارەدا کە ڕۆژئاوا لە ماوەی پتر لە دوو هەزارە و نیودا پێشکێشی کردووە. ڕەنگە لێرەدا گەڕانەوە بۆ لێشاوی بەربڵاوی ئەم باسانە لە ئەفلاتوون و ئەرەستۆڕا هەتا قۆناغە جیاجیاکانی سەفەری بێ وچانی "ئەدەبیات" بە کۆڵانەکانی ئەم جیهانەدا نە شیاو بێت و نە پێویست. شتێک کە بۆ لێکۆڵەرەوەی بواری ئەدەبی کوردی زۆر پێویستە برێتییە لە بەشوێنداچوونی بنجوبنەوانی ئەو شتەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بێ هیچ گرفتێک ناوی "ئەدەبیات"ی لێ نراوە. ئێمە وەک کورد لە کەیەوە ئەم چەمکەمان نەک وەک چەمک بگرە وەک وشە وەرگرتووە؟ ئاخۆ لە گواستنەوەی ئەم وشەیەدا بۆ بەستێنی کوردەواری هیچ وشیارییەک لە ئارادا هەبووە؟ ئاخۆ لە ڕۆژگارێکدا کە کولتوورێکی ئیسلامی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییە

جۆرەوجۆرەکانیدا بەسەر ناوچەدا زاڵ بووە، دەرەتان یان پێداویستیی ئافراندنێکی چەمکییانە بۆ "ئەدەبیاتێکی" تایبەتیی "کوردی" لە ئارادا هەبووە؟ ئەگەر سەرنج بدەینە "ئەدەبیاتی" سێ نەتەوەی گەورە و سەردەستی ناوچەی خۆمان، عەرەبی، فارسی و تورکی، دەبینین کە سەرچاوەی وشەیی و چەمکییانەی هەر هەموویان دەچێتەوە سەر زمانی سەرچاوەی کولتووری ئیسلامی واتا زمانی عەرەبی. بەڵام، بۆ نموونە، لە زمانی فارسیدا لە بەراییییەکانی سەدەی بیستەمدا و بەدوای هاتنە کایەی بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە کۆی "ئەدەب" بەهۆی پاشگری "ات" دەبێتە هەڵگری ناسنامەیەکی ئێرانی و تەنانەت لە باری وشەییشەوە لە زمانی عەرەبی مەودا دەگرێت و دەبێتە هەڵگری ئەو پێناسەیە کە Belles lettres لە فەرەنساییی و Skönlitteratur لە سوێدی هەیانە و لە زمانی عەرەبیدا "ئەدەب" نوێنەرایەتیی دەکات. وێ دەچێت پەژراندنی "ئەدەبیات" لەلای ئێمەی کوردیشدا بەسەرهاتێکی ئاوای هەبووبێت و بەشێوەیەکی خۆڕسکی لە هەناوی کولتووری لە زۆر باراندا هاوبەشی ناوچەکەماندا سەری هەڵدابێت. جیاوازی لە بەکارهێنانی وشەگەلی جۆرەوجۆری "ئەدەب" و "ئەدەبیات" و وشەی داتاشراوی پەتیخوازان، "وێژە"، نیشاندەری ناڕوونییەکی بەرچاوە کە تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ڕووناکبیریی کوردی نەیتوانیوە پێناسە و شوێنی خۆماڵی و کوردانەی بداتێ.

گرینگیی ساغبوونەوە لەسەر بەکارهێنانی چەمکێکی خۆماڵیی کوردی بۆ پانتاییی ئەدەبی لەوەدایە کە ئێمە بزانین باس لە چ دەکەین و سنوورەکانی چەمکی بەردەستمان تا کوێ بڕ دەکەن و لە کوێ سڵ دەکەنەوە. سەرەڕای گرینگیی ئەم باسە، ڕەنگە ئێمە دواجار ناچار بین بۆ پێناسەکردنی چبوونی "ئەدەبیات" دەستەودامانی سەرچاوە ڕۆژئاواییییەکان بین. ئیتر لێرەدایە کە دەبینین سەرەڕای مەودای جوگرافیایی و جیاوازیی لە ڕادەبەدەری ئافراندنی ئەدەبی لە ئاستی جیهاندا، مشتومڕی بێ کۆتاییی ئەدەبناسان

بۆ پێناسەکردنی "ئەدەبیات" لە ئەرەستۆڕا بگرە هەتا کالێر بەردەوامە. ئەگەر لە ڕوانینێکی چڕدا ئەدەبیات برێتی بێت لە زمانێک کە لایەنی زمانیی تێدا زەق دەبێتەوە و وەک یەکەیەکی تۆکمە و بەشێوەی نامۆکردنی بابەتەکان گوزارە لە دەربڕینی ماناگەلی جیاواز دەکات، وە لە گێڕانەوەیەکی هونەریدا هەڵگری تایبەتمەندییەکی جوانیناسانەیە کە لەسەر هاوپێوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ دەقگەلی پێشوودا خۆی دەنوێنێ، ئەوکات دابەشکردنی بەپێی جێگۆڕکێی شوێن نابێتە هۆی وازهێنان لەو تایبەتمەندییانە کە دەبنە هۆکاری ئەدەبیبوونی دەقێک. بەمجۆرە ئەدەبی تاراوگە دەشێ ناولێنانی ئەو ئەدەبە بێت کە لە تاراوگەدا لەدایک بووە و خۆیایە کە گۆڕانی شوێن دەبێتە هۆی بەخشینی کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە بەراورد لەگەڵ ئەو شتەی بە ئەدەبی نەتەوەیی نێودێر دەکرێت. بەڵام ئەدەبی تاراوگەش لە ئاستی پێناسەکردندا خاوەنی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە کە ئەدەبی نەتەوەیی هەیەتی. لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی ئەدەبیاتی گەلانی جۆرەوجۆر بەهۆی جیاوازیی زمانییەوە ئەو شتەیە کە ئێمە وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەردەم بەرەوڕووی بووینەتەوە. واتا ئەدەبی یۆنانی ئەو ئەدەبەیە کە بە زمانی یۆنانی نووسرابێت و لەباری زمانییەوە جیاوازە لە ئەدەبی بۆ نموونە ئینگلیزی و سپانیۆلی. بەڵام ئاخۆ هۆکاری زمانی دەتوانێ بنەمای پێناسەی نەتەوەییبوونی ئەدەبیاتیش مسۆگەر بکات؟ بەدڵنیاییەوە نا. چونکی لە جیهانی ئەمڕۆدا ئێمە شاهیدی ئەدەبی نەتەوەییی وڵاتانی جیاوازین بە زمانێکی هاوبەش، وەک میناک هەموو ئەو ئەدەبیاتەی کە بە زمانگەلی عەرەبی، ئینگلیزی و سپانیایی دەنووسرێت و لە هەمان کاتدا مۆرکی نەتەوەگەلی جیاوازی پێوەیە. بەواتایەکی تر ئەوە جۆری زمان نییە کە تایبەتمەندیی نەتەوەیی بەئەدەبیاتێکی دیاریکراو دەبەخشێ، بگرە گرێدراوی زمانەکەیە بەچوارچێوەیەکی کولتووری، جوگرافیایی و مێژووییەوە. بەڵام وەنەبێ کە ئەم گرێدراوییەش کارهاسانی بکات بۆ پێناسەی ئەو شتەی کە

پێی دەگوترێ "ئەدەبی نەتەوەیی". لە ڕاستیدا ئەم دابەشکردنەش وەک دابەشکردنی کۆمەڵگەی ئینسانی لەسەر ئەساسی گرێدراوی نەتەوەیی، سازکراو و دەستکردی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیزمە و هەروەک چۆن هەبوونی نەتەوەگەلی جیاواز پێشی لە دەردی هاوبەشی مرۆڤەکان نەگرتووە و مرۆڤایەتی هەردەم لە بەردەم پرسگەلی هەبوونی خۆیدا هاوار و سکاڵای هاوبەشی هەبووە، لە ئارادابوونی ئەدەبگەلی نەتەوەییی جیاوازیش نەبووەتە هۆی دابڕانی مرۆڤەکان و نەتەوەکان و ڕەنگە هەر ئەمەش بێ کە لەودیو ڕوخساری نەگریسی شەڕی وڵاتانی جیاوازەوە کارکردێکی بێوێنە دەدات بە ئەدەبیات، کارکردێکی مرۆڤانە و ئارمانخوازانە کە بەبێ هەبوونی باری ژیان و دژوارییەکانی بوون چۆن بەمرۆڤ هەڵدەگیران؟

هەتا ئێرە ئەگەر ئەدەبی نەتەوەیی یان خۆماڵی ئەو ئەدەبە بێت کە لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بەرهەم دێت، ئەدەبی تاراوگە دەبێتە ئەو ئەدەبەی دەکەوێتە دەرەوەی ئەم جوگرافیا دیاریکراوە. هەڵبەت ئەمەش ساناکردنەوەی باسەکەیە و هێشتاش گرفتەکان لەباری پێناسەی چەمکییەوە لە جێی خۆیانن. دەرەوەی جوگرافیایەکی دیاریکراو لە کەی و لە کوێرا دەست پێ دەکات؟ ئەگەر ئەم جوگرافیا دیاریکراوە لە دەرەوەی قەوارەی کیانێکی نەتەوەیی بێت و بەشێک لە مرۆڤایەتی کە ناوی کوردە و ئێستاش لە هەزارەی سێیەمدا وێڵی ناسنامەیەکی دانپێداهێنراوی نەتەوەییە، دەرەوە و ناوەوەی کوێیە؟ لێرەدایە کە هەمدیسان بەشی دووەمی "ئەدەبی تاراوگە"، واتا چەمکی تاراوگە، بەهەمان شێوەی بەشی یەکەمی گرفتی پێناسەیی هەڵدەگرێ. بەکارهێنانی کۆمەڵێک چەمکی جیاواز لەناو کورداندا بۆ مەبەستی دیاریکردنی کۆی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی نیشتماندا دەژین بەشێکە لەو تەنگژەی چەمکییانە کە لە زۆر بواری تردا زەق دەبێتەوە. تا ئەو جێگەیەی من بزانم پتر لە چەند تێرم و واتە بۆ ئەم مەبەستە لە ئارادان وەک: سۆرگون، هەندەران، تاراوگە، ڕەوەند، غەریبی،

دوورەوڵات، دەرەوەی وڵات، مەنفا و... هتد. لەناو ئەم وشانەدا ڕەنگە غەریبی، سەرەڕای چاوگە عەرەبییەکەی، کۆنترین و باوترین وشە بێت کە لەناو جەماوەردا کەڵکی لێ وەرگیرابێت. خودی ئەمەش دەتوانێ دەربڕی ئەو تایبەتمەندییە بێ کە مرۆڤی غەریب و لە غوربەتدا نیشتەجێبوو هەموو دەمێ لە بەردەم ئازارێکدا بێت کە بە دەردی دووری بەناوبانگە و شیاوی جۆرێک لە بەزەیی پێداهاتنەوەیە.

ئەوەی لە پرسیاری ئێوەدا بەکار هاتووە واتا تاراوگە وێ دەچێت وشەیەکی نوێ بێت کە وەک زۆر وشە و چەمکی تری کوردی هەوڵی دۆزینەوەی بنجوبنەوانی نەدراوە و لە ئاستی ئیتیمۆلۆجییەوە دیار نییە لە کەی و لە کوێڕا هاتووە. ئەگەر وای دانێین کە ئەمە بارتەقا و بەرامبەری چەمکی دیاسپۆرایە، ئەو کات بەگەڕانەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە بەربڵاوانەی کە لەسەر ئەم تێرمە کراون دەتوانین لایەنی دەرهاوێژ و هەڵگری مانایی چەمکەکە دەستنیشان کەین. من لە وتارێکدا کە بە فارسی لە کۆواری "نویسا"دا بڵاوم کردووەتەوە بە شێنەیی باسی بنەما تیۆریک و پێناسەییەکانی دیاسپۆرام کردووە و لێرەدا ڕەنگە مەجالی دووپاتکردنەوەیان نەبێت. بەڵام بەکورتی دەتوانم بڵێم کە دیاسپۆرا هەڵگری مانایاکی بەرفراوانتر لە پێناسەکردنی کۆمەڵە خەڵکانێک دەگرێتەوە کە لە زێدی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە. بەواتایەکی تر ئەگەر دیاسپۆرا شوێنی حەوانەوەی خەڵکانێک بێت کە لە واری خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، خەڵکانی دیاسپۆرایی ئەو خەڵکانەن کە لەبەر هۆی جیاوازی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاینی لە وڵاتی خۆیان تاراون و دوور لە زێدی خۆیان سەرەڕای تێپەڕبوونی زەمەنێکی بەرچاو لایەنە سەرەکییەکانی کولتووری و زمانیی خۆیان پاراستووە. ڕەنگە قسەکردن لە دیاسپۆرای کوردی لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە سانا نەبێت و ئەوەی کە ئەم چەمکە کام چین و توێژی کوردان و لە چ زەمەنێک و شوێنێکدا دەگرێتەوە گرفتخوڵقێن بێت. ئەوەی کە نیشتمانی

کوردان لە شێوەی نەتەوەیەکی سیاسی – حقووقیدا پێناسە ناکرێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرسیار بکەین کە تۆ بڵێی کوردانی بۆ نموونە دانیشتووی بەغدا، تاران و ئەستەمبۆڵ بە کوردی تاراوگە داندرێن؟ یاخۆ تەنیا شەپۆلی تارانی کوردان لە ئەو چەند دەیەی ڕابردوو بەرەو ڕۆئاوا مەکۆی کوردانی دیاسپۆرا پێک دەهێنێت؟ ئەگەر دیاسپۆرا مێژوویەک بێت لە ئاوارەیی خەڵکانێک لە ڕێڕەوی زەمەنیدا، کامەیە نەخشەی دیاسپۆرای کوردان؟ لە بیرمان بێت کە لە "ئەتڵەسی دیاسپۆرا"دا کە بە وردەکاری باس لە دیاسپۆرای خەڵکانی تر دەکات، باسێک لە کوردان نییە. ئەگەر ئەمە پێچەڵپێچیی پێناسەی دیاسپۆرایە، تۆ بڵێی پێناسەی ئەدەبی ئەم دیاردەیە چۆن بێت؟ ئاخۆ هەر دەقێکی ئەدەبیی بەرهەمهاتوو لەلایەن خەڵکانی تاراو دەبێت بەئەدەبی تاراوگە؟ ئاخۆ ئەدەبییەت یاخۆ ئەدەبیبوونی ئەم بەرهەمە جێگەی پرسیارە یان شوێنی بەرهەمهێنانی؟ لە ڕاستیدا لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا نموونەی زۆر لە بەردەستدایە بۆ بەسەرکردنەوەی بەرهەمگەلێکی ئەدەبی کە لەلایەن کەسانێکەوە ئافراندراون کە لە نیشتمانی خۆیان دوور بوونە، بەڵام لە کاتێگۆریی ئەدەبی تاراوگەدا جێیان نەگرتووە. بۆ نموونە کەس بە بەرهەمەکانی جۆزێف کۆنراد ناڵێت ئەدەبی تاراوگە تەنیا لەبەرئەوەی ئەم ئەدیبە لە پۆڵۆنیا چووەتە دەر و لە بەریتانیا گیرساوەتەوە و بە زمانی غەیری دایکی کۆمەڵێک شاکاری پێشکێشی جیهانی ئەدەب کردووە. بەهەمان شێوە ڤلادیمیر ناباکۆفی ڕووسی و میلان کۆندێرای چێکی و سەردەمانی ئاوارەیی سۆلژنیستین نەبوونەتە هۆی ناوزەدکردنی بەرهەمەکانیان بە بەرهەمی تاراوگەی ڕووسی. ڕەنگە شیکردنەوەی شێوازی نووسینی ئەم نووسەرانە یارمەتیی ئەوەمان بدات کە کارتێکەریی ئاوارەیی لەسەر نووسینەکانیان بدۆزینەوە و هۆکارەکانی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنمان قووڵتر بکەین، بەڵام ئامرازگەلی ناوزەدکردنیان بەنووسەرانی تاراوگەمان بۆ دەستەبەر نەکەن. مرۆڤ لە " ماریای" ناباکۆفدا ژیانی پڕ لە چاوەڕوانیی

کـۆمـەڵێک هـاووڵاتیی ڕووسـیی هـەڵاتوو بـەدوای شـۆڕشـی ئۆکـتـۆبەردا دەخـوێنێتـەوە و لە وردەکـاریی ئـەدەبی و هـونەریی ئەم نووسـەرە گـەورەیە سـەرسـام دەمـێنێت و سـەرەڕای ئەمـەش مـۆرکی ئەدەبی تاراوگە لەم دەقـە نادرێت. هـەر بەمـجـۆرە دەتوانین شـوێنپـێی ئاوارەیی و مـرۆڤی تاراوگـە لە بەرهەمەکانی کۆندێرادا ببینین.

لە کورتی ببڕینەوە. ئەدەبی تاراوگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێ ناوێک بێت بۆ ئەو دەقانـەی بە ناوی ئەدەب لە دەرەوەی کـوردسـتـان بەرهەم هـاتوون. بـەڵام ئەمە بەس نییـە بۆ پێناسـەکردن. ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمـانە دەبێ بەر لە هەر شـتێک ئەدەبیبوونی خۆیان بسەلمێنن و گێڕانەوەی مـەینەت و ئازاری دووری بن لە وڵات. بە چاوپێداخشـاندنێکی خێـرا بەسـەر ئەدەبی نووسراوی دەرەوەی وڵاتدا، لێرەدا مەبەستم پتر ڕۆئاوایە، بۆمان دەردەکەوێ کـە ئەم بـەرهـەمـانە بە پڕانی برێتین لە گـێـڕانەوەی مـەینەتەکـانی کـورد لە ناوەخـۆی وڵات. واتا مـرۆڤی کـوردی تاراوگـە بە دەگـمـەن دەبێـتـە سـۆژەی گێڕانەوەی نووسـەری تاراوگەی کورد. ڕەنگە نەبوونـی دەرفەتی ئافراندن لە وڵات بووبێـتـە هـۆی قـەرەبووکـردنەوەی ئەم خـەسـارەتە لە دەرەوەی وڵات. بەواتـایەکی تر نـووسـەری کـورد لە ئـیـمکاناتـی تاراوگـە بـۆ پێـداچـوونەوەی بەسـەرهـاتی گەلەکەی کەڵک وەردەگرێت و هـەتا ئێسـتـا دوورە لە گێڕانەوەی دەردی هیـجـران و چەرمەسـەریی خـۆی لە دنیای غـەریبـیدا و گـرفتـەکـانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەنگژەی شناس و ناسنامە لەم جیهانی غەریبییەدا.

٢ـ هـەندێ پـێـیـان وایە ئەدیبـان و نووسـەرانـی «دوو ڕەگـە» و «تاراوگـە» لە ئێسـتـەی ئەدەبی دنیـادا پلەیەکی بەرجـەسـتـەیان وەرگرتووە و ئەمـە وێ دەچێ وەک ڕەوتێک بەرفـراوانتـر ببـێـتـەوە، جـیـا لەوەش هەندێ تـیـۆر بەتایبـەتی سـەرنجـیـان داوە بە «ئەدەبی تاراوگـە»، بەگـشـتی لە دنیـای ئەمـــڕۆدا ئـەدەبی تـاراوگـــە چ پێگەیەکی وەرگـــرتووە و چۆن ســـەیری دەکرێت؟

لە هیچ سەردەمانێکی مێژوویدا مرۆڤەکان بەقەد ڕۆژگاری ئەمڕۆ جێگۆڕکێیان نەکردووە. تەکنۆلۆجیای ئەم سەردەمە و ئەو هاسانکارییانەی لە بواری هاتوچۆی خێرادا هاتوونەتە ئاراوە، بوونەتە هۆی شوێنگۆڕکێی لەڕادەبەدەر خێرای مرۆڤەکان و بڵاوبوونەوەیان بە هەموو کەلێن و قوژبنی ئەم جیهانەدا. ئەگەر سەردەمانێک سەفەرەکانی سەعدی شیرازی مانگان و ساڵانی دەخایاند بۆ بەسەرکردنەوەی پارزەمینێکی ئەم دنیایە، ئێستا ئیتر لە ماوەی کەمتر لە ڕۆژێکدا دەکرێ هەموو پارزەمینەکانی زەوی بەسەر کەیەوە. لەنێو ئاپۆڕەی مرۆڤگەلی لە هاتوچۆدا بێگومان نووسەرانیش جێگەیان هەیە. ئاخۆ هاتوچووەکانی ئەم نووسەرانە بۆ دەرەوەی وڵاتەکەیان و ئافراندن و بەرهەمهێنانی ئەدەبیی ئەوان لە دەرەوەی نیشتمانەکەیان دەمانگەیەنێتە ئەم باوەڕە کە بە نووسەرانی تاراوگە ناوزەدیان بکەین؟

بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ تاراوگە لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێکی گرینگی ئافراندن، ڕەنگە مشتومڕ هەڵگرێت. ئاخۆ دەکرێ توانایی ئافراندنی نەیپۆل و کریستێڤا بە پاشخانی تاراوگەوە گرێ درێ؟ ئاخۆ حافزی شیرازی کە قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مەڵبەندەکەی خۆی دوور نەکەوتەوە لە کێبەرکێی ئەدەبیدا و لە خوڵقاندنی هونەریدا لە هاوشارییە گەڕیدەکەی خۆی کە سەدەیەک پێشتر لە ئەو زۆربەی خاکی ئاسیا و ئەفریقیای نایە ژێر پێی و ماوەی چل ساڵ لە هەندەران ژیا، وەدوا کەوت؟ سەیر ئەوەیە سەرەڕای ئەم ڕاستییە ئەوە حافزە کە بەردەوام لە حەسرەتی شیرازدا دەناڵێنێ نەک سەعدی کە مەرگێکی خێرای لە وڵاتدا پێ خۆشترە لە ژیانێکی دوور و درێژ لە تاراوگەدا و سەرباری ئەمەش بەردەوام لە گەڕاندایە. ئاخۆ مەولانای ڕۆمی لەبەر جێهێشتنی بەڵخ و نیشتەجێبوونی لە قۆنیا شاکاری نەی و گێڕانەوە پڕ ناڵەناڵەکەی خوڵقاند؟ ئاخۆ "ناڵەی جودایی" هێمن "دەردی دوورییە" یاخۆ هەڵقووڵاوی زەینە ئەدیبانەکەی خۆی؟ ئاخۆ سەفەرە دوور و درێژەکانی هێمینگوەی بوون کە لە "زەنگەکانی کەنیسە بۆ کێ لێ دەدەن؟"دا

ڕەنگیان داوە؟ ئاخۆ "دەشتی بەیاری" ت. س. ئێلیۆت بەرهەمی جێگۆڕکێی شاعیرە؟ ئاخۆ مارسێل پرۆستی فرەنسایی کە وڵاتی بەجێ نەهێشت، لە ئاستی ئافراندنی ئەدەبیدا پلە و پایەیەکی کەمتری لە جەیمس جۆیسی ئیرلەندی هەیە کە وڵات بەجێ دەهێڵێت و لە فرەنسا نیشتەجێ دەبێت؟ ئاخۆ وێنای دێدالۆسی ئۆلیسە و گەشتە ئارامەکەی بەناو کۆڵانەکانی دابلین لە ١٩٠٤دا لەژێر کارتێکەریی تاراوگەدایە، یان تەنیا ئاکامی هزر و هەستی کارامەی جۆیسە؟ ئەستەمە بکرێ وەڵامێکی زانستیی بەم پرسیارانە بدرێتەوە. بەڵام ڕەنگە تێکەڵاویی زۆری مرۆڤەکان لەم ڕۆژگارەدا بتوانێ پەردە لەسەر بەرتەسکیی ئەدەبی نەتەوەیی هەڵگرێ و ئاواتی گۆتەی ئەڵمانی بۆ وەدیهێنانی ئەدەبێکی جیهانی وەدی بهێنێت. ڕەنگە هۆیەکی سەرنجی زۆری لایەنێکی تیۆریی ئەدەبی بۆ ئەدەبی ئافرێندراوی خەڵکانی تاراوگە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەنگدانەوەی تێکەڵاویی مرۆڤەکان بێت لە بەستێنێکی فرە کولتووریدا و ئەوەی کە چۆن ناسنامە جۆرەوجۆرەکان لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن و بابەتی ناسنامە چۆن لەم ڕێڕەوەدا تووشی ئاڵوگۆڕ دێت. ئەدەبناسێکی سوێدی، پرۆفیسۆر لارس وێندێلیۆس، لە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل کە لەسەر ئەدەبی بیانییەکان لە سوێد کردوویەتی جەخت لەسەر دوو ناسنامەیی دەکات و لە دەقی بۆ نموونە کوردی یان فارسیدا بەشوێن ئەوەدایە کە نووسەری کورد یان فارس چۆن ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە و چەندە لە وەدەستهێنانی ناسنامەی تازە لە وڵاتی تازەدا سەرکەوتووە و چەندەش دەکرێ ئاسەواری ناسنامەی پێشووتر لە بەرهەمەکانیاندا بدۆزرێتەوە و بە گشتی ئەم تەنگژەی ناسنامەیە لە نەوەیەکی تایبەتیی نووسەرانی بیانیدا تاوتوێ دەکات. بەڵام ئاخۆ ئەم ڕەوتە تا کەی بەردەوام دەبێت، یاخۆ بڵێین گرووپگەلی تاراوگەیی تا کەی عەوداڵی نۆستالجیای خۆیان دەمێنن؟ ئەمەش پرسیارێکە کە زۆر باس هەڵدەگرێ. لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە چالاکییە کولتوورییەکانی

ئەو سوێدییانە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و بەرایی سەدەی بیستەمدا بە بەربلاوی ئاوارەی ئەمەریکا بوون دوای نەسلی سێیەم و چوارەم دەتوانین بڵێین وشکایی هات. لەو هەموو ڕۆژنامە و کۆوارە سوێدییانەی کە بە دەستی نەوەی یەکەم و دووەمی ئاوارە سوێدییەکان لە ئەمەریکا بەرهەم دەهاتن، ئێستا ئیتر هیچ لە ئارادا نەماوە. بەڵام هەر ئەم شتە، واتا توانەوە لە دەریای کولتوور و ناسنامەی ئەمەریکایی، سەبارەت بە یەهوودی و ئیرلەندی و ئەرمەنییەکان بەجۆرێکی ترە و ئێستاش دیاسپۆرای ئەم خەڵکانە دەورێکی گرینگ لەسەر ڕەوتی سیاسی و کولتووریی وڵاتانی وەک ئیسرائیل، ئیرلەند و ئەرمەنستان دەگێڕێت.

لە سەردەمی ئێمەدا وێ دەچێ دیاسپۆرا و بڵاوبوونەوەی مرۆڤەکان چ وەک تاک و چ وەک گرووپ بووبێتە دیاردەیەکی جیهانی. ڕۆبین کۆهێن لە کتێبی "دیاسپۆرای جیهانی"دا لەسەر ئەم لایەنەی دیاسپۆرا پێ دادەگرێ و بەشیکردنەوەی ئاستە جیاوازەکانی دیاسپۆرا لە بواری تاک، گرووپ، نەتەوە و دەوڵەت و بە ئاماژە بە ڕەهەندە جیاوازەکانی دەروونناسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و سیاسیی دیاردەی دیاسپۆرا، دەروازەیەک لەسەر ئەم جیهانە ئاڵۆزە والا دەکات. سەرەڕای ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە لەم ڕۆژگارەدا جێگۆڕکێ بە هۆی شەمەندەفەرە تیژئاژۆیەکان و فڕۆکە مەزنەکان و پاپۆڕە زەبەلاحەکان زۆر هاسان بووەتەوە و گرووپگەلی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە دەرەوەی سنووره نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانی خۆیان بوونەتە بەشێک لە واقیعی جیهان، هێشتا ئەڤینی وڵات و شوێنی لەدایکبوون بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. لێکۆڵەرەوە و ئەدەبناسی بەناوبانگی سوێدی هارالد ڕوونبلووم لە پێشەکیی کتێبی "تاراوگەنشینان و وڵات"دا بەسەرهاتێکی سەرنج ڕاکێش دەگێڕێتەوە کە لێرەدا شیاوی ئەوەیە ئاماژەیەکی کورتی پێ بکەم:

"ڕۆژێک بەر لە ناوەڕاستی هاوینی ١٩٧٠ بەدوای سەفەرێکی لێکۆڵینەوە

لە باکوری ئەمەریکا لە نیویۆرکڕا سواری فرۆکەیەک بووم بەرەو سوێد. ژن و مێردێک کە بەرەو نەرویج دەچوون لە تەنیشتم دانیشتبوون. وێ دەچوو پیاوەکە حاڵی باش نەبێ. ژنەکە پێی گوتم "هیوادارم مێردەکەم بەر لەوەی بگەینەوە ئۆسلۆ نەمرێ. ئێمە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم هاتینە نیویۆرک و لەو کاتەوە لە نیویۆرک دەژین و مێردەکەم ئاواتی ئەوەیە جارێکی تر پێی بنێتەوە ناو خاکی نەرویج." پیاوەکە ئەم سەفەرەی دەرباز کرد و ئەو شەوە نەمرد. ئەمە یەکێک لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەکانی من بوو لەگەڵ بابەتێک کە لەو کاتەوە منی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە: پێوەندیی مرۆڤی تاراوگە لەگەڵ وڵاتی خۆیدا."

بەڵام وڵات چییە و چۆن پێناسە دەکرێ؟ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر لێکۆڵینەوەکانی ڕوونبلووم لەسەر مانای وڵات، دەبینین کە ئەم چەمکە زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرێ. بۆ زۆر کەس وڵات وەبیرهێنەرەوەی لایەنێکی بەهێزی زەینییە و هەر بۆیەشە ڕەنگە نووسەرێکی ئەدەبی بتوانێ زۆر ساناتر لە لێکۆڵەرەوەیەک بەرەو پیری پێناسەکردنی ئەم چەمکە بچێت. لە ڕاستیدا وڵات بەر لە هەر شتێک هەبوونی "وڵاتێکی" تر لە هەناوی خۆیدا حەشار دەدات. وڵات پێویست ناکات شتێکی سیاسی یان جوگرافیایی بێت. ئەمە پێوەندییەکی زەینییە کە مرۆڤی تاراوگە بە زێدی "باب و باپیران"، "دایکی نیشتمان" یان "شوێنی ڕیشەکان"ەوە گرێ دەدات. وەک دەبینین ئەمە بە هەمان ئەندازە کە دەتوانێ واقیعی بێ خەیاڵییشە و زۆرجاران لە تەپوتۆزی ئاڵۆزی و ئابستراکتبووندا هەناسە دەکێشێ. بۆ مرۆڤی دیاسپۆرا وڵات لەوانەیە ئاماژەیەک بێت بە شوێنێکی ونبوو، لەدەستچوو و داگیرکراو لە زەمەنێکی دوور و لێڵدا. هۆگری بۆ وڵات لە نەوەی یەکەم و دووەمی دیاسپۆرادا دەبێتە هۆی چالاکی بۆ زیندووکردنەوەی وێنەی وڵات لە زەیندا و دواجاریش بۆ گەڕانەوە بەرەو وڵات. ئەمەش خۆیایە کە لە ئەدەبی ئەم دوو نەوەیەدا، بەتایبەتی نەوەی یەکەم، ڕەنگ بداتەوە. ئەدەبی کوردیی تاراوگە

نموونەیەکی بێ ڕیزپەڕی ئەم بابەتەیە.

٣- بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبی کوردی (تەنانەت لای شاعیرانی کلاسیک) لە تاراوگە خوڵقاوە، ئەگەر دەکرێ ئەو قۆناغانەی ئەدەبی تاراوگەی ئێمە پێواویەتی باس بکەن؟

من پێم وایە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویست نەبێ زۆر بۆ دوایە بگەڕێینەوە. ئاخر مێژووی ئەدەبی کوردی چەندە ناسراو و لەمێژینەیە کە بۆ دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی پێویست بە سەفەرێکی دوور لە ئاستی زەمەندا بکرێ؟ ئاخۆ ڕاگویزانی زۆرەملێی کوردان لە سەردەمی سەفەوییەکاندا کەنگێ بووەتە هەوێنی بەرهەمێکی ئەدەبی کە بتوانین لە قۆناغی ئەدەبیی ئەو سەردەمانی تاراوگەی کوردی قسە بکەین؟ وێ دەچێ کە تەمەنی تاراوگەی کوردی لەگەڵ جموجۆڵی ناسیۆنالیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم لە ناوچەی ئێمەدا شان لە شانی یەکتر بدەن. هەر لەو سەردەمەشدایە کە حاجی قادری کۆیی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا لە کۆیەوە دەچێتە ئەستەمبۆڵ و ڕەنگە خێر و بەرەکەتی ئەم سەفەرەی حاجی بووبێتە ئەو هەنگاوە مەزنەی کە بەرهەمی گەورەی بنەماڵەی بەدرخانییەکانی لێ دەکەوێتەوە و دواتر تاراوگەی کوردی پەل داوێتە قاهیرە و دواتریش بەریتانیا و لانی کەمی دەسکەوتەکەی دەبێتە دانانی بەردی بناغەی ڕۆژنامەوانیی کوردی وەک پێداویستییەکی سەرەکی بۆ هاتنە ئارای ئەدەبی گێڕانەوەیی نوێ. دواتر لە ئاکامی خەباتی کوردانی دانیشتووی ئەستەمبۆڵ دەبینە خاوەنی کۆمەڵێک کۆوار و بڵاوکراوەی کوردی کە مخابن دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی تورکی دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەم چالاکییانە و دەبێ نزیکەی حەفتا ساڵێک چاوەڕوان بین کە جارێکی تر کوردانی ئەستەمبۆڵ بکەونەوە جموجۆڵێکی تری بەرهەمهێنانی ئەدەبی. دەکرێ مرۆڤ ئەمە وەک دوو قۆناغی گرینگی ئەدەبی تاراوگە لە چوارچێوەی باکوری وڵاتدا دەستنیشان بکات. لێرەدا دەکرێ بپرسین ئاخۆ

هاتوچۆی ئەدیبێکی وەک نالی لە میرنشینی بابانەوە بۆ ئەردەڵان دەکرێ وەک دیاردەیەکی تاراوگەیی سەیر بکرێت؟ بەباوەڕی من نا. ئەدی جێگۆڕکێی سەجادی و هەژار و هێدی و هێمن و قەدری جان و سەعید ناکام لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ باشوور یان بەپێچەوانەوە، چی؟ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە مرۆڤ ڕۆڵی دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچە لە دابڕانی کوردان لە یەکتر چۆن لێک بداتەوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت دەکرێ ئەمەش وەک قۆناغێک سەیری بکرێ و هەوڵ بدرێ تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی ئەم ئەدیبانە شی بکرێنەوە. لەم چەند دەیەی ڕابردووشدا دەبینین کە کۆمەڵێک لە ئەدیبانی کورد هەڵوەدای ڕۆئاوا بوونە و دەسکەوتە ئەدەبییەکانیان لەگەڵ هەڵکشانی دۆزی ناسیۆنالیزمی کوردی بووەتە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە دەرەوە خەریکی کاری نووسین بوونە دەستپێکی کاری نووسینیان لە وڵاتەوە بووە. بەڵام کوردەکانی باکور هەلومەرجێکی تریان هەبووە و دەتوانم بڵێم تاراوگە ئەو شوێنەیە کە دوای دەیان ساڵ دەربازبوون بەسەر داپڵۆسینی زمانی کوردی لە باکور توانی بەفریای ئەم زمانەوە بێ و نووسەرانی باکوریی لە تاراوگە ئەم زمانە بژێننەوە. دەکرێ دەیەکانی هەشتا و نەوەد وەک قۆناغێکی تایبەتی لە ژیانی زمانی و ئەدەبیی کوردانی باکور بەحسێب بێن. ئەمە لە ئاستێکی بچووکتردا بۆ کوردانی ڕۆهەڵاتیش ڕاستە. بەڵام بەرهەمهێنانی ئەدەبی لەم دوو دەیەی ڕابردوودا بەو مانایە نییە کە ئێمە لەگەڵ ئەدەبێکی چلۆنایەتیی بەرز ڕووبەڕووین. ڕەنگە ئەگەر سەخاوەتی وڵاتانی وەک سوێد نەبوایە ژمارەیەکی زۆر لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە بڵاو بوونەتەوە قەت ئەم دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسابا. ئەمەش بێگومان قۆناغێکی تری ئەدەبی تاراوگەیە و بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و تایبەتمەندییەکانی پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە.

٤ـ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی هەر کام لەو قۆناغانە چی بووە و

چ جۆرە دانوستاندن و کاریگەریتیی وەرگرتن و دانانێکیان لەسەر ئەدەبی نیشتمان بووە؟

قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەدەبی تاراوگە لە بەستێنێکی بەرتەسکی سەردەمی ئیمپراتۆریەتیدا خۆی نواندووە. سەرەڕای ئەمەش دەستکەوتەکانی نەوەیەک لە نووسەرانی کورد کە لە تاراوگەوە بۆ وڵات گەڕانەوە لە ئاستێکی بەرزدان. کەسانێکی وەک پیرەمێرد نوێنەری باڵانوێنی تایبەتمەندیی قۆناغێک لە قۆناغەکانی تاراوگەن. ئەگەرچی ئەمین زەکی بەگ وەک کەسێکی ئەدیب نەناسراوە بەڵام گرینگیی کارە مەزنەکەی لەمەڕ مێژوونووسیی کوردی لە کەس شاراوە نییە و مرۆڤ دەکرێ بپرسێ ئاخۆ لە سەردەمی ئێستادا ئەوانەی لە تاراوگە دەگەڕێنەوە دەتوانن کارگەلی لەم چەشنە بخوڵقێنن؟ ئاخۆ لە قەدەر ڕێژەی زۆریی کوردانی تاراوگە ژمارەی کەسانێک لە چەشنی ئەحمەدی مەلامان چەندەیە کە توانیبێتیان لە ئاستی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و داهێناندا مۆرکی خۆیان لەسەر ئەدەبی کوردیدا بێت؟

٥- دۆخ و پێگەی ئێستەی ئەدەبی تاراوگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی چۆن دەبینن، ئاخۆ توانیویە ناسنامەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە؟ جیا لەوەش ئەو خەسار و گرفتە هاویەشانەی بەرەوڕووی بووەتەوە کامانایە؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە هەتا ئێستا بەرهەمێکی ئەوتۆی ئەدەبی لە تاراوگەدا نەخوڵقاوە کە سەرنجی بیانییەکان بۆ خۆی ڕاکێشێ و هەڵگری ناسنامەی ئەدەبی کوردی بێت. ڕەنگە ئەمڕۆ بە لە ئارادابوونی باسی کورد لە باری سیاسی لە ئاستی جیهانیدا پتر لە هەر سەردەمێک پێویستیمان بە ئەوە هەبێ کە بەجیهان بڵێین خاوەنی چ پاشخانێکی ئەدەبین و ئەمەش کارێکە کە هێشتا نەکراوە. بەواتایەکی تر ئێمە چۆن لە ئاستی گۆڕانیبێژیدا دارین و دیلبامان هەیە لە ئاستی ئەدەبیدا چ کەسایەتییەکی وامان نییە. ئەو برە

وەرگێڕانەی لێرە و لەوێ هەمانە ناتوانێ هەڵگری ناسنامەی ئەدەبی کوردی بێت. چەند ئانتۆلۆجییەکی ناتەواو بە یەک دوو زمانی بیانی قەت نەیتوانیوە و ناتوانێ لە بازاڕی دەوڵەمەند و سەختگیری ڕۆئاوادا جێگەیەکی شیاو بدات بە ئەدەبی کوردی. بەرهەمهێنان بە زمانی بیانی لەلایەن نووسەرانی کوردەوە، بە دەرهاویشتنی بەرهەم بە زمانگەلی تورکی و فارسی و عەرەبی، شتێکە کە نەکراوە و ناتوانێ وەک قۆناغێکی ئەدەبی تاراوگە دەستنیشان بکرێت. لە ئەڵمان و سوێد چەند هەوڵێکی سەرەتایی دراون بەڵام نەیانتوانیوە جێگەیەک بۆ خۆیان وەدەست بهێنن. لە ڕاستیدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی نووسەرانی کورد. چونکی بەرهەمەکانی نووسەرێکی کوردی وەک سەلیم بەرەکات کە بە عەرەبی نووسراون و دواتر کراونەتە بۆ نموونە سوێدی لەلایەن زۆر ڕەخنەگری ئەدەبیی سوێدییەوە پێشوازییەکی گەورەیان لێ کراوە. وێ دەچێ ئەدەبیاتی کوردی لە تاراوگە بۆ وەدەستهێنانی ناسنامەیەکی جیهانی و نەتەوەیی کاری زۆری لە بەردەمدا بێت. گرینگیی نووسین بەزمانی بیانی لە هەمان کاتدا بە هۆکارێکی تریش پاساو دەدرێتەوە و ئەویش لایەنی سیمبۆلیکی ئەم جۆرە بەرهەمەیە لە ناساندنی مرۆڤی تاراوگە بە خانەخوێ. ڕەنگە تیۆریی پیەر بۆردیۆ سەبارەت بە "یاساکانی هونەر: وەدیهاتن و بناغەی بواری ئەدەبی" کە تێیدا باس لە دوو بواری گەورە و بچووکی بەرهەمهێنانی ئەدەبی دەکات، ڕێنوێنێک بێت بۆ هۆی بەرهەمهێنانی ئەدەبی بە زمانی بیانی لەلایەن گرووپگەلی دیاسپۆرایییەوە. بەباوەڕی بۆردیۆ لە کاتێکدا بواری گەورەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی لەژێر کارتێکەریی ڕاستەوخۆی ئابووریدایە، بواری بچووکی بەرهەمهێنانی ئەدەبی هۆکاری خۆی لە دەستمایەیەکی سیمبۆلیک وەردەگرێ. بە ڕێککەوت نییە کە گرووپگەلی تاراوگە هەوڵ دەدەن بە زمانی وڵاتانێک بنووسن کە تێیدا دەژین. هێندێک هەوڵی لەم جۆرە بەهۆی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانگەلی سوێدی، ئینگلیزی و ئەڵمانی و

فـرەنسـایی دراوە و لە هـەنگاوی یەکـەمـدا کـۆمـەڵێک شـیـعـری کـوردی وەرگێڕدراون، بەڵام هەر وەک گوتم زۆر کەم.

لە ڕۆژگارێکدا کە جیـهانیـبوون، پۆستمـۆدێرنیسم و "نووسـینی سـپی" فـەزای نووسینی داگیـر کردووە و بەرهـەمی کەسـانی وەک ویلیـام گیبسـۆن، "ناسینەوەی ئۆلگو"، وە برووس ستیـرلینگ، "داهـاتوویەکی کۆنبـاوی چاک"، بازاڕی کـتێب دەڕازێننەوە، بیـرکردنەوە لەوەی کـە گێـڕانەوەیەکی سـواوی چەندپـاتبـووەوەی بێ ناسنامـە و بێ پێـشـینە بتـوانێ جـێگەیەک بۆ خـۆی بکاتەوە، ئەسـتـەمـە. لێـرەدایە نووسـەری کـورد بەر لەوەی پێـویسـتـیی بەئۆتۆپیایەکی جیـهانی هەبێ، وشیارییەکی ناوچەیی و خۆماڵیی گەرەکە کە تێـیـدا بە کـەڵکوەرگـرتن لە تەکنیـکی ڕۆئاوایی هەلومـەرجی تێگەیشتن و پێگەیشتنی مرۆڤی کورد هەموار کات. ڕەنگە شیـاو بێ خولیای کادارە و ئاچێبێ هێز بداتە باڵی فڕینمان، بەڵام وێ ناچێ دەستمایەی کولتووریی ئێمـە جارێ مـەجـالی هەڵنیـشـتن لەسـەر لووتکەکانی ئەدەبی جـیـهانیـمان بداتێ. ئەمە ناڵێم کە بێ هومێدی دامـان گـرێ و ویسـتی فـڕینمـان تێدا بکوژێت، ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی بەر لـە هـەر شتێک بزانین لە کوێ وەستاوین و گرفتەکانمان کـامـانەن. ناکرێ دانیشین، بەڵام بۆ هەسـتان و جووڵەشـمـان کاری وردی درێژخایەنی پشوووێست و بە شێنەییمان دەوێ.

٦ـ لە ئێسـتـەدا نـووسین و ئەدەبی تاراوگـەی کـوردی بە چ مـیکانیـزمـێک دانوسـتـانـدنی لەگـەڵ ئەدەبی ناوەخـۆی وڵات و ئـەدەب و کـولتـووری هەندەراندا (ئەو شـوێنەی تێـیـدا خـوڵقـاوە) دەکـات؟ بەگـشـتی ئەدەبی تاراوگـەی کوردی چ جۆرە تـەعامـولێکی لە نێـوان کولتـووری کوردی و هەندەراندا بووە؟

پێم وایـە ئەدەبی بەرهەمـهـاتووی کـوردی لە تـاراوگـەدا هەتا ئێسـتـا بەر لەوەی کە ڕووی قسەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی کوردی بێت، ڕووی قسەی لە

خۆی بووە. هەر بۆیەشە ئەدەبی تاراوگەی کوردی هەتا ئێستا جگە لە چەند کار بە زمانی بیانی هەر بەکوردی نووسراوە. بەپێی هەلومەرج و پێکهاتەی کوردانی تاراوگە ناکرێ چاوەڕوانیی زۆرترمان هەبێت. لە کاتێکدا دیاسپۆرا بە مێژوویەکی پێنج هەزار ساڵە بۆ یەهوودییەکان بووەتە بابەتێکی سروشتی و وەک دەڵێن سروشتی دووەمیان پێک دەهێنێ، لە سەردەمی نوێدا دیاسپۆرای کوردی مێژوویەکی تەواو کورتی هەیە. ئەگەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا هێندێک لە کوردەکان بەهۆی پاڵەپەستۆی ئاینی بەشێک لە ولات بەجێ دەهێڵن و نیشتەجێی ئاسیای ناوین دەبن، ئیتر بۆ چەند دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم دیاسپۆرای کوردی شتێک نییە پتر لە جێهێشتنی ولات لەلایەن چەند تاک و تەرایەکی کوردەوە بەرەو ئەوروپا. کاتێک لە شێستەکانی سەدەی بیستەمدا کرێکارانی تورکیا بە لافاو هەڵوەدای ئەوروپا دەبن، کوردەکان بەشێک لەم شەپۆلە ئاوارەییە پێک دەهێنن و دواتر لە ئاکامی گۆڕانکارییە جۆرەوجۆرەکانی سیاسی، کولتووری و ئابووری، کوردبوونی خۆیان دەژێننەوە و دەبنە فاکتۆرێکی گرینگ لە سازکردنی بیری نەتەوەییدا. دەیەکانی هەشتا و نەوەدی سەدەی ڕابردووش شاهیدی کۆچی ئەو کوردانەیە کە پتر لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەلایەتی ولات بەجێ دەهێڵن و ژمارەی ڕووناکبیران و نووسەران تەنیا ڕێژەیەکی کەمی ئەم ئاپۆڕەیە پێک دەهێنێت. ڕەنگە ئەگەر هەتا ئێستا دەرفەتی کاری بەپێزی کوردی و سەبارەت بە کورد لە دیاسپۆرا نەڕەخسابێت بگەڕێتەوە سەر تەمەنی کورتی دیاسپۆرای کوردی و پێکهاتە تایبەتییەکەی. دەکرێ مرۆڤ هیوادار بێ کە لە داهاتوویەکی نە دووردا دیاسپۆرای کوردی بتوانێ لە بواری ئافراندن، وەرگێڕانی بەلانی کەم بەرهەمە کلاسیکەکانی کوردی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی بەپێز بە زمانگەلی بیانی هەنگاوی بەرچاو هەڵێنێت. کاتێک باسی پێکهاتەی دیاسپۆرای کورد دەکەم، زەینم بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و بیر لە پێکهاتەی دیاسپۆرای

ئەڵمانی دەکەمەوە کە زۆربەیان یەهوودی بوون و لەناویاندا کەسانێکی وەک ئەنشتاین، بێرتۆلیت برێخت، توماس مان، هانا ئارنێت، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ئێرنێست کاسیەر هەبوون. پێویست ناکات لەسەر کارتێکەریی ئەم کەسایەتییانە لە زۆربەی بوارەکانی زانست لە ئاستی جیهانیدا شتێک بڵێم و تەنیا ناوەکانیان هەڵگری دەریایەکی بێکەرانی زانین و ئافراندنە.

٧ـ پێتان وایە لەمپەرە دەرەکییەکانی بەردەم گەشەسەندنی ئەدەبی تاراوگەی کوردی کامانایە؟ ئاخۆ ئەو پردی پێوەندییەی کە پێویستە لە نێوان ئەدەبی ناوەخۆ و تاراوگەی کوردیدا ببێ بوونی هەیە؟

ڕەنگە پێشکەوتنی سەرسووڕهێنەری تەکنۆلۆجیا و شۆڕشی زانیاریی چەند دەیەی ڕابردوو گرفتێکی ئەوتۆی بۆ پێوەندیی ئەدەبی ناوەخۆ و دەرەوە نەهێشتبێت. بەڵام پرس ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کورد لە چ ئاستێکدا خاوەنی ئەم تەکنۆلۆجیایەیە و بۆ نموونە چەند لە سەدی کوردان لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرن؟ هەروەک پێشتریش گوتم دیاسپۆرای کورد ڕۆژهەڤ و ئاجێندایەکی دیاریکراوی نییە و هەردەم وەک پاشکۆیەکی سیاسی و کولتووریی ناوەوەی وڵات هەڵسوکەوتی کردووە. هەر بۆیەشە پێم وانییە کە ئەدەبی بەرهەمهاتووی تاراوگەی کوردی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەر ناوەوەی وڵاتدا هەبێت. دەرفەتێک کە بەهۆی ڕزگاریی بەشێک لە کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕەخساوە بووەتە هۆی هاتوچۆیەکی چالاکی کوردانی تاراوگە بۆ وڵات. بەڵام بەداخەوە زۆرجار مرۆڤ هەست بەشانۆگەرییەکی نالەبار دەکات کە هەست دەکەی باشووری کوردستان بووەتە مۆڵگەی خەڵکانێک کە لە ساڵانی ژیانی تاراوگەیان تەنیا دوورییە زەمەنی و شوێنییەکەیان نسیب بووە، بەڵام کە دەگەڕێنەوە وەک شێر نەڕەیان دێت و فەخر بەسەر دانیشتوانی وڵاتدا دەفرۆشن. زۆربەی ئەو پسپۆڕ و مامۆستایانەی دێنەوە وڵات و خەڵک دەرس دادەدەن و خەڵات و بەرات وەردەگرن، لێرە لە دەرەوەی وڵات مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت خەریکی

چ بوونە و چییان کردووە؟ بۆ دەبێت ئامرازە ڕاگەیاندنەکانی کوردی بۆ کەسانێک تەرخان کرابن کە لە ماوەی درێژی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵاتدا هەرگیز نەبوونەتە فاکتۆری داهێنان نەک بەزمانێکی بیانی بگرە هەر بە کوردییش. ئەمە حاشاکردن نییە لە کەسانێکی توانا کە دەرد و مەینەتی تاراوگە لە هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی خۆیان ماندووی نەکردوون و بوونەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ نەتەوەکەیان. بەڵام مخابن ژمارەی ئەم کەسانە زۆر نییە. ڕەنگە ئەگەر ڕاستگۆیانە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ خۆمان کردبا و بەدوور لە بەرژەوەندیی حزبی و سیاسی جووڵابینەوە، توانیبامان هیوادار بین کە هەبوونی کوردانی هەندەران و دەستکەوتەکانی وڵات لە ناوەوە تێکهەڵکێشی یەکتر کەین و بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بۆ دنیای دەرەوە و گواستنەوەی دەسکەوتە هزری و تیۆرییەکانی دەرەوە بۆ کوردستان هەنگاوی گەورە هەڵێنینەوە. مرۆڤ دەکرێ بپرسێ بۆچ دەبێت هەتا ئێستا بەرهەمە کلاسیکەکانی کوردی لە جزیرییەوە بگرە هەتا نالی و سالم و مەحوی وەرنەگێڕدرابنە سەر زمانە گەورەکانی جیهان؟ بۆچی دەبێت سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆری خوێندەواری کورد لە دەرەوەی وڵات، هێشتا بەرهەمی وەرگێڕدراومان لە زمانی سەرەکییەوە بە کوردی نەبێت؟ بۆ نابێ پسپۆڕانی هەر بوارێکی زانستی بیر لە بەلانی کەم کۆمەڵێک دەقی کلاسیک لە بوارەکانی خۆیان بۆ سەر زمانی کوردی نەکەنەوە؟ بۆچ دەبێ زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕدراوەکان لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە بن؟ چۆن دەکرێ ئەوە هەزم کەین کە خوێندەوار و نووسەری کورد لە دەرەوەی وڵاتیش سەرچاوەی هزرییان هەر زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بێ؟ بۆ دەبی نووسەر و وەرگێڕی کورد تەنانەت لە وڵاتی سوێدیش دەست بۆ وەرگێڕان لە زمانی فارسی و عەرەبییەوە بەرن؟ وە زۆر پرسیاری تری لەم چەشنە. کوردانی تاراوگە و داوودەزگاکانی باشووری وڵات لەم بارەوە چ ئەرکێکیان لە ئەستۆیە؟ ئاخۆ خوێندنی چەند وانەیەکی دەرسی لە دەرەوەی

ولاَت ناسنامەی پسپۆڕی دەدات بە كوردی تاراوگە كە بێتەوە لە ولاَت وەک پسپۆڕی كۆمەڵێک بابەتی زانستە كۆمەلاَیەتی و ئینسانییەكان ببێت بە مووچەخۆر و ڕاوێژكاری حكوومەت؟ بەباوەڕی من هەتا سەقامگیربوونی مرۆڤی كورد لە تاراوگە و ولاَتدا و دابەشبوونی ئەركەكان بەپێی توانا و لێهاتوویی هێشتا مەودایەكی زۆرمان هەیە. باسی نەوەی داهاتووی كورد لە تاراوگە و كارلێكی ئەوان و نیشتمان ڕەنگە تا ڕادەیەكی زۆر گرێدراوی چارەنووسی كورد بێت لە ولاَت و داهاتووی كوردستان لە جوگرافیای سیاسیی ڕۆهەلاَتی ناوەڕاستدا. من پێم خۆشە بەو ڕەوتە گەشبین بم.

## بەشوێن نهێنییەکانی نووسەرێکی گەورەدا

خوێندنەوەی نوێترین بەرهەمی ئۆرهان پاموک

ئەستەمبۆڵ: بیرەوەرییەکانی شارێک

وەرگێڕانی ئینگلیزی: ماورین فریلی

٣٤٨ لاپەڕە

فابێر و فابێر، لەندەن، ٢٠٠٦.

من نامەوێت ببم بە هونەرمەند [شێوەکار]. من دەبم بەنووسەر." ئەمە دوایەمین ڕستەی کتێبی ئەستەمبۆڵە. لەم کتێبەدا ئۆرهان پاموک وێڕای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی زارۆکایەتیی خۆی، لە تەمەنی بیست ساڵیدا، دوای ئاخافتنێکی دوور و درێژ لەگەڵ دایکیدا، ئەم بڕیارە دەدات و سی ساڵ دواتر، دەبینین کە ئەو چەندە لە وەدیهێنانی بڕیارەکەیدا سەرکەوتوو بووە. لەم کتێبەدا پاموک نهێنییەکانی ژیان و ئەزموونەکانی خۆی وەک گەورەترین نووسەری تورکیا و یەک لە بەناوبانگترین نووسەرانی جیهان ئاشکرا دەکات. لە پشت ڕستەی کۆتاییی ئەم کتێبە چ خەوتووە؟ ئەمە کامە هۆکارگەلی دیار و نادیار بوون کە خولیای بوون بە شێوەکاریان لە ئۆرهاندا کوشت؟ کەی و چۆن تریشقەی بوون بەنووسەر لە ناکاوڕا لە دێراوەکانی مێشکی ئەودا تروسکاندی؟ ڕەنگە هۆگرانی ڕۆمانەکانی ئۆرهان پاموک، لەم کتێبەدا، کەم تا زۆر، وەڵامێک بۆ ئەم پرسانە بدۆزنەوە. من لەم خوێندنەوەیەمدا هەوڵ دەدەم لایەنەکانی ژانری و تایبەتمەندییەکانی نووسینی پاموک لەم کتێبەدا بخەمە بەرباس. لە کۆتاییشدا لەسەر بنەمای سەرکەوتوویی ئەم کارەی پاموک وەک هەموو کارەکانی تری، کۆمەڵێک

تێبینی لەسەر گوتاری گێڕانەوەییی کوردی ئاراستەی نووسەرانی کورد دەکەم. بەباوەڕی من ناسینی تایبەتمەندییەکانی نووسینی نووسەرێکی وەک پاموک لەبەرئەوەی کە، بە بەراورد لەگەڵ نووسەرانی ڕۆئاوایی، کۆمەڵێک بنەمای هاوبەشی کولتووری و مێژوویی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، دەتوانێ یارمەتیدەرێکی گەورە بێ بۆ دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی کە هۆکارن بۆ دەستەبەرکردنی هەستی باوەڕ بەخۆیی و توانایی‌بوون بە سەرێک لەناو سەراندا. لە هەمان کاتدا پامۆک وەک نووسەرێکی ئازا و دیموکرات و وەک داکۆکیکارێکی مافی کوردان و مافی دەربڕین لە دەرەوە و ناوەوەی تورکیا، پێشکێشکەری نموونەیەکە لە وەفاداری و پابەندی بەبایەخەکانی مرۆڤ.

ئەگەرچی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە (٣٧ بەش) ناکرێ بە سانایی مۆرکی بیرەوەرینووسین بەمانای پێناسەکراوی ئەم ژانرە یاخۆ جۆرەی ئەدەبییان لێ بدرێت، بەڵام هەموویان وەک یەکەیەکی تۆکمە گوزارە لە خەملین و گەشەی نووسەر دەکەن لە بیست ساڵی سەرەتای ژیانیدا. هەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەڕا خوێنەرەوە تێ دەگات کە ئەو تەنیا گێڕانەوەیەکی ساکار و کرنۆلۆجیکانەی ژیانی نووسەرێکی گەورە ناخوێنێتەوە. ئەو هەر لە سەرەتاوە کە لەدایکبوونی خۆی باس دەکات دەری دەخات کە چۆن لە گۆڕەپانێکی بەرفراواندا تووشی هەڵکشان و داکشانی شەپۆلەکانی فانتێزیا دەبێت و تا ساڵانێکی زۆر پێی وایە لەودیو باڵەخانە پێنج قاتەکەی ئەوان "ئۆرهانێکی تر" هەیە و ئۆرهانەکەی ئێمە تەنیا کۆپییەکە لە "ئەوی تر". هەر لەم بەشەشدایە کە ئەو بە هزر و تێگەیشتنی ئێستای ئاوڕ لە کارتێکەریی مەڵبەندی لەدایکبوونی دەداتەوە و بە بەراوردکردنی خۆی لەگەڵ کۆنراد و نایپۆل تایبەتمەندییەکی هەرە سەرەکیی ژیانی خۆی دەخاتە ڕوو. لە کاتێکدا کە ژیانی کۆنراد و نایپۆل ڕەنگدانەوەی تەواوی تێپەڕکردنی ساڵانی ژیانیانە لە تاراوگە و خولانەوە لە نێوان کیشوەر و وڵات و کولتوور و زمانی جیاوازدا، تێکڕای ژیانی پامۆک، جگە لە ماوەیەکی کورتی مانەوە لە

ئەمەریکا، لە ئەستەمبۆڵ تێپەڕ بووە، بەجۆرێک کە چارەنووسی ئەو و شارەکەی، واتا ئەستەمبۆڵ، لێک گرێ دەدرێن و هەروەک بۆ خۆی دەڵێت "چارەنووسی ئەستەمبۆڵ بێت بە چارەنووسی من". لە ڕێڕەوی کتێبەکەدا ئەم ڕاستییە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و بەسەرهاتی پاموک دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە بەسەرهاتی شار. ڕەنگە هەر ئەوەش وای لە نووسەر کردبێ کە سەرتاپای کتێبەکەی بە وێنەگەلی جۆرەوجۆری ئەستەمبۆڵ ڕازاندبێتەوە و بەم شێوەیە تایبەتمەندییەکی بێ پێشینە بدات بە ژانری بیرەوەرینووسین. ئاخر ڕەنگە ئێمە لە بیرەوەرییەکاندا وێنەی قۆناغە جۆرەوجۆرەکانی ژیانی گێڕەرەوە بەشتێکی ئاسایی دابنێین، بەڵام لە کتێبێکدا کە ژمارەی وێنەکانی شار سەرتاپای کتێبەکە دادەپۆشن، ئێمە لە بەرامبەر کتێبێکداین کە بەدوور لە گێڕانەوەیەکی خۆناوەند گێڕانەوەیەکی تەواو شوێنناوەند یان باشترە بڵێین شارناوەندە. بەڵام ئەم وێنانە وە نەبێ لە شێوەی کتێبێکدا بن کە بۆ ڕاکێشانی سرنجی توریستان ئامادە کرابێت، لە ڕاستیدا ئەم وێنانە بەر لە هەموو شتێک پەردە لەسەر ڕۆحی شار هەڵدەدەنەوە. ڕەنگە هەر لەم سۆنگەوە بتوانین ڕازی سەرکەوتوویی پاموک لە ڕۆمانەکانیدا تێ بگەین کە چون بە ناخی کارەکتەرەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە و کارتێکەریی ڕووداوەکان لەسەر هزر و ئەندێشەی ئەوان وەها وێنا دەکات کە ڕۆمانەکانی دەبنە نموونەی تەواوی جیاوازیی گێڕانەوەی ڕۆمانیی لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویی. لە هەمان کاتدا ئەم کتێبە سەفەرنامەش نییە و گێڕەرەوە بە تەنیا باس لە ئەزموونە ڕواڵەتییەکانی گەڕیدەیەک ناکات کە بەگێڕانەوەی کۆمەڵێک دیمەنی سەیروسەمەرە کار بکاتە سەر هەست و نەستی خوێنەرەوە. زۆرجاران هێندێک بەشی کتێبەکە شێوەی وتاری درێژ بەخۆوە دەگرن. وتارگەلێک کە گوزارە لە خوێندنەوەی بەربڵاوی نووسەرەکەی دەکەن. تێکهەڵکێشانی فۆرمی وتار و گێڕانەوە و لێکدانەوە شێوازێکی کۆندێراییمان وەبیر دەهێنێتەوە کە پاموک، بەدوور لە گێڕانەوەیەکی ساکاری وەسفییانە، وەستایانە ئاراستەی

دەکات. پامـوک هەڵسـوکـەوتی دوو لایەنـەی شـار و هـزری خـۆی لە ڕێڕەوی زەمەندا دەنەخشێنێ و بەمجۆرە خۆی دەبێت بە کارەکتەری کتێبەکەی خۆی و تێیدا دالانەکانی دەروون و هێڵەکانی مێشکی سەروالا دەکات. ڕەنگە هەر بۆیە سـەیر نەبێ ئەگـەر بڵـێم بۆ تێگەیشـتنێکی هەراوی ئەم کـتـێـبـە مـرۆڤ پێویستی بەخوێندنەوەی سەرجەمی بەرهەمەکانی پاموک هەبێت.

ئەگەرچی ئەستەمبۆڵ لە باری زەمەنییەوە دوا بەرهەمی پاموکە و لەباری ناوەڕۆکەوە قۆناغی سـەرەتای ژیانی ئەو وێنا دەکات، بەڵام لە هەمـان کـاتدا دەبێت وەک پاشکۆیەکی بەرهەمـەکـانی تری ئـەو سـەیر بکرێت. دەپێـشـدا دەبوایە ئێـمـە چووباینە ناو ڕەشـاییی قـەڵای سـپی و سـەیری ژیانـی نوێمـان بکردایە و پاش هەڵدانـەوەی لاپەڕە سـپـیـیـەکـانی کـتـێـبی ڕەش مـەسـتی ڕەنگاوڕەنگیی پیرەپیاوی سـەردەمـانی کۆنی ناوی من سـوورە ببـاین و ئەو کاتـەی کە ڕنووی بەفر دایدەهێزاندین گەڕاباینەوە بۆ ئەسـتـەمبۆڵ بۆ ئەوەی دیبـاجـەی ئەو سـەفـەرە دوور و درێژەمـان لێ ئاشکرا ببا. بێگومـان ئەوانەی پێـشـتـر ئەم سـەفـەرەیان کردووە ئێـسـتـا پـتـر لە ئەزمـوونی ڕاسـتـەوخـۆی سەفەرەکە چێژ لە وەبیرهێنانەوەی ڕۆژانی سەفەر وەردەگرن. بەواتایەکی تر پاشکۆی بەرهەمەکانی پامـوک دەبێتە سەرەتا و لە هەمـان کـاتیشدا بەبێ پێـشـیـنـەی بەرهـەمـەکـانی تری ئەو، خـوێندنـەوەی ئەسـتـەمـبـۆڵ دەبێ بەخوێندنەوەی بەرزەفڕییەکانی پاڵەوانێکی سەرنەکەوتوو.

ئەگـەر بمەوێ لە پەرەگرافـێکدا ئەسـتـەمـبـۆڵ کورت کـەمـەوە و کـێبـوونی پامـوک بەو جۆرەی لە بەرهـەمێکی بیرەوەرینووسـیدا دەردەکەوێ بەدەسـتەوە بدەم دەتوانم بڵـێـم کە ئۆرهـان پامـوک لە حـەوتی مـانگی ژووئـەنی ١٩٥٢ لە بنەمـاڵەیەکی دەسـتـرۆیشـتـوو لـە گەڕەکی نیشـانتـاشی ئەسـتـەمبۆڵ لەدایک دەبێ. برایـەکی لە خـۆی گـەورەتری هەیـە. باپیـری تاجـرێکی گـەورە بووە و میراتێکی زۆر لەپاش خۆی بەجێ دەهێڵێت. باوکی خەریکی کاری تیجارەتە و زۆرجـاران لە کارەکـەیدا سـەرکـەوتوو نییـە، بەڵام سـەرەڕای ئەوەش هەر

دەوڵەمــەندن. باوکی کــەمــتر لــە مــاڵــە و ژیانی ئۆرهــان پــتــر لە مــاڵــەوە لەگــەڵ دایکی و براکەی و ماوەیەکیش لەگەڵ نەنکی تێپەڕ دەبێت. لە ماڵێ کاردار و قــەرەواشــیــان هــەیە و بۆ خــوێندن ئۆرهــان و بــراکــەی دەچنــە مــەدرەســەیەکی تایبــەتی. هەر لە ســەرەتــای خــوێندنــەوە وێ دەچێت ئۆرهــان زۆر حــەزی لە مــەدرەســە نەبێت و زۆرجــاران بە بیــانــووی جۆرەوجــۆر خــۆی لە مــەدرەســە دەدزێتــەوە. هــەبوونی کــتــێبــخــانەیەکی گــەورە لە مــاڵەکــەیان هــەر لە ســەرەتای منداڵییــەوە خولیای خــوێندنــەوەی تێدا وەدی دەهێنێت. پیــاســەی شــەقــام و بازاڕەکانی ئەستــەمبۆڵ چاوی ئۆرهــان بەدیمەنە شــازەکانی ئەم شــارە کۆن و مێژووییــە ڕادەهێنن.

ئەو هــەر لەو کاتەوە کە دەتوانی ئەلفوبێ بخــوێنێتەوە، خوێندنەوەی تابلۆی ســەر دوکــانــەکــان دەبێــتــە یارییــەکی خــۆش و ئۆرهــانی بچکۆلانە بەردەوام پیــتــەکــان لە زەینیــدا دێنــێ و دەبات و بۆ خــۆی گــوتەنــی مــاشــێنی مــێــشکی وشــەگــەلی دوور و درێژ لە مــەکــینــەی خــۆیدا دێنــێ و دەبا. بینینی دنیــای جیــاوازی ژیانی بنەمــاڵەی خــۆی لەگــەڵ تەنانەت کــاردار و کلــفــەتەکــانیــان جیاوازیی ژیانی کولتووری و چینایەتی لەلا زەق دەکاتەوە. لە بنەماڵەکەیاندا ئاین چ ڕۆڵێکی نییــە و ئاین لای ئەو تەنیــا دیاردەیەکــە کە کــارداری پێیەوە سەرگەرمن. سەرەڕای ئەمەش کۆنجکاویی منداڵانەی جارێک دەبێتە هۆکاری بەڕۆژووبوونی. کردەوەیەک کە تەنیا یەک ڕۆژ دەوامی دەبێت و ئیتر چ جــاران دووپات نابێــتــەوە. شــەڕ لەگــەڵ براکــەی بەشــێک لە جــیــهــانی منداڵانەی ئەو پێک دەهێنێت و تا ئــەو ڕۆژەی براکــەی کــاتێک کــە ئــۆرهــان تەمەنی شــازدە ساڵ بوو بۆ خوێندن دەچێت بۆ ئەمــەریکا ئەم لێدان و کوتانە برایانــەیە هــەر بەردەوام بووە. هــەر لــە منداڵییــەوە بەشــێکی زۆری شــەوان و ڕۆژانی ســەرفی شــێوەکاری دەبێت. کێشــانــەوەی دیمەنەکــانی ئەســتــەمــبۆڵ ســووژەی ســەرەکــیی تابلــۆکــانێــتی. بوون بەشــێــوەکــار دەبێــتــە خــولیــای مــێــرمنداڵیی ئۆرهــان. هــەر لەم پێــوەندییــەشــدا یەکــەم ئــەڤــینی، کــچــێکی

جیرانیان دەبێ کە سەردانی دەکات و وەک مۆدێل لەسەر مۆبڵی دیوەکەی ئۆرهان رادەکشێت کە ئۆرهان بتوانێ وێنەکەی بکێشێتەوە. دووپاتبوونەوەی ئەم کارە دەبێتە بنەمای ئەڤینی ئەو کچە و ئۆرهان. ڕۆژێک لە ڕۆژانی وێنەکێشان، شێوەکار و مۆدێل خۆیان لە باوەشی یەکتردا دەبیننەوە. باوکی کچە دواتر بەزانینی ئەم نهێنییە بۆ ڕزگارکردنی کچەکەی لەدەست شێوەکارێکی بێ داهاتوو کچەکەی دەنێرێت بۆ دەرەوەی وڵات کە لەوێ بخوێنێت. ئیتر شێوەکاری چیی تر دادی ئۆرهان نادا. وێنەکێش بێ مۆدێل دەمێنێتەوە زەینی تەنیا دەتوانێ لە کۆڵانەکانی ئەستەمبۆڵدا ئۆقرە بگرێت. کاتێک لە کچەکەوە نامەیەکی بۆ دێت سەرتاپای بوونی دەبێت بەخۆشی. وەک بۆ خۆی دەڵێت "نۆ نامەم بۆ نووسی، حەوتیانم خستە ناو پاکەت، پێنجیانم بەڕێ کرد، بەڵام قەت وەڵامێکم وەرنەگرتەوە.: ئەڤینی یەکەم و شێوەکاری ماڵئاوای لێ دەکەن. سەرزەنشتەکانی دایکیشی کە بەردەوام هانی دەدات خوێندنەکەی تەواو کات و واز لەم ئیشی شێوەکارییە بێنێت کار دەکەنە سەر گۆڕینی حەز و داهاتووی ئۆرهان. ئەو کە خوێندکاری ساڵی دووی ئەندازیاریی بینایە، هەست دەکات خوێندن ئەو شتە نییە کە بتوانێ جیهانی ئاڵۆزی زەینی ئەو تێر بکات. پیشەی سەردەمی منداڵێتی، واتا خۆدزینەوە لە مەدرەسە، تێیدا زیندوو دەبێتەوە. کەمتر ڕوو لە زانکۆ دەکات. تەنانەت ئەو کاتانەش کە دەچێت بۆ زانکۆ و لەسەر وانە دەرسییەکانی ئامادە دەبێ، تەنیا بە جیسم لەوێیە و ڕۆحی لە دەریچەی چاوەکانیدا بەناو دنیای ڕۆمانە گەورەکاندا دەگەڕێت. لە فەزایەکی ئەم جۆرەدا کاری دەبێتە گەڕان بەناو کۆڵانەکانی شار لە ناوچە هەژارنشینەکاندا و خوێندنەوەی بەردەوام هەتا سەعاتی چواری بەیانییان. ئەمە دەبێتە خوویەک کە لە بیست ساڵی دواتری ژیانیدا هەردەم ئامادەیی هەبووە. ئۆرهان ئیتر کوڕی چێشتنی ئازاری بینینی هەژاری و بێهومێدیی شار و خوێندنەوەی ئەدەبیاتە.

له ئەستەمبۆڵدا سەفەرێک لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا یان بەواتایەکی تر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا لە ئارادایە. ڕابردوو کە لە قەوارەی ئیمپراتۆریایەکی زەبەلاحدا نوێنەرایەتی دەکرا، ئیتر لە ئارادا نەماوە و هەردەم ئاسەوارەکانی بەرەو فەوتان دەچن. "ئێستاش" وەک سەردەمی کۆمار و دەسەلاتی سێکۆلاری دەوڵەت-نەتەوەی یەکدەستە. "ئێستا" بەباوەڕی پاموک قەت ناتوانێ خەون بەڕابردووی شکۆدارەوە ببینێت. ئەستەمبۆڵی چەند زمانی و چەند فەرهەنگیی دوێنێ ئێستا بووەتە ئەستەمبۆڵێکی یەکڕەنگ. "ئەستەمبۆڵ ئەو شارەیە کە لە ١٥٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ کەس نەیتوانیوە تێیدا هەست بە ئاسوودەییەکی تەواو بکات." پاموک باس لە شۆڕدنەوەی لایەنی فرە کولتووری و فرە زمانیی ئەستەمبۆڵ و تورکاندنی ئەم شارە دەکات و دەڵێت کە چۆن لە پەنجاکان و شێستەکاندا هەر کاتێک بینیبات کەسێک بەیۆنانی و ئەرمەنی قسەی کردبا، لە ناکاوڕا یەکێک هاواری لێ بەرز دەکردەوە "هاووڵاتی بە تورکی قسە بکە!" لە هەموو شوێنێک تابلۆت دەبینی کە ئەم داواکارییە یاخۆ فەرمانەی لەسەر نووسرابوو. گێڕانەوەی مێژووش ناتوانێ لە دەرەوەی تێڕوانین و باوەڕی ئێستای مرۆڤدا بێت. ئەوەی کە ئێمە چۆن ڕووداوی کۆتاییی ئیمپراتۆریای بیزانس دەگێڕینەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئێمە لەم ڕووداوە. ئەو وشانەی ئێمە بۆ ئەم ڕووداوە مێژووییە بەکاریان دەهێنین هەڵگری باری مانایی تایبەتیی خۆیانن. ئاخۆ لەم ساڵەدا واتا بیست و نۆی مانگی مای ١٤٥٣ کۆنستانتینئۆپێل ڕزگار (فەتح) کرا یان داگیر کرا؟ کاتێک هاوسەری پاموک لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نووسینێکدا وشەی ڕزگارکردنی ئەستەمبۆڵ بەکار دەهێنێت لەلایەن پرۆفیسۆرەکەیەوە بە "ناسیۆنالیست" تاوانبار دەکرێت. هەرچۆنێک بێت ناسیۆنالیزمی تورک بۆ داڕشتنی بناغەکانی خۆی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست دەکات بەپیرۆزکردنی بیرەوەریی ڕزگاریی

ئەستەمبوڵ لە ١٤٥٣دا. لە ڕاستیدا ئەستەمبوڵ هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش شارێکی چەند کولتووری بوو. هەتا ئەودەمیش ژمارەی دانیشتوانی موسڵمانی شار لە نیوەی ژمارەی دانیشتوانی شار تێ نەدەپەڕی. خاڵێکی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە زۆربەی عوسمانییەکانیش ئەم شارەیان وەک کۆنستانتینئۆپێل ناو دەبرد و ئەوە تەنیا لە سەردەمی ناسیۆنالیستە تورکەکاندایە کە ئەم نێوە یاساغ دەکرێت و ئەستەمبوڵ دەبێت بەئامـاژەیەک بە پاوانخوازیی ناسیۆنالیستەکان. تەنانەت هێندێک لە دەسەڵاتدارانی تورکیش لە وەبیرهێنانەوەی "ڕزگاری"ی ئەستەمبوڵ بەهۆی بەرژەوەندییە ناونەتەوەییەکانیان پارێزییان دەکرد. بۆ نموونە لە ڕێوڕەسمی پێنجسەد ساڵەی ئازادکردنی ئەستەمبوڵدا سەرکۆمار جەلال بایار و سەرەکوەزیران ئەدنان مەندەرس بەشداری ناکەن. بەڵام تەنیا سێ ساڵ دواتر "پەتای ڕزگاری" سەرتاپای شار دەتەنێتەوە و بە فیتی دەوڵەت کۆمەڵێک لات و لووت دەست بەتاڵانی شار دەکەن و بە قسەی خۆیان شار لە یۆنانی و کەمەنەتەوەکانی تر پاک دەکەنەوە. ئەوان دوکان و بازاڕی یۆنانییەکان دەسووتێنن، قەشەکان دەکوژن و کەنیسەکان ئاگر تێ بەردەدەن. کاتێک لە ساڵی ١٩٥٥ ئینگلیزییەکان قیبریس بەجێ دەهێڵن و یۆنانییەکان خەریک بوون دەست بەسەر هەموو قیبرسدا بگرن، بەکرێگیراوێکی ڕێکخراوی ئاسایشی تورکیا بۆمبێک داوێتە ناو ئەو ماڵەی کە ئەتاتورک لە شاری سالۆنیکای یۆنان تێیدا لەدایک بووبوو. ڕۆژنامەکانی تورکیا ئەم شتە گەورە دەکەنەوە و دەیکەن بە بیانوویەک بۆ باند و تاقمە ناسیۆنالیستەکانی تورک کە هێرش بەرنە سەر یۆنانی و ئەرمەنییەکانی شار و هەموو دارونەداریان بەتاڵان بەرن. ئەمانە ئەو کارەساتانەن کە لە ساڵانی سەرەتای لەدایکبوونی ئۆرهاندا ڕوو دەدەن و دواتر دەبنە هۆی تووڕەیی بەردەوامی ئەو لەم دیاردە ناحەزانە.

لەناو تێما سەرەکییەکانی ئەستەمبوڵدا "هوزون" [حزن] (melancholy)

شوێنێکی سەرەکیی هەیە. بەباوەڕی من دەکرێ ئەو تێگەیشتنەی پاموک لە مێلانکۆلی هەیەتی لە زمانی کوردیدا بە ئازار یاخۆ پەژارە مانا بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا هەست دەکەم دەبێ و دەکرێ وشەی پەرۆش بەو جۆرەی لە ناوی کتێبەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد، لە پەرۆشەکانی ژیانمدا هاتووە، وەک بەرامبەرێک بۆ مێلانکۆلی دابنێین. پاموک ئەم دیاردەیە وەک هەوێنی بەنووسەربوونی خۆی دەبینێ و هەر لە سەرەتاوە ئاگەدارمان دەکاتەوە کە تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەستەمبۆڵ مێلانکۆلیبوونی ئەم شارەیە. ئەو بەئاماژە بە قسەیەکی ئەحمەد راسیم ئەم دیاردەیە وەک جوانیی شار دەبینێت: "جوانیی مەڵبەندێک لە مێلانکۆلیی ئەودا جێی گرتووە." لە پێناسەیەکدا کە پاموک لە مێلانکۆلی دەیکات دەڵێت کە لێرەدا "مێلانکۆلی تایبەت نییە بە تەنیاییی مرۆڤێک، بگرە برێتییە لە حاڵەتێک کە بە ملیۆنان خەڵک دەگرێتەوە." باشە بۆ دەبێ سەرتاپای شارێک هەڵگری ئەم پەژارە و ئازارە بێت؟ بە ڕای پاموک وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە ئەستەمبۆڵ گرێی بەیەکگەیشتنی ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتە. بەشێکی ئەم شارە ڕۆئاوایە و بەشێکیشی رۆهەڵات. شارێک کە لە ماوەی پتر لە چوارسەد ساڵ پایەتەختی یەک لە گەورەترین ئیمپراتۆرییەکانی جیهان بووە، ئێستا شتێک نییە پتر لە شارێکی پڕ لە وێرانی. شارێک کە لە خۆیدا میراتی دوو کولتووری جیاوازی وەک ئیمپراتۆریی بیزانس و عوسمانیی پاراستووە. سەرەڕای ئەوەی کە بەباوەڕی پاموک لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوودا ئەمە مێلانکۆلییە کە باڵی بەسەر ئەستەمبۆڵدا کێشاوە و تەنانەت دەوروبەری شارەکەشی گرتووەتەوە. پاموک پێی وایە ئەوە ئەروپییەکانن کە پێشەنگایەتیی ناساندنی ئەم مێلانکۆلییەی ئەستەمبۆڵ دەکەن. ئەوە یەکەم جار گەوتییەر بوو کە لەژێر کارتێکەریی هاوڕێی خۆی نێرڤالدا لە فەرەنسا ئەم چەمکەی خستە بەرباس و لێدوان و شیعراندن. دەکرێ بڵێین کە ئەوە کەسانێکی وەک ڤێرلاین، مالارمێ، ڤالێری، ژید، نێرڤال و گەوتییەر و

مێلینگ بوون کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە شکڵدانی وێنەی ئەستەمبۆڵ لە زەینی دانیشتوانی ئەم شارەدا. لە ڕاستیدا تا سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێک کە ناسیۆنالیزمی تورک دەبێتە گوتاری سەرەکیی ئەم وڵاتە، ئەوە تەنیا نووسەرانی ئەوروپایین کە لەبارەی ئەستەمبۆڵەوە شت دەنووسن، شتگەلێک کە لە ڕوانگەیەکی ڕۆهەڵاتخوازانەوە دەنووسرێن و ئەم نووسراوانەش بەشێک لە خوێندنەوەی پاموک لە گەڕانی بێ وچانی ئەو بەشوێن ناسنامەی ئەم شارەدا پێک دەهێنن. شارێک کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا تابلۆ و سەربەرگی کۆوار و پۆستەرەکانی تەژین لە وشەی فەرەنسایی و ئینگلیزی. شارێک کە بەرەو ڕۆئاوا دەخشێ، بەڵام زۆر بەئەسپایی. ئەم شارە ئیتر شانازیی بە نەریتە کۆنەکانی خۆی کە لە مێژوو و مزگەوت و مینارە و بانگدا خۆی دەردەخات، ناکات. لەم شارەدا "هەموو شتێک نیوەچڵە، زبڵە، قوڕاوییە" و ئەمەش خۆی هۆکارێکی ئامادەبوونی مێلانکۆلییە لە ڕۆحی شاردا.

ئەم مێلانکۆلییە لە هەموو شتێکدا خۆی دەردەخات. لە بینینی بینا تاریکەکاندا، لەو خانووە تەختەییيانەدا کە سەردەمێک لە لێواری بۆسفۆردا شوێنی حەسانەوە و پشوودان و کەیف و جەفەنگی گەورە پیاوانی عوسمانی بوو و ئێستا هەر ڕۆژەی یەکێکیان ئاگر دەگرێ و بڵێسەی ئاگرەکەی دیمەنێکی پڕ لە پەژارەی بەسەرچوونی سەردەمێک و سووتانی مێژوویەک پێشان دەدات. ئەم مێلانکۆلییە لەو دیمەنانەدا بەدی دەکرێ کە ڕۆئاواییيەکان لەسەر ئەستەمبۆڵیان نووسیوە و تێیاندا ئاماژە بە حەرەمی سوڵتانەکان، دەروێشەکانی ڕووفایی، بازاڕی کۆیلەکان، جانیسارییەکان، قەبرستان و فاحیشەخانەکان دەکرێت. ئەو مێلانکۆلییە لە فەوارە وشکبووەکاندا، لە بینینی وێرانەکانی شاردا، لە تاریکاییی کۆڵانەکانی و لە سەگە بەرەڵڵاکانی و باری قورسی حەمماڵەکانیدا هەست دەکرێت. بۆ خوێنەرەوەی کتێبەکەش هەرچەند قسە لە جوانیی شارە، ئەنجام هەر

پەژارەیە. ئەمەش لە ڕاستیدا ئەنجامی باوەڕی نووسەرە کە هەر لە سەرەتاوە پێمان دەڵێت کە جوانیی شار لە پەژارەی شاردا خۆی حاشار داوە. ئاخۆ ئەمە هەستی مێلانکۆلییانەی پاموکە کە دەڕژێتە سەر شار، یان مێلانکۆلیی شارە کە هەتا ئێستاش لە وێنەی دوو ڕەنگی سپی و ڕەش و لە زەردەپەڕدا وێنا دەکرێ و پاموک لەخۆ دەگرێ؟ ڕەنگە بڵێین هەردووکیان. یان ڕەنگە بڵێین مێلانکۆلیی شار زایەڵەی مێلانکۆلیی پاموک خۆیەتی. ئەگەرچی مێلانکۆلی سەرچاوەی ئازارە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە ئەو بەستێنەی کە پاموک بۆ ئافراندنی ئەدەبیی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێت. ئەوە سەلمێنەری ئەو باوەڕەی سپینۆزایە کە یەک شت دەتوانێ لە یەک کاتدا هەم باش بێت و هەم خراپ.

پاموک بەشوێن دۆزینەوەی سەرچاوەکانی دەربڕینی ئەدەبییانەی ئەم مێلانکۆلییە پەنا بۆ نووسەرانی ڕۆئاوایی و خۆماڵی دەبات. بەباوەڕی پاموک تەنیا ئەدەبیات دەتوانێ گوزارە لەم چەمکە بکات و پەردە لەسەر چارشێوی مێلانکۆلیی شار لادات. نووسینی ئەدەبی لەسەر ئەستەمبۆڵ بەزمانی تورکی دیاردەیەکی تازەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورک. بۆیە بۆ وێناکردنی ئەستەمبۆڵی بەر لە سەدەی بیستەم پاموک دەستەودامێنی نووسەرانی رۆئاوایی دەبێت. پاموک لەم گەڕانەی بەدوای ئەستەمبۆڵدا شوێنپێی هەموو ئەو نووسەرانە دەگرێت کە سەردانی ئەستەمبۆڵیان کردووە و شتیان لەسەر نووسیوە. پێناسەی کنوت هامسون لە پردی گەلاتە و وەسفی هانس کریستیەن ئاندێرسێن لە دارەبییەکانی شۆڕبووەوە بەسەر قەبرستانەکاندا، هۆگری پییەر لوتی بۆ ئەستەمبۆڵ و ڕاگرتنی تایبەتمەندییە ڕۆهەڵاتییەکانی ئەم شارە، تووڕەیی و ڕقی ئاندرێ ژید لە نژادی تورک و پۆشاکی تورکی، سەرسامیی گەوتییەر بە فرە زمانیی دانیشتوانی ئەستەمبۆڵ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا، بۆچوونی برۆدسکی لەسەر بەسەرچوونی سەردەمی ئەستەمبۆڵ، سیفلیسی

فلەوبێر و تێڕوانینە ڕۆهەڵاتخوازانەکەی و سەردانی فاحشەخانە و فێڵی لە کچێکی شازدە ساڵەی تورک، بایرۆن و سرنجی لەمەڕ خەنجەری خواری ڕۆهەڵاتی، هەموو ئەو وردەکارییانە دەخەنە بەر دیدەی پاموک بۆ ئەوەی مێژووی شار ببێتە بەشێک لە ناسنامەی نووسەر.

لەناو نووسەرە خۆماڵییەکاندا پاموک ئاوڕ لە چوار نووسەری مێلانکۆلیی ئەستەمبۆڵ دەداتەوە و بەهەڵسەنگاندنی ژیان و بەرهەمەکانیان تێشووی زانیاری و ئەزموونەکانی دەوڵەمەند دەکات. شیناسی هیساری بیرەوەرینووس، یەحیا کەمالی شاعیر و تانپیناری ڕۆماننووس و ئەکرەم کۆچوی مێژوونووس دەبنە ئەو نووسەرانەی کە پاموک دەست بە دامێنیان دەگرێ و بە چاویلکەی ئەوان دەڕوانێتە ئەستەمبۆڵی پێنج دەیە پێش لەدایکبوونی خۆی. خاڵی بەرچاوی ژیانی ئەم چوار نووسەرە تەنیاییی ئەوانە. نووسەرانێک کە تەنیا ژیان و بێ ئەوەی قەت زەماوەند بکەن لە تەنیاییدا ماڵئاواییيان لە ژیان کرد. نووسەرانێک کە ئەڵقەی ئەدەبیی ماڵئاواییی ئەستەمبۆڵ لە شکۆی رابردوو و فەوزای مۆدێرن بوون. نووسەرانێک کە ڕۆئاواییانە بیریان دەکردەوە و دڵیان ڕۆهەڵاتییانە لێی دەدا. بێگومان ژیانی مێلانکۆلیی ئەم نووسەرانە کە جێی متمانەی پاموک بوون، کارتێکەریی خۆی لەسەر قووڵکردنەوەی پەژارە و پەرۆشیی پاموک داناوە.

یەک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەستەمبۆڵ ڕاستگۆیی و بوێریی پاموکە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا. ڕەنگە بۆ نووسەرێکی ڕۆهەڵاتی ئاسان نەبێت کە باس لەلایەنە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی بەئاشکرایی بکات. ڕەنگە بۆ مرۆڤێکی ڕۆهەڵاتی سانا نەبێت باس لە خاڵەکانی لاوازی و بەتاڵیی ژیانی خۆی بکات. چاوپێداخشاندنێک بەبیرەوەرییەکانی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەکوردی بڵاو بوونەتەوە ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە سەربوردەنووسەکانی ئێمە هەموو پاڵەوان بوونە و لە ژیانیاندا لاوازی و

سێکس و ترس شوێنێکی نەبووە. بەڵام پاموک ئەم بێدەنگییە لەمەڕ لایەنە تایبەتەکانی ژیانی خۆیدا دەشکێنێت. کاتێک باسی پێوەندیی دایک و باوکی دەکات، زۆر بەئاشکرا پەردە لەسەر کردەوەکانی باوکی هەڵدەداتەوە و دەڵێت کە چۆن ئەو نەدەهاتەوە ماڵ و لە دەرەوە بە ئیشتیای خۆی رای دەبوارد. تەنانەت باس لەوە دەکات کە بەدزی ماڵێکی گرتبوو و لەگەڵ ژنێک ڕای دەبوارد. (هەڵبەت، پاموک ئەمە دەخاتە چوارچێوەی لێکدانەوەیەکی ژیرانەی هەبوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێوەرەکانی بوون لە گۆڕانکاریدان و جیهانی بایخەکان تووشی تەنگژەی ناسنامەیی هاتوون. لە قاودانی هەرزەکارییەکانی باوک قەت نابێتە هۆی نیفرەتی کوڕ لە باوک و هەر بۆیەشە دەبینین پاموک کتێبەکەی پێشکێشی باوکی دەکات.) کێشە و هەڵڵای دایک و باوکی بە وردی باس دەکات. وتووێژە دوور و درێژەکانی خۆی لەگەڵ دایکی دەگێڕێتەوە. باس لە ئەڤینی یەکەمی خۆی و ماچ و سێکس دەکات. باس لە نیفرەتی خۆی لە خۆی و لە هەموو شتێک دەکات. باس لە دەستپەڕلێدانی خۆی دەکات. "دەچوومە ژوورەکەم و دەرگەم لەسەر خۆم پێوە دەدا و تەنیا ڕێگەی هەڵاتن لە چەنگ دووڕوویی دنیا و دووچاوگیی خۆم، دەستپەڕلێدان بوو." باس لە ناهومێدییەکانی و کوچەگەردی و ئازارەکانی خۆی دەکات. جاری وابووە هێندەی جگەرە کێشاوە کە خەریک بووە بخنکێت. زۆرجاران تەنیایی و وەڕەزبوون لە خەڵکانی تر تەنگ بە پاموک هەڵدەچنن. "هەست دەکەم من بایەخێکم نییە و سەر بە هیچ شوێنێک نیم، بەجۆرێک کە دەبێ مەودا لەم خەڵکانە بگرم و بچم لە گۆشەیەک خۆم بشارمەوە."

ئەگەر کارتێکەریی ئەستەمبوڵ وەک شوێنی ژیان و گەورەبوونی پاموک فاکتۆرێکی حاشاهەڵنەگرە لە خەملاندنی هزر و بیر و تێڕوانینی ئەو، کاری بێ وچانی پاموک لە وردبوونەوە لە ڕازەکانی مێژوو و جوگرافیای ئەم شارە و خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو لە گرێکوێرەی پێوەندیی دوێنێ و ئەمڕۆی

ڕۆئاوا و ڕۆهەڵات، فاکتۆری هەرە سەرەکییە لە کردنی زارۆکێکی لەدایکبووی گەڕەکی نیشانتاشیی ئەستەمبۆڵ لە ساڵی ١٩٥٢ بەدەنگێکی شاز لە جیهانی نووسیندا. دەنگێک کە توانیویەتی سەرنجی خوێنەرەوەی ڕۆئاوا و ڕۆهەڵات بۆ خۆی ڕاکێشێ و ببێتە بەستێنی ڕامانی ئەو کەسانەی بە شوێن دۆزینەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤدا، لە دەرەوەی فاکتەکاندا داڵانەکانی گێڕانەوە بەسەر دەکەنەوە و لەودیو لاپەڕەکانی مێژوودا بۆ تێگەیشتن لە جیهانی پڕ لە ڕەمز و ڕازی دەروونی مرۆڤەکان مەجالێکیان جگە لە پەنابردن بۆ جیهانی ئەفسووناویی ڕۆمانە گەورەکان نییە. چاوە وردبین و تیژڕوانەکانی پامۆک لە بینینی مووقەڵێشانەی ئەستەمبۆڵ و بەرهەمەکانی تریدا تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری هەموو ئەو شەونخوونییانەن کە لەناو لاپەڕەی ڕۆمانە گەورەکانی جیهاندا تێپەڕ دەبوون. شێوازی پرۆستییانەی بەرهەمەکانی پاموک و شوێنپەنجەی گێڕانەوەی بەپشووی بۆرخێس و مارکێز بەسەر کارەکانیدا، پشوودرێژیی تۆلستۆیانە، تێڕامانی داستایێڤسکییانە و هزراندنی تۆماس مانییانە و وێناکردنی شێوەکارییانەی فلەوبێر و بالزاک و مێلینگ لە دیمەنی ڕۆمانەکانیدا، هەموو ئەنجامی خوردبوونەوەی ئەوە لە تەکنیکی ڕۆئاوایی کە لەوپەڕی تواناییدا خۆماڵی کراون. ئێستا ئیتر پاموک بۆ خۆی ئافرێنەری بەرهەمگەلێکە کە دەبێ زۆر کەسی تر بەدەم خوێندنەوەی کتێبەکانیدا تاریکایی شەو بەرەو بەرەبەیان بکەنە پێداویستیی ئەزموونی ئافراندن.

ئەستەمبۆڵ لە کاتێکدا بەکۆتا دێت کە ئێمە بڕیاری ئۆرهان بۆ بوون بەنووسەر دەبیسین. ئێستا ئیتر ئۆرهان پاموک نووسەرێکی ناوبەدەرەوەیە. من خۆم ئاواتەخوازم کە پاشماوەی ئەم سەفەرە ببیسم و بزانم کە سی ساڵ ژیانی پڕ بەرهەمی پاموک لە سیلەی چاوە وردبینەکانی ئەو چۆن تێپەڕ بوونە. وەک کوردێک زۆرم لا گرینگە کە بزانم پاموکی ئینسان چۆن کوردەکانی باکور و دەنگدانەوەی خەباتی پڕ پەژارە و ئازاری ئەوان دەبینێ.

ئاخۆ لە کاتێکدا لە دەیەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا پاموک لە شەقامەکانی ئەستەمبۆڵدا کوردی نابیسێت، چۆن دەڕوانێتە شەقامەکانی ئێستای ئەستەمبۆڵ کە تێیاندا کوردەکان هاواریان دێت؟

بەوردبوونەوە لە ئەزموونی ئۆرهان پاموک دەکرێ کۆمەڵێک بەرەنجام هەڵێنجین کە دەتوانن ڕێنوێنیی ڕۆماننووسانی کورد بن. ڕەنگە بگوترێ کە زۆر ڕۆماننووسی سەرکەوتووتری تر هەن کە دەتوانن سەرچاوەی ئیلهامی نووسەرانی کورد بن. بەڵام هۆی پێداگرتنی من لەسەر ئەزموونی پاموک، جگە لەوەی کە باسەکە لەسەر کتێبێکی ئەوە، دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێک بنەمای هاوبەشی مێژوویی و کولتووری کە پاموک لەگەڵ ئێمەدا هەیەتی. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پاموک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەرکەوتووترین دەنگی ڕۆماننووسییە لە ڕۆژهەڵاتدا (لێرەدا مەبەستم بەشێوەیەک جیهانی ئیسلامە، نەک ڕۆژهەڵات بەمانای گشتییەکەی کە بۆ نموونە چین و هیند و ژاپۆنیش دەگرێتەوە و خاوەنی دەنگگەلی خۆیەتی). بەهۆی ئەوەی کە ڕۆمان بەر لە هەموو شتێک پێوەندیی بەدیوی ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و دەوروبەری بە شێوازێکی هونەری وێنا دەکات، ڕۆماننووس دەبێ توانایی زاڵبوونی بەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەندێشەی مرۆڤەوە هەبێ و لە تێکڕای ئەو هۆکارانەی ڕەفتاری مرۆڤ دیاری دەکەن شارەزا بێ. ڕەنگە هەوڵی بێ وچانی پاموک بۆ گەڕان بەشوێن هەموو ئەو هەلومەرجانەی دەستیان هەبووە لە ئافراندنی کەسایەتیی ئەو، دەرخەری ئەو ڕاستییە بێ کە ڕۆماننووس بۆ ناسینی دەوروبەری و پێوەندیی دەوروبەر لەگەڵ مرۆڤ دەبێ بەر لە هەر شتێک خۆی بناسێ. مرۆڤ بەدوای خوێندنەوەی ئەستەمبۆڵدا لە خۆی دەپرسێ ئاخۆ شار (ئەستەمبۆڵ) سۆبژەیە و پاموک ئۆبژە؟ ئاخۆ وەک ڕامبۆ گوتەنی پاموک بیر دەکاتەوە یان بیر دەکرێتەوە؟ (ڕامبۆ لە یاداشتێکیدا دەڵێت کە من بیر ناکەمەوە بگرە بیر دەکرێمەوە). ئاخۆ ئەمە بە هەڵکەوتە کە بیرەوەرییەکانی پاموک بە

بیرەوەرییەکانی شارێک ناوزەد کراون؟ لە ڕاستیدا ئەمە شارە کە بە زمانی پاموک دێتە گۆ. کارتێکەریی شوێن و ژینگە لەسەر مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لە کەسایەتیی ئەودا زۆر بەوردی لە گەڕانی پاموک بە شوێن ڕیشەکانی خۆیدا دەردەکەوێت. لەبەرئەوەی کە ڕۆئاوا مەڵبەندی سەرهەڵدانی ڕۆمانە و بێشکەی ئەو پێداویستییانەیە کە پێششەرتی سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانن، ڕۆماننووس دەبێ شارەزاییەکی تەواوی لەگەڵ نەریتی نووسینی ڕۆمان لە ڕۆئاوادا هەبێ. لە ڕاستیدا وەک کۆندێرا دەڵێ تەنانەت ڕۆمانی دەرەوەی ڕۆئاواش وەک بەرهەمی ئەورووپا دەناسرێ. بەڵام لێرەدا ئەوەی دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، تایبەتمەندیی کولتووری و مێژوویی و جوگرافیاییی شوێنە کە دەبێ بەتەواوی لە ڕۆماندا ڕەنگ بداتەوە. لێرەدا ڕەنگە ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا ڕۆماننووس سەرنجی بداتێ تەکنیکی نووسین بێ. لە کارەکانی پاموکدا ئەمە تا ڕادەی پێویست خۆی نیشان دەدات. بەهەڵکەوت نییە کە لە ئەستەمبوڵدا دەبینین کە پاموک چەندە بەسەر جیهانی ڕۆمانی ڕۆئاواییدا زاڵە و هەموو کەلێن و قوژبنەکانی هونەری و کۆمەڵایەتیی تاکی ڕۆئاوایی لە چوارچێوەی ڕۆمانە گەورەکانی دنیادا دەناسێ.

پاموک بۆ دۆزینەوەی هۆکار و بنەماکانی مێلانکۆلیی شار و خۆی، دوای بەسەرکردنەوەی بەرهەمی ڕۆئاواییەکان، پەنا بۆ نووسەرانی خۆماڵی دەبات و بەوردی لە پەیفی پەخشانی و شیعری و تەنانەت وێنە و تابلۆی ئەوان دەڕوانێت و هەوڵی تێگەیشتن لە نەریتەکانی نووسینی بەر لە خۆی دەدات. ئەمەش دەری دەخات کە ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو چەندە پێویستیی بەئەزموونەکانی پێشتر هەیە. بەڵام ڕۆماننووس لاساییکەرەوەی کارەکانی بەر لە خۆی نییە. ئاگاداری لە نەریتەکانی نووسینی پێشینییان تەنیا زەمانێک مانادار دەبێت کە ڕۆماننووس بتوانێ بەشێوەیەکی ئافرێنەرانە ڕووبەڕووی دەقی تازە بێتەوە و سەرەڕای تایبەتمەندیی نێواندەقێتی، بەرهەمەکەی نموونەی کاری تازە و نوێنەری جیهانێکی تازە

بێت کـە دواجـار نە گـێـڕانەوەی ڕاسـتـەوخـۆی واقـیـع بگرە ئافـراندنەوەی جیهانە. پامـوک زۆر هێژایانە جیـهـانیـبوون و ناوچەییـبـوون ئاوێتـەی یەکتـر دەکـات و ئەگـەرچی ڕۆمـانـەکـانی دواجار پێناسـەی سـروشت و کولتـوور و مـرۆڤی دیاریکراوی سـەردەمێکی دیاریکراون، خـوێندنەوەیان سـەرنجی هـەر خوێنەرەوەیەک لە هـەر گۆشـەیەکی ئەم جیـهـانە ڕادەکێشـێ. ناوچەییـبوونێکی شیـاو پاموکی کردووەتە نووسـەرێکی جیـهانیی شـیاو. ڕاستگۆیی پاموک و دۆزینەوەی ئاسـەواری ژیانی لە ڕۆمانەکانیدا دەری دەخات کە شێوە ژیانی ڕۆماننووس دواجار چەندە لە بەرهـەمـەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. سـەمیمـیبوونی دەنگی پامـوک لە ڕۆمانـەکانیـدا ئاوێنەیەکە لە ڕاستگۆییی پاموک لە ژیانیدا کـە بـە بەئاشکرا لە گـێـڕانەوەی ئـەزمـوونەکـانیـدا خـۆی دەنوێنێ. ئەگـەرچی ئەسـتـەمـبـۆڵ ئـاگـەداریی پامـوک لە دەسـتـکەوتە هونەرییـەکـانی ڕۆمـانی ڕۆئاوایی بە ڕوونی نیشـان دەدات، بەڵام ڕۆمانەکانی پاموک ئەو کـەرەسـەیەن کە دواجار مـرۆڤی جوگرافیـایەکمـان پێ دەناسـێـن کە تورکیـایە. ئەوە هـیچ زیادەڕۆییی تێدا نییـە کە بڵێین بۆ ناسـینی گرفـتە سـیاسـی و کـولتـووری و کۆمـەڵایەتیـیـەکـانی تورکیـا ڕۆمـانی بـەفر پتـر لە هـەر سـەرچـاوەیەکی تری کۆمـەڵناسـانە و دەروونناسـانە و مـرۆڤناسـانە یارمـەتیـدەرە. هـەر ئەسـتەمـبۆڵ، بەباوەڕی من، پتر لە هـەر کـتێبـێکی توریسـتی سـەرنجی خـوێنەرەوەی بیـانی بۆ ئەم شـارە ڕادەکێشێت. شێـوازی پاموک بەدوور لە پێچەڵپـێچی و ئاڵۆزی، دەقێک بەرهـەم دەهێنێت کە سـادەنووسـین کۆڵەکەیەکی قایمێتی. لە ڕاسـتیدا پێچەڵپـێچی و چڕبوونی دەقی پامـوک لە سادەنووسـینەکەیدایە. دەمـێنێتـەوە بڵێم ئەگەر مێلانکۆلیی ئەستەمبۆڵ کارتێکەرییەکی ئاوا مەزنی لەسـەر ڕەوتی ئافراندنی پاموکدا هـەبووە، تۆ بڵێی ئەو مێلانکۆلییەی دەبێ ببێت بەهـەوێنی نووسـەری کـورد لـە کـوێدا مـۆڵی خـواردبێ؟ بەواتایەکی تر کـامـە پارچەی وڵاتێکی لەتوکوتکراو و کـامە دەورەی مێـژووییەکی نەنووسـراو دەبنە زایەڵەی مێلانکۆلیی نووسەری کورد؟.

# ڕۆمانی کوردی و ژنانی ڕۆماننووس

"ئەوە جیهانی وشەکانە کە جیهانی شتەکان دەخوڵقێنێ."

ژاک لاکان[1]

## پێشەکی

ڕۆمان و گێڕانەوەی ڕۆمانی بەستێنێکی باوەڕپێکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی چلۆنایەتیی پێوەندییە جۆرەوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و هاوکێشیی هێز و میکانیزمی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. بوارێکی لێکۆڵینەوە لەسەر ژنی کورد لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەییدا خوردبوونەوەیە لە کارەکتەرگەلی ژن لە ڕۆمانی پیاواندا. ژنان لەم ڕۆمانانەدا چۆن وێنا کراون؟ پێناسەیان چییە؟ لە پێوەندی لەگەڵ پیاواندا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ لە سیستمی خێزان و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی کاردا چ جێگەیەکیان هەیە؟ هەڵبەت، ڕەنگە باشترین بوار بۆ دەستنیشانکردنی جێگەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا توێژینەوەی ئەو فەزایە بێ کە لە ڕۆمانی ژنانی کورددا بۆ ژنان خوڵقاوە. ژنانی ڕۆماننووس و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کارەکتەرگەلی پیاو و ژندا و پێناسەکردنی ئەرک و مافەکانیان ڕەنگە ئەو دەرفەتە ڕاستەوخۆیە بێ کە لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی بتوانێ بەهۆی ئەوەوە ڕا و ڕایەڵی کۆمەڵگە بەباشترین شێوە ببینێ. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ باوەڕیشی بە کارتێکەریی ژیان و ئەزموونی نووسەر لەسەر دەقەکەیدا نەبێ، دەکرێ تا

1. Sellers, Susan, language and Sexual Difference: Feminist Writing in France, Macmillan, 1991, p .xi.

ڕادەیەکی زۆر دڵنیا بێ کە دەقەکە لە پێوەندییەکی گورجوگۆڵدایە لەگەڵ شعوری ئەدەبیی نووسەر و ئیپیستیمۆلۆجیای سەردەم. بەواتایەکی تر دەکرێ دەقی ئەدەبیی بەرهەمهاتوو لەلایەن ژنانەوە وەک گوتارێک سەیر بکرێ کە تێیدا هێڵە سەرەکییەکانی بیروڕای باو و زاڵ لە دەورەیەکی دیاریکراودا خۆیان نیشان بدەن.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم چاوێک بە ئەو ڕۆمانانەدا بخشێنم کە لەلایەن ژنانی کوردەوە نووسراون. مەبەستی سەرەکی لە هەنگاوی یەکەمدا دەسنیشانکردنی کات و شوێنی بەرهەمهاتنی ئەم ڕۆمانانەیە. پێناسەکردنی جیهانی ئەم ڕۆمانانە و تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانیان و وردبوونەوە لە تێمای سەرەکییان بەشێکی تری مەبەستی ئەم نووسینە پێک دێنێت. هەروەها بەسەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانانە هەوڵ دەدەم تا ڕادەیەک خۆم لە قەرەی ئەم باسە بدەم کە ئاخۆ جیاوازییەک لە نێوان نووسینی ژنان و پیاواندا هەیە؟ ئاخۆ ژنان بەهۆی ژنبوون، جیاواز لە پیاوان دەنووسن؟ بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا ئاوڕێکی خێرا لە بنەما تیۆرییەکانی هەڵاواردنی نووسین بە "ژنانە" و "پیاوانە" دەدەمەوە و دواتریش بەخوێندنەوەی ڕۆمانی ژنانی کورد هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەستێنی کوردیدا بدەمەوە.

یەکەم پرس کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئاخۆ دابەشکردنی ئەدەبیات لەسەر بنەمای جنسی نووسەرانەوە پێوەرێکی هزری و بەرهەستی هەیە؟ لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا مشتومڕێکی زۆری لەناو کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و ئەکادیمیکدا خوڵقاندووە. توریل موا لە باس لەسەر فێمینیزمدا ڕووناکی دەخاتە سەر سێ چەمکی هاوپێوەند و هاوڕیشە: فێمینیزم وەک هەڵوێستێکی سیاسی، ژنێتی (femaleness) وەک بابەتێکی بیۆلۆجیک و ژنایەتی (femininity) وەک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی پێناسەکراوی

کولتووری.[1] ئیلەین شوالتر ڕەوتی وشیاریی ژنان بە سێ قۆناغ دابەش دەکات: قۆناغی ژنایەتی (feminine) کە بریتییە لە درێژەدان بەلاساییکردنەوەی شێوە زاڵ و باوەکانی نەریتی هونەری و هەوڵدان بۆ ژنانەکردنیان، قۆناغی فێمینیستی کە داکۆکیکردنە لە بایەخ و مافگەلی کەمایەتییەکان، وە قۆناغی ژنێتی (female) کە بریتییە لە خۆناسین و گەڕان بەدوای شوناسدا.[2] وردبوونەوە لەم چەمکانە نیشانی دەدات کە لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ژن جگە لە چەمکی باوی فێمینیزم دوو چەمکی تریش، ژنێتی و ژنایەتی، لەخۆ دەگرێت. پێناسەی ئەم سێ چەمکانە و گەڕان بەدوای شوێنەواریان لە نووسین بەگشتی و بەتایبەتی لە نووسینی ژناندا دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنن کە پرسی دابەشکردنی نووسین بەپێی جنسی نووسەرەکەی ڕوونتر و بەرهەستتر شی بکرێتەوە.

دەستەواژەی نووسینی ژنانە (an écriture feminine) داهێنانی فێمینیستەکانی فرەنساییە.[3] هۆگری بۆ نووسینی تایبەتیی ژنانە لەلایەن گرووپگەلی ژنان لەناو بزووتنەوەی ژنانی ئەمەریکا و هێندێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا سەری هەڵدا. ئەم هۆگرییە وەڵامێکی ڕادیکاڵ بوو بە ڕابردوویەک کە بەپێی ئەم، ئامانجی ئەدەبیاتی ژنان بریتی بوو لە

1. Toril Moi (1986), "Feminist literary criticism", in Jefferson, Ann and Robey, David (eds), Modern Literary Theory: A Comparative Introduction (2nd edn), London: Batsford, 204-21, p .204

2. Shwalter, Elaine (1982), "Feminist criticism in the wilderness", in Showalter, Elaine (ed(., The New Feminist Criticism: Essays on Women, Literature and Theory, London: Virago, 243-70, p13 .

٣. له زمانی فرەنساییدا له نێوان female و inefemin جیاوازیی ئاواڵناوی نییه، بۆیه ure feminineecrit دەتوانێ هەم ئاماژە بێ بەنووسراوەیەک کە پێوەندیی بە لەش و سێکسوالیتەی ژنەوە هەبێ یاخۆ شێوازێکی نووسین بێ کە دەکرێ بۆ نموونە پیاوێکیش نووسێبیتی.

هەنگاونان بەرەو بەستێنێکی جوانیناسیی جیهانی و گشتگر کە لەباری جنسییەوە بێلایەنە و وەک دەگوترێ نەنێرنەمێیە (androgynist). بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە جوانیناسیی ژنانە پێی وایە نووسینی ژنان دەربڕی وشیارییەکی ژنانەی جیاوازە و داڕێژەری داوونەریتێکی تۆکمەی ئەدەبییە و ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی بەوە دەزانێ کە بەرپەرچی فۆرمول و یاسا و ڕێسای پیاوانەی دژ بە ژن بداتەوە و لە جیاتییان ڕەخنەیەکی تایبەتی بۆ ڕەخنەگرانی فێمینیست بنیات بنێ.[1] ئێلەین شوالتر بەمجۆرە "نووسینی ژنانە" پێناسە دەکات: نووسینی ئەندامی ژنانە و جیاوازیی ژنایەتی لە زمان و لە دەقدا.[2] بەڵام یەک لە فێمینیستە بەناوبانگەکانی فەرەنسایی هێلێن سیسۆ بەمجۆرە باسی ئەزموونی نووسینی ژنانە دەکات: "مومکین نییە ئەزموونێکی نووسینی ژنانە پێناسە بکرێت، وە ئەمەش شتێکە کە بە نامومکینی دەمێنێتەوە، چونکە ئەزموونێکی وا قەت ناکرێ تیۆریزە بکرێ، کۆتاییی بۆ دابندرێ و کۆدی بدرێتێ. ئەوە بەم مانایە نییە کە نووسینێکی وا هەبوونی نییە. بەڵام نووسینێکی وا هەموو کاتێ وەسەرووی ئەو گوتارە دەکەوێت کە سیستمی نێرناوەند کۆنترۆڵ دەکات".[3]

ئەگەر فێمینیزم بەمانای خەبات بێ بۆ مافی ژنان، ئەوکات خۆیایە کە ئەم خەباتە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی ژنان، بگرە پیاوانیش لە ڕیزی خۆیدا جێ دەدات. هەڵبەت لێرەدا، هەروەک پێشتر وتم، مەبەستی ئەم وتارە ئەوە نییە

1. Shwalter, Elaine (1990), "Feminism and literature", in Collier, Peter and Geyer-Ryan, Helga, Literary Theory Today, New York: Cornell University Press, 179-202, p. 187.

2. Showalter, (1982), op .cit., p .299.

3. Cixous, Hélèn (1981), "The laugh of the Medusa", in Marks, Elaine and de Courtivron, Isabelle (eds), Cohen, Keith and Cohen, Paula (trans(., New French Feminisms: An Anthology, New York: Schocken Books, 245-64, p .253.

بچێتە سەر پێچەڵپێچی و بنج و بنەوانی فێمینیزم، بگرە ئەوەی مەبەستی سەرەکییە ئەوەیە کە چاوێک بە ڕۆمانی ژنانی کورددا بخشێنێت و لەم ڕوانگەیەوە تایبەتمەندیی ژنانەیی و جێپێی بیروباوەڕی فێمینیستی بەمجۆرەی لەم ڕۆمانانەدا ڕەنگیان داوەتەوە، دیاری بکات. فێمینیزم، هەر بەو جۆرەی شوالتر ئاماژەی پێ دەکات، وەک ئایدیۆلۆجییەکی سیاسی دەکرێ بە لانی کەم بگەڕێتەوە سەدەی حەڤدەم.[1] بەڵام ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی دیاردەیەکی یەکجار تازەیە. هەڵبەت ڕەخنەی ئەدەبی لەژێر کارتێکەریی ڕەهەندگەلی فێمینیستی دەکرێ لە بەرهەمی کۆمەڵێک نووسەری ژن لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە بەدی بکرێ و کەسانێک وەک مادام دێسائیل، ماری ولستۆنکرافت، جۆرج ئێلیۆت و دواتر ڤیرجینیا وولف و سیمۆن دوبوڤار و... ناوگەلێکن کە لەم بوارەدا چ وەک ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبی و چ وەک ڕەخنەگر گەلێک چالاک بوون. بەڵام، هەروەک ئیلەین شوالتر ئاماژەی بۆ دەکات تەنیا دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٦٨ە کە ژنان بەتەواوی وەک "ڕەخنەگری فێمینیست" دێنە مەیدان و ئەدەبیات لە ڕەهەندێکی سیاسییەوە لەژێر کارتێکەریی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنانەوە دەخەنە بەرباس و هەر لەو سەردەمەشڕایە کە ژنان پتر لە هەمیشە لە لێکۆڵینەوەگەلی ئەدەبیدا جێپێی خۆیان قایم دەکەن.[2]

گرینگیی وشە و دیمەن و لە هەمان کاتدا ئەو داپڵۆسین و بەرەنگارییەی کە لەناو وشەکاندا خۆی حاشار داوە، سەرنجی ڕەخنەگرانی فێمینیستی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی بوونە هەوێنی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگرانی فێمینیست: ژنان چۆن لە بەرهەمی نووسەرانی پیاودا پێشکێش دەکرێن؟ چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لەناو دەقدا و داپڵۆسینی ژنان لە کۆمەڵگەدا؟ بۆچی ژنان لە کۆڕ و

1. Shwalter, Elaine (1990), op .cit., p .180.

2. Ibid., p .179.

کۆمەڵی ئەدەبیدا ئامادە نەبوون؟ ئاخۆ داوونەریتێکی نووسینی ژنانە یان جوانیناسییەکی ژنانەی سەربەخۆ لە ئارادا هەیە؟ ئەگەر مرۆڤ توانیبای باسی "نووسینی ژنانی کردبا، ئاخۆ "نووسینی پیاوانیش" مۆرکی ژێندەری پێوە دیار بوو؟[1] لێرەدا بۆچوونی ڕەخنەگرانی فێمینیست دەکرێ بە دوو ڕەهەندی سەرەکی دابەش کرێت: بۆچوونێک کە باوەڕی بەنووسینی تایبەتیی ژنانە هەیە و بۆچوونێک کە دابەشکردنی ئەدەبیات بە ژنانە و پیاوانە بەڕەوا نازانێت.

ئێدیتۆری بەکۆمەڵی پرسی فێمینیستی دژی دیاردەیەکە بەنێوی "زمانی ژن" و شێوەیەک لە دەربڕین کە تایبەتمەندیی ژنانەی هەبێ. بەبڕوای ماری ئیگلتۆن ئەمە باسێکە کە لەلایەن ئەو قوتابخانە ئەدەبییانەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ کە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچن. هەر بۆیە ئەم زمانە وەک هەموو زمانێکی تر ئەکادیمیک و نێرینەیە. پرسی فێمینیستی بە بەرپەرچدانەوەی نزیکتربوونی زمانی ژنان لە لەش و لە حەزی جنسی و هەستگەلی ڕاستەوخۆ، پێی وایە کە مرۆڤ بەردەوام لە دژی بەستێنی مێژوویی-کۆمەڵایەتی لە خەباتدایە، بەستێنێک کە هەموو کاتێ بۆسەی لە مرۆڤ گرتووە و دەگرێ.[2]

کۆمەڵێک لە ڕەخنەگرانی فێمینیست لە خوێندنەوەی هەر جۆرە دەقێکدا پرسی ژێندەر وەک فاکتۆرێکی بڕیاردەر دەستنیشان دەکەن. مەبەست لە ژێندەر ئەو پێکهاتە دەروونناسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییانەن کە بەسەر جیاوازیی زیندەوەریی سێکسوالیدا دادەسەپێندرێن. جینۆکریتیسیزم کە داهێنانێکی شوالترە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە هەموو نووسینێک لەژێر کارتێکەریی ژێندەردایە. شوالتر لە ۱۹۷۸دا بەپێشنیازکردنی ئەم وشەیە

---

1. Ibid.

2. Eagleton, Mary (ed (1996), Feminist Theory: A Reader, Oxford: Blackwell .p .338.

مەبەستی ئاماژە بوو بەناساندنی لێکۆڵینەوەی فێمینیستیی نووسینی ژنان: خوێندنەوەی دەقی ژنان و ڕاڤەکردنی پێوەندیی نێواندەقیی هەم لە نێوان ژنانی نووسەر و هەم لە نێوان ژنان و پیاواندا.[١] ڕای شوالتر لەمەڕ پرۆژەی تیۆریکی فێمینیستیدا ئەوەیە کە ناکرێ دەق بەشێوەیەکی فۆرمالیستی لە بەستێنی ئەوپەڕئەدەبی هەڵاوێردرێ، وە پرسگەلی ڕاڤە و خوێندنەوە و دەقێتی نابێ لە دەرەوەی ژێندەر و کولتووردا ببیندرێ.[٢] "تیۆریی ئەدەبیی ڕۆئاوایی هەم پیاوناوەندە (phallogocentric) و هەمیش ئێتنۆناوەند، داواکاریی گشتگرانەی هەیە لەسەر بنەمای مێژوویەکی ئەدەبی کە بەتەواوی سپی و نێرە."[٣] باوەڕ بەپێکهاتە و بنەمای ژێندەریی زمان، لەلایەن زۆر نووسەری ژنەوە ئاماژەی پێ کراوە. ئیریگاری قسە لە زمانی ژن دەکات. مۆنیک ویتیگ باس لە تەکنیکی تایبەتیی ڕۆماننووسی دەکات کە پێ لەسەر تایبەتمەندیی لایەنی ژێندەریی زمان دادەگرێت.[٤] "نووسەران وەک

١. هەڵبەت لە ١٩٧٧ کتێبی بەناوبانگی شوالتر ئەدەبیاتێکی خۆیان A Literature of Their Own بەباس لەسەر ڕۆماننووسانی ژنی ئینگلیزی لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، بەکردەوە هەوڵی بەکارهێنانی تیۆریی جینۆکریتیسیزمی دابوو. شوالتر دەڵێت کە ناوی ئەم کتێبەی لە جان ستوارت میل بە نێوی The Subjection of Women (لکاندنی ژنان) وەرگرتووە، نەک ئەو جۆرە کە زۆر کەس بۆی چووبوون لە (A Room of Ones Own) دیوێکی خۆیانی ڤیرجینیا وۆلف. بەپێی جینۆکریتیسیزم هەموو نووسینێک مۆرکی ژێندەری پێوەیە. نووسینی ژنان هەموو کاتێ دوودەقییە یانی لە دیالۆگدایە لەگەڵ داوونەریتی ئەدەبیی ژنانە و پیاوانە. جینۆکریتیسیزم بەوە تاوانبار کراوە کە لێکۆڵینەوەی نووسینی ژنان جیاوازیخوازە (separatist)، واتا ئەم شێوە ڕەخنەیە جۆرێکە لە سێکسیزمی ئاوەژوو.

2. Shwalter, Elaine (1990), op .cit., p .189.

3. Ibid., p .189.

٤. بۆ زانیاریی پتر لەسەر بیروڕای جۆرەوجۆری ڕەخنەگرانی فێمینیست لەسەر تایبەتمەندیی زمان و شێوازی ژنانە، بڕوانە:

Sellers, Susan, language and Sexual Difference: Feminist Writing in France, Macmillan, 1991.

پێویستییەک ئەزموونی ژێندەریی خۆیان دەربڕن،[1] هەروەک چۆن ئەوان وەک پێویستییەک ڕۆحی نەتەوەیی (سەر بە کەمەنەتەوە بوون)، سەردەم و زمان دەربڕن." ژولیا پێنێلۆپ ستانلی پێی وایە کە شێوازی ژنان لە هی پیاوان جیاوازە و تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە شێوازی ژنانە پێویستییەکە بۆ دەربڕینی چلۆنایەتیی ئەندێشە و بیری ژنان کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ شێوازی پێچەڵپێچ و تابیعساز و هێڵییانەی پیاوان.[2]

فێمینیزمی فرەنسایی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕێگەی بەردەم ژنان بریتی نییە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە چوارچێوەی نەزمی ئێستادا، بگرە ئەرکی سەرەکیی ژنان بریتییە لە بردنە ژێرپرسیاری خودی ئەو سیستمە. بەبۆچوونی فێمینیستەکانی فرەنسایی، بۆ نموونە هێلین سیسۆ، لوسی ئیریگاری و ژولیا کریستێڤا، مێژووی ئێمە، فەلسەفەی ئێمە، سیستمی حکوومەتیی ئێمە، یاساکانی ئێمە و تەنانەت ئاینەکانی ئێمە بەرهەمی شێوەیەکی تایبەتی نێرینەی تێگەیشتن و بەڕێوەبردنی جیهانە. بەڕای فێمینیستەکانی فرەنسایی سیستمی ئێستای ڕۆئاوا بەرەنجامی بۆچوونێکی یەکباڵیی نێرە – لە جیهان کە لە زمانی ئێمەدا خۆی دەنوێنێ و بەدرێژاییی چەندین سەدە گەییوەتە ئێمە، بەجۆرێک کە هەم سروشتی دەنوێنێ و هەمیش ڕێگەی لێ دەربازبوونمان بۆ ناهێڵێتەوە. هەر بۆیە، لەم ڕوانگەیەوە ئەوە زمانە کە هەڵگر و ڕاگری بۆچوونی پیاوانە لەمەڕ جیهان. لە ڕاستیدا، بەگوێرەی ئەوان، جیهان لە خۆیدا مانایەکی نییە و ئەوە ئەو پێکهات و بنەمایانەن کە ئێمە بەسەر جیهاندا دەیسەپێنین و چونکی ئەوە بەهۆی زمانە کە ئەم پێکهاتە و بنەمایانە سیمبۆلیزە دەکرێن، هەر زمانیشە کە هۆکاری تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان مسۆگەر دەکات و هەر

1. Ostriker, Alicia (1986), Stealing the Language, Boston: Beacon Press, p .9 .

2. Stanley, Julia Penelope and Wolfe, Susan J ., Toward a Feminist Aesthetic, Chrysalis, 6 (1078), pp .59 . 67.

زمانیشە کە ئامرازی گۆڕانمان بۆ دابین دەکات.[1] بەباوەڕی کریستێڤا دەبێ ژنان دووانەی پیاو/ژن هەڵوەشێنن. بەباوەڕی ئەوان دووانەی پیاو/ژن وەک دژایەتییەک لە نێوان دوو یەکینەی دژ بەیەک دەکرێ وەک دژایەتییەکی میتافیزیکی ببیندرێ. کریستێڤا بە هێنانە ئارای باسی ناسنامە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە باسی ناسنامە و لەو نێوەدا ناسنامەی سێکسوال ناتوانێ لە کاتێکدا کە خودی باسی ناسنامە دەچێتە ژێر پرسیار، مانایەکی ئەوتۆی هەبێ. ژولیا کریستێڤا باسی ئەوە دەکات کە جیاوازییەکی شێوازی لە نووسینی ژناندا نییە. "هیچ شتێک لە بڵاوکراوەکانی ژناندا، لە ڕابردوو و لە ئێستادا، وێ ناچێ ئیزنی ئەوەمان پێ بدا کە دان بەوەدا بنێین کە شتێک بە نێوی نووسینی ژنانە لە ئارادایە."[2] گەیل گادوینی ڕۆماننووس پێی وایە گوتنی "نووسەری ژن" سووکایەتییە و ئەو بۆ خۆی پتر لە هەموو کەس لەژێر کارتێکەریی کۆنرادا بووە. بەبڕوای لوسی ئیریگاری شۆڕشی زمانی برێتییە لە ئافراندنی سیمبۆلێکی تر کە تێیدا جیاوازیی ژنان بتوانێ دواجار خۆ نیشان بدات. پیاوەتی یان نێرینەیی لە ڕۆئاوا هەموو سۆبژە و گوتارێکی داگیر کردووە. ئەو دەڵێت هەوڵی ژنان دەبێ ئەوە بێت کە سازیی و نیهادی نەزمێک دامەزرێنن کە تێیدا جیاوازییەکانی ژنان ئامادەییان هەبێ.[3]

بەگشتی دەتوانین جیاوازیی نێوان نەریتی فێمینیزمی فەرەنسایی و ئەنگلۆساکسۆنی بەمجۆرە فۆرمولە بکەین: لە کاتێکدا کە فێمینیزمی

١. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بۆچوونی فێمینیستەکانی فەرەنسایی و بنەمای تێگەیشتنی ئەوان لە زمان بڕوانە:

Susan Sellers, language and Sexual Difference: Feminist Writing in France, Macmillan, 1991.

2. Moi, Sexual/Textual Politics, London: Methuen, 1985, p .163.

3. Luce Irigary, Sexual Difference in French Feminist Thought, pp .118–130 , translated by Sëan Hand.

فـرەنسـایی لەسـەر زمـان وەک شـوێنی گۆڕان پـێ دادەگرن، فـێمـینیـزمی ئەنگلۆسـاکسـۆنی لەسـەر ڕێفـۆرمی (چاکسـازی) سیـاسی و کۆمـەڵایەتی نەزمی ئێستا پـێ دادەگرن. ئەگەر بۆ فێمینیزمی فرەنسایی خاڵی گرینگ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خودی زماندایە و ئەمەش بریتییە لە نەزمـپـێدان و بایەخدانەوەی دووبارە بە جیاوازییـەکان، بۆ ئەنگلۆساکسۆنییەکان خاڵی گۆڕان لە دەرەوەی زماندایە.

سـەرەڕای بۆچوونگەلی جـۆرەوجـۆر لەمـەڕ جـیـاوازبوون یان نەبوونی نووسینی ژنانە، شـتێک کـە گـومـانی لێ ناکرێ، درەنگ هاتنە مـەیدانی نووسـەرانی ژنە. مـرۆڤ دەکـرێ لە خـۆی بـپـرسـێ دەبـێ هۆکـارەکـانی ئەم دیاردەیە، واتا دەستپێشخەریی پیاوان لە نووسیندا و ئامادەنەبوونی ژنان– شـتێک کە تەنانەت لە سـەردەمی ئێستـاشـدا لە زۆر کۆمەڵگە، بۆ نموونە لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا، دیاردەیەکی بەرچاوە – چ بن؟ لەناو نووسـەران و ڕەخنەگرانی ژندا ڤیرجینیا وۆلف خاوەنی پلەیەکی بەرزە و بەباوەڕی من لێکدانەوەی ئەم ئەدیبە گەورەیە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەم باسە. ڤیرجینیا وۆلف لە داستانێکی خەیاڵیدا دەڵێت: وای دانێین کە شێکسپیر خوشکێکی هەبوو، کـچێک بە قـەد براکـەی توانا. بـەڵام ئەویان نەناردە خـوێندنگە، ئەو شانسی فێربوونی گرامێر و لۆجیکی نەبوو. پێش ئەوەی کە تەمەنی گەنجی تێـپـەڕ کـات قـەرار دراوە بە تۆپزی بە مـێـردی بدەن. ئەو هاوار دەکـا کـە نیـفـرەتی لە زەمـاوەندە. بابی بە توندی لێی دەدا. ئەو ملی ڕێگە دەگـرێت بەرەو لەندەن. لەبەر دەرگـەی شـانۆیەک ڕادەوەسـتێ. دەیەوێ ببـێـتـە هونەرمـەند. پیـاوان پێی پـێ دەکەنن. دواجـار نیک گـرین کـە بەڕێوەبەری شانۆیە زگی پـێ دەسووتێ و لای خۆی داڵدەی دەدات. کچە دواتر پـێ دەزانێ کـە زگی لەم پیـاوە پڕە و لە شـەوێکی زستـانیـدا خـۆی دەکـوژێت.[1] لێـرەدا

1.Woolf, Virginia (1994), A Room of Ones Own, Flamingo Modern Classic, pp .53–54. first published in 1929 by the Hogarth Press Ltd.

دەبینین وۆلف چۆن هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وەک فاکتۆرێکی گرینگ دەبینێ لە ڕەخساندنی مەجال بۆ نووسین. ئەگەر هەلومەرج بۆ خوشکی شێکسپیر لە سەدەی شازدەمدا و لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا لەبار نەبووبێ، دەتوانین بەسانایی بزانین کە هەلومەرج لە قۆناغەکانی پێشتردا چۆن بووە. ڕێنیسانس و دەورەی ڕۆشنگەری ڕەنگە هێندێک گۆڕانکارییان بۆ ژنان پێکهێنابێ، بەڵام چەند سەدەی خایاند تاکو ئەم هەلومەرجە لە قازانجی ژناندا تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی بێت[1] و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، بەتایبەتی لە دەرەوەی ئەمەریکا و ئەوروپا، هێشتا زۆر دوورین لە هەلومەرجی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان.[2]

تەنانەت لە ئەوروپای سەدەی ڕۆشنگەریدا نووسینی ژنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژنان وەک کارێکی سێکسوالی و ناشایست سەیری دەکرا و ژنان هان دەدران بەبێدەنگی. هەر بۆیە ئەو ژنانەی بەرهەمی خۆیان بڵاو دەکردەوە بەردەوام کارەکەیان بە هۆکارێکی خوایی، دایکانە یان سیاسی پاساو دەدا.[3] هەتا سەدەی هەژدەمیش نووسینی ژنان هەموو کاتێ بەو تێبینییەوە بڵاو دەکرانەوە کە ئەم جۆرە نووسینانە شتێکی ناباو و نائاساین و داوای لێبووردن لە خوێنەرەوە دەکرا. زۆرجاریش ژنان بە ناوی

---

١. لە ١٦٤٠ هەتا ١٧٠٠ نووسینی ژنان تەنیا ٢,١٪ی بڵاوکراوەکانی بەریتانیایان پێک دەهێنا. بۆ زانیاری لەمەڕ هەلومەرجی ژنان و باسی ژێندەر لە قۆناغەکانی بەراییی ئەوروپای نوێدا، بڕوانە:

Wiesner, Merry E (2000) Women and Gender in Early Modern Europe: New Approaches to European History, Cambridge: Cambridge University Press.

٢. ئەگەر وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە مارتین لوتێر، یەک لە پێشەنگەکانی ڕێنێسانس، چۆن نیفرەتی خۆی لە پاپ دەردەبڕێت، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت لەو سەردەمیشدا ژن چ جێگەیەکی لە زەینی پیاواندا هەبووە. لوتێر بۆ دەربڕینی بێزاری و ڕقی خۆی لە پاپ، ئەو وەک قەحبەی بابیلۆن ناوزەد دەکات.

3. Wiesner, op .cit., p 190.

خوازراو بەرهەمی خۆیان بڵاو دەکردەوە، یان لە جیاتیی داهێنانی خۆیان ڕوویان لە وەرگێڕان دەکرد.[1] وۆلف بە ڕاشکاوی دەڵێت کە ئەگەر قەرارە ژنێک داستان بنووسێ دەبێ پارە و ژووری خۆی هەبێت. بەباوەڕی وۆلف ئەوەی کە ژن و پیاوی لە ئاستی داهێناندا جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە پیاو دەیتوانی بچێتە ژوورەکەی خۆی و بنووسێ. ژن نە ئەو مەجالەی هەبوو و ئەگەریش هەیبا، نەیدەزانی چ لەو کات و شوێنە بکات و چ بنووسێ. ئەگەرچی ژنان زۆر شتی سەرنج ڕاکێشیان بۆ نووسین هەبوو، لەبەرئەوەی کە تواناییی فیکریی ئابستراکتیان گەشەی نەکردبوو، هونەری وشە هەر تایبەت بوو بەپیاوان. بە باوەڕی وۆلف ئازادیی ڕۆشنبیری، گرێدراوی شتگەلی مادییە و لە هەلومەرجێکدا کە ژنان ئازادیی ڕۆشنبیرییان لە

---

١. گرفتی ژنبوون، تەنانەت لە سەدەی نۆزدەمی ئەورووپاشدا وای دەکرد کە هێندێک نووسەری ژن، بەنێوی پیاوان بەرهەمەکانیان بڵاو کەنەوە. ئەم کارە مەجالی ئەوەی دەدانێ کە لە دەسەڵاتی زاڵی پیاوانە و لە هەمان کاتدا لە ئازادیی ئەوان کەڵک وەرگرن. لەناو ژنانێکدا کە بەرهەمەکەیان بە نێوی پیاوان بڵاو کردووەتەوە، دەکرێ ئاماژە بەم نووسەرانە بکرێت: ئێرنێست ئالگرێنی سوێدی کە ناوی ڕاستەقینەکەی ڤیکتۆریا بێنێدیکتسۆن بوو. جۆرج ئێلیۆتی ئینگلیزی کە ناوی ڕاستەقینەی ماری ئان ئیڤانس بوو. فێرناند کابالێرۆی سپانیایی کە ناوی ڕاستەقینەی سیسیلیا بەل بوو. جۆرج ساندی فەرەنساییش لە ڕاستیدا نازناوی ژنێک بووە. هەڵبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا ژنانێک دەبینین کە لە بەرهەمەکانیاندا باس لە گرفتی ژنان و مێردکردن دەکەن و تەنانەت زەماوەند و ژیانی هاوسەری دەبەنە ژێر پرسیار. ئافرا بێهن، مارگارێت کاوێندیش، فرانس بۆتبی و ئێلیزابێت پۆلوێل لە ڕیزی ئەو نووسەرانەدان کە گرفتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بۆ ژنان باس دەکەن. هەر لە سەدەی حەڤدەشرا ژنان دەست بەنووسینی ژیاننامەی خۆیان دەکەن و بابەتگەلی ئەخلاقی و رۆحی و هەستییانە دەبنە هەوێنی نووسینە ژیاننامەییەکانیان. لە ڕاستیدا ئەوەی کە هێندێک ژن بەنێوی پیاوان بەرهەمەکانی خۆیان بڵاو کردووەتەوە و کەسیش پێی نەزانیوە، دەتوانێ پشتیوانیی بەهێزی ئەم باسە بێت کە مرۆڤ ناتوانێ لە نێوان شێوازی نووسینی ژنانە و پیاوانەدا جیاوازی دابنێت.

کورانی کۆیلەکانی ئاتێن کەمتر بووە، چۆن دەکرێت قسە لە هەبوونی نووسینی ژنان بکرێت.[1]

جگە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و لایەنی مادی، وەک پێداویستیی سەرەتایی بۆ نووسین، بەگوێرەی وۆلف، لە ئارادانەبوونی پێشینەی داوونەریتی نووسین، گرفتێکی تری سەرەکی بوو لە بەردەم ژنانی نووسەردا. لە باسی گرفتی ژنانی ڕۆماننووسی سەدەی نۆزدەمدا، وۆلف دەڵێت کە ئەوان هیچ داوونەریتێکی نووسینیان بەر لە خۆیان شک نەدەبرد. هەر بۆیە کاتێک نووسەری ژن دەستی بۆ قەڵەم دەبرد، خۆی بەبێ ڕابردوو دەزانی و بیری لە ژنبوونی خۆی دەکردەوە و ئەمەش شتێکی کوشندەیە کە مرۆڤ لە کاتی نووسینی داستاندا بیر لە جنسی خۆی بکاتەوە. ئەوە کوشندەیە کە نووسەر تەواو ژن بێت یان پیاو. نووسەر دەبێ پیاوانە – ژنانە یاخۆ ژنانە – پیاوانە بێت.[2] گرفتی ئابووریش لە قەراغ گرفتی نەخوێندەواری و گرفتی کولتووری کە ژنی بێدەنگی پەسن دەدا، هۆکارێک بوو کە پێشی لە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ژنان دەگرت. ئەگەر نووسەر خۆی پارەی نەبا یاخۆ کەسێکی پووڵدار لە پشتی نەبا، چاپی بەرهەم شتێکی ئەستەم بوو. بۆ نموونە لە مێژووی ئەڵمان لە سەدەی حەڤدەمدا، هەموو ئەو ژنانەی بەرهەمیان لێ بڵاو کراوەتەوە سەر بەچینی ئەشراف بوون. ئەمە جگە لەوەی کە بواری ئابوورییان باش بوو، هەلومەرجی کۆمەلایەتییان لە زۆر ڕەخنەی کە دەهاتەوە سەر ژنانی نووسەر، دەیپاراستن. لە بیرمان بێ کە زۆربەی بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەو سەردەمە (سەدەی شازدە و بەراییی سەدەی حەڤدە) بەرهەمی ئاینی بوون.[3]

1. Woolf, op .cit., P 160.

٢. وۆلف ئاماژە بە کۆمەڵێک نووسەر دەکات کە نەنێرنەمێن (androgynous): شێکسپیر، کیتز، ستێرن، کووپێر، لەمب، کالێریج. شێلی ڕەنگە هەر جنسی نەبووبێ. میلتۆن و بێنجانسۆن نێرایەتییان زۆر بووە و هەروەها وردسورس و تۆلستۆی. پرۆست تەواو نەنێرنەمێ بووە (وۆلف، سەرچاوەی ئاماژەپێکراو، ل. ١١٢).

3.Wiesner, op .cit, p .191.

ڕەوتی سەرهەڵدانی ڕۆمان لەناو ژناندا بەدوای کۆمەڵێک ئەزموون لە بوارەکانی تری نووسیندا دەبێتە باو. هەڵبەت لێرەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ژنان و پیاواندا نییە. ئەوەی جیاوازە، وەدرەنگکەوتنی ئەم ڕەوتەیە لەلای ژنان. لە سەرەتادا (دەورەی ڕێنێسانس و ڕۆشنگەری) ژانری شیعر ژانری باو لەناو ژناندا بوو و بابەتی شیعرەکانیان پتر گوتاری ئاینی و ئەخلاقی بوون. نامەنووسی وەک یەکێک لە پێشفەرزەکانی ڕۆمان ناسراوە و ژنانی هەڵبژاردەی ئەوروپایی لە بواری نامەنووسیندا چالاک بوون. لە ڕاستیدا نامەنووسین وەک ئامرازێک دەبیندرا کە بەهۆی ئەوەوە ژنان زانست و داهێنانی خۆیان لە بواری زماندا نیشان دەدا. بۆ نموونە مادام دێ سێڤین وەک گەورەترین نامەنووسی ئەدەبیاتی فرەنسا دەستنیشان دەکرێ و پتر لە ١٣٠٠ نامەی لەپاش بەجێ ماوە. سەدەی هەژدەم وەک سەدەی گەشەکردنی ڕۆمان ناسراوە و ژمارەی ژنانی ڕۆماننووس زۆر بەرچاو بوو. بیرەوەریی نووسینیش کە وەک پێشینەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمان دەناسرێ یەک لەو بوارانەیە کە ژنان لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەوە شانی وەبەر دەدەن و کەسانێک وەک مادام دێلافایەت و کۆمتێس دێموورا بیرەوەریی خۆیان لە ژیانی ناو دەرباردا دەنووسنەوە.

لە ڕاستیدا باوەڕ بە پۆلینەکردنی نووسین بە ژنانە و پیاوانە بەدوور لەو ڕاستییەیە کە ژنایەتی و پیاوەتی یاخۆ ژنانە و پیاوانە پرسێکی ژێندەرییە نەک جەوهەری. لە هەمان کاتدا ئێمە قسە لە "ژنان" دەکەین و ئەمەش کاتێگۆرییەکی قەتیس و وشک و یەکدەست نییە و لەناویدا جیاوازیی ڕەنگ، چین، ئایدیۆلۆجیا و بیر و بۆچوون شتێکی تەواو ئاشکرایە. کەوابوو قسەکردن لە یەکدەستبوونی ئەدەبی ژنان و نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەلایەن ئەدەبیاتێکی تایبەت بە ئەوان هەر بەهەمان ئەندازە هەڵەیە کە قسە لە ئەدەبیاتی پیاوان بکەین. ئەوە ڕاستە کە جنسی کۆمەڵایەتی واتا ژێندەر وەک بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵێک فاکتۆری جیاوازی کۆمەڵایەتی،

ئابووری، کولتووری، پەروەردەیی و سیاسی پرسێکی جیدییە و زمان لە ئەنجامی مێژوویەکی پیاوانەدا تایبەتمەندیی نێرینەناوەندیی (phallogocentric) وەرگرتووە، بەڵام زاڵبوون و ئاگابوون بەسەر ئەم میکانیزمانەدا دەتوانێ ئاسەوار و شوێنەواری پیاوانەی زمان بسترێتەوە و لە ڕاستیدا خەبات لەم پێناوەدا جارێ زۆری بە بەرەوە هەیە و بەبڕوای من ئەمە نەک لە ڕوانگەیەکی جەوهەرییەوە بۆ ژنایەتی و پیاوەتی، بگرە لە ڕوانگەیەکی ژێندەرییەوە چارەسەر دەکرێت. واتا باوەڕێک کە سیمۆن دوبۆڤار زۆر بەجوانی فۆرمولەی کردووە و دەڵێ کە ئێمە وەک ژن لەدایک نابین، بگرە دەکرێین بە ژن.

ڕۆمان وەک بەرهەمی سەردەمی نوێ خۆی لە خۆیدا نیشانەی پەرەگرتن و ڕەگئاژۆبوونی دیاردەی مۆدێرنیتەیە لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر خوێندنەوەی ڕۆمان ببێتە ئەو ئامرازەی کە مرۆڤەکان کاتی پشووی خۆیانی پێ بەرنە سەر، لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوە لەخۆ لە قاڵبێکی هونەریدا. کەسایەتی و تاکبڕوایی لەم ژانرەدا پتر خۆی زەق دەکاتەوە. ڕۆمانی ژنان نەک هەر لەباری هونەرییەوە، بگرە لەباری کولتووری و کۆمەڵایەتیشەوە گرینگە. بەمجۆرە ژمارەی ڕۆماننووسان، بە ژن و پیاوەوە، ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارەی خوێنەرەوان و بازاڕی کتێب لە ڕیزی ئەو پێوەرانەدان کە ئاستی گەشەکردوویی و پێگەیشتنی کۆمەڵگە دەستنیشان دەکەن. با بزانین ڕۆماننووسانی ژن لە بەستێنی ڕۆماننووسیی کوردیدا چەندە بەرچاون و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ژنانی کورد کامانەن.

## بڵند و نەوی

ئەم ڕۆمانە نووسراوی نەسرین جەعفەرییە و ساڵی ١٩٩٨ لە مەهاباد چاپ بووە.

خانۆ دوو ژنی هەیە (نارین و گوڵبەر) و بەهەڵکەوت، لە کاتی چوونی بۆ گوندێک، تووشی پەریزاد دەبێ و لە ئاکامی ڕووداوێکدا دەیخوازێ و دەیبات بۆ قەڵایە. پەریزاد کچێکی جوانە و پێشتر کوڕێکی خۆش ویستووە بەناوی عەلی. میرانی کوڕی مووساخان کە حەزی لە پەریزادە، عەلی دەکوژێت. دواتر، پەریزاد کە جیاوازیی تەمەنی لەگەڵ خانۆدا یەکجار زۆرە، لە خانۆ زگی پڕ دەبێ. پەریزاد خەونێک دەبینێت و وا لێک دەدرێتەوە کە منداڵی ناوزگی پەریزاد کوڕە و دەبێتە تۆڵەئەستێنی خانۆ. پەریزاد بەئەمری خانۆ، لەگەڵ خدر قەڵا بەجێ دەهێڵێ و لە گەمارۆی دوژمن دەردەچێ و دوو ڕۆژ دواتر لە ماڵی هەژارێکی گوندی دەگیرسێتەوە. قەڵا بەدەستی دوژمن داگیر دەکرێت و خانۆ دەکوژرێت. بەپێچەوانەی دمدمی شەمۆ کە قەڵا تێک دەچێت لێرەدا پەریزاد ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێ و لێهاتوویی زۆر لە خۆی نیشان دەدات کە کوڕەکەی پەروەردە کات و هاوکاریی لەگەڵ بکات بۆ گرتنەوەی قەڵا. ماوەیەک پاش ئەوەی پەریزاد لەگەڵ مام خدر قەڵا بەجێ دەهێڵێت، دەچێتەوە لای دایک و بابی خۆی و لەوێ تەمری کوڕی لەدایک دەبێ. پەریزاد لەگەڵ ئەلغ بەگ ڕێک دەکەوێ بۆ گرتنەوەی قەڵا. پەریزاد، بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، خۆی دەگۆڕێ و وەک قەرەواشێک دەچێت بۆ قەڵا و لەوێ خەریکی کار دەبێت. ئێوارەیەک دەرگەی قەڵا لە پشتەوەڕا دەکاتەوە و ئەلغ بەگ و سوارەکانی دێنە ناو قەڵا و دواتر لە ئەنجامی ڕاپەڕینی خەڵک دوژمن

تێک دەشکێ و قـەڵا دەکـەوێتـە دەست ئـەلغ بەگ. بـەڵام، دواتر هێـرشـیـان دەکرێتـە سـەر و ئەلغ بەگ لـە ئاکامی تەقـینەوەی بارووتدا چاوەکانـی کوێر دەبن و بە ناچاری لـە قـەڵا پاشـەکشـە دەکـەن. سـاڵانێک دواتر، تەمـر لەگـەڵ کچی پاشـاخـان زەمـاوەند دەکات و بە هـاوکاریی خـانـە کوردەکان و بەر لە هـەر شتێک بەهـاندانی دایکی، قەڵا دەگرێتەوە. پەریزاد قـەت شوو ناکاتەوە و دەڵێت کە هـەردەم بە خانۆی لەپزێرین وەفادارە.

ئـەم گێڕانـەوەیە لە ڕاسـتیدا پتر لایـەنی ڕۆمـانسـیی هـەیە و گـرێدراوییـەکی ئەوتۆ لە نێـوان شـوێن و زەمـەندا نـیـیـە. دەکـرێ بـە چاوپۆشـیکردن لە کـەمـوکووڕییـەکـانی گێڕانەوەکە لـە باری شـێواز و کـەسـایەتیـیـەکانەوە، وەک ڕۆمـانێکی مێژوویی پۆلینە بکرێت. یەک لـە گرفتە سـەرەکییـەکانی ئەم ڕۆمانە برێتییە لە پێناسـەی کارەکتەرەکان. لە ڕاستیدا، تۆنی ئاخافتنی کارەکتەرەکان و تۆنی قسـەی گێـڕەرەوە وەک یەک وایە. لە هـەمـان کاتدا بە لە بـەرچاوگرتنی مـێژووییـبـوونی ئەم ڕۆمـانـە و بەمـجـۆرەی کە لـە ڕۆژگـاری ئـەمـڕۆدا ڕۆمـانی مـێژوویی، بەلانی کـەم بـەدوای داهێنانەکانی والتر سکات لـەم بارەدا، پێناسـە دەکرێت، چاوەڕوانی ئەوە دەکـرێت کە فـەزا و گوتاری ڕۆمـانەکە مـۆرکی ئەو سـەردەمە مێژووییـەی پێوە بێت کە باسی دەکات، بەڵام مخابن ئەمە شتێکە کە تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ دمدمی عـەرەب شـەمۆدا کـە ٣٢ ساڵ بەر لەم ڕۆمـانە نووسراوە، زۆر کـەموکووڕیی هـەیە. سـەرەڕای ئەم لایەنە لاوازانە، ئەم ڕۆمانە ئاوێنـەیـەکی باڵانوێنە لـە داوونەریتی کـوردەواری، ڕێوڕەسـمی شـایی، ژیانی دۆمـەکـان، ژیانی گوند و تایبـەتمەندییـەکـانی دەسـەڵاتی بێ ئـەمـلا و ئەولای پیـاو (بۆ نمـوونە هەڵسـوکـەوتی زاڵمـانـەی بـاوکی پەریزاد، وسـوو، لەگـەڵ دایکی، خـەجێ)، فۆلکلۆر، هـەلومـەرجی سـەختی ژیان، باوبوونی خـورافـات، چەندژنی، بەخیلی ژنان بەیەکتر و... هتد. لە زۆر جێگەی ڕۆمانەکەدا باس لە کورد و کوردسـتـان دەکرێت و دەکرێ مرۆڤ لەبەر ڕووناکیی زەینییـەتی ئەمڕۆی کوردییشدا بیخوێنێتەوە.

بەراوردێکی خێرای ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی عەرەب شەمۆ، دمدم، نیشان دەدات کە ژنبوونی نووسەرەکەی کارتێکەرییەکی بەرچاوی هەیە لە بەرجەستەکردنەوەی ڕۆڵی ژن لە ڕووداوەکاندا.[1] لە ڕاستیدا لە کارەکەی عەرەب شەمۆدا، جگە لە چەند شوێنێک کە چەند ژنێک بەشدارییەکی چالاکانەیان هەیە لە پاراستنی قەڵا و بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا، ژنان ڕۆڵێکی ئەوتۆ نانوێنن، وە ئەمەش پێچەوانەی ڕەوتی ڕووداوەکانی بەرهەمەکەی خاتوو نەسرینی جەعفەرییە کە تێیدا پەریزاد ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە پرۆسەی تێکۆشانی کوردەکان بۆ ڕزگارکردنەوەی دووبارە و سێبارەی قەڵا.

## کۆچ[2]

مەهاباد قەرەداغی لە ڕاستیدا وەک شاعیر ناسراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا لە گەلێک بواری تریشدا چالاک بووە و کەم جۆرەی ئەدەبی هەیە کە

١. دمدمی عەرەب شەمۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٦٦ لە سۆڤیەتی بەرێ چاپ کرا و دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ لە سوێد چاپ دەکرێتەوە. وەرگێڕانەکەی مامۆستا شوکور مستەفا یەکەم جار لە ١٩٧٥ لە بەغدا چاپ دەکرێت و لە ١٩٨٤دا بۆ جاری دووەم چاپ دەکرێتەوە.

٢. کۆچ کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٤ لە سوێد بڵاو دەبێتەوە، هەڵگری ناسنامەی "چیرۆک"ە. بەڵام دواتر هەر ئەم "چیرۆکە" بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک دەبێت بە"ڕۆمان". بۆ ئەم گۆڕانە ژانرییە، نووسەر هیچ ڕوونکردنەوەیەک بەدەستەوە نادات. تۆ بڵێی باوبوونی ڕۆمان لە ڕۆژگاری ئێستادا بووبێتە هۆی ئەم مۆتاسیۆنە؟ هەرچۆنێک بێت بەرهەمی ئەدەبی بەپێی لایەنە هونەرییەکانی میدالیای سەرکەوتن وەردەگرێ نەک بەهۆی ئەوەی کە سەر بە کام جۆری ئەدەبییە، شتێک کە لە بنەڕەتدا پۆلینکردنێکی تەکنیکی و دەستکردە نەک جەوهەری. ڕەنگە خوێنەرەوان لەسەر ڕۆمان یان چیرۆک بوونی دەقێک کێشەیان هەبێت، بەڵام ئەوەی کە نووسەر خۆی لە دوو سەردەمی جیاوازی زەمەنیدا دوو ناسنامەی جیاواز بۆ بەرهەمێکی خۆی هەڵبژێرێت، بەلانی کەم پێویستی بە ئاماژەیەک هەیە.

خۆی لە قەرەی نەدابێت. هەر بەوەش ڕانەوەستاوە و چەندین لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانناسی و... نووسیوە. لە لیستە دوور و درێژەکەی کۆی بەرهەمەکانی مەهاباد قەرەداغیدا چاومان بەناوی سێ ڕۆمانی چاپکراو دەکەوێت و ئاماژە بە ڕۆمانێکیش دەکرێت کە لەژێر چاپدایە. من لە سێ ڕۆمانە چاپکراوەکەی خاتوو مەهاباد تەنیا دوویانم بینیوە و لێرەدا ئاماژە بەهەردووکیان دەکەم.

ڕۆمانی کۆچ بە نزا و سکالایەک لە یەکەم کۆچ واتا لە جیابوونەوەی منداڵ لە دایک دەست پێ دەکات. نەورۆز لە تەمەنی شازدە ساڵیدا لەبەر نووسینی شیعرێک زیندانی دەکرێت. باوکی و سوارەی دەزگیرانی بەدەست پیاوانی ڕێژیم ئەکوژرێن. دوای ساڵێک لە زیندان ئازاد دەبێ. ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە شار بەجێ دەهێڵن، نەورۆز دێتەوە یادی کە دەفتەری شیعرەکانی لە بیر چووە. بەبێ ئاگەدارکردنی دایک و خوشکی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. لەم بەینەدا لەگەڵ ڕزگاری پێشمەرگە ئاشنا دەبێت. ڕزگار هاوڕێیی دەکات لە چوونەوە ماڵ و هێنانی یاداشتەکانی. دواتر ڕزگار یاداشتەکانی خۆشی دەدات بە نەورۆز. نەورۆز وەشوێن دایک و خوشکی دەکەوێت و دەچێتە ناو ئاپۆرەی خەڵکەوە. دواتر منداڵێکی ساوا لە تەنیشت جەستەی مردووی دایکێک دەبینێتەوە و وەک منداڵی خۆی هەڵی دەگرێتەوە و ناوی لێ دەنێت ئاوات. لە نزیکی سنووری ئێران خوشک و دایکی دەدۆزێتەوە و دوای دوو ڕۆژ چاوەڕوانی ئیزن دەدرێن بچنە ناو خاکی ئێران. چەند مانگێک لە کەمپ دەمێننەوە و لێرە دیسان تووشی ڕزگار دەبێت و بڕیار دەدەن لەگەڵ یەک بژین و منداڵەکەش، ئاوات، بە منداڵی خۆیان قەبووڵ کەن. دواتر دەچنەوە ماڵی خۆیان. بەڵام ئێوارەیەک گوللەیەک ئاوات دەپێکێ و لە ئامێزی نەورۆزدا دەمرێت. دواتر ڕزگار و نەورۆز وڵات بەرەو ئەورووپا بەجێ دەهێڵن و کۆچی دووەمیان دەست پێ دەکات.

کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ بەرەو سنووری ئێران هەوێنی سەرەکیی ئەم

ڕۆمـانەیە. مـاوەی ڕۆمـانەکـە چەند مـانگە و کـۆتاییی ڕۆمـان هاوکـاتە لەگـەڵ وتووێژی ڕێبـەرانی کـورد لەگـەڵ سـەدام لە هەمـان سـاڵدا. ڕووداوەکـان لە ڕوانگەی سـێیـەم کـەسی هەمـووشـتزانـەوە دەگێڕدرێنەوە.کاراکـتێری یەکـەمی ڕۆمان ژنێکی بیست و پێنج ساڵانەیە بەنێوی نەورۆز. لێرە و لەوێ بە یارمەتیی گەڕانەوە (فلاشبـەک) تیشک دەخرێتـە سەر پێشـینەی ژیانی نەورۆز. خـاڵێکی سەرنج ڕاکێش و بەباوەڕی من بوێرانە و ژنانە و ئازایانە لەم ڕۆمـانەدا بڕیاری نەورۆزە بۆ ژیان لەگەڵ ڕزگار. بەڵام دەبێ بڵێم ئەم بڕیارە زۆر ئیدیالیزە کراوە و پتـر لە هـەڵوێسـتـێکی شـۆڕشگێـڕانە دەچێت تا بڕیـارێک کـە ڕیشـەی لە هەستەکانی نەورۆزدا بێت. هەڵبەت، کارەکتەرەکان لە بەرهەمـەکانی مەهاباددا بەگـشـتی لە دەربڕینی هەسـتـیـاندا ئازان و زۆر ڕچەشکێن. پرس ئەوەیە کـە ئاکاری ئەم کاراکتەرانە چەندە هەڵقووڵاو و گرێدراوی جیهانی خوڵقێندراوی ئەم ڕۆمـانەن؟ ئاخـۆ هەر بەمـجـۆرەی کـە جیـهـانی ڕۆمـانـەکە لاسـاکـەرەوەییی ئەو جیهانەیە کە ئێمە بە جیهانی واقیع ناوی دەبەین، هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانیش لە چوارچێوەی نەزمی باودا قـەتیس نەکراون؟ ڕۆمانی سـەرکـەوتوو وێڕای ئەوەی کە جیهانێک دەخـوڵقێنێ کە کۆپیی واقیع نییە، کارەکتەرەکانیـشی ملکەچی ئەو واقیـعـە داسـتـانییـەن کە تێیدا دەژین، نەک جیـهـانی دەرەوەی گێڕانەوەکە. من هەست دەکەم ئەم ڕۆمـانـە هەر بەو جۆرەی کە گێڕانەوەیەکی ڕیپـۆرتاجـانەیە لە واقـیـعی کـۆمـەڵێک ڕووداو (لێرەدا، کـۆڕەو)، هەڵوێسـتی نەورۆز و ڕزگـاریش لە چوارچێوەی ئـەو میکانیزمانەدا جێیان دەبێتـەوە کە پێوەستن بە ئەم واقیعە و لە هەردوو حـاڵەتدا خـوێنەرەوە بەردەوام دەگـێڕدرێتـەوە ناو واقـیـعی کۆمـەڵگە و لە چێژوەرگرتن لە دنیایەکی داسـتـانی بێبـەش دەبێت، دنیایەک کـە دەگوترێ ئەگـەر جـوان و هونەرمـەندانە وێنا بکرێت زۆر لە دنیـای واقـیع ڕاسـتـەقینەترە و دەتوانێ ئامـرازی تێـفکرینی قـووڵـتـری ئێـمـە لە ئاست جـیـهـانی دەوروبەرمـان مـسـۆگـەر بکات.

دەکـرێ بگـوتـرێ کـە تێـمـای سـەرەکـیی ڕۆمـانـەکـان و تەنـانـەت کـورتە

چیرۆکەکانی مەهاباد قەرەداغی بریتییە لە هەلومەرجی ژنانی کورد، پرسی جنسی کۆمەلایەتی و ئەڤینی ولات. بەلام ئاخۆ نووسەر لە ئافراندنی هونەرییانەی ئەم تێمایانەدا چەندە سەرکەوتووە؟ ئەمە پرسێکە کە خوێنەرەوەی رۆمان و کورتە چیرۆکەکانی مەهاباد لە خۆی دەکات و بە باوەڕی من ئەوەی لەم بەرهەمانەدا زەقە، خودی تێماکەیە و مرۆڤ بە دەگمەن تووشی تەکنیکی بەرزی نووسین دەبێت. رۆمانەکانی مەهاباد لە نامۆکردنی تێما و جیهانی گێڕانەوە بە ئەو فەزایەی ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا خوومان پێ گرتووە، سەرکەوتوو نین. کارەکتەرەکان لە ڕێڕەوی ئاکار و ئاخافتنی خۆیاندا، خۆیان پێناسە ناکەن. دەنگی زاڵی گێڕەرەوەی هەمووشتزان باڵی بەسەر کەسایەتی و ڕووداوەکاندا کێشاوە. خوێنەرەوە ئەستەمە لەسەر بنەمای خودی گێڕانەوەکان تووشی جیهانێکی گێڕانەوەیی بێت کە سەربەخۆیانە گوزارە لە خۆیان بکەن. جیهانی گێڕانەوەیی بۆ دەربازبوون لە زەخت و زەبری ئایدیۆلۆجیا، ناسیۆنالیستی، فێمینیستی یان هەر چەشنە ئایدیۆلۆجیایەکی تر، کۆمەڵێک تەکنیک و شگردی ئەدەبی و هونەری پێویستن کە مانەوەی گێڕانەوەیەک لەودیوی تێماکانیدا، بۆ درێژخایەن دەستەبەر دەکەن. لە ئامادەنەبوونی تەکنیکی داستانی و لایەنی هونەریی گێڕانەوە، تریتانەی زەینی خوێنەرەوە دەدەن کە ئافراندن پشوویەکی درێژتر و هەمبانەیەکی پڕتری پێویستە.

## ئەڤین ئاوی ژیانە

ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاو بووەتەوە. من دەستم بەنوسخەی چاپکراوی ڕۆمانەکە نەگەیشتووە و ئەو چاپەی بنەمای ئەم خوێندنەوە پێک دێنێ، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو بووەتەوە. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا مێژووی نووسینەکەی دەستنیشان کراوە (٢٠٠٤/٤/٢٠ تا ٢٠٠٤/٤/٣٠)[١]

١. هەروەک ئەم ڕێککەوتانە نیشان دەدەن ماوەی نووسینی ئەم ڕۆمانە دە ڕۆژە. ڕەنگە ماوەی نووسینی ڕۆمانێک لە نووسەرێک بۆ نووسەرێکی ترەوە زۆر جیاواز بێ و کەس نەتوانێ بۆ نووسینێک ماوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکات. بەڵام ئەوەی لای من شتێکی نائاساییە ئەوەیە کە مرۆڤ لە ماوەی دە ڕۆژدا بتوانێ ڕۆمانێک بنووسێت. هەڵبەت لێرەدا بەهیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نییە کە فەرمایشتەکەی خاتوو مەهاباد جێی متمانە نییە، بگرە مەبەست ئەوەیە کە ئەم ماوەیە زۆر کەمە. پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە نموونەی دوو ڕۆماننووسی لە ئاستی جیهانیدا ناسراو بکەم، بۆ ئەوەی کە ئاماژەیەکم کردبێت بە گرینگیی تەرخانکردنی ماوەی پێویست بۆ نووسینی ڕۆمان، هەڵبەت ئەگەر بمانەوێت بەرهەمێکی ئەدەبیی نەمر لە خۆمان بەجێ هێڵین. یەک لەم نموونانە ڕۆمانی پیرەمێرد و زەریایە لە نووسینی ئێرنێست هێمینگوای. هێمینگوای شێست جار بەم ڕۆمانەدا چووەتەوە و گۆڕانکاریی تێدا پێک هێناوە. ئەم ڕۆمانە لەباری ژمارەی لاپەڕەوە ناگاتە نیوەی ئەڤین ئاوی ژیانە. نموونەیەکی تر نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی تیۆدۆر فۆنتەینە کە توماس مان بەباوکی خۆی ناوی دەبات و هاینریش مان بە خوڵقێنەری ڕۆمانی نوێی ئەڵمانی ناوی دەبات و گۆنتێر گراس و سامۆئێل بێکێت خۆیان لەژێر کارتێکەریی ئەودا دەبینن. فۆنتەین بەدوای دەیان ساڵ نووسین و سەلماندنی توانایی خۆی لە بواری ڕۆژنامەنووسی، ڕەخنە و بیرەوەرینووسی، ڕۆمانی ئێفی بریست لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا دەنووسێت و ماوەی نووسینی ئەم ڕۆمانە شەش ساڵ دەخایەنێت (١٨٩٤-١٨٨٩). لەسەر گرینگیی ئەم ڕۆمانە توماس مان دەڵێت ئەگەر کتێبخانەیەک شەش ڕۆمانی گەورەی جیهانیی =

نووسەر لە سەرەتادا کات (هەموو کاتێ) و شوێنی (ئۆرانۆس) ڕۆمانەکە دەستنیشان دەکات و دەڵێت کە ئەمە هەزار و یەکەمین نامەیە بۆ لاسی دەنێرێت و نامەکەش "بە قووڵترین ماچ" دەست پێ دەکات. دەڵێت کە ئێستا لە ئۆرانۆسە و لە قوتابخانەی "هەتاو" خەریکی خوێندنە. مامۆستاکانی ئێڤا و ئادەمن و وانەی ئەڤینی پێ دەڵێنەوە. "سێوە"ی کچیان لە گەورەترین زانکۆی هەسارەی ڤینۆس بەشی ئەندازیاریی گەردوون دەخوێنێ و دەیەوێ شێوەی زەوی بکات بە سێگۆشە (لە ڕاستیدا مرۆڤ نازانێ کە ئاخۆ سێوە کچی ڕاستەقینەی لاس و خەزاڵە، یان منداڵێکە کە لە ئەنفال ڕزگار کراوە و خەزاڵ کردوویەتییە کچی خۆی، وەک، بۆ نموونە، "ئاوات"ی کۆچ؟ هەڵبەت لە شوێنێکدا خەزاڵ خۆی لەگەڵ ماریا بەراورد دەکات و دەڵێت کە سێوە ئاکامی نووری ئەڤینی ئەو و لاسە). ئۆرانۆس وەک شوێنێکی باش و زەوی وەک شوێنێکی خراپ دەناسێندرێت. پەیتا پەیتا باسی کوردستان، خاکی کوردستان، جوانیی کوردستان و ئەڤینی کوردستان دەکرێت و دەڵێت کە ئێستا ئەم وڵاتە کراوەتە دۆزەخێک. پێشتر لە زەویدا هەزار و یەک نامەی نووسیوە و نەیتوانیوە بیانێرێت و ئەمەیان لێرەڕا بە کۆترێکدا دەنێرێت. بەمنداڵی، خوا دەهاتە خەونی خەزاڵ و ئەو کایەی لەگەڵ دەکرد، بەڵام ئەمەی وەک نهێنییەک لای خۆی رادەگرت. باس لە ئەنفال، زوڵم لە ئافرەت، لێدانی منداڵ و کارەکتەری شۆڕشگێڕانەی خەزاڵ دەکرێ. حەڤدە لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە بریتییە لە پێشەکی و بەشێوەی پەخشان نووسراوە.

=تێدابێت، ناکرێ یەک لەوان ئێڤی بریست نەبێ. هەتا ئێستا ئەم ڕۆمانە چوار جار کراوەتە سوێدی و بووەتە هەوێنی چوار فیلمی سینەماییش. لە پێوەندی لەگەڵ باسی ئەم وتارەدا دەبێ بڵێم کە ئێڤی بریست ناوی پاڵەوانی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، ژنێکە کە پێشاندەری هەوڵی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی خۆشبەختی. دیالۆگەکانی ئەم ڕۆمانە کە زۆربەیان هی ژنانن، نیشان دەدەن کە چۆن نووسەرێکی پیاو دەتوانێ گوزارە لە کەسایەتیی ژن و خولیا و ئاواتەکانی بکات.

دواتر ڕۆمانەکە کە شیعرێکی ١١٢ لاپەڕەییە دەست پێ دەکات. خەزاڵ لە ئۆرانۆسەوە نامەکە بۆ لاسی خۆشەویستی دەنێرێت کە هێشتا لەسەر زەوی دەژیت.

دەکرێت تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە لەم خاڵانەدا دەستنیشان بکرێن: مێتافۆریک، ڕۆمانتیک، ئیدیالیستی و ژیاننامەیی یاخۆ بیرەوەری. ئەم ڕۆمانە لە ڕاستیدا کارەکتەری نییە و ئەوەی هەیە خەیاڵەکانی خەزاڵن کە دەخرێنە ڕوو. نامەکە لە سێ بەش پێکهاتووە: ١) ژووانێک لە دۆزەخ، ٢) کەناری دۆزەخ، ٣) دوورکەوتنەوە لە هەسارەی دۆزەخ. بەشی یەکەم مێژووی تراجیدیکی مۆدێرنی کوردانە. لە بەشی دووەمدا ئەمە لاسە کە بەڕواڵەت قسە دەکات. ئاخۆ ئەمە نامەیەکە کە لاس نووسیویتی؟ خەیالاتی خەزاڵە؟ ئاخۆ خەزاڵ لەگەڵ ڕایەکانی لاس لەمەڕ شەڕی ناوەخۆدا هاوبیرە؟ ئەگەر چارە تەنیا بەجێهێشتنی ولاتە، بەمجۆرەی کە لاس دەڵێت، ئەی بۆ ئەو هێشا لە ولاتە و خەزاڵ تەنانەت گۆی زەویی بەجێ هێشتووە؟ بەشی سێیەم بەس هیواخواستنە و ئاواتی تێکەڵاوبوون لەگەڵ لاس و سێوە و سازکردنی ئەڤینێکی سێگۆشە و ئەوەی کە ڕۆژێک سێوە دەبێتە پەیامبەرێک و بیری نوێ و پەیامی نوێ دەهێنێت.

ڕەنگە هەر ئەوەی کە نووسەر لە سەرەتادا کاتی ڕۆمان بە هەموو کاتێ دەستنیشان دەکات، بوویێتە هۆی گرفتی سەرەکی بۆ لایەنی زەمەنیی گێڕانەوەکە. پێناسەیەکی سەرەکی بۆ ڕۆمان برێتییە لە باس لە کۆمەڵێک کارەکتەری دیاریکراو لە شوێن و زەمەنێکی دیاریکراودا. لێرەدا گێڕانەوەکە لە زەمەنێکی بۆشدا بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و مرۆڤ ئەستەمە سەرەداوی ئەم ئەڤینە لەباری زەمەنییەوە بدۆزێتەوە. ئاخۆ ئەمە وەک ئەڤینێکی ئەزەلیی بەردەوام هەبوونی هەبووە یان دەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵ بەر لە ئێستا وەک زەمەنی نووسینی نامەکە. ئەم ناڕوونییە لە باری شوێنی دیالۆگەکانیشەوە بەرۆکی خوێنەرەوە دەگرێت. مرۆڤ نازانێ ئەمە

گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕاستییە کە ڕوویان داوە یان ئەمە فانتازیای خەزاڵە کە لەناو چاڵێکدا لەگەڵ لاس چووەتە جێ ژووانێ و چاوەڕوانی مەرگ دەکات. پاش و پێشکردنی کات لە گێڕانەوەی ڕووداودا، ئەگەر وەستایانە و لە ڕووی پلانێکەوە نەکرێت دەتوانێ بە هاسانی سەر لە خوێنەرەوە بشێوێنێت، وە ئەمە شتێکە تەنانەت لەمەڕ گێڕانەوەیەک بەشێوەی خوڕاوگەی بیریشدا، کە دەگوترێ ئاڵۆزترین شێوەی دەربڕینی زەینی کارەکتەرەکانە، ڕاستە. کۆمەڵێک ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە ڕووداوگەلی ڕاستەقینە دەکرێت کە گرفتی شوێن و زەمەنی گێڕانەوەکە ئاڵۆزتر دەکەن: "سالانی ئەنفال"، "شەڕی ناوەخۆ"، "کەنیشکی گەرمیانی"، "قەرەداغ" و هاتنی "قەومێکی قەرەباڵغ"، ژنانی کوژراوی وەک کەژاڵ، فادیمە و پێلا.

ئاخۆ پێناسەی خەزاڵ لە پێوەندیی خۆی لەگەڵ لاس، دانپێداهێنانی ئەو ڕۆڵە باوە نییە کە هەتا ئێستا بزووتنەوەی کورد بەشێوەیەکی نەریتی بۆ ژنی دەستنیشان کردووە؟ ئاخۆ کاتێک لە وەسفی لاسدا، خەزاڵ دەڵێت: "کە تۆ پێشمەرگە بووی چۆن بە سوێراوی فرمێسکم لە سەنگەردا زامەکانم بۆ دەشووشتی؟" (ل. ٣٣)، بەرتەسککردنەوەی ڕۆڵی ژن نییە بۆ پاشکۆیەتی و لە باشترین حاڵەتدا دەرمانکردنی زامەکانی پیاو؟ لە ڕوانگەی باوی ناسیۆنالیستیدا پیاوان جێیان سەنگەرە، تۆ بڵێی خوێندنەوەی فێمینیستی بەم بەشەی کە لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بە ژن دەدرێت، ڕازی بێت؟ وێ دەچێ خەزاڵ، سەرەڕای هەڵفڕینی بۆ ئۆرانۆس، هێشتاش هەر لە داوی ئەندێشەی پیاوناوەندی باوی زەویدا زیندانی بێت.

ئەڤین ئاوی ژیانە بەپێی شێوازی شیعری، وات لێ دەکات کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنت لە شێوازی پەخشانی، وەک شێوازی باوی ڕۆمان، بەپێوەری هەڵسەنگاندنی شیعری بگۆڕیتەوە. ئەو کات دەبینی کە هێندێ جار هەست بەشیعربوونی دەقەکە ناکەی، بگرە ڕووبەڕووی دەقێک دەبییەوە کە لە ڕاستیدا گێڕانەوەیەکی ساکارە، بەلام بە دێری ناتەواو (بۆ نموونە بڕوانە ل.

١٠٠). یان هێندێک جار هەست دەکەی لە بەردەم کۆمەڵێک دروشمدای، بۆ نموونە، "تۆمارکردنی مێژووی خۆمان بەدەست خۆمان".

لە پێناسەی ڕۆماندا، لایەنی پەخشانی وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئەم ژانرە جەختی لەسەر دەکرێت. هەڵبەت هەبوونی کەسانێک وەک پوشکین و ڤیکرام سێت کە ڕۆمانی شیعرییان نووسیوە، لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی ژانرێکی پەخشانییە و لە ڕاستیدا یەک لەو تایبەتمەندییانە کە ڕۆمان لە ڕۆمانس، وەک ژانری باوی سەردەمی پێشمۆدێرن، جیا دەکاتەوە، لایەنی پەخشانیی ئەم ژانرەیە.[1] بێشک، ئەمە بەمانای حاشاکردن لەلایەنی شیعرییەتی پەخشان نییە کە وەک تایبەتمەندییەکی ئەدەبی و هونەریی بەنرخ چاوی لێ دەکرێ. ڕەنگە شیعربوونی ئەم ڕۆمانە بەدوور نەبێ لەو ناوەڕۆکە ڕۆمانسی و حەماسییە کە نوێنەرایەتیی دەکات. ئەگەر سەرنج بدەینە سەر ژانری گێڕانەوەیی بەر لە سەرهەڵدانی ڕۆمان، دەبینین کە ڕۆمانس ژانری باوی گێڕانەوەیە و ڕۆمانسەکانیش شیعرن و ڕەها لە زەمەن و شوێن و کارەکتەر، بە شێوەیەکی حەماسی (epic) ڕوویان لە هەستی مرۆڤەکانە، نەک لە عەقڵیان. پرس ئەوەیە ئەگەر نووسەر بۆ خۆی ئەم کارەی بە ڕۆمان ناوزەد نەکردبا، ئاخۆ هیچ ڕەخنەگرێک ئەم نووسراوەیەی وەک ڕۆمان ناوزەد دەکرد؟

شوێنی ئەم ڕۆمانە (ئۆرانۆس) ئەو گومانە لای خوێنەرەوە ساز دەکات کە بیر لە جۆرێک ڕۆمان بکاتەوە کە لە چوارچێوەی ڕۆمانی خەیاڵی - زانستیدا (science fiction) بە ڕۆمانی فەزایی (space) ناسراوە و ڕەنگە ئەو هەستەی لا دروست بێت کە ئەم ڕۆمانەش لە ڕیزی ڕۆمانگەلی فەزاییدا

---

١. پوشکین لە ساڵانی ٣-٣-١٨٢٩ ڕۆمانی eneEug Onegin دەنووسێت و ڤیکرام سێت لە ساڵی ١٩٨٦ ڕۆمانی The Golden Gate دەنووسێت. بەباوەڕی من هەر جۆرە پاساودانێکی ڕۆمانی شیعری بە بەرهەمگەلی لەم چەشنە، دەبێ جیاوازییە بنچینەییەکانی نەریتی شیعری لە ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتدا لە بەرچاو بگرێت.

پۆلینە بکات. بەڵام خوێندنەوەی وردی ڕۆمانەکە نیشان دەدات کە پۆلێنکردنێکی لەم چەشنە ناتوانێ دروست بێ، چونکی ڕۆمانی فەزایی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە. بۆ نموونە مرۆڤ ناتوانێ فیکر بکاتەوە کە لە ئۆرانۆسرا دەکرێ بەهۆی کۆترێکەوە نامە بۆ زەوی بنێری. ڕۆماننووسی ورد بیر لە توانایی کۆتر و مەودای ئۆرانۆس و زەوی دەکاتەوە و تووشی هەڵەی لەم چەشنە نابێت. بەواتایەکی تر ڕۆمانی خەیاڵی – زانستی فەزایەکی وا دەخوڵقێنێت کە لە نێوان هەموو پێکهاتە و تۆوەکانیدا یەکگرتووییەکی هارمۆنیک لە ئارادا بێ.

## شەدەی سەرگەردان و کۆمەڵە چیرۆکی تەیر و ئەڤین و ئەژدەها

شەدەی سەرگەردان و کۆمەڵە چیرۆکی تەیر و ئەڤین و ئەژدەها، ڕۆمانێک و سێ کورتە چیرۆک لەخۆ دەگرێ و نووسراوی زەینەب یوسفییە کە دانیشتووی شاری سنەیە و کتێبەکەی لەلایەن دەزگای ئاراسەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا چاپ بووە. ڕۆمانەکە بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی. لە پێشەکییەکی کورتدا نووسەر (گێڕەرەوە) دەڵێت کە ئەو هەر ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەنفال تەواو کردووە و بەتەمای نووسینی چیرۆکێکە. ئەم پێشەکییە بەشێوەی یەکەم کەسە و نووسەر تەنانەت کاتی نووسین یاخۆ دەستپێکردنی نووسینەکەش (سەعات دوازدەی شەو) دەستنیشان دەکات. لە یەکەم چیرۆکدا پیاوێک کە ڕۆژگارێک پێشمەرگە بووە لەگەڵ سەگێک لە دیوێکدا زیندانی کراوە. لە چیرۆکی دووەمدا کچێکی نۆ ساڵانە باسی بەسەرهاتی خۆی لە کەمپێکی ئەنفالدا دەکات. دیمەنەکان زۆر تراجیکن و قسە لەسەر کوشتن و ئازاری ژنانە.

بەدوای ئەم بەشەدا نووسەر دێتەوە مەیدان و چیرۆکەکەی خۆی هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێت کە نەیتوانیوە شتێکی وەها بخوڵقێنێ جگە لە دیمەنێکی کورت. لە بەشی کۆتاییدا ئێمە ڕووبەڕووی زەینەب (نووسەر) دەبینەوە. ئەو حەزی لە "تۆڵە" نییە، بەڵام خەڵکانی کوژراو لە ڕێگەی چاڵکردن و خۆڵ بەسەرداکردنی "تەکریتی"، خەریکی تۆڵەئەستاندنەوەن. ئەندازەی خۆڵەکە هەر زۆرتر و زۆرتر دەبێت و دواتر دەبێتە کێوێک لە نێوان زەینەب و ئەو خەڵکانەی کە تۆڵە لە تەکریتی دەستێننەوە. نووسەر دەڵێت کە ئەم کێوە هەر باڵا دەکات و مەزنتر دەبێت و ئەمەش دەتوانێ ئاماژەیەک بێ

بە گەورەییی ڕق و کینەی ئەو خەڵکە زوڵم لێکراوە.

وردبوونەوە لە شێواز و تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە نیشان دەدات کە تۆوێکی بەرچاوی ڕیالیزمی جادوویی تێیدا ئامادەیە. زیندووبوونەوەی مردووەکان و جووڵەی بەردەوامی سێبەرەکان دوو نیشانەی ئەم تۆوەن. لە هەمان کاتدا دەکرێ ئەم ڕۆمانە وەک نموونەیەکی پۆست مۆدێرن پێناسە بکرێت و بۆ ئەمەش دەکرێ ئاماژە بە ئامادەبوونی نووسەر لە ڕەوتی نووسین و گێڕانەوەدا بکرێت. لە ڕاستیدا هاوتەریبییەک لە نێوان ژیانی ڕۆژانەی نووسەر و منداڵەکانی کە تەنیا لە ماڵ بەجێی هێشتوون و منداڵانی ئەنفالکراو (بەیان، هیوا، جەمال، ...) لە ئارادایە. لە هێندێک شوێندا ئاماژە بە شاری سەقز و "نەجیبە" و دۆستانی تری خۆی دەکات و بەمجۆرە تێکهەڵکێشێک لە نێوان واقیع و فانتازیا چێ دەبێت کە لایەنی پۆستمۆدێرنبوونی ڕۆمانەکە زەقتر دەکاتەوە. ئاماژە بە هێلانەی حوسێن عارف، پێوەندیی نێوان دەقە کوردییەکان، بەتایبەتی دەقی ڕۆمانی، وە دیاردەی نێواندەقی پتر بەرجەستە دەکات. دەکرێ مرۆڤ ئەم ڕۆمانە وەک هەوڵێکی جیدی لە ڕێڕەوی ئافراندنی ڕۆمانی کوردیدا ببینێ و لە زۆر بارەوە دڵی پێ خۆش کات، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی دڕدۆنگنەبوون لە کورتبوونی ئەم ڕۆمانە (کورتترین ڕۆمانێک کە من هەتا ئێستا بینیومە. لە ڕاستیدا ئەگەر نووسەر بۆ خۆی ناوی ئەم کارەی نەنابا ڕۆمان، بە لانی کەم من بۆ خۆم وەک ڕۆمان پێناسەم نەدەکرد.) وە گلەیی نەکردن لە لاوازیی بەرچاوی پێناسەکردنی کارەکتەرەکان و کەموکووڕییەکانی لە بواری بەدەستەوەدانی شوێن و کات و لێکئالاندنی گێڕانەوەییانەی تۆوگەلە ناسراوەکانی تری ئەو جۆرە گێڕانەوەیەی کە پێی دەڵێن ڕۆمان.

## لەسەر باڵی سیمرخ

ئەم ڕۆمانە تازەترین بەرهەمی گەلاوێژە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی چاپ بووە.[١] کاتی لەسەر باڵی سیمرخ ساڵی ١٩٩٦ە و شوێنیش بەگشتی ئەوروپایە (لەندەن، ستۆکهۆڵم، یۆنان). کارەکتەرە سەرەکییەکان بریتین لە سێ پیاو و دوو ژن: گوڵزار خانم و ئەحمەد بەگ، مامۆستا شەوکەت و نەزیرە خانم، سەیفەدین (نووسەر بۆ خۆی ئەم ناوە بەمجۆرە دەنووسێت: سیف الدین) و دوکتۆر عادل. ڕوانگەیەکی سێیەم کەسی ئاگەدار لە هەموو کەلێن و قوژبنێک بۆمان دەگێڕێتەوە کە کارەکتەرە سەرەکییەکان لەلایەن ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک لە گراوێکی یۆنان، بانگهێشتن کراون. سێیان لە ستۆکهۆڵم و سێیان لە لەندەنەوە بەشداریی ئەم کۆنفرانسە دەبن. ڕۆمانەکە باسی بەسەرهاتی هاتوچوونی ئەو کەسانەیە بۆ کۆنفرانسەکە. قەرارە لە کۆنفرانسەکەدا باسی کورد بکرێ، بەڵام بەشدارە کوردەکان هەر مەجالی ئەوەیان پێ نادرێت کە وتارەکانیان بخوێننەوە. لە ڕاستیدا گێڕەرەوە پێمان دەڵێت کە دەیەوێ پەردە لەسەر ڕووی ئەو کەسانە دامالێت کە خۆیان بە بەشداری لە کۆنفرانسەکاندا هەڵدەکێشن. ساویلکەیی و تەنانەت هێندێک جار گەمژەییی

١. گەلاوێژ هەتا ئێستا زۆر چیرۆک و ڕۆمانی بڵاو کردووەتەوە. بەداخەوە من دەستم بەکارەکانی تری ڕانەگەیشتووە و بۆیە لێرەدا تەنیا لەسەر باڵی سیمرخ بووەتە بابەتی خوێندنەوەی من. بەپێی ئەو زانیارییانەی من وەدەستم خستوون هەتا ئێستا ئەم بەرهەمانەی خوارەوە لەلایەن گەلاوێژەوە بڵاو بوونەتەوە: ١) بەرەو ئەشکەوتی دلێران (سێ بەرگ) ٢) دایک و کوڕ ٣) بووکی فاتەخان ٤) بەهار و پایزی خونچە ٥) دنیا بێشەیە ٦) گەشتی کوردستان ٧) ڕێبوارێکی سەرگەردان ٨) کارەکەر.

بەشداربووە کوردەکان زەق دەکرێتەوە. گوڵزار زۆر بەهاتنی پەنابەرانی کورد بۆ هەندەران قەڵسە و بەخراپ باسیان دەکات و بەردەوام ئاماژە بەفێڵ و تەڵەکەکانیان دەکات لە وڵاتانی ئەوروپایی. سەیفەدین زۆر نەوسنە. دوکتۆر عادل کە تەمەنی شێست ساڵە، بەردەوام خەریکی وەدواکەوتنی ژنانە. مامۆستا شەوکەت هەر خەریکی کاغەزەکانێتی و بەردەوام لاپەڕەکان ژێروژوور دەکات.

ئەوەی کە گەلاوێژ هاوسەری ئیبراهیم ئەحمەد بووە و لە هەمان کاتدا سالانێکی دوور و درێژ لە تاراوگە ژیاوە، دەتوانن وەک دوو هۆکاری سەرەکی بنرخێندرێن بۆ شارەزایی و چالاکیی ئەو لە بواری ڕۆماننووسیدا. لەسەر باڵی سیمرخ پێکهاتەیەکی گێڕانەوەییی ساکاری هەیە، واتا ئەم ساکارییە تا ڕادەیەکە کە خوێنەرەوە بە دەگمەن تووشی بەکارهێنانی شگرد و تەکنیکێکی ئەدەبی دەبێت. سەرەڕای ژنبوونی نووسەر، پرسە تایبەتەکانی ژن شوێنەوارێکی بەرچاویان لەم ڕۆمانەدا نییە. لاوازیی ئاستی هونەری و ئامادەنەبوونی کارەکتەری ڕەسەن وای کردووە کە ئەم ڕۆمانەش لە باشترین و خۆشبینانەترین حاڵەتدا وەک لاساییکردنەوەیەکی واقیع و گێڕانەوەیەکی ژۆرنالیستییانە بنرخێندرێت. دیالۆگەکان لاوازن و گێڕەرەوەی هەمووشتزان بێ پشوو ئەرکی گێڕانەوە بەجێ دەهێنێت و کەمتر مەجالی ئەمە بۆ کاراکتەرەکان دەڕەخسێنێت کە لە میانەی وتار و کردەوەی خۆیانەوە، خۆیان پێناسە بکەن. لە هەمووی ڕۆمانەکەدا تۆ هەست ناکەی کە پەرژینێک لە نێوان بەستێنی تایبەتی و گشتیدا بەدی بکرێت. لە ڕۆمانەکەدا بەردەوام باسی کورد و ئەنفال و هەڵەبجە دەکرێت.

چەند خاڵێک لەسەر ڕۆڵی ژنان لەم ڕۆمانەدا شیاوی ئاماژەپێکردنن. لە ڕاستیدا ژنەکان غەیری وەدواکەوتنی مێردەکانیان ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن. لە بنەڕەتدا هەم گوڵزار و هەمیش نەزیرە تەنیا هاوڕێیی مێردەکانیان دەکەن و ئەوە پیاوەکانن کە بانگهێشتنی کۆنفرانسەکە کراون. هەڵسوکەوتی

پیاوەکان لەگەڵ ژنەکانیان تەواو سوننەتییە. ژنەکان تەنانەت لە خواردنی گۆشتی مریشکیش دوودڵی دەکەن و ترسی ئەوەیان هەیە کە گۆشتی بەراز بێت، کەچی پیاوەکان لە خواردنی هیچ شتێک ناپرینگێنەوە. گوڵزار و نەزیرە تەواو ئاینین و بەردەوام بە غەوس و پێغەمبەر و شتی وا سوێند دەخۆن. گوڵزار تەنانەت لەگەڵ ئەو زمانە کوردییەی کە ئێستا باوە دژایەتیی هەیە و دەڵێ کە لێی تێ ناگات. لە کاتێکدا پیاوەکان بەردەوام خەریکی باسی سیاسین، ژنەکان بەشداریی ئەم باسانە ناکەن و هەردەم لە بیری منداڵ و نەوەکانیاندان و خۆیانیان بە قوربان دەکەن. کوردایەتیی ژنەکان تەنیا لە جێگەیەکدا زەق دەبێتەوە کە دەیانەوێت بۆ کۆنفرانسەکە جلکی کوردی لەبەر بکەن، کە بەبڕوای وان لە جلکی ئەفریقیایی و هیندییەکان زۆر جوانترە. بەڵام تەنانەت لە بەجێهێنانی ئەم کارەشدا سەر ناکەون.

لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بەلایەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی لەسەر باڵی سیمرخ بکەم و ئەمیش ئامادەبوونی لایەنی تەنزە لە ڕۆمانەکەدا. نووسەر لە پێناسەکردنی هێندێک لایەنی دوو کەسایەتیی ڕۆمانەکەیدا زۆر سەرکەوتووە. سەیفەدین و دوکتۆر عادل خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە بەهۆی ئەمانەوە دەناسرێنەوە و لە درێژەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا زۆر جاران ئاکاریان پێکەنین یان هەر نەبێت بزەیەک نسیبی خوێنەرەوە دەکەن و ئەمەش بێگومان خاڵی بەهێزی ئەم ڕۆمانەیە. وەسوەسەی مامۆستا شەوکەت لە ڕێکوپێککردنی کاغەزەکانیدا و خستنە ڕووی ئەم کردەوەیە لە جێجێی گێڕانەوەکەدا، تایبەتمەندییەکی دووپاتکردنەوەییی جوان بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت و دەکرێ وەک لایەنی سەرکەوتووی بەرهەمەکەی گەلاوێژ بنرخێندرێ.

## ژن

ژن ڕۆمانێکە لە نووسینی ڕێواس ئەحمەد کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە سوێد چاپ کراوە. ڕۆمانەکە ٢٤٧ لاپەڕەیە و باسی ژیانی چەند ژنی کورد دەکات لە سوێد. کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، هەتاو، ژنێکە سەر بەبنەماڵەیەکی هەژار لە کوردستانی عێراق. کاتێک کە تەمەنی تەنیا پێنج ساڵ دەبێ باوکی دەمرێت. هەتاو دوو برای کەمئەندامی هەیە. برا گەورەکەی لە خۆپێشاندانێکی دژ بە ڕێژیمدا لە کوردستان دەکوژرێت. دایکی هەتاو بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی وەک بەرگدروویەک ئیش دەکات. هەتاو کچێکی جوان و بەهۆشە و خوێندکاری ساڵی سێی پزیشکییە. دایکی تۆپزیی لێ دەکات کە شوو بەپیاوێک بکات کە نیشتەجێی سوێدە. مەبەستی دایکی لەم کارە ئەمەیە کە هەتاو بتوانێ لە سوێدەوە پارەی بۆ بنێرێتەوە کە ئەو بتوانێ دەوا و دەرمانی منداڵە نەخۆشەکانی پێ بکرێت. پیاوەکە بەڵێنی بە هەتاو دەدات کە ئیزنی بدات لە سوێد درێژە بەخوێندنەکەی بدات. بەڵام کاتێک هەتاو دەگاتە سوێد، کابرا دەست دەکات بەئازاردانی ئەو و ئیزنی پێ نادرێت کە بچێ بۆ قوتابخانە و فێری زمان بێت. پیاوەکە کاتێک دەچێتە دەر، دەرگە لەسەر هەتاو دادەخات. ڕۆژێک ژنێکی دراوسێی سوێدی لە دەرگەی ماڵی هەتاو دەدات کە سەبارەت بەڕووداوەکانی شەوی ڕابردووی ماڵی ئەوان پرسیار بکات. هەتاو لە درزی دەرگەکەوە هەر چۆنێک بێت ژنە تێ دەگەیەنێت کە مێردەکەی لێی داوە و لە ماڵدا زیندانی کردووە. بەیارمەتیی ژنە سوێدییەکە، دەزگا پێوەندیدارەکانی سوێدی دەگەنە جێ و هەتاو بۆ ناوەندێکی ژنان دەگوێزنەوە. دوای ماوەیەک، لە شارێکی تر، لە نەخۆشخانەیەک وەک گەسکلێدەرێک دەست بەکار دەکات. ئەو ئێستا ناوی

خۆی گۆڕیوه و بەشیرین بانگی دەکەن. ئەو حاڵی باشە و لەوەی دڵخۆشە کە کار دەکات و پارە بۆ دایکی دەنێرێتەوە. لێرە لە ناوەندی ژناندا لەگەڵ دوو ژنی تری کورد کە ئەوانیش لە دەستی مێردەکانیان ڕایان کردووە، ئاشنایەتی پەیدا دەکات و دواتر لەگەڵیان دەبێت بەهاوڕێ. یەک لەم ژنانە ناوی شارایە کە لە سوێد گەورە بووە و پێشتر دایک و باوکیشی بۆی خراپ بوون و دواتر شووەکەشی بەردەوام لێی دەدات. شارا، منداڵە بچکۆلانەکەی، دەریاشی لەگەڵدایە. ژنەکەی تریش ڕێزانە کە مێردی بەپیاوێکی لە خۆی بەتەمەنتر کردووە کە دوو منداڵی هەیە و هۆی مێردکردنیشی بەم پیاوە تەنیا ئەوە بووە کە وەک زۆر کچە کوردی تر ویستوویە لە ئەوروپا بژیت.

شیرین عاشقی دوکتۆرێکی سوێدی دەبێت بە نێوی هانس کە ژن و سێ منداڵی هەیە. شیرین لەبەر ئەم ئەڤینە ناڕەحەتە و پێی وایە دەبێتە هۆی تێکدانی ژیانی خێزانێک. بەڵام هانس بە دڵ و گیان شیرینی خۆش دەوێت و دوای ماوەیەک ژن و منداڵەکانی بەجێ دەهێڵێت و بەیەکەوە لە ئاپارتمانێکدا دەژین. سارای ژنی هانس بەم کارە زۆر تێک دەچێت و بەهەموو جۆرێک هەوڵ دەدات هانس بگێڕێتەوە سەر ژیانی پێشووی خۆی. سارا پۆلیسێکی نهێنی دەگرێت بۆ ئەوەی بزانێت کە هانس و شیرین لە کوێ دەژین. شەوێک سارا کە دەزانێت هانس لە ماڵ نییە دەچێت بۆ ماڵیان. ئەو مێردی پێشووی شیرینیشی لەگەڵە. شارا هەڕەشە لە شیرین دەکات کە واز لە هانس بێنێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی، ئەگینا ئەو شیرین دەکوژێت. ئەو حەوتوویەک مۆڵەت دەدات بەشیرین. دواتر سارا دیسان لە کاتێکدا کە هانس لە ماڵ نییە دێتەوە لای شیرین و چەند دێرێکی پێ دەنووسێت کە ئەو هانس بەجێ دەهێڵێت و بەزۆر شیرین لەگەڵ خۆی دەبات و لە شوێنێکدا تا ماوەیەک دەیشارێتەوە. دواتر مەجبووری دەکات کە ناسنامەی خۆی بگۆڕێت. ئێستا شیرین دیسان بووەتەوە هەتاو و لە شارێکی تر لە باکوری سوێد دەژیت و سارا تەنانەت ئیشیشی بۆ دۆزیوەتەوە. هەموو ئەم کارانە

بەشێوەیەکی نهێنی دەکرێن و سارا هەڕەشە لە هەتاو دەکات ئەگەر بێتو ئەم نهێنییانە بدرکێنێت ئەو هەم هەتاو و هەمیش هانس دەکوژێت. هەتاو لەبەر ئەڤینی هانس هەموو شتێک بە قسەی سارا دەکات.

لەولاوە هانس زۆر نیگەرانی شیرینە و هەرچی لێی دەگەڕێت نایدۆزێتەوە. هەڵبەت ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بگەڕێتەوە لای سارا. ئێستا هەتاو لە باکوری سوێد دەژیت و پێ دەزانێت کە زگی لە هانس پڕە. کچە گەورەکەی سارا، کاتارینا، ئاگای لە هەموو پیلانەکانی دایکی هەیە، بەلام هیچ شتێک نادرکێنێت. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر چارەنووسی دوو ژنەکەی تر، ڕێزان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ پیاوێک زەماوەند دەکات بۆ ئەوەی دواتر پیاوەکەش بتوانێت بێت بۆ سوێد. ڕێزان ئێستا گەڕاوەتەوە سوێد و چاوەڕوانی هاتنی مێردە تازەکەیەتی. شارا دەچێتەوە لای مێردەکەی. ڕۆژێک هەتاو لە ڕۆژنامەیەکدا هەواڵی خۆکوشتنی شارا دەخوێنێتەوە. بەلام هەموو شتێک وا دەنوێنێت کە شارا بە دەست باوکی و مێردەکەی کوژراوە.

ئەمە کورتەی تەون و ڕایەڵی ڕۆمانی ژنە. ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی هاوتەریب لە دوو ڕوانگەوە دەگێڕدرێتەوە: ڕوانگەی هەمووشتزانی گێڕەرەوە کە لە دەرەوەڕا ڕووداوەکان دەبینێت، وە ڕوانگەی یەکەم کەسانەی کارەکتەری سەرەکی واتا هەتاو. لە ڕاستیدا ڕۆمانەکە گێڕانەوەیەکی ساکارە کە هەڵوێستی توندی فێمینیستی پێوە دیارە. وەک خوێنەرەوە مرۆڤ خۆی لە فەزایەکدا دەبینێتەوە کە پێشتر ئایدیۆلۆجیا بڕیاری کۆتاییی داوە و لەم فەزا ئایدیۆلۆجیکییەدا ژنان مەحکوومی ئاکاری جنیایەتکارانەی پیاوانن. ئەوەی کە پیاوان لەم ڕۆمانەدا تا ڕادەیەکی زۆر ونن و ئێمە تەنیا بەهۆی گێڕانەوەی ژنان لە کردەوەکانیان ئاگەدار دەبین، بووەتە هۆی جۆرێک لە تاکدەنگی لەم ڕۆمانەدا. ئەگەر مەجالی ئاخافتن بە پیاوەکان درابا، بێگومان ڕۆمانەکە دەبووە خاوەنی چەند دەنگییەک کە سەرکەوتنی

ڕۆمانەکەی دەستەبەر دەکرد. لە بیرمان بێت لە هەمووی ڕۆمانەکەدا ئێمە تەنانەت لە نێوی پیاوەکان، جگە لە هانس، ئاگەدار ناکرێین. ئەگەر زۆر ڕۆمانی کوردیی نووسراوی پیاوان لە ئاست ئامادەبوونی ژن لە گێڕانەوەکانیاندا بێدەنگن، لێرەدا ئێمە تووشی ڕەوتێکی بەپێچەوانەین و ئەمەش دەبێتە هۆی یەکلایەنەبوونی ئەم ڕۆمانانە و بەدووربوونیان لە فەزایەکی پۆلیفۆنیک و دیموکراتیک کە وەک تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو سەیر دەکرێن. پێناسەی هەڵسوکەوتی هەتاو و هانس لەگەڵ یەکتردا دەتوانێ ئەو مەجالە بەنرخە بێ کە تێیدا جیاوازییەکانی پاشخانی کولتووریی ئەوان لێک بدرێتەوە.

بەباوەڕی من ئەڤینی هانس و هەتاو، بەلانی کەم لەلایەن هانسەوە، دەربڕی ئاستێکی ئەوتۆی ڕۆمانتیکە کە زەحمەتە مرۆڤ لە چلۆنایەتی و هۆکارەکانی ئەم جۆرە ئەڤینە تێ بگات. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە شتێکی ئەوتۆ ڕاستە یان ناڕاست، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئاخۆ فەزای ڕۆمانەکە و کردەوە و بیری کارەکتەرەکان، لێرەدا هانس و هەتاو، بنەمایەکی ئەوتۆ دەدەن بەخوێنەرەوە کە بتوانێ لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا لۆجیکێکی داستانی ببینێت؟ ئاخۆ هەتاو بە پاشخانی کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتییەوە توانیوێتی سەرنجی هانس ڕاکێشێت یان ئاخۆ ئەوەی کە لە هەموو ڕۆمانەکەدا ئێمە لادانێکی هەتاو لە شێوە ئەڤینی ڕۆژهەڵاتی نابینین (بۆ نموونە تۆ قەت شاهیدی باوەش یان ماچێکی ئەم دوو ئەویندارە سووتاوە نابی) نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەڤینی هانس بە هەتاو وەک دیاردەیەکی ڕۆژهەڵاتخوازانە بنرخێنین؟ هەرچی هەیە هەتاو نەیتوانیوە سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆئاوا دەرباز بکات و ڕەنگە دەستەوەستانی و بێدەسەڵاتیشی لە ئاست ئاکارە ناحەزەکانی سارا هەر ئەم ڕاستییە بێت. مرۆڤ دەکرێ پرسیار بکات ئەم پێوەندییە لەگەڵ هانس چ کارتێکەرییەکی کردووەتە سەر کەسایەتیی هەتاو؟ ڕۆمانەکە لەم بارەوە

بێـــدەنگە و هەتاو تەنانەت جـــارێکیش یادێک لە ئاواتی گـــەورەی خـــۆی، درێژەپێـدان بە خـوێندن، ناکـاتەوە. لە ڕاسـتیدا، هـەتاو لە باتیی ئەوەی کـە بکەرێک (subject) بێت، ئـەو بوونەوەرەیە کـە پتـر بەهۆی بای ڕووداوەکـان دەشەکێتەوە.

ئەگـەرچی ڕۆمـانەکـە بەگشـتی تایبـەتمەندییـەکی ڕیالیسـتـانە، بەمـانای پەیڕەوی لەو شـتـەی کە پێی دەڵێن واقیـعی ژیان، هـەیـە، بەڵام لە دوو بواردا تۆوگەلی سـوریالیسـتی تێکهـەڵکێشی ئەم گـێڕانەوەیە دەکرێن: ئەوەی کە کچێکی منداڵی وەک دەریا بـەشێوەی مرۆڤێکی گەورە بەتەنیا لەگەڵ هـەتاودا قـسـە دەکـات و ئەو لە نهـێنێکانی دایکی ئاگـەدار دەکـاتەوە، وە ئەوەی کـە باوکی هـەتاو لـە کاتی پێویسـتـیی هـەتاو بەیارمـەتی، دێتـە بەرچاوی و ڕاز و نیـازی لەگەڵدا دەکات، بەزەحمەت لەگـەڵ تایبەتمەنـدیی سـەرەکیی ڕۆمانەکە کە پتر لە گێڕانەوەیەکی ڕیپۆرتاجییانە دەچێت، یەکانگیر دەبێت. پێناسـەی کارەکتەرەکان سـەرکەوتوو نییە و لە جیاتییان ئێمە پتر بەرەوڕووی دوو تیپی خێر و شـەڕ، ژن و پیاو دەبینەوە.

ئەگـەرچی من پێم وانیـیـە کە پێوانەکـانی سـەرکـەوتوویی گێـڕانەوەیەک وێکچـوویـیـەک بێت لە نێـوان ڕووداوەکانی گـێڕانەوەکـە و ڕاسـتـیـیـەکـانی کۆمـەڵگە، بەو شێوەی ئێمـە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیانبیستین یان دەیانبینین، بەڵام، ئەگەر جیـهانی ڕۆمان سـەربەخۆ نەبێت و پێکهاتەکانی تایبەت بەخۆی بنیات نەنێت، خـوێنەرەوە هـەردەم تووشـی ڕاڕاییەک دەبێت کە تۆ بڵـێی ئەمە ڕاست بێت؟ تۆ بڵـێی شـێـوە پێنـاسـەی ئەڤـینی هەتـاو و هـانس، کـردەوە پۆلیسـیـیـەکانی سـارا لە کـۆمـەڵگەیەکی وەک سـوێددا دروسـت وێنا کـرابن؟ گرفتـەکە لێرەدایـە کە نـووسـەر لـە جیاتیی خـوڵقـاندنی جیـهانێک کـە تێیدا کارەکتـەرەکان بتوانن بۆ خۆیان لە ڕێگەی کردەوە و ئاخافتنەکانیان گوزارە لە خـۆیان بکەن، هـەوڵێکی مـیکانیکی دەدات بۆ دەسـتـەمـۆکردن و ئافـراندنی ڕووداوەکان لەسـەر بناغەی داخـوازییە ئایدیۆلۆجیکییەکان و ئەمەش دەبێتە

هۆی بێبەریبوونی ڕۆمانەکە لە پاشخانێکی فراوانتر و قووڵتر لەمەڕ جیهانێکی گێڕانەوەییی سەربەخۆ و پرسە جۆرەوجۆرەکانی. ڕەنگە تەسلیمبوونی هەتاو بە پلانەکانی سارا و مانەوەی لە شوێنێکی نادیار و وەجوابنەهاتن لە ئاست چارەنووسی خۆیدا دەربڕی ئەو ڕاستییە بێت کە ژنانی کورد لە بێدەنگییەکی پڕ مەترسیدا دەژین و دەنگیان بە هیچ کوێ ڕاناگات.

لە دابەشکردنە جۆرەوجۆرەکانی ڕۆمان بەسەر چەشن و شێوەی جیاوازدا، ڕوانگەیەک ڕۆمان بە دوو جۆری ڕۆمانی چلۆنایەتی (quality) و ڕۆمانی گەلەری (popular) دابەش دەکات. ئەگەر ڕۆمانی چلۆنایەتی بە تایبەتمەندیی بەرزی ئەدەبی، هزری، زمانی، ڕەسەنی، نامۆیی، ڕاڤەیی و... هتد پێناس دەکرێت، ڕۆمانی گەلەری بە گشتپەسندی، ساکاری، لاساییکردنەوە، خافڵاندن، سەرگەرمکردن و... هتد دەناسێندرێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕێژەی ڕۆمانگەلێک کە تایبەتمەندیی جۆری دووەمیان هەیە، لە وڵاتانی ڕۆئاواییدا و لەم دوایییانەشدا لە وڵاتانی وەک تورکیا و ئێراندا، زۆرە.[1]

هۆکارەکانی لە برەودابوونی ئەم چەشنە ڕۆمانگەلە لە ڕۆئاوا و لە وڵاتێکی وەک ئێراندا زۆرن و، لێرەدا من ناچمە سەر ئەم باسە کە بۆچی ڕۆمانگەلی لەم چەشنە لەناو کوردانداا هێشتا هەبوونێکی بەرچاویان نییە. بەبڕوای من ڕۆمانی ژن لە خانەی ڕۆمانی گەلەریدایە و ئەمەش

١. پەرەی ڕۆمانی گشتپەسند لە ئێران دەربڕی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە کە ئەم وڵاتە لە باری کولتووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە تووشی هاتووە. پرسی تاکەکەس و گەڕان بەشوێن شوناسدا یەک لە پرسە باوەکانی کۆمەڵگەی ئێستای ئێرانە. بۆ زانیاریی پتر لەسەر نووسینی ژنان لە ئێران بڕوانە: عابدینی، حسن، داستان نویسی زنان: راههای رفته و دستاوردها، باران: فصلنامەی فرهنگ و ادبیات، ش. ٤–٥، تابستان ٢٠٠٤، استکهلم.

شتێکی نائاسایی نییه.[1] ئەم جۆرە ڕۆمانانە خوێنەرەوەی خۆیان هەیە و زۆرجاران بە چەندین جار چاپ دەبنەوە. سەرەڕای هەموو شتێک ڕۆمانی ژن هەروەک ناوەکەی خۆیا دەکات ڕۆمانێکە کە خۆ لە قەرەی یەک لە گرینگترین باسەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی دەدات کە پرسی ژنە. ئەگەر جینایەتەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو تەنیا لە وڵاتی سوێد بخەینە بەرچاو، دەبینین کە چۆن کورد و کوشتنی نامووسی لەم وڵاتەدا بوونەتە هاومانا، گرینگیی دەستپێشخەری لەم چەشنەمان پتر بۆ دەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر ئەم تاوانە گەورە کۆمەڵایەتییە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا پێویستی بەکردەوەگەلی ڕادیکاڵ هەیە، لە ئاستی هونەریدا ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی هونەرمەند. وێ دەچێت کە پرسی ژن، هێشتا دەبێت چاوەڕوانی وردەکارییەکانی ئافراندنێکی هونەری بێت کە هەموومان لە گێژاوی ئەندێشەی نگریسی باوکمەزنی ڕزگار کات. ژن بەپێداگرتنی لەسەر ژن هەنگاوێکە سەرەتایی، بەڵام گرینگ.

---

١. داهێنان لە ڕۆمانی گشتپەسندا تا ڕادەیەکی زۆر ونە و لایەنی لاساکردنەوە زۆر بەرجەستەیە. لەم جۆرە ڕۆمانەدا گرفتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بەبێ بەکارهێنانی میتافۆر دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرەوە. بەڵام لایەنی داهێنان لە ڕۆمانی چلۆنایەتیدا زۆر بەرچاوە و داهێنانی هونەری کە خۆی لە ئافراندنی جیهانێکدا دەنوێنێت، ناسنامەی سەرەکیی ئەم جۆرە ڕۆمانەیە.

## ئەڵوەن

ئەڵوەن ناوی یەکەم ڕۆمانی ئەحلام مەنسوورە کە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر چاپ کراوە. ڕۆمانەکە ٢٠٦ لاپەڕەیە و لەلایەن نووسەرەوە پێشکێش بە ڕۆماننووس محەمەد موکری کراوە.

گێڕەرەوە کە وێ دەچێ خودی نووسەر بێت لەناو کتێب و دەفتەر و کۆوارەکانیدا خەریکی گەڕانە لە شتێک کە خۆشی نازانێ چییە. بەهەڵکەوت تووشی وێنەیەکی کۆن دەبێت کە تێیدا منداڵێکی پێپەتی، چڵکن و قژبژ دەستی ئافرەتێکی قەڵەوی گرتووە. مەزەنە دەکرێ کە تەمەنی وێنەکە ٢٣-٢٤ ساڵ بێ. بەبینینی ئەم وێنەیە گێڕەرەوە دەچێتەوە ناو بیرەوەرییەکانی دنیای منداڵیی خۆی و ئیتر گێڕانەوەکە دەست پێ دەکات. لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا ڕێککەوتی ١٩٨٠ واتا کاتی تەواوبوونی نووسینەکە دەستنیشان کراوە. بەو پێیە ئەگەر ئەم ڕێککەوتە بە زەمەنی نووسینی ڕۆمانەکە دابنێین و تەمەنی وێنەکە حیساب کەین، ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە ساڵی ١٩٥٦، یاخۆ ڕاستتر بڵێین پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو. هەروەها ئاماژە بەڕووداوێکی مێژوویش لەناو ڕۆمانەکەدا، شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨، سەردەمی ڕووداوەکان و زەمەنی ڕۆمانەکە دەستنیشان دەکات. شوێنی ڕۆمانەکە بەگوێرەی ئاماژە ڕاستەوخۆیەکانی نووسەر خانەقینە.

دەکرێ بڵێین ناوەڕۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکە باسی ژنێکە بەسناوی ئامەڕەش کە دایەنی لەیلای منداڵ بووە و هەر لە ڕوانگەی لەیلاشەوە پێناسەی ئامەڕەش دەکرێ. ئامەڕەش وەک کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە

بەشی زۆری گێڕانەوەکەی بۆ خۆی تەرخان کردووە. کەسایەتیی ئامەڕەش ئێستاش دوای ٢٣-٢٤ ساڵ کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر لەیلا هەیە کە بە قسەی خودی لەیلا لە نووسین نایەت. ئامەڕەش تلیاکییە، دایکی سێ کچە، هاوسەری حاجی بیسمیللایە و هەموو کاتێک لە هەموو شوێنێک حازرە. کارتێکەریی لەسەر ئەکبەری پۆلیس کە ئیشی کوشتنی سەگەکانە، ئەوەندە زۆرە کە وازی پێ لەم خوویە بێنێت و دواتر ببێت بە گۆڕهەڵکەن. ئامە خوای میهرەبانی و سەربەخۆیی و خۆبەخشییە. ئاگای لە ڕازی هەموو کەس هەیە. جێی متمانەی هەموو کەسە. هەر ژنان خۆشیان ناوێ و بەغیلیی پێ دەبەن و تەنانەت جاری وا هەیە بەیەکەوە کۆ دەبنەوە و بڕیاری شاربەدەرکردنی ئامە دەدەن. ئەو سەرەڕای ئەوەی کە دۆستی هەژارانە، دوای شۆڕش کە خەڵک هێرش دەبەنە سەر حەسەن ئاغا، دڵسۆزی بۆ ئەویش دەکات و ناهێڵێت خەڵک تۆڵەی لێ بستێننەوە. ئامە ئاشتیخوازە. لە دەرد و غەمی ئەم دنیایە پەنا بۆ تلیاک دەبات. ئامە منداڵانی "زۆڵ" لەبەر کچان و ژنانێک کە پیاوان دەستدرێژییان لێ کردوون، دەبات. بەهانای ئەو کچانەوە دەچێت کە دەستدرێژییان لێ کراوە و چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە. پیاوانی بێ ژن و بێوەژنان یارمەتیی لێ وەردەگرن کە هاوسەرێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. ئامە تەنانەت لە سەردەمی شۆڕشیشدا سەر بەهیچ کۆمەڵ و دەستەیەکی سیاسی نییە و خەڵک بە تێکڕایی خۆشیان دەوێت. لەیلا کە وێ دەچی لە کاتی ئەم وێنەیەدا کچێکی هەشت نۆ ساڵانە بووبێت لەگەڵ دایک و باپیری دەژیت و باوکیشی لە نەوتخانە کار دەکات و تەنیا حەوتووی جارێک دێتەوە لایان. ژیانی ئابوورییان بە نیسبەت دراوسێکانیان باشە و وەک دەڵێن بەرەی خۆیان بەجوانی لە ئاوێ دەردێنن.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە دەکرێ ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بکرێ: گێڕانەوەکە بەزاراوەی کوردیی ناوین (سۆرانی)یە و دیالۆگەکان بەگشتی بە زاراوەی خانەقینین، واتا هەر کاتێک گێڕەرەوە ڕووداوەکان بە

زمانی خۆی دەگێڕێتەوە ئێمە گوێمان لە سۆرانییەکی پاراو دەبێت، بەڵام لە گوزارشتی ڕاستەوخۆی ئاخافتنی کارەکتەرەکاندا، زاراوەی ئەوان واتا زاراوەی خانەقینی بەکار هاتووە و لە چەند شوێنیشدا زمانی تورکمانی کە زمانی هێندێک لە کەسەکانی ڕۆمانەکەیە کەڵکی لێ وەرگیراوە و یەک دوو جاریش زمانی عەرەبی بەکار هاتووە. گێڕەرەوە هیچ سانسۆری لەسەر زمانی کارەکتەرەکانی دانەناوە و ڕاستەوخۆ قسەکانی ئەوانی گێڕاوەتەوە، هەر بۆیە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا گوێمان لە گەلێک جنێو و قسەی ناشیرین دەبێت کە لە کەمتر ڕۆمانی کوردیدا شتێکی لەم چەشنە دەبیندرێ. دەکرێ بگوترێ کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە ڕۆمانەکەدا بەشدارن سەر بەچینی هەژارن و بەمجۆرە لایەنی چینایەتیی ڕۆمانەکە زۆر زەقە. لە هەمان کاتدا زۆربەی زۆری کارەکتەرەکان خاوەنی ئاکاری ناحەزن و لایەنی نێگەتیڤی کەسایەتییەکان زۆر بە بەرجەستەیی نیشان دراوە. دەستدرێژی لە ژنان بۆی هەیە وەک تێمای سەرەکیی ئەم ڕۆمانە دەستنیشان بکرێت. لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا پتر لە دە دەستدرێژی پیاوان لەسەر ژنان باس کراوە و بێدەرەتانیی ژنان لە ئاست زوڵم و زۆری پیاوان لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکە خۆی دەردەخات (زەینەب، لوتفیە، فاتە، مەلیحە، مەریەم، میمی، سەعدیە، فەیمە، ژنی شەفە شەل و...).

حەسەن ئاغا ئەو کەسەیە کە گرێدراوی بەشێکی زۆری ڕۆمانەکەیە. لە ڕاستیدا دەوڵەمەندیی حەسەن ئاغا لە بەرامبەر هەژاریی زۆربەی زۆری کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەدا، لایەنێکی چینایەتیی بەهێزی بەڕۆمانەکە بەخشیوە. حەسەن ئاغا کە خاوەنی زەوی و سامانێکی زۆرە، چوار ژنی هەیە (لە شوێنێکدا دەگوترێ پێنج ژن- ل. ١٦٦) و لە زوڵم و زۆرداریدا هیچ سنوورێکی نەهێشتووەتەوە. لەلایەکڕا لەگەڵ قاچاغچی و پیاوخراپاندا تێکەڵاوە و لەلایەکیشڕا هاوکاری جێی متمانەی پیاوانی حکوومەتە. دەستدرێژیی لە زۆر ژنان کردووە، تەنانەت لە ژنبرای خۆی (مەریەم، کە

بەدوای ئەم دەستدرێژییەی حەسەن ئاغا، خۆی دەکوژێت)، لە کارکەرەکانی خۆی و ڕەنگە لاتان سەیر بێ دوای کوشتنی کوڕی خۆی (عەلی وەختی خۆی حەسەن ئاغا دەستدرێژیی لە دایکی عەلی کردووە و لە ڕاستیدا عەلی کوڕی ئەوە) زەینەبی خۆشەویستی ئەو لە خۆی مارە دەکات. دواتر زەینەبیش لەلایەن حەمیدی کوڕی حەسەن ئاغاوە دەستدرێژیی لێ دەکرێ، هەڵبەت دوای شۆڕش و زەمانێک کە حەسەن ئاغا توانایی و دەستڕۆیشتوویی جارانی نەماوە، وە لە ئەنجامدا زەینەب خۆی دەکوژێت. حەسەن ئاغا سەعیدی براشی دەرماناو دەکات. کوشتن لەم ڕۆمانەدا تێمایەکە کە هەردەم خوێنەرەوە تووشی دێت. حەسەن ئاغا خۆی دەکوژێت، مچە بەدوای کوشتنی دایکی خۆی و ئامەدا خۆشی دەکوژێت. زەینەب خۆی دەکوژێت. حەسەن ئاغا نووری دەکوژێت. مەجە تورشیچی خۆی دەکوژێت. سەعدیەی کچی ئامە خۆی دەکوژێت. مەجە قومسێر دەکوژرێت. ژمارەی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە (لە ڕاستیدا سەختە بگوترێ کارەکتەر، دروستتر ئەوەیە بڵێین ئەو کەسانەی کە لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەون) یەکجار زۆرن. لە ڕاستیدا لەیلا تیشکی خستووەتە سەر هەموو دراوسێکانی خۆیان و تەنانەت هێندێک لەو خەڵکانەی هاتوچۆی مزگەوتی نزیکماڵی وان دەکەن و زۆر کەسی تر کە لە خانەقین دەژین. ئەمە یەک لەو خاڵانەیە کە گرفتی بۆ ڕۆمانەکە ساز کردووە، چونکی مرۆڤ پێوەندی و تێکەڵاوییەکی ئەوتۆ لەناو کەسەکاندا نابینێ. بەپێچەوانەی زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکان ئەم ڕۆمانە لایەنی سیاسیی زۆر کەمە و دەکرێ بڵێین هەر لە سیاسەت بێبەرییە. لە هەمووی ڕۆمانەکەدا ڕووداوێکی سیاسی (چواردەی تەمووز) ئاماژەی پێ کراوە و هەڵبەت ئەویش چۆن خودی ڕووداوەکە کتوپڕ و لە ناکاوڕا بوو، لە ڕۆمانەکەشدا کتوپڕ و لە ناکاوڕا دێتە ئاراوە و بە زەحمەت دەکرێ لە کۆی گێڕانەوەکە بیبەسترێتەوە. بەشداریی ئامەش لە خەتی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان و ڕۆڵی پێشەنگیی ئەو لە ماناکردنەوەی کۆمەڵێک چەمکی

شـۆڕشگێـڕی بۆ خـەڵکانی تر زۆر لـە ڕەوتی ڕووداوەکـان بێگانەیە و مـرۆڤ ناتوانێ بەئاسانی ئەم تێکهەڵکێشییە هەزم بکات.

پێوەندیی لەیلا و ئامـە و ئەڤینە قووڵەکەی لەیلا بە ئامە یـەک لەو گرێیانەیە کـە خـوێنەرەوە بەئاسـانی تێی ناگات، چونکی ڕۆمـانەکە لـەم بارەوە ناچێتـە ناو بنـجوبنـەوانی ئەم پێـوەندییـە و مـرۆڤ هـۆیەکـانی ئەم ئەڤـینـە بێـپـایانە نازانێ. دەکـرێ ئـەم ڕۆمـانە وەک ڕۆمـانێکی ڕیالیـزمی کـۆمـەڵایەتی پۆلینە بکرێت کـە تێـیـدا ژیانی هـەژارانی کـۆمـەڵگە دەبێـتـە ناوەندی سـەرەکـیی گـێـڕانەوە، بەڵام گـێـڕەرەوە ئـەوەندە سـەر بە کـەلێن و قـوژبنی کـۆڵانەکـانی شـاردا دەکـێـشـێت کـە بە وێناکـردنی هەمــەلایەنەی ژیانی کـارەکـتـەرە سەرەکییـەکان ڕاناگات. گێڕانەوەی ڕیپۆرتاجانەی ڕووداوەکان ئەو مەجالەی لە ڕۆمـانەکـە ئەسـتـاندووە کـە ببـێـتـە بەسـەرهـاتی کـۆمـەڵێک کـارەکـتـەری دیاریکراو لە زەمـەن و شـوێنێکی دیاریکراودا. سـەرەڕای لایەنی چینایەتی وەک تایبـەتمەندییــەکی ئەم ڕۆمــانـە، لە هیـچ شـوێنێکدا هەست ناکــەی نیـشـانـەیەک لە بەربەرەکـانیی هـەژاران لە دژی دەوڵـەمـەندان و زۆرداران لە ئارادا بێ. بۆ نموونە کاتێ فـاتە، دوای ئەوەی حەسـەن ئاغا دەسـتدرێژیی لێ کــردووە، لە قــالەی بـاغـەوان مــارە دەکـرێت، ســرتوخــورتێک لە نێــوان "ڕەنجبـەرەکـان" پەیدا دەبێ کە ئاغـا بکوژن و زەوییـەکـانی لەسـەر خـۆیان دابەش کەن. بەڵام هـەر زوو بەبینینی ئاغا دەترسێن و هەموو شتێکیان لەبیر دەچێتـەوە. بـەگـشـتـی کـەسـانی ئەم ڕۆمـانە مـەحکووم بە ژیانن و بـە هیـچ کلۆنجـێک بە دوای دەربازبوون لەم مـەینەتانە نین کـە تووشـی هـاتوون و هـەر بۆیەش دەکـرێ ناسنامـەیەکی ناتورالیـسـتـیش بەم ڕۆمـانە بدرێت. هەڵبـەت لێرەدا دەبێ بڵێم کە نووسـەر لە چەند شـوێندا یەکجار سەرکەوتووە. ڕۆژی ئاخری ژیانی حەسـەن ئاغا و ئازارێکی دەروونی کە ئەو بەدەستییەوە دەناڵێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئامە و ویسـتی کـوشـتنی ئەو و لە کـۆتاییدا کـوشـتنی خـۆی بەئاوێنەی شکاوی ئامـە یەک لە وێنە سـەرکـەوتووەکـانی ڕۆمـانەکـەیە.

کەسایەتیی مچە و دوایین کردەوەی (کوشتنی ئامە، گوتنی ئەوەی کە ئەو حەسەن ئاغای کوشتووە و دواجار کوشتنی خۆی) لایەنێکی تری سەرکەوتوویی ڕۆمانەکەیە، تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر پێناسەکردنی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان. پێناسەی حەسەن ئاغا لە کاتی وەبیرهاتنەوەی جینایەتەکانی زۆر سەرکەوتوانەیە. تاکبێژییەکانی لە کاتی بڕیاردانی کوشتنی ئامە زۆر جوان وێنا کراون. گفتوگۆی مەلیحە لەگەڵ میمی سەبارەت بە دەستدرێژیی مچە لەسەر خۆی و تێکەڵاوبوونی ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ بیرەوەرییەکانی میمی کە چل ساڵ لەمەوبەر بەهەمان شێوە دەستدرێژیی لێ کراوە، یەک لە سەرکەوتووترین دیمەنە وەسفییەکانی ئەم ڕۆمانەیە. ئەم وردەکارییانە وا دەکەن وەک خوێنەرەوە ئاواتەخواز بی کە ڕۆمانووس لە جیاتیی پەرش و بڵاوکردنی بێ سنووری ڕووداوەکان، پێداگری لەسەر ژیانی چەند دانەیان کردبا و بەشێوەیەکی قووڵتر چووبا ناو هەناوی کارەکتەرەکان و دیوی ناوەوەی ئەوانی دەرخستبا. لایەنی کۆمەڵناسییانەی ڕۆمانەکە بەهێزە و دەکرێ وەک بەڵگەیەک بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی خانەقین، داوونەریتی ژیانی خەڵک، کولتوور، حەمام، سینەما، ئاین و... هتد کەڵکی لێ وەرگیرێت. ئەگەر ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە بێت، دەکرێت ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە ڕۆمانەکە تایبەتمەندییەکی بەهێزی "گرۆتێسکی" هەیە. کاتێک مەلیحە، بەدوای ئەوەی کە لە تەمەنی منداڵیدا دەستدرێژیی لێ دەکرێت و دواتر بەزۆر دەدرێ بە حوسێن قاچاغچی و دواجار دەبێتە لەشفرۆش و مێردەکەی گەووادی دەکات، دەڵێت تەنیا مەلایکەتەکان نەهاتوونەتە زگی، ئەگینا هەموو حاجییەکان، مەلاکان و فەقێکان سەردانیان کردووە، مرۆڤ لە ئاست ئەم هەموو ناحەزییە مووچڕکی بە لەشی دادێت. دەکرێ بڵێین کە سەرجەم ڕۆمانەکە وەک بیرەوەرییەکانی گێڕەرەوە (لەیلا نووسەر) پۆلینە بکرێت. ئەمەش ئەوەندە بە هەستی گێڕەرەوەوە گرێ دراوە

کە مرۆڤ هەست دەکات بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە دەخوێنێتەوە. ئەڤینی زۆر و ڕاستگۆیانەی گێڕەرەوە وا دەکات تۆش جۆرێک لە هۆگری بۆ ئامە پەیدا کەی. ڕۆمانەنووس لە کۆتاییدا و بەدوای تەواوبوونی ڕەوتی درێژی بیرەوەرییەکان، شیعرێکی پڕ لە هەست بۆ ئامە دەنووسێ و بەجوانترین وشە پەسنی دەدات و ئامە دەگەیەنێتە لووتکە. دواتر ئەم دێرانەش وەک وێنەکە دەدرێنێت و دوو حەبی تریپ ئیزۆل دەخوات، "گڵۆپەکان دەکوژێنێتەوە و بەرەو جیهانی خەون چاوەکانی وێک دەنێ."

یەک لەو گرفتانەی کە دەبێتە کەمایەسییەک بۆ ئەم ڕۆمانە، گرفتی ڕوانگەیە. ئێمە دەزانین کە گێڕەرەوە بەهۆی وێنەیەک دەگەڕێتەوە سەر زەمەنێکی ڕابردوو و لە ڕوانگەی یەکەم کەسیی لەیلای منداڵەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ڕوانگەیەکی لەم چەشنە دەبێ سەرەڕای ئەوەی کە ئاستی تێگەیشتنی گێڕەرەوە (لێرەدا لەیلای هەشت نۆ ساڵانە) لە بەرچاو بگرێت، دەبێ هەموو کاتێ بە چاو و ئەزموونەکانی لەیلا وەفادار بێت، بەڵام زۆر لە بەسەرهاتەکان لە دەرەوەی ئەزموونی لەیلان، بەواتایەکی تر لەیلا دەستی بە ئەو ڕووداوانە ڕانەگەیشتووە کە ئێمە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە زمانی ئەوەوە بیانبیسین. زۆرێک لە ڕووداوەکان لە بنەڕەتدا بیرەوەرییەکانی نووسەرن کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان بەئەزموونی لەیلای منداڵەوە نییە (تەنانەت ئەگەر لەیلا مناڵێتیی خودی نووسەریش بێت). بۆیە زۆرجاران ئێمە خۆمان لە بەردەم گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزاندا دەبینینەوە کە لە ڕەهەندێکی سێیەم کەسییەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە و هێندێک جاریش ئەم گێڕانەوەیە دەبێت بەدروشمی تەواو و لە تایبەتمەندیی گێڕانەوە دەچێتە دەر و دەبێت بە ڕای خودی نووسەر (بۆ نموونە بڕوانە پەرەگرافی دووەمی ل. ١٣٦). بۆ خوێنەرەوە گرینگە کە بزانێ سەرچاوەی گێڕانەوەکان چن و بۆیەش کاتێک ئێمە ڕووداوگەلێک لە دەرەوەی ئەزموونی لەیلا دەبیسین لە خۆمان دەپرسین ئەو چۆن بەمەی زانی. هەڵبەت زۆر لە

ڕووداوەکان لە کاتی خۆیدا بۆ ئامە گێڕدراونەوە و ئێمە لە سۆنگەی ئامەوە لێیان ئاگەدار دەبین، بەڵام میکانیزمی ئەوەی کە ئەم شتانە چۆن دەگەنە گێڕەرەوە، لای خوێنەرەوە ئاشکرا نییە. لە ڕاستیدا کەسایەتییەکانی ڕۆمان دەبێ وا پێناسە بکرێن وەک ئەوەی هەردەم لە بەردەم دادگەدان و هەرچی دەیڵێن دەبێ بە بەڵگەی قایمەوە بسەلمێندرێ و خوێنەرەوەی وردیش وەک سەرۆکی دادگەیە کە بەپێی وتار و کردەوەکانی کارەکتەرەکان بڕیار لەسەر ڕاستگۆیی یان درۆزنبوونیان دەدات. گرفت ئەوەیە کە مرۆڤ بەزەحمەت دەتوانێ هەست بەبوونی کارتێکەری و لە ئارادابوونی هۆکاریتی (cause and effect) لە نێوان ڕووداوەکاندا بکات. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە خاوەنی تەونێکی (plot) تۆکمە و ڕێکوپێک نین. خوێنەرەوە تووشی گرێکوێرەیەکی ئەوتۆ نابێ کە بەشوێن کردنەوەیدا لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە هەڵداتەوە و بێ سەبرانە و بەپەرۆشەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بشۆپێنێ. تۆ وەک خوێنەرەوە بە دەگمەن بەشداریی ڕووداوەکان دەبی و بەدەگمەنتریش هەڵدەکەوێ کە ئەنجامێک بۆ ڕووداوەکان پێشبینی بکەیت.

## بەرەنجام

ڕۆمانی کوردی، وەک ژانرێکی سەر بەسەردەمی نوێ، بە بوون و نەبوونییەوە، بە چلۆنایەتی و چەندایەتییەوە، مۆرکی هەلومەرجی کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بارێکەوە پێوە دیارە. ئەگەر ڕۆمانی کوردی چەند دەیە دوای نەتەوەکانی دراوسێ پێ دەنێتە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردییەوە، دەبینین کە ڕۆماننووسانی کورد بە تێکڕایی پیاون.[1] شتێکی سەیروسەمەرە نابێ ئەگەر لە ئارادانەبوونی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی ژنان بەتایبەتی وەک پێوەرێک بۆ ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی دابنێین.

١. هەروەک لەم وتارەدا دەبینین ژمارەی ڕۆماننووسانی ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر کەمن. دوو نووسەرە ژنەکەی ڕۆهەڵات، نەسرینی جەعفەری و زەینەبی یوسفی، بێگومان لەژێر کارتێکەریی ئەو ڕەوتەدان کە لە ئێراندا لە ئارادایە. لە بیرمان بێت کە ژمارەی ڕۆماننووسانی ژن لە ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەکی بەرچاو چووەتە سەر و ژنان لە ئاستی چەندایەتییەوە بەقەد پیاوان ڕۆمان چاپ دەکەن و تەنانەت لە باری ژمارەی چاپکردنەوەی هێندێک ڕۆماندا لە پیاوان وەپێشتر کەوتوون. سێ نووسەرە ژنەکەی تاراوگە، گەلاوێژ، مەهاباد قەرەداغی و ڕێواس ئەحمەد، بێگومان لەژێر کارتێکەریی شێوەژیانی تاراوگەدان و ئیمکاناتی تاراوگە لە نووسینی ڕۆماندا هاندەریان بووە. ئەوەی کە ئەحلام مەنسوور لە ماوەی بیست و چوار ساڵدا نەیتوانیوە ڕۆمانەکەی چاپ کات، دەربڕی ئەوەیە کە هەلومەرج چەندە خاڵێکی گرینگە لە بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا. لە باکوری کوردستانیش، سۆزان سامانجی لە ساڵی ٢٠٠٤ یەکەم ڕۆمانی خۆی، هەڵبەت بەزمانی تورکی، بڵاو کردەوە. سۆزان سامانجی پێشتر چوار کۆمەڵە چیرۆکی کورتی بڵاو کردبووەوە. هێندێک لە چیرۆکەکانی سۆزان وەگێڕدراونە سەر کۆمەڵێک زمانی ئەوروپایی. چەند چیرۆکیشی کراونەتە کرمانجی و سۆرانی. چیرۆکەکانی سۆزان لە تورکیا، لەلایەن زۆر ڕەخنەگری ئەدەبییەوە بەچیرۆکی بەرزی ئەدەبی و سەرکەوتوو نرخاندراون.

نەبوونی بەرچاوی ڕۆمانـنووسی ژن لە ئەدەبی کـوردیدا ئەو ڕاسـتـیـیـە دەسـەلمێنێ کـە ژنانی ئـەم کـۆمـەڵگەیە چەندە لە باری کـۆمـەڵایەتیـیـەوە بێدەرەتـانن و بواری ئەزمـوونکـردن و خـەمـڵاندن و ئافـراندنی ئەدەبیـیـان بۆ نەڕەخسـاوە. مـخـابـن خـوێندنەوەی من لـەم ڕۆمـانانـە ئـەوە نیشـان نادات کـە هـەبوونی ئـەم چەند ڕۆمـانـەش بەو مـانایـەیە کە ژنان تـوانیـویانـە قـورسـاییی بـاری داوونـەریتـی دژ بـە ژن و پـیـــاوسـالارانـە لـە زەین و کـــردەوەی کـەسـایـەتیـیـەکـانی ئەم ڕۆمـانانـە بەشـێـوەیەکی هونەری بەرجـەسـتـە بکەن. دەکـــرێ بڵـــێین کـــە بایـەخـی ســـەرەکـــیـی ئـەم ڕۆمـــانـانـە هـەر لـە دەسـتپـێکبوونیـانـدایە. ئەگـەر ئەم ڕەوتە بەردەوام نەبێ و پەرە نەگرێ، ڕەنگە هـەروەک ئەو مـەترسـیـیـە سـەرەکـیـیـە کـە مـرۆڤی کورد لە ئـاست داهـاتووی سـیـاسـیی خـۆیدا هـەیەتی، هەڕەشـە لە هـەبوونی ئازادانـە و سـەربەخـۆیانـەی ژنان بکات. هـەروەها لە پـۆلینەکـردنی ڕۆمـانی کـوردیـی ژناندا دەبیـنین کـە تەنیـا خـاڵی هاوبەشـیـان ئەوەیە کـە بەدەست ژنـان نووسـراون، ئەگـینا ئەم ڕۆمـانانەش وەک ڕۆمـانی پیـاوان خـاوەنی تێـمـاگـەلی جـیـاواز و شـێـوازی جـیـاوازن. لەم ڕۆمانـانەشدا، سـیـاسـەت، نەتەوە، ئازار و دەردی گـەل زەقن و پرسـی وڵات و بێناسنامـەیی پرسـێکی سـەرەکـیـیـە. لە هـەلومـەرجـێکدا کـە کۆمـەڵگـەی کـورد و مـرۆڤی کـورد هـەڵگـری دنیـایەک چەرمـەسـەری و گـرفـتی ئاڵۆزن، بۆچ نابێت لە ئاسـتی ڕۆمـانی ژناندا خـاوەنی کۆمـەڵێک دەق بین کـە تێیاندا ژنان ئەزمـوونی تایبەتی خۆیان گێڕابێتەوە. بەبڕوای من زۆر شت بۆ بەجێـهێنانی ئەم ئەرکە پێویستن: شـارەزایی لەگـەڵ کـەرەسـەکـانی هونەری ڕۆمـان، کەڵکوەرگـرتن لە ئەزموونی ڕۆماننووسیی ڕۆژئـاوایی، وە ڕەخسـاندنی هـەلومـەرجی لـەباری کۆمـەڵایەتی. بەڵام لە هـەمـووی ئەوانە گرینگـتـر بوێریی ژنانە بۆ شکاندنی چوارچێوە داسـەپاوەکان و خەمـڵاندنی گرفـتە ئینسـانی، نەتەوەیی، جنسی و جۆرەوجۆرەکانی تر بەکەرەسە شیاوەکانی ئەدەبی.

خـوێندنەوەی بەرهـەمی ڕۆمـاننووسـانی ژنی کورد نیشـان دەدات کە باوەڕ

بەدابەشکردنی ڕۆمان لەسەر بنەمای جنسی تەنیا دابەشکردنێکی ڕواڵەتییە و لە باری تێما و شێوازدا خاڵی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە بناغەیەکی قورس بەم دابەشکردنە بدات. لەو ڕۆمانانەی کە لێرەدا خرانە بەرباس، تێماکان چ جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ تێمای ڕۆمانی پیاواندا نییە. پرسی ئەنفال کە لە ئەڤین ئاوی ژیانە و لە شەدەی سەرگەرداندا پرسێکی سەرەکییە، لە زۆر ڕۆمانی پیاوانیشدا خراوەتە بەرباس. پرسی کۆڕەوی کۆچ بابەتی سەرەکیی تارمایی هەڵبجەی ڕێبوار ڕەشیدە و کارەکتەری سەرەکیشی، فرشتە، ژنە. پرسی کۆمەڵایەتیی ژن و ئەو گرفتانەی کە لە ڕوانگەی ژنبوونەوە تووشی ژنان دێت هەر تێمای ڕۆمانی ژنان نییە و ڕۆماننووسانی پیاویش تێمای لەم چەشنەیان کردووەتە هەوێنی بەرهەمەکانیان.[1] تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر شێوازی تایبەتیی نووسین و گوزارەکردن لە کەسایەتی و داواکارییەکانی تایبەتیی ژنان، هێندێک لە ڕۆماننووسانی پیاو زۆر وەپێش ژنانی نووسەر کەوتوون و لە باری هونەرییەوە سەرکەوتووتر بوون.[2] دیالۆگەکانی دڕک و گوڵی ئیبراهیم ئەحمەد، پێناسەکردنەکانی باڵندەکانی دەم بای عەتا نەهایی لە خولیا و حەزەکانی ژن، سنوورەکانی

١. بۆ خوێندنەوەی دەقێک کە بەوپەڕی جوانیناسیی ئەدەبی گرفتەکانی ژنێک لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکات بەهەوێنی چیرۆکێکی کورت، بڕوانە چیرۆکی "ئەو باڵندە بریندارەی کە منم" لە نووسینی عەتا نەهایی کە لە ٢٠٠٤دا لەلایەن دەزگای سەردەم لە سلێمانی بڵاو بووەتەوە. کارەکتەری سەرەکیی ئەم چیرۆکە ژنێکە کە لە خەونیدا سکاڵایەک لەگەڵ مەستوورەی کوردستانیدا دەکات و بەربەرەکانییە خەیاڵییەکەی خۆی لە هەمبەر مێردەکەی بۆ مەستوورە باس دەکات.

٢. هەبوونی ڕیالیزمی جادوویی لە دوو ڕۆماندا (ژن و شەدەی سەرگەردان) و ئامادەبوونی تۆوەکانی جۆرێک لە سوریالیزم لە ئەڤین ئاوی ژیانە، ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە تایبەتییانە بن کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئامادەییان هەیە، هەلومەرجێک کە ژنان ناچار دەکات بۆ خستنە ڕووی حەز و خواستەکانیان لە پشت جیهانێکی میتافۆریکدا خۆیان بشارنەوە.

خــەیاڵی ژنان لە ئێــوارەی پەروانەی بەخــتــیــار عــەلیــدا و ناسکی و وردەکارییەکانی کەسایەتیی ژن لە پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکانی شێرزاد حەسەندا، دیالۆگ و پێناسە ڕیالیستییەکانی محەمەد مەولوود لە ڕێگەدا و کێشە و ئازارەکانی دژایەتی لە نێوان ویستی کچ و دەمارگیریی باوک لە کۆمەڵە شاخێ بەرز و ...ی کەریم دانشیاردا، هەموو ئەو دەقە کوردییە سەرکەوتووانەن کە دەبێ ژنانی نووسەر بۆ بەهێزکردنی بەرهەمی ئەدەبیی خۆیان ئاوڕی جیسدییان لێ بدەنەوە.

دوای خوێندنەوەی بەرهەمی ڕۆماننووسانی ژنی کورد دەکرێ مرۆڤ ئەم پرسیارانە ئاراستە بکات کە ئەوان چەندە توانیویانە ئەو چوارچێوە باوانەی کە بۆ ژن داندراون هەڵوەشێننەوە یاخۆ بیانبەنە ژێر پرسیار. ئاخۆ ژنان لە نووسراوەی نووسەری ژنی کورددا توانیویانە چوارچێوەی پێناسەی بۆ نموونە ناموس، شەرم و حەیا، فیداکاری، خۆبەخشی، وەفاداری، ماڵداری، داوێنپاکی، میهرەبانی، میوانداری و ...، کە دەکرێ بڵێین دەستکرد و سازکراوی پیاوانن، بگۆڕن؟ ئاخۆ کارەکتەری ژنی ڕۆمانە کوردییەکانی ژنانی کورد لە بەرامبەر زەینییەتی پیاواندا سەربزێوی دەکەن؟ ئاخۆ ژنانی نووسەری کورد چەندە لە شکاندنی سانسۆری کۆمەڵایەتی لەمەڕ ژنان سەرکەوتوون؟ ئاخۆ ژنانی نووسەری کورد لە ژیانی کارەکتەرەکانیاندا توانیویانە ژن لەژێر باری زەینی پیاوسالارانە ڕزگار بکەن؟ خوێندنەوەی من لەم ڕۆمانانەی سەرەوە، وەڵامێکی ئەرێنی بەم پرسیارانە ناداتەوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە، هاتنە مەیدانی ژنانی کورد لە باری نووسینی ڕۆماندا ئەو خاڵەیە کە جێگەی دڵخۆشییە و مرۆڤ دەکرێ هیوادار بێت کە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ ڕەوتێک کە پسانەوەی نەبێت.

# کێ ڕاسته و کێ هەڵەیه؟

## وتووێژ لەبارەی زمانەوە

زانایان و شارەزایانی زمان هەردەم لەگەڵ کێشه و گرفتی زماندا ڕووبەڕوو دەبنەوە و لە هەوڵی باشترکردن و پەرەپێدانیدان، بەڵام هاوکات گرفتی تر سەر هەڵدەدەن و جاروباریش گرفتەکان لە نێوان خودی شارەزایاندا دەبنە کێشه و لە ئاکامدا شتی چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدەن.

بەدوای هەڤپەیڤینەکەی فەرهاد شاکەلی لە دیمانەیەکدا، دەنگی ڕەخنە و گازەندە لە چەند لاوە بەرز بووەتەوە و لەمەڕ بۆچوونەکانی شاکەلی لەسەر ئەلفوبێی کوردی و هەروەها ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەم بوارەدا بابەت و نووسینی زۆر بڵاو بوونەتەوە کە تێیاندا تووڕەبوون و بێزارییەکی زۆر لەسەر قسەکانی شاکەلی بەدی دەکرێت.[1]

بەپێویستم زانی جارێکی تر لە درێژەی ئەم باسەدا و بۆ ڕاست و دروستی ئەم بۆچوونانە، لەگەڵ شارەزایەکی تری زمان بکەومە هەڤپەیڤین و وەڵامی هەندێک لە پرسیارە سەرهەڵدراوەکان وەربگرینەوە. د. هاشمی ئەحمەدزادە، مامۆستای لێکۆڵینەوەی کوردی (Kurdish Studies) لە زانستگەی ئێگزێتر (بەریتانیا)، وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە و بۆچوونی خۆیشی سەبارەت بەم کێشەیە دەردەبڕێت.

---

١. لە چەند پێگەی ئینتەرنێتیدا بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو لەسەر قسەکانی فەرهاد شاکەلی بابەت و بۆچوون بڵاو کراونەتەوە.

* کاک هاشم، با لەم دەربڕینەی کاک فەرهاد شاکەلییەوە دەست پێ بکەین؛ ئەو ئەلفوبێی لاتینی بەهەوڵی ئیمپریالیست بەمەبەستی دابەشکردنی کوردستان گرێ دەدات. بەبۆچوونی تۆ ئەمە تەنیا ڕوانگە و بۆچوونە یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە و بەڵگەی باوەڕپێکراو لە بەردەستدا هەیە؟

– بەر لە هەر شتێک سوپاستان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە. دەبێ بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان ئاماژە بەچەند خاڵی پێویست بکەم بۆ ئەوەی ڕێ لە بەردەم هەر چەشنە تێگەیشتنێک و خوێندنەوەیەکی هەڵە لەم هەڤپەیڤینە بگیرێ. یەکەم، ئەوەی کە من حەزم نەدەکرد پرسیارەکانی ئێوە بەئاماژە بە قسەکانی کاک فەرهاد دەستیان پێ کرابا. دەکرا پرسیارەکان سیمایەکی سەربەخۆتر، گشتیتر و هزرییانەتریان هەبوایە. بەواتایەکی تر ئێمە بەبێ بنەمایەکی قایمی تیۆری لەسەر زانستی زمانناسی ئەستەمە بتوانین خۆمان لە قەرەی باسێک بدەین کە تێیدا بەردەوام ئاماژە بە "زانست" و "زمانناسی" دەکرێ. خاڵی دووەم کە پێم خۆشە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە من لەگەڵ کاک فەرهاد شاکەلی دۆستم و ماوەیەکی زۆر لە زانکۆی ئوپسالا هاوکار بووینە و تەنانەت ژووری کارەکەشمان هاوبەش بووە. خۆیایە لە هەموو ئەو باسانەی کە لەم چاوپێکەوتنەدا دێنە ئاراوە، بە لە بەرچاوگرتنی داڕشتن و سروشتی پرسیارەکان، من دەبێ لەگەڵ کاک فەرهاددا بکەومە گفتوگۆ و دەربڕی ڕا و تێبینییەکانی خۆم بم کە زۆرجاران لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودا یەک ناگرنەوە. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە جیاوازیی بیر و بۆچوون بەلای منەوە شتێکە تەواو پێویست و هەر لەبەر ئەم باوەڕەشم دڵنیام کە جیاوازییەکان بەهیچ شێوەیەک نابنە ڕێگری ڕێز و حورمەتی من بۆ کەسانێک، لێرەدا کاک فەرهاد، کە وەک من بیر ناکەنەوە یاخۆ من وەک ئەوان بیر ناکەمەوە. من بنەمای بیری جیاواز و ڕێزگرتن لە جیاوازی لە ئەندێشەکانی ئیبنی خەلدوون و تیۆری "عەسەبییەی" جیاوازی

ئەو، لە گەورەیی ڤۆلتەر بۆ پێشوازی و تەنانەت قوربانیکردنی خۆی بۆ هەموارکردنی دەربڕینی بیری جیاواز، لە ڤیکۆ و لە دێریدا و... هتد دەدۆزمەوە و جیهانی یەکدەنگی و یەکڕاییم پێ جیهانێکی جەهەننەمییە.

لە ڕاستیدا بۆچوونەکانی کاک فەرهاد لەم وتووێژەدا لە کارەکتەری باسێکی بە بەڵگە و سەلماندنی جەدەلییانە و بابەتییانەی باو لە دنیای ئەکادیمیدا دوورن. چۆن و لەبەر چی وا دەڵێم؟ لەم پرسیارەی ئێوەدا، سەرەڕای کورتبوونی، چەند باسی گرینگی وەک "ئەلفوبێ"، "لاتینی"، "ئیمپریالیزم" و "دابەشکردنی کوردستان" شاراوەن. ئەم لایەنانە هەموویان قسە و باسی زۆر هەڵدەگرن. مرۆڤ دەکرێ بپرسێ کەی کوردستان دابەش کرا، کەی ئەلفوبێی لاتینی هاتە ئاراوە، کەی ئیمپریالیزم ئەو ناماقووڵییەی کرد؟ ئاخۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانێ بمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە کاک فەرهاد ئاوا بە تێڕادیوی دەری دەبڕێ؟ لەوەش گرینگتر "ئەلفوبێی" لاتینی چ پێوەندییەکی بە ئیمپریالیزمەوە هەیە؟ کاک فەرهاد کاتێک باسی زمانناسی دەکات و ژمارەی زمانناسانی کورد لە خۆی زیاتر تێ ناپەڕێنێ، دەبێ بەئاماژەیەکی سەرپێییش بێت بۆ خوێنەرەوەی ڕوون کاتەوە کە زمانناسی چۆن لە پێوەندیی فۆرمی نووسین و تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدوێ. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم نە کاک فەرهاد و نە هیچ کەسێکی تر ناتوانێ بەڵگەیەکی بنەمادار زمانناسییانە بهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لە نێوان زمانێکی دیاریکراودا و فۆرمی نووسینی یاخۆ ئۆرتۆگرافیی ئەم زمانەدا پێوەندییەکی جەوهەری یان کاکڵگرانە هەیە. مرۆڤ پێویست ناکا چامسکی یان یاکوبسێن بێ بۆ ئەوەی لەم فۆرموله تێ بگات. خوێندنی کۆرسێکی بیست وانەیی (units, credits, points) لە زانکۆیەکی ڕۆئاوایی بایی ئەوەندە دەدات بەخوێندکار کە بزانێ "نیشانە" چییە، "دال" چییە، "مەدلوول" چییە و بزانێ کە پێوەندیی نێوان ئەلفوبێ و زمان پێوەندییەکی دڵخوازە و لە ئاکامی کۆمەڵێک هەلومەرجی جوگرافیایی،

مـێـژوویی، کـولتـووری و کـۆمـەڵایەتی و هێندێک جـار ئایدیۆلۆجـیک و سیاسییەوە دێتە ئاراوە. هیچ زمـانێک لە ئەزەلەوە ئەلفوبێیەکی تایبەتیی بۆ دیاری نەکراوە. ئەلفوبێ دەستکردی مرۆڤە و لە زەمـەن و شـوێنی جیاوازدا شێوە و ڕواڵەتی جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە.

باشــە ڕەچاوکـردنی ئـەلفـوبێی لاتین لـەلایەن قـوتابخـانەی هـاوارەوە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا چ پێوەندییەکی بەدابەشکردنی کوردستانەوە هەیە؟ وەک دەزانین دوو ڕێککەوتی مێژوویی دابەشکردنی کوردستـان، واتا شـەڕی چاڵدێران نێوان سـەفـەوی و عـوسـمـانییـەکـان لە ١٥١٤دا و دواتر شـەڕی یەکـەمی جیـهانی و هـەرەسـهێنانی ئیمـپراتۆریی عوسـمـانی، بەر لە کردەوەی ڕەچاوکردنی ئەلفوبێی لاتین لەلایەن سـەیدا جـەلادەت بەدرخـانەوە ڕوویان داوە. کەواتە لەباری مێژووییـیەوە ئەم قسـەی کاک فـەرهاد ڕاست نییە. لە هەمان کاتدا بەدوای شەڕی یەکەمدا دەزانین کە ئیمپریالیستەکانی بەریتـانیایی لە باشـووری کوردسـتـان بوون و تەنانەت لە بەغـداش کۆواری کوردییـان دەردەکرد و هانی نووسـەرانی کوردیان دەدا بەکوردی بنووسن و زۆر لە ئەفسـەرانی ئینگلیـزی خـۆیان فـێـری زمـانی کـوردی بە ئەلـفـوبێی عەرەبی کرد. باشە ئەم ئیمپریالیستانە بۆ ئەو کات ئەم ئەلفوبێی لاتینییەیان بەسەر کورددا دانەسەپاند؟ لە کاتێکدا کە ئێدمۆندز و سـۆنی ئیمپریالیست هاریکاری ڕێنووسی دەسـتـتێـوەردراوی ئارامی یـان عـەرەبی بۆ نووسـینی کوردی بوون، ساتعەلعوسریی موسڵمان و ناسیۆنالیستی عەرەب هەڕەشەی ئەوەی دەکرد لادان لە ڕێنـووسی قـورئان کوفـرە و دەسـتنیشـانکردنی چەند پیت بـۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەو دەنگە کـوردییـانەی لە زمـانی عـەرەبیـدا نین بەلای جـەنابیـەوە گـوناهی کـەبیـرە بوو. هـاوکـات دەبێ ئەوەش بپـرسـین کـە گۆڕینی ئەلفوبێ دەیتوانی بۆ ئیمپریالیزم چ سـوودێکی هەبێ؟ باشـە بۆچی ئەم دێو و درنجانە لە ڕۆهەڵاتی دوور، وەک میناک لە هیندستان ئەم کارەیان نەکـرد؟ بۆچی لە خـودی عـێـراق ئەم کـارەیان نەکرد؟ ئاخـۆ کـورد هـێندە

فاکتۆرێکی گەورە بوو لە هاوکێشیی هێزی ئیمپریالیستیدا کە خەو و خۆراکی لە ئەندازیارانی ئیمپریالیزم هەڵگرتبوو و، ئەوان دەبوایە بۆ دابەشکردنیان ئەم ئەلفوبێیەیان بەسەردا سەپاندبان؟ من هیچ بەڵگەیەک بۆ دروستبوونی بۆچوونێکی لەم چەشنە نابینم.

مرۆڤ دەکرێ لە خۆی بپرسێ باشە مەبەستی میر جەلادەت بەدرخان لە ئاراستەکردنی نووسینی کوردی بەئەلفوبێی لاتینی چی بوو؟ ئەو لە چ هەلومەرجێکدا ئەم هەنگاوەی هەڵێناوە؟ ئەو کات بە دڵنیاییەوە ئەگەر تەنانەت دژی بەکارهێنانی ئەم ڕێنووسەش بێ، ناتوانێ ئەوا سووک و هاسان هێرش بکاتە سەر ناسراوترین ڕووناکبیرانی مێژووی هاوچەرخی کورد و بە جاسووسیان ناوزەد بکات. باشە کاک فەرهاد بۆچی نابێ سەرەداوی ئەم جاسووسییە بەدەستەوە بدات کە ئێمەش لێی تێ بگەین؟ جەلادەت بەدرخان بە ڕێنوێنیی کام "ئیمپریالیست" ئەم هەنگاوەی هەڵێناوە؟ ئەم هەڵسوکەوتە ئایدیۆلۆجیکە زۆر دوورە لە باسێکی ڕوونکەرەوەی بە بەڵگە. من پێشنیاز دەکەم ئەگەر قەرارە ئەم باسە درێژەی هەبێ با بەوردی و بەشێنەیی قوڵی لێ هەڵماڵین و بنەما تیۆریکییەکانی بۆچوونەکانمان ڕاڤە بکەین. بۆ ئەم ئەرکە گرینگە دەکرێ کۆڕ و سیمینار وەڕێ خرێن و لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردی کەڵکی پێویست و شیاو وەرگیرێ. ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی جەلادەت بەدرخان و مەرگی ئەم کوردە هێژایە لە "بیری قەدەری" تاراوگەدا زۆر بەنرختترە لەوەی کە ئاوا سووک و هاسان بە جاسووسی ئیمپریالیستان لە قەڵەم بدرێت.

* کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو هەردووکیان کوردین. لە ڕوانگەی شاکەلییەوە ئەلفوبێی یەکیان "لاتینی"یە و ئەوی تریان "کوردی". بۆچوونی تۆ لەسەر ئەم دەربڕینە چییە؟

– بڕوانە کاک مەجید، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ هەموو ئەو ئەلفوبێیانەی کە لەم

جیهانەدا بەکار دەهێندرێن پۆلینە بکات، تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر فۆرمی سەرەکیی ئەم ئەلفوبێیانە نەک لقوپۆپیان، ناتوانێ ژمارەیان بگەیەنێتە دە فۆرمی سەرەکی. ئەگەر ئەلفوبێی لاتینی لە بەرچاو بگرین، بەدوای هاتنە ئارای نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانە ناوچەییەکانی ئەورووپا، بەرە بەرە هەوڵی گۆڕانکاری لەم ئەلفوبێیە پەرەی ساند و هەر زمانەی بەگوێرەی هەلومەرجی خۆی دەستێکی لەم ئەلفوبێیە وەردا و ئێستا جیاوازییەکانی نێوان ئەلفوبێی سوێدی و ئینگلیزی و فرەنسایی، ئەگەرچی زۆر کەمن، بەڵام مۆرکی ئەو زمانانەیان بەخۆیانەوە گرتووە و کەس ناتوانێ بڵێ ئەمە هەمان ئەلفوبێیە کە لاتینیی پێ دەنووسرا و لە هەمان کاتیشدا هەر زمانەی ئەم ئەلفوبێیە بە هی خۆی دەزانێ. وەک دەزانین ئەلفوبێی لاتینیی ڕەچاوکراو بۆ نووسینی کوردی ئێستا ئیتر کوردییە و لە تورکیا لەبەر باوەڕی ڕەگەزپەرستی بەسەدان کوردی لەسەر دەگرن و هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر هەر تەواو قەدەغەش بوو. هەر ئێستا لە زیندانەکانی تورکیادا کورد هەن کە بە "تاوانی" بەکارهێنانی پیتی W بۆ نووسینی وشەی نەورۆز (Newroz) گیراون. لە دادگەکانی تورکیادا دۆسیەی خەڵکانێکی زۆر کە ویستوویانە ناوی منداڵەکانیان بنێن "خەزاڵ" بە پاساوی ئەوەی کە پیتی X لە ئەلفوبێی زمانی تورکیدا نییە، بێ وەڵام ماونەتەوە. ئەمە چارەنووسی پیتی Q شە لە تورکیا. باشە بۆ دەبێ ئەلفوبێی دەستکاریکراوی ئارامی یان عەرەبی "کوردی" بێ و هی لاتینی کوردی نەبێ؟ ئەم پێوەندییە جەوهەرییە کامەیە کە ئێمە نایزانین؟ کاک فەرهاد پشت بە چ زمانناسێک و قوتابخانەیەکی زمانناسی دەبەستێتەوە بۆ ئەم دەربڕینەی؟ بەباوەڕی من ئەم ئەلفوبێیانە هەردووکیان کوردین. دیسان مرۆڤ پێویست ناکات کە ماکس وێبێر یان کارل مارکس بێ بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بەرەنجامی دابڕانی پارچەکانی کوردستانە لە یەکتر. با من لەوەش ئەولاتر بڕۆم و بڵێم کە

ئەلفوبێی سیریلییش کە پێشتر لە سۆڤیەتی پێشوودا بەکار دەهات کوردییە و ماتریالێکی کولتووریی زۆر دەوڵەمەند بەم ئەلفوبێیە بەرهەم هاتووە کە من بەشبەحاڵی خۆم شانازیی پێوە دەکەم. زمانناسان بەتایبەتی زمانناسانی کۆمەڵایەتی هەمیشە خولیای ئەم دیاردانەن و هەوڵ دەدەن لە هۆکارەکانی ئەم دیاردانە بکۆڵنەوە و بزانن چۆن کۆمەڵە خەڵکانێک کە خاوەنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیین ئاوا تووشی دابڕانی زمانی و کولتووریی لە یەکتر بوونە. لە هەمان کاتدا دیاردەی دوو ستانداردی دیاردەیەکە نامۆ نییە لە جیهانی ئەمڕۆدا. ئەم دیاردەیە لە ئالبانی و لە ئاستێکدا لە نەرویج دێتە بەرچاو و زمانی کوردییش دەکرێ، ئەگەرچی ڕەنگە ناخۆش بێ و ئیدیالی من و تۆش نەبێ، ئاوا سەیری بکرێ: زمانێک بە دوو ستانداردەوە. لێرەدا نامەوێ بچمە سەر باسی ستاندارد و چبوونی ئەم چەمکە. ئەوەندە دەڵێم کە زۆرجار بەکارهێنانی ئەم تێرمە لەلایەن هێندێک کەسەوە بۆ ترساندنی نەیارانە نەک بۆ شیکردنەوەی زمان. زمانی ستاندارد خۆی لە خۆیدا هەبوونی نییە و بەرەنجامی پلاندارێژییەکی دیاریکراو و پسپۆڕانەیە.

* شاکەلی زێدەتر لە ئەلفوبێی لاتینی دەدوێت و لەو باوەڕەدایە کە "سەقەت و نازانستی و ناکوردییە" و تەنانەت "بەکەڵکی زاراوەی کرمانجیی خۆیشی نایەت". ئاخۆ ئەم ئەلفوبێیە هێندە شاشە کە بۆ نووسینی کوردی دەست نادات؟ ئەگەر وا بێت، کوردەکانی باکوری کوردستان لە نووسینەکانیاندا سەرکەوتوو نین و ئەوەی هەیانە نیوەچڵە؟

– بەڕاشکاوییەوە دەڵێم ئەم پێناسانەی کاک فەرهاد خاوەنی هیچ پشتیوانەیەکی زمانناسییانە نین. "سەقەت"؟ باشە با کاک فەرهاد ئەم وشەیە وەرگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە ئینسیکلۆپێدیای زمانی دەیڤید کریستالدا بەشوێنیدا بگەڕێ، بزانێ لە زمانناسیدا تێرم یاخۆ چەمکێکی وا

هەیە؟ ئەوە لەو قسانە دەچێت کە ئێمە عومرێک لە ناسیۆنالیستی عەرەب و موسڵمانی دەمارگیر بیستوومانە کە گوایە زمانی عەرەبی کامڵترین زمانە و یان ناسیۆنالیستی فارس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فارسی شیرینترین زمانە و خاوەنی هێزێکی ئیعجازئامێزە و ناسیۆنالیستانی تورک تا دێرزەمانێک زمانی تورکییان بەزمانی هەتاو دادەنا کە شەبەق دەبەخشێتە سەر هەموو زمانەکانی دنیا. ئەم قسانە و قسەکانی کاک فەرهاد لەسەر کوردینەبوونی ئەلفوبێی لاتینی هەموویان بەقەد یەک دوورن لە زانستی زمانناسی. "نازانستی" ئەگەر مەبەست Unscientific بێ دەتوانم بەڵێنی پێ بدەم کە لە هەر ١٢ جلدەکەی یاکوبسۆندا نایدۆزێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەلفوبێ هەر فڕی بەسەر زانستەوە نییە. ئەو ڕۆژەی کە میسرییەکان بەکێشانەوەی وێنەی کوندێک ئاماژەیان بە کوند دەدا و ئەم وێنەیە دەبوو بە نیشانەی دەنگێک، وە ئەو ڕۆژەی سۆمەرییەکان ئەلفوبێیان لەسەر بەرد و قوڕ هەڵدەکۆڵی، هەتا ئەمڕۆ کە تۆ بە "پرۆگرامی ۆردز" ئەم پرسیارانەت نووسیوە و بۆ منت ناردوون، قەت پێوەری هەڵبژاردنی ئەلفوبێ "زانست" نەبووە. پێم خۆشە زۆر خێرا بڵێم کە لەناو هێندێک لە کورداندا زۆرجار ئەم وشەی زانستە بووەتە بنێشتە خۆشکە. لە هەموو شوێنێک و لە هەموو بۆنەیەکدا بەکاری دەهێنن و خەڵکی پێ چاوترسێن دەکەن. ئەوە وەک پۆلینکردنەکەی مارکسیستانە لە سۆسیالیزم بە دوو جۆری خەیاڵی و زانستی کە من بەشبەحاڵی خۆم ئاخ بۆ ئەوی خەیاڵییان هەڵدەکێشم کاتێک ئاسەواری ئەوی زانستییان لە سۆڤیەت و وڵاتانی تری سۆسیالیستیدا دەبینم. جاری وایشە ئەم "زانستییە" دەمخاتە یادی سییەکانی دەیەی ڕابردوو و لێکدانەوە "زانستییەکانی" مرۆڤناسە ئەڵمانییەکان بۆ هەڵاواردنی مرۆڤی سپیی ئارییایی ڕەسەن لە مرۆڤی ڕەشی مێشک چکۆلە. کاک فەرهاد لەپێشدا دەبێ بڵێ مەبەستی لە زانست چییە و ئەلفوبێی زانستی کامەیە کە دواتر بڵێ ئەم ئەلفوبێیە یان ئەوی تر نازانستییە. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە

له ئەلفوبێی هاواردا جێگەی هێندێک فۆنێمی کوردی بەتاڵە، باشە ئەمەیان بە ڕیفۆرمێک چارەسەر دەکرێت. هەروەک چۆن ئەلفوبێی "کوردی"ی کاک فەرهاد پێویستی بەم ڕیفۆرم یان چاکسازییە هەیە. بۆ نموونە لە ئەلفوبێی دەستتێوەردراو و گۆڕدراوی ئارامی یان عەرەبیدا کە ئێستا ئیتر کوردییە، مرۆڤ کۆمەڵێک گرفت دەبینێ. وەک نموونە دەتوانم بڵێم کە پیتگەلی "و" و "ی" هەم نوێنەرایەتیی دەنگگەلی بزوێن دەکەن و هەمیش دەنگگەلی چەقیو. ئەمەش قەت نەبووەتە هۆی بە کوردی ناوزەدنەکردنی ئەم ئەلفوبێیەوە. یان دەزانین کە فۆنیمێکی (دەنگێکی) زۆر گرینگی کوردی، کورتە بزوێن، بزرۆکە، لەم ئەلفوبێیەدا لەلایەن هیچ پیتێکەوە نوێنەرایەتی ناکرێت و ئەمەش نەبووەتە هۆی ئەستاندنەوەی ناسنامەی کوردی لەم ئەلفوبێیە. نەبوونی پیتگەلی "ح"، "ڕ"، "ڵ"، "غ" و "ع" لە ئەلفوبێی هاواردا ئەگەر پێویست بێت بەهاسانی چارەسەر دەکرێت و کەس ناتوانێ بڵێت بۆ نموونە شیعری خانی بەم ئەلفوبێیە نانووسرێ. ئەمە وەک ئەوە وایە کە بڵێین جگەرخوێن کورد نییە و شیعرەکانیشی چونکی بە ئەلفوبێیەکی "ناکوردی" نووسراون کوردی نین و ئاینوریش کە "کچا کوردان" بەم ئەلفوبێیە فێر بووە و بەچڕینی گۆرانییەکەی گوێی فەلەک کەڕ دەکات، کورد نییە. تۆ دەتوانی حەز لە ئەلفوبێی لاتینی نەکەی، بەس ناتوانی بەوشەگەلی لەم جۆرە پێناسەی بکەی و تازە نێوی بابەتەکەشت بنێی زمانناسی و هەموو خوێندەوارانی کورد بە گەمژە لە قەڵەم بدەی. ئەمە نە "زانستییە" و نە جوانیشە و باوەڕبکەن نە کوردانەشە و نە لە بەرژەوەندیی کوردانیشدایە.

* وەک مێژوو پێمان دەڵێ، سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانیماڵباتی بەدرخانییەکان و، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، کوردستان (١٨٩٨)، وەک پێشەنگی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە قەڵەم دەدرێت. دەبینین کورد ئەم

هەنگاوەی بەدرخانییەکان بەرز دەنرخێنێ و هەموو ساڵێک یادی دەکات و جێی شانازیی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. لێ بۆچوونی شاکەلی لەسەر بەدرخانییەکان جیاوازە. ئەو دەڵێ: "لەناو کورددا کەس هێندەی بنەماڵەی بەدرخان دڵسۆزی بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆگیی ئەتاتورک نەبوو." وەک ئاشکرایە، دەوڵەتی تورکیا هەردەم لەگەڵ وشەی کوردستان ناکۆکیی هەبووە و بەردەوام لەگەڵ هەر چەشنە جووڵانەوەیەک لە پێوەندی لەگەڵ کورد و کوردستاندا دژایەتیی کردووە. ئاخۆ بنەماڵەی بەدرخان کە بەوتەی فەرهاد شاکەلی "لە دڵەوە سەرسامیی کەسایەتی و بیرکردنەوەی ئەتاتورک بوون" دەکرێ پێشەنگی ڕۆژنامەوانیی کوردی بن و ناوی "کوردستان" لە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بنێن؟

– دەربڕینێکی ئاوا گشتی لەگەڵ هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤی سەردەم ناکۆک و بێگانەیە. مرۆڤی دوای ڕۆشنگەری بە تاک دەناسێندرێ و هەڵگری کەسایەتیی خۆیەتی. تێکەڵاوکردنی ئەندامانی بنەماڵەیەک و ناوزەدکردنی هەموویان بە خیانەت پتر لە بۆچوونێکی عەشیرەیی دەچێت هەتا باوەڕهێنان بە تاک و تاکبڕوایی. پێبەندیی سەرەتایی و هاوچەشنکردنی ئەندامانی بنەماڵەیەک، ئەویش بنەماڵەی بەدرخان کە ژمارەیان دەگاتە سەدان و بگرە هەزاران، هی ئەم سەردەمە نییە. کەسایەتیی بەدرخان پاشا کە لە ١٨٤٧دا کۆتاییی بە ئەمارەتە مەزنەکەی دەهێندرێت و دواتر لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە بۆ کرێتا دوور دەخرێتەوە، زۆر جیاوازە لە کەسایەتیی جەلادەت بەدرخان کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لە دیمەشق کۆواری هاوار دادەمەزرێنێ و کامەران بەدرخان کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە پاریس مامۆستایەتیی زمانی کوردی دەکات. هەروەها ئەگەر کاک فەرهاد دژایەتیی لەگەڵ ئەلفوبێی لاتینی هەیە بۆ دەبێ میقداد

میدحەت بەدرخان تاوانبار بکات بەلایەنگری لە ئەتاتورک؟ زەمانێک کە ئەتاتورک نێوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوو میقداد بەدرخان پێشەنگیی بزاڤی نەتەوەییی کوردی لە شیاوترین شێوەی خۆیدا کە دەرکردنی ڕۆژنامەیە، دەکرد. باشە کاک فەرهاد سالآنی عومری بەپێزی حاجی قادر کە دەرسی بەئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان لە ئەستەمبوڵ دەدا چۆن دەبینێ؟ یانی حاجی دەرسی ئەتاتورکپەرستیی فێری ئەم هێژایانە دەکرد؟ دوایەش خۆ "کوردستان" بەئەلفوبێی لاتینی نەدەنووسرا، بگرە بە ئەلفوبێیەک دەنووسرا کە ئەمڕۆ کاک فەرهاد پێی دەڵێت ئەلفوبێی کوردی، هەرچەند زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. دوایە کاک فەرهاد کە باسی بەدرخان پاشا و بۆ نموونە بوونی ئەو لە کریتا دەکات مرۆڤ وا دەزانێ بەدرخان بە پارەی دەوڵەتی سوێد و بۆ نووسینی بیرەوەری و شیعر چووەتە ئەم گراوە خۆش ئاووهەوایە. لە ڕاستیدا ئەم زاتە دوای تێکشکانی ئەمارەتەکەی وەک دەستبەسەرکراوێک یاخۆ نەفیکراوێک ناردراوەتە ئەوێ و بۆ ماوەی دە سالآن بەتۆپزی لەوێ ڕاگیراوە و ماڵی سوڵتانی عوسمانی ئاوەدان بێ کە وەک ئەوانەی ئەمڕۆی تورکیا بەرهەڵستکارانی خۆی لە بەندە ترسناکەکانی ئێفدا زیندانی نەدەکرد. بەدرخان پاشا کەسایەتییەکی سەردەمی پێشمۆدێرنی کوردستانە و شێوە ژیان و خەباتەکەشی تایبەتمەندیی ئەو سەردەمی پێوە دیارە. کاتێک ئەو لە تاراوگە، لە دیمەشق، لە ساڵی ١٨٦٩دا دەمرێ، بیست و یەک کچ و بیست و یەک کوڕی لەپاش بەجێ دەمێنێ. ئەمە لەگەڵ ژیانی نەوەکانی، بۆ نموونە ئەمین عەلی بەدرخان و جەلادەت و کامەران و لەیلا و سورەییا کە لە سەردەمی مۆدێرندا دەژین زۆر جیاوازیی هەیە. ئەمین عەلی بەدرخان دەبێتە دامەزرێنەری یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی، کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کوردستان، لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٩٠٨ لەیلا دەبێت بەیەکێک لە باشترین سەماکارانی بالەی ئەڵمان و ئەمەریکا. لە ڕاستیدا لابردنی خزمەتی

بنەماڵەی بەدرخانییەکان و سڕینەوەی ناوی ئەوان لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا بەمانای سڕینەوەی مێژووی بزووتنەوەی کوردییە لە کوردستان.

* بەگشتی بۆچوونی تۆ لەسەر دەربڕینەکانی شاکەلی لەمەڕ ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی چییە؟ ئاخۆ لەگەڵ ئەو قسەی شاکەلیدا هاودەنگی کە دەڵێ تێکڕای بڵاوکراوەی کوردی، بەڕۆژنامە و کۆوار و کتێب و... بە شێوەیەکی هەڵە نووسراون و دەنووسرێن؟ ئەگەر وابێت، دەبێ بڵێین "کورد بەهەڵە دەنووسێ" و چیی تر ناوی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان نەهێنین بۆ بەهەڵەنووسین.

– چاوپێداخشاندنێکی خێرا بەسەر مێژووی ڕێنووسی زمانی کوردی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە باشووری کوردستان هەوڵی گۆنجاندنی ئەلفوبێی عەرەبی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی فۆنێتیکی ئەم زمانە گوڕێکی تایبەتی بەخۆی گرت و دەبێ بڵێم بەدوای چەند دەیەدا ئێستا ئەلفوبێی کوردی لەسەر بنەمای ئەلفوبێی عەرەبی تا ڕادەیەکی زۆر جێگیر بووە. واتا ئێمە لە باری دانانی پیتێک وەک نیشانەیەک بۆ هەر فۆنیمێکی کوردی کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە. لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە کە بەوردی ئاماژە بەم هەوڵ و ماندووبوونانە بکەم کە لەم ڕێڕەوەدا بە ئەنجام گەیشتوون و هەروەها ناکرێ وردەکارییەکانی کۆمەڵێک جیاوازیی بیر و بۆچوون کە هێشتا هەر لە ئارادان باس بکەم. ئەگەر ئەمە هەلومەرجی پیتەکانی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی بێ، دەبێ بڵێم لە ئاستی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن "نووسین" یاخۆ "ڕێنووس" یان ئۆرتۆگرافی یان spelling گرفتی زۆرمان هەیە. ئەم گرفتە هەر هی کورد نییە بگرە بۆ نموونە زمانی فارسییش کە لەم ئەلفوبێیە کەڵک وەردەگرێ ئەم گرفتەی هەیە. بۆیە دەڵێم گرفت چونکی ئێمە وا ڕاهاتووین کە زۆر فۆنیتیکانە بیر بکەینەوە وەک دێریدا دەڵێت دەنگناوەندین و پێمان وایە کە

دەبێ لە نێوان نووسین و فۆنیمەکان واتا دەنگەکاندا پێوەندییەکی یەک بە یەک هەبێ. هەڵبەت ئەم بۆچوونە لەبەر ڕۆشنایی دەستکەوتگەلی زمانناسی و تیۆرییەکانی ئەم سەردەمەدا هیچ بنەمایەکی نییە. بەواتایەکی تر ئەگەر لە ڕێنووسی زمانێکدا ئەم باوەڕە ڕەچاو نەکرێ قیامەت ڕانابێ و ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین کە چۆن چینییەکان و ئینگلیزییەکان و فرەنساییەکان سەرەڕای لە ئارادانەبوونی ئەم هاوکێشییەی نێوان دەنگ و پیت چەندە لە زمانەکانیاندا سەرکەوتوون. تەنیا خوا دەزانێ بۆ (why) بە [وای] دەخوێندرێتەوە و تەنیا ئاخێوەرێکی خۆجێی یان زمانزانێکی توانا دەتوانێ لە نێوان جیاوازیی شێوەی نووسینی وشەیەک بە ئینگلیزی و شێوەی دەربڕینی ئەم وشەیە تێ بگات. بەواتایەکی تر هیچ یاسا و ڕێسایەکی "زمانناسییانە" بۆ ئەم ڕێنووسە لە ئارادا نییە و هەروەها بۆ چینییش و فرەنساییش. ئەگەر بەپێوەری کاک فەرهاد بڕوانینە زمانی ئینگلیزی سەرتاپای ئەم ڕێنووسە هەڵەیە. کەچی بەکردەوە دەبینین کەس شتی وا ناڵێت. بەگوێرەی دێکسیی زمانناس پێوەری یەک دەنگ یەک پیت لە جێی خۆیدا نییە و لە نێوان نووسین و دەنگدا تەنیا پێوەندییەکی وەبیرهێنانەوە هەیە و هیچی تر. کەوابوو لێرەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی بنەڕەتی لە نێوان ڕێنووسی فۆنێماتیک (لەسەر بنەمای یەک دەنگ یەک پیت) و ڕێنووسی نافۆنیماتیکدا نییە و کە مرۆڤ فێری ئەم ڕێنووسانە بوو ئەو کات بەبێ گرفت بەبینینی نیشانەکان مەدلوولەکان دەهێنێتەوە بیر خۆی و بەدروستی دەیانخوێنێتەوە. ڕەنگە لای ئێمە سەیر بێ کە چۆن چینییەک بەبینینی نیشانەیەک کە لای ئێمە پتر وە تابلۆیەک دەچێ، کۆمەڵێک دەنگ و دواتر وشە بدرکێنێ. ئەمە بۆ عەرەب و فارسەکانیش کە بزوێنە کورتەکان لە ڕێنووسەکانیاندا نیشان نادرێن هەمان شتە. لە بیرمان بێ کە هەتا ساڵی ٧٢ی هیجری و سەردەمی خەلیفەی چوارەمی موسڵمانان قورئان بە ئەلفوبێیەک دەنووسرا کە هیچ نیشانە و خاڵی نەبوو. تەنیا لەم سەردەمەدایە

کە کەسێکی وەک ئەبولئەسوەدی ئەلدوولی نیشانەکانی خوێندنەوە لەسەر پیتە عەرەبییەکان زیاد دەکات. ئاخۆ کاک فەرهاد دەتوانێ بڵێت کە قورئانی نووسراوی سەردەمی پێغەمبەر و سێ خەلیفەی یەکەم هەڵە بووە؟ ئەمن کە ناوێرم وا بڵێم. ئەگەر لە نێوان نووسین و ئەلفوبێدا پێوەندییەکی جەوهەری هەبوایە، دەبا کەس نەیوێرابا نیشانەیەک یان خاڵێک لە ئەلفوبێی بەرەگەز نەبەتیی ئارامی پاشان بۆ عەرەبیی خۆشکراودا زیاد بکات. وەک دەزانین فارسەکان هەموو پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبییان وەرگرتووە و لە نووسیندا بەکاریان دەهێنن، کەچی لە کاتی خوێندنەوەدا "گ" و "ت" هەر وەک "ت" دەخوێننەوە و "ص" و "پ" و "س" هەر وەک "س" دەخوێننەوە و "ژ" و "چ" و "ڤ" و "ز" هەموو هەر وەک "ز" دەخوێندرێنەوە. لێرەدا دەبینین لە نێوان پیت و دەنگدا هیچ پێوەندییەک نییە و ناشکرێ مرۆڤ هەموو نەتەوەی فارس بەوە تاوانبار بکات کە نازانن زمانی خۆیان بخوێننەوە. دیاردەیەکی مێژوویی سەرنج ڕاکێش لەم بارەوە هەیە کە پێم خۆشە ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش دیاردەی "هوزواریش"ە. لە زمانی پەهلەویی سەردەمی ساسانییەکاندا وشەگەلی ئارامی هەروەک خۆیان دەنووسران، بەڵام دەبوایە بەشێوەی پەهلەوی و بە مانای پەهلەوی خوێندرابانەوە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە ئێمە بۆ نموونە لە نووسینی کوردیدا وشەی waterی ئینگلیزی وەک خۆی بنووسین بەڵام لە خوێندنەوەدا بڵێین "ئاو". لێرەدا دەبینین کە چۆن خوێندنەوە ملکەچی بڕیار و پێکهاتنە، نەک پێوەندیی پیت و دەنگ.

یەک لە تایبەتمەندییەکانی ئەلفوبێی عەرەبیی بەکوردیکراو ئەوەیە کە هێندێک لە پیتەکان بەپیتی دوای خۆیان نالکێن و ئەمەش دەتوانێ گرفتێک بێ کە ئاخۆ لە کاتی جیابوونەوەی دوو پیت لە یەکتر وشەیەکی نوێ دەست پێ دەکات یان هێشتا ڕێنووسی وشەکە بەردەوامە. ئێمە ئەگەر بێینە سەر تایبەتمەندیی زمانی کوردی کە هەڵگری ژمارەیەکی زۆر پاشگر و پێشگر و نێوانگر و وردە وشە و وشەی لێکدراو و کرداری تێکەڵە، دەبینین کە ئەم

ڕێنووســە تووشی هێندێک گـرفـتــمـان دەکـات کـە دەبێ چارەســەری بۆ بدۆزینەوە، شـتـێک کـە لە زمـانـی کوردیدا هـێشـتـا بەتەواوی نەکـراوە. ئەم گرفتە سـەرنجی زۆر زمانناسی کورد و بیانیی ڕاکێشاوە و لە چەند دەیەی ڕابردوودا جێگەی مشـتومڕ بووە. ئاخـۆ ئێمـە دەبێ هەمـوو مـۆرفـێمـەکـانی وشـەیەک بەسـەر یەکەوە بنووسین، یان لـە یەکتر جیـاوازیـان بنووسین. ئەم دوو بۆچوونە هیچیان ناتوانن داوای ئەوە بکەن کە یەکیان زانستییە و ئەوی تریان زانسـتی نیـیـە؛ یـان وەک کـاک فـەرهـاد دەڵێت لە باری ڕێزمـانیـیـەوە پاساویـان بۆ بهێندرێتـەوە. بۆ نموونە مامـۆستا خـاڵی مەزن کـە ڕەنگە بەپێی بۆچوونـی کـاک فـەرهـاد نەیزانیـبێ مـۆرفـێم چییـە، لەسـەر ئـەم ڕایەیە کـە مۆرفێمەکانی وشـەیـەک دەبێ بەسـەریەکەوە بنووسرێن و مەودایان نەکەوێتێ. ئەمە بۆچوونێکە و دەکرێ مرۆڤ ڕەچاوی کـات و لەسـەری ساغ بێتەوە. بەڵام ئەمـە بە پلان دەکرێ. دەکرێ باس لە ڕێنووس لەسـەر بنەمـای مـۆرفـێم، واتا بچووکـترین بەشـی مـانـاداری وشــەیەک، بکەین و بۆ نموونە بڕیـار بدەین کـە مۆرفێمەکانی وشەیەک بەیەکەوە بلکێنین، یان لە تەنیشت یەکتر بەبێ دانانی نێـوان بیـاننووسـین و یان تەواو لـە یەکـتـر جـیـایـان بنووسـین. بەڵام وەک مـامۆسـتـا ئەمیری حـەسـەنپوور دەڵێت نووسین لەسـەر بنەمای مـۆرفـۆلۆجی کـارێکی دژوارە و نووسـەر دەبێ شـارەزایـیـەکی بـاشی لەسـەر ڕێزمـان، مـۆرفـۆلۆجی، لێکدانەوە و شـیکردنەوەی مـانـاناسـانە و ڕێزمـان و کـۆمـەڵێکی زۆر بناخـەی ئاڵۆز لە زمـانی کوردیدا هـەبێ. هـەڵبەت ئەم کـارەش لە کردەوەدا سوودێکی ئەوتۆ نابەخـشێ، چونکی لە کاتی خوێندنەوەدا خـوێنەرەوە وشـەی نووسـراو شـی نـاکـاتەوە، بگرە وەک وێنـەیەک دەیبـینێ و کـاتێک فـێـری بوو بەشێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی دەیباتەوە سەر مانا حەشـاردراوەکەی گرێدراو لەم وێنەیـەدا . لە بیـرمـان بێ کـە ئامـۆژگـارییـەکـانی کـۆڕی زانیـاری کـورد لە حـەفـتـاکـان و دواتریشـدا قـەت بەتەواوی ڕەچاو نەکران و ناکـرێن. زانایانی وەک مـامۆسـتـا خاڵ و ئـەورەحمـانی حـاجی مارف و ئەمـیری حـەسـەنپـوور و

جەمال نەبەز و مەسعوود محەمەد و کەسانی تر لەم بارەوە زۆر تێبینی و لێکۆڵینەوەی بەنرخیان هەیە کە دەبێ ببنە سەرچاوەی هەر هەوڵێکی جیدی لە ئەمڕۆ و داهاتوودا بۆ ساغبوونەوە لەسەر ڕێنووسێکی یەکگرتوو. ئەگەر دەبینین هەتا ئێستا ڕێنووسێکی یەکدەست وەدی نەهاتووە، لەبەر ئەوە نییە کە کورد هەموو نەخۆشیی زلکوێرییان هەیە و مەودای پیتان نابینن و پیتەکان تێکەڵ دەکەن، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر یەکدەستنەبوونی بارهێنانی کوردی لە خوێندنگەکاندا (با لەوە بگوزەرێین کە لە بەشی زۆری نیشتمانی کورداندا هەر خوێندنگەی کوردی نییە). لە نەبوونی سیستمێکی هاوبەشی بارهێنان و ڕاهێنان و فێرکردندا مرۆڤ ئەستەمە بتوانێ چاوەڕوانی ڕێنووسێکی یەکدەست بێ. تەنانەت ئەگەر سیستمێکی واش لە ئارادا بێ ناکرێ بڵێین ئامانجێکی وا بە هاسانی دەپێکرێ. بڕوانە وڵاتی ئێران و گرفتی ڕێنووسی زمانی فارسی. سەرەڕای هەزار ساڵ پێشینەی نووسین، هەبوونی سەدان هەزار کتێبی دەستنووس، مێژوویەکی دووسەد ساڵەی پیشەسازیی چاپ، هەبوونی چەندین ئەکادیمیای زمان و دەیان زانکۆ و سەدان پسپۆڕی زمان و هەستی ناسیۆنالیستیی بەهێزی ئێرانییەکان و ملهوڕی و سەرەڕۆیی شایانی پەهلەوی و چی و چی، گرفتی نووسینی لکێندراو یان لەیەک ترازاو یان بێمەودا هێشتا هەر جێگەی مشتومڕە. هەر لە دە ساڵی ڕابردوودا پتر لە بیست کتێبی ئامۆژگاریی نووسین لەسەر ڕێنووسی فارسی بڵاو بوونەتەوە. باشە ئەگەر ئەمە حاڵی زمانی فارسی بێ بۆ دەبێ ئێمەی لێکدابڕاوی پارچە پارچەکراو هێندە پشوومان سوار بێ و خەڵک بە نەفام و گەمژە دانێین کە نازانن بە کوردی بنووسن.

ڕێنووس هیچ پێوەندیی بەڕێزمان و زانستەوە نییە. ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی گرفتی هەیە. بەواتایەکی تر کوردەکان لەسەر ئەوەی کە چۆن دەبێ مۆرفێمەکانی وشەیەک بنووسرێن هاوڕا نین و ئەگەریش هەن ئاگایان لە

یەکتر نییە. ئەگەر ئەوەی وەک من نەنووسێ بەهەڵەی بزانین ئەو هەلومەرجە دێتە ئاراوە کە ئێستا هەمانە و هەموو هێرش دەکەنە سەر یەکتر و بە نەزان و هەڵەنووس لە قەڵەمیان دەدەن. هەموومان لە بیرمانە پارەکانە کاک فەرهاد و دوو لە هاوڕێیانی لاپەڕەیەکیان لەسەر ستیپێندیۆم نووسی بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە لە سوێد ڕوون کەنەوە. هەر ئەودەم کاک حەمەسەعید دەستی بەبژاری ئەم لاپەڕەیە کرد و حوکمی هەڵەبوونی بەشێکی زۆری ئەو چەند دێرەی دا کە کاک فەرهاد و هەوالانی نووسیبوویان. هەر ئەم چاوپێکەوتنەی ئەمجارەی کاک فەرهاد بووەتە سووژەی هەڵە دۆزینەوەی خەڵکانێکی زۆر. ئەی باشە پەنا بۆ کوێ بەرین. کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە؟

ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تەنیا ساغبوونەوە لەسەر ڕێنووسێکی دیاریکراوە و بەس. پاشان مسۆگەرکردنی پەرەپێدانی ئەم ڕێنووسەیە لەناو خوێندەوارانداو هەروەها دەستنیشانکردنی ئیدیتۆرە لە هەموو دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیدا. ناوزەدکردنی نووسینی خەڵکانی تر بەهەڵە لەم هەلومەرجەدا شێوەیەکی دیموکراتیک نییە. تۆ ناتوانی بە گەنجی ئیلامی و کرماشانی کە ئەمڕۆ کوردایەتی دەکات و لە بێدەرەتانیی تەواودا دەست بۆ قەڵەم دەبات بڵێی دانیشە و مەنووسە چونکی نازانی دای پاشگر نابێ وەک دای کردار بنووسرێ، وە پێشگر دەبێ بلکێندرێ و لا غەیر. بەباوەڕی من ئەوەی کە ئێستا گرینگە ئافراندنە. کێشەی ڕێنووس تەکنیکییە و درەنگ یا زوو چارەسەر دەکرێ. ئەگەر لە من بپرسن ڕێنووسی بێ هەڵەت دەوێ یا نووسەری گەورە، من دووەمیانم دەوێ. تاوانبارکردنی بەختیار عەلی بەوەی کە تەنانەت ڕستەیەکی کتێبەکانی دروست نییە (ئەو جۆرەی کە کاک حەمەسەعید دەڵێ) لە جێی خۆیدا نییە. ئەگەر ئێمە بەبیانییەکان بڵێین، ئەو جۆرەی کاک فەرهاد بۆی دەچێت، لەناو کورداندا تەنیا چەند کورد دەزانن بە کوردی بنووسن، بێگومان ئەوان پێمان پێ دەکەنن و مەرحەبایی لە ئەتاتورک و ڕەزا خان دەکەن کە ئەم نەتەوە

نەزانەیان فێری نووسین بەزمانی تر کردووە، ئەگینا نەخوێندەواری دەبووە تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم نەتەوەیە.

* ئەگەر ئەمڕۆ کوردستانێکی یەکپارچە هەبێت و پێویست بەیەک ئەلفوبێ و ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی هەبێت، بە لە بەرچاوگرتنی دانیشتوانی کوردستان بە ئەلفوبێی جیاوازەوە، گەنجینە و مێژووی ئەدەبی کوردی و هەروەها چۆنیەتیی ئەو ئەلفوبێیانەی هەمانن، بەباوەڕی تۆ چ جۆرە ئەلفوبێیەک بۆ کورد باشتر دەگونجێت؟

– من نازانم سبەی چ دەبێت و توانایی پێشبینیشم نییە. ئەگەر ئەو ئەگەرەی ئێوە باسی دەکەن وەدی هات، ئەوە ئەودەم خاوەن ڕایانی ئەو سەردەم دەبێ بیری لێ بکەنەوە. ئێمە لە ئێستادا دەژین و دەبێت بیر لە ئێستامان بکەینەوە و بزانین چیمان پێ دەکرێت. بەباوەڕی من لە هەلومەرجی ئێستادا یەکدەستکردنی زمانی کوردی لە باری ڕێنووسەوە کارێکی ئەستەمە. نە لایەنی سیاسی و نە لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەم دەرفەتەمان پێ نابەخشن. گرینگ ئەوەیە کە بزانین هیچ ئەلفوبێیەک قەداسەتی نییە. هیچ ئەلفوبێیەک تایبەت بەزمانێکی دیاریکراو نییە. لە هەلومەرجی نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا نابێ وا بیر بکەینەوە کە هەبوونی دوو ئەلفوبێ نیشانەی بێبەریبوونە لە نەتەوەبوون. بەباوەڕی من دەکرێ بەلانی کەم پێشەنگ و ئێلیتی کوردی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین بەهەردوو ئەلفوبێ بکات. باوەڕ بکەن ئەمە شتێکە بۆ نموونە بۆ ئێمە کە بە ئەلفوبێی ئارامی یان دەستکاریکراوی عەرەبی دەنووسین و شارەزاییمان لەگەڵ زمانێکی ئەوروپایی هەیە، تەنیا چەند سەعات دەخایەنێ کە خۆمان فێری ڕێنووسی ئەلفوبێی لاتینی بکەین. ڕەنگە ئەمە لەبەر شارەزانەبوونی کوردەکانی باکور بەئەلفوبێی عەرەبی، بۆ ئاخێوەرانی کوردی باکور

زەحمەتتر بێ، بەڵام کارێک نییە نەکرێت. ئێستا کورد لە قەدەر قەوارەی خۆی ئەوەندەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی لەدەستدایە کە ئەگەر بتوانێ بەشێوەیەکی دروست کەڵکیان لێ وەرگرێ، دەتوانێ هەلومەرجی لێک نزیککردنەوەی زاراوەکان پتر دەستەبەر بکات. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر میراتی کولتووری، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم میراتە بەهەردوو ئەلفوبێ بەرهەم دێت و کەس بۆی نییە ئەوەی بە ئەلفوبێی لاتینی بەرهەم دێت بە کوردی نەزانێت یان بەپێچەوانە. بۆ کوردێکی نیشتمانپەروەر جیاوازییەک لەم بارەوە لە نێوان مەمەد ئوزون، حەسەنی مەتێ، جگەرخوێن، فیرات جەوەری، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، عەتای نەهایی، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی و حەلیم یوسفدا نییە. ئەوانە سەرمایەی ئەم نەتەوەیەن و شێواز و فۆرمی ڕێنووسیان هیچ لە گرینگی و کوردبوونیان کەم ناکاتەوە.

تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر میراتی کولتووریی پێشوومان بەر لە سەدەی بیستەم، دەبێ بڵێم بەداخەوە ئێمە لە باری چەندایەتییەوە خاوەنی میراتێکی ئەوتۆ نین کە بڵێم ناتوانین بە ساڵان ئەم بەرهەمانە بێنینە سەر ڕێنووسی تازە. ئەمە بۆ هەردووک ڕێنووسەکە وایە. ئاخر خۆ خانیی مەزن و جزیریی هێژا و نالیی گەورە بەڕێنووسی ئەمڕۆی کوردییان نەنووسیوە کە پێمان وابێ ئەدی هەر منداڵە مەدرەسەییەکی ئەم سەردەمە دەتوانێ بە هاسانی بیانخوێنێتەوە. لە باری چاپەوە ئێمە مێژووی کتێبی چاپکراومان بەر لە سەدەی بیستەم ناگاتە سەد کتێب. هەرچی هەیە دەستنووسە و دەبێ ساغ کرێنەوە. خۆ لە کوردایەتیمان کەم نابێتەوە ئەگەر بڵێین تەواوی مێژووی پەخشانی کوردی بەر لە سەدەی بیستەم لە چەند دەقێکی ئاینی تێ ناپەڕێ. ئەی باشە بۆ دەبێ بۆ داسەپاندنی ئەلفوبێی دڵخوازی خۆمان خەڵک بترسێنین و بڵێین کە بە ڕەچاوکردنی ئەلفوبێی لاتینی ماڵمان کاول دەبێت و لە میراتی ڕابردوومان بێ بەهرە دەبین؟ من پێم وایە لە جیاتیی ئەم

هەڕەشانە کە دەکرێ بڵێین بنەمای ئایدیۆلۆجیکییان هەیە، باشترە بیر لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوەی کوردیی بەکەڵک بکەینەوە. من لەگەڵ کاک فەرهاد تەواو هاوڕام کە گلەیی لە دەسەڵاتی کوردی دەکات لەمەڕ سیاسەتی فەرهەنگییان. ئەکادیمیای کورد یاخۆ کۆڕی زانیاری کورد لە چ کەسانێک پێکهاتوون، چی دەکەن، کێ هەڵی بژاردوون، چەندە ئاگەداری گرفتەکانی زمانی کوردین؟ ئێمە لە دنیای ئینگلیزی زماندا تەنانەت کتێبێکی فێرکردنی کوردیمان بۆ بیانییان نییە. ئەو چەند سەرچاوە باوەڕپێکراوەی کە هەشن ئەگەر بەپێوەری کاک فەرهاد بیانپێوین هی "ئیمپریالیستانن". ئێمە فەرهەنگێکی تێروتەسەلی یەکزمانە و دووزمانەمان نییە. ئێمە لە باری فێرکردنی زمانی کوردی بەشێوەی ئەمڕۆیی کۆڵەوارین. ئێمە لێکدانەوەی بەرهەمە کلاسیکەکانی کوردییمان لە ئاستی سفردایە. ئێستاش ڕاڤە و شەرحی هەژار لە جزیری تاقانەیە، ئەو هەژارەی کاک فەرهاد پێی وایە نەیدەزانی فۆنێم چییە. ئەگەر کارەکانی مەککێنزی و مەککارۆس و شایەت و ڕۆدێنکۆ لە خەرمانی زمانی کوردی فڕێ دەین هیچ نامێنێتەوە. ئێمە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانیمان بەکوردی نییە. وەرگێڕانی ئەم سەردەمەی کوردی سەرەڕای زۆربوونی لە باری چلۆنایەتییەوە کارەساتە. ڕاستە هەڵەی ڕێنووس هەیە، بەس ئەمە بەشێکی بچووکی کێشەی زمان و ئەدەبی کوردییە و دەکرێ بەبێ تاوانبارکردنی خەڵک بەنەزان و نەخوێندەوار و جاسووس، چارەی بۆ بدۆزرێتەوە. من ڕێزم هەیە بۆ میراتی فەرهەنگی و ئەدەبیمان. بەڵام من حەز دەکەم خاوەنی نووسەرێک بم لە چەشنی ئۆرهان پاموک کە هەرچەند دەگوترێ لە کولتووری خۆی بێگانە کراوە، خوڵقێنەری بەباوەڕی من گەورەترین شاکارگەلی ڕۆهەڵاتە کە ڕۆئاواش شانازیی پێوە دەکات. ئەگەر من نووسەرێکی وەک هیدایەتم هەبا، چاوپۆشیم دەکرد لە هەموو هەڵەکانی نووسینی "بۆمی کوێر" هەروەک چۆن زانایانی ئێرانی دەیکەن. ئەگەر بێ هەڵەترین بەرهەمی دنیاشمان هەبێ،

بەڵام لە باری هزر و داهێنانەوە ئەوە نەبوو کە گەلانی تر بەرهەمیان هێناوە، تەنیا دەتوانین دڵی خۆمان خۆش کەین کە بەبێ هەڵە دەنووسین. من دڵنیام ئەگەر کاک فەرهاد لەسەر ئەم بۆچوونەی سوور بێ، غەیری خۆی و چەند هەڤاڵی خۆی کەسی تر ناکەوێتە ڕیزی ڕاستنووسان؛ شتێک کە لە ئامارژەکەی ئەو بۆ ئەو چەند نێوەی دەیانژمێرێت، دەردەکەوێت.

دیسانەوە دەڵێم دەستنیشانکردنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو تەنیا یەک لە گرفتەکانی زمانی کوردییە. ئەم گرفتە هیچ پێوەندیی بەزانست و زمانزانییەوە نییە. بەواتایەکی تر ناتوانین بڵێین چونکی کاک فەرهاد ڕێزمانی کوردی دەزانێ ئەوە بێ هەڵە دەنووسێ و ئەوانەی هەڵە دەنووسن ئەوە ڕێزمانی کوردی نازانن. شوێنی تاقیکردنەوەی زانینی ڕێزمان و زمانناسی زانکۆیە و مرۆڤ دەبێ لەوێ نیشانی بدات کە دەزانێ یان نا. تاوانبارکردنی خەڵک بەنەزانی بە پشتیوانەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە زمانناسی کارێکی ڕەوا نییە. با باسی دەستکەوتەکانی خوێندنی کوردی لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵاتیش هەر نەکەم و ڕای بگرم بۆ گفتوگۆیەکی دۆستانەی تر لە هەلومەرجێکی دۆستانەتردا. ئاواتم ئەوەیە باسگەلی لەم چەشنە بەپشوویەکی ئەکادیمیک ئاراستە بکرێن و هەموو هەوڵەکان تەرخانی وەدیهێنانی ناسنامەیەکی دیموکراتیکی کوردی بکرێن. ئێمە بۆ سازکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی پێویستیمان بە "زانین" هەیە و دەبێ ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە زۆر لە کاروانی "زانست" دوورین. با ئاوەکە لێڵ نەکەین!

دیسانیش سوپاس بۆ دیمانە و سڵاو بۆ خوێنەرانی دیمانە!

## ئەدەب و سیاسەت

### بەبۆنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبێل بە ماریۆ ڤارگاس یوسا

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ ئەکادیمیای سوێد ڕای گەیاند کە خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ئەمساڵ دەبەخشرێت بەنووسەری پێرویی ماریۆ ڤارگاس یۆسا. بۆ هۆگرانی ئەدەب بەگشتی و بۆ خوێنەرەوانی ڕۆمان بەتایبەتی ئەمە هەواڵێکی خۆش و بڕیارێکی شیاو بوو. ڕەنگە بەپێچەوانەی ژمارەیەکی زۆری وەرگرانی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە زۆرجاران لە ئاستی جیهانیدا هێندە ناسراو نەبوون، ماریۆ ڤارگاس یوسا خاوەنی بەربڵاوترین ناوبانگی جیهانی بێت و کەم کەس دوای بیستنی ئەم هەواڵە لە دڵەوە بەبڕیارەکە کەیفخۆش و ڕازی نەبووبێت. من سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە لاپەڕەی فەرهەنگی ڕۆژنامەی هەولێردا وتارێکم بەنێوی "ڕۆمان و دیکتاتۆر" بڵاو کردەوە و تێیدا باسم لە یەکێک لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ڤارگاس یوسا کرد بەنێوی جێژنی نێری.

هەواڵی دەستنیشانکردنی ڤارگاس یوسا بۆ خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٠ بوو بەهاندەرێک بۆ نووسینی ئەم وتارە کە لە هەنگاوی یەکەمدا ئاوڕ لە پێوەندیی ئەدەبیات و سیاسەت دەداتەوە و بە چاوپێداخشاندنێک بە ژیانی ڤارگاس یوسادا و بەرهەمەکانی هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر پێوەندیی ئەم دوو بوارە بە ڕواڵەت لەیەک دوور و بەکردەوە لەیەک نزیکەوە. ڕەخنەگری ئەمەریکایی جودیس فێتێرلی زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت کە

ئەدەبیات دیاردەیەکی سیاسییە.[1] ئەمە دەربڕینێکە کە ڕەنگە هەموو کەس ڕاستەوخۆ دانی پێدا نەنێت و بە تێڕامانێکی سەرپێیی بەرپەرچی بداتەوە و هۆکارەکەشی بگەڕێنێتەوە بۆ تێگەیشتنی بنەڕەتیی ئێمە لە دوو چەمکی سیاسەت و ئەدەبیات، کە یەکەمیان پێوەندیی نەپساوەی لەگەڵ دەسەلات هەیە و دووەمیان ئافراندنێکی جوانیناسانەیە لەمەڕ مرۆڤ و ژیان. لەنێو نووسەرانی کوردیشدا زۆرجاران تووشی هەڵوێستی لەم چەشنە دەبین کە لە نێوان خۆیان و سیاسەتدا دیواری چین دەبەن و هاتنە ناو کایەی سیاسەت و نزیکی لە سیاسەتوانان بەهەڵەیەکی زەق دەزانن. بۆ هێندێک لەو نووسەرانە تەنانەت نووسینی سیاسی و سەبارەت بەسیاسەتیش لادانە لە ئامانجی ئەدەبیات. بەپێی ڕوانگەیەکی لەم جۆرە بەشداریی ڤاسلاف هاڤێل و ماریۆ ڤارگاس یوسا لە سیاسەتدا پەڵەیەکی ڕەشە لە کەسایەتیی ئەدەبیی ئەم نووسەرانە. ئەم ڕەخنەیە پێشتریش لەو ئەدیب و شاعیرە کوردانە گیراوە کە لە پلە و پایەی جیاوازدا بەشداریی داوودەزگای دەسەلاتی کوردی بوونە لە باشووری کوردستان. بۆچوونێکی لەم چەشنە لە سێ دەیەی ڕابردوودا لەلایەن کۆمەڵێک نووسەری ناوداری ئێرانی وەک هوشەنگی گوڵشیری و ئەحمەدی شاملوشەوە بینراوە کە لە نێوان سیاسەت و خۆیاندا دیواری چینیان بینیوە و هەر بەشداریکردنێکیان لە کاری سیاسیدا بەکردەوەیەکی ناپیرۆز و تابو زانیوە. سیاسیبوونی ژیان و بەرهەمەکانی یوسا ڕەخسێنەری دەرفەتێکن بۆ تاوتوێکردن و پتر تیشکخستنە سەر پرسی سەرەکیی پێوەندیی نووسەری ئافرێنەر بەسیاسەتەوە.

کاتێک دەسەلاتدارانی دیکتاتۆری پێرو لە ساڵی ١٩٦٣ هەزار نوسخە لە یەکەم ڕۆمانی ڤارگاس یوسا، سەردەمی پاڵەوانیان سووتاند بەشێوەیەکی ئاشکرا سەلماندیان کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەتوانێت وەک هەر

1. Fetterley, Judith (1978), The Resisting Reader: A Feminist Approach to American Fiction, Bloomington: Indiana University Press.

بەرەنگاربوونەوەیەکی سیاسی هەڕەشە لە دەسەڵاتی ئەوان بکات بۆ بەردەوامبوونیان لە داپڵۆساندن و چەوسانەوەی خەڵک. بەڵام ئاخۆ دەسەڵاتدارانی پێرویی توانییان بەم کارەیان ڤارگاس یوسا لە سیاسیبوون و هەڵوێستی سیاسی بتۆرێنن؟ ئاخۆ ڕقی ڤارگاس یوسا لەم کردەوە دزێوە ئەوی کرد بەنووسەرێکی دوورەپەرێز لە سیاسەت و کشانەوە بۆ نێو قاوغی ئەستووری ئەدەبیاتێکی غەیری سیاسی؟ ڕەوتی ژیانی نووسەر نیشانی دا کە بەپێچەوانەی ئەم چاوەڕوانییە ڤارگاس یوسا پتر لە جاران توانا ئەدەبییەکانی خۆی خستە خزمەت لە قاودانی دیکتاتۆرانی درشت و ورد و لە هەموو بەرهەمەکانی خۆیدا سیاسەتی کرد بەتێمایەکی سەرەکی و لە ژیانی خۆیشیدا تا پاڵاوتنی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی وڵاتەکەی لە ساڵی ١٩٩٠دا چووە پێش. گۆڕانکاری لە باوەڕە سیاسییەکانی ڤارگاس یوسا و بادانەوەی لە لایەنگریکردن لە ئەندێشەی چەپ و شۆڕشی کوبا و کەسایەتیی فیدێل کاسترۆ بۆ ئەندێشەی سەرەتا تەواو ڕاست و دواتر لیبرالییانەش نیشانی دا کە ڤارگاس یوسا نەک سیاسەتوانێکی دۆگماتیک و سوێندخواردوو بۆ باوەڕێکی تایبەتی سیاسی بووە، بگرە ئەو مرۆڤێکی ئازا بووە کە دوای هەستکردنی بەهەڵە سیاسییەکانی ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە خۆی گرتووە و هەرگیز باوەڕی بە پرەنسیپی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی تاک لەدەست نەداوە. یوسا وەک سەلمان ڕوشدی پێی وایە کە نووسەر بەرپرسیاریەتییەکی کۆمەڵایەتیی هەیە و دەبێ ئەو شتانە بدرکێنێت کە نادرکێندرێن، بەشداریی باسەکان بێت، لایەن بگرێت و پێ لەوە بگرێت کە جیهان خەوی لێ بکەوێت.[1] کۆمەڵگە بەردەوام پێویستی بەنووسەر هەیە، بەتایبەتی نووسەرانێک کە ئامادە بن ڕای خۆیان لەسەر ڕێژیمگەلی سیاسی

1. Andrew Wiles, Mario Vargas Llosa and the relationship between politics and journalism, in http://www.soundsandcolours.com/articles/peru/mario-vargas-llosa-and-the-relationship-between-politics-and-journalism/, accessed 9/10/10.

دەربب‌ڕن. هەڵبەت تێکەڵاویی یوسا لەگەڵ سیاسەت، هەر وەک بۆ خۆی ئاماژەی پێ کردووە، بەو مانایە نییە کە نووسین و سیاسەت لە باری پیشەییەوە دوو بواری جیاواز نین و هەر بوارەش پسپۆڕی خۆی ناوێت. بەواتایەکی تر لە نێوان چالاکیی سیاسی و نووسینی ئەدەبیدا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە نووسەری ئەدەبی خاوەنی هەڵوێستی تایبەتی خۆی لە بواری سیاسییەوە نەبێت. هەڵبەت تێپەڕکردنی سالآنی لاوێتی و بەتەمەنداچوون گوڕ و تینی جارانی بۆ یوسا لەمەڕ سیاسەتەوە نەهێشتووەتەوە و ئەو هاتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە دواجار مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە کارتێکەریی خراپی سیاسەت بپارێزێت و هەموو دیموکراسییەکیش وەک ئاوێنەیەک لە کەسایەتیی مرۆڤ دەتوانێت تووشی شکان بێت. بەڵام ئەگەر ئەمە ئەو شتە بێت کە یوسای ٧٤ ساڵانەی خستبێتە دەرەوەی بازنەی چالاکیی سیاسی، سیاسەت وەک ناسنامەی سەرەکیی سەرجەم بەرهەمەکانی بووەتە بەشێک لە پێناسەی ئەو. کاتێک لیژنەی خەڵاتی نۆبێل باس لە هۆکاری بەخشینی خەڵاتەکە دەکات، "کێشانەوەی نەخشەی پێکهاتەی دەسەڵات" و "وێنەگەلی بەهێز لە بەرخۆدان و سەرهەڵدان و شکستی تاکەکان" وەک ئەو فاکتۆرانە دەبینێت کە یوسا دەکەنە شیاوی وەرگرتنی ئەم خەڵاتە. لە ڕاستیدا ئەمە ئاماژەیەکی دروستە بەهەڵتەکاندن و لە قاودانی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرهەمەکانی یوسادا. ئاخر کێشانەوەی نەخشەی پێکهاتەی دەسەڵات دواجار پێکانی جەوهەری سیاسەتە کە بوونی خۆی لە کایەی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە، کایەیەک کە بەدەر لە ویست و مەیلی مرۆڤەکان سەرتاپای کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

ئەگەر لە مێژووی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلدا زۆر نموونە هەبن بۆ سەلماندنی کارتێکەریی سیاسەت لەسەر بەخشینی ئەم خەڵاتە بە کۆمەڵێک نووسەری دیاریکراو، دەکرێ بەشێوەیەک شوێنپێی سیاسەت لە بەخشینی ئەم خەڵاتە

به یوسـا له هەلومـەرجی ئێـسـتـاشـدا ببـیندرێت. سـالانێکی زۆر بوو کـە خـەڵکانێکی زۆر ڕایان وابوو دەبوایە ئەم خـەلاتە درابا به یوسـا. بەلام وێ دەچێت سـیـاسـەت بەشـێـوەیەک له شـێـوەکان لەمـپـەرێک بووبێت له بەردەم لێژنەی خـەلاتی نۆبێل بـۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە. سـالانێک پێشـتـر کاتێک له یوسـا دەپرسن بۆ خـەلاتی نۆبێلـی پێ ڕەوا نابینن، بەپێکەنینەوە دەڵێت پێی وانییـە ئەو له باری سـیاسـییـەوە هەڵبـژاردنێکی ڕاسـت بێت بۆ ئەم خـەلاتە. بەلام وێ دەچێت کـە گـۆڕانکارییـە بنەڕەتیـیـەکـانی جـیـهـانی سـیـاسـەت و ئایدیۆلۆجییە سیاسییەکان کارتێکەریی خۆیان لەسەر بڕیاری تازەی لێژنەی خـــەلاتی نـۆبێـل هەبووبـێت کـــە هـەرچەند درەنگ بەلام دواجـــار بـڕیاری دا خـــەلاتی نۆبـێل بە یـوسـا بـبـەخـشـێت. بەخـشـینی ئەم خـــەلاتە بە یوسـا بەشـێـوەیەک گـوزارە له گـۆڕانکاریـیـەکی بنـەڕەتی له ڕەوتی سـیـاسـەت له ئەمـەریکای لاتین دەکات. کاتێک پاپلۆ نێرۆدا شـاعیری شـیلیایی له ١٩٧١ خـەلاتی نۆبێلـی پێ بەخشرا و کـاتێک له ١٩٨٢ گـابریل گـارسـیا مـارکـێزی کـۆڵۆمـبـیـایـی ئەم خـــەلاتەی وەرگـرت، ئـەمــەریکای لاتین وەک مـــەکـۆی دیکتـاتۆرگـەلێک دەناسرا کـە بە ویسـتـی خـۆیان تەڕاتێنیـان تێدا دەکرد و بەرەی چەپ ئەو هـێـــزە ناســـراوە بوو کـــە ڕووبەڕووی ئەم هـێـــزە ڕەشـــانە دەوەسـتـاوە. لەو سـەردەمـەدا بەخـشـینی خـەلاتی نـۆبێل بە چالاکـانی چەپی وەک نێـرۆدا و مـــارکــێـــز بەشـــێـــوەیەک هانـدەری خـــەباتی ئـەوان بوو دژ بەدیکتـاتۆرییەکانی ئەمەریکای لاتـین. بەلام ئێـستـا بەخـشینی خـەلاتی نۆبێل بە کـــەســـێک کـــە نیـــوەی یەکـــەمی تـەمـــەنی له بـەرەی چەپدا بـووە و دواتر کـەوتووەتە بەرەی پراگـمـاتیـزم و لیـبـرالیـزمـەوە، نیـشـان دەدات ڕێبـازی سیاسـەت لـەو بەشەی جیـهـانیشدا گۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و بەشێوەیەکی گشـتی بەو هێڵـەدا دەڕوات کە سـیاسـەت لە ئاسـتی جیـهانیـدا پێیدا دەرباز دەبێت. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕەوتی سیاسی لە ئەمەریکای لاتین و ناوەندیدا و لە سیاسـەتی لێژنەی خـەلاتی نۆبێلدا کاتێک بە ڕوونی خۆی دەرخست کە لە

ساڵی ۱۹۹۰دا خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل بە ئۆکتاڤیۆ پازی مێکزیکی بەخشرا. پازیش ئیتر وەک یوسا بووبوو بە لایەنگری دیموکراسیی کاپیتالیستی و ڕۆژئاوایی. وێ دەچێت هەرەسی بەرەی چەپ لە ئەمەریکای لاتین و لە هەمان کاتدا پاشەکشەی دیکتاتۆرەکان لەم بەشەی جیهاندا ڕێگەخۆشکەری گۆڕانێک بووبن کە لەلایەن کەسانی وەک یوساوە نوێنەرایەتی دەکرێت و ئەویش دژایەتییە لەگەڵ هەر چەشنە حکوومەتێکی تۆتالیتێری چەپ یان ڕاست. بەشداریی یوسا لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ۱۹۹۰ی پێرو و کێبەرکێکردن لەگەڵ ئالبێرتۆ فوجیمۆری سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی یوسا و تەنانەت ئەمەریکای لاتینیشدا بوو. ئەگەرچی یوسا لەم هەڵبژاردنەدا دۆڕاندی، بەڵام زۆری پێ نەچوو بۆ ئەوەی زەمەن گەندەڵیی بەربڵاوی فوجیمۆری نیشان بدات و دواتر بەتاوانی کردەوە گەندەڵەکانی ببردرێتە بەردەمی دادگە.

سیاسەت کارتێکەریی بەرچاوی لە ژیانی یوسادا هەبووە و تەنانەت بواری دۆستایەتی و پێوەندییە تایبەتییەکانیشی گرتووەتەوە. نموونەیەکی زەق کە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵدا باسی دەکرێت تێکچوونی دۆستایەتیی یوسایە لەگەڵ هاوپیشەی بەناوبانگی خۆی واتا گابریل گارسیا مارکێز. ساڵی ۱۹۷٦ لە شاری مێکزیکۆ لە ڕێوڕەسمی بینینی فیلمێکدا یوسا زللەیەک لە مارکێز دەدات و کۆتا بە دۆستایەتییەکەیان دێت. هەڵبەت هۆکاری ئەم بەگژیەکداهاتنە هەرگیز بەشێوەیەکی ڕوون ئاشکرا نەکرا، بەڵام زۆر کەس ئاماژەیان بەجیاوازیی سیاسی وەک هۆکاری سەرەکی کێشەی ئەم دوو هاوڕێیە کرد. هێندێک کەسیش پێیان وابوو کێشەکە دەگەڕاوە سەر لە ئارادابوونی ژنێک لە نێوان دوو هاوڕێیەکەدا. ساڵی ۲۰۰۷ کاتێک باس لە چاپی نوێی ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر چاپی یەکەمیدا دەکرا، بڕیار درا کە چاپی نوێ هەڵگری ئەو پێشەکییە بێت کە یوسا ساڵی ۱۹۷٦ بۆ ڕۆمانەکەی نووسیبووی و دواتر ئیزنی

بڵاوکردنەوەی لەگەڵ چاپە تازەکانی ڕۆمانەکە نەدابوو. زۆر چاوەدێر ئەمەیان وەک چاکبوونەوەی پێوەندیی نێوان یوسا و مارکێز لە قەڵەم دا. سەرەڕای هەڵکشان و داکشانی هەڵوێستەکانی یوسا لەمەڕ سیاسەت ئەو وەک نووسەرێکی پسپۆڕ لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرەوان بۆ سەر ڕۆمانەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا هەردەم سەرکەوتوو بووە و تەنانەت ئەو کەسانەی زۆر بەئێشەوە لە هەبوونی وێنەیەکی مارگرێت تاچێر لە ماڵەکەی یوسا لە لەندەن دەڕوانن ناتوانن دەستبەرداری خوێندنەوەی یەک لە سیاسینووسترین نووسەرانی جیهان بن.

ماریۆ ڤارگاس یوسا هەر تەنیا نووسەرێکی سیاسینووس نییە، بگرە بەلانی کەم لە بەشێکی زۆری تەمەنیدا سیاسیکارێکی چالاکیش بووە، سەرەتا وەک مرۆڤێکی چەپ و دواتر وەک مرۆڤێکی لیبراڵ. پاشگەزبوونەوەی یوسا لە بیروباوەڕی چەپ لە سیاسەتدا و ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی لیبرالانە بەردەوام سوژەی قسە و باسی لایەنگران و دژبەرانی یوسا بووە. هێندێک بە کۆنەپارێز و نیولیبراڵی دادەنێن و هێندێک بە شێوەیەکی دروستتر و نریکتر لە ڕاستیی بیر و بۆچوونی ئەو بە لیبراڵی دادەنێن. ئەوە لە کاتێکدایە کە داکۆکیکردنی ئەو لە مافەکانی هاوجینسخوازان بە ئاشکرایی دەیخاتە بەرەی چەپەوە. یوسا بۆ خۆی لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی ئەنستیتوی تیجارەتی ئەمەریکادا وتارێکی بەنێوی "دانپێدانانەکانی لیبرالێک" پێشکێش کرد و بە ڕاشکاوی خۆی وەک لیبرالێک ناساند. لە بەشێک لەم وتارەیدا یوسا دەڵێت: "ئێمە وەک ڕۆماننووس خەون بە دنیایەکەوە دەبینین کە تێیدا دیکتاتۆر و تیرۆریست و فاناتیکەکان جێگەیەکیان نییە. جیهانێکی پێکهاتوو لە فەرهەنگە جیاوازەکان، نەتەوە جیاوازەکان و نەریت و باوەڕە جیاوازەکان کە شان بەشانی یەکتر بەیەکەوە لە فەرهەنگی ئازادی و ئاشتیدا دەژین. فەرهەنگێک کە تێیدا سنوورەکان دەبن بەپردگەلێک کە مرۆڤەکان بە شوێن ئامانجەکانی

خۆیاندا بەبێ هیچ گرفتێک و تەنیا بەپێی ئیرادە و ویستی خۆیان دەتوانن بە سەریاندا بێن و بچن. ئەو کات ئیتر پێویست ناکات باس لە ئازادی بکرێت، چونکە ئەودەم ئازادی دەبێت بەهەوایەک کە ئێمە هەڵی دەمژین و هەموومان بەڕاستی ئازاد دەبین. ئەو کات خەونی لودویگ ڤۆن میسێس لەمەڕ فەرهەنگێکی جیهانیی تێکەڵاو بەڕێزگرتن لە یاسا و مافەکانی مرۆڤ دەبێت بە ڕاستییەک."[1] بیر و بۆچوونەکانی یوسا لەمەڕ سیاسەت و بەتایبەتی لەسەر سۆسیالیزم و بازاڕی ئازاد بوونەتە هەوێنی زۆر لێکۆڵینەوەی بەپێز لەلایەن گەلێک لێکۆڵەرەوە بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە. یەک لەو لێکۆڵینەوە هەمەلایەنانەی کە لەسەر یوسا کراوە بریتییە لە یازدە وتاری ئەکادیمیک کە لە دوو توێ کتێبێکدا کۆ کراونەوە. لەم کتێبەدا یوسا نەک هەر وەک یەک لە کارتێکەرترین نووسەرانی نیو سەدەی ڕابردوو خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بگرە بیروباوەڕە سیاسییەکانیشی بەو جۆرەی کە لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە بەوردی شی کراونەوە.[2]

یەک لە خاڵە سەرنج ڕاکێشەکانی ژیانی ئەدەبیی یوسا ئەوەیە کە زیادبوونی بەرهەمەکانی نەبووەتە هۆی دابەزینی توانایی ئافراندنی ئەدەبییانەی ئەو. جوانەمەرگی لە ئەدەبیاتدا ئەو باوەڕەیە کە نووسەری ئێرانی هوشەنگی گوڵشیری زۆر بەجوانی فۆرمولەی کردووە. گوڵشیری پێی وابوو نووسەرانی ئێرانی دوای نووسینی کتێبێکی باش تووشی خۆدووپاتکردنەوە دەبن و دواتر دەکوژێنەوە. ئەوەی سەرجەم ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەمەڕ کارەکانی یوسا لەسەری کۆکن ئەوەیە کە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە یەک بە دوای یەکتردا لە چاکییان داوە و هیچ بەرهەمێکی نوێی

1. David Boaz, http://www.cato-at-liberty.org/the-politics-of-mario-vargas-llosa/, accessed on 9/10/10.

2. Juan E. De Castro and Nicholas Birns (eds), Vargas Llosa and Latin American Politics, Palgrave Macmillan, 2010.

خوێنەرەوەی پرۆفیشناڵی تووشی ئەو ناهومێدییە نەکردووە کە بڵێت بریا ئەم بەرهەمەی نەنووسیبا و کارنامەی پرشنگداری خۆی خرا نەکردبا. خۆ دووپاتکردنەوەش دیاردەیەکە دوور لە تواناییەکانی یوسا. بەبڵاوبوونەوەی هەر ڕۆمانێکی تازەی یوسا ڕەخنەگرانی ئەدەبی دیسان کەوتنە باسی ئەوەی کە باشترین و سەرکەوتووترین ڕۆمانی ڤارگاس یوسا دەبێت کامەیان بێت. بۆ ڕۆماننووسێک کە پتر لە سی ڕۆمانی نووسیبێت ئاسان نییە بە هەر ڕۆمانێکی نوێی توانایی و هێزی داهێنانێکی نوێ بخاتە ڕوو. یوسا بەبڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی پرسی باشترین بەرهەمی خۆی ئاڵۆزتر کردووە. وەڵامی پرسگەلی وەک "ئەم ڕۆمانە باشترە یان ئەوی پێشتر؟" و "باشترین ڕۆمانی یوسا کامەیانە؟" ئاسان نییە. ڕۆمانە تازەکانی یوسا نە ئەوەندە لە ڕۆمانەکانی پێشتری باشترن کە ئەوان کەمبایەخ بکات و نە ئەوەندە خراپن کە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی پێشوو سەرنجی خوێنەرەوە بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن. ڕۆمانەکانی یوسا لە کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا زۆریان بەسەر یەکەوە نییە. سەرەڕای هەبوونی خاڵی هاوبەش لە جیهانی ڕۆمانەکانیدا هەر ڕۆمانەی جیهانێکی نوێیە و زۆرجاران شوێنی ئەم جیهانە لە ڕۆمانەکانیدا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. یوسا هەرگیز لە ئافراندنی شوێنی ڕۆمانەکانیدا خۆی بەشوێنی لەدایکبوونییەوە، واتا پێرو، نەبەستووەتەوە. هەر بۆیە ئەگەر شوێنی ڕۆمانێکی دۆمینیکەنە، شوێنی ڕۆمانێکی تری بەرازیلە و ئەوەش تەنانەت سنووری زمانییش لە سپانییەوە بۆ پورتوگالی دەرباز دەکات. لە بواری کاتی ڕۆمانەکانیشیدا ئەم ڕەوتە دەبیندرێت و کاتگۆڕین لە سەدەی نۆزدەمەوە بۆ سەدەی بیستەم دیاردەیەکی ئاساییە لە کارەکانیدا. لە ڕاستیدا ڕۆمانەکانی یوسا هەڵگری ئەو ناسنامەیەن کە ئەو بۆ خۆی بۆ جۆرێک لە ڕۆمان دەستنیشانی دەکات و وەک ڕۆمانی تەواو (total novel) ناوی دەبات. ئەگەر ڕۆماننووس بتوانێت ئافرێنەری جیهانێکی تەواو بێت، بەهەموو تایبەتمەندییەکانی جیهانێکی

نوێ و دوور لە لاساکەرەوەیی، جیهانێک بە یاساگەل و مێژووی دیاریکراوی خۆیەوە، ئەوە ڕۆمانێک خولقاوە کە دەچێتە خانەی ڕۆمانی تەواوی یوساوە. وێ دەچێت یوسا بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ڕۆمانە گۆشەنیگایەکی لە بەرهەمەکانی خۆی بووبێت. یوسا بەباسکردنی کۆمەڵێک دیاردەی نامـــۆ و تەنانەت تابو لە ڕۆمـــانەکـــانیـــدا نەریتـــێکی نوێ لە ڕۆمـانـنووسـیـدا دێنێتـە ناو جـیـهـانی نووسین. ئەو لەگـەڵ پووری خـۆی، خـــاڵۆزای/پوورزای خـــۆی زەمـــاوەند دەکـــات و ســـەبارەت بەم کـــارانەی دەنووسێت و بەمجۆرە بەردەوام ختوکەی خوێنەرەوانی خۆی دەدات.[1]

ئاوڕدانەوەیەک لە دوو ڕۆمـــانی یوســـا دەتوانێت یارمـــەتیـــدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە شـێـواز و تێـمـای نووسـینی ئەو. ئەو دوو ڕۆمـانەی بۆ ئەم مەبەستە هەڵم بژاردوون، جێژنی نێری و شەڕی ئاخیرزەمان، وەک ڕۆمانی مـــێـــژوویی ناســـراون. مـــێـــژوویـــبـــوونی ئەم دوو ڕۆمـــانە نەبووەتە هۆی کەمڕەنگکردنەوەی تۆوی سیاسەت لە گێڕانەوەکاندا. بگرە بەپێچەوانەوە ڕەوتی مێژوویی ڕووداوەکان ئامادەیی بەردەوام و نەپساوەی سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا نیشان دەدات. هەڵسوکەوتی یوسا لەگەڵ مێژوو و شوێنی مرۆڤەکان لە ڕێڕەوی زەمەندا سەلمێنەری توانایی بێوێنەی ئەوە لە وێناکردنی گۆڕانکارییەکانی جیهان و کەسایەتیی مرۆڤ. ئەگەر جیاوازیی سـەرەکیی ڕۆمان لەگەڵ مێژوو ئەوە بێت کە مێژوو بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکـان و تاوتوێکردنیان لە چوارچێوەی باوەڕەکانی مێـژوونووسـدا، ڕۆمان بریتیـیە لە شـۆڕبوونەوە بەناخی کەسـایەتییـەکاندا و گرینگیدان بەدیوی ناوەوەیان. ئەگەر مێژوونووسێک بیەوێت ڕووداوەکانی دوای شەڕی کەنداو بنووسێتەوە، بێگومان هەوڵی سەرەکی بریتی دەبێت لە کۆکردنەوەی

1.Marie Arana,
http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2010/10/07/AR2010100703808.html?hpid=features1&hpv=local, accessed on 9/10/10.

دۆکۆمێنتی پێویست بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو رووداوە دەرەکی و ناوەکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازییانە کە بوونە هۆی رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن. بەڵام ئەگەر رۆماننووسێک بیەوێت ئەم دەورەیە بکات بەتێمای رۆمانەکەی و کەسێکی سەدام حوسێن ئاسا بکات بە کارەکتەری رۆمانەکەی، ئەوە بەر لە هەموو شتێک هەوڵ دەدات بچێتە ناو ناخی ئەم کارەکتەرەوە و ئاستە جیاوازەکانی بیر و خەیاڵ و خولیا و ئاوات و پیلانەکانی بە وردە ریشاڵ و بەهۆی تەکنیکی رۆماننووسییەوە بخاتە روو. لە راستیشدا رەنگە ئەوە ویستێکی حاشاهەڵنەگری مرۆڤەکان بێت کە بزانن بۆ نموونە کاتێک سەدام دەچووە بەر پەتی سێدارە چی بە زەیندا دەهات و ئێستا و رابردوو و داهاتووی خۆی چۆن دەبینی. رەنگە هەموو ئەو کەسانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەودا دەژیان ئاواتیان ئەوە بێت بزانن لە هەموو ساڵانی بەرێوەبردنی وڵاتدا ئەم مرۆڤە چۆنی بیر دەکردەوە و بیانەوێت پەردە لەسەر نهێنیگەلی نەگوتراو و نەبیستراوی دەروونی ئەو هەڵبدرێتەوە. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە رۆمان دەتوانێت بەجوانترین شێوە بەجێی بهێنێت. رۆمانی سەرکەوتوو لەم بارەوە دەتوانێت وەبیرهێنەرەوەی ئەو قسەیەی هێگڵ بێت کە وێنەی کەسێک پتر لە خاوەنی وێنەکە دەچێت.

یەک لەو جۆرە رۆمانانەی ڤارگاس یوسا بەدامەزرێنەر و پێشەنگی دادەندرێت بە رۆمانی دیکتاتۆر ناسراوە. رۆمانی دیکتاتۆر، یاخۆ رۆمانێک کە باس لە دیکتاتۆران دەکات (Dictator novel)، یەک لە جۆرە ناسراوەکانی رۆمانی سیاسییە. بۆ روونبوونەوەی زیاتری تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە رۆمانە ئاورێک لە هەندێک لایەنی جیهانی دوو رۆمانی جێژنی نێری (The feast of the Goat) و شەری ئاخیرزەمان (The war of the end of the world)ی ڤارگاس یوسا دەدەمەوە. رۆماننووسانی ئەمەریکای لاتین لە چەند دەیەی رابردوودا دەستێکی باڵایان هەبووە لە وێناکردنی ژیانی دیکتاتۆرەکان و بەشێوەی جیاواز هەوڵیان داوە

مـــیکانیـــزمی بەڕێوەبردنی وڵاتانی ئەم بەشـــە لە جـــیـــهـــان لەلایەن دیکتـاتۆرەکـانەوە شی بکەنەوە. هێندێک لەو ڕۆمـانـنووسـانە، بۆ نموونە گابریل گارسیا مارکێز و میگوئێل ئانجێلس ئاستۆریاس دەستەودامێنی ئافراندنی فەزایەکی تەواو خەیاڵی بوونە و سەرکەوتووانە توانیویانە وێنەی دیکتـاتۆر و دیکتـاتۆرییـەت لە گێڕانەوەیەکی ڕۆمانییانەدا نیشان بدەن. هەندێکیشیان، بۆ نموونە ماریۆ ڤارگاس یوسا، شێوەیەکی واقیعییان هەڵبـژاردووە و پەرەیان بە خـەمـڵاندنی ژانرێک داوە کـە لە سـەرەتاکـانی سەدەی نۆزدەمەوە وەک ڕۆمانی مێژوویی ناسراوە. ڕۆمانەکانی جێژنی نێری و شەڕی ئاخیرزەمانی ڤارگاس یوسا سەر بەدەستەی دووەمی ئەم پۆلێنکردنەن و لە هەمان کـاتیشـدا وەک ڕۆمـانی دیکتـاتۆری و تەواویش ناسراون.

لە ڕۆمانی شەڕی ئاخیرزەماندا مێژووی قۆناغێکی پڕ ڕووداوی وڵاتی بەرازیل باس دەکرێت و تێیدا شەڕی کۆماریخوازان و ئاینییەکان لەوپەڕی وردەکاریدا دەگێڕدرێتەوە. لەم ڕۆمانەدا ئانتۆنیۆ کانسێلهیرۆ بە گوند و دەشت و چۆڵەواراندا دەخـولێـتـەوە و وەک ڕاهـیـبـێک دەژیت و خـەریکی وانەگوتنەوەی ئاینییە. کەسـایەتیی کـانسـێلهـیرۆ و شـێوە ژیانەکەی وەبیرهێنەرەوەی ژیان و سـەرهەڵدانی پێغەمبەرانە لە سەدە دوورەکاندا. بەڵام بەجێگۆڕکێیەکی زەمەنی و گواستنەوەی شێوەژیانێکی لەم چەشنە بۆ کـۆتایـیـیـەکـانی سـەدەی نۆزدەم، یوسـا داخـوازییـەکـانی زەمـەن و کۆنتراستەکانی ژیانێکی ئاوا لە قاو دەدات. ئێستا ئیتر شەڕی ڕۆمییەکان و مەسیح نییە کە دەبێتە هەوێنی لێکدانەوەی کێبەرکێی دەسەڵاتی سیاسی و ئاین، ئەوە شەڕی دەستەیەکی سیاسییە کە خۆیان بە کۆماریخواز دەزانن و هەمبەرەکەیان بەکۆنەپەرستی تاوانبار دەکەن. بەڵام ئەم کۆماریخوازانە مـۆرکی پێشکەوتووخـوازییـان بەو جۆرەی لە ڕواڵەتدا چاوەڕوانی دەکرێت پێوە نییە. ئەوانیش هەڵگری شێوەیەکی تازەن لە نەریتپارێزی و کۆنەباوی.

دەکرێ بگوترێت کە نە کۆماریخوازان ئەو هێزە گۆڕانکارەن کە چاوەڕوان دەکرێت و نە پێغەمبەرەکەش ئەو کەسایەتییە پاکەیە کە مرۆڤە خاوێن و لە خواترسەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە. هەر بۆیە دەبینین کە ئەوانەی وەدوای کانسێلهیرۆ دەکەون کۆمەڵێک مرۆڤی شەڕانی و دەمارگرژ و کەمئەندامن. کانسێلهیرۆ لەگەڵ موریدەکانی شارێک بنیات دەنێن بەنێوی کانودۆس و لەم شارەدا کەنیسەیەکی گەورەش ساز دەکەن. ئەم شارە لە ڕووی بیناسازییەوە خاوەنی هەمان نەخشەیە کە شاری ئۆرشەلیمی مێژوویی هەیبووە. زەمەنێکی زۆر لە بنیاتنانی ئەم شارە تێ ناپەڕێت کە خەڵکێکی زۆر ڕووی تێ دەکەن. کانسێلهیرۆ نەخۆشان چاک دەکاتەوە و گوناهی گوناهکارەکان دەشواتەوە. بەڵام نە کانسێلهیرۆی پێغەمبەر و نە شاری پاکی کانودۆس لە چاوی گومانی حکوومەتی تازەدامەزراوی کۆنەپارێز ڕزگارییان نابێت. دەسەڵات کانسێلهیرۆ و کانودۆس بە بەربەستێک لەسەر ڕێی پێشکەوتن دادەنێت و دواجار بڕیاری لەناوبردنی شار و کوشتنی پێغەمبەر دەدات. ئەگەرچی خوێنەرەوە دەبێ نزیکەی سەد لاپەڕەیەک دەقێکی ئاڵۆز و بە وردەڕیشاڵ بخوێنێتەوە تا دەگاتە سەرەتای نەخشە و کرۆکی ئەم شەڕە هەمەلایەن و وێرانکەرە، بەڵام دواجار بەدیمەنەکانی شەڕ و هێزە هاندەرەکانی هەردوولا و ڕەنگدانەوەی مێژوو و تەنانەت جوگرافیاش لە دەروونی کەسایەتییە زۆرەکانی ناو ڕۆمانەکدا وەها گیرۆدە دەبێت کە زەحمەتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی لێ دەبێت بەچێژ. سەرکردایەتیی کانسێلهیرۆ و کەسایەتیی کاریزمایی ئەو هێرشی یەکەمی پیاوانی حکوومەت تێک دەشکێنێت. کانسێلهیرۆ هێرشکەرانی سەر کانودۆس وەک لەشکری شەیتان دەناسێنێت و لە لایەنگرەکانی داوا دەکات لە شەڕی ئیمان و کوفردا لە گیان وماڵی خۆیان بگوزەرێن. بەڵام تێکشکانی یەکەمی هێزەکانی حکوومەت کۆتایی شەڕ نییە و زۆری پێ ناچێت کە هێرشێکی بەربڵاوی تر دەکرێتە سەر کانودۆس و ئەمجارەیان کاریزمای کانسێلهیرۆ

دەرەقـەتی هێزی پڕ چەکی لەشکری حکوومـەت نایەت و شـار لە تێکچـوون و وێرانبـوون قـوتاری نـابێت. لە سی هـەزار دانیـشـتـوانی شـار تەنیـا حـەوت کەسێک ڕزگاریان دەبێت و یەک لەو ڕزگاربووانە ڕۆژنامـەنووسێکە کە وەک یەک لە کـارەکتەرە سـەرەکییەکانی ڕۆمانەکـە دەور دەگێڕێت و سـەرەڕای بێ نـاوی، ئەوە چـاوە بـێ چـاویلکەکـــانی ئـەون کـــە خـــوێنـەرەوە لە زۆربـەی ڕووداوەکـانی شـەڕەکـە ئاگـەدار دەکـاتەوە. مـەرگی کـانسـێلهـیـرۆ کـۆتاییی ڕووداوەکـان نییـە. هێندێک لە ڕزگاربـووانی شـەڕەکە بانگەشـەی ئەوە دەکـەن کە بەچاوی خـۆیان بینیویانە کـە کـانسـێلهـیـرۆ بەرەو ئـاسـمـان هـەڵکشـاوە و لەوێڕا درێژە بە حوکمکردن و فەرمانڕەواییی خۆی دەدات.

شـەڕی ئاخـیـرزەمـان وەک ڕۆمـانـێکی مـێژوویی پێکهـاتـەیەکـە لە ڕاسـتی و خـەیاڵ. یوسا بە بەکـارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوە و ئافراندنی کارەکتەرەکان بەشـێوەیەکی یەکجار سـەرکـەوتووانە کێبـەرکێی ڕاستی و خـەیاڵ و باوەڕ و واقـیع و کـارتێکـەریی بەردەوامی ئەم کێبـەرکێیـە لەسـەر فـەرهـەنگ و ژیانی مـرۆڤـەکـان وێنا دەکـات. فـرە دەنگیی ئـەم ڕۆمـانـە لە زۆر بارەوە سـەرنج ڕاکـێشـە. ئـەوە نەک یەک گـێـڕەرەوە بگـرە چەندین گـێـڕەرەوەن کـە بەهـۆی دیالۆگی چڕوپڕەوە پەردە لەسـەر زۆر لایەنی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکـە لادەدەن و خـوێنەرەوە دەبەنە ناو کـۆلانە تـاریک و ئاڵۆزەکانی دنیـای ناوەوەی کـارەکتـەرەکـان. ئەگـەرچی خوێنەرەوە لەگەڵ شـەڕێکی مـاڵوێرانکـەری قـورس ڕووبەڕووە و ئازار و مـەرگی ئینسـانـەکـان بەڕاسـتی دەبیـنێـت، بەڵام ئەستەمە بتوانێت خۆی لە بەرەی کۆماریخوازان یان ئاینییەکانی شـەڕەکەدا ببینێتەوە. لە ڕاستیدا خوێنەرەوە تەنانەت نازانێت کە گێڕەرەوە/نووسـەریش لەگـەڵ کـام بەرەی شـەڕدایە و ئەمـەش تایبـەتمەندیی جـۆرێک لـە بێلایـەنیی گێـڕانەوەیی بەدەقەکە دەدات. شـتی هـەرە گرینگ ئەوەیە کە خوێنەرەوە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەست دەکات بەشـداریی شـەڕێکی ڕاستەقینە بووە و دیمەنەکانی شـەڕ سـەرتاپای بیر و هۆشی داگیر دەکەن. هـەڵبـەت ئەم ڕۆمانە

گێڕانەوەیەکە لە سەرهەڵدانی ساڵی ١٨٩٧ی کانسێلهیرۆ لە بەڕازیل. بەڵام شێوەی گێڕانەوەی مێژووی ئەم سەرهەڵدانە نەک لەسەر بنەمای هزریی هێگلییانە و بەشێوەیەکی هێڵییانە، بگرە لە ڕوانگەیەکی والتر بێنیامینییەوە و بەشێوەی بەرجەستەکردنی خاڵە بەرچاوەکانی ڕووداوەکان بەڕێوە دەچێت.

شێوە گێڕانەوەی فرە دەنگییانە و پێچەڵپێچی ڕووداوەکان مەیدانی شرۆڤە و لێکدانەوەی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەرەوە زۆر فراوان دەکات. بۆ نموونە کارتێکەریی ئاین لەسەر هزر و کردەوەی مرۆڤەکان دەبێتە ئەو لایەنە گرینگەی لە ڕۆمانەکەدا بەوردی دەخرێتە ڕوو و خوێنەرەوە دەچێتە ناو قووڵاییی بنج و بنەوانی کارتێکەریی ئاین بەسەر مرۆڤەکاندا . ئەمەش نەک لە ڕێگەی دەربڕینە فەیلەسووفئاساکانی کارەکتەرێک کە ئاوێنەی ئەندێشەکانی نووسەر بێت، بگرە لە ڕێگەی وێناکردنی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگە لە ڕوانگەی بەشدارانی جیهانی ڕۆمانەکەوە دەستەبەر دەکرێت. شەڕی ئایدیۆلۆجییەکان لەگەڵ یەکتر و شێوەی پاساوهێنانەوەیان بۆ ڕاستی و دروستیی خۆیان بوارێکی یەکجار گرینگی ئەم ڕۆمانەیە. لەم ڕۆمانەدا مرۆڤ هەر جێپێی بیر و ئایدیۆلۆجیای جیاواز و ڕای بیرمەندان نابینێت، بگرە جیهانێک دەبینێت کە دەتوانێت ببێت بە ئامراز و کەرەسەی دۆزینەوەی کارکردی ئایدیا و شێوەکانی وەرگیران و گۆڕانیان لەلایەن جەماوەرەوە. سیاسەت وەک هەوێنی سەرەکیی ڕۆمانەکە بەردەوام کارتێکەرییەکانی خۆی دەردەخات و دیمەنگەلی هەژاری، گەندەڵی، دەرەبەگایەتی، بێنەزمی و جینایەت دەبنە تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی کۆنەپارێز و بە دوور لە هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی لە ئەمەریکای لاتین بەگشتی و بەڕازیل وەک شوێنی ڕۆمانەکە بە تایبەتی.

ڕۆمانی جێژنی نێری کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا بە سپانیایی بڵاو بووەوە و دواتر وەرگێڕدرا سەر چەندین زمانی تر نموونەیەکی ترە لە ڕۆمانی

دیکتـاتۆر و تەواوی ڤارگاس یوسا. جێژنی نێری کە ٤٠٤ لاپەڕەیە و لەلایەن ئێدیت گرۆسـمانەوە کـراوەتە ئینگلیـزی و لە سـاڵی ٢٠٠١دا بڵاو بووەتەوە وەک ڕۆمـانەکـانی پێشـتری یوسـا بوو بەهۆی نـاوبانگی زۆرتری ئەو. لەم ڕۆمـانەدا شـیکارییـەکی دەروونناسـانەی ورد لە سـالآنی کـۆتاییی ژیانی دیکتـاتۆری دۆمـینیکەنی، ڕافـائێل ترۆخـیللۆ، کـراوە و تێـیـدا پێکهـاتە و تایبـەتمـەندییـەکـانی دەسـەڵاتی ئەم دیکتـاتۆرە کـە بۆ مـاوەی ٣١ سـاڵ، لە ١٩٣٠ەوە تا ١٩٦١، درێژەی هەبووە خراوەتە بەرباس و لە ڕوانگەی دیالۆگی کەسایەتییە جۆرەوجۆرەکانی ڕۆمانـەکەوە تیشکیان خـراوەتە سەر. هەمـوو ئامـرازەکـانی زاڵبـوون بەسـەر خـەڵکدا، وەک درۆ، ئەشـکەنجـە، سـانسـۆر، فـریـودان، هەڕەشـە، کـوشـتن، ... کـە لەلایەن دیکتـاتۆرێکەوە کـەڵکیـان لێ وەردەگـیرێت خـراونەتە بەر دیدی خـوێنەرەوەوە. بـەراوردێکی سـەرپێیـانەی ناوەڕۆکی ڕۆمـانەکـە لەگـەڵ مـێـژووی دۆمـینیکەن بۆمـان دەردەخـات کـە ڕۆمـانـنووسی پیـرۆیی بـەوردی شـارەزای مـێـژووی وڵاتی دۆمـینیکەنە و بێگومـان بۆ نووسـینی ڕۆمـانەکەی پشـتی بەمێژووی هـاوچـەرخی ئەم وڵاتە بەستـووە و وەستایانە دۆکۆمێنت و کەرەسەی مێژووییی خستووەتە خزمەت نووسـینی ڕۆمـانێک کـە هـەر زۆر زوو دوای بڵاوبوونـەوەی سنـوورەکـانی جـوگـرافـیـای ئەمـەریکای لاتینی بەزاند و بوو بەجـیـهـانی، بەجـۆرێک کـە لە هەمـوو شـوێنێکدا مـرۆڤـەکان سـیـمـای دیکتـاتۆرە خـۆمـاڵییـەکانیـان تێدا دەدۆزییـەوە. لە ڕاسـتـیـدا ڕاسـتنوێنیی (verisimilitude) ئەم ڕۆمـانە و توانای کـەمـوێنەی ئەدەبی و خـەیاڵیی نووسـەرەکەی هۆکارگەلێک بوونە بۆ ئەوەی تـەنانەت مـرۆڤـەکـانی دەرەوەی جـغـزی ڕۆمـانـەکـە، واتـا کـۆمـاری دۆمینیکەن لە ئەمەریکای لاتیندا، خۆیانی تێدا ببیننەوە. سەرکەوتووییی ئەم لایەنە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی جیهانی بنووسی دەبێ بەر لە هـەر شـتێک ڕۆمـانەکەت تەواو خـۆمـاڵی و ناوچـەیی بێت. لە جێـژنی نێـریدا لۆکـال و گلـۆبال دەبنە یـەک، دروست هـەر بەو جـۆرەی ترۆخـیللۆ بۆ

ڕاوکردنی بەرهەڵستکارەکانی، دارودەستە ئینسانکوژەکانی نەک هەر لە سنوورەکانی دۆمینیکەن بگرە لە هەموو ئەمەریکای لاتیندا بڵاو دەکاتەوە.

ئەگەرچی تێمای سەرەکیی ئەم ڕۆمانە پەردەدامالینە لەسەر دوا ساڵەکانی ژیانی دیکتاتۆر ترۆخیللۆ، بەڵام ئەوە تەکنیکی بەرزی ئەدەبییە کە ئەم کۆمیدیا ڕەشە دەکات بەو بەرهەمەی کە لە کاتی خوێندنەوەیدا خوێنەرەوە تووشی هەناسەبڕکێ دەبێت و لەلایەکەوە دەیەوێت زوو بگاتە ئاکام و ئەنجامی داستان و لەلایەکیشەوە دەیەوێت ڕەوتی ڕووداوەکان هەرگیز کۆتاییان پێ نەیەت و چێژی خوێندنەوە و ئەزموونی ڕووداوەکان هەردەم بەردەوام بێت. لەناو ئەو تەکنیکانەی لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتوون مرۆڤ دەکرێت بە کورتی ئەم چەند لایەنەی خوارەوە دەستنیشان بکات: تاکبێژی، شەپۆلی زەین و دیالۆگە خوڕاوگەییەکان کە زیندووییەکی تایبەتییان بەم ڕۆمانە بەخشیوە. هێندێک جار دیالۆگی هاوکاتی چەند کارەکتەر بەجۆرێک لەگەڵ دیاردەیەکی لاوەکی تێکهەڵکێش کراوە کە دەقەکە دەکاتە خاوەنی ڕیتمێکی شاعیرانە. بۆ نموونە کاتێک ئورانیا لە ماڵی پووریەتی و لەگەڵ پووری و دوو کچەکەی قسان دەکات و کۆمەڵێک نهێنییان بۆ دەگێڕێتەوە، کردەوە و دژکردەوەی پوور و کچەکان هاوکاتە لەگەڵ قاووقیژی تووتییەکەی ماڵی پوور کە بەشێوەیەک دەبێتە پێوەری هەڵچوون و داکشانی ئاخێوەران. لێرەدا سروشتی دەوروبەر و ناخی کارەکتەر تەواوکەری یەکترن و دەنگ و ڕەنگ بەیەکەوە بیرەوەرییەکانی خوێنەرەوە دەخەمڵێنن. لایەنێکی تری تەکنیکی نووسین لەم ڕۆمانەدا برێتییە لە گێڕانەوەی هاوتەریبی ڕووداوەکان. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ کە ڕۆمانەکە برێتییە لە سێ ڕووداوی سەرەکی: ١- سەربوردەی ئورانیا کابرال کە کچی یەک لە وەزیرانی ترۆخیللۆیە و دوای ٣٥ ساڵ ژیان لە ئەمەریکا بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی کە لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بەجێی هێشتبوو. بۆچی و چۆن ئورانیا وڵات بەجێ دێڵێت و دوای ئەو ماوە درێژە

دەگەڕێتەوە و تەنیا حەوتوویەک (کاتی ڕووالّەتیی ڕۆمانەکە) دەمێنێتەوە، ئەو ڕازەیە کە سەرجەمی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەیەک دەبەستێتەوە. ٢- بەسەرهات و خۆئامادەکردنی گرووپێکی هەشت کەسی کە دیکتاتۆر دەکوژن. ئەو شەوەی ئەم گرووپە خۆیان بۆ کوشتنی دیکتاتۆر تەیار دەکەن و قسەوباسی ئەو کەسانە بەیەکترەوە لەوپەڕی وردەکاریدا خوێنەرەوە دەباتە ناو دنیای شاراوەی دەروونی کارەکتەرەکان و لەگەڵ دەیان تایبەتمەندیی پێچەڵپێچ و پڕ ڕەمز و ڕازی ئینسان وەک ترس، دڵەڕاوکێ، هومێد، مردن و ڕزگاربوون ئاشنایان دەکات. ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم کردەوە بوێرانەیە و چارەنووسی بەشداربووەکان پەردە لەسەر سەدان پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگەیەک هەڵدەداتەوە کە ژیان لە سێبەری دیکتاتۆرێکدا پێکی هێناون. ئەو کارەکتەرانە بە ترۆخیللۆشەوە دوورن لە پێناسەکردنێکی گشتی و ڕەش و سپییانە و هەموویان وەک مرۆڤ وێنا کراون و هەر کامەیان خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەن کە دەبنە هۆی جیاوازیی مرۆڤەکان لە یەکتر. ٣- بەسەرهاتی ترۆخیللۆ و ڕۆژانی کۆتاییی ژیانی ئەو تەوەرێکی تری ڕۆمانەکەیە کە تێیدا بەوپەڕی وردەکارییەوە کردەوە و بیر و پلانەکانی دیکتاتۆرێک دەخرێنە ڕوو. ترۆخیللۆ تەنیا دوو حەوتوو بەر لەوەی کە بکەوێتە داوی بکوژانی خۆی، لە شەوێکی ئاساییی ژیانیدا ئورانیای چواردە ساڵەی کچی وەزیرێکی خۆی دەباتە ژووری حەسانەوەی خۆی و دوای ئەوەی کە ناتوانێت لەگەڵی جووت بێت، بەپەنجەکانی خەریکی لەشی زاوزێی دەبێت و شەلاڵی خوێنی دەکات. ئاخر دیکتاتۆر پێی وابوو کە نووستن لەگەڵ کچانی گەنج دەبێتە هۆی گەنجبوونەوەی.

ئەو پرسانەی کە ئورانیا دوای سی و پێنج ساڵ ژیان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ خۆی هێناونی و ئێستا بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو ئاراستەی باوکی دەکات پرسگەلێکن هەموو دەمێک لە بەرامبەر مرۆڤدا قوت دەبنەوە: ڕازی

سەرکەوتوویی دیکتاتۆرەکان لە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکانی دەوروبەریاندا چییە؟ بۆچی وەزیر و گزیری دیکتاتۆر لەوپەڕی وەفاداریدا بەردەوام وەک ئاڵقەبەگوێی ئەو دەمێننەوە؟ کەسایەتیی پیاوانی دیکتاتۆر بۆ وا تێک دەشکێت کە ئامادەن هەموو بێڕێزییەک لە دیکتاتۆر قەبووڵ کەن و تەنانەت خۆشەویستترین کەسانی خۆشیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای ئەو؟ ئەو پرسیارانە کە دەکرێت سنووری زەمەن و شوێن دەرباز کەن لە زمان ئورانیاوە ئاراستەی باوکی دەکرێن کە ڕۆژگارێک وەزیری ترۆخیللۆ بووە و ئورانیای چواردە ساڵانەی خستووەتە بەر دەستە ناپاکەکانی ئەو. تێپەڕبوونی زەمەن ئەو پرسیارانەی لە بیر ئورانیا نەبردوونەتەوە و وێ ناچێت مرۆڤ بتوانێت دوا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە. ئەوەی کە باوکی ئۆرانیا بەکەنەفتی و نەخۆشی و لە کاتێکدا لە سەرەمەرگدایە بەرەورووی ئەم پرسیارانە دەبێتەوە و چاوەڕوانیی ئەوەی لێ ناکرێت بتوانێت هیچ وەڵامێک بداتەوە، ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە دواجار وەڵامی پرسیارگەلی لەم چەشنە کارێکی سانا نییە. بەواتایەکی تر دیکتاتۆری لە سەردەم و شوێنی جیاوازدا هەردەم خۆی بە شێوەیەک دووپات دەکاتەوە. بەڵام ناوەڕۆک هەموو کاتێکی یەک شتە و ئەویش ڕازی گوێڕایەڵی کەسانێکە بۆ دیکتاتۆر. یوسا لەم ڕۆمانەدا پەردە لەسەر چلۆنایەتیی کارکردی دیالێکتیکی دیکتاتۆر و پێوەندییەکانی بەدەوروبەرییەوە دادەماڵێت. هەر بۆیەشە دەبینین لە هەناوی سیستەمی بەڕواڵەت بێ درزی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا دواجار هێزی دژبەر دەردەکەوێت و کۆتا بە ژیانی دیکتاتۆر دێنێت. بەڵام ئاخۆ مەرگی دیکتاتۆر کۆتاییی سیستەمی دیکتاتۆرییە؟ ڕەوتی گەشەسەندنی ڕووداوەکانی دوای کوشتنی دیکتاتۆر ئەمە نیشان نادات. جێژنی نێری لە ڕووکەشدا نامێنێتەوە و ئاسەواری دیکتاتۆرییەت لە پاش مەرگی دیکتاتۆر لە زەین و کردەوەی مرۆڤەکاندا نیشان دەدات. ڕووداوە پڕ ڕەهەندەکانی جێژنی نێری ئامرازی

سـەفـەرێکی دوور و درێژن بـە ناو دنیـای پڕ لە نـهێنیی مـرۆڤـەکـاندا. بەڵام ڤـارگـاس یوسـا ئەم ڕووداوانە نەک لە هێڵـێکی ڕاسـتدا بگرە بەشـێوەیەکی وەسـتـایانە تێکەڵ بە یەکـتـر دەکـات و لە هەمـان کـاتدا ڕەوتی گـێڕانەوەکـە ناکات بەو گلۆڵە لێکهاڵاوەی کە هیچ کەس توانای نەبێت سەری لێ دەرکات. تێکهـەڵکێـشـانی ڕووداوەکـان هاوکاتـە لەگەڵ یـاری بە زەمـەن و هـاتوچۆ لە نێـوان ئێـسـتـا و ڕابردوودا. سـەرەڕای ئـەم کـاتگۆڕینە بـەردەوامـە لە ڕۆمانەکەدا، دواجار خوێنەرەوە هەست بەکاتی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکات و بە هـەر شـێوەیەک بڕوانێتە کاتی ڕۆمانەکە، ڕۆژێک ئەملا و لا نابێت. زمـانی بەکارهاتوو لەم ڕۆمـانەدا سـادەیە و خوێنەرەوە کەمـتـر تووشی وەسـفکردنی بێـتـام و دەنگی شـاراوەی گـێـڕەرەوەی هەمـووشـتـزان دەبێت. لە جـیـاتیی دەنگێکی نامـۆی ئەوتۆ ئەوە ڕووداوەکـان و کـارەکـتـەرەکـانن کـە لە خـۆیان دەدوێن و دەرفــەتـی خــوڵقــاندنی مــانـا بـۆ خــوێنەرەوە لـە دەرەوەی خـۆتێـهـەڵقـوتاندنی بەردەوامی نووسـەر دەخـوڵقـێنن. شـێـوەی ئاخـافـتنی کارەکتەرەکان لە ئاست پێناسـەی زانستی و کۆمەڵایەتیی خـۆیاندایە و هـەر هەڵێنجـانێکی فەلسـەفی و ڕووناکبیری ئاکامـی ڕەوتی خودی ئاخـافتنەکانە نەک دەنگی یەکرێتم و ماندووکەری نووسەر و تووتییەکانی لەناو دەقدا. لەم ڕۆمـانەدا وەڵامە ئەدەبی و سیـاسییەکان بەشێوەیەک بە پێداویستـییەکـانی قۆناغێکی ژیانی سیاسیی ئەمـەریکای لاتین دراونەوە کە هـیـچیان نەبوونەتە قوربانیی ئـەوانی تر. بەواتایەکی تر پێـداویسـتـیی سیـاسی و ئایدیۆلۆجیک لایەنی جـوانیناسـانە و تەکنیکیی ڕۆمـانەکـەی لەژێر باری قـورسی خـۆیدا وردوخـاش نەکردووە و بەهەمـان شـێوە پۆزی ئەدەبییـانە و جـوانیناسـانەش نەبووەتە ڕێگری ئاشکراترین ئـامـاژە بەسـیـاسـەت و ئایدیۆلۆجـیـا. جێـژنی نێری دواجـار ڕۆمانە بەهەمـوو تایبەتمەندییەکـانی ڕۆمانێکی سـەرکەوتووەوە و هـەر بۆیـەشـە بـووەتە هەوێنی سـەدان خـوێندنەوەی نەک هـەر ئەدەبی بگرە سیاسی و فیکرییش.

ژیان و بەرهەمەکانی ماریۆ ڤارگاس یوسا بەخەستی تێکەڵاوی سیاسەتن. بۆ نووسەرێک کە ژیانی سەختی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانی ئەمەریکای لاتینی ئەزموون کردبێت کەمتر لەوە چاوەڕوان ناکرێت. لە ڕاستیدا دنیای ئەمڕۆ و بوونی سیاسەت بە فاکتۆرێکی ڕۆژانەی ژیانی مرۆڤەکان ئەو چاوەڕوانییە لە خوێنەرەوەی جیدیدا وەدی دێنێت کە هەڵاتن لە سیاسەت نەبێت بە ئامرازێکی تری چەوسانەوەی مرۆڤەکان و بەرتەسکبوونەوەی ئازادی و مافەکانیان. هەر بۆیە سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونی سیاسی و فیکریی نووسەرێکی وەک گۆنتێر گراس لەگەڵ کەسێکی وەک ڤارگاس یوسا، تێکەڵاوبوونی ئەوان لە ژیان و بەرهەمدا بە سیاسەتەوە ئەو خاڵە سەرنج ڕاکێشەیە کە هۆگرانی ئەم دوو نووسەرە سەرکەوتووە لە یەکتر کۆ دەکاتەوە. وێ دەچێت جۆرێک لە سیاسەتپارێزی کە لەلایەن هێندێک نووسەری کوردەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت بە هیچ شێوەیەک لە جێی خۆیدا نەبێت. چارەنووسی نەتەوەیەکی حاشالێکراو و تەنگژەی هەمەلایەنەی ناسنامەی ئەم نەتەوەیە پێداویستیی چالاکبوون لە بەستێنی سیاسەتدا چەندین جار زیاتر دەکات. جیهانێکی ڕۆمانی کە بتوانێت ڕەنگدەرەوەی ژیانی سەخت و کڵۆڵ و پڕ لە چەرمەسەریی مرۆڤی کورد بێت و تێیدا کێبەرکێی ناسنامەکان تاوتوێ بکرێت، پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ماریۆ ڤارگاس یوسا دەتوانێت نموونەیەکی باش بێت بۆ لێ فێربوون. ئەگەر دەربڕینەکەی جودیس فێتێرلی لەمەڕ سیاسیبوونی ئەدەبیات ڕاست بێت، ئەوە بێگومان دوورەپەرێزیی ئەدیبانە لە سیاسەتیش جۆرێکە لە سیاسەت. ئەگەر ئەزموونکردن پشتیوانەیەکی قورس و قایمی سەرکەوتنی نووسین بێت و ئەگەر سیاسەت، بمانەوێ و نەمانەوێ، لە ژیانی ڕۆژانەدا هەردەم بەرۆکمان پێ بگرێت، نووسەرێکی سەرکەوتوو ناتوانێت خۆی لە ئەزموونکردنی ئەم بوارە ببوێرێت. بێگومان هەلومەرجی هەر وڵاتێک شێوەیەک لە ئەزموونکردنی سیاسەت بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت.

پەشیمانەبوونەوەی ڤارگاس یوسا لە چالاکبوونی لە دنیای سیاسەتدا، هەروەک بۆ خۆی دەڵێت، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بۆ نووسەرێک ئەزموونی چاک و خراپ بوونی نییە و دواجار دەبێ هەموو شتێک ئەزموون بکرێت.

## ڕۆمان و باوەڕ

پێشینەی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەری بەهۆی زمان و لە ڕێگەی زمانەوە بەشێوەیەکی ڕادیکال گۆڕانی بەسەردا هات. دەبوایە بینینی مرۆڤ لەسەر جیهانی ڕاستەوخۆ گرێدراو بەئەوەوە بکرێت بە سووژە و هەوێنی گواستنەوەی ئەزموونەکان لە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا. پێوەندیی وشە و دیاردە و چلۆنایەتیی گۆڕانکاریی ئەم پێوەندییە لە ڕێگوزەری خۆیدا باسێکی لەمێژینەی ئافراند و ئەویش ڕاستبوون یان ڕاستنەبوونی گێڕانەوەکان بوو کاتێک لە دەمی گێڕەرەوەوە دەردەچوو و بەشێوە و میکانیزمی تایبەت بە هەر دەورەیەکی زەمەنی و شوێنی، تێکەڵاوی شەپۆلی بیرەوەری و زەینیی مرۆڤەکان دەبوو. ڕەنگە گێڕانەوە هەر لە سەرەتاوە بەهۆی بێدەرەتانیی مرۆڤەکان لە هەمبەر ئاڵۆزی و زۆریی دیاردەکان و کەمیی پەیڤەکان و گرفتەکانی زمان ئەو دەروازەیە بووبێت کە مرۆڤی لە پێداویستیی فانتێزیا بۆ گوزارەکردن لە واقیع ئاگەدار کردبێتەوە. گوزەری هەزاران ساڵ بەسەر تەمەنی گێڕانەوە بەیارمەتیی پەیڤ، چ لە شێوەی زارەکیدا و چ بەهۆی نووسینەوە، هێشتا پرسی هەڵسوکەوتی مرۆڤی لەگەڵ گێڕانەوەدا یەکلا نەکردووەتەوە. ئەوەی کە گەلۆ منی بیسەر و خوێنەرەوە باوەڕ بەو شتە دەکەم کە دەیبیسم یاخۆ دەیخوێنمەوە پرسێکە بە درێژاییی تەمەنی گێڕانەوە. کاتێک مرۆڤ سەرنج دەداتە ڕەوتی گەشەی بیری ئابستراکت و هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ گەڵاڵەکردنی پێوەندیی گێڕانەوە بەواقیعەوە، دەبینێت کە هەر لە پۆئێتیکای ئەرەستۆڕا ئەمە دیاردەیەک بووە

خۆی خزاندووەتە جیهانی تیۆرییەوە و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەم دیاردەیە جێگەی مشتومڕی بیرمەندانی ژانرە جیاوازەکانی مێژوونووسی و ئەدەبییە. بەکورتی، متمانە و باوەڕکردن بەگێڕانەوەیەک و دڕدۆنگبوون لە هەمبەر ڕاستبوونیدا و یان ئامادەبوونی ئاستێکی دیاریکراو لە ڕاستی لە گێڕانەوەیەکی خەیاڵیدا ئەو پرسیارانەن کە هیچ خوێنەرەوەیەک و بیسەرێک ناتوانێ کەم تا زۆر خۆی لێ دەرباز بکات. ئەو جێگەیەی کە پێی هونەر و ئەدەب دێتە پێشەوە و جوانکاری دەبێتە لایەنی سەرەکیی پێکهێنەری بەرهەمێک، بابەتی باوەڕکردن یان نەکردن بەگێڕانەوەیەکی هونەری زیاتر لک و پۆپی لێ دەبێتەوە و بابەتەکە تووشی ئاڵۆزی زیاتر دەبێت. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم دیاردەی باوەڕکردن بەگێڕانەوە لە شێوەی مۆدێرنی خۆی واتا ڕۆماندا هەڵسەنگێنم. دوای پێشەکییەکی کورت لەم بارەوە و شیکردنەوەی چەمکێکی گرێدراو بەم باسەوە ئاوڕێک لە نوێترین ڕۆمانی بەختیار عەلی، جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، دەدەمەوە و هەوڵ دەدەم لۆجیکی گێڕانەوەیی ڕۆمانەکە و هێندێک لایەنی تر کە یارمەتیدەری خوێنەرەوەن بۆ باوەڕکردن بەدەقێکی ئەدەبی، بخەمە بەرباس. بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکە ئاماژەگەلێکی بڵاو بە سێ ڕۆمانی ڕۆئاواییش دەکەم کە دەتوانن وەک نموونەی سەرکەوتووی شێواز و ژیربێژیی گێڕانەوەیی سەیر بکرێن. ئەم سێ ڕۆمانانەش بریتین لە تاعونی (The Plague) ئالبێر کامو، کوێریی (Blindness) خۆزێ ساراماگۆ و نادیاری (Invisible) پۆل ئاستر. پێویستە بگوترێت کە لێرەدا بەهیچ شێوەیەک مەبەستی ئەوەم نییە ئەم سێ ڕۆمانە ڕۆئاواییە بەخوێندنەوەیەکی بەراوردکارییانەوە لەگەڵ جەمشیدخانی... بەراورد بکەم. مەبەست تەنیا دەستنیشانکردنی نموونەی سەرکەوتووە لە ئەدەبی جیهانیدا کاتێک پێویستمان بەنموونەی باشە بۆ لێفکرین و تێفکرین و لێفێربوون. خاڵێکی پێویستی تریش کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت جیاوازیی کاری نووسەر و

ڕەخنەگرە. نووسەر کە ڕۆمانێک دەنووسێت بەشوێن کۆکردنەوەی شتە وردەکانە بۆ ئاراستەکردنی دەقێکی تۆکمە. ڕەخنەگر بەپێچەوانەوە بەهەڵوەشاندنەوەی گێڕانەوەکە بەشوێن دۆزینەوەی وردەکارییەکاندایە بۆ ئاشکراکردنی لایەنە لۆجیکی و نالۆجیکییەکانی ڕەوتی گێڕانەوەکە. هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەم سێ ڕۆمانە لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە هەر کام لەم ڕۆمانانە باس لە دیاردەیەک دەکەن کە باوەڕپێکردنی لەلایەن خوێنەرەوەوە کارێکی ئەستەمە. بەواتایەکی تر ڕووداوی سەرەکیی ئەم سێ ڕۆمانە لە دەرەوەی باوەڕی باوی مرۆڤدایە. پرس ئەوەیە نووسەرانی ئەم سێ ڕۆمانە چ تەکنیک و شێوازێکی گێڕانەوەیی بەکار دێنن کە خوێنەرەوە بە متمانەوە بەرهەمەکانیان بخوێنێتەوە و چێژیان لێ وەرگرێت و بۆ خولەکێکیش تووشی ڕاڕایی نەیەت کە ئەوەی ئەو دەیخوێنێتەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو واقیعەی خووی پێ گرتووە.

## ڕاستینوێنی / وێکچوویی لەگەڵ واقیع

وێکچوویی ڕووداوەکانی گێڕانەوەیەکی داستانی لەگەڵ واقیع و ئامادەیی ئاستێکی دیاریکراو لە واقیع لە گێڕانەوەی داستانیدا، بەهۆی چەمکێک لە تیۆری ئەدەبیدا بەناوی واقیع/ڕاستینوێنی (verisimilitude) پێناسە دەکرێت و لێک دەدرێتەوە. بەگوێرەی ئەم چەمکە خوێنەرەوە/بیسەر/بینەری ڕووداوەکانی گێڕانەوەیەکی داستانی یا بەپێی ئەزموون و ژیربێژی و زانستی خۆی باوەڕ بەگێڕانەوەکە دەکات، یانیش بەگوێرەی جۆرێک لە قەراردادی نەنووسراو لە نێوان نووسەر/ گێڕەرەوە/ دەق و بیسەر/ خوێنەرەوە/ بینەردا جۆرێک لە متمانەی کاتی دێتە ئاراوە کە بۆ نموونە خوێنەرەوە بتوانێت لە خوێندنەوەی دەقێک بەردەوام بێت و گرفتی باوەڕنەکردن بەگێڕانەوەکە پەیتاپەیتا وەپاش بخات. تایبەتمەندیی جۆرەیی و ژانرییانە لەم پێوەندییەدا کارتێکەرییەکی بڕیادەری هەیە. کاتێک ئێمە

ڕۆمانێکی زانستی-خەیاڵی، ڕیالیزمی جادوویی یاخۆ دەقێکی سوریالیستی دەخوێنینەوە دەبێ بەردەوام ناباوەڕییەکانمان بەڕەوتی ڕووداوەکان بە هێزی لۆجیکی گێڕانەوە هەڵپەسێردرێن و بەواتایەک فریوی دەق بخۆین بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە خوێندنەوە. لێرەدا دەقی گێڕانەوە بە خوڵقاندنی دنیایەکی تایبەت بەخۆی بە هەموو لۆجیکە تایبەتییەکانییەوە، خوێنەرەوە هان دەدات باوەڕ بە گێڕانەوەکە بێنێت. لە ڕاستیدا ئێمە دەزانین کە ئەدەبی گێڕانەوەیی دواجار کۆپیکردنی واقیع نییە و بەدەربڕینێکی ساکار شتێک نییە جگە لە بەرهەمی خەیاڵی نووسەر و دواجار ئەوە کۆنتراکتی شاراوەی خوێنەرەوە و نووسەر/دەقە کە زەوینەی بەردەوامیی کردەی خوێندنەوە مسۆگەر دەکات، ئەگینا هیچ کەسێک نایەوێت کاتی خۆی بەخوێندنەوەی "درۆ" بکوژێت. لە ڕاستیدا ڕۆمان لە پێناسەیەکی گشتیدا بریتییە لە گێڕانەوەیەک کە یان ڕووی دابێت و یان ئیمکانی هێزەکییانەی ڕوودانی هەبێت.[1] بەڵام ئەم تایبەتمەندییەی ڕۆمان نابێتە هۆی چاوپۆشین لەو ڕاستییە کە ڕۆمان دواجار دوورە لە ڕاستی و بە بەیانێکی ساکار شتێک نییە جگە لە "درۆیەکی" ڕێکوپێک و هونەرمەندانە. کەسانێک هەن کە ئەم لایەنە زۆر بەرجەستە دەکەنەوە و دواجار ڕۆمان وەک گەشەکردووترین شێوازی گێڕانەوەی داستانی، بەدرۆیەکی گەورە دادەنێن و مل بەخوێندنەوەی نادەن. مێژوونووسی ناوداری ئێرانی، ئەحمەدی کەسرەوی، یەک لەو کەسانە بوو کە هەرگیز تەسلیمی باوەڕهێنان بەخوێندنەوەی ڕۆمان نەبوو و وازی لە باوەڕ بەدرۆبوونی ڕۆمان و تەنانەت بێکەڵکبوونی نەهێنا. بەڵام وەک دەزانین ئەمە بۆچوونێکی ڕیزپەڕە و ڕۆمان لە چوارسەد ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت

١. بۆ پێناسەیەکی کلاسیکی ڕۆمان و بەتایبەت جیاوازیی ڕۆمان لەگەڵ ژانرەکانی تری گێڕانەوەیی بەر لە سەرهەڵدانی ڕۆمان بڕوانە:

Wellek, Rene and Warren Austin, Theory of literature: A Seminal Study of the Nature and Function of Literature in all its Contexts, London: Penguin Books .1956 .

لە جیهانی ئەمڕۆدا بووەتە پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ڕەنگە یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتووبوونی ڕۆمانگەلێک بەسەر ڕۆمانگەلی تردا ڕادەی سەرکەوتوویی گێڕانەوەکان بێت لە باوەڕپێهێنانی خوێنەرەوە بە باوەڕپێکردنی بە دەق و لۆجیکی تایبەتیی دەقێکی دیاریکراو. ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەرەستۆ لە پۆئێتیکدا لەسەر ڕەنگدانەوەی سروشت لە ئەدەبدا پێداگری دەکات و دەڵێت کە زەینیترین کەسایەتییەکانی ئەدەبی دەبێ خاوەنی تایبەتمەندیی مرۆڤەکان لە ژیانی واقیعیدا بن، بەردی بناغەی ئەم باوەڕە دادەڕێژێت کە لە نێوان ئەدەب و واقیعدا پێوەندییەکی زەریف لە ئارادایە. هەڵبەت لایەنی لاساکەرەوەیی لە سروشت و کۆمەڵگە بەر لە ئەرەستۆ لە بۆچوونەکانی ئەفلاتوونیشدا لە چوارچێوەی چەمکی لاساییکردنەوەدا (Mimesis) ڕەنگدانەوەی هەبووە. ئاستی تێکهەڵکێشی و وێکچوویی دنیای گێڕانەوە و دنیای واقیعی لە دەورە جیاوازەکانی مێژووی ئەدەبیدا هەم لە دەقدا و هەم لە تیۆریزەکردنی ئەم وێکچوویی و پێوەندییانەدا تووشی جیاوازیی بنەڕەتی هاتووە. لە سەردەمی ڕێنیسانسدا دیاردەی لاسایکەرەوەیی لە سروشت و مرۆڤ پتر لە جاران پەرە دەگرێت و کەسانی وەک لۆدۆڤیکۆ کاستێلڤێترۆی ئیتاڵیایی بەڕاشکاوی ئاماژە بەدیاردەی لاساکردنەوەی شتەکان و مرۆڤەکان لە گێڕانەوەی ئەدەبیدا دەکەن. بەڵام لەو سەردەمەدا گۆڕانکارییەکی چەمکییانە ڕاستنوێنی (Verisimiltude) لە هەمبەر لاساییکردنەوە جێگیر دەکات. لە سەدەی نۆزدەمدا و بە هاتنە کایەی ڕیالیزمی ئەدەبی، دیاردەی وێکچوویی وردی کارەکتەرەکانی ڕۆمان و مرۆڤە ڕاستەقینەکان و شێوەی ئاخافتن و ژیانیان دەبێت بەتایبەتمەندیی زاڵی ئەدەبی. گۆڕانکارییەکانی شێوازی و ناوەڕۆکی و دنیابینانەی ئەدەبی بە درێژاییی سەدەی بیستەم سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان و شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ واقیع، هەرگیز بە دوور نەبوونە لە ڕەنگدانەوەی واقیع بەشێوەیەک لە شێوەکان لە دەقی

ئەدەبیدا. بەباوەڕی من ئامادەبوونی واقیع و پێداویستیی گەڕانەوە بۆ دنیای دەرەوەی دەق دواجار لە پێداویستیی دەستەبەرکردنی زەوینەی باوەڕهێنانی خوێنەرەوە بە خوێندنەوەی دەقی گێڕانەوەیی ئاو دەخواتەوە.[1] ئامادەییی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیستی و بانگەشە بۆ ئەوەی کە ڕاستینوێنی پێششەرتی گێڕانەوە نییە و لە ڕۆماندا ئەرکی سەرەکی برێتییە لە ئەوەی کە دەق وەپێش واقیع کەوێت و لە ڕاستیدا دەبێ واقیع ملکەچی دەق بکرێت و ببێت بەسەرچاوەی لاساکردنەوەی واقیع لە گێڕانەوە، بەسباوەڕی من نەیتوانیوە بەکردەوە ببێت بەبۆچوونێکی ئەوتۆ لە تیۆری ئەدەبیدا بە جۆرێک کە توانیبێتی ئافرێنەری دەقێکی ترازاو لە واقیع بێت کە لە هەمان کاتدا واقیعی کردبێتە پاشکۆی خۆی.[2]

## جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

گێڕەرەوەی ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد (لێرەوە جەمشیدخانی...)، سالار، لە کاتی دەستپێکردنی گێڕانەوەکەدا کە دەکەوێتە کۆتاییی ڕۆمانەکە، دەڵێت، "ئەوانەی جەمشیدخانیان بە ڕاستی نەبینیوە نە هەرگیز باوەڕی پێ دەکەن و نە هەرگیز تێی دەگەن" (ل. ١٥١). ئەو دەربڕینە بەشێوەیەک گوزارە لە هەبوونی دڕدۆنگییەک لە ئەستەمبوونی باوەڕکردن بەسەرتاپای گێڕانەوەکە دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە جەمشیدخانی... بەباوەڕی من ڕیالیستیترین ڕۆمانی بەختیار عەلییە و

١. بۆ پێناسەیەکی کورت و لە هەمان کاتدا چڕ لەسەر چەمکی (verisimilitude) بڕوانە:
"verisimilitude" Encyclopdia Britannica . Encyclopdia Britannica Online . Encyclopdia Britannica, 2011. Web. . 8 Jan . 2011 . http://www.britannica.com/EBchecked/topic/626103/verisimilitude .

٢. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕەوتی ڕاستینوێنی لە ئەدەبدا و گۆڕانکارییەکانی ئەم بوارە بڕوانە:
Zavarzadeh, M., "The Semiotics of the Foreseen: Modes of Narrative in Contemporary Fiction", Poetics Today . Vol . 6 , No41985, pp432.433.

ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە کات و شوێن و کەسایەتیی سیاسی و حزبیی جەمشیدخان هیچ گرفتێک بۆ خوێنەرەوەی شارەزا بە مێژووی نوێی عێراق و باشووری کوردستان لە باری ناسینەوەی شوێنکاتی ڕۆمانەکە ناهێڵێتەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ڕۆمانی جەمشید خانی ... وەک ڕۆمانێکی ڕیالیستی ناوزەد بکەم، بگرە ئەم ڕۆمانەش وەک هەموو ڕۆمانەکانی تری کاک بەختیار دواجار دەکەوێتە خانەی ڕیالیزمی جادووییەوە و بگرە زیاتر لە ڕۆمانەکانی تری ئەو هەڵگری پێناسەی ئەم ژانرەی نووسینە، کاتێک دەبینین کەسانی وەک کۆوان و کانادی لە پێناسەی ڕیالیزمی جادوییدا باس لە تێکهەڵکێشانی واقیع و خەیاڵ دەکەن.[1] پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە ڕۆمانی جەمشیدخانی ... وەک هەموو ڕۆمانەکانی تری کاک بەختیار نیشاندەری توانای بەرزی ئەوە لە فانتێزیایەکی دەوڵەمەند و سەرنج ڕاکێش. پرس ئەوەیە بۆ دەبێ سەرەڕای دەوڵەمەندیی فانتێزی و ئەم ئاماژە دیار و ڕوونانە، خوێنەرەوە لە باوەڕپێکردنی گێڕانەوەکە تووشی گرفت بێ و لە کاتی خوێندنەوەدا تۆزی ناباوەڕی پێش چاوەکانی بگرێت؟ بەباوەڕی من دوو هۆکاری سەرەکی ڕێگە بۆ دڕدۆنگیی خوێنەرەوە سەبارەت بەباوەڕپێکردن بە ڕەوتی ڕووداوەکان خۆش دەکەن: ١) شێوازی گێڕانەوە و لۆجیکی لاوازی داڕشتنی پێکهاتەی ڕۆمانەکە لە کەسایەتیی گێڕەرەوەڕا بیگرە هەتا نامۆیی و نەبوونی بالانس لە نێوان شێوازی ئاخافتنی کارەکتەرەکان و سەرمایەی فەرهەنگی و پێگەی

---

١. بۆ پێناسەی ڕیالیزمی جادوویی و ڕەوتی سەرهەڵدانی لە بواری هونەردا لە ئەڵمان و دواتر گواستنەوەی بۆ جیهانی ڕۆمان و گوزەری ئەم ژانرە لە بنەڕەتدا ڕۆئاواییییە بۆ ئەمەریکای لاتین و دواتر بۆ هەموو کەلێن و قوژبنی ئەم دنیایە، بڕوانە:

Chanady, Amaryll Beatrice, Magical Realism and the Fantastic: Resolved Versus Unresolved Antinomy, New York: Garland, 1985.

Cowan, Bainard, A Necessary Confusion: Magical Realism, Magical Realism, 5. 2., 2002.

کۆمەڵایەتی و خوێندەوارییاندا. ٢) قورسایی باری ڕەخنەگرانەی ڕۆمانەکە لە هەلومەرجی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان و بەسەرهاتی مرۆڤی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوودا لایەنی جوانیناسانەی ڕۆمانەکەی خستووەتە ژێر سێبەری خۆی و دواجار ڕۆمانەکە وەک مانیفێستی بەسەرهاتی مرۆڤی کورد خۆی دەنوێنێت و نامۆواندنی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر فەرامۆش کراوە. خوێنەرەوە هەست دەکات کە ڕۆمانەکە بۆ ڕەخنەگرتن لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردستان ئامادە کراوە و تەنیا ڕواڵەتێکی داستانی، بەرهەمەکە لە دەربڕینێکی تەواو سیاسی و ئایدیۆلۆجیکانە جیا دەکاتەوە. زاڵبوونی لایەنی ڕەخنەییانەی ڕۆمانەکە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵات وای کردووە کە گێڕەرەوە لۆجیکی تایبەتیی گێڕانەوە وەپشتگوێ بخات و وروژاندنی خوێنەرەوەی شارەزا بەهەلومەرجی ئێستای کوردستان ببێت بەئامانجی نووسینی ڕۆمانەکە. من لەو نووسینەدا هەوڵ دەدەم تەنیا لەسەر لایەنەکانی شێوازی و لۆجیکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بدوێم و لایەنگەلی فیکری و زمانی و جوانیناسانە بۆ دەرفەتێکی تر هەڵگرم.

جەمشیدخانی حەڤدە ساڵانە کتێبی ئەسڵی چەشنەکانی چارلز داروین دەخوێنێتەوە و لەگەڵ چەند پرۆفیسۆری زانکۆی بەغدا نامە دەگۆڕێتەوە و دەیەوێت بیسەلمێنێ مرۆڤ نەک لە نەسلی مەیموون بگرە لە نەسلی باڵندەیە. گێڕەرەوەی ئەم بەسەرهاتە سالاری کوڕی مامی جەمشیدخانە کە سێ ساڵ لە جەمشید بچووکترە، ڕقی لە خوێندنگەیە (ل. ١٠)، مرۆڤێکی سەرەڕۆ و خانمباز و تەمبەڵە، عەرەبی نازانێت و دواتریش جگە لە چەند وشە هیچ فێر نابێت (ل. ٢٧). سالار دوای کوژرانی سمایلی مامی بڕیار دەدات زۆرتر بخوێنێتەوە تا بتوانێت چیرۆکی جەمشیدخان بنووسێتەوە (ل. ١٣٤) و ئەوەش کاتێکە کە تا کۆتاییی چیرۆکەکە زەمەنێکی ئەوتۆ نەماوە. سمایلیش کە دەبێ لە بەرەی شەڕدا بەردەوام لە ئامادەسازیدا بێت "تەواو" خۆی فێری

ئینگلیـــزی دەکـــات، ئەویش لـە ڕێگەی لـەبـەرکـــردنی بـەرگ بـە بەرگی فەرهـەنگگەلی گەورەی وەک "مەورید" و "کێمبێردج"ەوە (ل. ٣٥).

سالار بەپاشخانێکی هەژاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و خوێندەوارییەکی کەم و بێ هەبوونی هیچ ئەزموونێک لە نووسیندا دەبێتە نووسەری ژیان و بەسەرهاتی جەمشیدخان. هەر بۆیە سەیر نییە سەرتاپای گێڕانەوەکە لە هێڵێکی ڕاستدا دەخوشێت و زمانێکی وەسفی کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پاشخانی فەرهەنگی و کەسایەتیی ئەودا نایەتەوە، دەبێتە دەنگی زاڵی گێڕانەوەکە بەبێ هیچ ترازانێک لە هێڵێکی زەمەنیی هێگێلییانە و بەبێ هیچ دەستاودەستکردنێکی گۆشەنیگای گێڕانەوە. ئەوە ڕاستە کە لە سەرەتادا سالار و سمایل لەگەڵ جەمشیدخاندان و لە نزیکەوە ئاگەداری لێ دەکەن و بەمجۆرە هەرچی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەو دەگوترێت دەکرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە کە بۆ نموونە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە واتا سالار بۆ خۆی بینیویێتی. بەڵام بەشێکی زۆری سالانی فڕین و نیشتنەوەی جەمشیدخان لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی نیگای سالاردا ڕوو دەدات و مرۆڤ نازانێت کەناڵی زانیاریی سالار چ میکانیزمێکە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە جەمشیدخان دوای هەر جار کەوتنێک بیرەوەرییەکانی لەدەست دەدات. هەڵبەت شتێکی سەیر ئەوەیە کە کوردبوون هەرگیز لە بیرەوەریی ئەو ناچێتەوە (ل. ١١٤) و ئەمەش بەپێی لۆجیکی داستانەکە هیچ پاساوێکی بۆ نییە و مرۆڤ نازانێت هۆکاری ئەم دیاردەیە چییە. ئاخۆ کوردبوون شتێکی جەوهەری و زاتییە، یان وەک هەر جۆرە ناسنامەیەکی تر شتێکی سازکراوە و بە دوور لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سووژەییی خۆی کارکرد و هەبوونی نامێنێت؟ تواناییـە ڕیزپەڕەکانی جەمشیدخان نەک ئاکامی پەروەردە و بارهێنانی ئەو، بەڵکو هەموو دەمێ وەک ئیعجازێک دەرخواردی خوێنەرەوە دەدرێن کە ناتوانێ باوەڕ بکات مرۆڤێک چۆن دەتوانێت لەو هەموو کایە و پیشەیەدا سەرڕشتەی هەبێت. بۆ کەسێک کە دوای هەرجار کەوتنەوەیەک

بیرەوەرییەکانی لەدەست دەدات، نووسینەوەی بیرەوەری پتر لە نوکتەیەک دەچێت هەتا بڕیارێکی خاوەن لۆجیک.

هەنگاو بەهەنگاوی ژیانی گێڕدراوەی جەمشیدخان لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی ڕۆژمێرانە هاوتەریبە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دوو ساڵ بەشداری لە شەڕی ئێران و عێراق لە بەرەی عێراقییەکاندا، دوو ساڵ لە بەرەی ئێرانییەکاندا، هاتنەوە بۆ بارانۆک، ڕزگاریی باشوور و گەڕانەوەی جەمشیدخان بۆ شار و عاشقبوون و زەماوەندکردنی لەگەڵ سافیناز و دواتر خیانەتی سافیناز و بەرەو ئاسمان ناردنی و جارێکی تر بابردن و کەوتنەوە خوارەوەی لە بەرەکانی پەکەکە و ساڵێک (ل. ٧٨) یان دوو ساڵ (ل. ٨١) لەلای ئەوان مانەوە. دیسان هاتنەوە و ئەمجارەیان بوون بەئیسلامی و دوایە برینداربوونی بەدەست هێندێک ئیسلامیی تر و دواتر لەبیرکردنی خوا و بوون بەمرۆڤێکی هیدۆنیستی خۆشگوزەران و چوونە تورکیا و دواتر بوون بە قاچاخچی لە نێوان سنوورەکانی تورکیا و یۆنان و دەوڵەمەندبوون و دوایە هەڵاتنی لەدەست تورکەکان و خولانەوە بۆ ماوەی دە ساڵ بە ئاسمانی دەیان وڵاتدا و... ڕووداوەکان درێژەیان هەیە و جەمشیدخان ئەگەرچی جانتایەکی قورسی بە کۆڵەوەیە و سەرەڕای ئەمەش کاتێک دەکەوێتە ناو زەریاکانیش قەت ناخنکێت و دواجار لە تابووتێکدا بۆ "نیشتمان" دەنێردرێتەوە. ئەمجارەیان جەمشیدخان لە شێوەی فەیلەسووفێک قسان دەکات (ل. ١٢٠) و بەدامەزراندنی ئاژانسێک دەیەوێت هەم نهێنیی جیهان بدۆزێتەوە و هەمیش پارە پەیدا بکات (ل. ١٢٢). دەبێتە نووسەر لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان و دەیەوێت "دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەناو ئینتەرنێتدا دابمەزرێنێت." (ل. ١٣٢). کاتێک قسە لەسەر جیهانی ئینتەرنێت دەکات زیاتر لە فەیلەسووفێک دەچێت (ل. ١٣١). دوای کۆمەڵێک ڕووداوی تر دەبێتە کەرەسەی پێڕابواردنی "بەرپرسانی" وڵات و وەک

"مەیموونە باڵدارەکە" بە تورکەکان دەفرۆشرێت و ئەوانیش لە شاری یاری نمایشی دەدەن و دواجار سالار لە شاری یاری دەیدزێت و بە ئاسماندا بەڕێی دەکات کە بڕوات. دوو ساڵ دواتر سالار هەواڵی لە جەمشیدخانەوە پێ دەگات کە لە شوێنێکی دوورە، خەریکە کێشی زیاد دەکات و ئیتر با نایبات. وەک دەبینین لیستی ڕووداوەکان زۆر درێژە و لە ڕۆمانێکی ١٥١ لاپەڕەییدا ئەو هەمووە وردەکارییانە لە زمانسالارەوە گێڕدراونەوە.

ئەگەر جیاوازییەکی سەرەکیی ڕۆمان لەگەڵ مێژوو بریتی بێت لە هەوڵی ڕۆمان بۆ دۆزینەوەی هەموو لایەنە دیار و نادیارەکانی کەسایەتیی دەروونی مرۆڤ، دەبێت دنیای کارەکتەرەکان بکەوێتە بەر نەشتەرگەرییەکی ئەوەندە وردەوە کە ئەم لایەنانە لە پێوەندی لەگەڵ چەند ڕووداوی دیاریکراودا بەرجەستە بکرێن. زۆریی ڕووداوەکان گێڕەرەوە تووشی بەسەرداتێپەڕینی زۆر لایەنی کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی خێرا دەکات و ئەوەش خوێنەرەوە لە ئاگەداربوون لە هەموو هەڵکشان و داکشانی ناوەوەی کارەکتەرەکان لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا بێبەش دەکات. سەپاندنی ڕووداوی زۆر بەسەر ڕۆماندا و درێژکردنەوەی ڕەوتی زەمەنی و شوێنیی پێکهاتەی ڕۆمانێک دەرفەتی شارەزابوونی خوێنەرەوە بە زیکزاکی بیری کارەکتەرەکان تووشی گرفت دەکات. جێگیرکردنی هێڵێکی زەمەنیی ڕاست و ڕیزکردنی ڕۆژمێرییانەی ڕووداوەکان بەو جۆرەی لە واقیعی دەرەوەی ڕۆماندا هەبوونیان هەبووە و ڕوویان داوە، کارتێکەریی نەرێنی لەسەر ئاستی هونەریی بەرهەمەکە دادەنێت. ئەستەمە تۆمارکردنی هەموو ئەو شتانەی ڕوو دەدەن و لە فیلتەری هونەرییانەی نووسەردا ناپاڵاوترێن بتوانن ببنە هەوێنی هونەریی بەرهەمێک. کامێرای کراوەی چاوەکانی نووسەری ڕۆمان بە ڕووی واقیعی دەرەوەدا، دواجار بە لەبێژینگدانی دیمەنەکان تەنیا ئەو دیمەنە دەگمەنانە تۆمار دەکات کە نیشانەگەلی ئافراندنی هونەرییان پێوە دیارە و خوێنەرەوە دەبێ بەسانایی شوێنپەنجەی نووسەر بەسەر نامۆواندنی

دیاردەکانی ناو ڕۆمان لە دیاردەکانی دەرەوە، بناسێتەوە. ئەگەر ڕۆمان بەو جۆرەی کۆندێرا دەینرخێنێ بریتی بێت لە ڕۆحی سەردەمی مۆدێرن، ئەوە دەبێت دەرفەتی ئاخافتن بۆ هەموو لایەنەکانی بەشدار لە فەزای گێڕانەوەدا بەشێوەیەکی بەرامبەر بڕەخسێت. لە جەمشیدخانی ...دا ئەوەندەی کە گێڕانەوەی سالار بەسەر ڕۆمانەکەدا زاڵە ئەوەندە دەرفەت بۆ جەمشیدخان نەڕەخساوە کە بۆ خۆی گوزارە لە خۆی بکات. هەر بەمجۆرەش سمایل و لەیلا و سافیناز و ئیحسان بایەزید و قەرە بیبەر ئەوەندە کەوتوونەتە بەر سێبەری گێڕانەوە کە دەرفەتی بیستنیان و هۆکاری بوونیان لە پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا بۆ خوێنەرەوە نارەخسێندرێت. بۆ نموونە ئێمە هەرگیز گوێمان لە سافیناز نابێت کە چی بە جەمشیدخان دەڵێت و سیمایەک کە لە زەینماندا دەمێنێتەوە شتێک نییە جگە لەو خوێندنەوەیەی کە سالار بۆ خۆی لە دیاردە بینراوەکان هەیەتی. نازانین پێوەندیی سافیناز و "عەشیقەکەی" و بەجێهێشتنی جەمشیدخان و بەڕەڵلاکردنی بە ئاسماندا لەلایەن ئەوەوە و دواتر دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی جەمشیدخان و دەرچوونی بۆ دەرەوەی وڵات، چۆن لە زەینی خودی سافینازدا شکڵ دەگرێت. هەرگیز نابیسین کە دەبێ سافیناز لە پێوەندی لەگەڵ پیاوێکی سەیروسەمەرەی وەک جەمشیدخاندا چی بەبیردا هاتبێت و چۆنی شتەکان بینیبێت. بەکورتی ڕۆمان ئەو ژانرەیە کە دەروونی کۆمەڵێک کارەکتەر لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداوی دیاریکراودا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زۆربوونی ڕووداوەکان ئەو مەجاله نادات بەنووسەر کە هەموو ئاستەکانی زەینی و کرداریی کارەکتەرەکانی بخاتە ژێر چاودێریی ورد و مووقەڵێشانە.

بەباوەڕی من گرفتێکی سەرەکی کە سەرتاپای گێڕانەوەکە دەتەنێتەوە هەڵفڕینی جەمشیدخانە بەو جۆرەی کە لە ڕۆمانەکەدا وێنا دەکرێت. کێشی کەمی جەمشیدخان وا دەکات کە ئەو با بیبات. بۆ بەرگریکردن لە بابردنی ئەو سالار و سمایلی ئامۆزا بەرپرسی ئەوەن کە بەگرێدانی گوریسێک لە

جـەمـشـیـدخـان و بـەسـتنەوەی بـەخـۆیانەوە پێش لە بابردنی ئەو بگرن. بەواتایەکی تر ئەگەر ئەم کارە نەکرێت ئەوە جەمشیدخان با دەیبات. بەڵام ڕوون نییـە لەو هەمـوو سـاڵانەی جـەمـشـیدخـان لە ئاوارەییـدا بووە چۆن لە بەباداچووندا ڕزگاری بووە، کاتێک ئێمە دەزانین کەس یارمەتیدەری نەبووە بۆ پێشگیریکردن لە فڕین و بەباداچوونی. ئەوە چ لۆجیکێکە کە دوای ئەو هەموو فڕینانە بەردەوام ڕێگەی کەوتووەتەوە "نیشتمان"؟ ڕێگەیەک کە دوای ئەو هەمـوو کـەوتن و فڕینانـەوە بۆ ناسینەوەی جـەمـشـیدخـان دەدۆزرێتـەوە ئەوەیە کە هەمـوو گیـانی خـاڵکوتی بکەن و بەسـەرهـاتـی جـەمـشیدخـانی لێ بنووسنـەوە بۆ ئەوەی ئەگـەر ون بوو ئەوانەی دەیدۆزنـەوە بزانن کـێیـە. بەڵام ئەگـەر وەسـفی جـەسـتـەی بێ کـێشی جـەمـشـیدخـانمان لە بیر بێت کـە لە کاغەزێک دەچێت دەکرێ بپرسین ئەم لەشە کوا بۆ کارێکی وا دەست دەدات؟ جـەمشیدخـان بۆ خۆی دەڵێت کە ئەم زمـانەی بۆ خاڵکوتییەکە بەکار دێت، واتا زمـانی کوردی، کەس تێی ناگات (ل. ١٤٨). بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کـە جـەمـشـیدخـان بۆ خـۆشی ناتوانێت نووسـراوەی سـەر پشـتی خـۆی بخـوێنێتـەوە، خـوێنەرەوە نازانێت لۆجـیکی ئەم کارە لـە چیدایە. فڕین لە ڕۆمـانگەلی ڕیالیزمی جادووییدا شـتێکی ناباو نییـە. ڕێمێدیۆسـە جوانەی سەد سـاڵ تەنیایی و بەرەو ئاسمان بەرزبوونەی کۆڕی هەڵپەڕکێی گەنجانی مـەیدانـی شـاری پێکەنین و فـەرامـۆشـی لەو فـڕینـانەن کـە لە چوارچێـوەی لۆجـیکی داسـتـانـیی ڕۆمـانـەکـانـدا تەواو خـۆزایی دەنوێنن و هەروەک دەگـمـەنبـوونی توانایی فڕینی مرۆڤ بەدەگـمـەنی هەڵدەفـڕن و کـاتێکیش هەڵدەفـڕن پێشـزەوینەی باوەڕکـردن بەو کـردە شـازە لـە فـەزای گێـڕانەوەدا خولقـاوە و خوێنەرەوە تووشی ناباوەڕی نایە و دەزانێ ڕێمێدیۆس و گرووپی لاوانی سـەماکار نەک لەبەر بێ کێشی بگرە لەبەر پێداویستیی گێڕانەوە بە فـڕین تووشی ئـەم سـیـحـر و جـادوویە دەبن و ڕەوتی ڕووداوەکـان گـومـانی بێـبـاوەڕیی خـوێنەرەوە دەوەسـتـێنن. نموونەی جـەلادەتی کـۆتر لـە شـاری

مۆسیقاره سپییەکاندا و کاتێک بە سواری ئەسپەکەی دێت و دەچێت، زۆر سەرکەوتووانەتر لە فڕینەکانی جەمشیدخان متمانەی خوێنەرەوە دەستەبەر دەکات.

وێ دەچێت ئەگەر هەر لە سەرەتاوە جەمشیدخان بۆ فڕین و نیشتنەوە و یان پێشگیری لە بابردنی پێویستی بە سالار و سمایل و گوریس نەبووایە، دەکرا هەڵوەدابوونی ساڵانی دوور و درێژی و زیندوومانەوەی لەو هەموو کەوتن و هەستانەوانە لە دەریا و وشکاییەکاندا زیاتر جێی پاساو و باوەڕپێکردن بووبایە. ئەگەر لە جیاتیی پێداویستی بەئامرازێکی وەک گوریس بۆ فڕینی جەمشیدخان شێوەیەکی تر ڕەچاوکرابایە، گرفتی باوەڕکردن بەگێڕانەوەکە تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەبووەوە. بۆ نموونە ئەگەر جەمشیدخان هەر کاتەی ویستبای بفڕێت، توانیبای ئەم کارە بە ویستی خۆی ڕاپەڕێنێت، خوێنەرەوە دەیتوانی لە باوەڕکردن بە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکە و گەڕانەوەی جەمشیدخان لە دوای دوو ساڵ لە ئێران و دوای دە ساڵ لە هەندەران، لە کاتێکدا دەزانین کەسێک بۆ یارمەتیدانی ئەو بۆ فڕین و نیشتنەوە لە ئارادا نەبووە، کەمتر تووشی گرفت بووبووایە.

هەڵبەت ئەگەر قەرار بێت هەر ڕۆمانەی دواجار تیمێکی سەرەکیی هەبێت و لەوەش گرینگتر پەیامێکی تایبەت بگەیەنێت مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکات ئاخۆ چارەنووسی تاڵی جەمشیدخان سیمبۆلێکە بۆ بێدەرەتانی و بێ ئیرادەییی مرۆڤی کورد کە تەنیا لە هەڵاتن و دواجار حاوانەوەی لە دەرەوەی کوردستاندا ڕووی ئاسوودەیی دەبینێت؟ شک لەوەدا نییە کە جەمشیدخانی ... لایەنێکی بەهێزی ئالیگۆریکیانەی هەیە بۆ گوزارەکردن لە مێژووی سێ دەیەی ڕابردووی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کورد لە باشووری کوردستان. بەڵام پرس ئەوەیە ئاخۆ لۆجیکی ڕۆمانی و گێڕانەوە دەتوانێت بەگواستنەوەی جیهانی خۆی بە جیهانی دەرەوە پاساوی خۆی بدات؟ ئەزموونی ڕۆمانگەلی

سەرکەوتوو، سەرەڕای هەڵگرتنی پەیامی فیکری و زۆرجاران فەلسەفیی قووڵ، نیشان دەدات کە هێزی ڕۆمان لە ئافراندنی جیهانێکی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆیدایە کە وێڕای پێوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، دواجار بەلۆجیکی نێو هەناوی خۆی شەرت و مەرجی باوەڕپێهێنانی ڕووداوەکان و گێڕانەوەکە بۆ خوێنەرەوە بڕەخسێنێت. بۆ تیشکخستنە سەر ئەم بابەتە ئاوڕێک لە سێ ڕۆمانی سەرکەوتووی ڕۆئاوایی دەدەمەوە.

### تاعوون[1]

هەر لە کاتی چاپ و بڵاوبوونەوەی تاعوون، ڕۆمانی بەناوبانگی ئالبێر کامۆ، لە ساڵی ١٩٤٨دا هەتا ڕۆژگاری ئێستا، هۆگرانی ڕۆمان نەیانتوانیوە خۆ لە خوێندنەوەی ئەم دەقە سەرکەوتووە کە وەک بەرهەمێکی کلاسیکی بیری ئێگزیستانسیالیزم یاخۆ ڕەسەنایەتیی وجوود، خۆی چەسپاندووە، ببوێرن. ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی و نزیکەی پێنج ساڵ مانەوەی فەرەنسا، وڵاتی نووسەر، لەژێر داگیرکاریی نازییەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ – ٤٤دا، ناو و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی وەک ئالیگۆرییەک بۆ پەتای داگیرکەریی فەرەنسا خستە بەرچاوی خوێنەرەوان. بڕینی پێوەندییەکانی وڵاتی فەرەنسا بە دنیای دەرەوە دەتگوت سەرچاوەی ئیلهامی نووسەرە بۆ خوڵقاندنی شارێک، ئۆران، کە بەهۆی نەخۆشیی کوشندەی تاعوونەوە هەموو پێوەندییەکانی بەجیهانی دەرەوە پچڕاوە. بەڵام ئەمە تەنیا خوێندنەوەیەک بوو لە بێژمار خوێندنەوەی تر لەو بەرهەمە ئەدەبییە. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە شێست ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم ڕۆمانەدا مرۆڤ دەتوانێت خوێندنەوەی تازەی لێ هەبێت و لە دنیای تاعوونلێدراوی ئۆراندا کەسایەتیی مرۆڤ و شێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە کاتی نائاساییدا ببینێت و دڵنیا بێت گوزەری زەمەن ناتوانێت

1.Camus, Albert, The Plague, London: Vintage, 1991.

گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، واتا ترس، ئەڤین، هاوکاری، خۆویستی و فیداکاریدا بەدی بێنێت. سەرنجدان بەکەسایەتیی مرۆڤەکان لە کاتی تەنگانە و مەترسی و دەرکەوتنی زەقی سیمای مەرگدا ڕەنگە زیاتر لە هەلومەرجی ژیانی ئاسایی، پێشاندەری هێزە ڕاستەقینەکانی دنیای ناوەوەی مرۆڤەکان بێت. کامۆ لە تاعووندا بێبەزەییانە لەگەڵ هەڵوێست و کردەوە و زەینی مرۆڤەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دێوەزمەی مەرگدا دەدوێت. ئەو دنیایەکی بەرتەسک و قەتیسماو دەخوڵقێنێت تا ڕووی شاراوە و دیاری مرۆڤ لە قاو بدات. بۆ ئەم کارەش هەست دەکەی بەر لە هەڵبژاردنی شارێکی بەندەریی وڵاتی جەزائیر واتا ئۆران، بەساڵان بیری کردووەتەوە. شارێک کە هەر دوا بەدوای داگیرکرانی کۆلۆنیالیستانەی فرەنساییەکان لە ١٨٤٩دا بەڕاستی تاعوون لێی دەدا و هەژمارێکی زۆر لە دانیشتوانی لەناو دەبات. سەد ساڵێک دوای ئەم تاعوونە ڕاستییە ئێستا دیسانەوە کامۆ لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا بەڵای تاعوون دەکاتە میوانی ئەم شارە، هەڵبەت ئەمجارەیان بەڵایەکی خەیاڵی لە شارێکی خەیاڵاندراودا. بەڵام ئەگەر تاعوونی ١٨٤٩ تەنێ لە بیرەوەریی مێژووییدا مابێتەوە، تاعوونی چلەکانی سەد ساڵ دواتری ئەم ڕووداوە بەهۆی بەرهەمی هونەریی کامۆ بۆ هەمیشە و بەرجەستەتر لە واقیع ناوی ئۆران و بەڵای تاعوونی بەزیندوویی ڕاگرتووە. ڕەنگە هەر تاعوونی کامۆش بوو بەهۆی ئەوەی لێکۆڵەرەوەکان بەشوێن مێژووی ئەم شارەدا بچن و ڕوونی کەنەوە کە ئۆران لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەمەوە هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پێنج جار تووشی نەخۆشیی تاعوون بووە.

سەرەڕای ئەوەی کە گێڕەرەوەی ڕۆمان هەر لە سەرەتاوە خۆی وەک شاهیدی ڕازهەڵگری ڕووداوەکان دەناسێنێت و دەری دەخات کە ئاگای لە هەموو کەلێن و قوژبنی ڕووداوەکان هەیە، هەتا کۆتاییەکانی گێڕانەوەکە

هیچ چەشنە نزیکایەتییەکی ئەوتۆ لەگەڵ هیچ کام لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە نیشان نادات. بەواتایەکی تر ئەو وەک گێڕەرەوەیەکی بێلایەن مەجالی ئاخافتن و دەرخستنی کارەکتەرەکان بۆ ئەوان بەجێ دێڵێت و بەمجۆرەش خوێنەرەوە دەباتە ناو دنیایەکی ئەگەرچی خەیاڵی بەڵام تا ئەوپەڕی ئیمکان واقیعی کە تێیدا دیالۆگەکان و گێڕانەوەکان تەواو متمانەی خوێنەرەوە وەدەست دێنن. سەرەڕای بیری فەلسەفیی نووسەر و ئامادەبوونی ئەم بیرە لە سەرتاپای ڕۆمانەکەدا خوێنەرەوە هەست بە قورسایی و دەستکردبوونی ئاخافتنەکان ناکات. ئەگەر دواجار خوێنەرەوە دێتە سەر ئەم باوەڕە کە جۆرێک لە ناعەقڵانییەتی ژیان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەگەر مرۆڤ دواجار کۆنترۆڵێکی بەسەر ژیاندا نییە و دەبینێت چۆن پووچی تەنگ بەمرۆڤ هەڵدەچنێت، ئەمانە هەموو وەک بەرەنجامی فەلسەفیی ڕۆمانەکە دەبینێت کە وەک لایەنێکی گشتی لە سەرجەم ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتەکاندا خۆی دەردەخات، نەک لە ئاخافتنی دروشمییانەی کارەکتەرەکاندا. کاتێک دوکتۆر ڕیۆ لەگەڵ پانیلۆی قەشەدا لەسەر گوناه و سزا قسە دەکات و گوێبیستی ئەوە دەبێت کە ئەمە سزایەکی خواییە بەهۆی گوناهباریی مرۆڤەکان، لە میانەی ئاخافتنێکی سادە، نەک قووڵی فەلسەفییەوە، بەرپەرچی قەشە دەدرێتەوە. بۆ دەبێ منداڵێکی بێ گوناه تووشی ئەم نەخۆشییە بێت؟ دواجار کە قەشە بۆ خۆشی تووشی نەخۆشییەکە دەبێت، خوێنەرەوە هەست بەتەنزێکی تاڵ و کارتێکەریی بۆچوونی دوکتۆر ڕیۆ دەکات و ئەنجامی فەلسەفییانەی خۆی، بێ ئەوەی پێویستی بەهیچ درێژدادڕییەکی ماندووهێنەر بێت، هەڵدێنجێت.

لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا خوێنەرەوە هەزاران مشکی مرداربووەوە لە شەقامەکانی ئۆراندا دەبینێت. کاتێک دوکتۆر ڕیۆ لە ئاپارتمانەکەی خۆیدا دەبینێت کە میشێل لە ئاکامی تایەکدا دەمرێت، لەگەڵ دوکتۆر کاستلی هاوڕێیدا بەو ئاکامە دەگات کە خەریکە تاعوون بەشاردا بڵاو دەبێتەوە.

بەڵام مـــردنـی یـەک کـــەس بـۆ دەســـەڵاتداران بـەس نیـــیـــە کـــە بـاوەڕ بەپێشبینییـەکەی دوکـتـۆر ریۆ و دوکـتـۆر کـاسـتـل بکەن. بەڵام بەرزبوونەوەی ژمـارەی مـردووەکـان پێشـبـینیی دوکـتـۆرەکـان دەسـەلمێنێت و لە کـاتێکدا ژمارەی مـردووەکان لە ڕۆژدا دەگاتە سی کەس، هێشتا بەرپرسانی شار لە تەدبیر و چارەسـەرییـەکی شیاو بەکاوەخـۆن. لە بەشی دووەمی ڕۆمـانەکەدا ئیتر تاعـوون هـەمـوو شـاری داگرتووە و پێوەندیی شـار بەجیهـانی دەرەوەوە نەمـاوە. ئێسـتـا ئیـتـر کـاتی دەرخـسـتنی هـەڵسـوکـەوتی کـاراکـتـەرەکـان لە بەرامـبـەر ئـەو پەتایەدا خـۆی دەردەخـات. لێـرەدا مـرۆڤـەکـان ڕووبەڕووی ئەزمـــوونێکی گـــەورە دەبنەوە و دنیـــای ڕۆمـــانەکـــە لە دنیـــای دەروونی کەسـایەتییـەکـان گـرێ دەدرێت. ڕەیمۆن ڕامـبـێری ڕۆژنامـەنووس خـەریکی پـلانداڕشـــــتنە بـۆ هـەڵاتن لـە شـــــار و چـوونـە پـاریس بـۆ گـــــەیشـتن بەخـۆشەویسـتەکەی. قـەشە پانێلۆ خـەریکی پاسـاوی مـەرگە وەک کاری خـوا دژ بە گـونـاهی بـەندەکـانی. کـۆتـاری جـینـایـەتکار خـەریکی قـاچـاقـچـێتـی و دەوڵەمـــەندبوونە. دوکـتـۆر ڕیۆ، ژان تـاروی واکسـەنچی و ژۆزێف گـراندی کارمەند لە مـاڵ و لە خەستەخانە خەریکی عیلاجی نەخۆشەکانن. ڕامبێر لە پلانـی هـەڵاتن پـەژیوان دەبێـتــەوە و دەچێـتــە نـاو گـرووپی دوکـتــۆر ڕیۆ. دانیـــشـــتـــوانی شـــار لە هەمـــبـــەر تاعـــووندا واز لە بـەرژەوەندییـــە تاکەکەسییەکانیـان دێنن و دەبن بەهـاوکار و هـاوخـەمی یەکتر. کاتێک تاعوون تەواو دەبێت مرۆڤەکـان دەگەڕێنەوە سـەر ژیانی ئاسـاییی خۆیان و دیسـانەوە گـیرۆدەی ژیانی تاکەکـەسی و بەرژەوەندییـەکانی تـایبـەتیی خـۆیان دەبنەوە. ڕامـبـێـر لـەگـەڵ ژنـەکـەی یـەک دەگـرێتـەوە. کـۆتار کـە لە فـەزای پڕ فـەوزای تـاعووندا نەبێت کاسبیی بۆ ناکرێت، لەلایەن پۆلیسـەوە دەستگیر دەکرێت. تارو بەر لە کۆتاییهاتنی پەتایەکە دەمرێت. دوکـتـۆر ڕیۆ ئاگەدار دەکرێت کە ژنەکەی هـەرچەند لە دەرەوەی ئۆرانـدا بووە، مردووە. کۆتاییی ڕۆمـان کاتێکە کە دوکتۆر ڕیۆ دەڕوانێتە ڕێوڕەسـمی شادمـانی خـەڵک بەبۆنەی تەواوبوونی

تاعوون و تەقەی خۆشی. دوکتۆر ڕیۆ بیر دەکاتەوە کە تاعوون نەمردووە، بگرە تەنیا کۆنترۆڵ کراوە.

شێوازی سادەی ڕۆمانەکە هەروەک ڕۆمانی بێگانە سەرنجی خوێنەرەوە ڕادەکێشێت. ڕستەی کورت و ساکار بەهەموو ئاهەنگ و تۆنی شیاو بەخاوەنی هەر دەنگێکەوە کردەی خوێندنەوەی دەقێکی ترسێنەر بۆ خوێنەرەوە ئاسان دەکاتەوە. وەک بەرهەمێکی ئەدەبی جێپێی نێواندەقێتی بە ئاشکرایی دیارە. کۆتار ئاماژە بە دادگەیی کافکا دەکات و لە ڕاستیشدا شێوازی تاعوون زۆر وە شێوازی دادگەیی دەچێت. ئاماژە بەعەرەبێکی جەزائیری کە لە لێوار ئاوێکدا لە ڕۆمانی بێگانەدا دەکوژرێت، نەک هەر نێواندەقێتییەکی سەرنج ڕاکێش، بەڵکو یارمەتیدەریش بۆ ناسینەوەی دنیای ئەدەبی، وەبیر خوێنەرەوە دێنێتەوە. لەم جیهانە خەیاڵییەدا مرۆڤ وەک خوێنەرەوە هەست بە دۆزینەوەی خۆی دەکات کە هاوتەریب لەگەڵ گەڕان و گۆڕانی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە لە خۆی دەڕوانێت و تێکەڵاوێک لە هەستی بێزاری و هێندێک جاریش ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆی ختۆکەی دەدات. دنیای تاعوون ترس و مەرگ بەداڵانەکانی زەینی خوێنەرەوەدا بڵاو دەکاتەوە. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرەکاندا و بەتایبەتی لە دیالۆگە کورت بەڵام بەهێزەکانی ئەواندا خوێنەرەوە هەست دەکات تا تاریکترین کوڵانەکانی دەروونی کارەکتەرەکان دەڕوات، هەستیان پێ دەکات و دەیانناسێت و لەگەڵ دنیای مێلانکۆلیی ئەواندا تێکەڵاو دەبێت.

## کوێری

بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانی ئینگلیزیی ڕۆمانی کوێری لە ساڵی ١٩٩٧ لە نووسینی وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل لە ساڵی ١٩٩٨، خۆزێ ساراماگۆ، باسێکی کۆنی ئەدەبی لەمەڕ هەڵوێستی خوێنەرەوە بەرامبەر بە دەقێک کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی میکانیکی بە واقیعی بەرچاوەوە نییە، دووبارە

ژیاندەوە. ڕۆمانێک کە باسی کوێربوونی هەموو دانیشتوانی شارێک دەکات لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کوێریی سپیدا، دەبێ چ شێوازێک و ژیربێژییەکی گێڕانەوەیی بەکار بێنێت کە ببێتە جێگەی باوەڕی خوێنەرەوە و دواتر تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠٨دا ببێت بەهەوێنی فیلمێکی سینەماییی سەرکەوتووش لە دەرهێنانی فێرناندۆ میرێلێس؟ ڕۆمانێک کە تەنانەت یەک کەس لە کارەکتەرەکانی خاوەنی ناو نین و هەر کەسەی بەگوێرەی تایبەتمەندییەکی پیشەیی یاخۆ جلوبەرگەوە دەستنیشان و ناودێر دەکرێت، چۆن دەتوانێت لە دنیای ئەمڕۆدا سەرکەوتوویییەکی ئاوا بەرچاو وەدەست بێنێت؟ دوکتۆر، ژنی دوکتۆر، ژنی چاویلکەڕەش، پیاوی یەکچاو، سەگی فرمێسک، منداڵێکی خێڵ، یەکەم نابینا یاخۆ پیاوی ژاپۆنی، هەموو ئەو نیشانانەن کە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی پێ بانگ دەکرێن و دەناسرێنەوە. وێ دەچێت ساراماگۆ باوەڕی وا بووبێت کەسێک کە دنیا نابینێت ناتوانێ ناویشی هەبێت. بەڵام کاتێک ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانی بینینیشدا (Seeing) دووپات دەبێتەوە، هەست دەکەی نووسەر لە خەملاندنی کەسایەتییەکانیدا هێندە توانایە نایەوێت ناوێک هەڵگری تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرەکانی بێت و کردەوە و بیری بە زمانداهاتووی ئەوان باشتر دەتوانێت هەبوونیان بگوێزێتەوە ناو هەناوی خوێنەرەوە. خوێنەرەوە هەست دەکات کارەکتەرەکان لە ڕێگەی شێوەی ئاخافتن و هەڵسوکەوتەکانیانەوە دەناسێتەوە و پێویستی بەوە نییە کەسێک پێی بڵێت کە قسە دەکات و ڕووی قسەی لە کێیە. ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە کاتی لادانی دەمامکەکاندا بگوزەرێین، ئەوە تەنیا تەکنیکی گێڕانەوەیە کە خوێنەرەوە پێ بەپێی ڕووداوەکان، بە تامەزرۆیییەوە پەلکێشی خۆی دەکات. گێڕانەوەیەک کە هەر لە سەرەتاکانەوە خوێنەرەوە دێنێتە سەر ئەم باوەڕە کە لەگەڵ دەقێکی نامۆی شازی بەربەرەکانی خولقێن ڕووبەڕووە. زمانێکی سادە بەڵام پڕ لە ئاماژە و مانا لە نۆڕمی باوی نووسین دەترازێت و خاڵبەندیی ئاسایی

جێگەی خۆی دەدات بەچەندین لاپەڕەی بێ خاڵی کۆتاییی ڕستە. ئەمە دیاردەیەکە کە لە بینیندا چڕتر دەبێتەوە. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا بیرم دەکردەوە کە دەبێ وەرگێڕانی دەقێکی لەم چەشنە بە زمانگەلی وەک عەرەبی، فارسی و کوردی کە جیاوازیی نێوان ڕستەکان تەنیا بە خاڵی کۆتایی دەستنیشان دەکرێت، چۆن بتوانێت دەروەستی گواستنەوەی مانا و فۆرم بێت و لە هەمان کاتدا ئەمانەتداریی بەدەقی سەرەکییەوە بپارێزێت.[١]

لە وڵاتی نابینایاندا چۆن دەکرێت گێڕانەوەیەک بخوڵقێت کە تۆ نەک هەر دەنگ دەبیسی بگرە دیمەنیش دەبینی. کارتێکەریی مۆسیقا لەسەر ئەو کەسانەی هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە تووشی نابینایی بوونە، بێ ئەوەی گێڕەرەوە لەسەر ڕۆڵی مۆسیقا لە ژیانی مرۆڤەکاندا درێژدادڕی بکات، هێندە بەرچاوە کە خوێنەرەوە بە هەموو وجوودییەوە هەستی پێ دەکات. ساراماگۆ بەشێوەیەکی باڵکێش کەسێک لەو شارە لە کەوتنە ژێر کارتێکەریی نەخۆشییەکە ڕزگار دەکات و ئەویش ژنی دوکتۆرە کە بە ڕواڵەت خۆ لە نابینایی دەدات، بەڵام بەکردەوە دەبێت بە ئەڵقەی پێوەندیی دنیای ڕۆمانەکە و چاوساخی خوێنەرەوە و گێڕەرەوەی بەسەرهاتەکان. خاڵی سەرەکیی تەکنیکی ئەم ڕۆمانە بەکارهێنانی ژنی دوکتۆرە بۆ بینینی دنیای تاریکی ڕۆمانێک، تەکنیکێک کە سەرەڕای بەدووربوونی لە پێچەڵپێچی و جادوو، لەوپەڕی ساکارییەکی ئەدەبییانەدا پارێزەری پاراستنی لۆجیکی گێڕانەوە و خوڵقاندنی متمانە لای خوێنەرەوەیە.

---

١. ئاگەداری وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە بەو زمانانە هەم و تەنانەت چاوم بە وەرگێڕانە کوردییەکەشی کەوتووە، بەڵام بەداخەوە لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا دەستم بەو وەرگێڕانە ڕانەگەیشت و ئێستا نازانم ئەم تایبەتمەندییە شێوازییە چۆن لە وەرگێڕانی کوردییەکەدا پارێزراوە. لەبەرئەوەی لە زمانە ئەورووپاییەکاندا بەئەلفوبێی لاتینی سەرەتای هەر ڕستەیەک بە پیتی گەورە دەست پێ دەکات دانەنانی خاڵی کۆتاییی ڕستە هێندە گرفتخوڵقێن نییە، بەڵام نەبوونی ئەم تایبەتمەندییە لە ئەلفوبێی ئارامیدا بێگومان گرفتی لەم چەشنە دێنێتە ئاراوە.

ڕەنگە ئێپیگرامی کتێبەکە بەگواستنەوەی ڕستەیەک لە کتێبی ئێکسۆرتاسیۆن پەیامی سەرەکیی ڕۆمانەکە بەخۆیایی بگەیەنێت: "ئەگەر دەتوانی ببینی، بڕوانە. ئەگەر دەتوانی بڕوانی، ورد بەوە." ئەم پەیامە لەگەڵ پەیامگەلی تری کتێبەکە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە لە بەردەم لێکدانەوەی بێ ئەژماری گێڕانەوەکە نابەستێت. بەکارهێنانی پەند و یاریی بەربڵاو لەگەڵ وشە و هێندێک جار ڕیزکردنی دەیان وشە بەدوای یەکتردا، بێ ئەوەی تووشی ماندوویی خوێندنەوەت بکات، دەقەکە دەکات بە نوێنەری بێ ئەملا و ئەولای دەقێکی "نووسراوانە"، بەگوێرەی بارت و، دەروازەی شرۆڤە بەربڵاوەکان بە ڕووی زنجیرەی لە کۆتایینەهاتووی ماناکاندا دەکاتەوە. لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا خوێنەرەوە تووشی جۆرێک لە پێناسەکردنی خۆی و جێگۆڕکێی لەگەڵ فەزای گێڕانەوە دەبێت و بێ ئیرادە لە خۆی دەپرسێت، ڕاستی چی دەبێت ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بیناییان لەدەست بدەن؟ نابینایی هەموو دانیشتوانی شاری پێکاوە، بەڵام زوڵمی مرۆڤ لە مرۆڤ، تەنانەت زوڵمی نابینا لە نابینا، وەک لایەنێکی دڕندانەی مرۆڤ، وەک هەمیشە لە کارکردی خۆی بەردەوامە. هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ یەکەم گرووپگەلی نابینادا شتێک نییە جگە لە درێژبوونەوەی بۆرۆکراسی و وەبیرهێنەرەوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانە لەگەڵ خەڵکە تاعوونلێدراوەکەی ئۆرانی کامۆ. ڕۆمانێک کە کات و شوێنی ڕووداوەکانی وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ژانرییانەی ڕۆمان، دیار نییە چۆن دەتوانێت ئاوا نوێنەرایەتیی سەردەمێک بکات کە ئاڵۆزی و پێچەڵپێچی بووەتە پێناسە سەرەکییەکەی؟ چەمکگەلی وەک سەرمایە، دەسەڵات، سێکس، بەبێ هیچ ئاماژەیەکی زەق وەک بەشگەلێک لە تێمی ڕۆمان بە درێژایی گێڕانەوەکە خۆیان دەردەخەن. کاتێک باندێکی نابیناکان لە خەستەخانە هەوڵی کۆکردنەوەی پارە و زێڕی نابیناکان دەدەن، هەست دەکەی سەرمایە بینا و نابینا، بینین و نەبینین ناناسێت و لە هەموو

شوێنێک وەک ئامرازێکی دەسەڵات ختۆکەی زەینی مرۆڤەکان دەدات. کاتێک تەنیا دەمانچەیەکی ناو خەستەخانە لەلایەن یەکێک لە ئەندامەکانی باندەکەوە بۆ تۆقاندن کەڵکی لێ وەردەگیرێت، ڕۆڵ و کارتێکەریی داپڵۆسین و کوشتن لە سەقامگیریی دەسەڵاتدا زیاتر ڕووی خۆی دەردەخات. کاتێک کە پارە و زێڕ و دارایی نابیناکان تەواو دەبێت، ئەمجارەیان کەڵکی سێکسیی ژنان و دەستدرێژیکردن بۆ سەر جەستەیان دەبێت بە نیشانەیەک لە کارکردی دەسەڵات.

کاتێک کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە لە خەستەخانەکە دێنە دەر و دەچنە ناو شار و خوێنەرەوە لە سیلەی چاوی ژنی دوکتۆرەوە ڕووداوەکانی ناو شارێکی لێک هەڵوەشاوە دەبینێت، بەهاسانی بۆی ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤەکان بۆ ڕزگاریی خۆیان لە برسێتیی ئەوەی بۆیان گرینگ نەبێت گیانی هاوڕەگەزەکانیانە. شەڕی هەرمان بۆ زیندوومانەوە بە هەر بەهایەک، تەنانەت کوشتن و برسی هێشتنەوەی ئەوانی تر. ساراماگۆ بۆ خۆی دەڵێت "ڕەنگە تەنیا لە دنیای نابیناکاندا شتەکان بەو جۆرەی کە لە ڕاستیدا هەن خۆ دەربخەن." ساراماگۆ پێی وایە ئەگەر دەسەڵاتی چاو واتا "پەنجەرەی ڕۆح؟" لە مرۆڤ بستێنییەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە شتێک نییە جگە لە کێبەرکێی کوشندە و حەیوانانەی مرۆڤەکان بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە نەمان.

کوێری گێڕانەوەی کوێربوونی دانیشتوانی شارێکە. وەک هەر دەقێکی تری سەرکەوتوو دەکەوێتە بەر ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی خوێنەرەوە. ئاخۆ ئەمە ئالیگۆرییە بۆ شتێکی تر؟ خوێنەرەوە هەست دەکات دۆزینەوەی مەدلوولێک لە دەرەوەی گێڕانەوەکەدا زۆر گرینگ نییە. پرسی سەرەکیی خوێنەرەوە، دەکرێت بڵێین تەنانەت ترسی سەرەکیشی، ئەوەیە ئەگەر تراجیدیایەکی لەم چەشنە ڕوو بدات مرۆڤەکان چی دەکەن. لە هەلومەرجێکی ئاوادا خوێنەرەوە بۆ خۆی چی دەکات؟ ئاخۆ لە کاتی

ڕووداوێکی لەم چەشنەدا پاراستنی نەزم یەکەم پێداویستیی مرۆڤەکان نابێت؟ ئاخۆ ئەمە لیڤیاتانی توماس هابز ناخاتەوە یادی مرۆڤ؟ ژنی دوکتۆر، واتا تەنیا چاوساغی ڕۆمانەکە، نوێنەرایەتیی چی دەکات؟ بینین؟ دەسەڵات؟ ڕۆشنبیری؟ جوانی؟ یارمەتی؟ ڕێبەرایەتی؟ ئەوانە هەموویان و زۆر شتی تر دەتوانن ئەو ڕۆڵانە بن کە ژنی دوکتۆر دەیانگێڕێت، بەڵام گرینگتر لە هەموویان ڕۆڵی ئەوە بۆ هەڵسووڕانی لۆجیکی گێڕانەوە و بۆ ئەوەی کە خوێنەرەوە بتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و هەست بەڕاستبوونی گێڕانەوەکە بکات. بەو ئەنگێزەیە خوێنەرەوە دەکەوێتە شوێن هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان. دەروونناسیی کارەکتەرەکان دەبێت بە ئاوێنەیەک کە خوێنەرەوە خۆی تێدا ببینێتەوە و گێڕەرەوە لە مسۆگەرکردنی هەلومەرجێکی لەو چەشنە بۆ خوێنەرەوە تەواو سەرکەوتووە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو پەژارە و تراجیدیایە، هیوا بەتەواوی نەمردووە. کاتێک پیاوە ژاپۆنییەکە، یەکەم کەس کە تووشی نابینایی بوو و هەر زوو هەستی بە درندەیی مرۆڤێکی تر کرد کە گۆیا یارمەتیی دەدا بیگەیەنێتەوە ماڵ، بەڵام سەیارەکەی لێ دەدزێت، چاک دەبێتەوە و ڕووناکی دەبینێتەوە، مۆسیقای شادی و هاواری ئەو و ڕووناکی، وەک قیژەی هیوا هەموو شتە ناخۆشەکان لە بیر دەبەنەوە. نابیناکان چاک دەبنەوە. هەروەک چۆن کامۆ دوای بینینی ئاهەنگی خۆشیی ڕزگاربووانی لە تاعوون دەچێتە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، یەک لە کارەکتەرەکانی کوێرییش دەڵێت، "من پێم وانییە ئێمە کوێر بووین، پێم وایە ئێمە کوێرین، بەڵام دەبینین. ئێمە خەڵکێکی کوێرین کە دەتوانین ببینین، بەڵام نابینین" (ل. ٢٩٢).[1] ئەم بەرەنجامە ساکار و پوختە تەواو لەگەڵ ئێپیگرامی دەستپێکی کتێبەکە دێتەوە.

1. Saramago, Jose, Blindness, translated by Giovanni Pontiero, London: Havill Press, 1997.

## نادیار

سـێـزدەمین ڕۆمـانی پۆل ئاسـتـر، نادیار (Invisible)، ڕەنگە یەک لە سەرکەوتووترین ڕۆمـانەکانی دەیەی ڕابردوو بێت بۆ دەرخستنی جوانیی تەکنیک و شـێـوازی ئافـراندنی گـێـڕانەوەیەکی فـرە دەنگ لە قـەوارەی پێکهاتەیەکی جوان و سـەرسـڕهێنەردا.[1] ڕۆمـانێک کـە هەر لـە ناوەکـەیڕا خوێنەرەوە دەباتە جیهانی لێکگرێدانی دەقێکی ئەدەبیی نوێ بەسەرمایەی فـەرهەنگیی ئەدەبی دەوڵەمـەندی جیـهانییەوە. نێواندەقێتی لە ناوی کـارەکـتـەرەکـان، بۆ نموونە بۆرن وەک شـاعـیـری کـۆن و بۆرن وەک کارەکتەرێکی ئامادە لە ڕۆمانەکەدا و، ئاماژەی چڕوپڕ و چەندبارە بەشیعری کلاسیکیی ڕۆئاوایی لە جێ جێی ڕۆمانەکەدا خۆی دەردەخات. هەڵبەت ئەم نێواندەقێتییە بەتەواوی خراوەتە خزمەت گەشەی ڕەوتی ڕووداوەکان و زەوینە خۆشکەرە بۆ شۆڕبوونەوە بەنێو ناخی کەسایەتییەکاندا. نادیار وەک ناوی ڕۆمان بە تەنیایی زنجیرەیەک پێوەندیی نێواندەقییانە لەخۆدا حاشار دەدات. ئاماژە بە ئەدۆنێس وەک نازناوێک بۆ کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمان، ئادام واکێر، بە تەنیا بەسە بۆ دەرخستنی شارەزایی و توانایی نووسەر لە گرێدانی ڕووداوەکانی ژیانی کەسێکی سەردەمی شێستەکانی سەدەی بیستەم بە ئەفسانەکانی یۆنانیی کۆنەوە. ناوی ڕاستەقینەی کارەکتەرەکەش هەر هەڵگری ناوەڕۆک و تایبەتمەندیی ژیانی کەسێکە کە وەک یەکەم مرۆڤ واتا ئادام ڕووبەڕووی ئەرکی قورسی ژیان دەبێتەوە و پاشناوەکەشی، واکێر، گوزارە لە پیاسەی پڕ دەرد و ئازاری مرۆڤ دەکات بە کۆڵانەکانی ژیاندا. ئەگەر ئەدۆنێس، بەهۆی پێوەندیی جینسی لەگەڵ مەحرەم، بە تێپەڕکردنی نیوەی ساڵ لەژێر عەرد و نیوەکەی تریشی لەسەر عەرد سزا دراوە و نادیاری دەبێتە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو، ژیانی ئادام

1. Auster, Paul, Invisible, London: Faber and Faber, 2009

واکێریش بە شێوەیەک لەو سزایە دەچێت. ئەدۆنێس بەرهەمی پێوەندیی سیسینرا شای قیبریسە لەگەڵ کچی خۆی میترا. ئەدۆنیس ئەو خواوەندەیە کە نوێنەرایەتیی گۆڕینی وەرزەکان دەکات. ئەم فاکتا مێژوویی و ئەفسانەییانە لە نادیاردا تووشی نامواندن دێن و ئادام نە بەرهەمی پێوەندیی جینسیی دوو کەسی بە یەکتر مەحرەم، بگرە بۆ خۆی سووژەی پێوەندییەکی لەم چەشنەیە لەگەڵ گویینی خوشکی. ڕۆمانی ئادام کە وەک ڕۆمانێکی سەربەخۆ لە نادیاردا دەکرێت ببیندرێت بەلاساییکردنەوەی توانایی ئەدۆنیس بەسەر وەرزەکاندا دابەش دەکرێت و هاوین و پایزی ڕۆمانەکە جێپێی ڕاستەوخۆ بەڵام پڕپێچی خواوەندیی ئەدۆنیسیان پێوە دیارە. ئەگەر سزای ئەدۆنیس شێوەیەکی ئەفسانەییی هەیە، سزای ئادام تەنیاییەکی پڕ ئازاری دنیای مۆدێرنی تێدا بەرجەستەیە کە دواجار شێرپەنجەوار دەیتوێنێتەوە.

وێکچوویی نێوان ژیانی ئاستر، نووسەری ڕۆمان و، ئادام نووسەری ڕۆمانێکی ناو ئەم مێتاڕۆمانە، زۆر بەرچاوە. بەڵام ئاستی شارەزاییی نووسەر بە تیۆریی ئەدەبی وەها هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم وێکچووییە دەکات کە خوێنەرەوە دواجار نازانێت کێ کێیە و ئادام و جەیمز و ئاستر کامیان ڕاستن و کامیان دەستکردی نووسەرن. ئاستر بێ بەدەستەوەدانی خۆی و دەرخستنی هیچ خۆهەڵکێشانێک، زاڵبوونی قاڵبووەوەی خۆی بەسەر نووسین و جیاوازیی ژاک دێریدادا نیشان دەدات و ئەمەش تەنێ بە بەرجەستەکردنی گەمە هەموولایەنەکانی زمانە کە خوێنەرەوە هەست دەکات نووسەر تەواو ئاگەداری تیۆریی هەڵوەشانەوە و پێکهاتەشکێنیی دێریدایە. ئەگەر بێتو لە ئاکامی پرسیارکردنیشدا لێکۆڵەرەوەیەک بۆی دەرکەوێت کە ئاستر دێریدا و پۆل دومان ناناسێت و ئاگەداری تیۆرییەکانیان نییە، ئەوە دەقی وەستایانەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبێت بە شاهیدێک بۆ نیشاندانی دروستی تیۆرییەکانی دێریدا و دومان لەمەڕ پێچ و پەنای زمان لە دەربڕین و

نوێنەرایەتیکردن لە دالگەلێکی بێ مەدلوول.

پێوەندیی جینسی لەگەڵ مەحرەم، وەک تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکە یان باشترە بڵێین یەک لە ڕۆمانەکان، نابێتە جێگەی متمانەپێکردن و باوەڕپێهێنانی خوێنەرەوە، ئەگەر دەقی گێڕانەوەکە تەنیا مەکۆی تێخزینی گفتوگۆی سواو و وێکچوو بێت. ئاستر بەئامادەکردنی پتر لە داستانێک و گێڕەرەوەیەک و بە تێکهەڵکێشانی پەنجە ڕەنگینانەی مێتاداستانەکان و دەرفەتی ئاخافتندان بە چاک و خراپی داستانەکان وەستایانە دیاردەی فرە دەنگی دەئافرێنێت و خوێنەرەوە دێنێتە سەر ئەم باوەڕە کە بێت و نەبێت ئەم شتە رووی داوە. چاک و خراپ؟ لەم ڕۆمانەدا کێ چاکە؟ کێ خراپە؟ ڕەش و سپی؟ کێ ڕەشە؟ کێ سپییە؟ ڕاست و درۆ؟ کێ ڕاستە؟ کێ درۆیە؟ ئاستر کۆمەڵێک ڕەهەندی تر دەخاتە نێو هەموو ئەو دووانە دژبەرانە و بەکردەوە خوێنەرەوە لە تەسلیمبوون بە میتافیزیکی دووانە دژبەرەکان ڕزگار دەکات و بەرچاویان بە سەدان ڕەنگی تۆخ و کاڵ دەخەملێنێ و "ڕاستی" دەکات بە گەوهەری شاراوەی قووڵاییی زەریاکان و دۆزینەوەی تەنێ بۆ مەلەوانە لێهاتووەکان مسۆگەر دەکات. دەنگی شیاو و تایبەت بە هەر کارەکتەرێک تواناییی بێوێنەی ئاستێر لە جیاکردنەوەی ئاخافتنەکاندا دەردەخات و خوێنەرەوە هەست دەکات تاکەکانی نێو ڕۆمانەکە بە دەنگ قسەی لەگەڵ دەکەن و هەموویان بەبێ تێهەڵقووڵانی وەسفییانەی گێڕەرەوە دەناسێتەوە. کاتێک نووسەر بتوانێ بە درێژاییی کتێبێکی پڕ لە دیالۆگ بێ ئەوەی بە شێوەی باو ناوی کارەکتەرەکان بێنێت و بڵێ کێ چی دەڵێت و چی ناڵێت، بگرە تەنیا بەپێی تایبەتمەندیی کەسایەتییەکان هەلی لێکهەڵاواردنی دیالۆگەکان بۆ خوێنەرەوە برەخسێنێ، ئەودەم تۆ وەک ئەوەی لە دنیای واقیعدا بی، هەر کەسە و بەدەنگی خۆی دەناسییەوە و هەست دەکەی دەنگی کەسایەتییەکان دەبیسی و بەپێویستی نازانی پاش و پێشی ڕستەی کارەکتەرەکان بە ڕستەی زیاتری گێڕەرەوە قورس بکرێن و پێت بگوترێ کێ

چ دەڵێت و کێ چ وەڵامێک دەداتەوە. ئاستی بەرزی باسەکان لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی و خوێندەواریی کارەکتەرەکان تەواو و یەکانگیرە و ئەوەی کە جەرگەی سەرەکیی کارەکتەرەکان خوێندکاری زانکۆ ناسراوەکانی فەرەنسا و ئەمەریکان و هەموویان دەستیان لە نووسین و لێکۆڵینەوەدا هەیە دەبێتە هۆی ڕەسەنایەتی و سروشتیبوونی باسەکان.

لە ڕاستیدا نادیار نە بەرهەمی گێڕانەوەی گێڕەرەوەیەکی باوەڕپێنەکراوی هەمووشتزان، بەڵکو ئەنجامی تێکهەڵکێشانی گێڕانەوەی لانی کەم پێنج کارەکتەرە کە هەریەکە و بە شێوەیەک تیشک دەخەنە سەر لایەنە شاراوەکانی گێڕانەوەکە. گێڕانەوەی ڕووداوگەلی شێستەکانی سەدەی بیستەم لە ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بگرە هەتا بەسەرهاتی تاکەکەسی و خێزانییەوە، گەمەی بیرەوەری و مەوداگرتن لە ساتەوەختی ڕوودانی شتەکان پڕ دەکات لە ڕەمز و ڕاز و پێچەڵپێچیی سەرنج ڕاکێش. پێکهاتەی خۆشفۆرم و جوانداڕێژراوی ڕۆمانەکە چیرۆکی کۆنی جیاوازیی فۆرم و ناوەڕۆک بەرپەرچ دەداتەوە و یەکبوونی ئەم دوو لایەنە وەک دوو ڕووی دراوێک زیاتر لە هەر دەقێک بەرجەستە دەکات. گەمەی پڕ لە جوانکاریی گۆڕینی گۆشەنیگاکان لە نێوان یەکەم کەس، دووەم کەس و سێیەم کەسدا ڕیتمی مۆسیقایەکی پڕ لە هارمۆنی و سەمایەکی پڕ لە لەنجەولاری ڕێکوپێک دەخاتە بەرچاوی خوێنەرەوەوە. بەشداریی کارەکتەرەکان لە گێڕانەوەکاندا بەهەردوو شێوەی زارەکی و نووسین، هەمدیسان هەڵوەشاندنەوەی دێرایداییانە لە میتافیزیکی دووانەی ئاخافتن/نووسین وەبیر دەخاتەوە. ئاستر لە نادیاردا تەنێ کۆمەڵێک بەسەرهاتمان بۆ ناگێڕێتەوە، بگرە بە کردەوە دەبێت بەمامۆستای نووسینی ڕۆمان و بە تێکهەڵکێشکردنی واقیع و خەیاڵ پەردە لەسەر ڕازی نووسین لادەدات. خوێنەرەوە هەست دەکات لە نادیاردا تیۆری نووسین و تۆوەکانی واقیع لەم ژانرەدا بەهۆی ئامۆژگارییەکانی جیم/ئاستر بۆ ئادامی هاوڕێی

و سیسێل دەربازی مەیدانی ئەزموون دەبن. هێندێک جار هەست دەکەی ئەوە شێکسپیرە لە هاملێتدا و لە ڕێگەی هاملێتەوە وانەی شانۆ دەڵێتەوە.

### ئەنجام

خوێنەرەوەی ڕۆمان هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا هەست بە بەستنی پەیمانێک لە نێوان خۆی و گێڕەرەوە/دەقدا دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەوەی دەیخوێنێتەوە شیاوی باوەڕپێکردنە. خوێنەرەوە دوای خوێندنەوەی دەقێکی ڕۆمانی بڕیاری سەرکەوتوویی یاخۆ ناسەرکەوتوویی نووسەر لە گێڕانەوەکەیدا دەدات. سەرکەوتوویی گێڕانەوەیەک لە ئاست دەستەبەرکردنی متمانەی خوێنەرەوە بە ڕووداو و کەسایەتییەکانی گێڕانەوەکە بە پلەی یەکەم گرێدراوی تەکنیک و شێوازی لۆجیکییانەی گێڕانەوەیە. ئەگەر نووسەر/گێڕەرەوە فەزایەکی داستانی و گێڕانەوەیی ئەوتۆ بخوڵقێنێت کە خوێنەرەوە بتوانێت بەبێ پێویستیی ڕاستەوخۆ بە گەڕان بە شوێن مەدلوولێک لە دەرەوەی گێڕانەوەکەدا، هەست بکات لەگەڵ دەقێکی هارمۆنیک ڕووبەڕووە، ئەو کات ئەو کۆنتراکتەی لە سەرەتای خوێندنەوەوە لە نێوان ئەو و نووسەردا بەسترابوو، بە سەرکەوتوویی ئیمزا دەکرێت، پێچەوانەی ئەمەش دەبێتە هۆی دڵساردیی خوێنەرەوە لە بەستنی کۆنتراکتێک کە کەڵکێکی ئەوتۆی لێ وەرنەگرتووە. ئەگەر ڕۆمان خوڵقاندنی دنیایەکە بە سەدان ڕایەڵی دیار و نادیارەوە بە ئەو دنیایەی لە دەرەوەی زەینی ئێمەدا بوونی هەیە بەستراوەتەوە، دوا بەڵگەی سەرکەوتوویی گێڕانەوە نەک لە دەرەوەی ڕۆمانەکە، بگرە لە هەناوی خودی گێڕانەوەکەدا شاردراوەتەوە. بەدەر لە چیبوونی تێمی ڕۆمان، ئەوە شێوازی گێڕانەوەیە کە بە لۆجیکی تایبەتی خۆی و بەپێی تەکنیکی بەکارهاتوو بۆ گێڕانەوە، دەبێتە هۆکاری دەستەبەرکردنی متمانە و باوەڕی خوێنەرەوە بەو شتەی دەیخوێنێتەوە. ڕۆمانگەلی سەرکەوتوو تەنیا بە قورسایی بابەت و

ئاستی بەرزی فیکرییان ناناسرێنەوە، بگرە ئەوەی شەرتی سەرکەوتووییان دابین دەکات پێکهاتەیەکی جواندارِشتراو و تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەیە کە بابەتێکی دیاری ئینسانی، سیاسی، هزری، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... لە قالّبی دنیایەکی تازەی زەینیدا و لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا دەئافرێنێت و ئاراستەی خوێنەرەوەی دەکات. ئەم دنیا تازەیە وەک هەر دنیایەکی تر دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە دواجار بەهەبوونی لۆجیکێکی گێڕانەوەیی، پێشفەرزە زانستی و ئێپێستیمۆلۆجییەکانی خۆی دەخاتە بەردەستی خوێنەرەوە و دەیباتە سەفەری دنیایەکی تایبەت. لایەنی جوانیناسی، شێوازی و ناوەڕۆکیی هەر گێڕانەوەیەک دەبێت لە خزمەت تایبەتمەندییەکانی دنیای ئافرێندراوی گێڕانەوەکەدا بێت، گێڕانەوەیەک کە پێداویستییەکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆجیک، سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تۆپزی خۆی بەسەردا نەسەپێنێت و قسە و ئاخافتنی کارەکتەرەکانی لەگەڵ هەستیناسی و سەرمایەی فەرهەنگیی ئەوان یەکانگیر بێت، دنیایەک سەرەڕای ناوچەییبوونی، دواجار بتوانێت وەبیرهێنەرەوەی لایەنە گشتگر و یۆنیڤێرسالەکانی مرۆڤ بێت. ئەگەر دۆنکیشۆتی سێرڤانتێس دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوارسەد ساڵ هێشتا دەتوانێت لە دەرەوەی سنوورەکانی زمانی سپانی و جوگرافیای سپانیا، سەرەڕای زۆر لایەنی ڕۆمانسییانە، متمانەی بێ ئەملا و ئەولای خوێنەرەوەکان لە ئاستی جیهاندا وەدەست بێنێت، شتێک جگە لە پاراستنی ڕۆحی زەمەن و شوێن و تێکهەڵکێشانی دیاردەی لۆکال و یونیڤێرسال لە قەوارەی گێڕانەوەیەکی خۆشفۆرمدا، نەبووەتە هۆکاری ئەم سەرکەوتنە.